KURDISTAN




# نەمان بۆ سپای ڕەش و تیرۆریستی داعش

# سەرهەڵدانی داعش و هێرش بۆسەر کوردستان

## کۆمەڵێک: دیدو بۆچوونی نووسەرانی کوردو بیانی

### بەشی یەکەم

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی : ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٤

### ٩ی جوونی ٢٠١٤ تا ١٨ی فیبریۆیری ٢٠١٥

١- "داعش" پرۆژەیەکی سیاسیی - مافیایی ........................................................................ حەمە غەفور
٢- چۆڵکردنی موسڵ بۆ داعش پیلانێکە لە دژی کورد ................................................................. ڕەزا شوان
٣- ڕووخانی مووسڵ و قووڵتربوونەوەی پرسی کوردەکان .......................................................... موراد یەتکین
٤- داعش هات و سوپا هەڵات ............................................................................................... مەهدی خالید خەمبار
٥- چارەنووسی کورد دوای کێشەکانی نێوان داعش و شیعە! .......................................................... ئاریتما موحەممەدی
٦- ڕەهەندە سەرەکییەکانی جەنگی داعش لە عێراق ................................................................. ڕەزا مەنوچەهری
٧- داعش و ڕۆژهەلاتی کوردستان ............................................................................................ خالید محەممەدزادە
٨- داعش لە ١٠ پرسیاردا.......................................................................... ئەلجەزیرە ........ و: مەسعوود مەناف
٩- ڕەچەڵەک ناسیی داعش و داهاتووی عێراق ............................................................................ وەرگێرانی: ڕەحمەت بەهەشتی
١٠- سەرکەوتنەکانی داعش و گەمەکانی پشتی پەردە! ............................................................. دارا مەحمود
١١- شوناسی داعش و مەترسی لەسەر ناوچەکەدا ....................................................................... شاخەوان برایم عەبدوڵا
١٢- جێگای داعش و داعشیزم لە ئیسلامی سوننە و شیعەدا ......................................................... حەمە غەفور
١٣- پێوەندیی داعش و بەرەی ناموقەدەسی ڕووسیا - ئێران - سووریا ............................................ ئەحمەد تاشک
١٤- داعشی ڕەش و سپی! .................................................................................................... حەمەی کاکەعەبە
١٥- ئێران بەشار ئەسەدی لە سووریە پاراست، بەڵام خەریکە عێراق لەدەست دەدات ........................ نەوید کەرەمی
١٦- دیاردەی داعشو گوتاری دەوڵەتی ئیسلامی ............................................................................ ڕەحمان پیرۆتی
١٧- کورد لەنێوان داعش و مالیکیدا چی دەستەبەر ئەکات ؟ ........................................................... بێستون هەورامی
١٨- نەتەوەی کورد و کوردستانیان و داعش! .............................................................................. جەماڵ عەلیاڵی
١٩- داعش لەنێوان ململانێکانی ئێران و تورکیادا ........................................................................ سەروەت هەڵەبجەیی
٢٠- ئایا کورد دەیەوێتو دەتوانێت لەم هەلومەرجە مێژوویی‌و هەستیارەدا سەرکەوتوو بێتەدەر؟ ............... تاهیرخالیدی
٢١- داعش و کوردستان لە ڕامانێکدا........................................................................................ ڕەحمان سیادەری

٢٢- داعش، نازیزم، ئۆریێنتالیزم (ڕۆژهەڵاتناسیی) ............................................. مەعرووف کەعبین
٢٣- دەکرا پەلاماری داعش بکرێتە دەرفەت؟ ............................................... ع. و. خەندەڕەش
٢٤- ئێران، بە ڕواڵەت دوژمن و لە ژێرەوە هاوپەیمانی داعش ............... عەبدولڕەحمان ڕاشید .... و: وشەجاڕ
٢٥- داعش لەنێوان پەلاماری واشنتۆن و تاراندا ........................................ بێستون هەورامی
٢٦- دەسەڵاتی سیاسی و دیمۆگرافیی هێز لە عێراقی پاش ڕووداوەکانی ١٠ی ژوونی ٢٠١٤................... نەوید کەرەمی
٢٧- داعشی گۆڕهەڵکەن ................................................................................ حەسەن یاسین
٢٨- داعش لە کۆشکی کلتووردا ........................................................................ کازیوە ساڵح
٢٩- بەهاری عەرەبی، پایزی عێراقیو زستانی ڕۆژئاواو باشوورو وەرزێکیتر بۆ ڕۆژهەڵات ................ عومەر ئیزەدخاه
٣٠- ئێزیدییەکانی شەنگال،هێندەی نەمابو پاکتاو بکرین! ................................................ سەڵاح مەزن
٣١- شنگال: لینینگرادی کوردستان .................................................................. ئەیوب نووری
٣٢- کەمتەرخەمی و بەرپرسیارێتیەکانی کارەساتی شەنگال ............................... دانا سەعید سۆفی
٣٣- میدیای کوردیو ڕوماڵی شەڕی شنگال ......................................................... شوان سدیق
٣٤- ئەو دەرفەتە چییە کە جینۆسایدکردنەکەی شەنگار بە کوردی ئەداتەوە!؟ ............................... شەریف هەژاری
٣٥- خەونە مێژووییەکەی کورد بەدی هات! ..................................................... ئاریتما موحەممەدی
٣٦- هەڵە ستراتیژیکەکانی کورد لە بەرەوڕووبوونەوەی داعش .......................... حسێن مەعرووف پوور
٣٧- داعش زادەی سیاسەتی نادروست و ململانێی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات ................................ نازم عومەر دەباغ
٣٨- کوشتاری بەکۆمەڵی ئێزیدییەکان و بەرپرسیاریی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان ................... د.ڕەفیق سابیر
٣٩- کوردستان نیشتمانێک بۆ مەسیحییەکان .................................................... دیلان لەتیف پۆڵس
٤٠- خەلیفەی موسوڵمانان، ئەبوبەکری دوهەم! ................................................... عادل باخەوان
٤١- کۆماری ئیسلامیو داعش ......................................................................... برایم قاسمی زاد
٤٢- ئۆباما ئەوەی بۆ عێراق نەیکرد بۆ کوردستانی کرد .................................................. ئاکۆ محەممەد
٤٣- شەڕی داعش و ڕوانگەیەکی جیاوازئاگری .................................................... ئیسماعیل نەژاد
٤٤- سودەکانی هەڕەشەی داعش لەسەر کوردستان ................................................ شێرزاد شێخانی
٤٥- ئیمپراتۆریەتی مەرگ(تیرۆر، وەحشیگەریی، کۆڕەو) ......................................... ئاسۆ جەبار
٤٦- لە جیهانێکی پڕ قەیراندا ئەمریکا پاڵپشتی کورد دەکات ..................................... نامۆ عەبدوڵڵا
٤٧- چ ناوێک لەداعش بنرێت؟ ............................................................................ ئاڵا لەتیف
٤٨- ڕۆڵی ئێران لە ئاراستەکردنی داعش بەرەو هەولێر! ................................................ شەریف هەژاری

٤٩- ٣١ی ئابێکی دیکە بەڕێوەیە؟ ........................................ ڕێبوار کەریم وەلی
٥٠- بۆچی ئەمریکا یارمەتی کورد دەدات ........................................ مەجید نیزامەدین گلی
٥١- داعش؛ براوەی شەڕی دەروونی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ........................................ شەپۆل عەباسی
٥٢- بەحزبیکردنی شەڕی داعش ........................................ شوان سدیق
٥٣- هاودەنگی و یەکگرتنی هێزەکانی کوردستانی ئەرکی نیشتمانییە ........................................ حەسەن ماوەڕانی
٥٤- ٥ خاڵی گرینگ لەبارەی داعش، کوردی عێراق، پەکەکە، تورکیا و ئەمەریکا ........................................ ڕۆشەن چاکر
٥٥- دووبارە بوونەوەی ٣١ی ئاب بەشێوەیەکی کۆمیک ........................................ عامر گوڵی
٥٦- هەڕەشەی تیرۆریزمی فوندامێنتالیزمی ئیسلامی و ژێنۆسایدی نەتەوەی کورد ........................................ لوقمان زەهرایی
٥٧- داعش و تێڕامانێکی سەرەتایی دەربارەی تەکنیکەکانی تەفسیرکردن و بەرگری ........................................ بەختیار عەلی
٥٨- ئەوەی ئێستا لەباشووری کوردستان ڕوودەدات، کۆڕەوی دووەم و سێیەمە ........................................ عومەر ئیزەدخا
٥٩- داعش چی فێرکردین ........................................ حەسەن یاسین
٦٠- داعش؛ لە پشت قەڵغانی کوردستان ........................................ ئیسماعیل شەمس
٦١- دەرهاوێشتەکانی شەڕی داعش ........................................ سالار خدر روستایی
٦٢- بەنداوی مووسڵ ستراتیژی و شانازییەکی گەورە، بەڵام پڕ کێشە ........................................ هێرش کەریمی
٦٣- ڕەوشی هەرێمی کوردستان لەدوای پەلامارەکانی داعش ........................................ سەروەر ئەرگوشی
٦٤- وتوویژ ی ڕۆژنامەی کوردستان لە گەڵ دوکتور مەحموود عوسمان ........................................ دیمانە: ئارەش لۆڕستانی
٦٥- داعش لە کوێیە؟ ........................................ جەلیل ئازادیخواز
٦٦- داعش کوردی یەکخست ئەگەر دەرفەت بزانین ........................................ هاوار بازیان
٦٧- ڕۆڵی ئێران لەڕووداوەکانی ئەم دواییەی عێراق و کوردستاندا ........................................ تالب قەیسەری
٦٨- داعش چیی تری فێرکردین ........................................ حەسەن یاسین
٦٩- وتوویژی ڕۆژنامە کوردستان لەگەڵ یوسف بەنی ترۆف ........................................ دیمانە: ئارەش لۆڕستانی
٧٠- لە شەڕی داعش دا: هەڵوێستە سەیرەکان ........................................ د. هەژار مەعروف
٧١- قاسم سولێمانی، باشوور، داعش ........................................ عەلی ئیسماعیلنژاد
٧٢- داعش دەرهاویشتەی بەهاری عەرەبییە؟ ........................................ ئەنوەر حسێن
٧٣- کارنامەی دزێوی داعش، بەچونەسەر ئاینی تر کەم ڕەنگ نابێتەوە ........................................ ڕێبوار عارف
٧٤- مشتومڕی مەقدەسی و داعشییەکان لەسەر ئیسلام ........................................ حەسەن یاسین
٧٥- کورد و داعش ........................................ مەلا برایمی مەجیدپوور



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی یەکەم

# "داعش" پرۆژەیەکی سیاسیی - مافیایی.



**حەمە غەفور**

لە ئاستی سیاسییدا ئاشکرایە "داعش" هێزێکی ئیسلامی تیرۆریستو خوێنرێژە. لەویش ڕوونتر ئەوەیە قەتەرو سعودیەو تورکیا ژێربەژێر دەعمی ماددیو لۆجیستیو مەعنەوی لێئەکەن بەئاگاداری ئەمریکاو ناتۆش. ئەم هێزە مەغۆلییو هەمەجییە پەرچەمی "الله"ی کردۆتە پەیامی خۆیو سڵ لە هیچ تاوانو خوێنرێژیو کردەوەیەکی دژەمرۆییو تێکدەرانە ناکاتەوە. ئەوەی ئێجگار جێگای سەرنجە لە دیاردەی داعشدا، تواناییەکانیەتی لە هێرشو پەلامارەکانیدا. هێزێکی دڕندەی نەخوازراوی وەکو داعش چۆنو بەپێی چ لۆژیکێک هێزو ماتەریاڵو عونسوری ماددی فراوان کۆئەکاتەوەو ئاراستەی ئەکات، نەک بۆ کاری خێر، نە "شۆڕشگێڕبوون!" بەڵکو بۆ کردەی تیرۆریستیو ئینسانکوشتن!؟ شارو ناوچە داگیرئەکات. نیوەی شاری موسڵ ئەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. لە ئەنبار سوپای عێراقی تووشی شکست کردووە. ئەم هێزە نامۆیە بەڕۆژگاری ئێمە لەبیرتان نەچێت مۆدێرنترین هێزو دەوڵەتو ڕابەری سیاسی جیهانی پاڵپشتیو تەغزییەیان ئەکات. پارەو پوولو بودجەیەکی بێئەژماریان بۆ هەڵڕژاوەو لەنێو هەلومەرجی پڕقەیرانو پڕنەهامەتی سوریاو عێراقو گرفتارییەکانی دیکەی ناوچەکەدا پەروەردەبوونو گەشەیان کردووە. ئەو هەلومەرجەش زلهێزەکان پێش هەر کەسێک لێی بەرپرسیارنو ئەوان بەو ڕۆژگارەیان گەیاندووە، هەتا وەکو کێڵگەیەکی بەپیت بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆرو داعش لەئارادابێت.

ئەندامانی داعش، مەحاڵ بوو لەژێر هیچ ناوێکی دیکەدا بتوانن جێگای خۆیان پەیدابکەن، بێجگە لە پەرچەمی "الله"و ڕێگای ئیسلامو ئەحکامەکانی شەریعەو قورعان. هەرکەس قبوڵی کرد وەکو داعش کاربکاتو ئەم ناسنامە چەپەڵە بۆ خۆی هەڵگرێت، نە شەیدای ڕێگای خودایەو نە خوازیاری بەهەشت، بەڵکو ئەوانە تەلیسمی چەواشەکردنی رایگشتین. ئەوان مەستو حەیرانی پارەو پوولی زۆرو زەوەندن کە بۆیان تەرخانکراوە لەنێو نابەسامانییەکانی ئێستای سوریاو عێراقدا،



سەرچاوە Serchawe

## بەشی یەكەم

لەویش زیاتر لەنێو فەزای نائەمنو پرتاوانی سوریاو عێراقدا، وەكو لایەنە ڕەسمییەكانی حكومەتو دەوڵەتی سوریاو عێراق، چۆن چەندین ساڵە خۆیان خەریكی فەرهودو دزیو تالانكردنی سامانی كۆمەڵگان، ئەمانیش بەهەمان شێوەی ئەوان بەڵام ڕەسمییەتیان نییە، ئەنفال ئەكەنو هەموو شتێك بێ سێو دوو ئەبێتە ملكو ماڵی خۆیان. ئەوان ئەكوژن، ئەبڕن، تالانو بڕۆ ئەكەنو لەهیچ شتیش ناسڵەمنەوە، زۆر ساناش لەنێو قورعانەوە ئایەتی پاساوی بۆ ئەهێننەوە. ئەمە پێناسەی هێزێكە كە ناوی "داعش"ی لەسەر خۆی داناوە. داعش بۆتە كارگەو دامەزراوەیەكی زەببەلاحی مافیایی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو زلهێزەكانی جیهان ئینسانی بێچارەو تۆقیوی دەستی ڕەوشی شەڕو نائەمنیو گرفتارییەكانی تائێستای تێدا وەگەڕ ئەخەن بۆ گەییشتن بە مەرامەكانی خۆیان.

لایەنە شیعەو سوننەو قەومییەكانی عێراق ١١ ساڵە بە هەمان شێوەی "داعش"، بەڵام لە فۆرمی ڕەسمیدا، خەریكی خوێنڕشتنو پاكسازین لەسەر ناسنامە، سەرقاڵی كاروكردەوەی تیرۆریستین لە دژی خەڵكی عێراق لەژێر ناوی جیاجیادا، بەشێوەی بەربڵاو خەریكی دزیو تالانیو فەرهودی سامانی خەڵكی عێراقن، وە شكستیان هێناوە لە بەرپاكردنی حوكمڕانییەكی سەقامگرتوودا، كە لانی كەمی ئارامی بۆ كۆمەڵگا دابین بكات. هەر بۆیەشە ئەمڕۆ 'داعش" بەهەمان ڕێگاو ڕێبازی ئەو لایەنانە هاتۆتە ساحەكەو ئەڵێی لە جەنگەڵدا ئەجەنگن نەک لە كۆمەڵگاو نێو ژیانی هاوڵاتیان، بێترسو دڵەڕاوكێ ئەتوانن بچنە شوێنی ژیانو كارو خوێندنگاو زانكۆكانەوەو پەرچەمی ئەڵلاهوئەكبەر ئەگرنە دەستەوەو لەژێر ناوی ئیسلامدا هەرچی كاری نەشیاو بێت دەستی بۆ ئەبەن، هێرشێكی مەغۆلیئاسا دژی هاوڵاتیانو بۆ سەپاندنی دەسەڵاتو باڵادەستیی خۆیان ئامانجی سەرەكییانە. ئەم ئاوەی داعش مەلەی تیائەكات، زلهێزەكانی جیهانو نوێنەرە دیموكراتخوازەكانی خۆیان لە عێراق ڕشتوویانە.

بەمپێیە، داعش وەكو پرۆژەیەكی سیاسیو مافیایی لە ناوچەكەدا كەوتۆتەكار. بەرنامەو پرۆگرامەكانی هەمەلایەنەو هەموو شتێك ئەگرێتەوە لە دژایەتی كردنی ئینسان، لە تێكدانی كۆمەڵگاو بیماركردنی چاوەڕوانییەكانیان، جگە لە لایەنە شكۆدارەكانی ژیانو كۆمەڵگاكان. ناسنامەی ئەم هێزە لێرەوە تەماشائەكرێت. گرنگتریش لەمە، ئەو هێزانەن كە لەپشتیانەوە ڕاوەستاونو بەناوی تیرۆرەوە بانگیان ئەكەن. جارێك وەكو قاعیدەو جارێكی دیكەش وەكو داعشو لە كۆتاییشدا وەكو هێزێكی ئیسلامی كە بەرهەمی ئەو كەلتوورە ئیسلامیانەی كۆمەڵگایە كە دەرسەدێكی گەورەی خەڵكی باوەڕی پێی هەیە! ئەمەش خۆی ناهەقیو تاوانێكی گەورەیە بەرانبەر بەو كۆمەڵگایانەی ئیسلام تیایاندا ئایینێكی باوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمڕۆ - ڕێكەوتی: ٩ی جوونی ٢٠١٤

## چۆنکردنی موسڵ بۆ داعش پیلانێکە لە دژی کورد.



**رەزا شوان**

پارێزگای (موسڵ و سەلاحەددین و دیالە) کە زۆربەی دانیشتوانیان سونین، لەم پارێزگایانەدا ژمارەیەکی زۆری کوردیش هەیە.. ئەم سێ پارێزگایە هاوسنوورن لەگەڵ باشووری کوردستاندا..

بەڵکو بەشێکی زۆری خاکی داگیرکراوی باشووری کوردستان بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای نەتەوەیی لە بەرژەوەندی نەتەوەی عەرەبدا، خراونەتە سەر ئەم سێ پارێزگایانە.. ئەم سێ پارێزگایە هاوسنوورن لە گەڵ پارێزگای هەولێر و پارێزگای کەرکوکدا.. مەڵبەندی ئەم پارێزگایانە (موسڵ، تکریت، باقوبە)ن، زۆر دوورنین لە شاری هەولێر و کەرکوک و خورماتو و خانەقین نەوە.

دوای ئەوەی نەوت لە کوردستاندا دەرهێنرا و بۆ فرۆشت رەوانە کرا.. دوای ئەوەی کە گفتوگۆکانی نێوان کورد و مالکی نەگەیشتن بە ئاکامێک.. دوای ئەوەی کە بڕیاردان لە مافی چارەی خونووسین، بۆتە وێردی سەرزاری زۆربەی تاکی کوردمان.

ناحەزانی کورد، لە ناوچەکە و لە ناو عێراقدا، کەوتوونەتە دژایەتی کردنی گەلی کوردمان.. هێرشێکی راگەیاندنی شۆڤێنییانەی نارەوای چڕ لە دژی هیوا و خواستە رەواکانی گەلی کوردمان لە ئارادایە.. چەند جارێکیش داعشی تیرۆریست دژایەتی گەلی کوردیان راگەیاند.. کوشتنی کورد و داگیرکردنی سەر و ماڵیان حەڵاڵ و رەوا کردووە. ناحەزانی گەلی کورد، زۆر هەوڵی ئەوە دەدەن کە درز بخەنە ریزی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، پەرتمان بکەن و زاڵبن بە سەرماندا.. کورد بە گژی کوردابکەن.

بۆیە بە بۆچوونی من سیناریۆی داگیرکردنی شاری موسڵ کە دووەمین گەورە شاری عێراقە و نزیکەی سێ ملیۆن و نیو کەس لەم پارێزگایەدا دەژین، بە کورترین ماوە و بەبێ هیچ بەرگری و بەرەنگاربوونەوەیەک.. رادەستی داعیشی کۆنە بەعسییەکان و ئیسلامە توند ڕەوەکان کرا.. کۆمەڵێک پرسیار و گوومان دروست دەکات.

ژمارەی هێرشبەرەکانی داعشی تیرۆریست (٢٥٠٠) تیرۆریست بوون.. بەڵام ژمارەی سوپای عێراق لە شاری موسڵدا (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار سەربازبوون.. باشتترین چەک بە دەستی ئەم سوپایەوە بوو، تەنانەت هێلیکۆپتەری جەنگیشیان هەبوو.. بەڵام بۆ ئەم ژمارە زۆرە نەیانتوانی بۆ ماوەی دوو رۆژ بەرگری لە شاری موسڵ بکەن؟ ئەی بۆ ئەفسەرێکی بەرز بەڵکو تەنانەت سەربازێکی ئەم سوپایە نەگیران..؟! ئەی بۆ خوێن لە لووتی ئەفسەرێکیان نەهات..؟! بۆ بە چەکە قورسەکانیانەوە هەڵنەهاتن و، بۆ تیرۆریستانیان بەجێیان هێشتن ..؟! ئەی بۆ داعش کەسی لێ نەکوشتن ..؟! بۆ نوری مالیکی یەکسەر هێزی تری بۆ موسڵ نە نارد؟ بۆ تیپی (١٢) و لە شکری دیجلەی فسفس پاڵەوان هەر بۆ سڕینەوەی ئارەقی شەرمەزای و سەرشۆڕییان.. دە داعشیان نە کوشت؟.. گەر ئەمە رێکەوتن و پیلانێکی ژێراوژێر نەبێت..؟! چ لیکدانەوەیەکی تری بۆ دەکرێت..؟؟! ئەمانە و کۆمەڵێک گومان و پرسیاری تریش..؟ منداڵێکی سەر لانکیش بە گومانە و ئەوە دەزانێت کە: " ئەم ماستە موویەکی تێدایە.. "گرتنی شاری موسڵ و تکریت و زۆربەی قەزا و ناحییەکانیان بە رۆژی نیوەڕۆ و، بەرەڵلاکردنی بەندکراوە تیرۆریستییەکان، بەبێ بەرگری، پیلانێکی داڕێژراوی دەستێکەڵی و رێکەوتنی سوپای عێراق و داعشی تیرۆریستی کۆنە بەعسییە ئەنفالچییەکانە.. کە لە زووەوە نەخشەیان بۆ دارشتووە، هێرشێکی چاوەروان کراو بوو.. راست نییە کە سەرۆک وەزیرانی عێراق نوری مالیکی بێ ئاگایە لەم پیلانە ناوچەیی و ناوخۆییە.. خۆگێلکردنی مالیکی راست نییە و پەردەپۆشییە.. مالیکی بەشێکە لەم سیناریۆیە.. ئەمە پیلانێکی عێراقی و ناوچەییە، لە دژی حوکمڕانی باشووری کوردستان .. گەر لە بیرتان مابێت مالیکی جارێکیان گوتی: "ئەگەر ئەم جارە شەڕ لەگەڵ کورد دا ببێت.. دەبێتە شەڕی کورد و عەرەب" پێشتر ئەوەش گوت: "ئەگەر ئیبراهیم جەعفەری پایەی - سەرۆک وەزیرانی - لەسەر کەرکوک دانا - من ئامادە رووحی خۆشم بۆ کەرکوک بەخت بکەم".. جا بە دووری مەزانن کە چۆڵکردنی پارێزگای موسڵ و سەلاحەدین - دڵنیام پارێزگای دیالەشیان بۆ چۆڵ دەکەن - بۆ ئەوەیە شەڕ لە نێوان کورد و عەرەبە سونییەکانداهەڵبگیرسێنن، کە مالیکی هەردووکیان بە ناحەزی سەرسەختی خۆی دەزانێت.. وەک خۆی گوتی شەڕی کورد و عەرەب هەڵگیرسێنێت، لە پێناوی مانەوەی لەسەر کورسی دەسەڵاتدا.. بۆیە پێویستە کورد زۆر وریای بێت و، نەکەوێتە داوی ئەم پیلانە گڵاوەوە.

سوپای ئیستای عێراق لەسەر بنەمای تایفەگەری پێکهاتووە، هێندە ئینتیمایان بۆ تایفە و حیزبەکانیان هەیە.. ئەوەندە ئینتیمای نیشتمانییان نییە.. مالیکی لە پێناوی مانەوەی لە دەسەڵاتدا، بە بێ پرسی پەرلەمان و لایەنە هاوپەیمانی.. چی کونە ئەفسەرەیکی بەعسی ی ئەنفالچی هەیە لە سوپای هەڵوەشاوەی عێراقدا هەبوو، بۆ دژایەتی کردنی کورد گەڕا یانەوە، لەوانە (الزيدى) و هاوشێوەکانی.

پێویستە کورد ئەم هەلە لەدەست نەدات و، بەبێ پرسی بەغدا و، بەبێ ئەوەش گوێ بە هەڕەشەی وڵاتانی دراوسێی کوردستان و ئەمریکا بدات، هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی کەرکوک و، لە ناوچە داگیرکراوەکانی تری باشووری کوردستاندا جێگیربکات، تا ئەم ناوچانە نەگەڕێنەوە بۆ باوەشی کوردستان چۆڵی نەکات.. با سەرکردەکانی کوردمان پەند و وانە لە شکستییەکان و، لە هەڵە و، لە لە دەستدانی هەلەکانی رابردوو وەربگرن "گەر بترسین رزگارمان نابێت".. نابێت سەرکردەکانی کورد لە دەرەوەی سنووری کوردستاندا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ بەرگری کردن لە ناوچەکانی تری عێراق رەوانە بکەن و، شەڕی داعشیان پێبکەن بکەن.. دوژمنانی کورد ئەمە بقۆزنەوە و شەڕی کورد و عەرەب هەڵگیرسێنن .. ئەوان مەبەستیانە، کوردیش بخەنە ناو شەڕ و ململانێیەکی بێ مانای خوێناوییەوە.. بۆ بە خۆڕای رۆڵەی کوردمان بە کوشت بدەین.. لە پێناوی چیدا پێشمەرگە لە دەرەوەی سنووری کوردستاندا، شەڕ بکات؟؟.. بۆ ئەو عێراقەی کە بژێوی ژیانی کوردی بڕیوە؟.. بۆ ئەوعێراقەی بە چاوێکی کەمترەوە لە کورد دەڕوانێت؟ بۆ ئەو عێراقەی تا ئێستا دینارێکی بە پێشمەرگەیەک نەداوە، بۆ ئەو سەرۆک وەزیرانەی درێژە، بە بەعەرەبکردنی کەرکوک دەدات و، تا سەر ئێسقان دژی خواست و مافەکانی کوردە..؟؟! پێویستە سەرکردەکانی کوردمان یاریکەرێکی سیاسی و دیبلۆماسی وریا و لێزان بن.. گەر گۆڵنەکەین، گۆڵمان لێ دەکەن.. نەخەڵەتێن و هێندەش خۆشبڕوا مەبن.. نابێت بە زەردەخەنەی ناحەزان و، بە بەڵێنی درۆیان باوەڕ بکەین.. کردار گرنگە نەک بەڵین و درۆی کاتێ، هەر هەڵە و تێکەوتن و خلیسکانێک، چارەنووسی کورد و کوردستان دەخەنە مەترسییەوە و، باجێکی زۆریان دەدەینەوە.

راستە بمانەوێ و نەمانەوێ، پریشکی ئەم ئاگرە ئێمەی کوردیش دەگرێتەوە، وەکو وتم لە بنەڕەتا هەڵگیرساندنی ئەم ئاگرە لە دژی کوردە و، بۆ ئەوەیە کوردی پێ بسووتێنن.

لە ئەمڕۆدا، ئێمەی کورد لە هەموو کاتێ زیاتر پێویستیمان: بە یەکڕیزی و.. بە یەکدەنگی و.. بەیەکڕەنگی و.. بە یەک هەڵوێستی و.. بە تەبایی هەیە.. پێویستە خاوەنی یەک وتاری سیاسی بین.. واز لە فرە کوێخایی بێنین.. بە راستیش برا و پشت و پەنابین.. بەرژەوەندیی باڵا و چارەنووسی گەلەکەمان لە سەرووی هەموو سوود و بەرژەوەندییەکی حیزبییەوە بێت .. هەر هەمووشمان یەک چارەنووسمان هەیە.. با کوردایەتی و کوردستانپەروەری دروشمی بەرز و پیرۆزی هەموو لایەکمان بێت.. چەند هەستێکی نەتەوایەتی بەرزە، کە هێزەکانی پێشمەرگە لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا ئامادەن و چاوەڕێی فەرمانن.. کە بەرگری لە هەموو شوێنێکی کوردستان بکەن.

من پێشنیاری ئەوەش دەکەم کە بە خێراترین کات.. کۆبوونەوەیەکی باڵای بە پەلە، بە بەشداری هەموو لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، لە هەولێری پایتەختدا ببەسترێت، هەموو ناکۆکییەک بخەنە لاوە و، پێکەوە بە وردی و بە باشی ئەم بارودۆخەی ئێستا و مەترسی بۆ سەرکوردستان بە جوانی و لۆژیکی تاوتوێ بکەن و، نەخشەکارێکی



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی یەکەم

تۆکمەی نەتەوەیی دابرێژن و، هەموو لایەک لەسەری رێک بکەون و پێبەندن پێوەی.. چونکە ئەم بارودۆخە، پێویستی بە بڕیار و بە هەنگاوی خێرا و کاری بە پەلە هەیە.. پێویستە پێشبینی و روانینێکی ورد و باشیشمان دەربارەی گۆڕانکاری و ئەگەرەکان هەبێت.. ئامادەی هەموو رووداوێکی چاوڕوان کراو و نەکراو بین.. بە دڵنیاییەوە یەکێتی و یەکڕیزی و یەکدەنگی و یەکڕەنگیمان، زامنی پووچەڵکردنەوەی پیلان و نیازە گڵاوەکانی پیلانگێڕان و ناحەزانی گەلەکەمانە.. گەشبینم کە سەرکەوتن بۆ ئێمەی کوردی قارەمان و خۆڕاگر و کۆڵنەدەر دەبێت.. چونکە نەوەی نوێمان کە کوردایەتی و کوردستانپەروەری تێکەڵاوی خوێنیان بووە.. ئامادەن قوربانی بدەن و بە خوێنی ئاڵ و گەشیان تاجی سەرکەوتن و ژیان بنەخشێنن.

ئەی پێشمەرگە قارەمانە گیان لەسەردەستەکانی کوردستان.. کە ئێستا لە کەرکوکی قودس و دڵی کوردستاندا وەکو شێر لە ئامادە باشیدان و، چاولێکنائێن.. ئەی گریلا پاڵەوانە بەجەرگ و نەبەزە بێوێنەکانی قەندیلی سەرکەش، کە نموونەی قارەمانێتی و ئازایین لە جیهاندا، کەرکوک، خانەقین، کفری، خورماتوو، مەخموور، شەنگار و، هەموو بستێکی داگیرکراوی کوردستانی نیشتمانی شیرینمان.. داوتان لێدەکەن لە دڕندە شۆڤێنییەکان، بیان پارێزن.. دەستان لە سەر پیتکەی چەکەکانتان بێت و.. داستانێکی تری سەروەری و قارەمانێتی تۆماربکەن.. وانە و پەندێکی نوێ بە داگیرکەرانی کوردستان بدەن و.. بییان کەن بە پەندی زەمانە.

کەرکوک.. کەرکوکی خۆڕاگر، خانەقینی بووکی گەرمیان، شەنگاری دێرین و رەسەنی کوردان.. هەموو ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان.. دڵنیابن بە تەنیانین و، لەگەڵتانین، خوێنمان، گیانمان، لە رێتاندایە.. لە خۆشی و ناخۆشیدا هاوبەشتانین .. ئەرگەرچی دوورین لێتانەوە، بەڵام هەموو ساتێ بە دڵ لەگەڵتاندایین.. گەر پێویست بکات دێینەوە و دەبینە پێشمەرگە و چەکی کوردایەتی و مەردایەتی هەڵدەگرین و، گیانمان دەکەین بە قەڵغان و لە سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرگری و سەربەرزیدا.. ئامادەین لە پێناوتاندا شەهیدببین و سەروەری بۆ گەلەکەمان و بۆ خۆشمان تۆمار بکەین.. ئێوە هەمیشە ورەتان بەرزبووە و، ورەتان بەرزە و بەرزتر دەبێت.. ئێوە هەمیشە هیواخواز ن.. گەشبینن.. ئێوە دڵنیان لەوەی کە هەڵهاتنی رۆژێکی روونا کتر و، هاتنەدیی ژیانێکی شایستەتر و، داهاتوویەکی گەشتر بو کورد و کوردستان زۆر نزیک بوونەتەوە.. دڵنیابن و، باوەڕتان بەوە هەبێت کە، هیچ گەلێک رەنج بێوەر نابێت، گەر خۆڕاگر بێت و ئامادەی تێکۆشان و قوربانیدان بێت.. ئێمە دەبێت دوای مافەکانی خۆمان بکەوین، مافەکانمان دوای ئێمە ناکەون.. ئازادی نایەتە خوارەوە و، ئێمە دەبێت بۆی سەرکەوین.. لووتکەی سەرکەوتن نانەوێت، ئێمە دەبێت بۆی سەرکەوین.. مێژووی شانازی و سەروەری نوێ نەنووسراون، ئێمە دەبێت تۆماری بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: ١٢ی جوونی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

# ڕووخانی مووسڵ و قووڵتربوونەوەی پرسی کوردەکان




**موراد یەتکین**

ئەگەر ڕووداوەکانی مووسڵ لە تابلۆیەکی سیاسی گەورەدا شرۆڤە بکەین و کەمێک لەولاترەوە، لە تورکیا و لە شاری کوردنشینی ئامەد، داگرتنی ئاڵای تورکیا لە بەردەم بنکەی هێزی ئاسمانی لەبەرچاو بگرین، تێدەگەین کە گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە، لایەنێکی قووڵتر و بەربلاوتری هەیە.

کوردپرێس؛ کۆنترۆڵی مووسڵ وەک دووەمین شاری گەورەی عێراق لە لایەن داعش، بووەتە گرینگترین هەواڵی سیاسی ناوچەکە و جیهان و ئەم بابەتە نەتەنیا عێراق بەڵکوو دیکەی وڵاتانی ناوچەکەی نیگەران کردووە. مووسڵ بەر لە شەڕی جیهانی یەکەم بەشێک لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی ئیمپراتووری عوسمانی بووە و پرسە ژێئۆپۆلیتیکەکانی هەمیشە لەگەڵ کوردەکان و تورکیا پەیوەندی بووە. موراد یەتکین شرۆڤەکاری بەناوبانگی ڕۆژنامەکانی ڕادیکاڵ و حورییەتی تورکیا لە یادداشتێکدا پەیوەندی ڕووخانی مووسڵ و پرسی کوردەکانی لێکداوەتەوە.

موراد یەتکین؛ مووسڵ، وردە وردە لە ڕۆژی دەی مانگی جوونی ئەمساڵ کەوتە دەستی گرووپی توندڕەوی داعش. ئەم گرووپانە لە شەڕی سووریا، وەک وەحشی ترین گرووپی تیرۆریستی ناسرا و بە یەکێک لە گرووپە تیرۆریستییە چەکدارەکانی بەرەی نوێ دێتە ئەژمار کە لە کردەوەی توندوتیژیدا، بە بێ گومان و بیر لێکردنەوە وەحشیترین کارە تیرۆریستییەکان دەکات.

لە ساڵی ٢٠٠٤ و هاوکات لەگەڵ داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمەریکا، بەستێنی داگیرکاری ئەم گرووپە توندڕەوەی لە



سەرچاوە
Serchawe

ناوچە سوننەنشینەکانی ناوچەی ناوەندی و باکووری ڕۆژئاوای عێراق ڕەخساندووە و پەیوەندییان لەگەڵ ئەلقاعیدە گرت. دوای کوژرانی ئۆسامە بێن لادن لە ساڵی ٢٠١١ی زایینی و سپاردنی ڕێبەرایەتی ئەلقاعیدە بە ئەیمەن ئەلزەواهری، گرووپی داعش پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەلقاعیدە وردە وردە پچڕاند و بە ئامانجی دامەزراندنی ویلایەتێکی ئیسلامی لە سووریا و لەسەرکارلابردنی بەشار ئەسەد، لەگەڵ بەرەی نوسرەت یەکیان گرت. ئەبووبەکر ئەلبەغدادی ڕێبەری داعش، پاش ماوەیەک پەیوەندییەکەی لەگەڵ بەرەی نوسرەت پچڕی و سەربەخۆ بوو. ئەمە پێشەکییەکی کورتە لەسەر سەرهەڵدانی ئەم گرووپە توندڕەوە کە دووەمین شاری گەورەی عێراق واتا مووسڵیان کۆنترۆڵ کردووە و لە سووریاشدا هەوڵ دەدات بە داگیرکردنی حەلەب و دیکەی ناوچەکانی نێزیک لە تورکیا بۆ ئەوەی ناوچە ژێردەسەڵاتەکانی بەربڵاوتر بکاتەوە. داگیرکردنی مووسڵ لە لایەن داعش، مەترسی دابەش کردنی عێراقی زیاتر کردۆتەوە و جگە لەوەش شەڕی ناوخۆیی قووڵتر دەکاتەوە و جێی سەرسووڕمان ئەوەیە کە زۆر کەس ئامادە نییە لەسەر ئەم مەترسییە گەورەیە شرۆڤەیەک بخاتەڕوو.

وەزارەتی دەرەوەی تورکیاش وەک زۆربەی وڵاتانی دیکە نیگەرانی سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی مووسڵ دەربڕیوە.

لە ئێستادا زانیاری ڕوون لەسەر چارەنووسی شۆفێر تورکیاییەکان و دیکەی هاووڵاتیانی بە بارمتەگیراوی ئەو وڵاتە کە لە لایەن داعشەوە ڕفێندراون بە دەستەوە نییە و ئەم بابەتە هەڕەشە لە ئاسایشی تورکیا دەکات. بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە داگیرکردنی مووسڵ لە لایەن داعش، تەنیا بەم بابەتە کۆتایی نایێت و ئەم بابەتە لایەنی قووڵتریشی هەیە.

## مووسڵ، برینێکی مێژوویی قووڵ

لە ئەدەبیاتی سیاسی تورکیا، دەستەواژەیەکی تایبەت بەم ناوەڕۆکەوە هەیە: "سەرکەوتن لە مەیدانی شەڕ، شکست لە پشت مێزی دانوستان". ڕەنگە پرسی مووسڵ پرسێکی گرینگە کە بە ئاسانی دەکرێت وا دەستەواژەیەکی بۆ بەکار بێنین. ڕاستی ئەوەیە کە تورکیا لە گۆڕەپانی شەڕی عێراقدا شکستی نەخواردوە و زۆرێک لە کارناسان و مێژووناسانی بیانی ئاماژەیان بەم بابەتە داوە کە هێزەکانی سوپای تورکیا لە بەرانبەر هێزە سەربازییەکانی بریتانیا، لەو ناوچانە سەرکەوتنی گەورەیان مسۆگەر کردووە. بەڵام ٨٨ ساڵ لەمەوپێش و لە ٥ی جوونی ١٩٢٦ی زایینی لە پەیمانی ئەنقەرە، تورکیا مووسڵی ڕادەستی بریتانییەکان کرد. تەنیا یەک ساڵ پێش ئەم ڕووداوە واتا ساڵی ١٩٢٥ی زایینی، ئەنقەرە لەگەڵ بزووتنەوەی کورددا بە شەڕ هات کە هەڵبەت ئەو بزاڤە، بنەمای ئیسلامی و مەزەبی بوو و مستەفا کەمال لە ساڵی ١٩٢٦ی زایینی، لە دۆخێکدا نەبوو کە لەگەڵ بەریتانیادا بچێتە شەڕێکی نوێیەوە، چونکوو پێشتر، بەشێکی زۆر لە هێز و سەرچاوەکانی خۆی



سەرچاوە
Serchawe

لە شەڕ لەگەڵ کورددا لە دەست دابوو. هەر بەم بۆنەوە، کۆماری تازە دامەزراوی تورکیا، نەیدەتوانی بچێتە جەنگێکەوە کە ئەگەری ئەوە هەبوو بە تەواوەتی ئەو حکوومەتە نوێیە لەناو ببات.

ژێنراڵ کازم کارابەکر، قارەمانی شەڕی سەربەخۆیی تورکیا لەو سەردەمەدا لە پەرلەمانی نیشتیمانی تورکیا و لەو ڕۆژانە کە باس لە چارەنووسی مووسڵ و ڕادەست کردن یان نەکردنی ئەو ناوچە دەکرا تەنیا کەسێک بوو کە جەختی لەسەر جیانەبوونەوەی کورد لە تورک دەکرد. (باشە بزانن! سێری ساکێک، سیاسەتوانی سەر بە پەکەکە کە لەم دواییانەدا بۆتە سەرۆک شارەوانی شاری کوردنشینی ئاگری، دەیەوێت ناوی کازم کارابەکر لە دار و دیواری ئەو شارە بسڕێتەوە). ئەم ژێنراڵە بەناوبانگ و بەجەرگە، تەنیا چەند ڕۆژ پاش ئەوە کە جەخت لەسەر زەرووڕەتی جیانەبوونەوەی کورد و تورکەکان دەکات بە تۆمەتی پیلان دژی ئاتاتورک ڕەوانەی زیندان دەکرێت.وابوو کە "عیسمەت ئینۆنۆ" دۆستی نێزیکی ئاتاتورک بە هەزار پاڕانەوە و شفاخوازی ژێنراڵ کازم دەکات و لە زیندان ڕزگاری دەکات. کورت بڵێم، ناوی مووسڵ و باس لەسەر ئەم شارە گرینگ و ستراتێژیکە، لە مێشکی سیاسی و مێژوویی تورکیا، هەمیشە لەگەڵ پرسەکانی هاوپەیوەند بە کوردەکان گرێخواردووە و ئەم بابەتە، لە ڕاستیدا وەک یەکێک لە بەستێنەکانی سەرهەڵدانی پرسی کوردەکان دێتە ئەژمار و هەر بۆیە، دەبێ پرسی مووسڵ وەک برینێکی کۆنی تورکیا لە بەرچاو بگرین.

### قەیران، قووڵتر دەبێت

بە سەرهەڵدانی قەیران و شەڕی ناوخۆیی سووریا، پەکەکە کە پێشتر تەنیا لە باکووری عێراقدا، هەست بە بوونی دەکرا. ئەمجارە لە ناوچە کوردنشینەکانی باکووری سووریا دەست بە چالاکی دەکات و ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی نوێ وەک ناوچەیەکی ئازادکراو بە ناوی خۆیەوە تۆمار دەکات.ئەم گۆڕانکارییە گرینگە، بۆتە هۆی ئەوەی کە پەکەکە لە چوارچێوەی دانوستانی ئاشتی لەگەڵ تورکیا، هەڤیازی نوێ لە بەرانبەر ڕەجەب تەییب ئەردۆغان وەربگرێت. هاوکات لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانە کە لە کوردستانی سووریا هاتە ئاراوە، مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بەردەوام لە وتەدانەکانیدا باسی لە سەربەخۆیی کوردستان کرد و ئەمە ڕاست هەمان بابەتە کە بێ گومان کاردانەوەی ئەمەریکا، ڕۆژئاوا، تورکیا و ئێرانی بەدواوە بووە. ئەمڕۆش لە تورکیادا ئەمە دەبینین کە ئەردۆغان عیلاقەیەکی زۆری بە بەشداریی لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری و چوون بۆ کۆشکی چانکایا هەیە و هەر بۆیە بڕیارگەی ناوەندی پەکەکە لە قەندیل، بە هەموو تواناوە گوشاری خستۆتە سەر ئەنقەرە و لە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا تەنگژەی نوێ بەدیهێناوە.

ئەگەر ڕووداوەکانی مووسڵ لە تابلۆیەکی سیاسی گەورە شرۆڤە بکەین و کەمێک لەولاتر، لە تورکیا و لە شاری کوردنشینی

ئامەد، داگرتنی ئاڵای تورکیا لە بەردەم بنکە هێزی ئاسمانی تورکیا بهێنینە بەرچاو، دەبینین کە گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە، لایەنی بەربڵاوتر و قووڵتریان هەیە.

سەرسووڕێنەر ئەوەیە کە تەنیا چەند کاتژمێر پاش ئەوەی کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە زیندانی ئیمرالی و لە چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەرانی پارتی دیموکراتیکی گەلان (HDP) داگرتنی ئاڵای تورکیای ئیدانە کرد. پەکەکە بە دەرکردنی بەیاننامەیەک ڕایگەیاند کە ڕازی نییە بە بەردەوامیی دیدارەکان لە چوارچێوەی ئێستادا و دەیەوێت ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئۆجەلان پەیوەندی و چاوپێکەوتنی ببێت.

لە شرۆڤەیەکی لۆژیکی و ڕاستبێنانەدا دەکرێ بوترێت: داگرتنی ئاڵای تورکیا لە ئامەد، ڕووداوێک نییە کە ببێتە هۆی پەک خستنی دانوستانی ئاشتی لە نێوان تورکیا و پەکەکە، بەڵام بێ گومان ئەم ڕووداوە دەتوانێ لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری تورکیا لە مانگی ئەگێست کاریگەری نەرێنی لەسەر دەنگەکانی ئەردۆغان ببێت. لە وا بارودۆخێکدایە کە مووسڵ کەوتۆتە دەستی هێزێکی توندوتیژ و مەترسیدار کە هەمووان بە دوژمن دەزانێ و ئەم بابەتە، هاوکێشە ناوچەییەکان تێکدەدات و وادیارە کە ئەمە ، سیاسەتی دەرەوەیی و ناوچەیی تورکیا لەگەڵ مەترسییەکی جیددی ڕووبەڕوو دەکاتەوە.

وەرگێران: کوردپرێس

سەرچاوە: ماڵپەڕی کورد پرێس - ڕێکەوتی: ١٤ی جوونی ٢٠١٤

## داعش هات و سوپا هەڵات



مەهدی خالید خەمبار

پاش ئەوەی داوایەکی ابوبکر البغدادی لە لایەن ابو محمەد الجولانیەوە بە مەبەستی هەڵوەشانەوەی هەریەک لە (دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و بەرەی نوسرە) کە دوو ڕێکخراوی سەربە القاعیدەن و لە سەر خاکی سوریا کار و چالاکیەکان ئەنجام دەدا، ویستی البغدادی گرێدانی ئەم دوو ڕێکخراوە بو لەژێر ناوی (ڕێکخستنی دەوڵەتی ئیسلام لە عێراق و شام). البغدادی بەڵێنەکەی بێڕەزامەندی الجولانی بردەسەر و دایمەزراند. هەر یەک لە دوو ڕێکخراوە تیرۆریستیەی بەرەی نوسرە و داعشی جۆرە سیاسەتێکی جیاوازیان لە پێهاتە و شێوازی مامەڵەکردن و ئامانجدا هەبو، هەر وەک ئەوەی لە شێوازی یەکترکوژی نێوان شێعە و سونە عێراقیەکاندا بەدیدەکرێت، بۆ نمونە دەوترێت داعش ڕێکخراوێکی جیهادیە، ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامیە کە شەریعەتی ئیسلام و شمشێر، لەبەرامبەریشدا بەرەی سەرکەوتن یان نوسرە، هەوڵەکانیان لە ڕوخانی ڕژێمدا چڕ کردۆتەوە و بڕوایان بە هێزی سەربازی زیاترە لە ژیانەوەی مۆدێلی شمشێر و سەربڕینی مرۆڤ.

داعش و بەرەی نوسرە جێچالاکیەکانیان لە سەرەتادا ناو خاکی سوریا بوو، لەوێش بەشێک لە ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژئاوای کوردستان حەڵەب و ڕەقە و دیرالزور، زۆرجاریش شەڕی گەرم لە نێوان هێزە کوردیەکان و تیرۆریستاندا و دەستیان بە خوێنی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لەوبەشەی کوردستانیش سورە. لەدەستدانی (زەرقاوی) و کەسایەتی دوهەمی داعش عەدنان اسماعیل البیلاوی لە کاتێکی نزیک لە یەک، داعشی خستە بەر گورزێکی گورچکبڕ. لە تۆڵەی ئەمەی بەسەری داهات، داعش هێرشەکانی بۆسەر شارە سونی نشینەکان چڕتر کرد و ڕومادی و فەلوجە کردە ئامانج و شەڕێکی قورسی دەستپێکرد و توانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و دواتر کردەوە تیرۆریستیەکانی لە شارەکانی دیالە و تکریت و کەرکوک و نینوی و ناوچەکانی دەوروبەریان چڕتر کردەوە و تەنانەت دەخوازن بۆ کوردستانیشی بگوازنەوە و بەختی خۆیان لە هەولێر و سلێمانییش تاقیکردەوە.

## بەشی یەکەم

ئەمەی لە موسڵ و ناوچە عەرەبنشینە سونەکانی دەوروبەری کەرکوک و دواتر لە سەلاحەدین و تکریت و سامەرا لە نێوان هاتنی داعش و هەڵاتنی بەلێشاوی هێزە سەربازیەکانی عیراق ڕوودەدەن، دۆخەکەی بۆ قۆناخێکی مەترسیدارتر گواستەوە و ڕەنگە ئەمە خۆی لە کۆمەڵە سیناریۆیەکی تێک هەڵقژاوی جالجالۆکەیی ببینێتەوە، کە بەدوری نازانم کە کورد و حکومەتی کوردی ئامانجی سەرەکی پشت ئەم سیناریۆوانە بن و بیانەوێ هەرێمی کوردستان تێوە بگلێنن، بەتایبەت دوای لە دەستدا سوتانی وەرەقەی نانبڕین و موچەبڕینی خەڵکی کوردستان و ملنەدانی هەرێم بە داواکانی و سوربونی هەرێم لە سەر دەرهێنان و هەناردەکردنی ئەو نەوتەی ئەوان لەڕابردودا وەک سەرچاوەی قڕکردنی خۆمان و سوتماککردنی وڵاتەکەمان سودیان لێوەرگرتوە، لە تۆڵەی هەمو ئەوانە ئەمجارە لەڕێگەی ئەم سیناریۆیەوە مالیکی بیەوێت کورد پەلکێشی شەڕێکی نەخوازراو بکات و بیەوێ بەم شێوەیە کورد ناچار بەملدانەخەت بۆ داواکانی خۆی و حکومەتەکەی بکات.

داعش لە ئێستادا بو بە هێزێکی پڕ چەک بەو چەک و چۆڵەی کە لە لایەن سوپای عێراقی و بە پێی بەرنامەیەکی تۆکمەی پێشوەختە نەخشەبۆکێشراو بەدیاری ڕادەستیکرا و بریتیە لە خێڵ و هۆزە سوننەکان، بەعسیە کۆنەکان، پیاوانی نەقشبەندی، عەرەبە جیهادیەکان،موسوڵمانە توندڕەوەکان و زیندانیە تاوانبارە هەڵاتوەکان، کەسانی بەرژەوەند پەرست و هەلپەرست. ئومێدەوارم ئەمجارە هیچ کوردێک بیر لە (نۆکەرایەتی و جاشایەتی و ڕیسوایی) نەکاتەوە و بۆ هەتاهەتایە نەفرەت لەو کلتورە دزێو و قێزەوەنە بکرێت کە لەزۆر کاتدا زیانی گەورەی لێداوین.
ئەوەی لەم قۆناخە هەستیارەدا دەبێتە ئەرکی نەتەوەیی و مێژویی و ئەخلاقی سەرکردایەتی سیاسی کوردی قۆستنەوەی ئەم هەلەیە کە هاتۆتە پێش، دەستگرتنە بەکوردستانیبونی ئەو شار و شارۆچکە و ناوچە داگیرکراوانەوە کە لە ڕابردودا بەزۆر و زۆرداری تەعریب و تەبعیس و تەرحیل کراون چونکە نەلەڕابردو، نە لەسەردەمی ڕژێمی بەعس و نە ۱۱ ساڵی حوکمڕانی دوای ڕوخانی بەعسش تاکە هەنگاوێک بەرەو چارەسەرکردنی کێشەی ئەو شار و شارۆچکە و گوند و ناوچە داگیرکراوانە نەهاوێژراوە کە بەڕۆژی ڕوناک و بەغەدرێکی ئاشکرا لە خاکی کوردستان دابڕان، بۆیە فرسەتە و هەلێکی دەگمەنە تا بە ڕۆژی ڕوناک بخرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان.

تێبینی!

بەدوای لێبوردنی زۆرەوە بە هۆی کێشەی وورد لە سیستەمی ماک بوک، نەمتوانی لە شێوەی وورد یان پی دی ئێف بۆتانی بنێرم. لەو کاتەی کە دەیکەمە وورد، پیتەکان لێکدەترازێن. هیوادارم یارمەتیم بدەن بەوەی کە خۆتان بیکەنە سەر وورد یان هەر شێوەیەک کە گونجاوبێت بۆتان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٤ی جوونی ٢٠١٤

## چارەنووسی کورد دوای کێشەکانی نێوان داعش و شیعە!



ئاریتما موحەممەدی

### یەکێتی و پارتی و هەڵەی ڕابردوو:

لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان هەلێکی باش بۆ کورد ڕەخساوە کە خۆی پڕ چەک بکات و دەست بەسەر ئەو چەکانەی سپای عێراقدا بگرێت کە بەجێ ماون و جێیان هێشتوون، کورد پێویستی بە چەکی نوێ و دەبابە و سەیارەی شەڕکەری نوێ هەیە، ئەمەش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەست دەکەوێت. بەڵام نابێ جارێکی دیکە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ببنە قوربانی کایەی حیزبی نێوان یەکێتی و پارتی. تاکوو هەنووکە پارتی و یەکێتی هەردوولا ئامادەیی ئەوەیان دەربڕیوە کە ئەو ناوچانە بپارێزن و بەجێیان نەهێڵن و ڕێ لە پێشڕەوییەکانی تیرۆرستان بگرن. بەڵام کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەمەڕ پێشڕەوییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک ئاماژە بە سەرهەڵدانەوەی کێشەی نێوان ئەو دوو هێزەی کوردستان دەکات. لە بەرژەوەندی کورد نییە کە لەم دۆخەدا باس لەوە بکرێ کە هەر هێزێک بەپێی قورسایی خۆی لە کورکووک هەنگاو هەڵنێت. ئەگەر هەنگاوەکان نەتەوەیین و پێویستن گرینگ نییە کە چ هێزێک ئەو هەنگاوە دەنێت، گرینگ ئەوەیە کە ئەو هەنگاوە پێویستە و دەبێ بنرێت و هەر لایەنێکیش بەو ئەرکە هەستێت جێی دەستخۆشی لێکردنە. ئەو هێزانەی کە پێیان وایە لە کەرکووک دەنگیان زۆرترە، نابێ باس لەوە بکەن کە چۆنکە دەنگیان زۆرە دەبێ ئیتر ئەوان بڕیار لەسەر ئەو شارە بدەن.

### دەرفەتێکی نوێ بۆ کورد:

ئەمە ئەو هەلە مێژووییەیە کە لەنێو سەد ساڵدا جارێک ڕوو دەدات، هەنووکە کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی کوردستانیی

## بەشی یەکەم

لە دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەپارێزرێت و پێویستە کورد ئەم دۆخە بقۆزێتەوە و ئەو ناوچانە بە یەکجارەکیی بگەڕێنێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. ئەگەر ئەمڕۆ ئەو هەنگاوە بە گورجییەوە نەنرێت، ئیتر دژوارە کورد بە هێمنی و لە ڕێگای دیالۆگ و گفتووگۆ یانخود لە ڕێگای سەرژمێری هاوڵاتییانی کوردەوە و بە ڕاپرسیی ئەو ناوچانە بگەڕێنێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. سپای عێراق لەو ناوچانەی کوردستان چەک و چۆڵی زۆری بەجێ هێشتووە، ئەمەش هەم دەرفەتە و هەم دەرەتانی خۆڕێکخستنەوەیە بۆ کورد، پێویستە لەگەڵ کەمینەی تورکمەنیشدا گفتوگۆ بکرێت کە لە ئەگەری گەڕاندنەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێم ئەوانیش قازانج دەکەن و بەرژەوەندی ئەوانیش لەبەرچاو دەگیرێت و دەپارێزرێت. کورد لە پاش ڕۆخانی ڕژێمی بەعسی ئێراق چەند جارێک هەلی گەڕاندنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی بۆ ڕەقساوە، بەڵام لەبەر کێشەی نێوان دەسەڵاتی کوردی ئەو هەنگاوە گرینگە نەنراوە، دەبێ ئەمڕۆ جارێکی دیکە کورد پێداگری لەسەر کوردستانی بوونی ئەو ناوچانە بکاتەوە و هێزی پێشمەرگە بۆ هەمیشە لەو ناوچانە بمێنێتەوە و پاشەکشە نەکات. دامەزراندن و سەرکەوتنی دەوڵەتی کوردی بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمدا تێپەڕ دەبێت و ئەوە ئەو خاڵە هەرە گرینگەیە کە نابێ کورد قەد لەبیری بکات.

### سوونە و خولیاکانی شیعە؛

دەبێت مالکی و شیعە ئەوە باش بزانن کە قەد ناتوانن وەک ڕژێمی بەعس دەسەڵات بەسەر ناوچە سوونەنشینەکانی عێراقدا بگرن و دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوای هەموو ئێراق بن، دەبێ بڕیاری ئەوە بدەن کە لەگەڵ سوونە دەبن یانخود لەگەڵ کورد، ئەگەر لەگەڵ کورد دەبن دەبێ دان بە کوردستانیبوونی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمدا بنێن و قەد داوای پاشەکشە کردنی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە نەکەن. ئەگەریش لەگەڵ سوونە دەبن، با بۆ خۆیان لە دژی داعش شەڕ بکەن و ئەو هێزە تێک بشکێنن. سپای عێراق بۆ هێرشکردنە سەر کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان بەهێزن و حوکوومەتی ئێراق بۆ دژایەتی کردنی کورد هێزەکەی پڕ چەکە! بەڵام لە بەرامبەر هێزێکی وەک داعش هیچی پێناکرێت و پاشەکشە دەکات، ئەمە لە کایە دەچێت و کەس نییە ڕێ لە پێشڕەوییەکانی داعش بگرێت، وەک ئەوە وایە مالکی پێی خۆش بێت کە داعش بەو چەشنە پێشڕەوی دەکات و ناوچە سوونەنشینەکان داگیر دەکات، ئەمە بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە کێشەکانی نێوان شیعە و سوونە بە ئەژمار دێت، تاکوو شیعە و سوونە لەنێو یەک وڵاتدا پێکەوە بژین کێشەکانیان بەردەوام دەبێ و قەیران و ئاڵۆزی نێوانیان پەرە دەستێنێت. شیعە دەبێ لەو ڕاستییە تێبگات کە ناتوانێ ئەزموونی بەعس دووپات بکاتەوە، چونکە دۆخ و سەردەم و قۆناغی سیاسیی ناوچەکە جیاوازە و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕووی لە ئاڵوگۆڕی نوێیە و پێشهاتە نوێکان زوو ڕوو دەدەن و دێنە پێشەوە. ئەو سەردەم و قۆناغە تێپەڕ بووە کە تەنیا یەک نەتەوە دەسەڵات بەسەر هەموو وڵاتدا بگرێت و خۆی تەیار و بەهێز بکات و نەتەوەکانی دیکەی ڕەشۆکراوی نێو ئێراق ملکەچی ویستەکانی خۆی بکات.



سەرچاوە
Serchawe

هەنووکە شیعە و سوونە لەو وڵاتەدا بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێن کە هەر کامە ببێتە نەتەوەیەکی سەربەخۆ، ئایین هەمیشە لەنێو بەشێک لە نەتەوەکانی دیکەی جیهانیشدا لە سازکردنی نەتەوە ڕۆڵی مەزنی گێڕاوە و هەنووکە کاریگەری ئایین لە پێوەندی بە نەتەوەبوونی شیعە و سوونەش بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت.

### ڕۆڵی ئێران و تورکیە؛

کۆماری ئیسلامیی ئێران و تورکیەش بە تەنیا ناتوانن ڕێ لەو پێشهاتانەی نوێی ناوچەکە بگرن، دەبێ پتر خۆیان لەگەڵ ئەو ڕووداوە نوێیانە ڕێکبخەن کە لە ناوچەکە ڕوو دەدەن، هەنووکە تورکیە تا ئاستێک خۆی لەگەڵ دۆخی سیاسیی عێراق ڕێکخستووە و پشتگیری لە کورد دەکات، بەڵام تا چەند و تا کەی ئەو پشتگیری کردنە لە کورد بەردەوام دەبێ، ڕوون نییە. تورکیە یەکێ لەو وڵاتانە بوو کە هەر لە سەرەتاوە پێداگری لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەگەر دەوڵەتی کوردی لە باشووری ئەفریقاش درووست بێت، ئەوان هەوڵی ڕۆخاندنی دەدەن، بەڵام ئیستراتیژی تورکیە لەناکاو لە پاش بەدەسەڵات گەیشتنی پارتە ئیسلامییەکە گۆڕانکاری قووڵی بەخۆیەوە بینی، دیارە گێرەشێوێنییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەکیی تورکیە داناوە و ئەو پشتێنە شیعییە کە ڕژیمی ئێران دەیهەوێت سازی بکات بەرژەوەندییەکانی تورکیە دەخاتە مەترسییەوە، هەر بۆیە تورکیەش خۆنەویستانە سیاسەت و ئیستراتیژییەکانی بە پێی بەرژەوەندیی سیاسیی و ئابووریی سەرلەنوێ دادەڕێژێتەوە، نزیک بوونەوەی تورک لە کورد لەو ئاراستە دایە و لە پێناو لاوازکردنی ڕۆڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچەکە دایە.

### سپای ئێراق و دووژمنایەتی لەگەڵ کورد؛

لەهەر شوێنێکدا سپای عێراق ڕووبەڕووی پێشمەرگە بێتەوە دەست دەکات بەتەقە کردن و هێرش دەکاتە سەری، ئەمڕۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ئاستی ناوچەکە بەگشتی و لە عێراق بەتایبەتی بە سپایەکی بەهێز و سەقامگیر ئەژمار دەکرێت و لەهەر بەشێک لە خاکی ئەو وڵاتەدا بوونی هەبێت دانیشتووانەکەی هەست بە ئارامی دەکەن، کێشەکە لەوە دایە کە سپای ئێراق بەرهەڵستی پێشمەرگە دەکات، بەڵام بەرهەڵستی تیرۆرستان و داعش ناکات. ئەمە بەو واتایە دێت کە سپای ئێراق و دەسەڵاتی سیاسیی ئەو وڵاتە پێشمەرگە لە داعش بە مەترسیدارتر دەزانن. من ناڵێم کە داعش درووستکراوی ئێران یانخود مالکی و بەشار ئەسەدە، بەڵام دەڵێم چالاکییەکانی داعش لە سووریە لە قازانجی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕژیمی بەشار ئەسەد کۆتایی پێهات، هەنووکە دەسەڵاتی سیاسیی ئێراق کە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەشار ئەسەد نزیکە لە دژی داعش شەڕ ناکات و پێچەوانە پاشەکشەی گوماناوی بە سپا کردووە. داعش پێناسەی نوێی کۆمەڵێک ڕێکخراوی تیرۆرستییە کە یەکیان گرتووە و بە پێی زانیارییەکانی بەردەست بەدوای پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئیسلامین بەنێوی دەوڵەتی

ئیسلامیی ئێراق و شام. بەڵام ئەوە تەنیا گریمانەن و ئەو شتەیە کە خودی داعش باسی دەکات، هەوڵە تیرۆرستییەکانی داعش و کار و چالاکییەکانیان جێی گومانن، چونکە داعش بووە هۆی ئەوەکە رژێمی بەشار ئەسەد نەڕۆخێت و ڕۆژئاوا لە ڕۆخاندنی رژێمی بەعسی سووریە پاشگەز بێتەوە. هەروەها لە پاش هەڵبژاردنەوەی بەشار ئەسەد وەک سەرۆککۆماری سوریە چالاکییەکانی داعش لەو وڵاتە بەرەو کزی چوو و ئەو وڵاتەیان بەرەو ئێراق بەجێ هێشت، ئەم ڕووداوانە جێی گومان و سرنج و لێ ورد بوونەوەن.

## ئێران و پشتێنەی شیعە؛

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی بندەستی ئێران کە دواتر سیستەمی وەلایەتی فەقی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت و هاتەسەر کار، رژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە لە ڕێگای قوم و کەربەلا و نەجەفەوە قودس رزگار دەکات، بەڵام شەڕی نێوان ئێران و ئێراق کۆتایی بەو بیرۆکەیەی ڕژێمی ئێران و وەلایەتی فەقی هێنا، چونکە لەو شەڕەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕووبەڕووی شکست بووەوە و دەرکەوت کە تەنیا بەهێزی سەربازی و سپای بەهێز ناکرێ ئەو پشتێنە شیعییە کە ئەو کات باسی دەکرا ساز بکرێ و پێویستە کە چەک و تێکنۆلۆژی پێشکەوتوو لەبەر دەستدا بێت. هەروەها رژێمی بەعسی سوریەش ئەو کات لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا نەبوو. بەڵام ئێستا کە ڕژێمی بەعسی ئێراق ڕۆخاوە و شیعەکانی ئێراق کە لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە داڵدە دەدران، هەنووکە دەسەڵاتداری ئێراقن و دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتووە و حوکوومەتێکی شیعە لەو وڵاتە دامەزراوە، لەم لاشەوە ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سوریە لە قەیرانی مەزن دایە و ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران نەبوایە ئەوا دەمێک دەبوو کە ڕژێمی بەعس لە سوریە ڕۆخا بوو. هەر بۆیە هەم دەسەڵاتدارانی ئێراق و هەم ڕژێمی سوریە لەژێر کاریگەری کۆماری ئیسلامیی ئێران دان. هەنووکە کۆماری ئیسلامییش ئەم دۆخە بەباشترین دەرفەت بۆ سازکردنی پشتێنەی شیعە پێناسە دەکات. لەو لاشەوە ئەمریکا و تورکیە و سوونەکانی ناوچەکەش لەدژی ئەم پلانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران کەوتوونەتەخۆ، بەڵام تا هەنووکە ئاڵوگۆڕەکان لە بەرژەوەندی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هاوپەیمانەکانی ڕوو دەدات، لەو نێوەندەدا کوردیش قازانجی کردووە، چونکە ئاڵۆزبوونی ناوچەکە لەبەرژەوەندی کورد شکاوەتەوە. ئەگەر کورد ئەم دەرفەتە بەباشی بقۆزێتەوە، دەتوانێت دەوڵەتی کوردی بەبێ کێشە ڕابگەیەنێت و دژایەتیش نەکرێت، چونکە ئێراق توانای دابین کردنی ئاسایش و پاراستنی گەلەکەی نییە و کوردیش نایهەوێت بەشێک لە وڵاتێکی پڕ کێشە و پڕ ئاژاوە بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٤ی جوونی ٢٠١٤

## ڕەهەندە سەرەکییەکانی جەنگی داعش لە عێراق



**ڕەزا مەنوچەهری**

داگیرکردنی مووسڵ لە لایەن چەکدارەکانی داعش، سێ ڕەهەندی سەرەکی و چەند بازنەی بچووک لە خۆی دەگرێت. یەکەم ڕهەند زیان گەیاندنە بە کورد لە باشوور و رۆژئاوای کوردستان.

داعش دەیەوێت گۆڕەپانی جیهاد و پیادەکردنی حکومی شەرع لە ئەلقاعیدە وەربگرێت. بۆ ئەوەش پەنا بۆ چەندین کایەی جۆراوجۆری ناوچەیی، جیهانی و ناوخۆیی دەبات. یەکەم ئەزموونی داعش، کاری هاوبەشی دامەزرێنەران و هێزەکانی ئەو گروپە چەکدارە لەگەڵ پاشماوەکانی بەعس لە عێراق بوو. ئەو ئەزموونە دامەزرێنەرانی گروپەکەی بە ڕادەیەک گەیاند کە لە جەنگی سووریادا خۆیان لە قاعیدە جیاکردەوە و تەنانەت لە هەندێک شوێندا جەنگیان لە دژی یەکتر بەرپاکرد.

لەدوای ئەوەی شۆڕشی ئازادی خەڵکی سووریا بوو بە جەنگی زلهێزەکان و بە بەشێوەیەکی دژە مرۆییانە دەسەڵاتەکەی ئەسەد و گروپە چەکدارەکان چەندین تاوانی دژە مرۆیی و کوشتاری بەکۆمەڵەیان ئەنجامدا، ئیتر هیچ یەک لە لایەنەکانی ئەو جەنگە ماڵوێرانکەرە ناتوانێت بە ئاشکرا خۆی بکاتە خاوەنی بەشێک لە جەنگەکە، بۆیە هەر یەکەیان هەوڵ دەدەن شێوە و ڕیگای دیکە بۆ یەکلایکردنەوەی ململانێکانیان بەکار بهێنن.

**بنبەستی سووریا**

ئیدی تورکیا ناتوانێت بە ئاشکرا چەک و کەرەستەی سەربازی بۆ داعش رەوانەی سووریا بکات، هەروەها ئەمریکا و ناتۆش بە بیانوی ئەوەی چەکەکان دەکەوێتە دەست گروپە توندڕەوە ئیسلامییەکان، هاوکارییە لوجستی و سەربازییەکانیان بۆ



سەرچاوە
Serchawe

هەموو گروپە چەکدارەکان بە شێوەیەکی بەرچاو کەمکردوەتەوە. قەتەر و سعوودیەش ئەو توانایە سەربازییەیان نییە لە ڕێگەی کردنەوەی دالانێکەوە چەک و هاوکاریی لوجستیکی بە داعش و گروپەکانی دیکە بگەیەنن. ئەو دۆخە وایکردوە سوپاکەی ئەسەد و هاوپەیمانەکانی، واتە ئێران و حیزبولا، هەڵبەت بە پشتیوانی رووسیا بەسەر بەشێک لە گروپە چەکدارەکاندا سەر بکەون و لە هەندێک بەرەی جەنگدا شکستیان بدەن. ئەو لاوازییە بۆ هیچ یەک لەو هێزانە، کە خۆیان بە خاوەنی هەژموون دەزانن قبوڵ ناکرێت. پێویستە لە ڕێگای دیکەوە بە خێرایی چەک و پێداویستی سەربازی و لوجستی بگاتە دەستی داعش و هەمووو گرووپە هاوپەیمانەکانی تورکیا، سعوودیە، قەتەر، ئەمریکا، ناتۆ لە سووریا.

کارتی سوننەکانی عێراق و جەنگ لە دژی مالکی تروسکایی هەڵگەڕاندنەوەی دۆخەکەیە لە دژی ئەسەد و هاوپەیمانەکانی. لەخۆڕا نییە ئوسەیل نوجەیفی بە نووسراوەیەکی رەسمی داوا دەکات بەرەنگاری هێزەکانی داعش نەکرێت. ئەوەش تەنها بە نوجێفی ناکرێت ئەگەر پاڵپشتێکی بەهێزی دەرەکی و ناوچەیی لەپشت نەبێت. پێشتر تارق هاشمی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق لە لایەن تورکیاوە داڵدە درا و عێراق هەرچیەکی کرد نەیتوانی تورکیا قایل بکات بە ڕادەستکردنەوەی. داواکارییەکانی قەتەر و سعوودی و پشتیوانیی تورکیا و رەزامەندیی نوجێفی (عەرەبی سونەی عێراق) هەمووو زەمینەکانی داگیرکردنی مووسڵی خۆشکرد.

## دەستکەوتنی چەک و پێداویستی لوجستی

لەدوای ئابڕووچوونی سوپا تائیفی و مەزهەبگەراکەی مالکی و هەڵهاتنیان لە هەموو بەرەکانی جەنگ لە مووسڵ و سەلاحەدین و دیالە، داعش سەرکەوتنی خۆی راگەیاند و بەعسی عێراق پیرۆزبایی کرد. پێش پیرۆزباییەکان بەخێرایی بەشێکی بەرچاو لە چەکی یەکێک لەگەورەترین جبەخانەکانی عێراق گواسترایەوە بۆ سووریا و پارێزگای حەسەکە و نزیک قامیشلۆی رۆژئاوای کوردستان، کە سەدان ئۆتۆمبێلی سەربازیی گولەنەبڕ (درع) و چەکی پێشکەوتوو و مووشەکی هۆشمەند لەخۆی دەگرێت. بە لانی کەمەوە ئەو کەرەستە سەربازییانە، کە چەندین جبەخانەی دیکەی لە تکریت و بەلەد و سامەڕا هاتوەتە سەر پێداویستیی جەنگێکی درێژخایەنی چەند ساڵە بۆ داعش و هاوپەیمانەکانی دابین دەکات، بە بێ ئەوەی تورکیا و قەتەر و سعوودیە و (ئەمریکا و ناتۆش) هیچ گازندەیەکیان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بێتە سەر. دەستکەوتەکان بۆ جەنگێکی درێژخایەن بەوەوە نەوەستاوە زیاتر لەنیو ملیار دۆلار پارەی کاش و یەک ملیار دۆلار کەرەستەی سەربازی خوێن و وزە بە بەری داعش و هاوپەیمانەکانیدا دەکاتەوە.

## بەشی یەکەم

### کۆکردنەوەی هێزی مرۆیی

کۆکردنەوەی هێزی مرۆیی بۆ داعش و جیهاد خاڵێکی دیکەی داگیرکردنی ناوچە سونەنشینەکانی عێراقە. پێشتر داعش و گروپە جیهادییەکان و بەعسیەکان هەڵیانکوتایە سەر چەند گرتوخانەیەک (ئەبوو غرێبی بەغداد) سەدان زیندانیان تێدا ئازادکردن، کە زۆربەی هەرە زۆریان چوونە ریزی گروپە جیهادییەکان و داعش بە تایبەتی. لە گرتوخانەی مووسڵ زیاتر لە شەش هەزار زیندانی بەردراون، کە زۆربەی هەرە زۆریان چەکیان هەڵگرتوە و ئامادەی هەموو جۆرە جەنگێکن. جگە لەوەش لە ئێستادا نزیکەی چوار ملیۆن کەس لە ژێر حکومی داعشدایە و دەتوانن بە خێرایی ژمارەیەکی زۆر چەکداری دیکە بۆ خۆیان کۆبکەنەوە. ئەوەش پێداویستی مرۆیی و سەربازی و لوجستیی هەر دوو بەرەکەی جەنگ لە سووریا و عێراق پڕ دەکاتەوە. واتە مرۆڤ، چەک، پارە لە خزمەتی ئایدۆلۆژیایەکی جیهادییە، کە دەیەوێت دەوڵەتی ئیسلامیی لە عێراق و شام دابمەزرێنێت.

### کورد و ئەم گەردەلوولە

لە ماوەی سێ ساڵی رابردودا کورد لە رۆژئاوای کوردستان سیاسەتێکی ژیرانەی گرتەبەر و خۆی نەخستە بەرەی جەنگی هیچ یەک لە ئەجێنداکانەوە. لەبەرامبەردا جەختیان لە مافەکانی کورد دەکردەوە. خۆیان بەهێز دەکرد و کاریان بۆ بەڕێوەبردنی ئەو بەشەی کوردستان لە چوارچێوەی کانتۆنەکاندا کرد. هێزە سەربازییەکانیان بەهێزتر و تۆکمەتر کرد، کە لە ئەنجامدا توانیان داعش لە هەموو بەرەکانی جەنگ لە رۆژئاو شکست بدەن و کوردستان لە داعش پاک بکەنەوە. شکستەکانی داعش لە رۆژئاوای کوردستان راستەوخۆ شکستی سیاسەتەکانی تورکیایە لە رۆژئاوای کوردستان. لەبەر ئەوەش داعش ئەیەوێت بە هاوپەیمانی و نەخشەرێگای تورکیا گورزی خۆی لە رۆژئاوای کوردستان بوەشێنێت. میدیاکانی خودی تورکیا چەند زانیاریی گرنگیان لە بارەی پەیوەندییەکانی کونسوڵخانەی تورکیا لە مووسڵ لەگەڵ داعش و هەماهەنگییان بۆ داگیرکردنی مووسڵ، ئاشکراکرد. دەستگیرکردنی ئەندامانی کونسوڵخانەی تورکیا بەشێوەیەک لە شێوەکان بۆ پاراستنیان بووە لە ئەگەری هەر جۆرە مەترسییەک لەو بێسەرەوبەرەیەی مووسڵدا.

جێگیرکردنی کەرەستە سەربازییەکانی مووسڵ لە نزیک رۆژئاوای کوردستان ئاماژەی خۆئامادەکردنی داعشە بۆ وەشاندنی گورز لە کورد و دەستکەوتەکانی رۆژئاوای کوردستان و بەرپاکردنی جەنگێکی درێژخایەن لەگەڵ کورددا. لە لایەکی دیکەوە رۆژئاوای کوردستان بەشێکە نەخشە بڵاوکراوەکانی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق و شام. لە مانایەکی دیکەدا ئەبێت رۆژئاوای کوردستان داگیر بکەن بۆ ئەوەی دەوڵەتەکەیان دابمەزرێنن. ئەوەش وادەکات کورد رووبەڕووی چەندین جەنگی خوێناوی

بێتەوە.

کێشەکە تەنها بە ڕۆژئاوای کوردستانەوە سنوودار نییە و مەترسییەکە لەبەردەرگای باشووری کوردستان و دەستکەوتەکانی ئەم بەشەی کوردستانیشدایە. هەر چۆن ڕۆژئاوای کوردستان لە نەخشەی دەوڵەتەکەی داعشدایە، بەهەمان شێوە هەموو باشووری کوردستان لە نەخشەی دەوڵەتەکەی داعشدایە. گومان لەوەدا نییە داعش لەدوای خۆڕێکخستنەوە لە عێراق و بەدەستهێنانی هەندێک سەقامگیری جەنگ و جیهاد لە دژی باشووری کوردستان و خەڵکی هەرێم رادەگەیەنن، ئەوەش کورد لە باشوور و ڕۆژئاوا دەخاتە ناو گەردەولولێکەوە، کە جگە لە ماڵوێرانی هیچ ئاکامێکی بۆ کورد نابێت. بۆیە گرنگە لەم قۆناغەدا چۆن ئێستا هەموو لایەنە سیاسیەکانی باشوور وخەڵک هاودەنگن و ڕۆژئاوا و هێزەکانی، باکوور و هێزەکانی و بەشێک لە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشتیوانی لە باشوور و دەستکەوتەکانی لەبەرامبەر هەر دەستدرێژییەکدا دەکەن، ئەو هەماهەنگی و یەکگرتوویی بەهێزتر بکرێت بۆ ئەم قۆناغە دیاریکراوە، چونکە گومان لەوەدا نییە، کورد هیچ دۆستێکی نییە جگە لە خۆی و شاخەکانی. لەئێستادا جێگیربوونی پێشمەرگە لە هەموو هێڵەکانی نێوان کورد و عەرەب و کۆنترۆڵکردنی زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بۆ کورد زۆر باشە، بەڵام مانەوەی پێشمەرگە لەو ناوچانە و پێداگری لەسەر گەڕاندنەوەی یەکجارەکی بۆ سەر هەرێم لە چوراچێوەی سیاسەتێکی گونجاودا، کە دوژمنی دیکە بۆ خۆمان دروست نەکەین کورد بە یەکێک لە خەونە لە مێژینەکانی دەگەیەنێت.

ڕەهەهەندی دووەمی داگیرکردنی مووسڵ لە لایەن چەکدارەکانی داعشەوە بۆ دامەزراندنی هەرێمی سوننە لە عێراق و فرۆشتنی نەوتی مووسڵە. ئەگەر ئەو ئامانجە بێتەدی سوننەکان لەو ڕێگەیەوە دەسەڵاتی لە دەستڕۆیشتویان دەگەڕێننەوە و سامانێکی گەورەش بە دەست دەهێنن و هێزێکی سیاسی و سەربازیش بۆ خۆیان دادەمەزرێنن. هەروەها دەسەڵاتی ناوەند و شیعەش کەم دەکەنەوە. لەو کاتەشدا بڕیارە سەرەکییەکانی عێراق بە بێ سوننە ئەستەم دەبێت.

### سوننە لێسەندنەوەی دەسەڵاتەکەیان قبوڵ نەکرد

لەدوای ڕوخانی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣ سوننەکانی عێراق باڵادەستیی شیعەکانیان لە بەغدا پێ قبوڵ نەکرا، چونکە سوننەکان سەرباری کەمینە بوونیان بۆ ماوەی زیاتر لە هەشتا ساڵ دەسەڵاتیان لە عێراقدا بە دەستەوە بوو. هەمو خێر و بێری عێراقی شیعە و سوننە و کوردستانیان بۆ خۆیان دەبرد. لەو دوای ڕوخانی سەدام بەعسییەکان و سوننە و عەشایری سوننە و قاعیدە بەشێوەیەکی هاوتەریب بەرەنگاریی توندی حکومەت یەک لەدوای یەکەکانی شیعەیان کرد لە بەغدا. تەقینەوەی بەردەوام و جەنگ ئارامی لە ناوەڕاست و باشووری عێراق بڕیبوو. لەدوای کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق گرووپە

## بەشی یەکەم

چەکدارە سوننەکان، گرەویان لەسەر بەهێزکردنی پێگەی خۆیان کردوە. لەبەرامبەردا دەسەڵاتی شیعە لە بەغدا درێغی لە راوەدوونان و بۆردومان و کوشتنی پاشماوەکانی بەعس و گرووپە هاوپەیمانەکانی نەکردوە. بەسەرهاتەکانی تارق هاشمی جێگری سەرۆککۆماری عێراق نیشانەی توندبوونەوەی ململانێ تایفی و ئایینییەکانی شیعە و سوننە بوون. گرتنی یەک لە دوای یەکی ناوچە سوننەکانی عێراق ئەوەمان پێدەڵێت سوننەکان دەسەڵاتی داعشیان لە مالکی پێ باشترە. ئەو هەموو سەرکەوتنە سەربازییە بە بێ پشتیوانی خەڵک و جەماوەر ئەستەمە. سیاسەتی نکۆڵیکارانەی مالکی سوننەکانی عێراق (داعش، عەشایری عەرەب و بەعسیەکان) یەکخستوە.

### خۆ نزیککردنەوە لە کورد

لە دوای روخانی سەدام سوننەکانی عێراق چەندین جار لەگەڵ کوردیش بارگرژییان دروست کرد، بەڵام لەوە تێگەیشتن کردنەوەی دەرگای جەنگ بەڕووی کورددا بەتەواوەتی دایانـدەبڕێت لە گەیشتنیان بە جیهانی دەرەوە. هەر چەند درەنگ ئاوڕیان لە گرنگی پێگەی کورد و هەرێمەکەیان دایەوە، بەڵام دواجار بۆ مسۆگەرکردنی پشتیوانیی تورکیا پێویستیان بە ئارامی لەگەڵ کورد هەبوو. کورد و خاکی کوردستان پردی پەیوەندیی سوننەیە لەگەڵ تورکیا و جیهانی دەرەوەی بە تایبەتی ئەوروپا و گەیشتنیان بە رۆژئاوا.

هاوکات لەگەڵ سەرکەوتویی مۆدێلی هەرێمی کوردستان لە خۆبەڕێوەبردن و بەرگریکردن لە کیانەکەی، عەرەبی سوونە زیاتر خۆیان لە بەغدا دوور دەخستەوە. بیرکردنەوە لە دروستکردنی هەرێمێک بۆ خۆیان رۆژ لە دوای رۆژ بەهێزتر دەبوو، چونکە بە دورکەوتنەوە لە بەغدا سامان و دەسەڵات و کیان بۆ خۆیان دەستەبەر دەکەن. ئەوەش پشتیوانی تورکیا و سعودیە و قەتەری بە دوای خۆیدا هێنا. چەند ساڵ پێش ئەوەی داعش مووسڵ داگیر بکات کورد و پارێزگاری مووسڵ ئوسێل نوجێفی لەسەر وەبەرهێنانی نەوت لە دەوربەری مووسڵ رێکەوتن. ئەوەش عەرەبی سوننەی زیاتر بەو ئەنجامە گەیاند خۆیان لە بەغدا دوربخەنەوە و لە رێگەی هاوپەیمانەکانیانەوە کار بۆ هەناردەکردنی نەوتی ناوچەکانی عەرەبی سوننە بکەن.

هاتنەدیی ئەو خەونە بۆ عەرەبی سوننە پێویستی بە خستنەوەی رووداوێکی گەورە دەبوو، کە هەموو ناوچەکە و جیهان بهەژێنێت. لە گەڕان بە دوای ئەو پێویستییەدا داعش بە بەردەوامی لەگەڵ ئەزموونەکانی لە عێراق و سووریا و هاوپەیمانی لەگەڵ گروپە چەکدارە جۆراجۆرەکانی سوننە، داعشی کرد بەو کارتە، کە ناوچەکانی ناوەڕاست و مووسڵ و ئەنبار و تکریت لە ماوەیەکی کورتدا بگرن و لە ژێر دەستی حکومەتەکەی مالکیی دەربهێنن. پێشڕەوییەکانی داعش بەرەو بەغدا و پێکدادانی بەردەوام دۆخەکەی بەرەو ئاڵۆزی بردوە، بەڵام لەگەڵ رێکەوتن بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەیەک سوننەکان

پێداگری لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان دەکەن.

### تورکیا دەبێتە خاوەنی دوو هەرێمی دۆست و هاوپەیمان لە عێراق

تورکیا لە گۆڕانکارییەکانی ئەمدواییەی عێراقدا بەرژەوەندی و سوودی یەکجار زۆری بۆ دەستەبەر دەبێت، چونکە لەدوای ڕووخانی سەدامەوە قەڵایەکی سوننەکان بووە و لە ئێستاشدا وەک دۆست و پشتیوانی سوننەکان دەناسرێت. حکوومەتی تورکیاش نەیخواستووە، یان ڕێگای پێنەداوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی بەغدا بگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی سەدام. تورکیا ئەزموونی ساڵی ٢٠٠٣ بۆ دژایەتیکردنی لێدانی سەدام و ڕێگا نەدان بە کردنەوەی قۆڵی باکوور بۆ هێرشکردنە سەر سەدام دووبارە ناکاتەوە، چونکە ئەوە بووە هۆی بێبەشکردنی تورکیا لە زۆربەی هەرە زۆری کایە سیاسیەکانی عێراق.

لەدوای ڕوخانی سەدامەوە، تورکیا لەوە تێگەیشتووە بوونی دەسەڵاتێکی دۆست لە نزیک سنوورەکانی زۆر باشترە لە دژایەتیکردنی هەموو پێکهاتەکانی عێراق. لە ئێستادا هەرێمی کوردستان دۆستێکی نزیکی تورکیایە و بەرژەوەندیەکانی ئەنقەرە لە لایەن هەرێمەوە نەخراوتە مەترسییەوە، بە پێچەوانەوە تورکیا بەرژەوەندیی زۆری لە هەرێمی کوردستاندا دەست کەوتووە و سوودمەندێکی سەرەکیی نەوت و بازاڕی کوردستانە.

ئەگەر هاتوو جگە لە هەرێمی کوردستان لە عێراق هەرێمێکی دیکەی دۆست و هاوپەیمانی تورکیا دروست بێت ئەوە بێگومان تورکیا بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووری یەکجار زۆر مسۆگەر دەکات. لە ڕووی ململانێی ناوچەییەوە تورکیا، بۆ ململانێ لەگەڵ ئێران و ئیسرائیل و سعوودیە و خۆکردن بە مۆدێل بۆ کۆمەڵێک گۆڕانکاریی دیکە لە ناوچەکەدا، دەستکراوەتر دەبێت. لە ڕووی ئابووریشەوە تورکیا بە ئاسانی سەرچاوەکانی وزەی دەستدەکەوێت و بەهۆی پرۆسەی فرۆشتن و دەرهێنانی نەوتەوە قازانجێکی بێسنووری دەست دەکەوێت.

ئەوەش ناڕاستەوخۆ زیندوکردنەوەی خەونی بەدەستهێنانی ویلایەتی مووسڵە، کە تورکەکان هەموکات بە شێوەیەکی نۆستالۆژیانە باسی دەکەن. تورکیا ویلایەتی مووسڵ دەستدەکەوێتەوە بە بێ ئەوەی ببێتە بەشێک لە خاکی تورکیا. ویلایەتی مووسڵ (دامەزراندنی هەرێمێک بۆ سوننەکانی عێراق) خاک و نەوت و جوگرافیا و هاوپەیمانێی سیاسی بۆ تورکیا دروست دەکات.

ئەوەش قەرەبووی شکستەکانی تورکیا لە سووریا دەکاتەوە. ئەوەی تورکیا تا ئێستا لە سووریا بەدەستی نەهێناوە ئەتوانێت

لە عێراقدا بەدەستی بهێنێت. ئەگەر هیچ یەک لەو گریمانانە روو نەدات ئەوە تورکیا زیانێکی ئەوتۆی پێنگەیشتوە وەک ئێستا لە شوێن و دۆخی خۆیدا دەمێنێتەوە. بەڵام گومان لەوەدا نییە هاوکارییە بەردەوامەکانی تورکیا بۆ عەرەبی سوننە و داعش تەنها بۆ ئەوە نییە تورکیا بە مایەوە لە دۆخەکە دەربچێت.

## سعودیە عێراقێکی بچوک و لاوازی دەوێت

سعودیە لە ململانێیەکی چڕدایە بۆ ئەوەی وەک تاکە مەرجعی ئایینی و سیاسی و ئابووری موسوڵمانەکانی جیهان بمێنێتەوە. لە ماوەی ٣٥ ساڵی رابردوودا دروستبونی حکومی شیعە لە تاران بەردەوام جێگای نیگەرانی سعودیە بووە. ریاز و تاران لە دۆخی گرژی و بەستەڵەکی پەیوەندییەکانیاندا لە ململانێی قورس و شاراوەدا بوون. لە ئێستادا کۆنترۆڵی عێراق لە لایەن شیعەکانەوە بۆ سعودیە بە هیچ شێوەیەک قبوڵ ناکرێت. یەک حکومەتی شیعە ببێت بە دوان و دەسەڵاتی سوننەکان بچوک بکرێتەوە و تەنانەت سەرکوت بکرێن و بکوژرێن. ئەوە دۆخەکە بەرەو جەنگی شاراوەی تاران و ریاز دەبات. قوتبوونەوەی قوم و نەجەف و کەرەبەلا لە بەرامبەر مەککە و مەدینە بۆ سعودیەکان و سوننەکان و توندڕەوە جۆراجۆرە ئایینییەکان وەک برینێکی سارێژ نەبووە.

سەرکوت و بێبەشکردنی سوننەکانی عێراق و نەمانی هێزی ئەمریکا لە عێراق و هاتنە مەیدانی داعش و قاعیدە و بەعسیەکان ئەو دەرفەتە زێرینەوەی بۆ سعودییەکان رەخساندوە، کە قەیرانێکی جدی بۆ دەسەڵاتی بەغدا و تاران دروست بکات.

وێڕای دروستکردنی قەیران سعودیە لەگەڵ عێراقێکی لاوازدایە. کار بۆ ئەوە دەکەن سامانە زۆر زەوەندەکەی عێراق لەدەستی بەغدا دەربکێشن و سامانی ئەو وڵاتە دابەش بکرێت بەسەر چەند هەرێم و پارێزگایەدا. هەروەها بە بەردەوامی کار بۆ لاوازکردنی هێزە ئەمنی و سەربازی و هەواڵگرییەکانی عێراق دەکەن تاوەکو هەرگیز عێراقێکی بەهێز لە ناوچەکەدا دروست نەبێت و نەبێتە مەترسی بۆ سەر ریاز.

جەنگی بەرژەوەندییەکان و کارکردن بۆ باڵادەستی لە ناوچەکەدا لە ژێر چەتری ئاییندا دەکرێت، بەڵام لە راستیدا زەفکردنەوەی جەنگی شیعە و سوننە تەنها بۆ رەوایدانە بە داگیرکاری و کوشتوبڕ و یەکتر لەناوبردن. شیعە و سوننە خاڵە ناکۆکەکانیان زۆر کەمترە لەخاڵە تەبا و بنەڕەتییەکانی ئایینی ئیسلام، بەڵام ئیدی جەنگی دەسەڵات پێویستی بە تێرژاندنی خوێنێکی دەمارگرژانەیە تاوەکو خەڵک قەناعەتی ئەوەی تێدا دروست بێت خۆی بکاتە سوتەمەنی جەنگەکە و

خۆیان لە پێناو کۆمەڵک بەها، کە بێگومان دەسەڵاتەکان دواتر لەسەری رێکدەکەون، بکەنە قوربانی.

## کورد نەبێت چاڵدران تێپەڕێنێت

لەجەنگ و ململانێکاندا هەموو لایەنەکانی جەنگ پێویستان بە کورد و خاکی کوردستان و هێزی مرۆیی خەڵکی کوردستان و سەرچاوەکانی وزەی کوردستان هەیە. ترافیکێکی دیپلۆماسی چڕ و سیاسەتی قامچی و شەکر بەرامبەر بە کورد لە ناوچەکەدا هەیە. کورد ئەبێت راشکاوانە بە هەموو لایەکی رابگەیەنێت نابێتە بەشێک لە جەنگی لایەنەکان. کورد ئەبێت بە ئیرادەیەکی سیاسی باڵاوە داکۆکی لە ماف و کیانی خۆی بکات. هێڵی سێیەمی خۆی بپارێزێت.

ئەوەش روونە هەر هەرێمێکی سوننە لە عێراق دابمەزرێت پێویستان بە خاکی کوردستان دەبێت بۆ ترانزێت و بازرگانی و گواستنەوەی نەوت. کورد ئەتوانێت بە شێوەیەی لۆژیکی ئەو دۆخە گریمانەکراوە لە بەرژەوەندیی خۆی بشکێنێتەوە.

کورد بەهۆی ئەم دۆخەوە کێشەی خاکی لە باشووری کوردستان چارەسەر کردوە، بەڵام دیار نییە کۆنترۆڵکردنی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم لەسەر مێزی گفتوگۆکان چییان بەسەر دێت. عەرەبی سوننە لە ئێستادا ناتوانێت چاوی تەماح لە خاکی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم ببڕێت. شیعەش ناتوانێت کۆنترۆڵیان بکاتەوە، بەڵام لە دوای ساڵێکی دیکە، یان دوای کۆمەڵێک گۆڕانکاری، کە بەڕێوەن عەرەبی سوننە و شیعە چۆن مامەڵە لەگەڵ بوونی پێشمەرگە دەکەن. گومان لەوەدا نییە لەدوای هێوربوونەوەی دۆخەکە گۆڕانکاری بەسەر هەڵوێستی ئێستای عەرەبی سوننە و شیعە بەرامبەر بە خاکی کوردستان و مافەکانی گەلی کورددا دێت.

سەروبەندی ئەم گۆڕانکارییانە هاوکاتە لەگەڵ یادی پێنجسەد ساڵەی دابەشبوونی کوردستان بەسەر هەر دوو ئیمپراتۆریای سەفەوی و عووسمانیدا. ٥٠٠ ساڵ لەوە پێش کورد لە جەنگی چاڵدراندا (١٥١٤) و لە بەرداشی جەنگی دەسەڵاتی عووسمانی و سەوفیدا، کە ئەویش بەرگی ئایینی بەسەردا سەپێنرابوو خاکەکەی کەوتە ژێر دەستی ئەو دوو ئیمپراتۆرییە و تا ئێستا بە ئازارەکانییەوە دەناڵێن. بۆیە گرنگە هەمو ئەزموونە مێژوویە شکستەکانمان بەرامبەر بە داگیرکەرانی کوردستان بەیاد بهێنینەوە و چوارچێوەیەکی ستراتیژی بۆ داکۆکی لە خاک و مافەکانمان بکەین. بۆ ئەوەی بە شێوەیەک لە شێوەکان کۆتایی بە تاڵییەکانی ٥٠٠ ساڵی رابردو بهێنین.

تێکڕای گۆڕانکارییەکان ئەوەمان بەسەردا دەسەپێنێت کە بەشێوەیەکی دیموکراسیانە ماڵی خۆمان یەکبەخەین و لە

چوارچێوەی کۆنگرەیەکی نەتەوەییەدا هێڵە ستراتیژییەکانی گەلی کورد لە لایەن هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەهەمو بەشەکانی کوردستانەوە پەسەند بکرێت، چونکە تەنها پشت بەستن بە خۆمان و هێزی خۆمان ئەتوانێت چارەنووسە مێژووییە تاڵەکەمان بگۆڕێت. هیچ هێزێکی ناوچەیی و زلهێزێک دابینکاری مافەکانی کورد نییە و ناشبێت. سیاسەتی دروست و لۆژیکیانە کورد دەکاتە خاوەنی هەمو خەونەکانی.

لەئێستادا کۆمەڵێک دەستکەوتی سیاسی و ئەمنی و ئابوری و نەتەوەیی و خاک لە باشووری کوردستان مسۆگەر بووە. پاراستنی دەستکەوتەکان بە دیموکراسیی ناوخۆیی پارێزگارییان لێدەکرێت. لەباکوری کوردستان دەستکەوتە سیاسی و مەدەنی و نەتەوەییەکان گەیشتونەتە ئان و ساتی یەکلاکەرەوە. لە رۆژئاوای کوردستان هاوشێوەی باشووری کوردستان کۆمەڵێک دەستکەوت بەدەستهاتوە، کە بووەتە جێگای سەرنجی هێزەکانی ناوچەکە، چونکە بەشێکی بچوکی کوردستان توانیویەتی خۆی لە زەلکاوی سووریا بپارێزت و کار بۆ بەهێزکردنی پێگەی کورد و مافەکانی بکات. رۆژهەڵاتی کوردستانیش لە جموجوڵێکی نەبینراوی پڕ لە وزەدایە و لە هەر ئان و ساتێکدا وەک گڕگان دەتەقێتەوە. هەمو ئەو گۆڕانکارییانە یەکخستنی ماڵی کورد و داڕشتنی ستراتیژیایەکی نەتەوەیی و نیشتیمانی دەوێت لێمان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ - ڕێکەوتی: ١٦ی جوونی ٢٠١٤

## داعش و رۆژهەلاتی کوردستان



خالید محەممەدزادە

سیاسەتکردن بە پێی ئەم رستەیە کە دەڵێت: "دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە" هەلەیە، بەڵام لەوە دەچێت ئێستاش ئەم رستەیە کاریگەری گەورەی مابێت لە خەیاڵدانی سیاسی ئێمە، بۆیە هەر لەم گۆشە نیگایەوەیە کە زۆر کەس داعش بە دەرفەتو نیعمەتێک بۆ کورد دەزانی، شاگەشکە بوون بەرامبەر بە داعش گەیشتۆتە جێگایەک کە بگوترێت:" سەرکەوتنی داعش لە بەرژەوەندی جووڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانە".

داعش نەک هەر بۆ کوردەکانی ئێران دەتوانێ هەڵگری ماڵویرانی گەورە بێت، بەڵکوو بۆ کوردەکانی عێراقیش دەرفەت نیە، بەڵکو هەرەشەو کارەساتەکە. ئەوەی کە بە هۆی داعشەوە، لەشکری رووخاوی مالیکی پاشەکشەی کردوە لە کوردستان، بەرهەمی ئازایەتیی داعش نیە، بەڵکوو هێزێکی چەند کەسی پێشمەرگەش دەیتوانی ئەم پاشەکشەیە بە سپای گەندەڵی عێراق لە ناوچە کوردییەکان بکات، گەرانەوی ئەو ناوچانەش پێش ئەوەی پرسێکی سەربازی بێت، پرسێکی سیاسییە کە پێویستی بە بریاری سیاسیو رێککەوتنی سیاسی هەیە، نەک پاشەکشەی سەربازیی سوپای عێراقو دەست بە سەرداگرتنی پێشمەرگە کە پێموایە لە دوایین پەیامی سەرۆکی هەرێم ئەم خاڵە بە جوانی روون کراوەتەوە.

بەڵام بە نیسبەت رۆژهەڵاتی کوردستان، داعش دوو کاردانەوەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە دووی خۆیدا هێناوە، بەشێکی زۆری حیزبو رێکخراوە سیاسییەکانو رای گشتی دژی داعشەو هاوسۆز لەگەڵ هەرێمی کوردستانن، بەڵام لایەیەکی دیکەی مەزهەبی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ داعشە. ئەم لایەیە جگە لەوەی لە باری ئایدئۆلۆژیەوە خۆی نزیک دەبینێتەوە لەگەڵ داعش، هاوکات پێیوایە داعش دژی شیعەو کۆماری ئیسلامییە، ئەمە هەمان ئەو بۆچوونەیە کە لەنێو هەندێک لە

حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتیش دەبینریت.

بەریزیک نووسیویەتی: "هێزە سەلەفییەکانی ڕۆژهەڵات (داعشی ڕۆژهەڵات) خەریکی کۆبوونەوەو خۆئامادەکردنی چڕوپڕن؛ لە شارەکانی کامیاران، جوانڕۆ، پاوە، سەلاسی باوەجانیو ...

کۆبوونەوەی پەیتا پەیتا دەگیرێتو شیمانە دەکرێت بەشێک لە هێزەکانیان بۆ شەڕی پیرۆز ڕوو لە عێراق بکەن". کەواتە ئەگەری زۆرە سەلەفییەکانی ڕۆژهەڵات ڕەوانەی سێ گۆشەی سوننە مەزهەب بکرێن بۆ شەر لەگەڵ شیعە وەک چۆن پێشتریش ڕەوانەی ئەفغانستانو فەلوجەش کران بۆ شەر دژ بە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی.

بێگۆمان بەشێکی زۆر لە سەلەفیو هێزە سوننەکانی ڕۆژهەلات خۆیان لە بەرەی داعش دەبینەوە. ئەوان هەڵگری هیچ داوایەکی نەتەوەیی نین، بەڵام ئەمە کارەساتە هێزە لیبراڵو نەتەوەییەکان خۆیان لە بەرەی داعش ببینەوە بەو بیانوویەی داعش دژی کۆماری ئیسلامییە. نابێت لە بیرمان بچێت ئێران یەک لەو وڵاتانەیە کە زۆرترین کارایی لەنێو نەیارانی خۆی هەیەو زۆر بە ئاسانی دەتوانی پوتانسیەلی نەیارانی دژ بە خۆیان بە کار بینی. بێگۆمان داعش ناتوانێ هەڕەشە بێت بۆ سەر ئێرانو هەر ئەوەی ئێران توانی ئەم هەڕەشەیە لە سوریا دوور بخاتەوەو ڕوو بەرووی نەیارانی مالکی بکاتەوە تا لەو ڕێگایەوە بالادەستی شیعە بەرزترو بەرزتر بکاتەوە هەڵگری ڕامانی گەورەیە. ناکرێت هەر کەس تەقەی لە دوژمنەکەمان کرد چەپڵەی بۆ لێ بدەین تا نەزانین ئەم تەقە کەرە لەنێو ئاخندا چەندە لە ئێمە نزیکەو تا چەند هەڵگری خاڵی هاوبەشە لەگەڵ ئێمە کە من پێموایە داعشو هێزە تاریکەکان هیچ خاڵێکی هاوبەشیان لەگەڵ نەتەوەیەک کە سەدەیەک بۆ ئازادیو خوشگوزەرانیو دیموکراسی خەبات دەکاتو ئەوانیش دەیانەوێ ئەم خواستە ڕەش بکەنەوە، نیە.

بۆیە داعش نە دەرفەتەو نەک نیعمەت نیە، بەڵکوو داعش کارەساتە بۆ بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانو ئەم کارەساتەی داعشیشمان لە ڕۆژئاواو ئێستاش لە ناوچە دابڕاوەکانی هەرێم دەبینینو تەنیا ڕێگاش خۆپاراستنە لەم هێزە تاریکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ١٦ی جوونی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## داعش لە ١٠ پرسیاردا



**ئەلجەزیرە**
**و: مەسعوود مەناف**

"دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام" (داعش)، دوێنێ موسڵ، دووهەمین گەورەشاری عێراقی داگیر کرد. لە سووریاش، ڕەقای دەوڵەمەند بە نەوتی لە کۆنترۆڵ دایە. دەروازەی سنووری "قارقامیش" و ناوچەکانی دەوروپشتی لەسەر سنووری تورکیاشی لەدەست دایە. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە ئەو داعشە کێیە و چییە کە لە موسڵی عێراقەوە تا ڕەقای سووریای داگیر کردووە؟

### ١- داعش چی دەوێ؟

"دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام"(داعش - ISIS)، گرووپێکی چەکدارە کە لە سووریا و عێراق چالاکە. ئەو گرووپە سەلەفییە، دامەزراندنی ئیمارەتێکی ئیسلامی کردۆتە ئامانج کە ناوچەگەلێک لە عێراق، سووریا، فەلەستین و ئۆردۆن لەخۆ دەگرێ. سەرۆکی ڕێکخراوەکە کەسێک بەناوی "ئەبووبەکر بەغدادی"یە. داعش ئێستا لە لایەن یەکێتیی ئەورووپا، تورکیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە وەک گرووپێکی تیرۆریستی ناسراوە.

### ٢- کەی دامەزرا؟

داعش سەرەتا لە ساڵی ٢٠٠٤ی زایینی و لەژێر ناوی "تەوحید و جەهاد" لە لایەن "ئەبوو موسعەب زەرقاوی" لە عێراق دامەزرا. ئەو ڕێکخراوە، دواتر تێکەڵ بە ئەلقاعیدەی ئۆسامە بین لادەن بوو. پاشان ئەو ڕێکخراوە ناوەکەی بۆ "ئەلقاعیدەی مێزۆپۆتامیا" گۆڕی.

## بەشی یەکەم

### ٣- یەکەم ڕێبەرانی کێ بوون؟

لە ڤیدیۆیەکدا کە ساڵی ٢٠٠٦ بڵاوبۆوە، زەرقاوی وتی کە "شووڕایەکی پێکهاتوو لە موجاهیدەکانیان پێکهێناوە". زەرقاوی لە ٧ی ژووئەنی ٢٠٠٦، لە ئۆپێراسیۆنێکی چەکدارانی ئەمریکاییدا کوژرا و کەسێک بەناوی "ئەبوو حەمزە موهاجیر"، جێگەی ناوبراوی گرتەوە. لە کۆتاییەکانی هەمان ساڵدا، "ئەبوو عومەر ئەلبەغدادی"، کە لە ئەلقاعیدە نزیکتر بوو، ڕایگەیاند کە ڕێکخراوی "دەوڵەتی ئیسلامیی عێڕاق"ی دامەزراندووە.

### ٤- ڕێبەری ئێستایان کێیە؟

لە مانگی ئاپریلی ٢٠١٠دا، هێزەکانی ئەمریکا و عێراق، لە ناوچەی سیسار، ئۆپێراسیۆنێکی هاوبەشیان دژ بەو شوێنە ئەنجام دا کە ئەبوو عومەر ئەلبەغدادی و ئەبوو حەمزە موهاجیر لێی دەمانەوە. هەردووی ئەم کەسانە لەو ئۆپێراسیۆنەدا کوژران و بەم شێوە "ئەبووبەکر ئەلبەغدادی" بوو بە سەرۆکی ڕێکخراوەکە.

### ٥- ئەی پێوەندیی داعش و جەبهەتولنوسرە چۆنە؟

لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١١ی زایینیدا، جەبهەتولنوسرە، لە لایەن "موحەممەد جۆلانی"، وەک باڵێکی ئەلقاعیدە لە سووریا دامەزرا. لە ٩ی مانگی ئاپریلی ٢٠١٣دا، فایلێکی دەنگی بڵاوبۆوە کە تێیدا "ئەبووبەکر ئەلبەغدادی"، دان بەوە دەنێ کە دەوڵەتی ئیسلامیی عێڕاق و جەبهەتولنوسرە هاوپەیمانی یەکن. هەمان ساڵ ئەلبەغدادی ڕایگەیاند کە جەبهەتولنوسرە و دەوڵەتی ئیسلامیی عێڕاقی لەژێر ناوی "دەوڵەتی ئیسلامیی عێڕاق و شام"(داعش)، لەژێر چەترێک کۆکردۆتەوە.

### ٦- داعش و جەبهەتولنوسرە چۆن لێک جیابوونەوە؟

ماوەیەکی کورت پاش ئەوە، تۆمارێکی دەنگی ئەبوو محەممەد جۆلانی بڵاوکرایەوە کە ناوبراو تێیدا باسی لەوە دەکرد کە نزیکایەتی لە دەوڵەتی ئیسلامی بە فکرێکی باش دەزانی بەڵام ڕەتیکردەوە کە ئەو دوو گرووپە لەژێر ناوێک درێژە بە چالاکی بدەن. جۆلانی لەو تۆمارە دەنگییەدا، گرێدراوبوونی خۆی بە ئەیمەن ئەلزەواهیری، ڕێبەری ئەلقاعیدە دووپات کردەوە.



سەرچاوە
Serchawe

### ٧- گەلۆ داعش باڵێکی ئەلقاعیدەیە؟

لە مانگی فێبرواری ٢٠١٣دا، ئەلقاعیدە ڕایگەیاند کە داعش بەفەرمی ناناسێ و داواشی لێکرد کە سووریا چۆل بکات. ئەلقاعیدە ڕاشیگەیاند کە نوێنەری ئەوان لە سووریا، جەبهەتولنوسرەیە و دوابەدوای ئەمەش، شەڕ و پێکدادان لە نێوان ئەو دوو ڕێکخراوە، لە چەندین بەرە دەستیپێکرد. لە کۆتاییدا، داعش توانی دێرئەلزەور کۆنترۆڵ بکات کە پێشووتر لە ژێر کۆنترۆڵی جەبهەتولنوسرەدا بوو.

### ٨- لە عێراق و سووریا، کوێ کۆنترۆڵ دەکات؟

داعش لە سووریا شارەکانی منبج، ڕەقای دەوڵەمەند بە نەوت و دێرئەلزەور لە نزیک سنووری عێراقی لەدەست دایە. لە عێڕاقیش لە فەلووجە و ڕەمادی پارێزگای ئەنبار چالاکە و ئێستاش موسڵی لە ئەینەوا گرتۆتەوە.

### ٩- هێزی سەربازییەکەی چەندە؟

دەگوترێ کە داعش لە سووریا ٦ تا حەوت هەزار چەکداری هەیە. زۆربەی چەکدارانی بیانین. شیمانە دەکرێ کە چەکدارانی داعش لە عێڕاق لە ١٠ هەزار کەس زیاتر بن.

### ١٠- گەلۆ پێوەندییەک لە نێوان داعش و ڕەژیمی سووریا هەیە؟

ئۆپۆزیسیۆنی سووریا دەڵێن کە داعش، بۆ تێکدانی شۆڕشی سووریا لە لایەن ڕەژیمی سووریاوە پشتیوانی لێ دەکرێ. شام بە بۆمبی بەرمیلی هێرش دەکاتە سەر ئەو ناوچانەی کە لە کۆنترۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتە دان بەڵام کاری بە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعش نییە و هەروەها، داعش نەوتی بەرهەمهێنراوی خۆی لە ڕەقا بە ڕەژیمی سووریا دەفرۆشێتەوە.

---

ڕاپۆرتێکی هاوشێوە لەمبارەوە، لە بەشی فارسی ئێن‌ئێن‌ئێس ڕۆژ

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ - ڕێکەوتی: ١٦ی جوونی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## رەچەڵەک ناسیی داعش و داهاتووی عێراق



**وەرگێرانی: رەحمەت بەهەشتی**

خێرایی، پانو بەرینی و چلۆنایەتی سەرکەوتنەکانی داعش بە تەنیا لە چوارچێوەی یەکگرتوویەکی نەنووسراو لە نێوان داعشو هێزە ناسیۆنالیستەکانی عەرەب-سوننی کە بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی سوپاو پلەدارانو هێزەکانی شارەزای بەعسی لە خۆ دەگرن، لێک دەدرێتەوە.

بەڵگەنامەی پەیوەندیدار بە فەرمانی پارێزگاری نەینەوا- موسڵ لەسەر بەرگری نەکردنی هێزەکانی ئەمنی لەبەرانبەر داعشداو لایەنگری "تارق هاشمی" لە گرتنی شاری موسڵ کە بە "شۆڕشی موسڵ" ناوی بردووە، هەروەها ئەو راپۆرتانەی کە باس لە کوژرانی کەسی دووهەمی داعش دەکەن کە یەکێک لە ئەفسەرانی بەعسییەکان بووەو هەروەها هاڵواسینی وێنەی بەرپرسانی باڵای بەعس وەک "عیزەت ئەلدۆری" لە بەشیک لە ناوچەکانی "موسڵ"و "تەکریت"... ئەو بۆچوونە بەهێزتر دەکات.

زۆربەی ناوچەکانی داگیرکراو لە لایەن داعش بە گشتی شوێنی سوننییەکانو دانیشتوانی ئەو ناوچەیانە لایەنگرانی حیزبەکانی سوونی هەڵسووڕاو لە گۆڕەپانی سیاسەتی فەرمی عێراق و ئۆپۆزۆسیۆنی دەوڵەتی ئێستای عێراقن بە سەرقافڵەیی "نووری مالکی".

بە درێژایی دەسەڵاتی حیزبە شیعەکان لە عێراقو دوابەدوای هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣و بەتایبەت لە کاتی حکومەتی مالکی، ئایدۆلۆژی فەرمی دەوڵەتی عێراق بە جۆرێکی روو لەزیادبوون لە سەر بنچینەی "مەزهەب" داندراوەو

تەنانەت یەکەکانی سەربازیی سوپای عێراق بە سەر یەکەی شیعە و سوننی و کورد دابەش بووە. بەم جۆرە بابەتێکی ئاساییە ئەگەر بێتو هێزەکانی شیعەی عێراق کە بەشێکی بەرچاو لە یەکەکانی سوپای عێراق لەو ناوچەیانەی لەلایەن داعشەوە داگیر کراون، هیچ سەبەبێکان بۆ بەرگری لە ناوچە سوننییەکان نەبێت.

ئەگەر بۆچوونی ئەو یەکگرتنەوەی لەسەروە ئاماژەی پێکراوە راست بێت، پرسیارێک دێتە گۆڕێ کە هۆیەکانی پشتگرتن یەکگرتنەوەی بە کردەوەی هێزەکانی سکۆلاری عەرەب-سوننی عێراق لەتەک داعش کە گرووپێکی ترۆریستییە چییە؟

**وەڵامدانەوە بەو پرسیارە پێویستی بە لێکدانەوەی دوو بابەتی مێژوویی بنەڕەتییە:**

* چلۆنایەتی پێکهاتنو بنچینەی دەوڵەتی مۆدێرن لە عێراق کە لەسەر بنەمای ئاڵۆزیی ئێستای عەرەبی سوننیو شیعە لە عێراق پێکهاتووە
* هەلومەرجی سیاسیی ئێستا لە عێراقو سووریا

"هژموونی" سیاسی کەمینەی عەرەبی سوننی عێراق لەدامودەزگای حکومیو بەتایبەتی سوپای عێراق کە هەتا رووخانی دوڵەتی سەدام حوسێن درێژەی هەبوو، بەرهەمی راستەوخۆی سیاسەتی ئیدارەی ئیمپراتۆرییەتی بریتانیا لە زەمانی دوای شەڕی دووهەمی عالەمی و رووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەکان بوو.

لەو دەورە دا، وڵاتی نوێی عێراق کە لە تێکەڵاوی پارێزگاکانی موسڵو بەسرەی دەوڵەتی عوسمانی پێکهاتبو لە لایەن بریتانیاوە ساز کرا. چوارچێوەی دەوڵەتی مۆدێرنی عێراق بەر لە سەربەخۆیی ئەو وڵاتە لەو دەورانەی دا کە "تحت الحماية" یان بە زمانێکی روونتر لەژێر چاودێریو دەسەڵاتی بریتانیا دا بوو، دامەزراوە.

لەو دەورەدا، ستراتێژی ئیدارەی بریتانیا لە وڵاتە ژێردەستەکانی دا لە سەر بنەمای "دەسەڵاتی ناڕاستەوخۆ" یانی حکومەت کردن لەرێگای پەیوەندیکردن بە هێزەکانی ئەمەگداری ناوچەیی بوو. لەو دەورەدا هەموو ئەو پۆستە سەرەکییانەی (بەرپرسایەتی) وەک سوپا و هێزە ئەمنییەکان بە ئەندامانی کەمینەی مەزهەبی و تایفەیی دەدران.

بەم جۆرە، دەوڵەتی پێگرتووی تازە بە رادەی پێویست بەهێز بوو کە بتوانێ بە پشتیوانی بریتانیا، ئەمنی سیاسی ناوخۆیی بۆ ئامانجە ستراتێژیک و ژئۆپۆلیتیکی بریتانیا دابین بکاتو هەروەها ئەوەندە بێدەسەڵات بێت کە نەتوانێت هیچ

مەترسییەکی لە هەمبەر سەروەری بریتانیا بهێنێتە ئارا. بەمجۆرە، لە دەوڵەتی نوێی عێراقدا، عەرەبی سوننی بەسەر دوەڵەتدا زاڵ بوونو هەر بەم پێیەش بوون بە چینی کۆمەڵایەتیو ئابووری پلە یەک لەم وڵاتە دا.
لەچەشنی ئەم بارودۆخە و لە ژێر بەرگریی فەرانسەدا لە وڵاتی سووریا هاتە ئاراو بوو بە مایەی زاڵبوونی سیاسیو سەربازیی کەمینەی "عەلەوی" بە سەر دامودەزگای حکومیو ئابووری ئەم وڵاتەدا.

لە بارودۆخی دەسەڵاتی کەمینە بە سەر زۆرینە لە هەردوو وڵاتدا، تۆوی شەڕی تایفەیی ئێستای لەم وڵاتانە دا چاند چونکە دوابەدوای سەربەخۆیی لەهەر دوو وڵاتو کشانەوەی هێزەکانی بریتانیا وفەرانسە، بەردەوامی زاڵبوونی سیاسیی کەمینەکان بە تەنیا لە ڕێگای توندوتیژیی بە گەڵاڵەکراو بەردەوامیی دەبوو و ئەم بابەتە هەر ئەو ڕێگاچارە بوو کە دەوڵەتەکانی بەعسی لە هەردوو وڵاتی عێراقو سووریا پەنایان بۆ دەبرد. ناوەڕۆکی "ڕانت"ی ئابووری ئەو دوو وڵاتە، ڕانتی نەوتی لە عێراقو ڕانتی ژئۆپۆلیتیک لە سووریا، هۆی بەردەوامی ئەم هەلومەرجەی هاسان کرد لەبەر خاتری وەی کە بنەمای بەرهەمهێنانەوەی سەر لە نوێی دەسەڵاتداریی لە دەست چینی دەسەڵاتداردا وەدیدێنا.

هەڵبەت ئابووری "ڕانتی" هەروەها هۆی پێکهێنانی جۆرێک لە "دەولەتی خوشگوزەران"ی پێک دێنا کە بە تێکەڵاوی لەتەک سکۆلاریسم و ئایدۆلۆژیای "پان عەرەبیزم"ی حیزبەکانی بەعسی سووریاو عێراق، دەبوو بۆ هۆی شوێن پێیەکی کۆمەڵایەتی بۆ ئەم دوو دەوڵەتە. بەڵام ئەم بارودۆخە لە سووریا و دوابەدوای کۆتایی "شەڕی سارد"و دەسپێکی چاکسازیی ئابووری لیبراڵە نوێیەکانو لە عێراق دوابەدوای چەسپاندنی گەمارۆکان لە ساڵی ١٩٩١و لە ئاکامی سەرکەوتنی ئامریکا لە شەڕی ٢٠٠٣ کۆتایی پێ هات. لە هەر دوو وڵات، قەڵشی کۆمەڵایەتیو ئابووریو ئیداریی هەر دەستبەجێ بوو بە ململانی سیاسیو ڕکابەری تایفەیی. ئام بابەتە لە سەر عێراقو بە دوای هەڵوشاندنەوەی سوپاو حیزبی بەعسو بە کەرتی تایبەتکردنی بەرچاوی بواری ئابووری لەلایەن دەوڵەتی سەر بە ئامریکاو لە ئاکامدا دەسەڵاتداری هێزەکانی شیعە لە دەوڵەتی نوێدا، پەرەی ساند.

## سەرنجدان بەم بنەما مێژوویە، هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی ئێستای عێراق هاسانتر دەکات.

دژکردەوەی عەرەبی سوننی دوای لە کیسچوونی هەلومەرجی دەستی باڵای سیاسیی، لەسەرەتادا بە بەربەرەکانی لەتەک هێزەکانی ڕۆژاوایی ڕەنگیداوە. ئەو بابەتە، وای کرد تا ئامریکاو هاوپەیمانەکانی بە جۆرێکی ڕوو لەزیاد بوون هەستن بۆ هاوکاریکردنو پشت بەستن بە هێزەکانی شیعە. هەر ئەم کارە وای کرد کە قەڵشی نێوان شیعە و سوننی چەند قات ببێتەوە.

هاتنە ئارای "ئەلقاعیدە" لە بواری سیاسیی عێراقو ناوچەکە و لاوازی ناسیۆنالیزمی عەرەب، بوو بە هۆی ئەندام گرتنو هێژمۆنی ئایدۆلۆژیای توندڕەوی سوننیەکان کە خۆیان لە "دەوڵەتی ئیسلامی عێراق" دا پێناسە بکەن. ئەو گروپەی میراتگری "داعش"ە.

بەڕێوەچوونی هەڵبژاردەکانو بەشداری بەرچاوی هێزەکانی سکۆلار و ناسیۆنالیستی عەرەب و هیوای ئەم کەسانە بە دابەشکردنی یەکسانی دەسەڵاتی سیاسیی لە دەوڵەت دا، "لەیەک نزیکبوونەوە"و هاوپەیمانی ئەو هێزانەی لەگەڵ هێزە توندڕەوەکانی سوننی وەدوا خست. بەلام تایفەگەریی بەرچاوی شیعەکانو بە تایبەت دەوڵەتی مالکیو لایەنگری لەپشت پەردەی دەوڵەتانی سوننی ناوچە لە هێزە چەکدارەکانی سوننی، هۆی پێکەوە سازانێکی سیاسی ئەم هێزانەی لەگەڵ دەوڵەتی مالکی نزم کردەوە.

خۆپێشاندانەکانی بەرچاوی عەرەبی سوننی لە شارەکانی عێراق لە ساڵی رابردوو کە لە ئاکامدا کردەوەی توندی دەوڵەتی مالکی بە دوادا هات، خاڵی وەرچەرخانی ئەو رەوتە بوو.

هەر بۆیەش ئەم هەڵبژاردنەی دوایی لەلایەن هەموو گرووپە سیاسییەکان وەک دوایین دەرفەتی پێکەوە ژیانی سیاسی دەبیندرا. بەلام نیشانەکانی سەرەتایی، هیوایەکی ئەوتۆی بە عەرەبی سوننیو کوردەکانی هەرێمی کوردستان نەبەخشیوە.
لەو کێشمەکێشمەدا، داعش کە لە بەرەی شەڕی ناوخۆیی لە سووریا گەیشتۆتە دۆخی بن بەستو لەگەڵ هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دەوڵەتی "بەشار ئەسە" کەوتۆتە ناو گۆڕەپانی شەڕ، سەر لە نوێ سرنجی بۆ شوێنی لەدایکبوونی راکێشاوە. ئەم "بادانەوە"ش لە پێشدا عەقلیەتێکی شەرخوازانەی لەسەر بنەمای دابینکردنی رێگاکانی یارمەتیدان بۆ پشت بەرەکانی شەڕ لەخۆ دەگرت کە بوو بەهۆی داگیرکردنی شارەکانی "رۆمادی"و "فەلوجە" کە تا ئێستاش هێزەکانی دەوڵەتی عێراق ناتوانن لە چنگیان دەربێنن.

بەڵام وا وێدەچێت کە ئەم هەڵبژاردنەی دواییو ترسی عەرەبی سوننە لە نوێبوونەوەی حوکمی ماڵکی، ئەوانی بۆ یەکگرتن (هەر چەند لەڕووی تاکتیکییەوە) لەگەڵ داعش هان داوە. ئامریکا، هەر ئەو جۆرەی ئاماژەی پێکراوە، دەتوانێت هێرشەکانی پێشووتری بۆ سەر "داعش" شی بکاتەوە.

لێرەدا، کوردەکان هیچ مەیلێکیان بۆ تێکەڵاوبوون لەو کێشەیەدا نییە، مەگەر داعش راستەوخۆ هێرش بکاتە سەر هەرێمی کوردستان کە وادیارە لە هەلومەرجی ئێستاداو لە رووی سەربازییەوە، ئەمرێکی محاڵە. بەشێکی زۆر لە خەلکانی کوردستان

## بەشی یەکەم

بەو ئاواتەن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە کەڵک وەرگرتن لە هێزی کارامەو لێهاتووی پێشمەرگە بۆ وەرگرتنەوەی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم یان لانیکەم بۆ وەرگرتنی پشکی گەورەو بەرچاو لە دەوڵەتی ناوەندیو بەتایبەت لەسەر هەناردەکردنو فرۆشتنی نەوت لە بازارەکانی نێودەوڵەتی، هەوڵ بدات.
بەڵام حیزبەکانی سەرەکی لە کوردستان، لانیکەم تا ئێستا لەسەر ئەم قەیرانە نەگەییشتونە هەڵوێستێکی هاوبەشو روون.
ئەو بابەتە تا رادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە سەر پەیوەندییەکانو توافقاتی نافەرمی ئەو حیزبانە لەگەڵ دەوڵەتەکانی تورکیاو ئێران کە ئەم دوو دەوڵەتە هەرکامیان پرۆژەگەلی سیاسی جیاواز لە یەکتریان بۆ عێراق هەیە.

بەمجۆرە، وا وەدیار دەکەوێت کە سناریۆی هەڵوەشانی عێراق بە سەر سێ دەوڵەتی "شیعە لەباشوور"و "سوننی لە ناوەندو باکووری رۆژهەلات"و "کورد لە باکوور"، لە سەرەتای لێکدانەوەکانی ئامریکا لە دەسپێکی بەچۆک دادانی عێراق لەبەر چاو گیرابوو و لەئاکامدا دەبێتە راستییەکی حاشا هەڵنەگر. بەڵام بەو جیاوازییەی کە سەلەفیزمی ئایدۆلۆژیکی "داعش" بۆ پێوەلکانی ناوچە سوننیەکانی سووریاو تەنانەت ئۆردۆن هەنگاو دەنێت. لەبیر نەکەین ناوی کاملی داعش " دەوڵەتی ئیسلامی عێراقو شام"ە.

لە هەلومەرجی ئێستادا، ئەگەری دەستتێوەردانی سەربازیی سەرلەنوێی ئامریکا ئێگجار زۆر کەمە. ئاگاداریی داعش لەسەر دەست تێوەرنەدانی ئامریکا لە کاروباری سووریا لە گرتنە پێشی ستراتێژی سەربازیی داعش زۆر شوێندانەر بووە.

بەڵام ئەگەر لە رۆژانی داهاتوودا، داعش تووشی شکستی سەربازیی بەرچاو نەبێتەوە، ئەو بابەتەی کە لە بەرەکانی شەڕدا تا ئێستا رووی نەداوە، لەوانیە ئێرانو تورکیا دژکردەوە نیشان بدەن. ئەو بابەتە دەبێتە هۆی لەیەکتر نزیکبوونەوەی ئێرانو ئامریکاو مەترسی دەوڵەتگەلی سوننی ناوچە لە چەشنی عەرەبستان پەرە دەستێنێت.
ئەوەی روونو ئاشکرایە ئەوەیە کە کاتی جێگۆڕکی دوای دەوڵەتی سەدام بە خێرایی لە کۆتایی خۆی نزیک دەبێتەوەو بنەمای سیاسی نوێ لە عێراق خەریکە هەڵدەستێت.

-------

بابەتی خوارەوە وەرگێڕاوی نووسراوەی دکتور "کامران مەتین" مامۆستای پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی لە زانکۆی ساکس بریتانیا کە لە ماڵپەڕی BBC و لە بەرواری ١٢ ژوئن ٢٠١٤ بڵاوکراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەلات تایمز - رێکەوتی: ١٦ی جوونی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## سەرکەوتنەکانی داعش و گەمەکانی پشتی پەردە...!



**دارا مەحمود**

لێرەدا ناخوازم باس لەهۆکارەکانی شکستی چاوەڕواننەکراوی سوپای عێراق و سەرکەوتنی داعش و بەردەوامیی پێشڕەوییەکانی و پێشبینی ئایندە کە ئەم ڕۆژانە گەلێکی لەسەر نووسراوەو گووتراوە بکەم. بەڵکو دەخوازم باس لەو گەمە سیاسییانەی لەپشتی پەردەوە ڕوودەوەدەن و ڕەهەندی تر بەم گۆڕانکارییانەی دوایی عێراق دەبەخشن بکەم.

بەرلەهەرشت پێویستە کەمێک بگەڕێینەوە بۆ چەند مانگ پێش. کاتێک سەرۆکی داعش، ئەبوبەکر بەغدادی، جیابوونەوەی خۆی لە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە ڕاگەیاند. ئەوکات ئەم جیابوونەوەیە سەرنجی پێویستی چاودێرانی سیاسیی ڕانەکێشاو وەک پارچەبوونی هەرهێزێکی سیاسیی هەڵسەنگێنرا، تەنیا ئاماژە بەناکۆکییە نێوخۆییەکانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە کراو ڕەهەندو کارییگەرییە دەرەکییەکان نەبوونە جێگای سەرنج. بەڵام وائێستا بەرەبەرە بەدیاردەکەوێت کە بۆچی ئەم جیابوونەوەیە ڕوویداو سیمای گەمەیەکی نوێی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەم ووداوەدا بەدیاردەکەوێت. کە بریتییە لە پێکهێنانی ڕێکخراوێکی نوێ لەداعش و بەبەرداکردنی بەرگێکی نوێ، کە لەڕێکخراوێکی تێرۆریستی چارەگرانەوە بکرێتە ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕ، کە توانای کاری ئاشکراو، بواری دانوستاندن و پەیوەندیی دیپلۆماتیکی هەبێت. و بەواتایەکی تریش بکرێتە مقاشێکی کاریگەرتر لەجاران کەئاسانترو یاساییانەتر پشگۆئاگرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێ هەڵبگیرێت و جێگاگۆڕکێیان پێبکات. و ئامانجی سەرەکی ئەم پرۆژە نوێیەش بەپلەی یەکەم لاوازکردنی ئێرانە کە خواست و بەرژەوەندیی ئەمەریکاو ئیسرائیل و کەنداوەو ئامانجی دووەمیش ڕێکخستنی کوردە کەخواستی تورکیایە.

ئەم وڵاتانەی لەپێشەنگیی ئەم پرۆژەیەدان، تورکیاو قەتەرو بەگشتی ڕەوتی ئیخوان موسلیمینە. و عەرەبستانی سعودیش

هەرچەندە دژەجەمسەری ئیخوان موسلمینە، بەڵام کاتێک ئامانج ئێران بێت کێشەیەک نابێت و لەسەر بنەمای با دوژمنەکانمان یەکتر لەناوبەرن گەلێکیشی پێخۆشدەبێت. ئەویش لەچەند نیشانەو ئاماژەیەکدا بەدیاردەکەوێت کەدەکرێ بەکورتی لەچەندخاڵدا خڕیان بکەینەوە:

١- لای هەمووان ئاشکرایە کەلەم هێرشانەی موسڵ و تکریت و شارەکانی تردا ڕکخراوی داعش و بەعسییەکان چ ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکییان هەیە. بەڵام بەزانابوون و ئامادەکاری پێشوەختەوە لەناوهێنانی، ڕێکخراوی داعش و حزبی بەعس، تا ئەوجێگایەی لەتوانادابێت خۆدەپارزرێت. و دەستەواژەی تری ئەڵتەرناتیڤ وەک، چەکدارەکان، عەشیرەتەکان، ناڕازییە سوننییەکان، و شۆڕشگێڕەکان... بەکاردێن و ئەم کارەشیان وەک مەشروع دەدرێتە قەڵەم و بەدوور نابینرێت لە ئایندەیەکی نەهێندە دووردا داعش وبەعس بۆچاوبەستەکێنی و جوانکردنی ڕوخساریان، ناوی خۆشیان بگۆڕن. ڕاستە هۆکاری بنەڕەتیی کێشەکە پەراوێزخستنی سووننەیەو دانیشتوانی ئەم ناوچە ئاڵۆزانە هەموو تیرۆریست نین و خاوەن خواستی مەشروعن، بەڵام ئەوان بەهانەن و عەقڵی ڕێکخەر تێرۆریستانن.

٢- ڕێکخراوی داعش، و بەعسییەکان، کەوەک هێزی هەرە دڕندەو خوێنڕێژ، بێرەحم، کوێرو وێرانکەر ناسراون، لەم هێرشەی ئەم دواییەیاندا، نەرمونیانییەکی سەرسوڕهێنەریان لەخۆ نیشانداوە. کەمترین خەڵکیان کوشتووەو کەمترین وێرانییان ئەنجامداوە. کە گومان و پرسیارێکی زۆر درووستدەکات و هەرچی زۆرتر ئەو بۆچوونەوەی سەرەوەمان پشتڕاستدەکاتەوە کە ئەمانە بەپێی پڕۆژەیەکی نوێی هەرێمی و نێودەوڵەتی دەخوازرێت ڕووە ناشیرینەکەیان لەبیر ببرێتەوە.

٣- ڕێکخراوی داعش کەماوەیەکە سەرسەختانە هێرشدەکاتە سەر ڕۆژئاوای کوردستان. دەکوژێت و وێراندەکات. چی ڕوویداوە کە بانگاشەی ئەوەدەکات کاری بەکوردا نەداوە؟! لەحاڵێکدا هێشتا خوێنی شەهیدەکانی یەکیەتی لە جەلەولاو خانەقین و کەرکوک... وشک نەبۆتەوە. لێرەدا دیارە مەبەست لەکورد کێیە! ئەوەیە کەلەبازنەی تورکیادایەو ئەمەش جگە لەپارتی دیموکراتی کوردستان و ئیسلامییەکان هێزێکی تر نییە.

٤- تورکیا لەشانۆگەرییەکدا، کە گوایە کارمەندانی کونسوڵخانەکەی لەموسڵ بەبارمتە گیراون، دوای دووڕۆژ داعش ڕادەگەیەنێت کە ئەمانە میوانن و پاشانیش بارمتەکان بەتەلەفۆن قسە لەگەڵ ئەردۆغاندا دەکەن..! دیارە پەیوەندیی تورکیا پێشتریش لەمیانی چەندان ڕیپۆرتاژی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا ئاشکرابووبوو. کەچۆن ئەو بەناو جیهادیانە لەوڵاتانی جۆربەجۆرەوە بەفڕۆکە دەگەنە فڕۆکەخانەکانی تورکیاو پاشان لەلایەن چەندان نێوەندی تایبەتەوە وەردەگیرێن و ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ لەسوریاو بەتایبەتیش ڕۆژئاوای کوردستان دەکرێن. هەروا چەندان فیلم و وێنەی بڵاوکراوەهەن کە



سەرچاوە
Serchawe

چۆن برینـدارەکانی داعـش و نوسـرە لەنەخۆشخانەکانی تورکیـادا دەرمانـدەکرێن و چۆن بەرپرسـانی تـورک و ئەو گـروپە تێرۆریستانە وێنەی یادگاری پێکەوەدەگرن.

٥- چەندان کەناڵی تەلەفزیۆنی، وڕادیۆیی، بەئاشکرا پشتیوانی و خۆشحاڵی دەردەبڕن وهەنـدێکیان وەک کەنـاڵی ئاسمانی (رافدین)، دەبێتە زمانحاڵی ئەم تێرۆریستانە. جاران ئەم کارە لەسایدە ئەلەکترۆنییەکـانەوە ئەنجامدەدرا بەڵام کەنـاڵێکی تەلەفزیۆنی کە خاوەن لیسانسی کارکردن و ستۆدیۆو ناونیشـانی ئاشکرایە، ئـاسایی نییە ببێتە زمانحـاڵی گروپێک کە تـا ئێستا بە تێرۆریست ناسراوە.

٦- هەردوابەدوای کۆنترۆڵکردنی شاری موسڵ لەلایەن داعشەوە، یوسف قەرەزاوی و مەلاعەلی قەرەداغی کە رێبەرانی رۆحی ئیخوانولموسلمینن بانگەوازێکیـان ئاراستەی حکومەتی عێراق کردو لەوێـدا پێشـنیـازی گفتوگۆ لەنێوان حکومەتی عێـراق و چەکـدارەکان دەکەن. ئامـانجیش زێـدە ڕۆشـەنە. کەدەخوازرێـت داعـش وەک هێزێکـی سیاسیی مـامەڵەی لەگەڵـدابکرێت. و قبوڵکردنی دانوستان لەگەڵ داعش بەواتای دانپێدانانی و مەشروعییەت پێبەخشین و سڕینەوەی لەکەی تێرۆریزم دێت.

٧- لەگشت ئەو خاڵانەی سەرەوە گرنگتر هەڵوێستی ئەمەریکایە، کەلەزاری ئۆبامـاوە بەعێراق دەڵێت: کێشـەی خـۆت لەگەڵ پێکهـاتەی سـوننە چارەسـەر بـکەو ئـێمە خۆمـان تێکەڵاونـاکەین...! واتـای شـاراوەی ئەم گوفتـارە ئەمەیە کە شیعە دەبـێ دەسەڵاتەکەی خۆی لەگەڵ سوننە بەشبکات و کۆتایی بەبالادەستیی شیعەبێت. دەنا دەبێ هەمیشە چاوەڕاوانی ئەم گێچەڵانە بێـت و واتـای دووەمـیش ئەمەیە کە بەشـکردنی دەسـەڵات لەگەڵ سـوننە بەواتـای لاوازکردنـی ڕۆڵـی ئێـران کە کرۆکـی بابەتەکەیە، دێت.

لێرەدا زۆر روون نییە ئاکامی ئەم قەیرانە نوێیە بەکوێ دەگـات و چۆن تەواو دەبێت. بەڵام ئەوەی کەڕوونە ئەمەیە کەئێتر سوونەی عیـراق ئەو هێـزە نیـیە کە بەمـالیکی پەراوێـز بخرێـت. بەڵام شـیعەش ئەو هێـزە نیـیە کەبەداعـش و بەعـس لەناوبچێت. بۆیە پێدەچێت لەداهاتوودا شاهیدی ململانێی تونـدترو خوێنـاویتر بـین. و کـوردیش دەبـێ وەڵامی ئەم پرسـیارە بداتەوە کە لەکوێی ئەم گۆڕانکارییە نوێیەدا جێدەگرێت...؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمڕۆ - ڕێکەوتی: ١٧ی جوونی ٢٠١٤

## شوناسی داعش و مەترسی لەسەر ناوچەکەدا.



**شاخەوان برایم عەبدوڵا**

لە ئێستاکەدا قسەکردن لەسەر ڕێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بۆ کورد گرنگترین پرسێکە بەو پێیەی هاوسنوورین لەگەڵ ئەو ناوچانەی سوننەنشینن و ئەو گروپەش واتە داعش بەشێوەیەکی توندڕۆیانە سوننەچێتی و عەرەبچێتی دەکەن و هەنووکەش بوونەتە گەورەترین مەترسیی بەسەر موسڵ و هەندێک ناوچەی عەرەبی سوننەنشین و لەبەرانبەریشدا سوپاکەی مالیکی بێ ورەترین سوپایەکەو توانای بەرگری لەناوچەکان نییە، لەرووی سایکۆلۆژییەوەش ورەیان نەماوە، هاوکات پێویستە گومانی ئەوەش بکەین کە چۆن دەبێت سوپایەکی زەبەلاح لەبەرانبەر چەند هەزار چەکداری میلیشیادا چەک دابنێت، ئاخر بەپێی زۆربەی زانیارییەکان داعش ویستبێتی بچێتە هەر شوێنێک سوپاکەی مالیکی بێ تەقەکردن چۆڵیان کردووەو ئەمەش بۆتە جێگەی گومانی ئەمنی و سیاسی بەتایبەت بۆ هەرێم، بۆیەش پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت!

ئەگەرچی هەنووکە ئاڵۆزییەکان لەناوچە عەرەبییەکاندان، بەڵام هیچ گومان لەوەدانییە ئەگەر ئەو ئاڵۆزیانەو پێشڕەوی داعش بەردەوامی هەبێت، هەرێمیش بەهۆی نزیکی سنوورەکەیەوە دەکەوێتە ژێر هەڕەشەی داعش و کۆنە بەعسییەکانەوە، بەڵام ڕەنگە ئەو مەترسیانەی لەناوچە عەرەبییەکاندا هەیە لە هەرێمدا نەبێت بەهۆی بوونی دڵسۆزی بۆ خاکی کوردستان لەناو هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس و خەڵکی کوردستان کە ئەم خۆشەویستییە لەناو جەیشی عێراقدا ئامادەگی نییە، بەڵکو بە زەبری پارە خەڵک لە ناو سوپاکەی مالیکیدا کۆکراونەتەوەو ئەمەش گرەنتی سەرکەوتنی لێ ناکرێت لەبەرانبەر داعشدا، بەداخەوە ئەمە واقیعەو خودی مالیکی پیاوە قەیراناوییەکەی عێراق دەیزانێت، بەڵام لەبەرانبەریدا دەستەوەستانە، بگرە خۆی بەشێک بووە لە دروستکردنی ئاڵۆزییەکان، بەتایبەت زیندووکردنەوەی هەستی مەزهەبگەرایی و

## بەشی یەکەم

خێڵگەرایی لە ناو پێکهاتەکانی عێراقدا کە داعش و لاوازی سوپاکەی نموونەی زیندوون لەوەی مالیکی بەتەواوی شکستی خواردووە لە فەرمانڕەوایەتی کردنی عادیلانەی عێراقییەکاندا.

### شوناسی داعس.

داعش، کورتکراوەی گروپی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شامە، گروپێکی توندڕۆی چەکداری فێندەمێنتالی ئیسلامی سیاسین، ئایدۆلۆژیای سەرەکی ئەو گروپە، سەلەفی جیهادی، سوننەگەراییە، هاوکات زۆربەی چالاکییەکانیان سەرەتا لەڕێگەی توندوتیژییەوە وەک کوشتن و سەربڕین و تەقینەوەو هێرشی چەکداری بۆ سەر دامەزراوە ئەمینی و سەربازییەکان ئەنجام دەداو هەندێک جاریش بۆ دروستکردنی ترس خەڵکی بێ تاوان دەکەنە ئامانج، بەڵام ئێستاکە ستراتیژی چالاکییەکانیان گۆڕیوە، ئیش لەسەر دەست بەسەر داگرتن و مانەوە لە شوێنان دەکەن، بۆ نموونە ئەگەر زوو موسڵ لە چنگ ئەو گروپە دەرنەهێنرێت بۆی هەیە ئیماراتی ئیسلامی لەو شارەوە دروست بکەن کە ئەمەش گەورەترین و مەترسیدارترین ڕەوشێک بۆ ناوچەکە دێنێتەکایەوەو ئاسایشی ناوچەکە بەتەواوی دەخاتە مەترسییەوە.

### هاوپەیمانی لەگەڵ ئەلقاعیدە.

سەرەتای چالاکی یان دروستبوونی ئەو گروپە تیرۆریستییە، بۆ ساڵانی ٢٠٠٢ - ٢٠٠٣ دەگەڕێتەوە کە لەسەر دەستی ئەبو موسعەب زەرقاوی دامەزراوە، دوای ئەویش ئەبو عومەر بەغدادی بووە بەسەرکردەی باڵای گروپەکەو ئێستاکەش ئەبوبەکر بەغدادی سەرکردەی باڵای داعشە لە هەردوو وڵاتی عێراق و سوریادا، لەکاتی دروستبوونیدا لەگەڵ ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە هاوپەیمانێتیان بەست لەژێرناوی ئەلقاعیدە لە عێراق، ئەمەش ئاماژەیەکە ئەوکات داعش لقێک بووە لە ئەلقاعیدە، بەڵام لە عێراقدا، ئەو پەیوەندییە تا ٢٠١٣ بەردەوامی دەبێت و بە پێی سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکان بەتایبەتی ئەلجەزیرە، ئەیمەن ئەلزەواهیری کە دوای کوژرانی ئوسامە بن لادن بووە بە سەرکردەی ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە، داوای لە ئەبوبەکر ئەلبەغدادی سەرکردەی ئێستاکەی داعش کردووە دەستەواژەی سوریا (شام) یاخود بەشی سوریا لە ڕێکخراوەکە هەڵوەشێنێتەوە، بەڵام ئەو سەرکردە باڵایەی داعش داواکەی ئەیمەن ئەلزەواهیری ڕەت دەکاتەوەو بەمەش کۆتایی بە یەکگرتنەکەی نێوانیان دێت و خودی ئەلزەواهیریش ڕایگەیاندووە کە لەمەودوا پەیوەندیان لەگەڵ ئەو گروپەدا نەماوە، ڕەنگە نەمانی ئەو پەیوەندییە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو داوایەی زەواهیری بوویێت لە ئەبوبەکر بەغدادی، بەڵام بە تێگەیشتن و خوێندنەوەی زیاتر دەگەینە ئەو قەناعەتەی لە ئێستاوە شەڕی ئەوانە لە ناوخۆیاندا ئامادەگی هەیە لەسەر پۆست و پایەی تیرۆریستی، بەڵام ئەوەی تا نووکە قسەی لەبارەوە کرابێت داعش گروپێکی ئاڵۆزی سەلەفی جیهادین و هیچ بەهایەکی ئەخلاقی و ئینسانی لەناو ئەندامانی ئەو گروپەدا پەیڕەو ناکرێت، تەنانەت خودی خۆیانیش



سەرچاوە Serchawe

لەگەڵ یەکتردا بە گومانن و لەناو ترسدا دەژین، بۆیەش چاوەڕێی پەرش و بڵاوی ئەو گروپە دەکرێت بەسەر وڵاتانی ناوچەکەدا بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کێشەی ناوخۆییان هەیە بە خودی ناوخۆی عێراقیشەوە.

### ئامانجی داعش.

ئامانجی سەرەکی گروپ و ڕێکخراوە سیاسییە ئیسلامییەکان لە جەوهەردا یەک ئامانجە، بەڵام بەهۆی هەستیاری قۆناغەکە بەمیکانیزمی جیاوازەوە کار دەکەن، ڕەنگە ڕۆڵ لە نێوانیاندا دابەش کرابێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەیان، هەندێکیان تەنیا لەسەر شێوازی پەروەردەیی خەڵک لە خۆیان کۆدەکەنەوە، بۆ نموونە دەچنە ناو ناخی خەڵکانی سادەوە، چالاکییەکانیان دەبەنە ناو زانکۆو قوتابخانەو مزگەوتەکان و گوندەکانەوە لە ڕێگەی گوتاری فێندەمێنتالیانەی ئەوتۆوە کە خەڵک قەناعەتیان پێ بکات، هەندێکی تریان ئیسلام بەکاردێنن وەک کەرەستەیەک بۆ بەرژەوەندی خۆیان، بۆ نموونە بەردەوام دەڵێن ئیسلام لە مەترسیدایەو پێویستە داکۆکی لێ بکرێت، ئەم جۆرە گروپانە زیاتر وەک حیزبی سیاسی خۆیان نمایشکردوەو زۆرجاریش دەچنە پەرلەمان و حکومەتەکانەوە، بەڵام بەهەمان نەفەسی توندڕۆیانەی خۆیانەوە، ئاماجی سەرەکی ئەو گروپە ئیسلامییانە، بەتایبەتی تر داعش زیندووکردنەوە یاخود دامەزراندنی خەلافەتێکی ئیسلامییە لەسەر بنەمای مەزهەبگەرایی سوننەو ئازاردانی شیعەکان و سەپاندنی هەیمەنەی سوننەگەرێتی بەسەریاندا.

کەواتە لەگەڵ گەشەسەندی زیاتری ئەو گروپەدا، ئیدی ژیانی خەڵک هاوشێوەی ئەفغانسان دەکەوێتە مەترسییەوە بەدەست توندڕۆی ئیسلامی سیاسییەوە، بۆیەش ئەرکی هەر وڵاتێکە کە لە خەمی ئارامی هاوڵاتیانیدایە هەڵوێستی لەبەرانبەر ئەو گروپەدا هەبێت، چونکە لەگەڵ دروستکردنی کیانی خەلافەتی ئیسلامی لەسەر بنەمای توندڕۆیی کە خۆیان ڕایانگەیاندووە ئیدی مەترسی جیدی بۆ شوێنانی تریش چڕ دەبێتەوە، بەتایبەتی هەرێمی کوردستان کە نزیکترین شوێنێکە لە هەیمەنەی داعش.

### کورد و مەترسی داعش.

هاتنی ئەو لێشاوە لە پەنابەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئیستاکەش بەهۆی ئاڵۆزییەکانی موسڵەوە بۆ هەرێم، ئاماژەیەکی ڕوونە لەوەی هەرێم هەیبەتی خۆی پاراستووە لەرووی ئەمنییەوە، زۆرجار پێناسەی ئەوەش کراوە کە هەرێم دەوڵەتێکی ترە لە ناو عێراقدا، ئەمانەش لەسەر دەستی ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگەی کوردستان بەدی هاتووە کە لەپاڵ دڵسۆزیان بۆ نیشتمان بوێرانەش کاریان کردووە بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو گروپە توندڕۆیانە، لەرابردوودا داعش ویستوێتی ئارامی شارەکانی کوردستان بخاتە مەترسییەوە، بەڵام هەرزوو بەرنامەکەیان فەشەلی هێناوە، تازەترینیان هێرشکردنە سەر

ئاسایش بوو لە هەولێر کە دەم و دەست هێرشەکەیان بە کوژرانی خۆیان پوچەل کرایەوە.

بەڵام ئەوەی ئێستاکە لە نزیکمانەوە روودەدات، جیاوازترەو بەهۆی غیابی توانا سەربازییەکانی سوپای عێراقەوە داعش بەهێزتر بووە بەتایبەت لە موسڵدا، کەواتە پێویستە هەرێمی کوردستان بەوپەڕی ئامادەباشییەوە لەم ڕەوشە نالەبارە بڕوانێت و ئەگەرچی دەرفەتێکیش هاتۆتە پێشەوە تا پێشمەرگە ببرێنە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە دەکەونە ناو سنووری ماددەی ١٤٠وە بەمەبەستی گەڕانەوەیان بۆ سەر سنووری هەرێم، چونکە ئێستاکە ئەو ناوچانە بەتەواوی غیابن لەلایەن سوپاکەی مالیکییەوە، ئەگەر ئەمە لەلایەن کوردەوە رووبدات، بۆی هەیە لە ئایندەدا وەک ئەمری واقیع سەیر بکرێت و بە ئاسانی بگەڕێنەوە سەر هەرێم.

ئەگەر ئەو گروپە بەخێرایی تێکنەشکێنرێن، ئەوا دوور نییە پروشکی ئەو ئاگرە بەرەو باشووری کوردستانیش بپەڕێتەوە، بۆیە لە ئێستاوە ئەوەی لەسەر هەرێم پێویست بێت حسابکردنە بۆ ئەو گروپە، دەکرێت ئەو گروپە تیرۆریستییە بە بەرنامەی لایەنێکی نەیاری کورد بەم خێراییە هاتبنە ناو موسڵەوە، ئەگینا کەی لۆژیکی سەربازی ئەمە قەبول دەکات شارێکی فراوانی وەک موسڵ لە چەند کاتژمێرێکدا بەتەواوی بکەوێتە دەست ئەو گروپە چەند هەزار کەسییەوە کە ژمارەی سوپای عێراق لەو ناوچەیەدا پەنجا ئەوەندە زیاتر بووە بە بەرانبەر هێزی داعش، بۆیەش ئەم شکستەی سوپا لەم موسڵ گوماناویەو حەقوایە کورد بە جیدی لەم مەسەلەیە وردبێتەوەو خۆی بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادە بکات.

ئەگەرچی چاوەڕێ ناکرێت داعش ئەوەی بە سوپای عێراقی کردووە بتوانێت لە سەدا یەکیش بە پێشمەرگەی بکات، بە پێچەوانەوە تەسەوڕ دەکرێت لە هەر رووبەرووبوونەوەیەکیاندا لەگەڵ پێشمەرگە دووچاری شکستی گەورە دەبنەوەو خودی سەرکردەکانی داعش ئەم راستییە دەزانن، بۆیەشە تانووکە خۆیان دوور گرتووە لە رووبەرووبوونەوەدا لەگەڵ پێشمەرگەی کوردستان، بەڵام ئەمە بەس نییە، بەڵکو ئەوەی بۆ هەرێم گرنگە شەڕی داعش نەکات لەسەر بنەمای سوننەگەرایی و سۆزداری بۆ عەرەبەکانی موسڵ، بەڵکو ئەوەی گرنگە پارێزگاری لە ناوچە کوردییەکان بکات بە ناوی پاراستنەوە لە دژی هەڕەشەی تیرۆری، بەمەش پشتگیری وڵاتان بەدەست دەهێنێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمڕۆ - ڕێکەوتی: ١٩ی جوونی ٢٠١٤

## جێگای داعش و داعشیزم لە ئیسلامی سوننە و شیعەدا.



حەمە غەفور

بە تەنیا "داعش" وەکو ڕێکخراوێکی هاری ئیسلامی، مەترسیی نییە بۆ سەر مەدەنییەتی کۆمەڵگاو چاوەڕوانییەکانی مرۆڤ لە ناوچەی خۆرەڵاتی ناوەڕاستو جیهانی عەرەبیو ئەو کۆمەڵگایانەی ئایینی ئیسلام تیایاندا باوە، وە نابێت وەکو تاکە تاقمێکی خوێنرێژو دژ بە مرۆڤایەتی وێنابکرێن. چونکە ئەم مۆدێلە توندڕەوە هەوسارپچڕاوە ئیسلامییە خۆی دەرئەنجامی بنبەستی ئەو سیناریۆ ڕەشەیە کە بەشوێن هێرشو پەلاماری ئەمریکا بۆ لادانی ڕژێمەکەی سەددام حسەین کردییە سەر عێراق هاتۆتەئاراوە، کە چەندین حزبو هێزی ئیسلامی ڕۆڵی سەرەکییان تێیدا بینیوە. وەکو چۆن وێناکردنی ئەمەی بەتەنیا بەرەنگاربوونەوەشی بە شێوازی سەربازی هەڵەیەکی گەورەیەو تەنوورەی ئاگری شەڕی تائیفی پەرەدارتر ئەکاتو ئەیکاتە جەنگێکی ئەهلیو شەڕی کۆڵان بە کۆڵان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ. شەڕێک کە مەوداکانی ڕەنگە گشت ناوچەکەش بگرێتەوە.

ئەم دیاردە نامۆیە پەروەردەی جیهانێکی پڕتەنگژەو قەیراناوییە کە لانیکەم ١١ ساڵە کۆمەڵگای عێراقی داگرتووەو سەرئەنجامەکەشی دارمانی ئەو ئیدارە سیاسییە تەوافوقییە بوو کە بە ماشێنی هەڵبژاردنی پارلەمانو پرۆسەی دیموکراسییەکی هاوردەکراو ئەڕۆشتەبەرەوە. ئەگەر ڕاگەیاندنی ڕەسمیو نیمچە ڕەسمی بۆرژوایی جیهانی، داعش وەکو سیمبۆلی شۆڤێنیزمێکی ئیسلامیی سوننەو یاخی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێناسەئەکەن، بەواتایەک وەکو ڕەنگدانەوەی شۆڤێنیزمی بەعسییەکان لە فۆرمی ڕێکخراوێکی دڕو دەرچوو لە یاساکان نیشانیئەدەن، بەڵام "داعشیزم" وەکو لوتکەی ئایدیۆلۆژیای شۆڤێنیانەی ئایینی، وەکو بزووتنەوەیەکی سیاسی ئیسلامی جووتسەرە دژی مرۆڤ، بە سوننەگەریو

شیعەگەرییەوە، لە شکڵی دژایەتیکردنی دەوڵەتی شۆڤێنیستی ئیسرائیلو لەوێشەوە بۆ دوژمنایەتی کردنی کوێرانەی سەرتاپای شەپۆلەکانی سکۆلاریزمو شارستانییەتی نوێ لەم ناوچانە، بەدژی ئارەزووی بێئەوپەڕی نەوەی نوێی ئەم کۆمەڵگایانە بۆ رووهێنانیان بەلای شێوەی ژیانو فەرهەنگو نۆرمی رۆژئاواییدا، لەمێژەو بەدوای هاتنەسەرکاری جمهوری ئیسلامی ئێراندا ئامادەگیی تەواوی هەیە، وە ئەمە مەترسییە گەورەکەیە. داعشیزم کۆمەڵەی بیروباوەڕو مەنهەجێکی فکریو سیاسیی گشتگیرە، جووڵانەوەیەکی شۆڤێنی ئیسلامییە، بەهەردوو جۆری شیعەگەریو سوننەگەرییەکەیەوە، بەبەهانەی بوونی دەوڵەتی ئیسرائیل لەناوچەکەدا شەرعییەت بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕو سیاسەتە دوژمنکارانەکانی خۆی وەرئەگرێت. ئەگەر چی دوو ئاراستەی دژ بەیەکن لە شێوازی تائیفییانەی بەڕێوەبردنی دەوڵەتو حوکمڕانیدا، بەڵام خاڵی هاوبەشیان، لەلایەک دژایەتی کردنی ئیسرائیلو شۆڤێنیزمی دەوڵەتی ئیسرائیلە، تا ماشێنی شۆڤێنیزمی ئیسلامیانەی خۆیان بەردەوام لەکاردابێت، لەلایەکی دیکەشەوە ڕاگەیاندنی شەڕێکی فەرهەنگی نەبڕاوەیە بەرانبەر گشت ئینتمایەک بۆ تازەگەریو پێشکەوتن، بۆ فەرهەنگو نۆرمی ژیانی رۆژئاواییو مۆدێرنیزم لە هەموو ئەو ناوچەیەی ئایینی ئیسلام تیایدا باوە.

ئەم بزووتنەوە ئیسلامییە دووسەرەیە، بەدوای ئاوابوونی شۆڤێنیزمی قەومیی عەرەبیو شکستی گەورەی بەرانبەر بە دیاردەی ئیسرائیل، بەتایبەتی بەدوای دارمانی بەعسیزمدا، کە خاوەنی دەوڵەتێکی پڕچەکو پڕخەرجو خاوەن سوپایەکی ٢ملیۆنی بوو، ئامانجی دەستبەجێی جێگرتنەوەی شۆڤێنیزمی قەومیی عەرەبییە، وە ئەیەوێت لە ڕێگای پەرەپێسەندنو بەرقەرارکردنی جووڵانەوەیەکی ئیسلامی نوێ بە بەرگو ڕۆحییەتێکی نوێوە، کە شۆڤێنییەتێکی خوێنڕێژو شۆکهێنەری لێ بچۆڕێت، داعیشیزمێکی هەوسارپچڕاوی ئیسلامی بێت، قورعان بەدەستێکییەوەو شمشێری ئیسلام بەدەستەکەی تری، بە هەر شێوازێک کە بۆی ئەلوێت بکەوێتە وێزەی مۆدێرنیزمی کۆمەڵگاو نۆرمی هاوچەرخو شارستانییەتی ئێمە، وە کۆمەڵگای خوازیاری ژیانو شارستانییەت لەبەردەمیدا بەچۆکدا بێنێت. بزووتنەوەیەک پەیامە سیاسیو ئایدیۆلۆژییەکانی خۆی، وەکو باشترین نوێنەرو پارێزەری سەرمایەو سیستەمی چینایەتیی ناوچەکە، بە زەبری ئینسانکوشتنو نابودکردنی بنەماکانی شارستانییەتی ئێمە بکاتە دەوڵەتو یاساو کۆمەڵگای پێ کۆنترۆڵ بکاتو وڵات بکاتە زیندانێکی گەورە بۆ دانیشتوانی. کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکو سەردەمی خەلافەتی ئیسلامیو دەوڵەتی عوسمانی بۆ سەدان ساڵ حوکمی شموولیی خۆی بکاتە ئەمری واقع. ئەتوانم بڵێم، گشت مزگەوتەکانی ناوچەکە، هەموو حسەینییەکانو جێنزگەکانی شیعەکان، وەزارەتەکانی ئەوقافو دامەزراوە ئایینییەکان، جمهوری ئیسلامی ئێران، عەرەبستانی سعودیو قەتەرو شێخنشینەکانی کەنداو، تەنانەت ڕیزی نوێژخوێنانی ئەو موسڵمانە باوەڕدارانەی کە تەنیا ئامانجیان پێڕەوکردنی ڕێوشوێنە ئایینییەکانە وەکو ئەرکێکی تایبەتی خۆیان بەرانبەر بە خودایەک کە باوەڕیان پێی هێناوە، سەرتاپایان فاکتەرو ناوەندی بەرهەمهێنانو سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ئەم "داعشیزمەن".

بۆیە ئەڵێم داعشیزم، چونکە شۆڤێنییەتی ئیسلامی بە هەردوو تائیفەکەیەوە، چ بگات بە تەجروبەی ئێرانو چ تەجروبەی سعودییەو ئۆپۆزیسیۆنەکانیشیان لە جۆری وەهابییەکانو ئیخوانییەکان، هەمان شۆڤێنییەتیان بەرهەمهێناوە کە ئێستا خودی تاقمی خوێنخۆری جۆری "داعش" بەکردەوە جێبەجێی ئەکەن. لە شەڕی عێراق- ئێراندا سەدان هەزار لاوی ئێرانی لەلایەن جمهوری ئیسلامییەوە کلیلی بەهەشت کرایە ملیانو ژیانیان بوویە قوربانی گەییشتن بە کەربەلاو نەجەف. عەرەبستانی سعودی بە پێی ئەحکامی ئیسلام، بە شمشێری ئیسلام سەرو دەستو قاچ ئەپەڕێنێت. سوننەگەریو وەهابییەکانو شیعەگەریی مێژوویان بە خوێن نووسراوە. دەلالەتی سیاسی من بۆ پشتیوانیی ئەم قسانەم، لەلایەک نیگەرانیی ئیسلامییەکانە بەگشتی سەبارەت بە بودەڵەیی باوەڕی باوەڕدارانی زۆروزەبەندی خەڵکیی بە ئایینی ئیسلام، لەکاتێکدا نەوەکانی ئەو خەڵکە پێڕەوی لە فەرهەنگو ڕێوشوێنی شارستانییەتی ڕۆژئاوا ئەکەن، لەلایەکیش ئومێدەوارییەکانیانە بەوەی نەوەد دەر سەدی خەڵکو هاوڵاتیانی ئەم کۆمەڵگایانە موسڵمانن کە ئەوان تیایاندا ئامادەگییان هەیە، بەڵام ئەبینن هێشتا مەیلو ئاراستەی کۆمەڵگاکان بەگشتی زۆرتر لەژێر کاریگەریی نەریتو شارستانییەتی ڕۆژئاوادا خۆی ئەبینێتەوە!

دڵشادبوونی ئیسلامییەکان بۆ ماوەی هەزاران ساڵ بە جمەی سەفو ریزی نوێژی جومعەکانیان کە ئاپۆڕەی نوێژخوێنانی ئاسایی خەڵکیان ئەبینی، ئێستا گۆڕاوە بۆ نیگەرانییەکی گەورە، چونکە لە کۆتاییدا ئەبینن سەرەڕای هەموو ئەم گوشارانەیان، لە گرتنەبەری ڕێوشوێنە ژیاریو کۆمەڵایەتییەکاندا لەنێو خودی ئەم کۆمەڵگایانەدا بەتایبەتی، زیاتر نۆرمو شێوە ژیانی ڕۆژئاواییو فەرهەنگی زاڵی ڕۆژئاوایی برەوی هەیەو جێگای بایەخی خەڵکو هاوڵاتیانە تا شێوە ژیانی داعشیو ئاخوندیو سەلەفیو ..تد. شێوەی جلوبەرگ پۆشینیان، ئارەزووی قووڵی ئەم خەڵکە لە گوێرادێران بۆ موسیقای ڕۆژئاواییو تەماشای فیلمە ڕۆژئاواییەکان، بەتایبەت ئەو جۆرەیان کە باسی عیشقو خۆشەویستیو پەیوەندی نێوان کوڕانو کچان بەیانو بەرجەستەئەکات، نیشانی ئەدات کە ئەم شۆڤێنیزمە ئیسلامییە لەگەڵ چ جۆرە سەردەمو مێژوویەکدا بەرەوڕووبۆتەوە! سەردەمێک کە تەواوی ئاماژەکانی هێمان بۆ ئاوابوونی شێوەی ژیانو هەڵسو کەوتو مامەڵەو موعاشەرەی ئیسلامییانە لە ناوچەکەو جیهانیشدا. بۆیە ئەم ئاراستە ئیسلامییە نوێیە لەنێو هەردوو جەمسەری شیعەگەرییو سوننەگەرییدا، شێتگیر بووەو کاردانەوەیەکی دڕندانەو شۆڤێنییانەی نیشانداوە بۆ سنووردانان بۆ ئەم بێنرخیو بێبەهاییەی ئایینی ئیسلامو شێوەو حوکمو ڕێساکانی. سەرنجی ئەم کۆپلەیە لە ووتاری ئەندامێکی یەکگرتووی ئیسلامی، بە ناوی ئارام قادر گرنگیو بایەخی خۆی هەیە لەمبارەیەوە. ئارام قادر نوسیویەتی: "بەلام تا ئیستا ئیسلامیەکان نەگەشتونە تە دەسەلات ونەبوونە زۆرینە ،هەرچەندە زۆربەی میللەتی کورد موسلمانە وژمارەی نویژخوینان لەمزگەوتەکان مسۆگەری سەرکەوتنی لایەنە ئیسلامیەکان دەکات بەلام تەنانەت ئیسلامیەکان نەیانتوانیوە دەنگ وپشتیوانی ئەوانیش بەدەست بهینن"!.

ئیسلامییەکان بەگشتی، چی ئەوانەی لە ڕیزی داعشو نوسرەو جوندولئیسلامو عەسائیبولحەقو غەیری ئەوانیشدان، چی

ئەوانەشیان کە تێکەڵی پرۆسەی سیاسیو گاڵتەجاڕی پارلەمانتاریزمو دیموکراسی ئەمریکایی بوون، لەژێر گوشاری باری ئاستی ئازادییە فەردیو کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا، کە لەم کۆمەڵگایانەی خۆماندا ڕەنگدانەوەی گەورەیان هەیەو نەوەی نوێی ئەم کۆمەڵگایانە بێگومان دەرسەدێکی گەورەیان نایانەوێت وەکو سەردەمی ئەسحابوکەهف ڕۆژگارەکانی ژیانی خۆیان لەم سەردەمی سکۆلاریزمو شارستانییەتە پڕسەرەوەرییەدا بەسەر بەرن. ئەوان ئەیانەوێ ژیانێکی شکۆمەندانە بژین. ئەیانەوێ دەستیان ڕابگات بە فەرهەنگو هونەرو زانستو زانیاریو داهێنانەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، بەتایبەتی کە ناوەندەکەی ئەوروپا بووە. ناخوازن داعشەکان لە هەر بەرگێکدا بن حوکمی شمشێری خەلافەتی ئیسلامی، یاخود عەمامە بەسەرەکانی شیعەگەرییان بەسەردا بسەپێنن. هەر بۆیە ئیسلامییەکان هەوڵ ئەدەن بە داهێنانی زەواجی سیغەو زەواجی میسیارو زەواجی نیکاحو دەیان تیاترۆی ئیسلامیو مەلهای تازەداهێنراوی تاقمە جۆراوجۆرە ئیسلامییەکان، ڕەوشتو ووشیاری کۆمەڵگاو لاوانو نەوجەوانان بەلاڕێدا بەرن، وەکو بەرتیلێک ئەیخەنە بەردەمی کۆمەڵگاو ئامانجیان بەگشتی لەخشتەبردنو چەواشەکارییەکی ئەخلاقییو سیاسییە. ئەگەرچی ئەم هەنگاوانەی ئیسلامییەکان بۆ ڕەهاکردنی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر ژنانو کچانی ئەم کۆمەڵگایانەیە، خۆی وەرچەرخانێکی ئەخلاقیانەی تەواوە بەرانبەر بە گشت ئیدیعاو بانگەشەکانی ئیسلامو ئیسلامییەکان کە بۆ "ڕەوشتبەرزیو پاراستنی حەیاو ناموسو ڕێزو کەرامەتی ئیسلامیانەی هاوڵاتیان گوایا لە چوارچێوەی ئایینی ئیسلامدا ئیمکانی هەیەو دانراوە!"، بەڵام پاشەکشەیەکو پاشگەزبوونەوەیەکی گەورەشە لە تەواوی ڕەشتو ئەخلاقیاتی ئیسلامییانە کە هەزاران ساڵە پێڕەوانی سیاسیو ناسیاسیی ئایینی ئیسلام شانازی پێوەئەکەنو خۆیانی پێوە بائەدەن، بەرانبەر بە مەیلی پێشکەوتنی خەڵکو کۆمەڵگا، بەرانبەر بە ئارەزووی ڕوهێنان بۆ فەرهەنگی کراوەو ئازادانەی ڕۆژئاوایی.

کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەتوانن پەروەندەی ئەم ئاراستە نوێیەی ئیسلامی سیاسی کە شۆڤێنیزمو خوێنو ڕقو تۆڵەسەندنەوەی لێئەبارێت ببەستن. مرۆڤی کۆمەڵگاکانی ئێمە ژیانی خۆیانو نەوەکانیان نەدۆزیوەتەوە تا بەقسەو هەڕەشەو گوڕەشەی تاقمە ڕەنگاوڕەنگەکانی داعشو ئاراستەی داعشیزمی ئیسلامی بیکەنە فیدای ڕێگایەکی چەپەڵو قێزەونو دوور لە هەر شارستانییەتو ئینسانییەتێک! ئەبێت ئەوەش لەیاد نەچێت، هەموو ئەوانەی ئێستا کەوتوونەتەخۆو لەژێر ناوی بەرەنگاربونەوەی داعشدا خەریکن بە وەشاندنی خۆشباوەڕی ئیسلامیو قەومیو تائیفیی، سووڕێکی نوێی ئاراستەکردنی سیاسیی کۆمەڵگاو هێزەکانیان ئەژێننەوە، هێچکام لەو هێزە ئیسلامیانە، چی ئەوانەی لەگەڵ داعشن چی ئەوانەشی دژی داعشن، دۆستی ئێمەی هاوڵاتیان نین. سەرتاپایان شەڕی دەسەڵاتو خۆسەپاندنیانە بەسەر ئێمەو کۆمەڵگاکانماندا. ئەوان ئەیانەوێت وەکو هەمیشە ئێمەی هاوڵاتیان بکەنە بەردەبازی پەڕینەوەیان بۆ مەرامەکانیان. سەرئەنجام قوربانی گەورە هەر ئێمەی هاوڵاتیان ئەیدەین. بۆیە ئێمە ئەتوانین ئەم کانسەیان نەدەینێو ئەم دەرفەتەیان بۆ نەڕەخسێنین. ژیانو ئایندەو شارستانییەتی ئێمە خۆمان پێش هەرکەسی تر ئێمە خۆمان لێی بەرپرسیارین. دەستەو تاقمی جۆراوجۆری ئیسلامی کە خەون

**بەشی یەکەم**

**بە گێڕانەوەی دەسەڵاتو قەهری ئیسلامییەوە ئەبینن بۆ سەر شارستانییەتی ئەم ناوچەیە، هەرگیز نوێنەری ئێمە نین. بەهەر شێوازو ڕێگایەک بۆتان ئەکرێت، پڕۆژە گڵاوەکانی ئیسلامی سیاسی پووچەڵ کەنەوەو پەکیان بخەن.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمڕۆ - ڕێکەوتی: ٣٠ی جوونی ٢٠١٤**



سەرچاوە
Serchawe

# پێوەندیی داعش و بەرەی ناموقەدەسی رووسیا - ئێران - سووریا



ئەحمەد تاشک

هاتنی داعش بۆ مووسڵو عێراق بەو شێوەیە، سازانو پیلانێکی بەرنامە بۆدارێژراو بوو کە لایەنێکی گرینگی ئەو پیلانە رژێمی ئێرانە.

"بەرەی ناموقەدەسی" ئێران - رووسیا - سووریا، بە شەڕی ناوخۆی سووریا دووچاری تەنگژەیەکی سیاسی بوونو بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانە، پێویستە رێگەچارەیەک رەچاو بکەن. بۆ ئەو مەبەستە لە هەموو رێگاکانی مومکینو لە هەموو ئالیەتەکانی بەردەست کەڵک وەردەگرن بۆ دەرباز بوونیان:

١- ئیدی شاراوە نییە، گرینگی سووریا بۆ رووسیاو ئێران بایی ئەوەندە هەیە کە شەری مانو نەمانی لەسەر بکەنو داردەستێکی وەک ئەسەد بپارێزن. هەڵکەوتوویی جوگرافیایی سووریەو قەرار گرتنی سووریا لە جیرانەتیی ئیسرائیلو تورکیەو لوبنان، گەورەترین پێگە بۆ بەرەی ناموقەدەسی ئێران- رووسیا لە ئەژمار دێتو بۆ پاراستنی ئەو ناوچە گرینگە (تەنانەت بۆ رۆژئاواش گرینگە) ئامادەن هەزینەیەکی زۆری بۆ تەرخان بکەن.

٢- دامەزرانی داعش و پێشتر "جبهەالنصرە" بۆ بەدناو کردنی هێزی رزگاریبەخشی سووریا بوو کە لەلایەن ئێران و رووسیاوە پشتیوانی دەکرانو ئەرکی ئەو رێکخراوە کاتێک دەستی پێکرد کە هاوپەیمانی بەرەی سووریا- ئێران- رووسیا هەستی بە لەدەستچوونی سووریا لەلایەن ئەرتەشی رزگاریدەری سووریاو لایەنگری وڵاتانی رۆژئاواییو ئەمریکا کردو سازدانی سناریۆیەکی وەک "جبهەالنصرە"و داعش وەک لایەنێکی تیرۆریستی دەبوو بەهۆی کشانەوەی هاوکارییەکانی وڵاتانی رۆژئاواییو ئەمریکاو لەو رێگایەوە رژێمی ئەسەدیان پێ نەجاتدا.

٣- دریژە کێشانی شەری ناخۆ بوو بەهۆی وێرانی ئەو وڵاتەو بەو پیلانەی "جبهەالنصرە- داعش"ە، لایەنی نەجاتیبەخشی گەلی سووریا تووشی ماندووبون هاتو تا ئێستاکە دۆڕاوی مەیدانەکە گەلی ئازادیخوازی سووریایە. پاش ئەوەی لەلایەک وڵاتانی رۆژئاواییو ئامریکا لە دانی هاوکاری بەو لایەنە گەلیەی سووریا ماندوو بوونو لەلایەکی دیکەوە هاوپەیمانی ئەسەد- ئێران- رووسیا (بەرەی ناموقەدەس) بۆ دەرباز بوون لەو تەنگژەیەو نەجاتی پێگەیەکی ئیستراتژیکی وەک سووریا، پیلانو ریگەچارەیەکی دیکەیان دارشتو (دوور نییە) بە ئاگاداری لایەنە نەیارەکانی رێژیمی سووریا، بەرەی "ناموقەدەس"، عێراقو رژێمەکەی مالکیان کرد بێتە بەرتیلێکو بۆ چاو نووقاندنو رازی کردنی لایەنی تورکیو رۆژئاواییو ئەمریکی، لەسەر بەشی سوونە نشینی عێراق (کە لە راستیشدا نەیدەتوانی بیپارێزن)و هەروەها کوردستان کە لە هەوەڵەوە لەدەستی چەپەڵی بەرەی ناموقەدەس دوور بوە، سازش بکەنو سێناریۆی داعش بەرەو ئەوێندەرێ بەرێکەنو سووریا لە نائارامیو خەتەری لەدەست چوون نەجات بدەن.

گەرچی سووریا ئێستا لە وێرانەیەک دەچێ، بەڵام گرینگ "تەناهیە" لەو شوێنە ئەستەمە بۆ بەرەی ناموقەدەس، کە بەدەستیان هێناوە.

لەلایەک بەشی کوردستانەکەی کە لەدەست لایەنی دۆست دایە!و بەشی گرینگەکەی دیکەش لەلایەن رژێمەوە پارێزراوە. رەوشی ئەمنی هەرێمی کوردستان لە زۆوە ئامانجی کارە تێکدەرەکانی رێژیمی ئاخوندیو دەستو پێوەندەکانێتی!

هەر ئەو تەناهییە لەو بەشە لە عێراقدا! بوو بەهۆی دەستپێڕا نەگەییشتنی گروپە توندئاژۆو تیرۆریستییەکانو دوور کەوتنەوەی کوردستان لە ئاگری شەڕی ناوخۆ لەو وڵاتە قەیرانلێدراوەدا.

ئێستاکە سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان بە گرتنەبەری تاکتیکی دوور کەوتن لە شەڕی شیعەو سوونەو پاراستنی هەرێمی کوردستان، لەو کێشەیەدا توانیویەتی قورساییەکی باش بەدەست بهێنێتو دیارە ئەوە لەچاوی زلهێزەکانو لایەنە پێوەندیدارەکانی ئەو کێشمەکێشە شاراوە نییە.

دەمێنێتەوە بڵێین هێندێک لایەنی کوردی کە پێشتر گیرۆدەی داوی رێژیمی ئاخوندی بوون، دەبێ ئەمڕۆ بەخۆدا چوونەوەیەک بکەنو نەکەونە ژێر کاریگەریی "مەکری عەجەمەوە".

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز    رێکەوتی: ٢٠ی جوونی ٢٠١٤

## داعشی رەش و سپی!



**حەمەی کاکەعەبە**

وەک لای هەمووان ئاشکرایە داعش سونەی دەمامکدارن و لە لایەن سعودیە و تورکیا و قەتەرەوە بەڕێوەدەبرێن و هاوکاریی دەکرێن و وەک داشی شەترەنج دەیانجووڵێنن، تورکیا و وڵاتە عەرەبییەکانی کەنداو و ولاتانی رۆژئاوا بەرێوەیان دەبەن و هەر ئەوانیش هۆکار و هاندەری ئەو هەموو وڵاتە سونییە بوون و لە تورکیای عوسمانییان دابڕین واتە بانێک و دوو هەوا.. دروستکردنی چەند وڵاتی بچووک بچووک و بێ کاریگەری عەرەبی و تورکیایەکی پڕ کێشەی ناخۆ. ئەو سیاسەتە درێژکراوەی رێکەوتننامەی (سایکس بیکۆ) رێکەوتنی ئینگلیزە لەگەڵ (حەسەن بن شەریف)ی شەریفی مەککە.

ئەگەر هێندێک بە وردیی سەیری رووداوەکان و گۆڕانکارییەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم تاکو ئەمڕۆ بکەین ئەوە زۆر بە رۆشنیی بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو هێز و وڵاتە سونییانە چۆن لە بەرژەوەندیی هێزە رۆژئاواییەکان دەجەنگن.. ژیان و گوزەرانی سەرلەبەری کۆمەڵگەکان بە تایبەتییش هی خەڵکە هەژار و بێ دەسەڵاتەکانی ناوچەکەیان کردۆتە دۆزەخ و جەرگبڕاو و ماڵ سوتاویان کردوون.. وڵاتەکانیشیان کردوونەتە بازاڕێکی گەرمی شەڕ و چەک بۆ بەرژەوەندییەکانی نامرۆڤە سپی و چاو شینە دڵ رەشەکانی رۆژئاوا.

**لە چاوخشاندن بە مێژووی نەخشە سیاسییەکانی ئینگلیز و رۆژئاواییەکان سێ ئامانجی سەرەکیی بەدی دەکەین:**

**یەکەم**: نانەوەی دووبەرەکیی نەتەوەیی و پاشان ئاینیی.
**دووەم**: بێ کاریگەرکردن و بچووککردنەوەی شیعە و زاڵکردنی هزر و رامان و دەسەڵاتی سونە.. نموونەش پاشایەتی بەحرەین و ئێراق و... هتد.

**سـێیەم**: پارچەپارچەکردنی نەتەوەی کورد لە دوو قۆناغ و دوو شوێنی جیاوازدا؛ قۆناغی یەکەم دابەشکردن و ژێردەستەکردنی کوردان لە کوردستانی گەورەدا بۆ چوار بەش و ژێردەستەکردنیان لە لایەن دەسەڵاتدارانی تورک و عەرەب و فارس، قۆناغی دووەمیش ژێردەستەکردنی بەلوژەکان لە بەلوژستان کە دابەش کراون بەسەر وڵاتەکانی پاکستان و ئەفغانستان و ئێران (لە سەردەمی سەربەخۆیی پاکستان بە هاوکاریی بەریتانیا.. هەر لەو کاتدا بەلوژەکان شۆرشێکیان بۆ سەربەخۆیی خۆیان هەڵگیرساند بەڵام بەریتانیا وەک سیاسەت و کردەوەی هەمیشەیی خۆی دژ بە کوردان بە هێز و چەک پشتگیریی لە پاکستان کرد و کەوتنە لێدان و داپلۆسینی شۆڕشی بەلوژەکان.. دوای شەهیدکردنی پتر لە ٤٦ هەزار بەلوژ ئەو شۆرشەش وەک شوڕشەکانی دیکەی کوردان بە پیلانی ئینگلیزەکان لەناوچوو*.

لایەنێکی دیکەی ئەو شەڕەی رۆژئاواییەکان گەرمکردن و جۆشدانی شەڕی شیعە و سونەیە و خۆشیان لە پشتی هێزە ئەڵقە لە گوێیەکانن.. ئەوەش چەند بەڵگەیەکی زیندوون بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم قسەیەمان؛ بە تیرۆرست نەکردنی تالیبان و داعش و بێ دەنگیی لە بەرامبەر ئەو کردارە نامرۆیی و نایاساییانەیاندا کە ئەنجامیان دەدەن، کردنەوەی نووسینگە بۆ تالیبانەکان لە قەتەر و ئاڵوگۆڕکردنی دیلی نێوان ئەمەریکا و تالیبانەکان، بە تیرۆریست کردنی حیزبوڵای لوبنانی، دامرکاندنەوەی شۆرشی شیعەکانی بەحرەین و دەست بە دەست کردنی دەسەڵات لە یەمەن، دروستکردنی ٢٢ وڵاتی سونەی عەرەبیی پاشایەتی و بنەماڵەیی سونەکان، ژێردەسەتەکردنی شیعە و کورد لە هەموو وڵاتێکدا، لاوازکردنی هزر و رامانی شیعەگەرێتی لە سەردەمی پاشایەتییەوە تا شۆرشی گەلانی ئێران.

لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێرانیش جارێکی دیکە کورد و شۆرشەکەیان پەرتەوازە کرد و رێگەیان بۆ دەسەڵاتێکی شیعیی خۆش کرد بۆ بێ کاریگەرکردنی توودەییەکان و کوردەکان.. خۆشکردنی شەری شیعە و سونی کە شەڕێکی مەزهەبییە قۆناغی دووەمی سیاسەتی رۆژئاوایە، ئەگەر کوردان لە نێوان ئەو دوو بەرداش و ئەو دوو هەڵوێستییەدا یەک دەنگ و یەک هەڵوێست بن ئەوا ئەو بەستەڵەکی ژێردەستەیی و چەوساندنەوەیە دەشکێنن و دەبنە خاوەنی قەوارەی سیاسیی و سەربەستیی خۆیان.. ئەگەر نا ئەوە لە نێوان ئەو دوو بەرداشەدا چارەنووسیان لە هەڵەبجە و ئەنفال و کومەڵکوژیی دەرسیم و بنبزرکردنی بارزانییەکان باشتر نابێ، جا باشتر وایە هێز و لایەنە کوردییەکان هەڵوێستی خویان روون بکەنەوە دەبارەی ئەو رەوشەی کە ئێستاکە دروست بووە.. با گەلی کورد بۆی روون ببێتەوە کە هێز و دەسەڵاتی کوردی کامیان خاوەنداریتی لێ دەکا و کامیان خیانەتی لێدەکا.

دوو جۆر داعش هەن؛ یەکەم داعشی رەش و دووەمیش داعشی سپی، داعشی رەش ئەوانەن ئاڵا و دڵ و جلیان رەشە و ریشیان پانە کە ئەوە هێزە سەربازییەکەیانە، داعشی سپیش ئەوانەن کە دڵیان رەشە و ریشیان قەڵەمییە و بۆینباغ لە مل و



سەرچاوە
Serchawe

کراس سپین و ئاڵای هەمەجۆریان هەیە.. لە ناو کوردانیش هەردوو جۆرە داعشەکە هەیە؛ داعشی رەشی کوردی ئەوانەن کە لە بەرامبەر کوردەکانی رۆژئاوا دەجەنگن و ئێستاش چەک هەڵگری داعشن، داعشی سپیش ئەوانەن کە جنێو بە یەزید و زەردەشتیی خاوەن فەرهەنگی مرۆڤپەروەرانە دەدەن و خۆیان لە مێژوو و کەلتووری کوردی کەڕ دەکەن و لە ئاڵایەکانیشیاندا بچووکترین هێمای کوردی نییە و لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا (ئەی رەقیب) بە حەرام دەزانن بەڵام سەربڕین و سۆزانییخانەکانی ئەکەپە و ئۆردوگان و کەناڵە لیبراڵەکانی سەر بە رۆژئاواییەکان بە حەرام نازانن! ئیمامی عەلی دەڵێ لە نێوان هەق و ناهەقدا لەگەڵ هەق نەبی ناهەقە، بێ دەنگییش بەرامبەر داعش واتای شەرعیەتدانە بە داعش.

-----

پەراوێز:

* شایەنی باسە بەلوژەکان کوردن و خۆشیان شانازیی پێوەدەکەن.. بەلوژەکان پەرتووکێکی هاوشێوەی (شەرەفنامە)یان هەیە کە ناوی (کوردگەل نامە)یە و نووسەرەکەشی ناوی (ئاخوند محەمەد ساڵح زەنگەنە بەلوژ)ە.. وەک دەزانین خێڵێک بە ناوی زەنگەنە لە دەڤەری گەرمیان هەیە هەروا زۆر بەڵگەی دیکەش هەن دەیسەلمێنن کە بەلوژەکان کوردن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمڕۆ - ڕێکەوتی: ٣٠ی جوونی ٢٠١٤

## ئێران بەشار ئەسەدی لە سووریە پاراست، بەڵام خەریکە عێراق لەدەست دەدات



نەوید کەرەمی

بە هەڵگیرسانی ناکۆکیی و نائارامییەکانی ناوخۆی سووریە لە ساڵی ٢٠١١و نارەزایەتی خەڵکی ئەو وڵاتە و وەستانەوەیان بەرانبەر بە دەسەڵاتەکەی بەشار ئەسەد، ئێران بە هەموشێوەیەک پشتگیری و بەرگری لە بەشار ئەسەد کرد و تەنانەت سپای قودسی ئیران لەگەڵ سپای سووریەدا کەوتە شەڕی دژبەرانی بەشار ئەسەد و سپای ئازادی سووریە.

ئەگەرچی لە سەرەتادا ئێران حاشای دەکرد لەوەی کە یارمەتی بەشار ئەسەد بدات، بەڵام ئێستاکە بۆ هەمو جیهان ئاشکرا بووە کە ئێران چ لە رووی تاکتیکی شەڕ و چ چەک و چۆڵ و کەرەستەی شەڕ و چ هێزی سپای قودس، پشتگیری لە بەشار ئەسەد کردووەو لەو شەڕانەدا دژ بە ئۆپۆزیسیۆنی سووری و سپای ئازادی سووریە کاری کردووەو بۆ ئەو مەبەستە لە هەرجۆرە دیپلۆماسییەتێک و تاکتیکێک کەڵکی وەرگرتووە، کە تانەت ئەگەر پێویستیش بووبێ‌لەگەڵ شەیتان بووەتە هاوپەیمان.

بە پێی هەندێ زانیاری کە لەم سەرچاوانەدا
http://goo.gl/K٦rhZn و http://goo.gl/MXT١pY و www.naameshaam.org هاتوون، دەستی ئێران و سیاسەتی ئێران لە شەڕی سووریە بە روونی بەرچاو دەکەوێ. کە لە ئاکامدا بووە هۆی مانەوەی بەشار ئەسەد کە بە هاوپێمانی ئیستراتیژیک و ئیدئۆلۆژیکی ئێران پاش عێراق بە حیساب دێت.

بۆ ئەوەی زیاتر بچینە ناو باسەکە پێویست دەکات تا بە کورتی باسێک لە یەکێک لەو تاکتیکە چەپەڵانەی ئێران بۆ مانەوەی بەشار ئەسەد لە سووریە بکەین.

## بەشی یەکەم

ساڵی ٢٠١٠ی زایینی پاش روخانی دەسەڵاتی موبارەک لە میسر ئیخوان المسلمین کە لە گرووپە توندڕەوەکان بوو توانی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بە دەست بێنێت و محەممەد مورسی وەک بەربژێری ئەو حیزبە بوو بە سەرکۆماری میسر و بەو شێوە رەوتی نارەزایەتییەکان کە لە سەرەتاوە بۆ ئازادی و دیمۆکراسی بوون رەنگی ئیسلامی بە خۆیەوە گرت و گرووپە ئیسلامییەکان نەفەسێکیان تازە کردەوە و خۆیان خزاندە ناو ناکۆکییەکانی ئەو وڵاتانەی کە وەبەر شەپۆلەکانی بەهاری عەرەبی کەوتبوون.

یەک لەو وڵاتانە سووریەیە، کە لە ساڵی ٢٠١١ی زایینی خەڵکی بە دژ دەسەڵاتی بەشار ئەسەد هەستانەوەو هاتنە ناو شەقام، بۆیە گرووپە ئیسلامییەکان و یەک لەوان دەسەڵاتی ئیسلامی عێراق و شام (داعش) خۆیان گەیاندە سووریە تا بەشداری شەڕ دژ بەشار ئەسەد بن و بتوانن لە دەسەڵاتی داهاتوودا پشکێک بەدەست بێنن.

بەڵام لەو رووەوە کە لە فکرییەتی ئەو حیزبانەدا (ئیسلامگەراکان) لایەنێکی دیکە جگە لە خۆیان قەبووڵ ناکرێ‌لە هەر دەرفەتێکیش گورزێکیان لە بەرەی ئازادی سووریەش دەدا و شەڕی ئەو بەرەشیان دەکرد. توندوتیژی و مەترسی بە دەسەڵاتگەیشتنی ئەو حیزبە پاش رووخانی بەشار ئەسەد وڵاتانی غەربی و ئامریکایی لە دەستێوەردان لەو وڵاتە دڵسارد کردەوە، بەو شێوە دەستی کۆماری ئیسلامی ئاواڵەتر بوو بۆ پلانڕێژی و بەرگری لە دەسەڵاتی بەشار لە سووریەدا.

پاش کۆتایی هەڵبژاردنەکانی سووریە لە ٣ی ژوەنی ٢٠١٤ی زایینی (١٣ی جۆزەردانی ١٣٩٣ی هەتاوی)و دووبارە هەڵبژاردنەوەی بەشار ئەسەد ئەمجارە داعش رووی کردە عێراق و بە خێرایی توانی موسڵ دووهەمین شاری گەورەی عێراق و چەندین ناوچەی دیکە بگرێ‌و سپای عێراق بشکێنێ.

### بەڵام داعش کێیەو چۆن توانی بە خێرایی ئەو دەسکەوتانە لە عێراق بەدەستبێنێت؟

پێکهاتنی حکومەتی ئیسلامی عێراق بۆ ساڵەکانی ٢٠٠٣ پاش هێرشی هێزەکانی ئامریکا بۆ عێراق و رووخانی دەسەڵاتەکەی سەدام حوسێن دەگەڕێتەوە، ساڵی ٢٠٠٤ ئەم گرووپە فەرمی بوونی خۆی راگەیاند و هاوپەیمانی خۆی لەگەڵ ئەلقاعیدە دەربڕی و لەو کاتەوە بە ناوی ئەلقاعیدەی عێراق و پاشان بە ناوی حکومەتی ئیسلامی عێراق تێکۆشانی هەبوو.

ساڵی ٢٠١١ دوو رێکەوتی گرینگ بوونە هۆی هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ‌بۆ ئەم گرووپە ئیسلامییە، یەکەم چوونەدەرەوەی چەکدارانی هاوپەیمانان لە عێراق و ئەویتریان دەسپێکی شەڕی ناوخۆیی سووریە.



سەرچاوە
Serchawe

حکومەتی ئیسلامی عێراق لە ساڵی ٢٠١١ چووە سووریەو جێپێی خۆی کردەوەو بە کردەوەی تیرور و کوشت و بڕو توندوتیژییەکانی بە داخەوە شۆڕشی خەڵکی سووریەی بەرەو ڕووی شکست هێناو کارو کردەوەکانی بە سوودی بەشار ئەسەدو ئێران تەواو بوون.

ساڵی ٢٠١٣ حکومەتی ئیسلامی عێراق بوو بە حکوومەتی ئیسلامی عێراق و شام کە بە کورتی بە داعش دەناسرێ. لە ژانویەی ٢٠١٤ سوننەکانی ئەنبار لە عێراق بە نیسبەت سیاسەتەکانی مالیکی نارەزایەتییەکیان ساز کردو لە هەندێ لە بازارو شوێنە سوونەکانی رومادی و فەلوجە مانیان گرت، لەشکری عێراق هێرشی کردە سەریان و خێوەتەکانیان تێک دا، هەر ئەمە بووە بیانوویەک بۆ داعش تا بە بیانووی بەرگری لە مافی سوونەکان هێرش بکاتە سەر عێراق و لە کەمتر لە ١٠ رۆژدا توانی پارێزگای موسڵ، ئەنبار و نینوا و نیوەی صلاح الدین بگرێو بە تەواوی سپای عێراق لەو ناوچانە شکست پێبێنێ.

لێرەدا پرسیارێک دێتە کایەوە ئەویش: چۆن داعش لەو ماوە کورتەدا توانی وەکو قارچک لە عێراقدا گەشە بکات و هێزەکانی چەندین بەرانبەر ببن و چۆن سپایەکی گەورەی وەک سپای عێراق لە بەرانبەر چەندسەد تیروریستی داعش شکستیان خوارد؟

**لە عێراقدا ئەو پرسە زۆر جیاوازەو دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیێکی سەرەکی، لەوانە:**

١- هەڵوەشانەوەی ئەرتەشی عێراق پاش روخانی سەدام و هەبوونی رێژەیەکی زۆر کۆنەبەعسی لە عێراقدا کە لە دەسەڵاتی مالکی و سیاسەتەکانی ناڕازین.
٢- سیاسەتی نادروستی مالکی لە بەڕێوەبەری عێراق و پەراوێز خستنی سوونەکان.
٣- دەستێوەردانە ئاشکراکانی ئێران بۆ پاڵپشتی مالکی و چەوساندنەوەی سوونەکانی عێراق.
٤- ناکۆکی نێوان دوو مەزهەبی شیعەو سوونە لە عێراقدا ریشەی لە مێژینەی هەیە.
٥- هەبوونی هێزی سەرۆک عەشیرە سوونەکان.
٦- ...............

پرسەکە لەو رووەوە بۆ ئێران جیاوازترە لە سووریە، کە خەڵکانێکی ناڕازی زۆر و گرووپ و سەرۆک هۆزو سەرۆک عەشیرەتەکان لە بەرژەوەندی داعش و ئەو هێزانە کە بۆ مافی سوننەکان شەڕ دەکەن، هاتوونەتە مەیدان و هەروەها وڵاتانی سوننەنشین و بە تایبەت عەرەبستان کە بەهێزبوونی ئێران لە ناوچەدا راستەوخۆ بە زیانی خۆی دەبینێ پاڵپشتی

ئەو نارەزایەتیانە دەکەن.

## ئێران باڵدەکێشێت بە سەرعێراقی پاش سەدام حوسێندا!

وڵاتانی هاوپێمان لە ساڵی ٢٠٠٣ی زایینیدا دەسەڵاتی سەدام حوسێنیان روخاند و یارمەتیدەر بوون لە دامەزرانی دەسەڵاتێکی نوێ و عێراقێکی نوێ، بەڵام چەند هەڵەی تاکتیکی وەک هەڵوەشاندنەوەی ئەرتەشی عێراق و پەراوێز خستنی ئەو هەموو فەرماندەو ئەفسەرە بلیمەتانەی کە لە ئەرتەشدا کاریان دەکرد و هەروەها هاتنە سەرکاری مالیکی و پەرە ئەستاندنی دەسەڵاتی شیعە لە عێراق و پاش ئەوە دەستێوەردان و کاریگەری لە رادەبەدەری ئێران لەسەر کێشەو پرسە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە، بوونە هۆی دوور کەوتنەوەی عێراق لە رێچکەی دیمۆکراسی و بەرە بەرە دروست بوونی دیکتاتۆرێکی دیکە کە نوێنەرایەتی دەنگ و رای ئێران دەکات لە عێراق.

ئێستاکە هەموو ئەمانە بوونەتە هۆکار بۆ ئەوەی عێراق وەک بۆشکەیەکی باروتی لێ بێت و چاوەڕوانی جرقەیەک بکات، ئەو بیانوویە بە سەرکوتی خەڵکی مانگرتووی ئەنبار دەستی پێکرد و داعش هاتە نێو عێراقەوە، بەڵام ئەوەی کە ئێستا لە عێراقدا شەڕ دەکات و توانیویەتی بەو خێراییە چەندین پارێزگا وەک ئەنبار و موسڵ و نەینەوا و ... بگرێو بەرەو دڵی عێراق واتە بەغدا هێرش بکات، تەنیا سوپایەکی چەند سەد کەسی داعش نین، بەڵکوو وەک باس کرا هێزێکی رێکخراو و پۆشت و پەرداختی سوننەکانە کە بە مەبەستی ساقت کردن و روخاندنی دەسەڵاتی ویلایەتی مالیکی و شیعە لە عێراق وەڕێکەوتوون.

هەر لە ئێستاوە ئێران ترسی لێنیشتووە و کەوتووەتە پەلەقاژە بۆ بەرگری لە مالیکی، جارێک کورد بانگهێشتی تاران دەکات و جارێکی دیکە داوا لە ئامریکا دەکات تا ببنە هاوپێمان و شەڕی تیرۆر بکەن تا بەڵکوو یان لە رێگای کوردەکانەوە یان لە رێگای ئامریکاوە بتوانێئەو شۆڕشە سەرکوت بکات و هاوپێمانەکەی بپارێزێ.

هێزی کوردی کە پارێزەری نیشتمانی کورد و خەڵکی دانیشتووی کوردستانن بە هەموو پێکهاتەکانیانەوە زۆر بە سیاسەتێکی حەکیمانە پارێزگاری لە خاکەکەیان دەکەن و رایانگەیاندووە کە شەڕی سوننە ناکەن و ناشبن بە ئاڵەتی دەستی ئێران و لەو شەڕەدا تەنیا بەرگری لە خاک و خەڵکی کوردستان دەکەن.

لە ئاکامدا وا دێتە بەرچاو کە وەک هەندێلە چاوەدێرانی سیاسی دەڵێن لە داهاتوودا عێراق دەبێتە سێهەرێم و سوننەو



سەرچاوە
Serchawe

شیعە لە دوو هەرێمی جیادا لەیەک جودا دەکرێنەوەو ئەوجار دەسەڵاتێکی هاوبەش نێوان کورد و سوننە و شیعە لە عێراقدا بەڕێوە دەچێت. کە لە هەر حاڵدا چ عێراق ببێتە سێ‌هەرێم و چ سوننە بتوانێ‌بە تەواوەتی شیعە لە حوکمڕانی لا ببات چی دیکە ئێران وەکوو پێشوو ناتوانێ‌لە عێراقدا حوکمڕانی بکات و دەڕوات کە بەرژەوەندییەکانی ئێران لە عێراق تووشی شکست ببن.

ئەگەرچی سیاسەتەکانی ئێران لە سووریا توانیان ببنە هۆی مانەوەی بەشار ئەسەد، بەڵام لە عێراقدا خەریکە گەورەترین هاوپەیمان و ئیستراتیژیکترین وڵاتی ژێر چەپوکی خۆی لە دەست دەدات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠١٤

## دیاردەی داعش‌و گوتاری دەوڵەتی ئیسلامی



**ڕەحمان پیرۆتی**

داعش، درێژەپێدەری ڕێبازی گرووپی «تۆوحید و جیهاد»ە کە بەرەی بەرەنگاری لە عێراق، لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق پێکیهێنا. ئەو گرووپە چالاکییەکانی تەنیا بە هێرشکردنە سەر سەربازانی ئەمریکایی بەرتەسک نەکردەوە و بە هێرشی ئینتحاری، شیعە و مەسیحیەکانیشی کردە ئامانج. یەکەمین ڕێبەری «تۆوحید و جیهاد» ئەبومسعەب زەرقاوی، جیهادیی ناسراوی خەڵکی ئوردون بوو. لە سەردەمی زەرقاویدا، گرووپی «تۆوحیدو جیهاد» ڕێکخستنەکانی خۆی تێکەڵ بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە کردو بە «ئەلقاعیدەی عێراق» ناوبانگی دەرکرد. زەرقاوی لە ساڵی ٢٠٠٦ لە هێرشێکی هێزە تایبەتەکانی ئەمریکادا کوژرا و لەشوێن ئەو «ئەبوحەمزە ئەلموهاجر» بوو بە سەرۆکی «تۆوحید و جیهاد». هەر ئەو ساڵە «دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق» بە ڕێبەری «ئەبوعومەر بەغدادی» و چەندین ڕێکخراوی چەکداری شیعەی وەکوو «جەیشی ئەلمەهدی» بەدژی داگیرکاری ئەمریکا، دروست بوون.

«دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق» چەندین چالاکی وەکوو ئازادکردنی زیندانیانی «ئەبوغرێب»، هێرشکردنە سەر بانکی ناوەندی عێراق و وەزارەتی دادی ئەو وڵاتەی لە کارنامەی خۆیدا تۆمار کرد. ئەلموهاجرو ئەبوعومەر لە هێرشی هێزە هاوبەشەکانی ئێراق‌و ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٠ کوژران‌و «ئەبوبەکر بەغدادی» سەرۆکایەتی هەر دوو گرووپی گرتە دەست.

«دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق» لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئەبوبەکر بەغدادی چالاکییەکانی پەرە پێدا و لە بەهاری ٢٠١٣ بەدواوە وەکوو هێزێکی سەربازی دیار دەرکەوت. لەو کاتەدا، ئەو ڕێکخراوە چووە ناو بەرەی شەڕی ناوخۆیی سووریە. یەکێک



سەرچاوە Serchawe

لەو ڕێکخراوە چەکدارانەی بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە، «جیبهەی نوسرە» بوو کە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١١ وەکوو گرووپێکی سەلەفی ئیسلامگەرای سەر بە ئەلقاعیدە خۆی ڕێکخستبوو. دەوڵەتی ئیسلامی عێراق لەشوێن بنیاتنانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و «جیبهەی نوسرە» بەدوای دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی لە شام بوو. ئەو دوو هێزە سەرەڕای هەندێ جیاوازی، لە خاڵێکی بنەڕەتیدا بە یەک دەگەیشتن: بناژۆخوازی ئیسلامی جۆری سەلەفی. ڕیشەی سەلەفی ئەو دوو جەریانە لە لایەکو پێویستی یارمەتیدانی نیزامی یەکتر لە لایەکی تر، بووە هۆی ئەوە کە سەرەنجام لە ٩ی مارسی ٢٠١٣ ریزەکانی خۆیان یەکبخەنو «دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام» (داعش) دابمەزرێنن. ئەو ڕووداوە پاش ئەوە ڕوویدا کە هەر دوو ڕێکخراو، پێڕەوی کردنیان لە «ئەیمەن ئەلزەواهێری» ڕێبەری ئەلقاعیدە ڕاگەیاند.

تەقاندنەوەی ناوەندی ستادی هاوبەشی سووریە کە بووە هۆی کوژرانی وەزیری بەرگری ڕێژیمی ئەسەدو هەروەها تەقینەوە لە باشگای ئەفسەرانی ئەو وڵاتە، کاری هاوبەشی ئەو دوو ڕێکخراوە بوون. پاش چەند مانگ لە ڕاگەیاندنی یەکگرتنی ئەو دوو هێزە، «ئەیمەن ئەلزەواهیری» بە ڕەخنەگرتن لە هەڵسوکەوتی داعش، هەر شێوە پێوەندییەکی لەگەڵ داعش ڕەتکردەوە. لەمەودوا داعش لێبڕاوانە وەدوای ئامانجی دوایی خۆی واتا دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی و بەڕێوەبردنی یاساکانی شەرع لە عێراق و سووریە، کەوتووە.

خەباتی چەکداری جیهادی، ڕێبازی سەرەکی ئەو ڕێکخراوەیە و « دەوڵەتی ئیسلامی» یۆتۆپیاو ئارمانشاری ئەو ڕێکخراوە بۆ عێراقو سوریەیە. بۆ ئەم مەبەستەش، بەدژی هەردوو حکوومەتی شیعی نووری مالیکی لە عێراقو دەوڵەتی عەلەوی بەشار ئەسەد لە سووریە شەڕ دەکا. بەکار هێنانی ناوی «شام» کە ناوچەیەک بە پانتایی سووریە، ئوردۆن، لوبنان، ئیسرائیل، فەلەستین و بەشێک لە عێراق و سەحرای سینا لەخۆ دەگرێ، نیشاندەری شێوەی بیرکردنەوەو ئاواتی ئەو ڕێکخراوە بۆ گەڕانەوەی ناوچە بۆ سەردەمی دەسەڵاتداریتی خەلافەتی ئیسلامییە.

ئەو گرووپە وەکوو دەوڵەت هەڵسوکەوت دەکاو گرووپەکانی دیکە یا دەبێ لەگەڵ داعش تێکەڵ بن و یا ئەوەیکە هێرشیاندەکاتە سەر. لە حاڵێکدا کە گرووپەکانی دیکەی نەیاری ئەسەد لەشەڕی فەرسایشی دان، داعش خەریکی داگیرکردنی ناوچەکانی ژێرکۆنترۆڵی شۆڕشگێڕەکان دایە. لە ڕۆژهەڵاتی سووریە، داعش کۆنترۆڵی ناوچە نەوتییەکان، دامەزراوە پیشەییەکانو بەشێک لە سەرچاوە پرداهاتەکانی بەدەستەوە گرتووە. لە عێراق، ماوە بە ماوە پارێزگایەک داگیر دەکاو یاسا و پرەنسیپەکانی خۆی دەچەسپێنێتو دەوڵەتداری دەکا. فەللوجە، ئەنبار و موسڵ لە ماوەی رابردوو شوێنی تاقیکردنەوەی دەسەڵاتداریتی داعش بوونە.

هێزەکانی داعش بە چەند هەزار چەکدار مەزەندە دەکرێن  کە زۆربەیان پاشماوەی حیزبی بەعسی عێراقن‌و هەروەها لە ریزەکانی خۆیدا ژمارەیەک چەکداری پسپۆڕی لە وڵاتانی چیچین، لیبی، تونس، ئەفغانستان، پاکستان، ئۆردۆن و بەشێک لە وڵاتانی رۆژئاواییدا کۆکردۆتەوە. ئەو تەرکیبە تایبەتەو بەستێنی ئاڵۆزی عێراق‌و سووریە بووەتە هۆی ئەوە کە ئەو گرووپە پۆتانسییەلی نیزامی بەرچاو و توانای مانۆڕی زۆڕی هەبێ.  هێزەکانی داعش، بەباشی جموجۆڵ دەکەن، خاڵە لاوازو بەهێزەکانی ئەرتەشی عێراق بە باشی دەناسن، لە دابەشکاری ناوچە نیزامی‌یەکانی عێراق ئاگادارن، بۆ بەکارهێنانی چەکە پێشکەوتووەکانی راهێنانیان پێکراوەو لە سێ ساڵی رابردوودا لە سووریە ئەزموونی پێویستیان لە شەڕی مەیدانی‌و رووبەڕوو وەدەست هێناوە.

«داعش» هەنووکە لە سێ بەرەدا شەڕ دەکا: دژی گرووپە شۆڕشگێڕەکانی رکەبەریی خۆی لە سووریە، دژی رێژیمی بەشار ئەسەدو دژی ئەرتەشی عێراق.

## دژی هێزە رکەبەرەکانی لە سوریە:

سەرەڕای ئامانجی هاوبەشی داعش وەکوو هێزێکی ئیسلامگەراو ئەرتەشی ئازادی سووریە وەکوو هێزێکی سکولار بۆ لەدەسەڵاتخستنی بەشار ئەسەد، بەرنامەی جیاوازی هەر یەکیان بۆ داهاتووی سووریەی پاش ئەسەد، بووەتە هۆی ئەوە کە ئەو دوو لایەنە، وێڕای خەبات بەدژی هێزەکانی ئەرتەشی سووریە، لەگەڵ یەکتریش دەرگیر بن. ئەرتەشی ئازاد، کردەوە سەرەڕۆیەکانی داعش‌و هەروەها داسەپاندن‌و تەحمیلی شەریعەتی قبوول نییە. هەر بەو هۆکارەشە کە نەتەنیا لە وتووێژەکانی وڵاتانی دۆستی سووریە بەشدار نییە، بەڵکوو خراوەتە لیستی رێکخراوە تێرۆریستی‌یەکانی جیهانی‌شەوە. شەڕی داعش و ئەرتەش ئازاد لەگەڵ یەکتر، نەتەنیا خەبات دژی رێژیمی بەعسی سووریەی لاواز کردووە بەڵکوو بۆتە هۆی نیگەرانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەمەڕ ئەوە کە سووریەی ژێردەسەڵاتی داعش، هاوشێوەی ئەفغانستانی ژێردەسەڵاتی تالیبان دەبێ.

لە لایەکی‌تر، هێزەکانی داعش‌و بەرەی نوسرە بە تۆمەتبارکردنی «پارتی یەکیەتیی دێموکرات» بە سازان لەگەڵ رێژیمی بەشار ئەسەد ، زۆر بە خەستی پەلاماری ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی «پەیەدە» لە رۆژئاوای کوردستان دەدەن. لە حەسەکە، قامیشلۆ، عامودا، کۆبانی، سەرێکانی‌و ژمارەیەک شارو شارۆچکەی دیکە، هێزەکانی داعش بە ترس‌و تۆقاندن‌و ئەشکەنجەو جێ-بەجێکردنی یاساکانی شەریعەت حەولی خستنەژێر کۆنترۆڵی ئەو ناوچانەی داوە، بەڵام لە لایەن «یەکینەکانی پاراستنی گەل» بەرپەرچیان دراوەتەوە. جگە لەوە، داعش رکەبەری هێزە سەلەفییە جیهادییەکانی دیکەی ناو گۆڕەپانی

شەڕی نێوخۆیی سووریە دەکاو لەگەڵ «بەرەی نوسرە» لەسەر ناوچە ئازادکراوەکانی حەلەب، ئەدلیب و رقە لە باکووری سووریە تووشی پێکدادان هاتووە.

### دژی رێژیمی بەشار ئەسەد

داعش لە سووریە، لەگەڵ بەشێکی هەرەزۆری هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنو هەروەها هێزەکانی رێژیمی ئەسەد دەرگیرە. ئەگەرچی ئەو گرووپە ژمارەیەک شارو شاروچکەی کۆنترۆڵ کردووەو شاری «رەقەی» لە باکووری سورویە وەکوو ناوەندی کاتی حکوومەتی خۆی راگەیاندووە بەڵام لەراستیدا نەیتوانیوە چەندان سەرکەوتوو بێ. رەنگە هەر ئەوەش وایکردبێ کە روو لە بنکە سروشتییەکانی سەرهەڵدانی خۆی لە ناوچە سوننینشینەکانی عێراق بکاتەوە تا بە راکێشانی جەماوەر بۆ لای ریزەکانی خۆیو کردنەوەی رێگای تەدارۆکاتیو دابینکردنی چەکوچۆڵ، حەولی یەکخستنەوەی شەڕگەکانی لە سووریە و عێراق بدا.

### دژی حکومەتی عێراق

پاش رووخانی رێژیمی سەدام حوسێن، بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنو بەشداری چالاکانەی هێزە سکولارو سوننیمەزهەبەکانو هیوای ئەوان بۆ دابەشکرانی هاوسەنگی دەسەڵاتی سیاسیو پێکهێنانی دەوڵەتی هاوپەیمانی، چالاکی هێزە بناژۆخوازەکانو گروپە تێرۆریستیو پاشماوەکانی حیزبی بەعسی تا رادەیەک کەمتر کردەوە. بەڵام داگیرکردنی جومگەکانی دەسەڵات لەلایەن هێزە شیعەمەزهەبەکان، پیلانگێڕی بەدژی سەرکردە سیاسییەکان، هەڕەشەکردنو حەولدان بۆ یەکدەستکردنی حکوومەت بەتایبەتی لە سەردەمی نوری مالیکی وایکرد کە زۆرێک لە هێزە سیاسییەکانی خاوەن قورسایی بەتایبەت کوردو سوننیمەزهەبەکان بەرامبەر بە داهاتووی عێراقی هاوئاهەنگو رەشبین بن.

.....لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٣و سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ داعش هێرشی کردە سەر رومادیو فەللوجە، بەڵام دواتر لەگەڵ دژکردەوەی هێزەکانی ئەرتەشی عێراق رووبەڕوو بوو و کۆنترۆڵی لەسەر بەشێکی بەرچاوی ئەو ناوچانە لەدەست دا. بەڵام هێرشی ئەو دواییانەی بۆ سەر موسڵو داگیرکردنی ناوچە سوننینشینەکانو جوڵەیان بەرەو بەغدا نیشاندەری هاوپەیمانێتییەکی تاکتیکی نێوان زۆرینەی هێزە سوننییەکان، حیزبی بەعسو گرووپە ئیسلامییە بناژۆخوازەکانە. جگە لەوە بەشێک لە دەوڵەتانی ناوچە، لە سەرکەوتنی شیعەکان لە هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی عێراق ناڕازینو حەول دەدەن تا بە بەکارهێنانی داعشو کردەوەی توندوتیژ، کاریگەری لەسەر کەشی سیاسی عێراق دانێنو مالیکی لاواز بکەن.



سەرچاوە Serchawe

## بەشی یەکەم

### پێشڕەوی هێزەکانی داعش، بە چەندین هۆکاری بنەڕەتیە

**هۆکاری یەکەم؛** ناکۆکی سیاسییەکانو پەراوێزخرانی بەشێکی هەرەزۆری هێزە خاوەن پێگەکانی عێراقە، کە هەر یەکە بەرادەی خۆی حەولی کەمکردنەوە دەسەلاتی حکوومەتی ناوەندیو داکشاندنی هێژمۆنی هێزە شیعەمەزهەبەکان دەدەن.

**هۆکاری دووەم؛** پێکهاتەی هێزە ئەمنییەتی- نیزامییەکانی عێراق لەبەرامبەر تەرکیبی ڕێکخراوی داعش کە هەردووکیان لە هێزەکانی بەعس کەڵک وەردەگرن، بووەتە هۆی دروستبوونی درزو کەلێنی ئەمنییەتی.

**هۆکاری سێیەم؛** ناهاوئاهەنگی دوژمنانی ئەو گروپەیە. بە واتایەکی تر، یاساکانی دژەتێرۆر لەپاڵ هەندێ هۆگری فێرقەیی لە پێکدادانە نیزامییەکان لە ناوچە سوننییەکان، بووەتە هۆی دڵساردی خەڵکی سوننەمەزهەب لە دەوڵەتی ناوەندیو ئەوە بەستێنی لەبار بۆ یارگیری داعش دەرەخسێنێت. سیاسەتە ناکارامەکانی دەوڵەتی ناوەندی، بووەتە هۆی ئەوە کە سوننەمەزهەبەکان کە زۆرینەی ئەرتەش عێراق لەو ناوچانە پێکدەهێنن، خۆیان بۆ بەرگریکردنو شەڕکردن دژی داعش بەرپرسیار نەبینن؛ بەو هۆیە کە دەوڵەتی ناوەندی خراپتر لە دەوڵەتی ئیسلامی دەبینن. جگە لەوە، سەربازە شیعەکانی ناو ئەرتەشی عێراقیش ئامادە نین بۆ پاراستنی ئاسایشیو ئەمنییەتی ناوچە سوننەمەزهەبەکان گیانفیدایی بکەن. پاشەکشە و چۆڵکردنی یەک بەدوای یەکی بارەگا نیزامییەکان و لە ئاکامدا شار و شارۆچکەکان زیاتر بەو هۆکارە بووە.

**هۆکاری چوارەم؛** ڕوونی ئیدیۆلۆژیو ڕێبازی ئەوان بە بەراورد بە ڕێکخراوە سەلەفی-جیهادییەکانی دیکەی ناوچەیە. بانگەشەی داعش بۆ دامەزراندنی «دەوڵەتی ئیسلامی»و دروستکردنی چەترێک بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئوممەتی ئیسلامی، بۆ خەڵکانێکی زۆر سەرنجڕاکێشو پیرۆزە.

**هۆکاری پێنجەم؛** توانای ئەو گرووپە بۆ وەدەستخستنی بودجەی زەبەلاحە. ئەو گروپە جگە لە شیوازە باوەکانی وەدەستهێنانی داهات وەکوو وەرگرتنی باجو تاڵانکردن، بە هێرشکردنە سەر بانکە ناوەندییەکان تا ڕادەیەکی زۆر تێچووی ماڵی کردەوەکانی خۆی دابین کردووە.

### کاریگەری هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان

داعش لە پشتیوانی ماڵی، سەربازیو لۆجێستیکی قەتەرو عەرەبستانی سعودی بەهرەمەندە. عەرەبستانی سەعودی، عێراق

بە سەرەکیترین سنوری نێوان بەرەی شیعەو سوننی دەزانێ. پاش رووخانی سەددام حوسێن، کاتێک کە لە دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی پارلەمان لە ساڵی ٢٠٠٥، دەسەڵاتی سیاسی کە بۆ ساڵانێکی زۆر بەدەست کەمینەی سوننی لە عێراق بوو، کەوتە دەست شیعەکان، بەرژەوەندیو هێژمۆنی خۆی لە ناوچەدا لە مەترسی دیت. پەراوێزخرانی هێزە سوننیمەزهەبەکانو ئەو راستییە کە چیتر ناتوانن بڕیاردەری پرسە بنەڕەتییەکانی عێراق بن، دژکردەوەی توندوتیژو لایەلایە بوونی بڕیاری سیاسی ئەوانی لێکەوتەوە؛ کە سەرەتا بە هێرشکردنە سەر هێزەکانی رۆژئاوا وەدیار کەوت. ئەو دژکردەوە، ئەمریکا و هاوپەیمانانی وادار بە هاوکاری زیاتری هێزە شیعەمەزهەبەکان کرد کە لە پشتیوانی ئێران، وەکوو پێشەنگی بەرەی شیعەش، بەهرەمەند بوون. ئەو هۆکارانەو ئامادەبوونی «ئەلقاعیدە» لە عێراقو باڵکشانی ئیدیۆلۆژی بناژۆخوازی ئیسلامی بەسەر ناوچەکەدا، ناکۆکییە فێرقەیی-مەزهەبییەکانی خەستتر کرد کە بە دروستبوونی چەندین گرووپی جۆراوجۆر و یەک لەوان «دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق» رەنگی دایەوە.

ئێستا عەرەبستان پێشەنگایەتی بەرەیەک دەکا کە لەشوێن گورزوەشاندن لە هێژمۆنی ئێرانەو تێدەکۆشێ تا بازنەی ئێران، عێراق، سووریەو حیزبوڵلا تێکبشکێنێ؛ بەو پێیە لە هەر تەقەللایەک بۆ شکستپێهێنان بە هەر یەک لە ئەندامانی ئەو بازنە سڵ ناکاتەوە. جێی ئاماژەیە کە عەرەبستان بۆ ئەم مەبەستە، زۆر جار بە پێچەوانەی رێنوێنییەکانی ئەمریکا بۆ ناوچە، کاری کردووەو تەنانەت هەندێ جاریش تووشی تەزادی بەرژەوەندی بوون؛ لە راستیدا عەرەبستان چاوەڕوانی پشتیوانی هەمەلایەنەی حکوومەتی واشێنگتۆن لە ئۆپۆزیسیۆنی سووریە و لێدانی گورزی سەربازی لە بەشار ئەسەد بوو کە حکوومەتی ئۆباما کاری بۆ نەکرد.

قەتەر، لەلایەک خەریکی رکەبەری لەگەڵ عەرەبستان بۆ رێبەریکردنی بەشێک لە هێزەکانی بەرەی سوننییە و لەلایەکیتر نایهەوێ راستەوخۆ لەگەڵ ئێران دەرگیر بێ. سیاسەتی قەتەر، سیاسەتێکی هەلپەرەستانەیەو لە رێگەی دابینکردنی تێچووە ماڵییەکانی ئەو پێکدادانانە حەولی زیادکردنی کاریگەریو کارتێکەری خۆی دەدا. سیاسەتێک کە کەم و زۆر لە لایان تورکیەشەوە پێڕەوی دەکرێ.

بە سەرنجدان بە ریشەکانی ئیسلامی سەلەفی و بانگەشەی گەڕانەوە بۆ سەردەمی خەلافەتی ئیسلامی – بە پێچەوانەی شیعەکان کە زیاتر دەڕوانە داهاتوو و چاوەڕوانی هاتنی «مێهدی» دەکەن، تیۆری رێکخستنو پشتیوانی لێکرانیان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە زۆر بە جیددی وەرناگیرێ؛ بە تایبەت کە هەرێمی ئیددیعایی داعش بۆ دەوڵەتی ئیسلامی ناوچە شیعەنشینەکانی عێراقو باشووری لوبنانیش لەخۆدەگرێ.

**بەشی یەكەم**

لەراستیدا ئێران بە هەموو شێوەیەک پشتگیری لە دەوڵەتی عێراق بە سەرۆكایەتی هێزە شیعەمەزهەبەكان دەكا. لاوازبوونو رووخانی دەوڵەتی عێراق بە رێبەری شیعەكان، و ئەگەری دابەشبوونی ئەو وڵاتەو ئامادەبوونی گرووپی سوننی سەلەفی لە سنوورەكانی ئێران، تێكڕا جێی نیگەرانی ئێرانن، جگە لەوە هەندێ ئاماژە لە داعشەوە باس لەوە دەكەن كە پاش عێراق، ئێران دەكرێتە ئامانج. بەڵام دۆخی نێونەتەوەییو مەترسی دژكردەوەی هەندێ لە ركەبەرە ناوچەییەكانی كۆماری ئیسلامی، ئیحتمالەن لە هەلومەرجی ئێستادا دەبێتە كۆسپی سەر رێگەی بەشداری راستەوخۆ و بەرفراوانی نیزامی ئێران لە عێراق. جگە لەوە بەشێک لە رێبەرانی سیاسی، بارودۆخی عێراق بە تایبەتی لە سەردەمی سەرۆكایەتی نووری مالیكی، ئاكامی دەستێوەردان و سیاسەتە هەرێمییەكانی ئێران دەزانن‌و پێشوازی لە دەستێوەردانی زیاتری ئێران ناكەن. بە هەموو ئەوانەشەوە، چاوەڕێ دەكرێ كە یارمەتییەكانی ئێران بۆ عێراق، پشتگیری لۆجێستیكی زانیاریو سیاسی لە دەوڵەت‌و هەروەها پاڵپشتی تەسلیحاتیو رێنوێنی نیزامی بۆ چەكدارانی شیعەو ئەرتەشی عێراق لەخۆ بگرێت.

ئەمریكاش بە پارێزەوە رایگەیاندووە كە پاڵپشتی لە خەڵكو حكوومەتی عێراق دەكات. ئەو وڵاتە پاش ئۆپەراسیۆنی «ئازادكردنی عێراق» لە ساڵی ٢٠٠٣ و دەرگیربوونی چەند ساڵە لەگەڵ كێشە ئەمنییەتییەكانی عێراق، لە ساڵی ٢٠١١ بەشێكی زۆر لە هێزەكانی خۆی لەو وڵاتە كشاندەوە، بەڵام بە گرێدانی چەندین گرێبەستی نیزامی بۆ پاڵپشتی نیزامیو فرۆشتنی چەكوچۆڵ، هەروا دەرگیری پرسە ئەمنییەتییەكانی عێراق ماوە. باراک ئۆباما، سەرۆک كۆماری ئەمریكا، وێڕای جەختكردن لە پشتیوانی ئەمریكا بۆ عێراق ، داوای لە هەموو گرووپە نەتەوەییو مەزهەبییەكان كردووە بۆ چارەسەری ئەو قەیرانە لە یەک بەرە دابن. واشنگتۆن لەوانەیە ئەگەر ناچار نەبێ، نەیەوێ راستەوخۆ خۆی تووشی ئەو سەرئێشە بكات.

بەشێک لە چاوەدێران رایانگەیاندووە كە بە سەرنجدان بە داشكانی هێزەكانی ئەرتەشی عێراق لە بەرامبەر كردەوەی گرووپی داعش، ئاڵترناتیڤی مەنتیقی پاشەكشەپێكردنی داعش، كەڵكوەرگرتن لە ئەزموونو توانایی هێزی پێشمەرگەی كوردستانە كە هەم تەجروبەی شەڕی پارتیزانیو سەنگەر بە سەنگەریان هەیەو هەم شارەزای ناوچەكەن. بەڵام بە سەرنجدان بە شێوە سیاسەتی حكوومەتی هەرێم‌و ئاستی پێوەندییەكانی لەگەڵ واشێنگتۆن، بەغداو تاران پێشبینی ناكرێ هێزی پێشمەرگەی كوردستان راستەوخۆ دەرگیری شەڕی داعش بێ مەگەر ئەوەی كە بكرێتە ئامانج. هێرشی داعش تا ئێستا سوودی بە چارەسەری مەسەلەی ناوچە كورستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی حكوومەتی هەرێم گەیاندووە و ئەگەر بڕیار بە بەشداری هێزی پێشمەرگەی كوردستان لە شەڕ بەدژی داعش دابێ، پێویستە لەبەرامبەر پوان و ئیمتیازی بەهێز وەكوو دانپێدانانی حكومەتی بەغدا بە پرسی هەناردەكردنی نەوت و چارەسەری مادده لەبیركراوەكانی یاسای بنەڕەتی عێراق و یەک لەوان ماددەی ١٤٠ بێ.

**ئاکامبەندی**:

له راستیدا، مەسەلە ناوخۆییو دەرەکییەکانی عێراق له گشت رەهەندەکانی سیاسی، ئەمنییەتیو ئابووری ئەو تێکەڵاوێک له بەرژەوەندی زۆرێک له وڵاتانی ناوچە، بەتایبەتی دراوسێکانو بەشێک له ئەکتەرانی نیودەوڵەتییە. لەلایەک حیزبەکان، گروپەکان و هێزە ناوخۆییەکان له عێراق چ مەزهەبی، قەومی و نەتەوەیی لەگەڵ ئەکتەرانی دەرەکی پێوەندییان دروست کردووە و کارتێکەرییان لێوەردەگرن. هەر بەو هۆکارەشە، کە له بارودۆخی ئێستادا ناتوانرێ سیاسەتێکی گشتگیری تەواو سەربەخۆ و لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هەموو پێکهاتەکانی عێراق بگیردرێتەبەر.

ئەگەرچی پێکدادانەکانی نێوان داعشو هێزە دژبەرەکانی لەوپەڕی گەرماوگەرمی خۆیان دان، بەڵام پێشبینی ناکرێ کە چالاکییەکانی ئەو گروپە له مانگەکانی داهاتوودا بە تەواوێتی کپ بکرێ، بەو هۆیە کە ئەو پرسە بەستراوەتە بە ناکۆکییە سیاسییەکانی عێراقو مەسەلە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان. هێرشی داعش، خاڵێکی وەرچەرخان بۆ دەرگیری بەرەی شیعە و سوننییە. بە هەر شێوە، ئەگەر هێرشەکانی داعش رانەوەستێندرێنو له ناوچەکانی ژێر هێژمۆنی خۆیاندا دەر نەکرێن، دەوڵەتی عێراق تەواو دەکەوێتە مەترسییەوە. بوونی قەیرانی سووریە و عێراق، دەتوانێ ئەگەری پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتوو له ناوچەکانی رۆژهەڵاتی سووریە و ناوچەکانی رۆژئاوای عێراق، واتا هەمان یۆتۆپیای جیهادییەکان، بەهێز بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠١٤

## کورد لەنێوان داعش و مالیکیدا چی دەستەبەر ئەکات ؟



بێستوون تۆفیق حەمەلاو (بێستون هەورامی)

هێرشی چەکدارانی داعش بۆسەر سوپای ئێراق لەپارێزگای موسڵ و تکریت و هەندێک لەقەزاو ناحیەکانی کەرکووک وێڕای ئەوەی بە ڕاگەیەندراوێکی داعش و فتواکەی ئایەتڵڵا (علی سیستانی) شەڕی تائیفی سوننەو شیعەی گەڕاندەوە بۆ سەردەمی کوشتنی نەوەکانی پێغەمبەرو لەهەمانکاتدا کاردانەوەگەلێکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا هێناو تابلۆی چەند سیناریۆیەکی جۆراوجۆری وەک: دابەشکردنی ئێراق بۆ سێهەرێمی کورد، شیعە و سوننە ئەم ئاماژەیە زیاتر بەبیرۆکەی جۆزیف بایدن ناودەبرێ، دابەش کردنی ئێراق بۆ سێهەرێمی کۆنفیدراڵ و مانەوەی بەغدا وەک ناوەندێکی بڕیاردان نەک بەو دەسەڵاتە دەستوری و یاساییەی ئەمڕۆوە یان دابەش کردنی ئێراق بۆ سێدەوڵەتی سەربەخۆی کورد شیعەو سوننە، یان مانەوەی ئێراق بەم شێوازەی ئەمڕۆ بەڵام بە کەم کردنەوەی دەسەڵاتەکانی مالیکی و هاوبەشی بونێکی راستەقینە کۆی پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە لەهەموو ماف و ئەرکێکدا.

هێنایە بەرباس و پێموایە کێشانی هوتافی (یەک پارچەی ئێراقی)ش بەسەرچوو، کە لایەنە کوردییەکانی هەرێم لەدوای پرۆسەی ئازادی گەلانی ئەم وڵاتەوە هەتا ئیستا لەلایەنە عەرەبییەکان باشتر سینەزەنیان بۆ دەکرد، بۆیە لەم نێوەندەدا نابێبیر لەمیانگیری ئەم شەڕە تائیفە بکەینەوە لەسەردەستی خۆمان چونکە رەگێکی قووڵ و لە مێژینەی هەیەو لەدوای پرۆسەی ئازادی گەلانی ئەم وڵاتەوە رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو بەرپابونێکی ئاشکرا هەنگاودەنێ، بۆیە جێگای خۆیەتی قسەی کورد ئیتر لەبارەی سەرخستنی کام لەو سیناریۆیانە بێبە پێناسەی سیاسەت، یان چی بکەین بۆ ئەوەی ئێراق بەرەو ڕاگەیاندنی سێدەوڵەتی سەربەخۆدا بەرین هەرچەندە لەم کاتەدا لەباکوور پرۆسەی ئاشتی بەردەوامەو لەڕۆژئاوا بەکۆی سەرنج و تێبینیەکانەوە سێکانتۆن ڕاگەیەندراوەو لەڕۆژهەڵاتیش سەرەڕای سزا ئابورییەکان بۆسەر ئێران، گەلانی ئەو وڵاتە بێدەنگیان هەڵبژاردووەو لەباشوریش هەرێم شانسی بەرفراوان بوون و دەسکەوتی زیاتری بۆ هاتووەتە پێش و ئەوەش

## بەشی یەکەم

مایەی خۆشحاڵییە کۆی لایەنەکانی چوار پارچەکەی کوردستان لەبارەی سەرکەوتنی هەر سیناریۆیەک لە ئێراقدا یەکبونێکی نەتەوەییان لەبارەی هەرێمەوە هەیە ، بەڵام ئەوەشمان لەبیرنەچێ‌وڵاتانی کارئەکتەری ناوچەکە ڕۆڵێکی کارا لەدیاری کردنی چارەنووسی ئێراق بۆ هەریەکێک لەو سیناریۆیانە ئەگێڕن و ئەو وڵاتەش لەم ناوچەیەدا زۆرترین سوودو بەرژەوەندی لەیەک پارچەیی ئێراقدا هەیە.

بێگومان ئەم کارئەکتەرە، کۆماری ئیسلامیی ئێرانەو چاوەڕێش دەکرێ‌هاوکاری سیخوڕی و سەربازی پێشکەش بەمالیکی بکات و هەروەها لەهەوڵی ئەوەشدایە دوڕیانێکی بەشداری پێکردنی هێزی پێشمەرگە لەشەڕی داعشدا لەنێوان( پارتی و یەکێتی )دا دروست بکات!! بەوپێیەی هەم ئێراق لەپارچە پارچە بون بپارێزێ‌و هەمیش مالیکی لەو ڕەوشەی تێیکەوتووە دەربازی بکات ، بەبڕوای من لەم کاتەدا تەنها ڕەوانەکردنی هێزی پێشمەرگە بۆ دوا بستی خاکی کوردستان و قایم کردنی سەنگەرەکانیان بەسە بۆ ئەوەی بزانین لەداهاتودا چیدیکە دیتە ئاراوەو بەپێی ڕوداوەکان هەڵسوکەوتی زیاتر بکەین و لەواقعی حاڵیشدا ئەبێ‌لەهەوڵدابین بۆ ئەوەی لەوکۆنسرێتە دیپلۆماسییەدا واچاوەڕوان دەکرێت لەنێوان وڵاتانی ناوچەکەو ئەوروپاو ئەمریکادا ئەنجام ئەدرێ‌ژەنیارێکی باش بین و هەنگاوی یەکەمی ئەو کۆنسرێتە ئەوەیە کەدەستێوەردانی حکومەتی تاران لەکاروباری ناوخۆی ئێراق و هاوکاری وڵاتانی ئەهلی سونە بۆ چەکدارانی داعش کۆتایی پێ‌ بهێنرێ‌و لەم نێوەندەشدا هەڵوێستی وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا لەبارەی ڕەوشی ئێراقەوە ناڕونییێکی پێوەدیارەو لەدوڕیانی یەک پارچەیی و دابەشبوونی ئەم وڵاتەدا لێدوانی هەمەجۆر ئەدەن؟!

بەبڕوای من پێویستە سەرکردایەتیی کورد لەهەرێم بانگهێشتی لایەنەکانی چوارپارچەکەی کوردستان لەمەڕ خستنەڕوی ستراتژییەک بۆ داهاتوی کورد لەئێراقی دوای ئاڵۆزییەکان و یاخود لەئێراقی درێژکێشی ئاڵۆزیەکاندا گفتوگۆ یەکی چڕ لەبارەی کۆی سیناریۆکانی داهاتوی ئەم وڵاتەوە بکەن، چونکە پێموایە ئەوەی بەکەمترین بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ ناوەندەکانی بڕیاردەر لەچارەنوسی ئێراق بۆهەر سیناریۆیەک ئەمێنێتەوە گەلی کوردەو ئەوەش لەسەر ئەرزی واقع و لەئێراقی ئەمڕۆدا هاتووەتە بون بەشێک لەسیاسەتکاران پێمان ئەڵێن: سەرەتای هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی لۆزانە هەرچەندە پێموایە بۆ ئەم ئاماژەیە کات زۆری ماوە، بەڵام لەدونیای سیاسەتی بەرژەوەندخوازانەی ئەمڕۆدا دەکرێ‌واش لێی بڕوانین . ئەوەش لەم دوا وێردەی بابەتەماندا وەک پرسیارێک چ ئاراستەی سەرکردایەتی کوردو هەروەها لەبەرخۆیمانەوە لێکی بدەینەوە ئەوەیە ئایا: کورد لە نێوان داعش و مالیکیدا چی دەستەبەر ئەکات؟.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ٢٤ی جوونی ٢٠١٤

## نەتەوەی کورد و کوردستانیان و داعش!



**جەماڵ عەڵیالی**

ئەو رۆژانە پانتای سیاسی مێزۆپۆتامیا بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بۆتە جێ ڕاوگەی داعش، گرووپێکی نەک بچووک کە داخوازی دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامە لەو شوێنە کە زۆربەی پانتایی مێزۆپۆتامیا دەگرێتەوە خۆی.

ئەم گرووپە لای وایە کە هەر بەو زووانە ڕۆژی "حەشر" دەکرێ و هەرچی حەشیمەتی سەر زەویە لەوێندەرێ کۆ دەبنەوە بۆ ئەوەی کە بە سەر پردی سیراتدا تێپەڕن هاوکات کە خواوەندگار حوکمیان دەدات. بابەتێکیتر کە لەوبوارەدا گرینگی تایبەتی هەیە، بیر و باوەڕی داعشە. بە لای داعش تەنانەت هیچ چاک و پیر و زیارەتگا بۆی نیە بمێنێتەوە چونکە ئەوە شەریک دۆزینەوە بۆ خواوەندگارە، کەواتە لە ئەگەری بە حوکم گەیشتنی داعش، لەوانەیە زیارەتگایەک بۆ دەرمان نادۆزرێتەوە هەڵبەت ئەگەر لە سەر بیر و باوەڕی خۆیان بمێننەوە. دیارە خوێندنەوەیەکی مێژوویی لە سەر پەرەسەندنی ئایدیۆلۆژییکان لە پرۆسەی بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگا بێ کەلک نیە بەڵام ئەو خاڵانە هیچیان دەرمانی سەرئێشەی ئێستاکە نین و با جارێ خۆی لێ بپارێزین، گرینگ ئەوەیە کە کورد لەو ناوەدا چ بژاردەیەکی لە ئەگەری هەڵایسان وپەرەگرتنی ئاگری شەڕ دەگەڵ داعش دەبێت.

لە ئاکامی ئەو باوەڕەی داعش، حکومەتی ئێران بە مافی خۆی دەزانێت کە هاوکاری عێراق بکات لە دژی داعش، هەر نەبێ بۆ پاراستنی زیارەتگاکانی سامەرا و نەجەف و کەربەلا... هەر ئەو مافە بە چەشنێکیتر بۆ تورکیا هەیە. کەواتە ئەو دوو داگیرکەرە بە هێزە دەتوانن لە دۆخەکە کەلک وەرگرن و بە تیرێک دوو نیشان بپێکن، هەم لە داعش بدەن و هەم لە کوردستان بدەن. سوریا و عێراق وەکوو دوو هێزی داگیرکەر، لاوازن و هەر بەو هۆیەوە زەحمەتە بتوانن لەو بوارەدا

کاریگەریان لە دەست بێت ئەگەر بێتو پشتیوانی ڕاستەوخۆی زلهێزەکانیان نەبێت، دابینکردنی پشتیوانی پێویست بۆ ئەو مەبەستە، بۆ سوریا و عێراق لە کات و ساتی ئەوڕۆدا هاسان نیە.

لێرەدا نەتەوەی کورد تەنیا یەک بژاردەی بۆ دەمێنێتەوە. ئەو بژاردەیە زۆر نەخوازراوە بەڵام ئەگەر نەتەوەی کورد بە گشتی و سازەکانی سیاسی بەتایبەت، لە سەر یەکبوون بو بەرژەوەندیی نەتەوەیی هاوهەنگاو بن، ئەو کات بژاردەکە نەخوازراو نامێنێتەوە و بگرە دەبێتە بە وزەیەکی لە ناکاو و پڕتاو. تێگەیشتنی مەسەلەکە زۆر زەحمەت نیە، هەر چوار هێزی داگیرکەر دەگەڵ دوو جۆرە ناکۆکی لە ململانیدان، یەکەم ناکۆکیەکانی ناو خۆیی، دووهەم ناکۆکییەکانی ناوبەینی ئەو چوار داگیرکەرە. پێویستە هێزەکانی کوردی پێداگری لە سەر ئەو دوو جۆرە ناکۆکیانە بکەن و لە وزەی ئەو ناکۆکیانەی ناو و نێوان داگیرکەرەکان کەڵک وەرگرن لە پێناو دابینکردنی وڵاتێکی ئازاد و دێمۆکراتیک. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە تەنیا یەک کەرەستە پێویستە ئەویش "یک گوتاری" گشت لایەن و تاکەکانە، واتە یێکێتیی نەتەوەیی، هەر بە شێوازی داگیرکەرکان کە لە سەر پاکتاوکردنی نەتەوەی کورد یەک گوتارن. لایەنێکیتری ئەو کەرەستەیە ئەوەیە کە سەنگ و بارتەقایی کوردستانیان لە ئاستی ناوەدوڵەتیدا بە گۆڕەیەکی بەرچاو بەرز دەکاتەوە، تا ئەو رادەیە کە تەنانەت کۆمەڵگای ناودەوڵەتیش چ چارەیەکی جگە لە دانپێنان بە نەتەوەی کورد بۆ نامێنێتەوە، بەرهەمی ڕاستەوخۆی ئەو هەڵوێستە جگە لە هەڵوەشاندنەوەی "لۆزان"ە نووسراو و نەنووسراوەکان نیە.

دۆخی هەنووکەیی مێزوپوتامیا ئەرکێکی تایبەتی دەخاتە سەر شانی نەک هەر نەتەوەی کورد بەڵکو سەرجەمی کوردستانیان، بە تایبەت سەرۆکایتی سازەکانی سیاسی کورد. با لەوە گەڕێین چۆن حەشیمەتی سەر زەوی لە سەرەتاوە تا ئێستا (لە وانەیە سەر لە ٤٠-٥٠ ملیارد بدات) ڕادەگۆێزرێنە مێزۆپوتامیا! با لەوەش گەڕێین چۆن ئەو حەشیمەتە زەبەلاحە دەگوازرێتەوە مێزۆپوتامیا! لە بری ئەوە با هەر کەس لە خۆی پرسیار بکات: "من وەکوو تاکی ئازاد ئێستا چم پێ دەکرێ؟"

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٤ی جوونی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## داعش لەنێوان ململانێکانی ئێران و تورکیادا



**سەروەت هەڵەبجەیی**

هێرشی پیلان بۆ دارێژراوی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش بۆ سەر شاری موسڵ و بەشەکانی دیکەی خاکی عێراق و بەپەلەدەست بەسەرداگرتنیان بوو بەهۆی سەرسوڕمانی زۆربەی وڵاتانی جیهان بەتایبەت دوو وڵاتی ئێران و عێراق. ئەم ڕێکخراوەتیرۆریستیە،کەبەیەکێک لەشوێن کەوتووەکانی قاعیدەی تیرۆریست دەناسرێت نمونەیەکی ڕونی کێشەکانی ئێستای جیهانی ئیسلامەکەتەنانەت لەزڕبابی خۆیشی واتەئەیمەن زەواهری و ڕێکخراوی تیرۆریستی قاعیدەملکەچی دەکات و لە پیلانەتیرۆریستیەکان کەوتووەتە پێشی ئەوانەوە.

سەرای ئەوەی کە موسڵمانەکان و زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی بۆ پێناسەو ناساندنی ئیسلامێکی ڕاستەقینە،کەلەسەر هاوکاری و تەبایی و پێکەوەژیانی ئاشتیانەبنیات نراوەهەوڵی زۆریان داوە، بەڵام بەداخەوە تیرۆریزمی وەپاڵدراوی ئیسلام یەکێک لەکێشە هەرە گرنگەکانی سەدەی ئێستای جیهانەکە زائیدەی تێگەییشتنێکی توندڕەوانەو مەتسیدارەلەئیسلام. هەرچەندە ڕەگ و ریشەی ئەم گروپە توندڕەوو مەترسیدارە دەبێت لەبیرو هزری بەرنامەدارێژەرانی فەرهەنگی، سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتە زلهێزەکانی وەک ئەمریکا و بەریتانیا شوێنگێری بکرێت، بەڵام هەندێ لەوڵاتان و ئەوانەی کەخۆیان بەڕێبەری ئیسلامی دەزانن لەم بوارەدا دەستێوەردانیان هەیەو کاریگەرییەکی نەرێنییان لەناساندنی ڕواڵەتێکی مەترسیدار لەئیسلام دا هەبووە.

هەندێک لەوانەی کەخۆیان وەک ڕێبەری جیهانی ئیسلام پیشان دەدەن بەکردەوە سەلماندویانە کە ئیسلام خوازراوی ئەوان لەگەڵ ئەو ئیسلامە ڕاستەقینەی سەردەمی پێغەمبەری ئازیز (د.خ) جیاوازی و دژایەتی زۆری هەیە. نمونەیەکی هەرەڕوونی ئەم چەشنە ڕێبەرانە لەو لاتانی عەرەبستان، قەتەر و تورکیا بەدی دەکرێت. دوای ڕێکخستنی ڕێکخراو و

گروپە تیرۆریستیەکان لەجیهانی ئیسلام وەک قاعیدەو تاڵیبان بوو کەپێویستی بەرەنگار بوونەوەی بنەڕەتی لەگەڵ ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییانەکەوتە ڕیزی چالاکیی هەندێک لەوڵاتانی ئیسلامی.

بەرەنگار بوونەوەو دژایەتیکردنی ئەم گروپە تیرۆریستییانە دەکرێت لەچوارچێوەی بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێز و وڵاتانی ئیسلامی لێکدانەوەی بۆ بکرێت. وڵاتانێ وەک ئەمریکا و بەریتانیا تا ئەو کاتەی کەبەرژەوەندی خۆیان و هاووڵاتیانیان لەمەترسیدا نەبێت بەئاشکرا و نهێنی پاڵپشتی ئەم چەشنەگروپانەدەبن. وڵاتانی ناوچەی باشوری ڕۆژئاوای ئاسیا و ئیسلامی وەک عەرەبستان، قەتەر و تورکیا لەماوەی چەن ساڵی ڕابردوودا بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ناسراو بەبەهاری عەرەبی نەک تەنیا ڕووبەڕووی ئەم گروپە تیرۆریستییانە نەبوونەتەوە بەپێچەوانەوە وەک ئامرازێک بۆ بەدەسهێنانی بەرژەوەندیەکانیان کەڵکیشیان لێیان وەرگرتووە. کێشەی سوریا و سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی لەم وڵاتەدا دەبێت بەیەکێک لەگەورەترین و مەترسیدارترین سیاسەتەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و هەندێ لەوڵاتانی ناوچەکەوەک عەرەبستان، قەتەر و تورکیا بزانین.

لەساڵی ٢٠١١ کە ئاڵۆزیەکانی سوریا پێی ناوەتە قۆناغی شەڕ و تێکەڵچونی گروپە تیرۆریستیەکان لەگەڵ ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد، سوریا بوو بەمۆڵگەی تیرۆریستە نێودەوڵەتیەکان و شوێنی پێکهاتنیان بەپاڵپشتی ئەو وڵاتانەی کەناوم برد.

هەرچەندە کە ڕژێمەکەی بەشار ئەسەدیش بەخوێن ڕێژ و بەدوور لەبنەماکانی مرۆڤایەتی و دیموکراسیەت دەزانم. لەنێو ئەو هەموو گروپە تیرۆریستییانەکە لەئێستادا لەسوریا کاری ڕێکخستنیان بۆ دەکرێت داعش وەکوو مەترسیدارترین و گەورەترین گروپی تیرۆریستیەکە دژ بەوڵاتی ئێران و هاوپەیمانەکانیەتی. لە دژایەتیکردن و بەربەرەکانێی ئێران و عەرەبستان بەتایبەت لەچەن دەیەی ڕابردوودا هیچ گومانێک نییە. لەئێرانیش هەندێک لایەنی توندڕەو ئەوانەی کەلەهەوڵی چارەسەرکردن و ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتەدان بەخۆش خەیاڵ ناویان دەبەن و پاڵپشتی عەرەبستان بۆ گروپە تیرۆریستیەکان وەک پاساوێک بۆ قسەکانی خۆیان دێنن و بەدژایەتیکردنی شیعەو دەوڵەتەکانی شیعەی دەزانن. بەڵام لەلێکدانەوەی هەموو تایبەتمەندییەکان و ڕێدۆزی و ڕێگاکانی گەیشتن بەمەبەستیش لەلایەن داعشەوەنابێت باس لەڕۆڵی حکومەتی تورکیا بەتایبەت سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتەنەکرێت. لەسەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانی سوریا، ئەردۆغان بەئاشکرا پاڵپشتی لەهەموو گروپە تیرۆریستیەکان کرد لەو وڵاتەو ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد. ئەبێ بوترێت کە ئەردۆغان بەجۆرێک لەجۆرەکان و بەهەماهەنگی لەگەڵ عەرەبستان و قەتەر بەدوای ڕوخاندنی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد و دژایەتیکردنی ئێرانەو بۆ ئەم مەبەستەش بانگەشەی سیاسەتی ئێرانێکی مەترسیداریان کردووە. هەر

بۆیە بەتەئکید تورکیا یەکێک لەو وڵاتانەیە کەلەپشت بەهێز بوونی ئەو گروپە تیرۆریستییانەیە.

ئەردۆغان کەبەهۆی سیاسەت و تێڕوانینی تایبەتی خۆی بۆ پاڵپشتی لەموسڵمانە سوننە مەزهەبەکان لەم چەن ساڵەی ڕابردوودا لەهەوڵی ڕێکخستنی سەرلەنوێی ئیمپراتوریەتی عوسمانی یان هەمان ئیمپراتوریەتی یۆرۆ عوسمانی بووەدەستی لەکاروباری نێوخۆیی عێراق وەرداوەو ئاڵۆزی و دووبەرەکی لەم وڵاتەدا دروس کردووە. ئاشکرایە کە ئەردۆغان بەپاڵپشتی لەلایەنە سوننەکان دژایەتی حکومەتەکەی مالیکی کردووەو سەرۆک وەزیرانی هاوپەیمانی ئێرانی بەتائیفی ناو بردووەو چەندین جار داوای دەس لەکارکێشانەوەی ئەوی کردووە. هەر بۆیە ئەم چەشنە کردارانە لەلایەن تورکیاوە سەرجەم لەبەرژەوەندی وڵاتی ئێران نییە.

من خۆم لەو باوەڕەدام کەحکومەتەکەی مالیکی یەکێک لەدوژمنان و نەیارانی گەلی کوردەو سەرەڕای هاوکاری سەرکردایەتی کورد لە بەهێزتربوونی ئەم دیکتاتۆرە بەرواڵەت گۆڕاوەی عێراق بەداخەوە زۆربەی مافەڕەواکانی گەلی کورد لەپرۆسەی نوێی سیاسی عێراقدا نەهاتنەدی و بەم دواییەش بەبڕینی بەشە بودجە کوردستانی تووشی قەیرانێکی ئابوری کردووە بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە واقیعەسیاسیەکانی ناوچەکەش لەبەرچاو نەگرین، هەر بۆیە ئەم بارودۆخە نوێیەی عێراق بەچەشنێک شەڕو ململانێی ناڕاستەوخۆی دو وڵاتی ئێران و تورکیا یان دو بەرەی سوننەو شیعەیە لەناو خاکی عێراق.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ٢٦ی جوونی ٢٠١٤

## ئایا کورد دەیەوێتو دەتوانێت لەم هەلومەرجە مێژوویی‌و هەستیارەدا سەرکەوتوو بێتەدەر؟



**تاهیر خالیدی**

سەرکەوتنی داعش لە راونانی سپای عێراق لە موسڵ و تکریت وچەند ناوچەی‌تر و داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆیلەو ناوچانە، رادەستکردنەوەی کەرکووک و شوێنەدابراوەکانی تری کوردستان لە لایەنسپای عێراقەوە بە هێزی پێشمەرگە، نیشتەجێبوون و بەرگری‌کردنی هێزی پێشمەرگە لەهەموو ناوچەدابراوەکانی کوردستان و داسەپاندنی دەسەڵاتی کوردی لە هەموو خاکیباشووری کوردستان، بەرهەمی هەرەس هێنانی سیاسەتی ئەمریکا بێت لە پێکەوەنانینەخوازراوی سێ پێکهاتەی شیعە، سوننە و کورد لە عێراق یان شکستی سیاسەتەکانیدەوڵەتی شێعەی عێراق یان پیلان و نەخشەی دەرەکی بۆ ململانێ لەگەل دەسەڵاتی شیعە ویا تێکەڵاوێک لە هەموو ئەمانە، هیچ لەوە کەم ناکاتەوە کە ئەمرۆ و لە عەرزی واقیعداعیراق دابەش بووە بە سەر سێ هێز لە سێ ناوچە کە بریتین لە ناوچەکانی شێعە، سوننە وکورد.

ئەم دابەشبوونەش بە شێوەیەک چووەپێش کە کەس ناتوانێ بەئاسانی کورد تاوانباربکات لە هەڵوەشاندنەوەی عێراقەدا. ئەمەش لەمرۆدا بوەتەهۆکارێک کە هیچکام لە داگیرکەرانی کوردستان، بە ئاسانی نەتوانن کورد تاوانبار بکەنوبیانوی پێبگرن. جیاوازلەوەش، لە چوارداگیرکەری کوردستان، ئەمرۆکە تەنیا دەوڵەتانیتورک وئێران دەتوانن خەتەربن لەسەر کورد، ئەو دوو دەوڵەتەش یەک هەڵوێست نین وتورکان،تەواو بە پێچەوانەی ئێران، رایانگەیاند کە دژی دابەشکردنی عێراق نین وبەو شێوەشلانیکەم لەبارێکەوە خەتەر لەسەر کورد کەمتر بوەتەوە. هەروەها کۆمەڵگای نێودەوڵەتیوزلهێزەکانیش هیچ ئاماژەیەک تەنانەت، بە کەمتەرخەمیش لە لایەن کوردەوە، لەو دابەشبوونەیعێراق ناکەن وسۆزوهەستێکی سەیر نیشان نادەن لە پشتیوانی دەوڵەتی شێعەی عیراقی.ئەمریکاش لە لایەک لە عێراق نیە کە بەکەیفی خۆی مەرج بۆ کورد دابنێت ولە لایەکیتریش لە ململانێ بەینی ئێران وسعودییەدا نایهەوێت بە تەواوی هەموو هێزی لە سەرئەجەندای ئێران دابنێت.

بەشی یەکەم

کاتێک چاو لە سێ پێکهاتەکەی عێراقیشدەکەیت، لە هەندێکبابەتەوە وەزعی کورد لە سوننە وشیعە باشترە. بەنموونە، کورد لە ٢٠٠٣ وە تا ئێستاوەزعی ئەمن وئاسایش وخۆشگوزەرانی گەلێک لەوان باشتر بووە. کوردستان شەڕێتێدانەبووە ویەکجار زۆر ئاوەدانتر بووە لە پێش ٢٠٠٣وە. خەڵکی بە عام دەوڵەمەندتربوون وکوردستان پەناگای خەڵکانی لێقەوماوی پێکهاتەکانی تریش بووە. کوردستان خاوەنپارلیمان، دەوڵەت وکۆمەڵێک موئەسیساتە کە بە هەموو کەموکوریەکانییەوە زۆر لەئاستێکی لە سەرەوەتردایە. کورد خاوەنی هێزێکی زەبەلاحی ئەمنی وئاسیش وپێشمەرگەیە. کوردبووەتە دەرهێنەری نەوت وبە ئاشکرا نەوتی خۆی دەفرۆشێت، ئەوەش بارێکی ئابووری باشیبۆ کورد پێکهێناوە. جیاواز لە هەموو ئەمانە کورد ئێستاکە لە شەر لەگەل هیچ لایەنێکنیە، بەڵام لایەنی سوننە وشێعە لە شەرێکی خوێناویدان لەگەل یەک. لە پشتی ئەو شەرەشدوو بەرەی دژی یەکی دەوڵەتانی سوننە وشیعە، بە سەرۆکایەتی سعودییە و ئێران،وەستاون و بۆیەش ئەگەری ئەوە کە ئەو شەرە بەمزوانە بکوژێتەوە و لایەنەکانی شیعە وسوننە لەوەزیاتر کزتر و شپرزتر نەبن زۆر کەمە.

لەدوای رووداوی داعش ئەوەندەی لە وتار، خیتاب، وتووێژ وراوبۆچوونیکورددا بە گشتی، دەبیستریێت ودەبینرێت ئەوەیە کە کۆدەنگییەکی زۆر، لە هەموو بەشەکانیکوردستان هەیە، لەسەر ئەوەی کە هەلێکی گەلێک لەبار بۆ کورد رەخساوە وکورد دەبێتکەڵکی لێوەربگرێت. کورد ئەوەندە تامەزرۆی بەدیهاتنی ئەو خەونە لەمێژینەیەتی کەهەندێکجار بروا ناکات ئەوبارووددۆخە روخسابێت. بەرێوەبەری کوردیش لە باشوور، وەکبەرپرسی سەرەکی وبریاردەر لە سەر ئەم دۆخە، بە ئاشکرا رایگەیاندووە کە هێزپێشمەرگە هەموو خاکی کوردستان دەپارێزێت ولە هیچ شوێنێک ناکشێتەوە وهێرش بۆ سەرهیچ لایەنێکیش ناکات. دروشم وشایی هێزی پێشمەرگەش لە جیبهەکان، پەیتا پەیتابلاودەبێتەوە. گروپی خۆبەخش سەرقاڵی کۆکردنەوەی یارمەتین بۆ پێشمەرگە. خەڵکانێکئامادەبوون بچنە بەرەی شەرەوە.

ئەم هەڵوێستانە هەموو باشن بەڵام ئایا کیفایەت دەکات بۆئەوەی کورد بتوانێت لەم ململانێیدا سەرکەوێت؟ ئایا کورد بریارێکی جیدی داوە کە چیدەوێت وچۆن جێبەجێ دەکات؟ بە واتایەکی تر ئایا کورد خاوەنی ستراتیژییەکی سیاسی ونیزامییەبۆ ئەم هەلومەرجە هەستیارە؟ ئایا جگە لە هەڵوێست وقەرار، کورد توانای بەرگریکردنیلە خۆی هەیە؟ ئایا کورد لە بەرانبەر دوو ئەجەندای سەرەکی لە عێراقدا، ئەجەندایئێران وسعودیە، کە لە رواڵەتی داعش وهەموو کۆنەبەعسییەکان لە لایەک وبەرەی شیعە لەلایەک خۆیدەنوێنێت، سەربەخۆ ویەک هەڵوێستە؟ ئەم پرسیارانە ودەیان پرسیاری ترپێویستی بە وەڵامە.

وەڵامدانەوە بەم شێوە پرسیارانە بۆ ئەنجامدانی کارێکیئاکادیمیک نیە، بەڵکوو لە نانی شەو گرینگترە بۆ ئەم دۆخەی کورد. لە ژێر سێبەریوەڵامی ئەم پرسیارانەدایە کە کورد دەزانی چی دەکات وچۆنی دەکات. قەراری حیزبەسەرەکییەکانی کوردستان



سەرچاوە Serchawe

کە دوای گەڕانەوەی سەرۆکی هەرێم بۆ کوردستان ڕاگەیندرا،وەڵامێکی تەواوە نیە وهەڵسووکەوتەکانی حیزبە دەسەڵاتدارەکانیش گومان ونیگەرانییەکیگەورەی لای کوردان دروست کردووە.

گرینگی ئەم هەلومەرجەی ئێستای کورد، ئەوبەرپرسایەتییەدەخاتە ئەستۆی هەموو کوردێکی نیشتیمانپەروەر کە زۆر روونتر مەترسییەکان باسبکات. ئاشکراشەهەندێک کەس ولایەن پێخۆشحاڵ نین بە ئاماژە بە خاڵە لاوازەکان. ئەوانە وەک کەوبیردەکەنەوە ووادەزانن کە ئەگەر سەریان لە بەفر چەقاند ئیتر دەرناکەون. لەبیریاندەچێتکە نەیارانی ئێمە دەیان وسەدان لێکۆڵەرەوە دادەنێن بۆ هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی کوردو، بە داخەوە لە کوردانیش کەڵکی زۆر وەردەگرن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پێویست.

ئەوەندەی کە بۆ ئێمەی کورد گرینگە کە هەلومەرجە تازەکە وئەوانەیلە قازانجی خۆمانە ببیینین و، کەڵکی لێوەرگرین، دەیان قات گرینگترە کە خەتەرومەترسییەکانیش ببینین و، هەوڵی چارەسەری، یان خۆ ئامادەکردن بۆ ململانێیان بدەین. لەسەرەوە ئاماژە بە هەندێک خاڵ کرا کە یارمەتیدەرن بۆ کورد.

**لێرش ئاماژە بە هەندێک مەترسیوخەتەرەکان دەکرێت. لەوانە:**

١- گەورەترین وخەتەر ترین خاڵ ئەوەیە کە کودەنگییەکەیکورد گومانی لە سەرە. ئەم هاودەنگ نەبوونە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و لەم چەنساڵەی بنیادنانەوەی عێراقە شکستخواردووەکەشدا رەنگدانەوەی هەبووە. تازەترین هاودەنگنەبوونەکەلە رووداوەکەی هاتنی داعشیشدا بە زەقی خۆی دەنواند. لایەنێک پەیتا پەیتارایدەگەیاند کە، رووی داعش لە کورد نیە و، داعشی بە خەتەرێکی ئەوتۆ بۆ کورد نیشاننەدەدا، لایەنێکی تر خەتەری داعشی وەک بەرێوەبوونی ئەنفالیکیتر بۆ کورد پێناسەدەکرد.هەندێک لایەنیش بێ دەنگ وبێ هەڵوێست. لایەنێک لە تەلەویزیونەکەی نیشانیدەداکە سەیتەرەی پێشمەرگەکانی لە گەل داعش لە موسڵ تەنیا ٣٠٠ مەترێک دوورن وهیچ لایەکیشهێرش بۆ یەک ناکەن. لایەنێکی تر نیشانیدەدا کە لە دەوری کەرکووک لە چ شەرێکیخوێناویدایە لەگەل داعش. لایەنێک بە شیعەکانی سەدری ئیجازە دەدات لە کەرکوکخۆپیشاندان رێکبخەن و بڵێن بەرگری لە کەرکووک دەکەن. لایەنی تر بۆ کۆنەبەعسییەکانئاساانکاریدەکات کە لە هەولێر کۆبنەوە وداوای گۆرینی حوکم لە بەغدا بکەن. ئەمانە وکارەساتیدروستکردنی یەکلایەنانەی ئەنجومەنی پارێزگا وزۆر شتی تر گومانێکی گەورە دروستدەکات کە رێبەری کورد لە باشوور هاودەنگ وهاو هەڵوێست بن. خەتەری ئەم هاوهەڵوێستنەبوونە ئەوەیە کە لە لایەک هێزو توانای کورد دابەش دەکات، ورەی کورد دەشکێنێت ولەوەشگرینگتر هەلومەرجی زۆر لەبار بۆ نەیارانی کورد پێک دێنێت کە کەڵک لە ناتەبای کوردوەربگرن.

٢- خەتەری دووهەم ئەوەیە کە کورد خاوەنی ستراتیژیەتێکیسیاسی ونیزامی روون بۆ هەلومەرجی ئێستا نیە. ئەوەی کە کورد هێرش ناکاتە سەر هیچلایەنێک، ستراتیژی نیە. نەیاران بێدەنگ نابن وتەحەمولی کورد ناکەن. ئەوەنییە کەهەر ئەم رۆژانە ئێران تۆپبارانەکەی دەستپێکردوەتەوە؟ راستە ئەم رووداوەی داعش زۆرسەریع و چاوەروان‌نەکراوو بوو، بەڵام نابێت لەبیرمان بچێت کە رەوتیرووداوەکان زۆرسەریع دەچێتە پێش، هەلوومەرجی ئێستا یەکجار هەستیارە، دوورنیە کە گۆرانکای تربێتە پێش و مەرج نیە کە هەموو گۆرانکارییەکان لە قازانجی کورد بێت. بۆیە دابینکردنیستراتژی لە کارەبا وغاز وبنزین گرینگتر بۆ کورد، لەبەر ئەوەی کە، لە ژێر سێبەریرروونی ستراتژیدا، دەتوانێت وەڵامی پرسیارەکان بدەیتەوە و بە پیری کێشەکانەوە بچێتو پرۆگرامی کورتخایەن و درێژخایەنیان بۆدابنێت. ستراتژیەکی روون، گونجاو ونەتەوەی،دەبێتە هۆکارێکی گەورە بۆ هاندان و رێکخستنی هەموو هێز و توانای کورد. هەندێکئامانجی ئەو ستراتژییە دەتوانرێت بکرێتە وشەی سەرزاری هەموو تاکێکی کورد.

هەرکەمتەرخەمییەک بۆدانانی ستراتیژییەکی نەتەوەیی لە ئێستادا دەتوانێت خەسارەتێکیگەورەبێت لەسەر کوردو و دەبێتە خاڵێکی رەش لەناوچاوانی هەموو ئەوانەی ئەوکەمتەرخەمییە دەکەن. هەڵوێستی حیزبە سەرەکییەکانی باشوور تا ئێستا، ئەوە پێناسەدەکات کە، چاوەروانی رەوتی رووداوەکانن و لە باشترین حاڵەتدا خوازیاری پێگەیەکیبەهێزترن لە عێراقی نامەبارەکی داهاتویاندا. هەڵبەت لە پاڵ ئەو هەڵوێستانەیاندا،کە دەڵێن لایەنگری پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراقن، چەند جارێک سەرۆکی هەرێم ئەودروشمەیداوە کە کاتی ئەوە هاتووە کە کورد چارەنوسی خۆی دیاری بکات. بەڵام ئەمدروشمەی سەرۆکی هەرێم دەتوانێت تەنیا بۆ یاری دەسەڵات لە بەغدا و پرۆپاگەندە بۆخۆی لە ناوکوردان بێت ئەگەر بە جیدی ئامرازەکانی ئەو پرۆسەیە دیاری نەکات و سەرپەرشتیارینەکات.

٣- خەتەری سێهەم ئەوەیە کە لەو وەهمەدادەژین وراپدەگەیەنن کە پێشمەرگە ناکشێتەوە. بۆ نیشاندانی بەڵگەش هەندێک بەرپرس نیشاندەدەنکە بە کۆمەڵێک هێز وسەیارەوە لەو دەشتانەدا دێن و دەرۆن و هەندێک جار شایی دەگێرن.راستە هێزی پێشمەرگە و ئاسایش لەم چەند ساڵەی دوای روخاندنی سەدام، توانیویانە کەئاسایش و باری ئەمنی لە ناوەخۆی کوردستان بپارێزن. بەڵام ئایا ئەم هێزە توانایپاراستنی خاکی کوردستانی لە بەرانبەر داگیرکەردا هەیە؟ ئەگەر چاو لە ئەزموونبکەین، ئەزموونێکی وەهامان نیە. پێشمەرگەی باشوور ساڵانێک شەری پارتیزانی کردووە وقەت ئیمکانی ئەوەی نەبووە و نەیتوانیوە شارۆچکەیەکیش بپارێزێت. وەک نموونەلەبیرمان نەچێت کە لەکاتی تێکشکانی لەشکەری سەدام لە کویت و گەرانـدنەوەی بۆکوردستان، گەرچی بەرەی کوردستانیش هەبوو، بەڵام هێزی پێشمەرگە نەیتوانی تەنیا دوورۆژ بەرگری لە نیشتمانی بکات. ئەگەر تەنیا ئاماژە بە توانای ئەمرۆش گرینگە، پرسیارئەوەیە کە ئایا یەک لەو بەرپرسانەی پێشمەرگە کە ناوبەناو رەسمەکانیان لە دەشتیکەرکوک و دەشتی موسڵ بڵاودەبێتەوە، دەتوانن روو لە ئێران بکەن و

دەسدرێژی بێبیانوی ئێران بۆ خاکی کوردستان، وەڵام بدەنەوە؟ بەدڵنیاییەوە نە و، ئەگەر ئێرانیەک مانگیش تۆپبارانی باشوور بکات هیچ کام لە مەحمود سەنگاوییەکان فزەشیان نایەت.جیاواز لەوەش، هێزی پێشمەرگەی ئێستا لە عەرزی واقیعدا دوو هێزە و هەر هێزەش،گوێلەمشتی حیزبەکەی خۆیەتی. پێشمەرگە بە ئەزموونەکانی دەورانی شەری سەدام یاننەماون یان توانایەکی ئەوتۆی شەریان نەماوە، هەندێک لە سەرکردەکانی پێشوی پێشمەرگەئێسا لە لیستەی هەرەگەندەڵی کوردستاندان. وەک دوایین ئاماژەش پێویستە بزانین کە ئەوهێزەی کە ئێستا بووەتە جێگای هیوا بۆ پاراستنی کوردستان، کاتێک معاشەکەی لەبەغداوە دەبردرێت، چوار مانگ بێ مەعاش دەمێنێتەوە. هێزێک کە دوایی چوار مانگ مەعاشوەرگرێت زەحمەتە چاوەروانییەکی ئەوتۆی لە شەردا لێبکرێت. مەبەست لە هێنانەئارایئەو خاڵە لاوازانە ئەوەیە کە بیری جیدی بکرێت لە گۆراندنی ئەو وەزعەی پێشمەرگەدا.

٤- مەترسی چوارەم بەردەوامبوونی نادادپەروەی، گەندەڵی ونادموکراتییەتەلە کوردستاندایە. بەردەوام بوونی ئەودۆخە، هێزەکانی کوردی بێ بەشدەکات لەپشتیوانییەکی هەمەلایەنەی کۆمەلانی خەڵک لەم هەلومەرجەدا. هەر تاکێکی کورد بە نێرومێوە، مافی ئەوەی هەیە کە هەموو چرکەیەک لە خۆی پرسیار بکات کە ئەو نیشتیمانە چیبۆ من تێدایە ولە ئەگەری رزگاربوونی یەکجاریشیدا وەزعی من چۆندەبێت؟ ئەگەر سەروەتوسامانی ئەو نیشتیمانە و، دەسەلات لەو نیشتیمانەدا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دابەشنەکرێت ومافی مرۆڤی تێدا پارێزراو نەبێت، بۆ خەڵکی ئامادەی بەرگری و فیداکاری بن؟ مەترسینارازی بوونی خەڵکی تەنیا ئەوەش نیە کە پالپشتی هەمەلایەنەی هێزی کوردی نەبنبەڵکوو مەترسی گەورەتر ئەوەیە کە کۆمەڵێک خەڵکی نارازی و، کۆمەڵێک لە پێکهاتەکانیتری دانیشتووی کوردستان، لە ژێر کاریگەری سیاسەتی هەڵەدا بکەونە ژێر کاریگەرینەیارانی کوردەوە. ئەوکات هێزی زێرەوانی ودژەترۆر ناتوانێت چارەسەری ئەو دۆخە بکات.موسڵ نمونەیەکی زۆر بەرچاو وتازەیە لە رۆڵی نارەزایەتی کۆمەڵانی خەڵک لە کاتیهەستتیاردا، حەفتا یان هەشتا هەزار هێزی سپای عێراق یەک رۆژ خۆی رانەگرت کاتێک خەڵکیموسڵ لەگەل مالکیدا نەبوون.

٥- خەتەری ئێران.ئەجەندای ئێران بە روونی پشتیوانییە لەدەسەلاتداری سەرەکی شێعە لە عێراق وپاشکۆبوونی کورد لە عێراقدا. ئێران بە هەمووهێزییەوە تێدەکۆشێت کە لە لایەک شێعە سەرکەوێت ولە لایەکی ترەوە کورد کزو پاشکۆیشێعە بێت. بۆ ئەو مەبەستەش دەیەوێت کە کورد توشی شەرێکی هەمەلایەنە لە گەل داعشبکات. لە کاتێکیشدا کە هەموو کوردی پێ رازی نەکرێت، هەوڵدەدات، بە دابەشکردنیهێزەکانی کوردی، لایەنێکی کوردی توشی ئەو شەرە بکات. بەو شێوە هەم لانیکەمیپاڵپشتی بۆ بەرەی شێعە لە ناو کورداندا ساز کردووە و، هێزەکانی خۆی لەو رێگاوەدەنێرێتە ناوەوەی کوردستانەوە و، هەم زەربەیەکی وەها گورچکبری لە کورداوە، کە نەئێستا و نە دوا رۆژە، کورد لە باشووری کوردستان توانای بەرگەریکردنی لە خۆی وەککورد نەبێت. بە دڵنیاییەوە هێزەکانی ئێرانی بۆ بەرێوەبردنی ئەم ئەجەندای خۆیان لە

هەمووشێوازێک، فریودان، پارە وکرینی بەرپرسان، ترس و تۆقاندن، تۆپباران و هەرەشە و...کەڵک وەردەگرن. مەترسی ئەوە هەیە کە لایەنێکی کوردی فریوی ئەم ئەجەندای ئێرانەبخوات.

٦- داعش وکۆنەبەعسییەکان خەتەری ئاخرن لە سەر کورد. مێژوبەعسیەکان بۆکورد هەڵەبجەیە ولەم ماوەی دوای روخاندنی سەددامی دیکتاتۆریشدا هیچئاڵوگۆرێک لە هەڵوێستیاندا بە رانبەر کورد نەبینراوە. دەسڵاتداری بەعسیەکان لەعیراق بە بەشداری کورد، بێگومان گەراندنەوەیە بۆ دۆخی جاران. بەرنامە وسیاسەتیداعشیش لە بەعسیەکان خراپترو نالەبارترە بۆ هەموو ناوچەکە بە کوردیشەوە. ئەوەی کەداعش دەکاتە خەتەری دوایی، ئەوەنییە کە پرۆگرام وئەجەندای ئەوان بە نیسبت کوردەوەباشتر بێت، بەڵکو ئەوەیە کە ئەجەندای ئەوان لە پلەی یەکەمدا گۆرانی حوکمە لە بەغدایان بە واتەیەکی تر داسەپاندنی دەسەڵاتی بەعس و سونە و داعش لە عێراق. ئەگەر کوردتێکەڵاوی ئەجەندای بەعسییەکان نەبێت و تامەزرۆی پاشکۆبوونی بەعسی نەمابێت، ئیستاکەخەتەرەی داعش لە پلەی یەکەمدا نیە بۆ ئەمرۆی باشوری کوردستان بەلام هەموو کاتێکمەترسی ئەوە هەیە کە کورد یان بەشێکی، تێکەلاوی ئەجەندای داعش و بەعسییەکان بێت.

**بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو خالآنەی باسکران. کورد چۆندەتوانێت لەم هەلومەرجەدا سەربەرز و سەرکەوتوو بێتە دەر؟**

**هێلە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئەمرۆی باشووری کوردستان کامانەن؟**

لە نانی شەو گرینگتر دارژاندنی ستراتیژییەکی گونجاو بۆئەمرۆی باشووری کوردستانە. بۆدابینکردنی ستراتیژییەکی گونجاو پێویستە کە بە یارمەتیکۆمەڵێک پسپۆری لێهاتوو، هەڵسانگاندنێکی زانستییانە وقووڵ لە سەر وەزعی ئەمرۆی جیهان، ناوچەکە، وڵاتانیدەوروبەری عێراق و بەرژەوەندییەکانیان، وەزعی ئەمرۆی پێکهاتەکانی عێراق لە هەمووبابەتێکەوە، وەزعی کورد بە گشتی، وەزعی باشووری کوردستان و هەموو پێکهاتەکانیلەمرۆدا بە تایبەتی، بکرێت و لە ژێر تیشکی ئەو لێکدانەوانەدا و بە لەبەرچاوگرتنیهەموو خاڵە پۆزەتیڤ و نیگاتیڤەکان، ستراتێژییەکی بیرلێکراوە دابین بکرێت. مەبەستلە نوسینی ئەم نوسراوەیە، چوونەناو ئەو باسە قوڵە وداببینکردنی ستراتژی نیە بەڵکووئاماژەیە بە هەندێک خاڵی گرینگ لەو پەیوەندییەدا. بە نموونە:

**یەکەم**: کورد پێویستی بە کۆدەنگییەکی تەواو هەیە کەبریاری خۆی بدات کە چی دەوێت وچۆن دەیەوێت بەو ئامانجانەی بگات.راستە کۆدەنگی بۆکورد هەموو کاتێک پێویست بووە ودەبێت بەڵام لە ئێستادا ولە باشووری کوردستان یەکەمخاڵ و گرینگترین خاڵە بۆ پاراستن و بەرگریکرتن لە بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد بەگشتیو لەو بەشەی کوردستاندا بەتایبەتی. هەروەها پێویستە ئەوەش بزانین کە گرینگترینپیلانی نەیارانی کورد ئەوەیە کە ئەوکۆدەنگیە پێک نەیەت وئەوەندەش کە

هەیەتێکیبدات. بە مانایەکی تر بە بێ کۆدەنگی هەر باس وخواستێک سەبارەت بە بەرگری لەبەرژەوەندی نەتەوەی، جگە لە پرۆپاگەندەی حیزبی هیچی تر نیە وهیچ رۆڵێکی نابێت.

**دووهەم**: کورددەبێت ستراتژییەکی سیاسی ونیزامی، سەربەخۆ بۆ خۆی دیاری بکات. ئەو ستراتژییە،نەقشەرێگای کوردبێت بۆ رزگاری لەم هەلومەرجە هەستیارە. دابینکردنی ستراتیژییەکیگونجاو وکۆدەنگی لایەنەکان، بەرپرسایەتی دەخاتە ئەستۆی هەموو حیزب ورێکخراوو تاکێکیکورد لە هەر کوێ بێت. خاڵی سەرەکی ئەو ستراتیژییە پێویستە دووری گرتن لە ئەجەندایداعش و شیعە بێت و گەراندنەوەی سەروەری تەواو بۆ کورد لە سەر نیشتیمانی خۆی.

**سێهەم**: لەهەمووکاتێک زیاتر کورد پێویستی بە لەشکەرینەتەوەیی کوردە نەک میلیشیای حیزبی. دەبێت بە زووترینکات هەوڵبدرێت ئەو لەشکرەرێک بخرێت. لە ژێر فەرمانێکی بێئەملاو ئەولای گشتیدابێت. هەتا ئیمکانهەیە بەمودیرنترین ئامرازی شەر پر چەک بکرێت. لەهەموو ئیمکاناتێک بۆ فێربوونی زانستیبەرگری وململانێ کەڵک وەربگیردرێت. گەندەڵی ناوریزەکان وەلابندرێت. وەزعی ژیانوخۆشگوزەرانی هێزی چەکداروعایلەیان بە باشترین شێوازی مومکن دابین بکرێت. دەبێتدڵنیابین کە بەبێ هێزێکی رێکخراوی وەها، بە بێ ئامرازی مودێرنی ئەمرۆیی شەر، بە بێفەرماندەی گشتی ، بە بێ نەقشە و بەرنامەی رێک و پێک، بە بێ رازیبوون و دڵخۆش بوونیهێزی چەکدار، ئیمکانی بەرگری لە نیشتیمان خەیاڵە.

**چوارەم**: دەبێت کۆمەڵگای کوردی بە هەموو پێکهاتەکانییەوەئامادەی پشتیوانی لە سترتیژی سیاسی رێبەری بن.ئەم پشتوانییە وەدی نایەت ئەگەرململانێیەکی باش لەگەل گەندەڵی وناعەدالەتی نەکرێت. خەڵکی پشتیوانی ناکەن ئەگەردڵنیا نەبن کە لە دەسەڵات وداهاتی ئەمرۆو دوارۆژی کوردستاندا خاوەن بەش نەبن.خەڵکی بروابە دروشمەکان ناکەن ئەگەر داهاتی ئەمرۆ بە شێوازی ناداد پەروەرانە دابەشبکرێت، مافی ژنان وەلابنرێت، مافی مرۆڤ وروژنامەنوسان پێشیل بکرێت. جیاواز لەوەشدەبێت نەقشەرێگا، تا ئەوجێگا دەکرێت بکرێتە باوەری خەڵکی. خەڵکی دەبێت قانیع ببنکە رێبەری، گونجاوترین رێگای هەڵبژاردووە بۆ سەرکەوتن وسەربەرزی نەتەوەکەی وداوایانلێبکرێت کە چالاکانە لەم بەرگرییەدا بەشداربن. هەر وەها دەبێت بزانین کە دوژمنونەیارانی کورد هەموو کاتێک وهەر ئەم چرکە ساتەش لەسەر خەڵکی نارازی کاردەکەن وهانیاندەدەن.هەر کەمتەرخەمییەک لەمبارەوە کارەساتی لێدەکەوێتەوە کە دوایی چارەسەرکردنیزەحمەتە.

**پێنجەم**: بەکار هێنانی دیپلۆماسییەتی نەتەوەیی، گونجاووچالاک.کورد پێویستی بەوەیە کە دەسبەجێ واز لە پەیوەندیی حیزبی لەگەل دەرەوە بێنێت.پێویستە تیمێکی دیپلۆماسیەتی لێهاتوو پێک بێنێت. ئەو تیمەش دەبێت چالاکانە وبەزانیاری تەواوەوە لەگەل هەموو لایەنە پێوەندیدارەکان بکەوێتە کار. دیپلۆماسییەتیکوردی دەبێت هەموو ئەگەروتواناکان



سەرچاوە
Serchawe

هەڵسەنگێنێت ولەهەموو دەرفەت و بەرژەوەندییەکانکەڵک وەرگرێت. دیپلۆماسییەتی کوردی دەبێ رۆڵێکی کاریگەری هەبێت لە راکێشانی سەرنجیکۆمەڵگای نێونەتەوەی بۆ ئەوەی کە، پێکەوەنانی پێکهاتەکانی عێراق جگە لە شەر و ماڵوێرانی بەرهەمێکی تری نەبووە و پێداگرتن لە سەر ئەو هەڵوێستەیان وەزعەکە خراپتر دەکات.

ئەم خاڵانە گرینگترین خاڵن کە هەست دەکەم دەبێت بایەخیتەوای پێبدرێت. هیوادارم توانیبێتم بە وروژاندنی ئەم خاڵانە دەرگای دیالۆگ و باسێک لەگەل دڵسۆزان و نیشتیمانپەروەرانی کورد بکەمەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی زاگرۆس پۆست - ڕێکەوتی: ٢٧ی جوونی ٢٠١٤

---



سەرچاوە
Serchawe

## داعش و کوردستان لە رامانێکدا



**رەحمان سیادەری**

ئەنجامەکانی شەڕ بە هەر هۆیەکەوە بێ، پڕن لە کوشتار و ماڵوێرانی و دابڕان و قڕوقاتی و... قورسایی ئەم خەسارانە بە زۆری لە سەر چینی کەم داهات و رەشاییەو بە شێوەی جۆراوجۆر نسکۆی ئەم بارە ناڵەبارەی پێوە دیارە.

بەڵام ئەو شەڕو پێکدادانە، کە هەلومەرج و موعادلاتی ناوچەیی و جیهانی لە باشووری کوردستان و ناوچەکانی دەوروبەری هێناویەتە ئاراوە، بەڕادەیەکی زۆر بە مەسڵەحەت و قازانجی کورد، گۆڕانەکانی هێزی لەگەڵ خۆی هێناو زۆر ئەنجامی چاوەڕوان لێنەکراوی لەگەڵ خۆی هێنا، بۆ وێنە پێگەی کورد لە سیاسەتی ئاشکراو نهێنی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیو گرتنەوەی بەشە دابڕاوەکانی ئەم بەشەی کوردستانو زیندوو کردنەوەی بیری نەتەوەیی لە نێو تاکەکانی کوردو ناساندنی بەرەی نەتەوەییو بیری ناسیۆناڵیزمی کوردی لەگۆڕەپانی جیهانیو زۆری دیکە.

هەرچەند لەم شەڕە نەخوازراوەدا گەلێک ژنو منداڵو رۆڵەی بە ئەمەگی نیشتمان بوونە قوربانیو گەلێ سووکایەتیو دابڕانو سووتانمان بینێ، بەڵام ئەوە نرخی ئەو دەستکەوتە بەنرخانەی کە ئەم گەلە وەچنگی کەوتوە بە واتای دوکتوری شەهیدمان " گەلێک ئازادی بوێ، دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدا" یا بە واتای شاعیرێکی کورد: داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ، بەر ناگرێ.

**ئەگەر بمانەوێ رامانێک بە دەستکەوکانی ئەم واقعەدا بکەین بەم شێوەیە پۆلین بەندیان دەکەین:**

١- وەحدانییەتو یەکێتی نەتەوەیی لە نێوان تاکو حیزبو پارچەکانی کوردستاندا، بۆ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی سەلماند بە شێوەیەک کە لە پێناو سەوەریو مانی نیشتمانیدا یەک دەستو یەک دەنگ، لە یەک سەنگەر داینو وێڕای سنووری سەپاوو



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی یەکەم

لەهجەی جۆراوجۆرو ئایینو ئایینزای جیاواز رایەڵکەی دایکی نیشتمان پێکی گرێ داون. ئەگەر پێشوو هەڵکەوتی جوغرافیاییو سامانەکانی ئەم نیشتمانە بێ نرخ بوون، ئەمڕۆ هەمان واقع بووەتە هۆی گرینگی ئەم نیشتمانە لە گۆڕەپانی سیاسەتی جیهاندا.

ئەگەر لە بواری نێوخۆییە وردی بکەینەوە کەم رەنگکردنەوەی ململانێ حیزبایەتیو شەرە پەڕۆی رەنگاوڕەنگ، یەکێکی دیکە لە دەستکەوتەکان بوو کە قودسییەتو شەرعیەتی بۆ ئاڵای کوردستان گێڕایەوەو لە سەنگەرەکانی بەرنگاریدا، لە هەڵمەتو نەعرەی شێرانەی پێشمەرگەدا باڵا باڵا شەکاوە بوو.

٢- گەڕانەوەی شەرعییەتو خۆشەویستی پێشمەرگە لە گۆڕەپانەکانی بەرگری نیشتمان یەوە بۆنێو دڵی گەل. بۆیە ئێمە وەک پێشمەرگەیەک قودسییەتی ئەم ئەرکەمان بە چێژێکی پڕ لە شانازیەوە هەست پێ کردو نرخ و بەهای پێشمەرگە توانی ئاوێنەی باڵانوێنی مرۆڤایەتیو ورەو بیرو باوەر بێت.

جارێکی دیکە هاووڵاتیان بوونی خۆیان لە بوونی پێشمەرگەو نرخی خۆیان لە نرخی پێشمەرگەدا بینییەوەو بۆیان دەرکەوت کە کوردو کوردستانو پێشمەرگە سێ کۆچکەی گڕدانی ئەم مانەیەو داگیرکەران ئەسووتێنێ.

٣- پێگەی هێزە جیهانییەکان بە شێوەی بەشداری راستەوخۆو یارمەتی گەیاندن بە هێزی پێشمەرگە، لەو راستییە حاشاهەڵنەگرانەیە کە لە مێژووی سیاسی ئەم گەلەدا کەم وێنەیەو زۆر پەیامی گرینگو هاوپەیمانی درێژخایانی لێ چاوەروان دەکرێت کە دەتوانێ چارەنووسی ئەم گەلە بەرەو بنارێکی روون و ئارام ببات. بۆ وێنە هاتنی تەسلیحاتی نیزامی بۆ پڕچەک کردنی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، دەتوانی پشتیوانەیەکی نیزامی لەشکاننەهاتوو بێت بۆ هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی هێزی کوردستان.

٤- ئاشکرابوونی پێگەی ئێران لە دخاڵەتی نێوخۆیی عێراقدا، هەم لە شێوەی پشتگیریو هەم بەشێوەی بەشداری راستەوخۆی ئەم وڵاتەیە، واقعێک کە پێشووتر حاشای لێدەکردو خۆی لێ دوور دەکردەوە، ئەمنی بوونی کێشەی ئاینی وەک واقعێکی ناوچەیی هێناوەتە ئاراوە کە لە لایەنەکانی هێزی ناوچەکە پێویستە بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و ئێران نەتوانێ لە ئاوە لێڵەدا ماسێکانی ئامانجی خۆی راو بکات گەرایشاتی ئایینی شیعە نەکاتە بنکەیەکی ئیدولوژیکیو تەنزیماتیو سەنگەرەکانی شەری ساردی خۆی لێرەو لەم هەلو مەرجەدا بونیات نەبێت.



سەرچاوە
Serchawe

بۆیە هەبوونی چاوەدێریو شێوە روبەرووبوونەوە لەگەڵ ئەم واقیعە، ئەرکێکی گرینگی دیکەیە کە لە ئەستۆی هێزە سیاسییەکانە.

٥- دوور کەوتنەوەی حکوومەتی هەرێم، لەم شەڕە نەخوازیارەی کە پێویست بوو لە پێناو گرتنەوەی ناوچە داگیرکراوەکاندا بیگرێتە بەرو بەمەش ململانێ و نائارامی عەرەبی سونیو شیعەی بە دژی کورد هان دەداو پێدەچوو کورد تووشی شەڕێکی دورووردرێژ بێ لە نێوخۆی عێراق، کە بەهێرشی داعش ئەم معادیلەیەشی کۆتایی پێ هاتو کورد توانی بە تیرێک چەند نیشان بپێکێ.

٦- هەبوونی سیستمی دیموکراتیک لە نیزامی حکوومەتی هەریمو رێزگرتن لە کەمینەی ئایینی کوردستان بە شێوەیەک کە هەموو جۆرە پشتیوانی و هێزێک بەکار دەهێنێ بۆ پاراستنو رزگارکردنیان بۆ وێنە بە تراژدی ناساندنی یەزیدییەکانی شنگال توانی ئەم راستییەی حکوومەتی کوردی بسەلمێنێ.

٧- لە بواری ئابووریشەوە کورد توانی بە ئەنجامی ئەم شەڕە سەرکەوتوو بێ و حەساری ئابووری بەغداد هەڵوەشێنێو سەچاوەو داهاتیکی نوی مسۆگەر بکا و بە مەبەستی سیستمی ئیداری خۆی سەقامگیر دەکا. بە شێوەیەکی گشتی ئەگەریش هاتنی داعش بەشێک لە تاکتیکی جیهانی بێ! هەروەها چرا سەوزێکە بۆ مەسەلەی کوردو پێویستە بە شیوەیەکی حەکیمانە رێبەریی سیاسی کورد ئەم درفەتە بقۆزنەوەو لە مینبەری هێزەوە کە پشتیوانی گەلە، معادلاتی سیاسیو ستراتژیکی خۆیان هاوڕێ بکەن لەگەڵ رەوتی براوەی جیهانیو هەرلەم مینبەرەوە هەستی ناسیونالیزم بە هێز ڕاگرن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٧ی جوونی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

# داعش، نازیزم، ئۆرییێنتالیزم (ڕۆژهەڵاتناسیی)



**مەعرووف كەعبی**

شەڕ لە گەڵ داعش دەبێ هاوكات وەستانەوەیەكی فیكریی بێت لە گەڵ وشكەبیرەكان و كاتێگۆرییەكانی ڕۆژهەڵاتناسیی شەڕی چەكداریی هەروەها شەڕی ڕوانگەكانیشە. بە پێی ڕوانگە جێكەوتوەكانە كە مرۆڤ بڕیاری خۆی و هەڵوێستی خۆی دیاری دەكات چ لە فەیسبووک، چ لە كۆبوونەوە حیزبییەكان، چ لە پاڕلمان و كابینەی دەوڵەتەكان. شەڕ بۆ دیاریكردنی سەرچاوەكانی داعەش و شەڕی «شێعە و سوونّنە» بوەتە مەیدانێكی دیكەی ئەو شەڕە.

دوگمەكان واتە وشكەبیرەكانی ناسراوی ڕۆژهەڵاتناسیی و بۆچوونی زاڵتری ئورووپا و ئامریكا (یا ئەوەی بە «ڕۆژاوا» ناو دەبرێت) بەرامبەر بەو ناوچە و خەڵكانەی بە «ڕۆژهەڵات» و «ڕۆژهەڵاتیی» ناسراوە؛ ڕوانگەی مێژوویی بۆ دیاریكردنی سەرچاوەكانی ئەو قەیرانە بە تایبەتیی و قەیرانەكانی ناوچە بە گشتیی، سەنگەرەكانی دیار و پتەو (بەڵام بن كۆڵبوو و ڕەخنەلێگیراو) لە مەیدانی ڕوانگەكاندان. بڕواننە ئەم پاراگرافە لە وتارێكی ئەمڕۆ ڕۆژی جومعە ٢٠ جون ڕۆژنامەی تایمزی لەندەن:

«شەڕەكە لە عێراق (بابەتێكی) نوێ نییە، بەڵام ئاخرینە لە زنجیرەیەک لە ڕووداوە سومبولییە مێژووییەكان كە دەگرێتەوە بۆ چەندین سەدەی ڕابردوو؛ كێشەكەی جێگیریی ئایینی بەدوای پەیغەمبەر لە ٦٣٢ی زایینی كە شێعەی لە بەرامبەر سوننەدا دانا؛ خەلافەتی سەدەی ناوەڕاستیی كە (ئەمڕۆ) شەڕەنگیزەكان دەیانهەوێت بیهێننەوە؛ ئیمپڕاتووری پێرشیای سەدەی شانزدەهەم كە پێشینەی ڕاستەوخۆی ئێرانی هاوچەرخە؛ و لە سەرووی هەموو ئەمانەوە، دیپلۆماتەكانی داگیركاریی (ئێستێعمار) كە ناوچەكەیان لە كاتی شەڕی یەكەمی جیهانیدا دابەش كرد.»

(**Ben Macintyre, The Times, 20 June, 2014**)

وتارەکە هەروەها بۆ ناوزڕاندنی بەکر ئەلبەغدادی (ڕێبەری سوننە چەکدارەکان و خاوەن دۆکتۆرا لە مێژوو) نووسراوە. بەڵام وتارەکە خۆی بە پێچەوانە دەخاتەوە. دەیهەوێت ڕەخنە لە فاکتۆرێکی نزیکتر لە کێشەی جێنشینی واتە دابەشکردنی دەسکردی ناوچەکە سەد ساڵ لەمەوبەر، کەچی لە ئاخردا لە بەر ناچاری داوا دەکات ئەو دابەشکردنە وەک خۆی بمێنێتەوە: «چەپڵە لێدان بۆ وەها دابەشکردنێک لە شێوەی گەڕانەوە بۆ جۆرە سرووشتییە باستانییەکان، لەبەرچاو نەگرتنی خوێنڕێژییەکی ناحەزە کە بەدوای ئەوەدا دێت و [هەروەها لەبەرچاو نەگرتنی ئەو ڕاستییەیە] کە چلۆن میللەت ڕیشەی خۆی لەو کاتەوە داکوتاوە کە نەخشەدارێژەرانی ئێستێعمار دەستیان بە کار کرد.»

**بۆچی ئیلزامەن دابەشکردن، خوێنڕێژی و گەڕانەوە بۆ سەردەمی باستان واتە کۆن (جا ئەمە چۆن بوە و چ مانایەکی هەیە خوای داعش و ڕۆژهەڵاتناسیی دەیزانێت).**

**پرسیار:**

ئەگەر ڕیشەی ئەم کێشەیە بە کاتێکی نزیکتر بە ئێمە (بڵێین ١٠٠ ساڵ پێشتر و بۆ پرۆسەکانی گۆڕانکاریی لە دەوڵەت-نەتەوەی نوێ و دیکتاتۆرییەکان و هتد) ناگەڕێتەوە و بۆ ١٤٠٠ ساڵ پێشتر دەبێ بڕوات، ئەی بۆ لە تێگەیشتنی ئەمڕۆی ئورووپایی (بە درووست) هاتنی نازیزم بۆ پەیماننامەی وێرسایی کە ئاڵمانی بەناحەق کردە تەنها بەرپرسیاری شەڕی یەکەم دەگەڕێتەوە و کەچی بۆ پێشتر و ئاڵمانی مەزن و کێشەی کاتۆلیک و پرۆتێستانت ناگەڕێتەوە؟ بۆچی هێشتا باس لە کاتەگۆریگەلێک وەک «عەقڵییەتی عەرەبی» و «کولتووری کوردیی»، «ژنی کورد» (کە زۆرتر وەک نانکەر و منداڵ بەخێوکەر ناسراوە) و هتد دەکرێت، بەڵام ئیتر باسی «عەقڵییەتی ئاڵمانی» و «خوی توندی ئاڵمانییەکان» و دژە جووبوونی کە «لە خوێنیاندا» بێت، ناکرێت؟

بۆچی هەربەوجۆرەی بۆ نازیزم ڕوو ئەکەینە پرۆسە دووردرێژە مێژووییەکان و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیی، سیاسیی، ئابووریی و کولتوورییەکان (دوور و نزیک)، هەر بەوجۆرەش نەڕوانینە ئەو سەرچاوانەی وا داعەش دەخولقێنن (و پێشتریش ئەلقاعیدەیان خولقاند)؟

بۆچی نابێ دیکتاتۆریی، پرۆژە نوێسازییە ناکامەکان و حەمەڕەزا شا، «سکولاریزم»ی ئاتاتورک، جەمال عەبدولناسر، سەدام، شێخەکانی خەلیج و هەموو ئەوانی دیکە و پشتیوانانی ئورووپایی و ئامریکاییەکان ڕەخنەیان (بەهەمان ئەندازەی عەلی و عومەر) وەبەربکەوێت؟ بۆچی نابێ ژنان لە کوردستان بۆ وەستانەوەی دەیان ساڵە و قوربانی دان و بوون بە عامیلێکی گۆڕان لە کۆمەڵگا ڕێزیان لێ بگیرێت و تەنها هەموو ساڵێک لە ڕۆژێکی تایبەتدا ئەوان وا لێ بکرێن بە ڕێز لە

کەسایەتییەکی سەد ساڵ لەمەوبەر قەناعەت بکەن. کەوابوو ئەوەی لێرەدا لە بەر چاوی تێگەیشتنی «ڕۆژاوایی» ون دەبێت پرۆسە سیاسییەکان، حیزبەکان، شۆڕش و ڕاپەڕینەکان و هەوڵەکانی نەسڵەکانە بۆ گۆڕانی کۆمەڵگاکانیان. ئەوەیکە لەبەرچاو ناگیرێت ئەوەیە کە مرۆڤەکان تەنها بە پێی دووانەییەکانی وەک شێعە-سوننە، و یا «مۆدێرن و سوننەتی» دابەش ناکرێن.

ئێمە دەبێ بە جدییەتەوە بەرامبەر ئەو جۆرە ڕوانگەنە ببینەوە و خۆ بپارێزین لە بەکاربردنی گەلێک چەمک و وشە کە تەنها کاتەگۆرییەکانی مەکتەب و تیۆریگەلێکی دیاریکراو زیندوو دەکەنەوە. چەمک و وشەگەلێک وەک : «ڕۆژهەڵاتیی»، «ڕۆژهەڵات»، «مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی»، «ژنی ڕۆژهەڵاتیی»، «کولتووری ڕۆژهەڵاتیی» و هتد کە لە وشکەبیرەکانی ڕۆژهەڵاتناسیی و تیۆرییەکانی نوێسازیی (مۆدێرنیزاسیۆن) دەردەکێشرێن. بەرامبەرکێی ئەو جۆرە ڕوانگەنە کە گرفتەکانی کۆمەڵگاکانی ئێمە و هاوسێکان (ئێمە هەموومان یەک «ئێمە»ین) وەک گرفتگەلێکی زاتیی و داییمی و کولتووریی دەبینێت هەروەک بەرامبەرکێ لە گەڵ هێزێکی سیاسیی وەک داعەش کە هێمای دینی بەخۆیەوە گرتوە گرینگ و هەنووکەییە. بەمجۆرە خوێندنەوەی درووستی مێژوویی بەرهەم دێت و ڕیگا بۆ جوابی هەمەلایەنەتر بۆ گرفتەکان دەدۆزرێنەوە. ڕوانگەی مێژوویی کە جەخت دەکاتە سەر پروسە جۆربەجۆرەکان لە کۆمەڵگاکاندا بەمجۆرە بەرامبەر ڕەوایەتی ئەلبەغدای مێژوونووس، و ئەندامان و لاساییکەرانی تینک تانکەکان واتە «ژوورەکانی ئەندیشە» کە «شارەزایانی بواری ڕۆژهەڵات» بەرهەم دەهێنن، دەبێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی زاگرۆس پۆست - ڕێکەوتی: ٣٠ی جوونی ٢٠١٤

## دەکرا پەلاماری داعش بکرێتە دەرفەت؟



ع. و. خەندەڕەش

لە یەکەم ڕۆژی هێرش و پەلاماری داعش بۆ سەر شاری مووسڵ و ڕاونانی سوپای ئێراقەوە، زۆربەی شارەزایانی کاروباری ئێراق و ڕۆژهەڵاتی ناڤین ڕایانگەیاند کە ئەو بابەتە چوارچێوەیەکی فراوانتری هەیە؛ و وەها کردەوەیەک بە تەنیا لە توانای ڕێکخراوێکی چەکداری تیرۆریستیدا نییە؛ بەڵکوو دەستی وڵاتانی دیکەی لە پشتەوەیە. هەربۆیە وێناچێت ئەم ڕووداوە لە چەند ڕۆژ یان چەند هەفتە و مانگێکدا کۆتایی پێبێت.

دوای چەند ڕۆژێک لە درێژەکێشانی ئاڵۆزییەکان، بەرەبەرە سەرەداوی ڕاستییەکان دەرکەوتن و ئێستایش بەردەوام زانیاریی پتر لەم بارەیەوە لەملاو لەولاوە دەردەکەوێت. ئێستا بۆ هەموو لایەک ڕوونە کە وڵاتانی ئەمریکا، تورکیا، عەرەبستانی سەعوودی و قەتەر هەرکامیان بە ئەندازەی خۆی لە دامەزراندن و بەهێزکردن و ئاسانکاریکردن و پڕچەککردنی داعش دا دەستیان هەبووە.

داعش کە ژمارەیەکی بەرچاو لە لاوانی کوردی باشووری کوردستانیشی لە خۆیدا جێ کردووەتەوە، ماوەی دوو ساڵە لە ڕۆژاوای کوردستان شەڕی کورد دەکات و خەڵکی بێتاوانی کورد سەردەبڕێت و کوردستان کاول دەکات. هێزەکانی یەپەگە لە بەربەرەکانیکردن و ڕاونانی داعشدا کۆتاییان نەکردووە و زۆر ناوچەی ڕۆژاوای کوردستانیان لە ژێر چەنگی ئەوان دەرهێناوە... کەوابوو داعش چاک بێت یان خراپ پەیوەندیی بە کوردەوە هەیە.

دوای ئەوەی ڕۆژی ٩-٦ - ٢٠١٤ داعش پەلاماری مووسڵی دا و ناوچەکەی خستە ژێر جڵەوی خۆیەوە و پتر پێشڕەویی کرد

بۆ هەندێک لە ناوچەکانی شنگال و کەرکووک و گەرمەسێر؛ و لە هەندێک شوێن لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی باشوور دەرگیر بوو، و ئێستا سنوورێکی پتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتری لەگەڵ باشوور هەیە، زیاتر بۆ ئەوە دەشێت سەرنجی بخرێتە سەر و لە پەیوەندی لەگەڵ جووڵە و هەڵسوکەوتەکانیدا وردتر لێی بڕوانین.

ئێستا کوردانی باکوور، باشوور و ڕۆژاوا هەرکام بە جۆرێک و شێوازێک و هەر کام بە لێکدانەوەیەکی تایبەت بەخۆی لەگەڵ داعش ڕووبەڕوویە. ئەو جیاوازییە لە جۆر و شێوازی ڕووبەڕووبونەوەی داعش نەبووەتە هۆی لاوازیی هەڵوێستی کورد؛ و تا ئەم چرکەساتە ڕووداوەکان بە سوود و قازانجی باکوور و باشور و ڕۆژاوا تەواو بوون. لە ڕۆژاوا داعش تا ئاستێکی زۆر کەوتووتە هەڵویستی بەرگری و خۆپاراستنەوە، لە باشوور لە هەر خاڵێکەوە دزەی کردبێتە کوردستان تێکشکێنراوە و پاشەکشەی پێکراوە، سەرەڕای وەدەرنانی بەشی زۆری سوپای ئێراقیش لەلایەن پێشمەرگەوە. لە باکوور هاوسۆزی و هاوکاریی ژێربەژێری میت و دەوڵەتی تورکیا بووەتە بەڵگەیەک بە دەست کوردەوە بۆ دەمکوتکردنی دەسەڵاتداران و ... ئەوەی کە لەم نێوەدا بێبەش و گومناوە و وەک هەمیشە دەستی بە کڵاوی خۆیەوە گرتووە با نەیبات، کوردانی ڕۆژهەڵاتن.

تەنیا شتێک کە لە دەستیان هاتووە بڵاوکردنەوەی کوتە کاغەزێک بە ناوی پشتیوانی لە هەرێمی کوردستان لە دژی داعشە. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە ڕاستیدا ئەم حیزب و لایەنانەی ڕۆژهەڵات زۆر زیاتر لەوەیان لەدەست دەهات. ڕاستە ئەوان زۆربەیان پەنابەرن و لە کەمپی پەنابەریدا ژیان دەبەنە سەر، بەڵام لە سیاسەت دا دەستەواژەیەک هەیە کە پێیدەوترێت (Moment of Truth) واتە چرکەساتی ڕاستی یا ڕاستگۆیی. لە وەها چرکەساتێکدا بچووکترین هەڵوێست، دەکرێ گەورەترین ئاکام بە دوای خۆیدا بهێنێت. بەڵام ناسینی چرکەساتەکە خۆی لە خۆیدا زۆر گرنگە بۆ ئەوەی بێ دواکەوتن سوودی لێوەربگیرێت. وەک چۆن داگیرکەرانی کوردستان سوود لە حیزب و لایەنە جیاوازەکانی کورد و هەلومەرجە جیاوازەکانی کوردستان وەردەگرن، کوردانی ڕۆژهەڵاتیش دەیانتوانی هەوڵێک بدەن بۆ سوودوەرگرتن لە لاوازی و دەستەوەستانیی ئێران لە هەمبەر داعشدا.

بە بڕوای من حیزب و لایەنەکانی ڕۆژهەڵات لەباتی بەیاننامەی پشتیوانی لە حکومەتی هەرێم (کە هیچ پێویستییەکی بە هێزی ئەوان نییە)، وا باشتر بوو بیر لە دۆزینەوەی کەلێنێک بکەنەوە بۆ نیشاندانی توانا و دەسەڵاتی خۆیان. وا باشتر بوو لە بیری ئەوەدابن کە لانیکەم مانۆڤرێکی سیاسی بدەن بۆ ئەوەی دوای نزیکەی ٢٠ساڵ لە بێدەنگی و پیشخواردنەوە، بیسەلمێنن کە هێشتا کاریگەرییان بەسەر ڕووداوەکانی هەرێمەکەوە ماوە و ناکرێ حیسابیان لەسەر نەکرێت.

دەبوایە کوردانی ڕۆژهەڵاتیش وێڕای هاوسۆزی و پشتگیرییان بۆ ڕۆژاوا و باشووری کوردستان کە دوچاری کێشەی داعشی


تیرۆریست هاتوون، خۆیشیان لە قۆڵێکی دیکەوە و بە سیاسەتێکی جیاوازتر لە ئەوان هەوڵی چوونە نێو هاوکێشەکانیان بدابایە. دەبوایە دوای دوو دەیە ماتی و بێدەنگی، هەست بەوە بکەن کە چیدی دوورەپەرێزی و خۆدوورگرتن لە پێشهاتەکان لە قازنج و بەرژەوەندیی خۆیان و کورددا نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ - رێکەوتی: ٣ی جوولای ٢٠١٤



سەرچاوە Serchawe

## ئێران، بە ڕواڵەت دوژمن و لە ژێرەوە هاوپەیمانی داعش



عەبدولڕەحمان ڕاشید- ئەلعەرەبییە
وەرگێڕانی: وشەجاڕ

سەرهەڵدانی بەئاشکرای سەرۆکی "داعش" مەترسییەکان دەگەشێنێتەوە. ئێستا کەسێک سەریهەڵداوە دەیەوێت ئەو گروپە لەو بارودۆخە شپرزەی پێشوو ڕزگار بکات؛ گروپێک کە لەسەر بنەمای هێماخوازی و مێژوو و ئاین پێکهاتووە. ئەبوو بەکر بەغدادی توانیی لە کاتێکدا ئەلقاعیدە لە دۆزینەوەی جێنشینی "ئوسامە بن لادن" (ڕێبەری سیمبولیکی ڕێکخراوەکە کە بە دەستی ئەمریکییەکان کوژرا) دامابوو، بۆشاییەکەیان بۆ پڕ بکاتەوە.

سەرهەڵدان لە کات و شوێنێکی وەهادا پرسیارگەلێکی زۆر دێنێتە ئارا لەمەڕ ئەوەی کە ئەو گروپە لە لایەن کێوە بەکارهێنراوە و نوێنەری کێیە و چ لایەنێک توانیویەتی دزە بکاتە ناو ڕێکخستنەکانیەوە. گروپی "داعش" لە کاتێکدا کە ڕژێمی ئەسەد خەریک بوو دەڕوخا، کتوپڕ لە وڵاتی سووتاوی سووریاوە سەری هەڵدا. ئەو سەرهەڵدانە بووە هۆی نانەوەی شەڕ لە ناو ئۆپۆزسیۆنی سووریادا و بەو شێوەیە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەترسی ئەوەی جێگرەوەی (دیکتاتۆرەکەی سووریا) تیرۆریست دەبێت، ڕژێمی ئەسەدی لەسەر دەور هێشتەوە.

هەمان سیناریۆی لە عێراقدا دووبارە کرایەوە. نوری مالیکی کە دۆستێکی زۆر نزیکی ڕژێمی ئێرانە، خەریک بوو بە کۆی دەنگی سەرۆک و کەسایەتییە سیاسییە شیعە و سوننە عەرەبەکان لە لایەکەوە و سەرۆک و کەسایەتییە سیاسییە کوردەکان لە لایەکی دیکەوە، مافی دووبارە کاندیدبوونەوە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق لەکیس دەدا. بەڵام کتوپڕ داعش سەری هەڵدا و مووسڵ واتە دوهەمین گەورەشاری عێراق و بەهێز و پتەوترین شار لە باری سەربازییەوە، لە لایەن چەکدارانی ئەو گروپەوە دەستی بەسەردا گیرا. ئەستێرەی بەختی مالیکی درەوشایەوە و خۆی وەکوو ڕێبەرێکی پێویست بۆ ئەم کاتە



سەرچاوە
Serchawe

مێژوویيە و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریسم لەقەڵەم دا!

ئەوەتا ئێستاش "داعش" لە باتی شەڕ لەگەڵ دوژمنە ڕووکەشییەکانی واتە ئەسەد و مالیکی، هێزەکانی لە سنوورەکانی باکووری نیمچەدورگەی عەرەبستان، واتە نێوان ئەو وڵاتە و عێراقدا کۆ کردووەتەوە و خەریکە شەڕێکی دیکەش لە سنووره باشوورییەکانی عەرەبستان و یەمەن دەڵدەگرسێنێت.

بن لادەن کوژرا بەڵام بەغدادی زیندووە! بۆ ئەوەی ئەرکەکانی باوکی ڕۆحی و پێشینی خۆی جێبەجێ بکات و هاوکات خۆی لە مەکرووە و ڕێگەپێنەدراوەکانی ڕێبازەکەی ئەو بپارێزێت. لە بانگەشە ئاینییەکانی ئەواندا، هەمیشە ڕژێمی ئێران دوژمنێکی ڕووکەش، بەڵام هاوپەیمانێکی نهێنی بووە. ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە ئێران لە نەوەدەکاندا و پاش تێکشکانی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان سەنگەر و پەناگایەکی باشی بەشێک لە ڕێکخستنەکانی ئەو گرووپە بوو کە کەسایەتییەکی بناژۆخوازی میسری بە ناوی "سیف العدل" بەڕێوەبەری بوو.

ئەوەشمان لە یاد بێت کە ئوسامە بن لادن تاقمێک لە منداڵەکان و یەکێک لە ژنەکانی نارد بۆ ئێران کە پاش کوژرانی سەرۆکی ئەلقاعیدە لە تارانەوە نێردران بۆ سووریا بۆ ئەوەی لەوێوە بنێردرێنەوە بۆ عەرەبستان و ڕادەستی ئەو وڵاتە بکرێنەوە. بەڵام کۆمەڵێک لە پێشەوایان و سەربازە سعودی و عەرەبەکانی ئەلقاعیدە هێشتا لە ئێران دادەنیشن، ئەو وڵاتەی کە ئەلقاعیدە سەرەڕای لێدوان و بۆچوونە تیژە دژەشیعەکانی، هەرگیز هێرشی نەکردووەتە سەری و هیچ مەترسییەکی لەسەر بەرژەوەندی و بنکەکانی دروست نەکردووە!

بەغدادی وەشانی نوێی بن لادەنە. نموونەی بێزاری و ماندوێتیی ئاینیە لەو کۆمەڵگا سوننە مەزەبانەدا کە نەیانتوانیوە کولتووری بناژۆخوازی و توندڕەوانە ڕیشەکێش بکەن و نەشیانتوانیوە جێگرەوەیەکی کولتوریی دیکەی بۆ بدۆزنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ - ڕێکەوتی: ٩ی جوولای ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## داعش لەنێوان پەلاماری واشنتۆن و تاراندا



### بێستون هەورامی

هێرشەکانی ٩ی حوزەیرانی چەکدارانی داعش بۆسەر سوپای ئێراق بەتەنها مالیکی نەبوو ئەم جۆرە هێرشانە بەمە ترسی بۆسەر وڵاتەکەی بزانێ، بەڵکوو سەرەتا هەریەک لە ئەمەریکاو ئەوروپاو ئێرانیش هەمان بۆچوونی مالیکیان هەبوو، بەڵام پاش سەردانی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکاو بەریتانیا ئەوکاردانەوە چاوەڕوانکراوەی هەردوو وڵات بۆ دەیان پلە دابەزی و تارانیش پاش گەفگەلێک لەبەر پەرچدانەوەی چەکدارانی داعش جۆرێک لەپاشگەزبوونەوەی پێوەدیارەو بەم پێیەش ئێستا مالیکی بەتەنها لەگۆڕەپانەکەدا ماوەتەوەو لەم نێوەندەدا نەک هەرپێی شەرمە داوای هاوکاری لەهەرێم بکات، بەڵکو لەوتاری ئەم هەفتەیەیدا هەولێری بەداڵدەدانی بەعسی و هاوکاری داعش و هتد. تۆمەتبارکرد؟!

لێرەدا قسەمان لەبارەی ئەمجۆرە تۆمەت بەخشینەوەی مالیکی و هاوڕاکانی نییە لەبەرئەوەی بە درێژایی مێژوو هەرکات بەرپرسانی بەغدا شکستیان هێنابێ ئەمجۆرە تۆمەتانەیان داوەتە پاڵ کوردو نەیارە تائیفی و سیاسیەکانیان بەڵکو پرسیار ئەوەیە بۆچی حکوومەتی تاران لەبەشداری کردنی بەهێزی سەربازی بۆسەر چەکدارانی داعش پاشگەزبوویەوە؟ لەکاتێکدا داعش ئەو مەزارگەی ئەو سوننەو شیعانەی دەستی بەسەرداگرتون لەشارو شارۆچکەکاندا خاپوری کردن!! خۆئەگەر ئەم ئاماژەیە بەلای ئەهلی سوننەوە هەندێکجار ئاسایی بێ ئەوا بەلای شیعەوە جێگای قبوڵ نییەو نەبووە ، لێرەدا ئەگەر تۆزێک بەوردی لەمێژوی پەیوەندییەکانی واشنتۆن و تاران لەسەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە بڕوانین ئەوا ساتەوەختێکی دڵخۆشکەر و ئاشتەوایی لەنێوانیاندا بەدی ناکەین، تاکە هاوڕاییەک کە پێکەوە هەیانبووە، لەکاتی لێدانی ڕێکخراوی قاعیدەدا بووە لە ئەفغانستان ئەویش لەهەمبەر ئەوەی ئەو ڕێکخراوە سوننەی ڕادیکاڵ بوو، بەڵام بەدەیان بەرانبەر لەم ئاماژەیە تاران کۆسپی گەورەی شکست پێهێنانی ئەمەریکا بووە لەئێراق و باقی ناوچەکەدا، هەرچەندە ئەمەریکا ئەمڕۆ



سەرچاوە Serchawe

## بەشی یەکەم

لەجیهاندا رابەرایەتیی بەرەی دژە تیرۆر ئەکات، بەڵام جێگای خۆیەتی ئەگەر حکومەتی تاران بییەوێ بەهێزی سەربازی هاوکاری مالیکی بکات، ئەمەریکا هەمان ئەزمونی ١٩٧٩ی یەکیەتیی سۆڤیەتی لەئەفغانستاندا بۆ ئێران لەئێراقدا دوبارە بکاتەوە، چونکە هەمووکات لەسیاسەتدا لەپێناو ئامانجێکی گەورەدا پێچەوانەکاری ڕویداوە، پێشموایە تاران هەستی بەم پیلانگێڕیەی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی لەم ناوچەیەدا کردووە بۆیە تەنها چەند فڕۆکەیەکی سیخۆی کارپێکراوی گەیاندە بەغدا، چونکە بەتێوەگلانی تاران لەشەڕی داعش، ئەمەریکا وێڕایی ئەوەی بەرەیەکی دیکەی هاوشێوەی سوریا بۆ حکوومەتی تاران ئەکاتەوە، لەهەمانکاتدا لەبەرانبەر تێکنەشکاندنی ئەو هیلالیە شیعە لە دوو جێگاوە تاران زیاتر ناچار دانوستان لەبارەی پرۆگرامە ئەتۆمیەکەی ئەکات، خۆ ئەگەر بەدیوێکی دیکەدا لەم دۆخەی ئەمڕۆی ئێراق بڕوانین، حکومەتی تارانیش گەڕانەوەی سەربازانی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی بەدەرفەتێکی هاوشێوەی ڕۆژگاری بەر لە کشانەوەیان لەئێراقدا ئەزانێ، بۆیە پێموایە ئەم جۆرە دوو بیرکردنەوە داعش لەنێوان پەلاماری واشنتۆن و تاراندا، تەمەن درێژتر دەکات لەئێراقدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ١١ی جوولای ٢٠١٤



سەرچاوە Serchawe

## دەسەڵاتی سیاسی و دیمۆگرافیی هێز لە عێراقی پاش ڕووداوەکانی ١٠ی ژووەنی ٢٠١٤



**نەوید کەرەمی**

ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی دەسەڵاتی تاکڕەوانە و دیکتاتۆریی سەدام حوسێن بە هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق رووخا و عێراقێکی نوێ بە یاسایەکی دیموکراتیک هاتە کایەوە و دەسەڵاتێکی سیاسیی هاوبەش لە نێوان هەموو حیزب و پێکهاتەکان دروست کرا، بەشێوەیەک کە دەسەڵات و پۆستە باڵاکانی حکوومەتی لە نێوان سێ پێکهاتەی سەرەکیی عێراق، واتە شیعە و سوننە و کورد دابەش کران.

کوردی عێراق کە پاش شەڕی کوەیت لە ساڵی ١٩٩١ی زایینیدا توانیبووی بە راپەڕینێک دەسەڵاتی خۆجێیی بۆ خۆی مسۆگەر بکات و بە فەرمی دەسەڵاتی هەرێمیی لە کوردستان بەڕێوە دەبرد، پاش روخانی دەسەڵاتی سەدام حوسێن (٢٠٠٣ی زایینی) کورد ئەگەرچی توانیی بەشی هەرە زۆری خاکی کوردستانی عێراق بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بەڵام بە پەیوەستبوون بە پرۆسەی سیاسی و بەشداری لە دارشتن و پەسەندکردنی یاسای بنەڕەتیی ٢٠٠٥دا وازی لە بەشێک لە مافەکانی خۆی هێنا، بەو هیوایە کە دەسەڵاتی فیدراڵ لە بەغدا پابەند بێت بە یاسا و بەندەکانی بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە. بەداخەوە ئەگەرچی ٩ ساڵ بە سەر پەسەندکرانی ئەو یاسایەدا تێدەپەڕێ، حکوومەتی ناوەندیی عێراق و بە تایبەتی نووری مالکی، سەرۆک وەزیرانی ئەو حکوومەتە لە هەمبەر جێبەجێکردنی ئەو مادەیەی کە باس لە مافی کورد و بە تایبەتی گەڕانەوەی ناوچە دابڕێنراوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەکات (مادەی ١٤٠)، کەمتەرخەم بووە و پشتگوێی خستووە.

بە پێی سەرژمێریی ساڵی ٢٠٠٩ی زایینی، لە عێراقدا نەتەوەکانی عەرەب، کورد، تورکمان و کلدانی و... هتد بوونیان هەیە و هەروەها لەم وڵاتەدا شوێنکەوتوانی ئایینەکانی ئیسلام (شیعە و سوننە)، مەسیحی، ئێزەدی و... هتد وە بەرچاو

دەکەون، کە لەم نێـــوانەدا عەرەب بە ٧٥٪ تـــا ٨٠٪ نەتەوەی یەکەم و کـــورد بە ١٥٪ تـــا ٢٠٪ نەتەوەی دووهەم و تورکمانەکـان بە ٩٪ نەتەوەی سـێهەم لەم وڵاتەدان. هەروەهـا عەرەبە موسـڵمانەکان خۆیـان دابەش دەبـن بە سـەر دوو ئایینزای شیعە و سوننەدا کە شوێنکەوتوانی ئایینزای شیعە لە عێراقدا زۆرینەن و ٦٠٪ تا ٦٥٪ی حەشیمەتی عێراق پێک دەهێنن.

بە خوێنـدنەوە لە سـەر ئەو فرەچەشـنی و فرەڕەهەنـدییەی پێکهـاتەی عێـراق و بە مەبەسـتی پێکهێنـانی بەڕێـوەبەرییەکی هاوبەش و ڕاگرتنی هاوسەنگیی نێوان پێکهاتە سەرەکییەکان، ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی جۆ بایـدن (جێگری سـەرکۆماری ئامریکـا و بەرپرسی ئەو کاتی کۆمیتەی پێوەندییەکانی دەرەوەی سینای ئەمریکا) گەڵاڵەی سێهەرێمیی بۆ دەسـەڵاتی سیاسیی عێـراق (هەرێمی کورد ـ هەرێمی شیعە ـ هەرێمی سوننە) پێشنیاز کرد، ئەگەرچی ئەو گەڵاڵەیە گونجاوترین ڕێگا بـوو تـا عێـراق بە یەکپـارچەیی بهێڵێـتەوە و دەسـەڵاتی سیاسی دابەش بکـات و هاوسـەنگی لە نێـوان هێـز و دەسـەڵاتەکان ڕابگرێـت، بەڵام لە لایەن شیعەکان و عەرەبە شۆڤێنییەکان و هێندێک لە وڵاتـانی دەوروبەرەوە دژایەتیی لە گەڵـدا کرا و جێبەجێ نەکرا، بـۆیە عێراق بوو بە دوو هەرێمی کورد و عەرەب و لەو کاتەوە دەسەڵاتێکی فیـدراڵی لە عێراقـدا لە نێوان کورد و عەرەبـدا پێک هات و تا ساڵی ٢٠١٤ بەردەوام بوو.

بەڵام بەڕێوەبەری ودەسەڵاتی ناوەندی نەک هەر نەیتوانی هاوسەنگیی هێز ڕابگرێت و عێراق بکاتە موڵکی هەموان، بەڵکوو زیـاتر و زیـاتر بەرەو لای ئێـران و دەسـەڵاتی ئێران ڕۆیشـت و بـوو بە بـووکەڵەی دەسـتی ئێران. کـوردی سـاڵ بەدوای سـاڵ پەراوێز خست و مافەکانی کە لە یاسای بنەڕەتیدا بەڵێنیان لە سەر درابوو، پشتگوێخست و ڕەتـی کـردنەوە، نـووری مـالکی کە نوێنەرایەتیی شیعەکانی دەکرد و خۆی و حیزبەکەی زۆرترین پاڵپشتییان لە لایەن ئێرانەوە لێ دەکرا، بەرەو تـاکڕەوی ڕۆیشت و لایەنەکانی دیکە و بە تـایبەت سیاسەتمەداران و نوێنەرانی سوننەی ( وەک تـارق هاشمی) دوور خستنەوە و بە شێوەیەک لە گۆڕەپانەکە وە دەری نان.

سوپای عێراق کە بەڵێن وابوو سوپایەکی نیشتمانیی هاوبەشی پێکهـاتوو لە هەمـوو لایەن و پێکهاتەکـان بێت ، خرایە ژێـر دەسـەڵاتی مـالیکی و زۆربەی فەرمانـدە باڵاکـان دران بە شیعەکان و فەرمانـدە و ئەفسـەرە سوننەکان پاکتـاو کـران و وەدەر نران، تـا ئەو جێگایەی کە باس لەوە دەکەن نزیک بە ٨٠٪ی سوپای عێراق لە شیعەکان پێک هاتووە.

دوورخسـتنەوە و پەراوێزخسـتنی سیاسەتمەداران و ئەفسـەرانی سوننە لە دەسـەڵات و پشتگوێخسـتنی ویسـت و مافەکانیـان، بێڕێزیی سوپای عێراق بە خەڵکیسوننە (سەرکوتی خەڵکی ناڕازیی ئەنبار لە ژانویەی ٢٠١٤) و هێرشکردنە سەر خەڵکی

سڤیل بووە هۆکاری نارەزایەتیی ئەوان و بێهیوابوونیان بە دەسەڵاتی ناوەندیی عێراق.

دەسەڵاتی مالیکی کە ڕۆژبەڕۆژ بەرەو دیکتاتۆری دەڕۆیشت و شکستخواردنی دەسەڵاتی هاوبەشی نیشتمانی لە عێراق و دەستێوەردانەکانی ئێران لە کاروباری عێراق لە بەرژەوەندیی مالیکی، سوننەکانی تووڕە و کوردی بەتەواوی لە درێژەدان بە دەسەڵاتی هاوبەشی نیشتمانی لە بەغدا بێهیوا کردووە.

لە ڕێکەوتی ٢٠ی جۆزەردانی ١٣٩٣ی هەتاوی (١٠ی ژووەنی ٢٠١٤ی زایینی) هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق و شام (داعش) کە لە سووریەوە بەرەو عێراق وەڕێ کەوتبوون، توانیان لە هێرشێکدا بۆ سەر پارێزگای موسڵ کۆنترۆڵی زۆرێک لە بەشەکانی مووسڵ وەک بینای پارێزگای نەینەوا و فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی موسڵ و شوێنە حکوومەتی و نیزامیەکان بە دەستەوە بگرن و بە خێرایی بەرەو شوێنەکانی دیکە وەڕێ بکەون و داوای لە هێزەکانی کرد تا پاش دەستگرتن بە سەر شاری تکریت، بەرەو بەغدا پێتەختی دەسەڵاتی مالیکی و کەربەلا هێرش بەرن.

سوپای عێراق، ئەو سوپایەی کە مالیکی هەمیشە پشتی پێدەبەست، زۆر ناباوەڕانە شکستی خوارد و هەموو ئەو چەکوچۆڵە پێشکەوتووەی بۆ هێزەکانی داعش بە جێهێشت و رای کرد. ئێستا ئەو گرووپە و هاوپەیمانانی توانیویانە کونترۆڵی زۆرێک لە شار و ناوچە سوننەنشینەکانی عێراق بە دەستەوە بگرن.

ڕۆژی ٩ی پووشپەڕی ١٣٩٣ی هەتاوی( ٣ی ژانویەی ٢٠١٤ی زایینی) داعش خیلافەتی ئیسلامیی لە عێراق و سووریە ڕاگەیاند و شاری "ڕەقە"ی سووریەی کردە پێتەختی خیلافەتەکەی و لە گرتەیەکی ڤیدیوییدا "ئەبووبەکر ئەلبەغدادی"ی وەک یەکەمین خەلیفە ناساند و داوای لە هەموو موسڵمانانی سوننەی جیهان کرد کە لە گەڵ خەلیفە پەیمان ببەستن. هەر وەها پاش ڕاگەیاندنی خیلافەتی ئیسلامی، یەکێک لە ئەندامانی داعش ڕایگەیاند ئەو سنووربەندییەی کە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی بە پێی ڕێکەوتننامەی سایکس - پیکو لە نێوان دوو وڵاتی فەرانسە و بریتانیا کراوە، هەڵدەوەشێتەوە و سنوورەکان دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی پێش شەڕی یەکەمی جیهانی.

بە هاتنی داعش بۆ ناو خاکی عێراق و شاری موسڵ، هەموو ئەو هێزانەی کە لە سیاسەتەکانی مالیکی ناڕازی بوون، هەلەکەیان بە گونجاو زانی و هاتنە مەیدان و یارمەتیی داعشیان دا بۆ گرتن و کۆنترۆڵکردنی شارەکان و ڕاوەدوونان و وەدەرنانی سوپای عێراق کە **دەکرێ‌لەو نێوانەدا ئاماژە بە هێندێک لەو هێزانە بکەین:**

- گرووپی "ئەنسارولئیسلام" کە خۆی لە داعش بە کەمتر نازانێت و هەروەک داعش بیرۆکەی خیلافەتی ئیسلامیی لە

## بەشی یەکەم

سەردایە.

- بەعسییەکان (شوێنکەوتوانی نەقشبەندییە) روانگەکانی ئەم گرووپە هەر هەمان جیهانبینی حیزبی بەعسی سەدام حوسێن، واتە نەتەوەخوازیی سێکۆلار و پانعەرەبیزم بە روانگەیەکی سۆفیانەیە. ئەم گرووپە بۆ کۆکردنەوەی هەموو سوننەکانی عەرەب لە دەوری خۆی "ئەنجومەنی سوپای گشتیی شۆڕشگێرانی عێراق"ی دامەزراندووە.
- گرووپی ئیسلامگەرای "جیش‌المجاهدین"، لە ٢٠٠٣دا دامەزراوە و روانگەیەکی دژەشیعەیان هەیە.
- سوپای ئیسلامیی عێراق و چەندین گرووپی بچووکی دیکەی وەک تیپی شۆڕشی ١٩٢٠ و گوردانی مەدینە کە بە تازەیی دروست کراون.

هەرێمی کوردستان دوابەدوای یەکەم هێرشەکانی داعش و شکستی سوپای عێراق، هێزی پێشمەرگەی ناردە ناوچە کوردستانییەکانی وەک کەرکووک و خانەقین و خورماتوو و ... تاکوو پێش بە هاتنی داعش بۆ خاکی کوردستان بگرن و خاک و خەڵکی کوردستان بپارێزن. لەو پێوەندییەدا تا بە ئەمڕۆ چەندین پێشمەرگە لە سەنگەری بەرگریدا شەهید کراون و چەندین کەسیش بریندار بوون.

هەرێمی کوردستان ئەگەرچی ماوەیەکە لە لایەن ناوەندەوە پەراوێز کەوتووە و چەندین جار مووچەی فەرمانبەران و هێزی پێشمەرگەی لێبڕاوە، بەڵام هەردەم هەوڵی داوە تا لە رێگای سیاسییەوە و بە تەعامول لەگەڵ بەغدا کێشەکان چارەسەر بکات، تەنانەت ئەم جارەش وەک بەڕێز سەرۆکی هەرێم باس دەکات، چەندین مانگ پێش ئەو رووداوانە مالیکییان لە بارودۆخی گوماناوی و جموجوڵی ناو مووسڵ ئاگادار کردبووەوە، بەڵام مالیکی هیچ ئاوڕێکی لە دۆخەکە نەدابووەوە.

ئێستا کە مەسەلەکە رووی داوە، لە لایەکەوە مالیکی و لە لایەکی دیکەوە ئێران، داوا لە حکوومەتی هەرێم دەکەن تا هێزی پێشمەرگە هێرش بکاتە سەر ئەو ناوچانە و بە هاوکاریی سوپای عێراق ئەو هێز و لایەنانە سەرکوت بکەن، بەڵام کورد رایگەیاندووە هەموو ئەو لایەنانەی کە بەرانبەر بە حکوومەتی مالیکی راوەستاون، تیرۆریست نین و زۆربەیان هۆز و عەشیرەت و خەڵکی سوننەی ئەو شوێنانەن و داوای مافی خۆیان دەکەن و کورد بەشداری شەڕی تایفی نابێت و تەنیا بەرگری لە خاک و خەڵکی کوردستان دەکات.

بە روودانی پرسی موسڵ و هاتنی داعش بۆ عێراق و شکستی سوپای عێراق، هێزی پێشمەرگە توانیویەتی چەندین شوێنی وەک کەرکووک، خانەقین و خورماتوو بخاتەوە ژێر کونترۆڵی خۆی، واتە هێندێک لەو شوێنانەی کە کوردستانین و لە مادەی ١٤٠ی یاسای بنەڕەتیدا (ڕێفراندومی ساڵی ٢٠٠٥ی زایینی) بڕیار درابوو کە بگەڕێنەوە بۆ سەر کوردستان. ئێستا وەک

خۆیان دەڵێن مادەی ١٤٠ جێبەجێبووە و چیدیکە پێشمەرگە لەو شوێنانە ناکشێتەوە.

عەرەبە سوننەکان چیدیکە هیوایان بە دەسەڵاتی ناوەندی نەماوە و باوەڕیان بە دەسەڵاتی هاوبەش لە ناوەند بە شێوەی پێشوو نیە، ڕوودانی شەڕ و کوشتار و بە تایبەتی، فتوای جیهادی دوو مەرجەعی شیعە واتە مەکارمی شیرازی و سیستانی دژبە خەڵکی سوننەی عێراق، وای کردووە کە عێراق چیدیکە نەبێتەوە عێراقەکەی پێشوو، چیدیکە سوننەی عێراق ناچێتەوە دۆخی جارانی و دەسەڵاتی ناوەندی بە شێوەی پێشوو قبووڵ ناکات، بۆیە کورد بە خوێندنەوەی هەموو ئەو ڕاستیانە و بارودۆخی ناوچەیی و ناوخۆیی بڕیاری داوە تا هەنگاوێکی گرینگ بهاوێ کە هەردەم ئاوات و ئارەزووی هەموو کورد بووە و خۆی بۆ سەربەخۆیی و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی ئامادە و تەیار بکات. لەو پێوەندییەدا ڕۆژی پێنجشەممە ١٢ی پووشپەڕی ١٣٩٣ی هەتاوی (٣ی جولای ٢٠١٤ی زایینی) بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پارلەمانی کوردستان باسێکی پێشکەش کرد و پارلەمانی ڕاسپارد تا ئامادەکاریی تەواو بکەن بۆ ئەوەی کە لە زووترین کاتدا ڕاپرسیی گشتی بکرێت بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

حکوومەتی ناوەندیی عێراق لە لایەن ئێرانەوە گوشارێکی زۆری لە سەرە تاکوو بە هەر شێوەیەک بووە ئەو پرسە چارەسەر بکات و دەسەڵاتی شیعە لە عێراقدا بپارێزێ، دیارە لەو پێوەندییەدا هەرچی لە دەستی بێت دەیکات، لە هێزی سوپای قودس بگرە تا ناردنی چەکوچۆڵی شەڕ و تەنانەت گۆڕینی مالیکی بە مۆرەیەکی دیکەی جێی پەسندی خۆی.

ترسەکانی ئێران بێهۆ نین، دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویییەک کە پاش ڕووخانی سەدام حوسێن لە عێراقدا بۆ خۆی پێکی هێنابوو، ئێستا لاواز بووە و سیاسەتەکانی خەریکە لەو وڵاتە شکست دێنن، خەونەکانی بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەستراونەتەوە بەوەی کە چۆن هیلالی شیعی بپارێزێ و چۆن هێژمۆنی و هێزی خۆی لەو وڵاتانەی کە شیعەیان تێدایە، نیشان بدات.

بە دەستپێکی شەڕەکەوە ئێران هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە کوردەکان بکاتە لایەنێک لە شەڕەکە و بە قوربانیکردنی کورد دەسەڵاتی مالیکی بپارێزێ، کاتێک کە بۆی دەرکەوت کورد نابێت بە بووکەڵەی دەستی سیاسەتەکانی و هەڵوێستێکی دیکەی هەیە و ڕایگەیاندووە کە پێویستە کورد بڕیاری سەربەخۆیی بدات و چارەنووسی خۆی بە دەستەوە بگرێت، هەوڵی زۆری داوە و دەدات تا یەکڕیزیی کورد تێک بدات، کۆسپ و گرفت بخاتە سەر ڕێگای کورد تاکوو لە هەڵوێستەکەی پاشگەزی بکاتەوە و شکستی پێ بێنیت. یان لە لایەکی دیکەوە، داوا لە ئامریکا دەکات تا پێکەوە ببنە هاوپەیمان و ناوچە سوننەکانی عێراق لە ژێر ناوی شەڕی تیرۆردا سەرکوت بکات.

## بەشی یەکەم

چ کوردستان سەربەخۆیی بگرێ و ببێتە وڵاتێکی سەربەخۆ، چ سوننەکان بتوانن لە ڕێگای سیاسییەوە هەرێمێک بۆ خۆیان دروست بکەن و لە کردەوەدا وەکوو گەڵاڵەکەی جۆ بایدن عێراق ببێتە سێ هەرێمی کورد و شیعە و سوننە، ئێران تووشی شکستێکی گەورە لە عێراقدا دەبێت و سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی کز و لاواز دەبن و چیدیکە وەکوو ساڵانی پێشوو ناتوانێ فەرمانڕەوایی عێراق بکات.

### بەڵام ئایا سوننەکانی عێراق دەتوانن ببنە هەرێمێکی جیا لە شیعە؟

پرسێک کە لێرە و لە دوارۆژی ئەو ڕووداوانەدا گرینگیی هەیە، چۆنیەتیی دەسەڵاتی ئەو ناوچانەیە. واتە دەسەڵاتی داعش بە بیرۆکەی خیلافەتی ئیسلامی، وەک ئەوەی کە لە ٣ی جووڵای ڕایگەیاند، بە بیرۆکەی داگیرکردنی وڵاتانی دیکە و گەڕانەوە بۆ سنوورەکانی پێش شەڕی یەکەمی جیهانی و پێش پەیمانی سایکس‌پیکو، یان دەسەڵاتێکی شارستانیی خەڵک و حیزبە سوننەکان، بە مەبەستی بەدیهێنانی ماف و ویستە سیاسی و مرۆییەکانی خۆیان لە چوارچێوەی عێراقدا.

ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە وڵاتانی ناوچەیی و سیاسەتی جیهانی ناتوانێت بیرۆکەی داعش قبووڵ بکات و ئەگەر حیزب و لایەنە سوننەکان نەتوانن داعش پەراوێز بخەن و دووری بخەنەوە ئەوا تووشی کێشە دەبن و لە ئەنجامدا لەوانەیە بە هێرشێکی هەمەلایەنە ئەو پرسە شکست بخوات، هەروەها ئەگەر کێشەی نێوان شیعەو سوننە لە ڕێگای سیاسی و بە لەبەرچاو گرتنی ماف و ویستەکانی دوولایەنە چارەسەر نەکرێت ئەوا پرۆسەی دێموکراسی و دەسەڵاتی نیشتمانی زیاترو زیاتر لە عێراقدا تووشی شکست دەبێت، ئەوکات چ شیعە سوننە سەرکوت بکات و چ سوننە شیعە شکست بدات، دەسەڵاتێکی دیکتاتوری لە عێراقدا دروست دەبێت، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانە، داعش وەک هێزێکی سێبەر بچێتە کەنار و حیزب و لایەنە سوننەکان بتوانن دەسەڵات و ڕێکخستنی خۆیان بۆ دروستکردنی هەرێمێکی سوننە لە عێراق پێک بهێنن، سەرکەوتن بە دەست دێنن و هەم وڵاتانی ناوچەیی و هەم سیاسەتی جیهانی ئەو مافەیان پێدەدات و لە ئەنجامدا ئەگەر هەموان بتوانن لە عێراقدا دەسەڵاتێکی هاوبەشی نیشتمانی دروست بکەن، پێش بە دابەشبوون و لەنێوچوونی ئەو وڵاتە دەگیرێت. سەربەخۆبوونی کورد و دروستبوونی هەرێمی سوننە هیچیان نابنە هۆی دابەشبوونی عێراق، بەڵام سیاسەتی پاوانخوازانە و دەسەڵاتی تاکڕەوانەی یەک کەس (مالیکی یان هەر کەسێکی دیکە) و یەک لایەن عێراق بەرەو لێواری ڕووخان و لەنێوچوون دەبات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ١٤ی جووڵای ٢٠١٤

# داعشی گۆڕهەڵکەن



**حەسەن یاسین**

لەمێژووی ئیسلامدا گۆڕهەڵکەنانو تێکدەرانی گۆڕی پیاوچاکان مێژوویەکی کۆنیان هەیەو داعش یەکەم لایەنی خۆبەموسڵمانزان نییە کەدەستی بەتەقاندنەوەو تێکدانی گۆڕی پێغەمبەرانو پیاوچاکان کردبێ.

گۆڕهەڵکەن لەکوردیدا چەند مانایەکی هەیە. کەیەکێک دەمرێ‌و دەبێ لەگۆڕدا بنێژرێت، موسڵمانان گۆڕی بۆ هەڵدەکەنن، ئەم گۆڕ هەڵکەندنە بووە بەپیشەیەک لەهەندێک شارو شارۆچکە.

لەسلێمانی گۆڕهەڵکەندن پیشەیەو خاوەن مردوو پێوەندییان پێوە دەکاو ئاگاداریان دەکاتەوە کەپێویستیان بەگۆڕێک هەیە، ئەوانیش لەبەرانبەر بڕێک پارەدا، لەسەر زەویی شارەوانی کەبۆ گۆڕستان تەرخانکراوە، گۆڕێک بۆ مردووەکەیان هەڵدەکەنن.

لەهەولێر، ئەوەندەی تا ئێستا من ئاگادار بم، گۆڕهەڵکەندن نەبووە بەپیشەو تەنیا کارێکی خێرخوازییە. چەندین گروپی گۆڕهەڵکەنی خێرخواز هەن کەژمارەی تەلەفونەکانیان بەنێو خەڵکدا بڵاوبۆتەوەو تەنیا ئەوەندە بەسە کەلەلایەن خاوەن مردوویەکەوە ئاگادار بکرێنەوە کەلەفلان گۆڕستانو لە فلان شوێن پێویستیان بەگۆڕێک هەیە بۆ مردووەکەیان، ئیدی ئەو تیمە یان گروپە خۆبەخشە بەموەلیدەو پاچ و پێمەڕەی خۆیان تەنانەت ئەگەر نیوەی شەوو زستانی سەختیش بێت دەستوبرد کۆدەبنەوەو گۆڕێک هەڵدەکەننو بەحازری ڕادەستی خاوەن مردووی دەکەن. ئەم دوو نمونەیەم بۆ جیاکردنەوەی گۆڕهەڵکەنی ئاسایی لە گۆڕهەڵکەنانی داعش هێنایەوە.

بەر لەداعش نمونەی تەێکدەرانو هەڵتەکێنەرانی گۆڕ هەبووەو لێرەدا ناتوانین بەدرێژی باس لەهەموویان بکەین. بەس دەکرێ ئاماژە بە هەندێکیان بدەین.

محەمەد عەبدولوەهاب کەدامەزرێنەری وەهابییەتە خۆی دەستی داوەتە پاچ و چەندین گۆڕی هەڵتەکاندووە.
ئیبن تەیمییە کەبەباوکی بیری توندڕەویی جیهادی دادەنرێتو توندڕەوانی ئێستای ئیسلامی سیاسی زۆر پێی سەرسامنو مەلا کرێکاریش یەکێکە لەوانو کوڕێکی خۆیشی ناوناوە ئیبن تەیمییە، خۆی دەستیداوەتە پاچو چەندین گۆڕی پیاوچاکانی هەڵتەکاندووە.

تاڵیبان لەئەفغانستان، بەهەمان بیانووی تێکدانی گۆڕی پیاوچاکان، دەسیاندایە تەقاندنەوەی پەیکەرەکانی بوداو ئەو ئاسەوارە مێژووییانەیان تێکدا، لەکاتێکدا ئەو پەیکەرانە هی پیاوچاکانی موسڵمان نەبوونو ئەوانەش کەزیارەتیان دەکرد زۆرینەیان موسڵمانە نەبوون، بەڵکو سەربەئایینی بودایی یان گەشتیاری ئاسایی بوون، کەچی ئەوان تێکیانداو هەم زیانیان بە مێژووی ئەفغانستانو بودییەکان لەجیهان گەیاندو هەم گورزیان لەئابووری ئەفغانیش وەشاند، کەساڵانە بڕێکی باش داهاتیان بەهۆی گەشتیارانەوە دەستدەکەوت کەبۆ ئەو مەبەستە دەچوونە ئەفغانستان.

ئەنسار ئیسلامیش هاوشێوەی محەمەد عەبدولوەهابو ئیبن تەیمییەو تاڵیبان، لەگوندی باخەکۆنی ناوچەی هەورامان کەوتنە هەڵتەکاندنو هەڵکەندنی گۆڕی شێخانی بیارەو ئێسکو پروسکەکانیان بردو لەشوێنێکی نادیار گۆڕەونیان کرد.
شاری موسڵ، کەئێستا لەژێر دەسەڵاتی (خەلافەتی ئیسلامی)ی داعشدایە، پڕیەتی لەگۆڕی پێغەمبەرانو پیاوچاکانی پێشینو بەردەوام خەڵک سەردانی ئەو مەزارانەیان کردووەو هیچ کەسێکیش لەوانەی دەچوونە سەر ئەو گۆڕانە، بۆ ئەوە نەدەچوون تا بیانپەرستن، کەچی وا داعش کەوتۆتە تەقاندنەوەیان.

داعش، ئێستا گۆڕی هەر یەک لەپێغەمبەران یونسو ساڵحو پیاوچاک عەونەددینی نەوەی ئیمامی عەلیو چەندین گۆڕی دیکەیان تەقاندۆتەوە، بیانووەکەشیان هەمان بیانووی ئەوانەی پێش خۆیانە.
داعش پەلاماری مەسیحییەکانیاندا. پەلاماری مەزاری پیاوچاکانو پێغەمبەرانیاندا. پەلاماری ناوچە کوردییەکانیاندا. دیارنییە ئاخۆ لەئاییندەدا داعش خۆی کەی پەلامار دەدرێو خەلافەتەکەیان دەڕووخێنرێو دەبن بەمێژوو، بەڵام مێژوویەکی ڕەش.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٦ی جوولای ٢٠١٤

## داعش لە کۆشکی کلتووردا.



**کازیوە سالح**

**سوود وەرگرتن لە هەڵەکانی بن لادن.**

ئایە داعش تەنها هێزیەکی تیرۆرستیە؟ ئایە شەپۆلێکی ئایدۆلۆژی، کلتووری، ئاینی و ئابوریە؟ یان یاریەکی نێو دەوڵەتیە بۆ ئاسانکردنی ئەو دۆخەی رۆژئاوا بە نیازی بەرپا بوونیەتی؟ ئەم وتارە خوێندنەوەیەکی کورتی گرنگترین ئەو فاکتەرانەیە کە هێزیەکی سەرسوڕهێنەری بە داعش بەخشیوە. جەخت لە سەر ئەوە ئەکاتەوە شەڕی داعش شەڕی نێوان شیعە و سوننە نیە و بێ دەنگی وڵاتانی عەرەبیش لە سەرسوڕمانەوە سەرچاوەی نەگرتووە بەڵکو داعش هەلێکە هەندیکیان دەمێکە خەونی پێوە ئەبینن.

داعش شەپۆلێکی فرە ڕەهەندی، فرە جۆرە. لە سەرجەم ئایدۆلۆژیە توندڕەوەکان، کلتوور ، ئاین، هێزی ئابوری و تەقەمەنی سوودمەند بووە بۆ دروستکردنی شەپۆلێک لە توانایدا هەیە بە خێرایی چاوەڕوان نەکراو داعشیزم لە دیاردە وە بگۆڕێت بە سیستم و ئایدۆلۆژیایەکی گشتگیر. سیستمێک تەنها وەکو هێزی سەرەکی عێراق و سوریا خۆی نەچەقێنێت بەڵکو سەرجەم ناوچەکە بە ئەفغانستان و پاکستانیشەوە بگرێتەوە. ئەم بۆچوونەم لەوەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە داعش هێزێکی تیرۆریستیە و ئەتوانێت بە توندڕەوی بگات بە ئامانجەکانی. بەڵکو لەو دەرکەوتەی داعش خوێندنەوەی سیاسی، کلتووری و سایکۆلۆژی تاکی ڕۆژهەڵاتی و بە تایبەت عەرەبی بەر لە دەرکەوتن بە هەند وەرگرتووە و کاری لە سەر هەر یەکەیان بە جیاواز کردوە..

لە ڕووی سایسیەوە داعش سوودی لە هەڵەکانی گروپە تیرۆریستیەکەی ئوسامە بن لادن وەگرتووە. لە لایەک بن لادن لە

دەرەوەی ژیانی رۆژانەی تاک کاری ئەکرد ، بە دیویکی دیدا لە دەرەوەی کۆمەڵگە بوو. ئەمەش ئەوە نیشان ئەدات کەسێتێکی تاکڕەو و گۆشەگیر لە نێو کەنارێکی دووره دەست، دەسەڵاتی گشتگیری بەرهەم نەهێنەرێت. ئەمەش وایکردبوو نەتوانێت لە دوورەوە پلانەکانی خۆی بەو جۆرەی "بۆی دانرابو" بپێکێت. دیسان لە گەڵ ئەوەی عەرەب بوو، چوون لە دەرەوەی کلتوور و سیاسەتی بەڕێوەبردن کاری ئەکرد، زیاتر کۆششەکانی لە بازنەیەکی ئاینی توندا ئەسۆڕایەوە ، ئەمە وایکرد ئەو کاریگەریە گەورەیەی لە نیشتمانی عەرەبیدا دروست نەکات. لە لایەکی دی ڕەچەڵکی ئاینی بن لادن جێگەی گومانە ، من ئێستاش پێم وانیە بن لادن کوژرابێت و پێم وایە ئەمەریکا بە سیناریویەک بردیە ئەمەریکا و لەکەنارێکەوە لەویَ ئەژی. چوون سیناریوی بن لادن وەکو نەگەشت بە بن بەستێکی ویستراو کە بەرژەوەندی تەواوی ئەمەریکا بپێکێت، ئەوەندی ئیسلام فۆبیای لە رۆژئاوادا بڵاو کردەوە، ئەوەندەش ئەمەریکا فۆبیای لە رۆژهەڵاتدا بڵاوکردەوە. بن لادن قسە زۆر ئەکرد و کرداری کەم بوو، ئەوەندەی ڕاگەیاندنی بۆ ناوبانگ ئەکرد و ئەوەندەی ڤیدیو بڵاو ئەکردەوە ئەوەندە کرادری نەئەکرد. ئەمەش دوو خاڵی لای مرۆڤ ئەچەسپاند:

**یەک**: لە ڕووی دەروونیەوە ئەو مرۆڤانەی بەردەوام دووپاتی ئەکەنەوە کە ڕقیان لە کەسێک، حزبێک و لایەنیک و یان دەوڵەتێکە خۆیان لە بنەمادا سیخوڕی ئەو لایەن و دەوڵەتە ن. ئەو هستریای تووشی ئەبن ، ترسی ئاشکرا بوونە و جگە لە سیاسەتی ڕاوکردن و زانیاری کۆکردنەوە. دووپاتکردنەوەی ڕکەکانی بن لادن بۆ ئەمەریکا بەراورد بە کردارەکانی پێچەوانەی ئەسەلماند..

**دوو**: ئەو هەموو ڤیدیو و خۆ دەرخستنە بۆ وەرگر و بینەر و تەنانەت دواکەوتوانی بن لادن و ئەمەریکاش ئەسەلمێنێت، ئەمە ئەو دەردە دەروونیە کە بن لادنیش وەکو سەدام و هیتلەر و مۆسۆلۆنی کێشەی خود پەرستیی (Cult of Personality) ڕێگە لە دروست بوونی کارەکتەرێکی کاریگەر و درریژ خایەن ئەگرێت. بۆیە پێم وایە ئەمەریکا نەیدەویست ئەزموونی سەددام دووبارە بکاتەوە. ئەم ڕاستیانە لای داعشیش ڕوونە و بە ئاشکرا خۆیان لەو هەڵانەی بن لادن ئەبوێرن. لە ڕووی ئاینی یەوە داعش کاریگەرتر و دان پیانراوترە لە بن لادن و شیعەش . بن لادن کە لە بنەمادا هەڵگری ڕێبازی وەهابیە. بە پێی دانپیانانەکانی جاسوسی بەریتانیا هامفەر بۆ ڕۆژهەڵات لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی یادەوەریەکانی هامفەر، ڕوونە کە ڕێبازی وەهابیزم بەریتانیا لە سەدەی هەڤدەدا دروستی کردوە و ناوی وەهابیش لە ناوی ئەو لاوەوە هاتووە کە هامفەرلە بەسرەدا ناسیوێتی و توانیویەتی کاریگەری لە سەری هەبێت و پلانەکەی مەیسەر بکات و ناوی محمد ابن عبدوالوهاب بووە. (بیرەوەریەکانی هامفەر، ٢٠٠١) لە بەر ئەوەی لە ڕێگەی ئەوە وەهابیزم دروستکرا ناوەکەشی هەڵگرت. ئەم ڕێبازە لە پێناوی پارچەکردن و گۆڕینی ئیسلام بووە بۆ ڕێبازێک لە گەڵ بەرژەوەندی ئەو کاتەی بەریتانیا بگونجێت. جگە لە سعودیە کە خێزانی ئال سعودیش بە هەمان شیوە لە لایەن بەریتانیاوە دروست کراون هیچ وڵاتێکی دی بە



سەرچاوە
Serchawe

شێوەی گشتی وەهابیزمی نەکردوە بە ڕێباز.ئەکرێت جگە لە بەرژەوەندی ئەمەریکا ئەم هۆکارەش لە پشت پەنابردنی بێت بۆ ئەفغانستان. ئەم ڕاستییە لای نەتەوەی عەرەب ڕوونە و لە گەڵ ئەوەی ئایدۆلۆژیای مۆدێرنی عەرەب نەفرەتکردنە لە ڕۆژئاوا ، بەڵام ئەو ڕێبازەی ڕۆژئاوا دروستی کردوە، لە بەرئەوەی خۆیان هەڵگرین بە نەفرەت نەکراوە. ئەمەش پێچەوانەی کوردە کە باوەڕی نەکرد ئەمەریکای بەرژەوەندیخواز پەکەکە بە تیرۆریست ناوزەدبکات، ئیتر کوردی بەشەکانی دی وەکو مادەی هۆشبەر سەیریان ئەکەن. وەهابیزمی بن لادن بە شێوەی ئاشکرا کاریگەری نەبووە، بەڵام بێگومان کاریگەری هەبووە بۆ ئیماندار و دژە ڕۆژئاوایی ڕاسەتەقینە کە خۆیان دوو بگرن و دەستگیری نەکەن. بە بوونی داعش ئەم کێشەی و کیشەی شیعەش کە تا ئاستێکی باش لە وەهابیزمەوە نزیکە لای زۆرینەی عەرەب کە بێ دەنگانە دژی وەهابیزمن چارەسەر ئەبێت.

لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە داعش ئەو ترسەی فارسیزم و تورکیزم لە ناخی عەرەبدا ئەرەوێنێتەوە کە لە سەرەتای ۱۹۰۰ەکانەوە لە بیریان کردبوو. ئەو کات چەند نەتەوەیی و فاشیستی عەرەبی ڕزگاری کردن لەو ترسە، دیارترینیان (ساطع الحصری) بوو. بە کورتی لە سەدەی هەڤدە و سەرەتای سەدەی هەژدەدا لەبەرئەوەی فارس و کلتووری فارس کاریگەری گەورەی لە سەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەبوو، چوون زۆربەی کەسە باڵاکانی ئەو ئیمپراتۆریەتە فارس بوون (هەندیکیان کورد بوون بەڵام بانگەشەی زمان و کلتووری فارسیان ئەکرد نەک کورد)، ئەمەش ترسی لای عەرەب دروست کرد، لەوەی ئەگەر ئەو کاریگەریە هەڵبکشێت، ئەکرێت بە هەردوو کلتوور و شوناسی عەرەبی بسڕنەوە. بۆیە ژمارەیەک عەرەبیش هەوڵیان دا ببن بە پیاوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بە نیازی ئەوەی هەوڵ بدەن کلتووری عەرەبی بە سەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا زاڵ بکەن. لە نێویاندا (الحصری) تایبەتمەندی لە ناو تورک و داهێنەری هزری شۆڤێنی عەرەب بوو . بە تایبەت لە ۱۹۱٦وە بە تەواوی ڕووی لە هزری عەرەبی کرد و کلتووری عەرەبی لەو مەترسیە ڕزگارکرد. ئەو هێڵە ناسیونالیزمیەی ئەو خستیە ناو عەرەبەوە دروستکەری بەعس بوو، هەتا ئێستا ناوچەکە قەرەبووی هزری ئەو ئەدەن.

لەم ساڵانەی دواییدا، دەست تێوەردانی ئێران لە کاروباری ناوچەکە بە شێوەیەکی گشتی، و بەڕێوەبردنی سوریا و عێراق و بەشێکی کوردستان و لوبنان و پەیوەندییەکانی لە گەڵ تورکیادا ببوون بە سەرچاوەی سەرهەڵدانەوەی هەمان ترسی سەدەی هەژدە. بە بوونی داعش ئەو ترسە لای عەرەب ئەسڕێتەوە و پشتگیری شەقامی عەرەبی مسۆگەر ئەکات لەم ڕووەوە. جگە لەوەی ئەم هێزە هەڵگری تەنها یەک ئایدۆلۆژی نیە، بەڵکو تێکەڵەیەکە لە فکری بەعس، ئیسلام بە هەموو چەمکەکانیەوە، هەڵەیە پاش بینی دەیان پەیڕەو کە لە وەهابیزم و شیعەدا هەیە بگوترێت هەموو خەسڵەتەکانی ئەم هێزە سوننییە. ئەکرێت سونی بکات بە بەهانەی شەڕەکانی بۆ ئەوەی پیاوەکانی ئێران دەربپەڕێنێت بەڵام لە ڕاستیدا شەڕی ئێران ئەکات و زۆریش نابات لایەنە نا سونییەکانیش پشتگیری ئەکەن.

### تاقیگەی سێکشوالیزمی داعشی.

لە ڕووی کلتووری و سایکۆلۆژییەوە داعش خوێندنەوەی بۆ کلێنی کەمسەریەکانی ڕۆژهەڵات بە گشتی و عەرەب کردووە و دیارترین هەنگاوی ئاشکرا ی نا و بە خێرای وەرگیرا و بوو بە کلتووریەکی "دانپێنراو". هەر زوو زانی کلیلی سەرکەوتنی لە ناوجەکەدا بە دوو فاکتەر فەراهەم ئەبێت، ئەوانیش سێکس و پارەن، بۆیە داعش سەدان کەم کوڕی دەروونی بردە تاقیگەی سێکشوالیزمەوە. ئەو تاقیگەی توانی ڕیبازو ئاینی خەڵکی ناوچەکەی تیا بخاتە ژێر میکرۆسکۆپەوە، پاش دۆزینەوەی شوناسی ڕاستەقینەیان ئەوجا هەناگاوی داگیرکردن و پلانی ڕاستەقینەی ڕووبخات.

لە سەرەوە وتم بووە بە کلتوورێکی دانپێنراو بەو بەڵگەیەی بە دوو شیوە پشتگیری لێ کرا بە ئەندام بوون و بە بێ دەنگ بوون بەرانبەری. ئەو ئاینی ئیسلامەی کە دەست بەرکەوتنی نێر و مێ حەرام ئەکات، کە شووکردنەوەی ژن پاش تەلاقدان لایەنی کەم بە کەمتر لە سێ مانگ حەرام ئەکات، ئەو ئاینەی کە لە سەر زینا مرۆڤ زیندە بە چاڵ ئەکات. لە تاقیگەکەی داعشدا، هەمان ئاین لە ڕۆژێکدا یەک ژنی لە گەڵ دە ١٠ پیاو جووت ئەکرد، ناوی دەنا مارەبڕین و نەک سێ مانگ سێ کاژێریش لە نێو مارەبڕینەکاندا نەبووە.

ئەو ئیسلامی و مەلانەی کە لە سەر هەموو بچووک و گەورەیەک فتوای کوشتن دەرئەکەن. یان مەلای مارەبڕ و بەش بەرکەتوو بوون لەو بە کۆمەڵ سێکسکردنەدا، یان بێ دەنگ و دەستەوەسان بوون. نە لاوەکانیان هاننەدا تاقیگەی سێکشوالیزمی داعشی بەردە باران بکەن وەکو چۆن هانیان ئەدان شوێنگەی مەسیحیەکان و سالۆنەکان و دوکانی مەی فرۆشەکان بەردە باران بکەن. نە کەسانی خۆیان ئەنارد "داعشیات"ە کانیان لاقە بکەن وەکو چۆن ئەچوونە سەر قوپتیەکانی میسر و ژنەکانیان لاقە ئەکردن. نەهاتنە سەر شەقامەکان و ناویان نا بێ حورمەتی بە ئاین، نە لە میدیاکانیانەوە هەلایان نایەوە و ئیدانەیان کردن. ئەو بێ دەنگیەش واتای شەرعیەت پێدان و بە کلتوور بوونیان بوو.

ئەو پیاوە ڕۆژهەڵاتیەی کە شەرەفی لە نێو ڕانی ژنەکەی و مێینەیماڵەکەیدا ئەبینێت، لە سەر گومانێکی کەم بە بیانووی شەرەف پاریزی ئەیکوژێت و بەردەبارانی ئەکات. لە سایەی داعیشزمدا ئەو پیاوە ڕۆژهەڵاتیە خۆی ژن و خوشک و کچ و دایکی خۆی ئەبرد و بە بڕێک پارەی کەم ڕۆژانە بە دەیان کەسی بە کرێ ئەدا لە تاقیگەکەی داعشدا ناویشی نابوو خێرکردن.

ئەم پرۆسە ئابرووبەرە جیهانی تووشی شۆککرد، بوو بە بابەتی سەرەکی میدیاکانی جیهان و خۆم لە ڕێگەی ڕیپۆرتاژی تەلەڤزیونە بیانیەکانەوە زانیاریم لە سەر ئەو بابەتە وەرگرتووە، بەڵام نەبوو بە بابەتی میدیای گرنگ لا ڕۆژهەڵات و لای کوردیش کە قازانجی بوو ئەو بابەتە بوروژێنێت. تەنانەت لە میدیای ئیلکترۆنیدا ئەگەر تۆمەتی سکانداڵی لێپسراوێک یان ناوێک بە سکانداڵێکی سێکسیەوە بگیرایە زیاتر بڵاو دەکرایەوە لەو سکانداڵە گەورە کلتووری، ئاینی و سیاسیە. ڕازیبوون تەنها لە بێ دەنگیدا خۆی نمایش نەکرد، لەوەشدا بە ئاشکرابوونی ئەم تاقیگەیە دەیان نێر و مێ بوون پاڵەوانی خۆ بەخشی ئەو سیناریو و وڵات و شاری خۆیان جێ هێشت و بوون بە داعشی و داعشیات. کوردستانی ئێمەش لێیان بێ بەش نەبوون.

ئەم دەرئەنجامە لە دەرەوەی خوێندنەوە و پێشبینی داعش نەبووە. چوون داعش تەنها ژیانی ڕۆژانەی تاکی لەم پرۆسەیەدا نەخوێندوەتەوە، بەڵکو گەشتووە بە ئەو بەشەی نەستی مرۆڤ کە پێی ئەوترێت چوارگۆشەی رەش و نەوتراو. خەونە نەوتراوەکانی کۆمەڵگایەک دێنێتە نێو پرۆسەیەکی ئەزمونگەری. ئەو مرۆڤە ڕۆژهەڵاتیەی کە ناوی ڕۆژئاوا هات یەکسەر بیری بۆ سێکس ئەچێ، پرسەکانی بۆ ڕۆژئاوا تەنها لە بازنەی ئازادی سێکسدا ئەخولێتەوە، نەک هیچ کام لە کایە مۆدێرنەکان و داهێنانەکانیان کە ڕۆژهەڵات لە سایەیدا ئەژی. داعش جۆرە سێکسیەکی بۆ بەرهەم ئەهێنێت کە لە بیری ڕۆژئاوایان دائەبڕێت، لەمەشدا بە ئاستێک توندڕەوە ڕۆژئاوا و جیهان ئەرشێنێتەوە. ئەو ڕۆژهەڵاتەتیەی تۆڵەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتووری بە ناوگەڵ ئەکاتەوە، پرەنسیپەکانی ژیانی لە سەر بەندە. ئەو ڕۆژهەڵاتیەی هەمیشە خەون بە پیاوی سەر ئەسپە سپیکەوە ئەبینێت هەڵیگرێت و لاقەی بکات، بۆ ئەوەی "بڵێن" نەک "بڵێت" گوناهی ئەو نەبوو بە زۆر پێیکرا. داعش ئەبێت بە پیاوی سەر ئەسپە سپێکە و نەک هەر پێی ئەڵێت بێ گوناهی ئەڵێت خێری گەورەشت کردوە و هاوکاری یەزدان ئەکەیت لە گەیاندنی پەیامەکانیدا. ئیتر گرنگ نیە ئەم پەیامە تا چەند باوەڕ پێکراوە لە لایەن تەنانەت خودی بەشداربوویشەوە. گرنگ ئەوەیە بەهانەیەکی بۆ ئەو خەتورانەی لە پشتی سەری ئەودا دۆزیبەوەتەوە ناخی دیلی لە پەلەقاژەی فرینی ئازادیدا هەموو شتێکی پەسەندە ئەگەر کوشتنی ئازادیش بێت. گەرچی ئەو بەهانە تەنها کۆنتراکتی نێوان دوو لایەنیش بێت. لەم تاقیگەی داعشدا هەموو پرەنسیپەکان، کەرامەت، ئاین، جەستە، پەیوەندی ژن مێردایەتی و باوک کچیەتی و خوشک و برایی هەمووی بە نرخی ٥٠٠٠ پێنج هەزار دۆلار دەستی پێکرد و وەکم هاتوویەک کە ماوەیەک پاش هاتنە بازاڕ نرخەکەی هەرزان ئەبێت. ئەم پرۆسەیەش بەروە هەرزان بوون و خەریکە بەرەوە خۆڕایی بوونیشی ئەبات. واتە هیچ بیانوویەک بۆ پەسەندکردنی لە چوارچێوەی نالەباری باری ئابووریدا جێگەی نابێتەوە. ئەم پرۆسەیەش بە داعش ئەڵێت پێویستە لە ڕووی ئابورییەوە ئەوەندە بە هێز بێت کە پێنج هەزاری بۆ هەموو ئەوانە هەبێت لەو بازاڕی کڕین و فرۆشتندا جێگایان ئەبێتەوە. چوون دەرئەنجامەکانی ئەم تاقیگەیە دەری دەخات داعش چی بوێت ئەتوانێت بە ئابوری بەهێز بە دەستی بهێنێت لە ناوچەکەدا بە کەرامەتی تاکیشەوە..



سەرچاوە Serchawe

لە ڕووی ئابورییەوە داعش یەکێکە لە بەهێزترین هێزە چەکدار و تیرۆریستیەکانی جیهان. ئەوەی ئەمەریکای شپرزە کردوە گوایە نازانێت داعش چۆن سەری هەڵداوە بە ڕاست نازانم، پێم وانیە دروست بوونیان لە دەرەوەی هاوکاری زلهێزە دەرەکیەکانی بێت، بە تایبەت ئەمەریکا. ئەو هەموو چەک و تەقەمەنیەی لە دەستی داعشدا داهێنان و دروستکراوی ڕۆژهەڵات نیە. پشتگیری تەواوی ڕوسیا و چین، بە ئاشکرا و سەرسەختانە لە قەسبخانەکەی بەشار ئەسەد، مانای ئەوە نیە، ئەوانیش و زلهێزەکانی یش بازرگانی خۆیان لە گەڵ داعش ناکەن. بەڵام ئەوەی تووشی شۆکی کردووەن هێزی ئابوری ئەم گروپە و توانای بە کارهێنانی تەکنۆلۆژیانە. ڕۆژنامەی گاردێنی ئەمەریکی لە ڕۆژی ١٥ - ٦ - ٢٠١٤ ئەم شۆکەی دەرخستووە و ئەڵێت کە بەر لە گرتنی موسڵ، حسابی داعش ٨٧٥ هەشت سەد و هەفتاو پێنج ملیون تیابوو، بە گرتنی موسڵ بلیون و نیویک چووەتە سەر ئەو حسابە. (گاردێن، ٢٠١٤) ئاشکرایە بە گرتنی شارەکانی دی چەند هێندە ئساتی ئابوریان بەرزبووەتەوە، لە کاتێکدا داعش تەنها پارە کۆناکاتەوە، بە پێی قسەکانی هەمان ژمارەی گاردێن، کۆمەڵێک شتی کەلپوری وئەنتیکیان لە سوریادا بروده کە مێژووەکەی بۆ ٨٠٠٠هەزار ساڵ ئەگەڕێتەوە. ئەم هێزە ئابوریەیە ئەمەریکای تۆقاندووە و ئەزانێت هیچ هێزیک توانای کۆنترۆڵ کردنیانی نابێت. داعش هەموو ساڵی ٢٠١٢ لە سوریا هێندە ڕۆژێکی عێراق دەستکەوتی مادییان نەبووە ئەمەش کردین بە زلهێزترین تیرۆریستی جیهان. ئەم هێزە ئابوریەش تەنها هێزی ناوخۆ یان ڕۆژهەلاتیان بۆ مسۆگەر ناکات، بەڵکو لە ئێستادا بە نهێنی و لە داهاتودا بە ئاشکرا ڕێکەوتنی نیو دەوڵەتی و پاڵپشتی جیهانیان بۆ دروست ئەکات. سعودیە لە ڕووی سیستمی توندڕەوی و نادیموکراتیەوە لە داعش بالاتر نیە و هێزی پاڵپشتی هەموو گروپە تیرۆریستەکان و مافیەکانی ڕۆژهەلاتیشین. کەچی خۆشەویستی جیهان و بە تایبەتیش ئەمەریکایە چوون ئابوریان بە هێزە. لای ئەمەریکا و داعشیش ڕوونە بەو ئابوریە بەهێزە ئەکرێت هەموو کایەکان بەرێتەوە.

## میدیا و ناوبانگی پێشمەرگە.

داعش خوێندنەوەی عەقڵی کوردی لە بیر نەکردووە ،ئەویش ئەزانێت کورد شەڕی پاراستن ئەکات نەک ڕزگاربوونی یەکجاری؛ چانسی خۆی لە گەڵ ئەو چەند شارە ئازادەدا تاقی ئەکاتەوە و نیازی زیاتری نیە. بۆیە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە بە پێی ڕاپۆرتەکانی میدیای کوردی گوتویەتی شەڕی کور ناکات. ئەمە گەر بە ڕاست وتەی داعشیش بێت، کورت تەمەن. ئەکرێت شەڕی کورد نەکات هەتا هەموو شارە بە ئێران گیراوەکان ئەگرێت و چانسی وڵاتانی زلهێز تاقیئەکاتەوە و خۆی جێگیر ئەکات شەڕی کورد ناکات. بەڵام لە گەڵ جێگیر بوونیدا کورد ئەکات بە ئامانج. کورد بە خێرای داعش نەجوڵێتەوە جاریەکی دی دەست بەتاڵ و زیان بەرکەتوو لەم هەلەدا دێتە دەرەوە. لە ئێستادا هێزی کورد ئەم هەلە بقۆزێتەوە، جگە لە ئامانجکردنی ڕزگارکردنی ناوچەکانی دی و تەڵاقدانی یەکجاری عێراق، پێویستە شەڕی ناوبانگی پێشمەرگە و شەڕێکی لێزانانەی میدیای بکات،



سەرچاوە
Serchawe

**پێم وایە هەندێ خاڵە گرنگە لەم ساتەدا بە هەند وەربگیرێت:**

**١- سنوور پارێزی نەک عێراق پارێزی:** گرنگە بەهای گیانی پێشمەرگە و ئامانجی هەنوکەیی کوردیش بالا بنرخێنرێت. هێزی پێشمەرگە نەنێرێتە دەرەوەی سنووری کوردستان و بەشداری شەری داعش لە دەرەوەی خاکی کوردستان نەکات. کوژرانی یەک پێشمەرگە گەورەترین خیانەتی نیشتمانی یە و بە کوشتدانیەتی بۆ ئێران و ناسیونالیزمی عەرەبی. کورد پیویستە زۆر بە ئاگاوە خۆی لەو یاری و شەڕە کۆنەی نێوان عەرەب و ئیمپراتۆریەتی فارس دوور بگرێت. یەکگرتنی سەرجەم هێزە کوردیەکان و یەک دەنگی و یەک هەڵویستیان مەرجی بردنەوەی ئەم شەڕەیە بە شیوەیەک کوردستانی گەورە بە یەکەوە بلکێنێتەوە. ئەم گورزەش لە ئێستادا نەوەشێنرێت کە لوتکەی قەیرانی گەورە و شەڕە، دەبێت بە خەونێکی بەدی هاتووە و ئەم هەلە هەرگیز نارەخسێتەوە.

**٢- دەرچوون لە لیستی تیرۆریست:** پێویستە سەرجەم هێزە کوردیەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان یەکگرتووانە کار بکەن، قسە بکەن و ستراتیجیکی تۆکمە دارێژن بۆ بالاکردنی ناوی پێشمەرگە وەکو سیمبولی دیموکراسی و ئاشتی. لە رێگە ئەم بە سیمولکردنەوە فشاری میدیای بخرێتە سەر ئەمەریکا بۆ دەرهێنانی پەکەکە لە لیستی تیرۆریستدا سڕینەوەی ناوی هەر بزوتنەوە و کۆمەڵەیەکی کوردی کە بەو چەمکە بەدناوکراوە. چونکە هەبوونی کورد لە لیستی تیرۆریستیدا واتای ئەوە نیە بزوتنەوەکە توندوتیژە و بە کۆتایی هاتنی ئەو توندوتیژیە ئەو پەڵە ڕەشەش ئەسڕێتەوە، بەڵکو مانای ئەوەیە تێڕوانینی ئەو بۆ تۆی کورد نەوییە ،لەو ڕێگەیەوە پێت ئەڵێت لە سنووری خۆت دەرنەچیت و داوای زیاتر لەو قەوارەی بۆی داناویت نەکەیت.

**٣- باڵاکردنی ناوی پێشمەرگە:** یەکێک لە پلانەکانی دەرچوون لەو لیستە نەگریسە باڵاکردنی ناوی پێشمەرگەیە، ئەوایش لە ڕێگەی مامەڵەی خۆیان و پاڵپشتی میدیاکان. هێزی پێشمەرگە زۆر بە ئاگاوە مامەڵە لە گەڵ هەر دەستکەوتێک و لە گەڵ دیلو لێقەومادا بکەن، بە تایبەت ژن و مناڵ. مامەڵەیەک تەواو پێچەوانەی هێزی شڕە خۆری داعش و عەرەب و فارس بێت و لە گەڵ مامەڵە و پرەنسیپی نێو دەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤ گونجاو بێت و هەموو مامەڵەکردنەکانیشیان تۆرمار بکرێت و لە ڕێگەی میدیاکانەوە بخرێتە ڕووی جیهان.

**٤- داهێنانی میدیای پێشمەرگە:** میدیای کورد نابێت، ناتوانێت وە ناکرێت بێ لایەن بێت. بێ لایەنیشی خۆ خەڵەتاندنە. چونکە کورد یەک لای بێ هاوتا، بێ پشتیوان، فرە دوژمنە. هەموو ئەو لایەنانە کە شەڕ ئەکەن و شەڕیان دژ ئەکرێت ، هەموو ئەو وڵاتە زیان لێکەتوانەش لە خراپترین دۆخ و پەیوەندیاندا لە سەر لە ناوبردنی کورد کۆک و یەکن. جگە لە لایەنداری میدیای کوردی پێویستە لەم سەردەمەدا میدیای وەکو پێشمەرگە کار بکات. لە لایەک زۆر ئاساییە گەر هەنوکە هەموو میدیا و هەموو لاپەرەکانی تەرخان بکرێت بۆ ئەم مەسەلەیە. لە لایەکی دی میدیا پێویستە خۆ تەرخان بکات بۆ



سەرچاوە
Serchawe

جیهانی کردنی لایەنە باشەکانی پێشمەرگە نەک تەنها بە ڕوناکی خستنە سەریان، بەڵکو ببێت بە هۆی بە دەنگ هاتنی تاکەکان بە زمانی بێگانە. (لانی کەم بۆ تاقیکردنەوەی زۆر لەو کوردانەی لە دەرەوە بە زمانی کوردی شۆشگێرن، بە زمانی بێگانەش ورتە ناکەن و ئەڵێن خۆمان تووشی سەر ئێشە ناکەین). ئەمەش لە ڕێگەی ئەو میدیانەی بە زمانی بێگانە دەر ئەچن خۆیان داوا بکەن لەو هاولاتیانەی زمانی بێگانە ئەزانن بە تایبەت زمانی ئنگلیزی کە بە شێوەیەکی ڕێکخراو بێتە دەنگ لە سەر ئەم مەسەلەیە و شەڕی میدیای بکات لە سەر دەرچوونی کورد لە لیستی تیرۆریست و داوای پشتگیری سەربەخۆی لە جیهاندا بلاوبکاتەوە. ئەمرۆ شۆڕشی گەورە و مافی گەورەتر لە ڕێگەی تەکنۆلۆژی و شەڕی میدیایە دێتە ئاراوە.

٥- **چەسپاندنی فرە دیانەتی:** (لە بابەتێکی دیدا بە وردی باس لەم مەسلەیە ئەکەم). ئەوەی بۆ ئەم دۆخەی ئێستا گونجاوە لە گەڵ ئەوەی ئەنفالەکانی ئێمە لە موسڵ و هەندی دێهاتی عەرەبدا بەردیان تێگرا، بەڵام پێویستە لە ئێستادا جگە لە ڕیز گرتنی هەر تاکێک دەست پێشمەرگە ئەکەوێت، کورد هەوڵ بدات بە ئاشکرا و لە بەردەمی میدیادا ژیانی ئەو کەسانە بپارێزێت کە بە هۆی دیانتەوە لە عێراقدا زیانیان پێ ئەگات و ڕوو لە کوردستان ئەکەن. ئەم پرۆسەیەش پیویستە ببێت بە ئامانج و کاری یەکیەتی زانایان و ڕۆڵی تەندروست ببینین لە هەمانگیرکردنیدا.

ئەوەی ئەمرۆ لە نێو عەرەب و لە سەر خاکی عەرەب ڕووئەدات کلتوریەکی لە مێژینەی هەیە، هەموو سەد ساڵ جاریەک لە مێژووی ناوچەکەدا نوێ بووەتەوە و تەنها لە شمشێر وەشاندنەکانی نێوان حسێن و عەلی سەرچاوەی نەگرتووە. بەڵکو ڕەگی لە ناسیونالیزم - پارێزی و سیاسەتی کۆشەکە-کەلاوەی ئیمپراتۆریەتی و فارس و عەرەب و عوسمانی داکوتیوە. ڕەگی لە نێو کلتور، ئاین، ئایدۆلۆژیای ئەم سێکۆچکەیە و سیاسەتی ئیمانداری و سیخوڕی عەرەبدا ڕۆچووە. ئەمەی ڕووئەدات جگە لەوەی سەرجەم پرۆسەکە گەورەترین باندی دزی و گەورەترین بە گروپ سێکس کردنە نەک شۆڕش. دەستی دەزگای و موخابەراتی ولاتانی زلهێزیشە بۆ شۆڕشکردنێکی چەسپاوتر لەوەی هامفەر و عبدالوهاب کە ڕێبازی وەهابیان داهێنا، ئەمەش دەبێت بە ڕێبازی داعیشیزمی ولاتانی زلهێز لە ژێر چەمکی بەرماڵی ئیسلامدا کە بووە بە پەناگەی بەدیهێنانی ئەم جۆرە خەونە. ئەمەی ڕووئەدات کۆتایی هاتنی ناوبانگی عەرەبی مسۆگەر کردوە لە ڕووی نێو دەوڵەتیەوە و ڕۆژئاواش بە تایبەت ئیسرائیل دەمێکە ئەم خەونە ئەبینێت. چوونەوەیە بۆ ناو قۆزاغەی چەرخی بەردین. بۆیە پێویستە ناوی پێشمەرگە و کورد زۆر لێوەی دوور بێت بە هیچ شیوەیەک تێوەگلانی کورد و بەشداری دژی داعش لە دەرەوەی سنووری کوردستان و لە کیس دانی ئەم هەلە بۆ سەربەخۆی گشتی ئەبن بە لەکەی ڕەشی مێژوووی و نیوو دەوڵەتیش.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمرۆ - ڕێکەوتی: ٢٨ی جوولای ٢٠١٤

**بەشی یەکەم**

## بەهاری عەرەبی، پایزی عێراقیو زستانی ڕۆژئاواو باشوورو وەرزێکیتر بۆ ڕۆژهەڵات



**عومەر ئیزەدخاه**

دەهێنێسەرهەڵدانی شۆڕشی ناسراو بە بەهاری عەرەبی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ماوەی ڕابردوود، شۆڕشی دژ بە سیستەمی سیاسی هەریەکە لەو وڵاتانە بوو، کە ئەم بەهارەیان گرتەوە، لەلایەن زۆرینەی گەلی هاونیشتمانانیان بەهۆی دواکەوتوویی و زۆرداری سیستەمەکانیانو مۆنۆپۆڵکرانی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن گروپێکی بچووکەوە.

وڵاتانی تونس و میسر و لوبنان و یەمەن و سوریا. ئەوەی بۆ کورد گرنگترین بوو سوریایە، سەرهەڵدانی شۆڕش لە زۆرێک لە ناوچەکانی ئەو وڵاتە وای کرد پشێوی و بۆشاییەکی سیاسی ئەوتۆ بێتە ئاراوە، کە دروستبوونی چەندین گروپ و لایەنی تری لێکەوتەوە، کە هەندێکیان بوونە سوتەمەنی ئەو بەهارە لە وڵاتانی دیکە، لەو بارودۆخەدا کوردەکان دابەشبوون بەسەر دوو لایەنی ئۆپزسیۆنە گەورەکەی سوریا و لایەنگرانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە باکوور (پ. ی. د)، پەیەدە سەرەتا ڕۆڵی گەورەی سەربازی بینی دژی گروپە جیاوازەکان کە هەڕەشە بوون بۆ سەر شارە کوردەکانی ئەو وڵاتە، بەڵام دوای زیاتر لە ساڵێک لە شەڕ و پێکدادانی توند بارودۆخێکی نوێی سیستەمی سیاسی بۆ کوردەکان هاتە ئاراوە، ئەویش پێکهێنانی حکومەتی تایبەت بە کوردەکان بوو بەڕابەرایەتی پەیەدە ، هەرچەند بەشێکی زۆر لە پارتە کوردیەکانی دیکە تۆمەتی لایەنگری ڕژێم دەدەنە پەیەدەو بەپێی ڕاپۆرتەکانی میدیاکانو ڕێکخراوەکان ڕۆژانە دەبینین چالاکی ڕێکخراوەیی کوردە نەیارەکانی پەیەدە لەو حکوومەتە تازەدا قەدەغە دەکرێن، ئەوەی گرنگە بیزانین ئەوەیە کورد لەوێ ئێستادا بوارێکی زۆری بۆ ڕەخساوەو دەتوانێ بە مافە مێژوویەکانی بگات، دڵنیاشم لەوەی کە قۆناغی پرۆسەی ڕزگاری گەلی کورد لە و پارچەیە قۆناغێکی باش چۆتە پێشێ ئەگەر لەم پەرو خەسارەش هەیەو زۆرتریش دەبێت، بەڵام کورد پشکی خۆی لەو بەهارە بەردەکەوێ.

## بەشی یەکەم

دروست بوونی ڕێکخراوی (داعش) کە ئێستا ناوی خۆی گۆڕیوە بۆ دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی، هاوکێشەکانی زیاتر گۆڕی چ لەناوخۆی سوریا، کە لەو بۆشایی و فەوزایەدا ناوچەیەکی زۆری کۆنترۆڵ کردو تێیدا گەشەی کرد، دواتر ئەم ڕێکخراوە بوو بە سوتەمەنی گوێزرانەوەی بەهار بۆ عێراق، لە ماوەی ڕابردوودا، سەرەتا لە سنورەکانی پارێزگای ئەنبارەوە چالاکیەکانیان دژ بە حکوومەتی عێراقی دەست پێکردو چەندین مانگ لە شەڕو پێکدادان دابوون، لەماوەی ڕابردوودا ناهاوسەنگی بەشداری سیاسی و ڕەتکردنەوەی بەرامبەر لە سیستەمی سیاسی عێراقی گرتەوە، ئەمەش خولقێنەری ئەمڕۆیە، سونەکانی ئەو وڵاتە بەهۆی پەراوێزخرانیان لە دەسەڵات، دەستیان کرد بە چەندان خۆپیشاندان بەتایبەت لە ئەنبار و سەرەنجام باری نائاسایی ڕاگەیاندرا لەو شارە، لەگەڵ ئەو پەراوێزەی سونەکان وای لە سەرکردە باڵاکانی سونە کرد، کە بێ ئومێد بن لە حوکمداری شیعەکان (بەفیعلی)و تاکڕەوی، بۆیە بیریان لە ڕێگای جیاواز کردەوە، داواکاری زۆریان کرد بۆ پێکهێنانی هەرێم لە پارێزگاکانیان، بەڵام داواکەیان ڕەتکرایەوە و چەندین حاڵەتی تۆمەتبارکردنی سەرکردەکانیان هەبوو بۆ تیرۆر. بە کورتی سونەکان لە لوتکەی بێ هیوایی دابوون، ئەمەش سەرنجام وای لە پارێزگا سوننە نشینە کان کرد کە دەزگاکانی حکوومەت لەو ناوچانە لاواز بن و نەتوانن ڕووبەڕووی گروپێکی وەک داعش ببنەوە، کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هێرشەکانیان بۆ سەر پارێزگای موسڵ دەست پێکردو لەماوەیەکی زۆر کورتدا هێزە سەربازییەکانی حکوومەتی عێراق لە تەواوی ئەو شارەو سەلاحەدین و چەندین ناوچەی دیکەی ڕاوەدوو نران، هاتنی ئەم ڕێکخراوە سونەیە و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی سونە تا ڕادەییەکی زۆر تەریبی دەبینرێ لە خواستی خەڵکی ئەو ناوچانە لەگەڵ ئەم ڕێکخراوە.

عێراق لە گەڵ یەکەم ڕۆژی هاتنی داعش بۆ موسڵ دابەش بوو بۆ سێ پارچە، ناوچە سونیەکان دەسەڵاتێکی سیاسی سەربەخۆی تازەی لێدامەزراوەو کوردیش لە گەیشتنی بە چڵەپۆپەی ئامانجی خۆی دایە، کورد زیاتر لە هەموو کاتێک سەربەخۆیە، سەرەتا ناردنەوە دەرەوەی نەوت بە هەنگاوی یەکەمی دەوڵەتی کوردستان دادەنرێت و دواتر بڵاوبوونەوەی سەربەخۆیی کوردان لە باشوور جیهانی گرتەوەو هەڵوێستی چەند وڵاتێکی ئیقلیمی و دەولی دەرخست، هەڵوێستی ئیسرائیل گرنگە، کە یەکەم وڵاتە لەسەر زاری بەرپرسە باڵاکانی دان دەنێ بە دەوڵەتی کوردی، هاوکات تورکیای هاوسنور ئێستا بەرژەوەندی ئابووری زۆری هەیەو ئەگەریش پشتگیری دەوڵەتی کوردستان نەکات لە باشوور، ئەوا چاوەڕوان دەکرێ دژی نەوەستێتەوە، ئێرانیش دژیەتیو سوریاش فەوزایە، ئەمریکیەکان نابنە ڕێگرێکی ئەوتۆ بۆ ئەم دەوڵەتە (بەو مەرجەی بەرژەوەندی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئاڵۆزی و پشێویدا نەبێ لە جیهانی سێ)، هەرچەند ئێستا بانگەشەی عێڕاقێکی یەکپارچە دەکەن، بەڵام دەبێت لەوە تێگەیشتبن، کە سێ لایەنەکە ناتوانن بەیەکەوە بن زیاتر، هاوکات بەرپرسە باڵاکانی پۆلۆنیا هەر یەک لە ستیڤان نیبی شۆفسکی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی پۆڵۆنییاو ماچەی گرۆبسکی، سیناتۆری پۆڵۆنی، بەناوی وڵاتی پۆلۆنیاوە ڕایان گەیاند ئامادەن و یەکەم وڵات ئەوان دەبن لە داننا بە سەربەخۆیی کوردستان، لە ووتارەکەی سەرۆکی هەرێمدا کە لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا پێشکەسی کرد، ئاشکرای کرد کە پاڵپشتیەکی نێودەوڵەتی هەیە بۆ



سەرچاوە
Serchawe

سەربەخۆیی. ئێستا کورد بە فیعلی لە دەوڵەتێک دەچێ و قۆناغێکی زۆری بڕیوە، هەرچەند لە حکومەتی بەغداد بەشداری پرۆسەی سیاسی عێراق دەبێت، بەڵام لە سەربەخۆیی کوردستان کەم ناکاتەوە، هەر چۆنێک بێت کورد قۆناغی زیاتر دەبڕێت و لە کۆتاییدا بارودۆخییکی سەربەخۆیی هاوشێوەی وڵاتانی دیکەی جیهانی بۆ دێتە ئاراوە (هاوسانایی سەروەری لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی)، دەوڵەتان هەموویان یەکسان نین لە هێز، بەڵام یەکسانن لە سەروەری، ئەمڕۆ بێت یان سبەی باشووری کوردستان وەک ئەمڕۆ نامێنێ بەتایبەت وەک ناوچەیەکی گرنگ بۆ پارچەکانی دیکە.

ئەگەر لەبیرمان بێت لەماوەی ڕابردوودا، پرۆسەی ڕزگاری سیاسی کورد پەیوەندیەکی گرنگیان بەیەکەوە هەبووە، بەتایبەتی باشوور و ڕۆژهەڵات، لە زۆر کاتتدا پارتە جیاوازەکان هاوکاری یەکتریان کردووە و لە زۆرکاتیشدا گەیشتۆتە شەڕی سەربازی، دروستبوونی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٩١ی.ز.و بە ناڕاستەوخۆ بوو بە مایەی ڕاگرتنی پرۆسەی خەباتی پارچەکانی دیکەی، بەتایبەت حیزبەکانی ڕۆژهەڵات تووشی زیانێکی زۆر هاتن ، نەک لەبەر دروستبوونی ئەو ئەزموونە گرنگە، کە هەموو کورد لە پارچە جیاوازەکان بە دەستکەوتی هەموو کوردی دەزانن، بەڵکوو بەهۆی دژایەتی هەندێ لە پارتەکانی بەڕێوبەری ئەو حکومەتە، کە هاوبەرژەوەندین لەگەڵ وڵاتانی دروسێ، ڕیشەی ئەو تۆکمەیی و مساوەمەکردنە زۆرەیان دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی نێوان پارتەکانی باشوورو دواتر سوود وەرگرتن لە هێزی وڵاتانی دراوسێ، بۆ دووبارە کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەی جێ نفوزیان، بەردەوام دژایەتی کردنی نەیارانی کوردی ڕۆژهەڵات لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، بە فشار خستنە سەر هێزەکانی باشوور، بوو بە مایەی داخرانی دەرگای باشوور بەسەر ڕۆژهەڵاتدا، ئەمەش زیانێکی زۆری لێدا.

هەڵکەوتوویی جیۆپۆلەتیکی و مێژووی و سیستەمی سیاسی ئێران سروشتێکی ئاوای خوڵقاندووە، کە کوردانی ئەو پارچەیە لە خەباتی ڕزگاریدا ئاوا کاڵ دیار بن، ناکرێت مێژووی باشوور لەسەرتاوە، لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی ساڵی ١٩٢٠ی زایینی، کە ئەو وڵاتە بەردەوام لە ململانێی نێو خۆیی دابووەو پێش ئەو کاتیش کە ناوچەیەکی سەربە دەوڵەتی عوسمانی بووە، دوور تر بووە وەک باکوور لە سەنتەرەوە، ناشکرێت هێزی دەسەڵاتدارە کوردەکان لەبەر چاو نەگیری، کە نەیاری دەسەڵاتی بێگانە بوون، لەگەڵ ئەوەی چەندین هەڵی دەوڵەت کوردی لەو پارچەیە لەگۆڕێ بوون، هەر لە حکوومەتەکەی شێخ مەحموودەوە ١٩١٩ی.ز. تا ئێستا. ئەوەی ڕۆژ ئاواش جیا دەکاتەوە بریتییە لە هاتنە ئارای بەهاری عەرەبی بەڕابەرایەتی عەرەب، باکووریش سروشتی خۆی جیایە، سیستەمی سیاسی تورکیا بە تایبەت لە ئێستدا زۆر جیاوازە لەگەڵ ئێران، ئێستا بەشداری سیاسی لەو وڵاتە بۆ گروپە جیاوازەکان لە پلەیەکی بەرز دایەو چاوەڕێش دەکرێ باشر ببێت، هەرچەند مافەکانی گەلی کورد تا ئێستا لە ئاستی سەرەتاییشدا بەشێوەی ئەوتۆ نەچۆتە پێش، ئەو نەرمییەی لە مامەڵەکانی دەوڵەتی تورکی بەرامبەر هاوڵاتیانی ئێستا بەدی ناکرێ لەگەڵ ئێرانێک کە گروپێکی ئایینی توند سەر بە

## بەشی یەکەم

فکرەیەکی مەزهەبی توندی ئیسلامی کە کۆمەڵە مەلایەک لەخۆی دەگرێ، هەموو جومگەکانی سیاسەتو کۆمەڵگاو ئابووریان مۆنۆپۆڵ کردووە، ڕۆژانە سزای لە سێدارەدان بەبەرچاوی خەڵکێکی زۆرەوە لە ژێر سایەی ئەو سیستەمەدا ئەنجام دەدرێ و دەرەنجامەکەی تۆقاندنی هاوڵاتیانە، ئالودەکردنی هاوڵاتیان بە مادده هۆشبەرەکان، سنوردارکردنی میدیا و ئینتەرنێت، لەناوبردنی بەردەوامی گروپە نەیارەکانیان و دەرکردنی تاوانی سیاسی بۆیانو ڕێگە نەدان بە بەشداری سیاسی هێزەکانی دیکە. بەهێز بوونی حکومەتی ئێران بە کەڵک وەرگرتن لەو ئامرازانە و پشتگیری وڵاتان، وایکرد نا هاوسەنگیەکی زۆر بکەوێتەوە لە گەڵ هێزی بزووتنەوەی کوردەکانی ڕۆژهەڵات، کە هەم شەڕی ناوخۆ زیانی گەیاند، هەمیش بێ هێزی زیاتری بزوتنەوەی ئازادی نەوەتەکانی دیکەی ئێرانیش، سەرنجام دوای چالاکیەکی چەندی ساڵەی سەربازی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و بە بوونی دەیان دەست کەوت و ڕژانی خوێنێکی زۆر ئێستایەکە کە دەی بینن.

لەمەو دوا ئەگەر باشوور دەوڵەتێکی سەربەخۆ و بەهێز بێت، ئەوا ڕۆژهەڵاتیەکان باشتر دەتوانن چالاکی سیاسی خۆیان بەڕێوە بەرن، بە نەمان و کەم بوونەوەی پاشکۆیەتی هێزە کانی باشوور بۆ ئێران و وڵاتانی دیکە، لەلایەکی دیکەوە ڕێخراوی داعش هەڕەشەیە بۆ سەر شیعەکان چ لە عێراق و چ لە ئێران، لەسەر زاری خۆیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٣ی ئاگۆستی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## ئێزیدییەکانی شەنگال،هێندەی نەمابو پاکتاو بکرین!



سەڵاح مەزن

دەمێکە داعش هەڕەشە لە هەمو ئەو نەتەوە و ئایین و مەزهەبە ئیتنییە جیاوازانە دەکا، کە بە غەیرە سوننە و عەرەب تەنانەت بە کافر ناویان دەبا، بگرە بەوپێیەی ئەوان بێ ئەوە سوننە مەزهەبەکانیش لە سزاکانی داعش دەربازیان نابێ، بەڵام مەسیحی، شەبەک، ئێزیدییەکان و هتد.. زیاتر لە هەمو پێکهاتەیەکی دیکە روبەروی راستەوخۆی ئەو هەڕەشانە و تەنانەت کوشتوبڕی بە کۆمەڵ دەبنەوە، چونکە راستەوخۆ هەڕەشەی لە ناوبردنیان لێدەکرێ، ئەوەی زیاتریش مەترسی روودانی کارەساتی مرۆیی و جینۆسایدی لێدەکرێ، ئەوەیە کە ئەو دو پێکهاتەیە لە چەند دەڤەری جیا لەگەڵ عەرەبی سوننە پێکەوە دەژین، نەباداش ئەو جوگرافیایەی کە داعش دەسەڵاتی بەسەردا زاڵە.

دەبو زو مەسیحی و ئێزیدییەکان خۆیان ئامادەکاری روبەڕوبونەوەی ئەو مەترسییە چاوەڕوانکراوەیان بە هەند هەڵبگرتایە و خۆیان بۆ روبەڕوبونەوە و داکۆکیکردن لە خەڵک و دەڤەرەکانیان ئامادە بکردایە، ئەمجا لە ئەگەری هەر روداوێکی کتوپڕدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش وەک ئەرکی نەتەوەیی و نیشتیمانی و مرۆیی هاوپشتی سیاسی، سەربازی، لۆجستی، مرۆیی وکاری پێویستی ئەنجامبدایە...

دیارە، لە سەروبەندی روداوەکانی بەرایی و دواتری موسڵدا، هەرێمی کوردستان و هیزی پێشمەرگەی کوردستان هەرچی لە توانابوە بۆ فریاکەوتنی برا مەسیحییەکان و تەنانەت سەرجەم دانیشتوانی موسڵ، بەتایبەت ئەوانەی روبەروی هەڕەشەو مەرگ دەبونەوە درێخی نەکردییە و بە ئەرکی خۆی هەڵسایە، تەنانەت نێوەندەکانی نێونەتەوەیی، لەوانەش ئاژانسەکانی یوئێن و رێکخراوە مرۆیی و خێرخوازەکانی نێوخۆیی، ئینتەرناشنال و نێوەندی دیکەی دنیای مەسیحی لە پرۆسەی کۆمەکی و داکۆکیکردن لە برا مەسیحییەکان دەستوبردیان کردییە، بەوەش تاڕادەیەکی زۆر پێشیان لە ئەگەری روودانی هەر کارەساتیکی



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی یەکەم

مرۆیی گرتبۆوە، جێگەی دڵخۆشییە کە برا مەسیحییەکان زیانی گیانیان کەمبو، مخابن کە لە زێدی بابوباپیرانیان دەربەدەرکران و زیانی مادی و رۆحی زۆریان پێکەوت، چەندان جێگەی پیرۆزی ئایینیان لێ خاپور کرا...

ئەوەی لێرەدا، دەمەوێ بیڵێم ئەو رەوشە نالەبارەیە، کە لە دەڤەری شەنگاڵ روبەروی برا ئێزیدییەکانمان بۆتەوە، لەکاتێکا ئێزیدییەکان خۆشیان وەک هێزی پێشمەرگەی کوردستان داکۆکی لە زێدی بابوباپیرانیان دەکەن، دەمێکە لە ئامادەباشی ئەگەری هەر روبەروبونەوەیەکی هێرشی هێزەکانی داعش ئامادەکاری دەکەن، واتە روداوەکەی شەنگاڵ لە چوارچێوەی روداوی لەناکاورا ترازابو، بەڵام بەردەوام مەترسی پاکتاوی رەگەزی کە ئێزیدییەکانی خستبوە دڵەڕاوکێ، لە لایەن نێوەندەکانی سیاسی، سەربازی و ئاژانس و رێکخراوەکانی مرۆیی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی، وەک پرسێکی هەستیار و مەترسیدار وەک پێویست گرنگی پێنەدراو، ئامادەکاری و پلانی پێشوەخت بۆ روبەڕوبونەوە ئەنجام نەدرا.

ئەوەتانێ، لەماوەیەکی کەم ژیانی هەزاران برا ئێزیدییەکانمان دەکەوێتەبەر مەترسی لەنێوچونی بە کۆمەڵ و جینۆسایدکردن، کە نەتوانرا رێگە لەو هەڕەشە چاوەڕوانکراوە بگیرێ، تەنانەت بە ئاسانی و بێئەوەی بەرنامەیەکی توکمەی پێشوەخت ئامادەکرابێ، ئێزیدییەکان خۆیان و دەڤەر و جێگە پیرۆزەکانیان، بون بە پارویەکی چەوری هێزە رەگەزپەرستە توندڕەوەکانی داعشەوە.

سەیر لەوەدایە، ئەوە چەند مانگێکە رۆژئاوای کوردستان و شاری خۆڕاگری کوبانێ داوای کۆمەکی و فریاگوزاری لە هەرێمی کوردستان دەکەن، هۆشداری ئەوەش دەدەن، کە هەڕەشەی داعش بۆ سەر سەرجەم گەلێ کورد مەترسیدارە، بەڵام لە نێوەندەکانی سیاسی، سەربازی، میللی، مرۆیی و خێرخوازی هەرێمی کوردستان، نەک گوێی پێنەدرا و بە کردەوە ئاوڕێکیان لێنەدانەوە، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە ئابلۆقە و دژایەتیکردنی کانتۆنەکانی رۆژئاوا وەڵامیان دەدانەوە...

لەکاتێکا کەوا دەڤەری شەنگال و ئێزیدییەکان لە لایەن هێزەکانی داعش هەڕەشە لە مانەوەیان دەکرێ و روبەڕوی پاکتاوی رەگەزی دەبنەوە، کوردانی رۆژئاوای ئابلۆقەدراو، دینە فریای برا باشورییەکانیان، سەیر لەوەدایە، لە مەیدانی جەنگ و لەکاتی هێرشی پاکتاوی نەژادی دەستەوئەژنۆ بن و لەبەردەم هێرشی داعشییەکان پاشەکشێ بکەن، کەچی تازە بەتازە لە کەناڵەکانی و میدیا و لەسەر ئاستی شەقام و رای گشتی بانگەشە بۆ ئەوە بکەن، خەڵکینە فریاکەون ئێزیدییەکان جینۆساید دەکرێن!

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - رێکەوتی: ٤ی ئاگوستی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## شنگال: لینینگرادی کوردستان



**ئەیوب نووری**

پێنج رۆژە دەیان هەزار کوردی ئێزیدی لەسەر چیایەکدا گیریان خواردووە. هەموویان سیڤیلن و دانیشتووی شنگالن. لەشارەکەیان هەڵهاتوون لەبەرئەوەی دووژمنێکی درەندە ماڵوحاڵی داگیر کردوون. ئەم خێزانانە لەتەواوی دنیا دابڕاون. تاوەکو ئێستا دەیان کەسیان لەبرسان و لەتینوان گیانیان لەدەستداوە. تەنها رۆژی دووشەممە چل منداڵ و بەساڵاچوویان مردوون. گرووپە توندڕەوەکەش سەدان ژن و کچی ئێزیدی وەک دەسکەوتی جەنگ بردوون. ئێزیدییەکان هەڵهاتوون لەبەرئەوەی درندەیی و دەڵڕەقیی دووژمنەکەیان دیوە. گرووپێک گەمارۆی داوون کە هیچ رێزو بایەخی نییە بۆ ژیان و بۆ کلتوورو بۆ شوێنەواری مێژوویی. ئەم گرووپە، هەر کەسێک لەوان جیاواز بێت دەیکووژن. لەبەر ئەمەیە خەڵکانی ئێزیدی تینوێتی و برسێتی و ژیانێکی نادیاریان پێ باشترە لە خۆبەدەستەوەدان.

شنگال لەلاین گرووپێکەوە داگیرکراوە کە پێویست ناکات لەوێ بێت. ئایا دەیانەوێت دانیشتوانی ئەم شارە بکەن بە مسووڵمان؟ ئایا دەیانەوێت هەتا هەتایە لەوێ بن؟ شتی وا ئەستەمە. ئێزیدییەکن چوار هەزار ساڵە دەستیان بە بیروباوەڕی خۆیانەوە گرتووە. بەرگەی یەکەم هێرشەکانی ئیسلام و سەدان ساڵی دواتر لە چەوساندنەوەو سووکایەتی پێکردنیان گرتووە. ئێستا وا بەو ئاسانییە دەسبەردار نابن. هەروەک دانیشتوانی لینینگراد، ئێزیدییەکان نەک پێنج رۆژ، بگرە پێنج ساڵ دان بەخۆدا دەگرن و خۆیان بەدەست دووژمنێکەوە نادەن کە بۆ هەرشوێنێک بڕوات کۆمەڵکوژییەک ئەنجام دەدات.

ئێزیدییەکان یەکێکن لەئاشتیخوازترین خەڵکانی عێراق. پەیڕەوی ئاینی خۆیان دەکەن، زەوی و زارەکانیان دەچێنن و

گرفتیان لەگەڵ کەس نییە. هەرگیز ئازاری کەسیان نەداوە. هەوڵ نادەن ئاینی هیچ کەسێک بگۆڕن و ناشیانەوێت هیچ کەس بیروباوەڕی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت. بەڵام عێراق شوێنی کەسانی نەرمونیان نییە. عێراق شوێنی فرە ئاینیی نییە. بەئێزیدییەکان دەوترێت شەیتان پەرست. دە ساڵە بە ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو هێرش دەکرێتە سەر گووندەکانیان. ئەو گەنجە ئێزیدییانەی بۆ کارکردن دەچوون بۆ مووسڵ دەرفێنران و سەردەبڕدران.

بارودۆخی ئێزیدییەکان باشترین تاقیکردنەوەیە بۆ ویژدانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. ئاساییە گەر وڵاتانی رۆژاوا نەیانەوێت خۆیان لەشەڕی شیعەو سوننە بگلێنن، بەڵام نابێ بەرامبەر ئازاری ئەم خەڵکە خاوەن شکۆیە بێدەنگ بن. ئەگەر جیهان بەڕاستیی خەمی فرە ئاینیی و شوێنەواری مێژووی و کلتووری کۆن و کەمایەتییەکان دەخۆن، ئەوا ئێزیدییەکان باشترین نموونە و شیاوترین کەیسن.

دانیشتوانی لینینگراد بەرگەی سێ ساڵ گەمارۆیان گرت هەتا ئەو کاتەی شکستی داگیرکەریان بینی. کوردانی ئێزیدیش زوو بێ یان درەنگ هەڵهاتنی دووژمنەکانیان دەبینن و دەگەڕێنەوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ماڵ و پەرستگاکانیان. بەڵام بۆچی دەستەوەستان دابنیشین و بهێڵین بمرن؟ لاوانی کورد لەهەموو بەشێکی کوردستانەوە چەکیان هەڵگرتووەو لەپێناو شنگالدا دەجەنگن. پێویستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتییش شوێن پێی ئەوان هەڵبگرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو نێت - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگوستی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

# کەمتەرخەمی و بەرپرسیارێتیەکانی کارەساتی شەنگال



دانا سەعید سۆفی

دیمەنەکانی دەڤەری شەنگال زۆر جەرگبڕن، بۆ ئێمە تەنیا باس لە کارەساتێکی مرۆیی یان نەهامەتی میللەتێک و گروپێکی دیاریکراو ناکات، بەڵکو ئاماژەشە بۆ خەمساردی و کەمتەرخەمی زۆر لایەنی بەرپرسیار، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بە تایبەتیش ئەو وڵاتانەی کە بەشداربوون لە پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق، نە توانیان عێراقێکی نوێ دروست بکەن، نە هاولاتیانی بپارێزن، عێراقیان بە چارەنوسێکی نادیار سپارد. حکومەتی عێراق و لایەنە سەرەکیەکانی عێراق بەرپرسیارێتییەکی سەرەکییان هەیە لەو نەهامەتیانەی کەبەسەر خەڵکی عێراق دا دێت، هەموویان خەریکی دژایەتیکردنی یەکترن و خەلکییان کردۆتە سووتەمەنی ئەو دژایەتیە.

چاوچنۆکی دەسەلات و پارەی سەرکردەی گروپەکانی عێراق، بۆتە هۆی قڵکردنەوەی ناکۆکی لە نێوان گروپە جیاوازەکانی عێراق چ ئیتنی بن یان ئاینی. زۆرینەی خەڵکی هیچ خێرو خۆشیەکیان نەدی لە سەر دەستی سەرکردە تازەکانیان. کەمتەرخەمی بەرپرس و دامودەزگاکانی هەرێمیش ناکرێ نادیدە بگرین.

ئێمە چەند ساڵە باس لە سەقامگیری و گەشەسەندنی ئابوری دەکەین لە هەرێمی کوردستان، هەروەها باسمان لەسیستمێکی بەرگری بتەو کردووە، لەسەر دەستی پێشمەرگەو هێزەکانی دیکەی ئەمنی و سەربازی، بەلام دەرکەوت کە کەموکوڕی یەکجار گەورە هەیە لە سیستمی سەربازی و بەرگری هەرێم، من باس لەو فاکتەرانە ناکەم کە پەیوەندی بە ملهوڕی بەغداوە هەیە، بەلام هەموومان دەزانین دەکرا هێزێکی بەرگری باشترمان هەبێ، لەرووی چۆنایەتی و چەندایەتییەوە، لەرووی ژمارەو چەک و تەقەمەنی و شارەزاییەوە. ئێمە ناکرێ هەر خۆمان بە دروشم بخەڵەتێنین،

## بەشی یەکەم

باس لە گەورەیی و ئازایی پێشمەرگە بکەین، بەڵکو دەبێ پێشمەرگە تەیار بێ بە کەرەستە و سەرچاوەی سەربازیی سەردەم، دەبێ پێشمەرگە ژیانی زامن بێ، بۆ ئەوەی ورەی بەرز بێ و ئینتیمای بەهێز بێ. دەبێ ئەو راستیە بزانین هەموومان، پێشمەرگەش، گۆشت و خوێنە، پێویستی بە زەمینەو ژینگەی گونجاو هەیە بۆ ئەوەی کارکتەری پێشمەرگانەی خۆی بسەلمێنێ. دیارە مەبەستی من ئەوە نیە کە نەهامەتییەکانی دەڤەری شەنگال راستەوخۆ ببەستمەوە بەو کەمتەرخەمییانەی کە باسکران.

ئەگەر داعش نەبا ئەو کارەساتە رووی نەدەدا، بەڵام ئەرکی هەموو حکومەتێکە کە هاوڵاتیانی خۆی بپارێزێ لەهەر هەڕەشەیەکی دەرەکی و ناوەکی. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا لایەنی کوردی چەندە کاری لەسەر پاراستنی هەرێم و هاوڵاتیانی کردووە لەبەرامبەر هەر هەڕەشەیەکی دەرەکی. دیمەنەکانی چیای شەنگال و دەورووبەری دەمانخەنە بەردەم بەرپرسیارێتیەکی گەورەوە، لەمەودوا چۆن مامەڵە لەگەڵ بەرژەوەندی و چارەنووسی هاوڵاتیانی هەرێم بە ناوچە دابڕاوەکانیشەوە بکەین، دروشمسازی یان زەمینەسازی؟ دواجار نامەوێ نائومێدی بمانتەنێتەوە، دیمەنێکی زۆر دڵخۆشکەر بینینی شەرڤانانی یەپەگە بوو لە پاڵ پێشمەرگەکانی هەرێم بۆ بەرگریکردن لە هاوڵاتیانی دەڤەری شەنگال، ئەو دیمەنەش دەمانخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیەکی دیکەی مێژوویی، ئایا کاتی نەهاتووە هەڵوێستی هەرێم بە شێوەیەکی پۆزەتیڤانە بگۆڕێ بەرامبەر بە یەپەگە کانتۆنەکانی رۆژئاوا؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگوستی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## میدیای کوردیو روماڵی شەڕی شنگال



**شوان سدیق**

دوای رووداوەکانی سەرەتای مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ کەچەکدارانی داعش توانیان پارێزگای موسڵ و چەند ناوچەیەکی نزیک کەرکوک و جەلەولا کۆنترۆڵ بکەن. لەوماوەیە تا هەنوکە چەند شەڕو پێکدانان لە نێوان هێزە چەکدارەکانی داعش و پێشمەرگەی کوردستان رویداوە. سەرەرای شەهیدبونی ژمارەیەک پێشمەرگە بەڵام داعش نەیتوانیوە. وەک پێویست بەسەر هێزەکانی پێشمەرگە سەربکەوێ.

رۆژی یەکشەممە لەشەڕی نێوان پێشمەرگەو داعش ئەمجارەیان بەخت یاوەری کورد نەبوو لەئەنجامدا شەڕەکە بەدۆڕانی پێشمەرگە کۆتایی پێهات لەقەزای شنگال. راستە پێشمەرگە تواناو ئیرادەی باشیان هەیە دەتوانن شەڕ دژی چەکدارانی تیرۆرستی داعش بکەن. بەڵام ئەوە راستیە کە پێشمەرگەی کوردستان، قەزای شنگالی چۆڵکرد.

شەڕی شنگال. کۆمەڵێک پرسی بەدوای خۆیدا هێنا بەتایبەتی لەو رۆژەوە شەڕی سارد لە میدیاکانی نزیک لەیەکێتی و پارتی سەر بەو حزبانە بە ئاشکرا دیارە. ئەگەر ئاوڕ لەچۆنیەتی روماڵی شەڕەکە بدەینەوە. بەئاشکرا میدیای ئەم حزبانە هەموو سنورێکی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانیان تێپەڕاند لەپێناو بەرژەوەندی سیاسی خۆیان گرفتیان لەگەڵ ئەوەنەبوو تەنانەت «درۆ»ش بکەن. یان زانیاری ناڕاست بڵاوبکەنەوە. بڕوانن رۆماڵی ئەم میدیانە چۆن بوە.

**سەرەتا میدیایەکی ی.ن.ک «داعش شەنگال داگیردەکات».**

**دواتر میدیایەکی پارتی «ئەوەی دەڵێ شنگال کۆنترۆڵ کراوەو پێشمەرگە چۆڵی کردوە راست نیە«.**

دواتر میدیایەکی نزیک لەپارتی بەناوی سەرچاوەیەکی نزیک لەو حزبە بڵاویکردەوە. »هێزەکانی پێشمەرگە بەسەرۆکایەتی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پ.د.ک فازڵ میرانی و مەسعود بارزانی راستەوخۆ سەرپەرشتی شەڕی شنگال دەکەن».

چەند خولەکیک دواتر میدیایەکی ی.ن.ک بەبێ ناوهێنانی کەس بڵاویکردەوە »هێزەکانی پێشمەرگە سەرقاڵی خۆسازدان و خۆئامادەکردنن، بۆ ئەوەی هێرشێکی فراوان بکەنە سەر شنگال و لە چەند قۆڵێکەوە کۆنترۆڵی شارەکە بکەنەوە».

شەڕی ساردی نێوان راگەیاندنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان تەنیا بەوە نەوەستان ئەوان لەسەر هاتنی چەکدارانی رۆژئاواش بۆچونیان جیاواز بوو.

زیاتر لەچەند میدیایەکی یەکێتی و نزیکی ئەو حزبە بڵاویانکردەوە » هەزار چەکداری یەپەگە بەرێوەن بەرەو شنگال».
هەندێکی تریان بڵاویانکردەوە »شەڕوپێکدانان لەنێوان چەکدارانی داعش و یەپەگە رویداوە لە شنگال».

لەبەرامبەردا زیاد لەچەند راگەیاندێکی پارتی هەواڵی هاتنی چەکدارانی یەپەگەیان رەتکردەوە بۆ شەنگال... کارگەیشتە ئەوەی بەرپرسێکی یەکێتی لە رادیۆی نەوا بڵێ: «پێشمەرگە شەڕی نەکردوە، ئەوەی شەڕی کردوە چەکدارانی یەپەگەی رۆژئاوا بوە. کەهاتونەتە شنگال دژی داعش شەڕ دەکەن».

ئەم ململانێ حزبی و شەڕی ساردەی نێوان پارتی و یەکێتی لەرێی راگەیاندنەکانەوە، وەکو ئەوەیە پارتی و یەکێتی کەڵەشێر بەخێو بکەن، دەنوک لەهاوڵاتیان بگرێت. مەبەست لەدەنوک گرتن لەهاوڵاتییان ئەوەیە ئەم میدیایانە زانیاری هەڵە بڵاو دەکەنەوە. دێن بەرژەوەندی گشتی نەتەوەیەک دەکەنە قوربانی بەرژەوەندی حزبێک ئەوەتا میدیای بیانی سود لەم ململانێیە وەردەگرێ ئەوان زۆر بەوردی چاودێری ئەم میدیایانەی خۆمان دەکەن. هەر زانیاریەک بۆنی بوعدێکی نێودەوڵەتی لێبێت. وەریدەگرن بۆنمونە کاتێک میدیایەکی حزبی دەڵێ «بەناوی موسڵ لەلایەن داعشەوە دەستی بەسەرداگیراوە». کە راستیش نەبوو. دواتر ئەم هەواڵە لە میدیا بیانیەکان بڵاوکرایەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگوستی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## ئەو دەرفەتە چییە کە جینۆسایدکردنەکەی شەنگار بە کوردی ئەداتەوە⁉



**شەریف هەژاری**

ئاشکرایە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو دا، ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش وەک کردەی هەمیشەیی خۆی، بەبێ گوێدانە بەها پێکەوەژیانیی و برایەتییەکانی ناو ئیسلام و بە پێشێلکردنی هەموو بنەما شەرعییەکان کە ئیسلام بۆ پەیڕەوانی دیکەی دەرەوەی ئیسلامی داناوە، لە چەندین ئاراستەوە هێرشی بۆ سەر ناوچەکانی خاکی باشووری کوردستان دەست پێ کرد! داعش هەر لەگەڵ یەکەم ساتی گەیشتنیاندا، دەستیان کرد بە ڕەشەکووژکردنی مناڵ و لاوان و پیاوەکان و، بە کۆیلەکردنی کچ و ژنە ڕوخسار جوانەکان و ڕەمی کردنی ئەوانی دیکە! ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەو کوردانەی دیکە "بە ئێزدی و مسووڵمان"ەوە کە لە دەستیان هەڵ هاتوون و لەم گەرما سەختەدا یەک بە یەکیان بەهۆی "برسێتیی و بێ ئاوی"یەوە پەیتا پەیتا تەرمی بێ کووناهیان لە دەشت و دۆڵ و شاخەکانی دەوروبەری شنگال و گووندەکانا ئەدۆزرێنەوە و کارەساتێکە مەگەر هەر کەورد لە مێژووی خۆیدا هەمیشە وای بەسەرداهێنرابێت!

ئەوەی گرنگە بە کورت و پوخت ئاماژەی بۆ بەکەم، ئەوەیە: بە وردبوونەوە لە کاری سەرکردە سیاسییە سەرکەوتووەکان لە مێژوودا، ئەتوانم بڵێم ڕێبەر و سەرکردە ئەو کەسانەن کە "دەرفەت خولقێنن و لەگەڵیشیی دا دەرفەتەکە ئەقۆزنەوە!"، ڕوونە و لە ڕووی زانستیشەوە نەتەوەی کورد خاوەنی بنەڕەتی ئەم خاکەن! بەدرێژایی مێژووش جینۆسایدکراوە و کوردیش هەر ناسیاسییانە "میهرەبان" بوون بۆ دوژمن و "دڕندە" بوون بۆ "یەکترکوژی!"، بۆیە ئەتوانین بڵێین کورد سەرکردە و ڕێبەری سیاسیی کامڵی نەبووە! کەوابوو کێیە ڕێبەر یان سەرکردەی سیاسیی "کامڵ"؟، ئەو کەسەیە کە لە کورترین مانادا سەرکەوتنی بنەڕەتی بەدەست دێنێ و هەل و دەرفەت لەدەست نادات! بۆنموونە: ڕاستە کەمال ئەتاتورک بەنیسبەت کوردەوە دیکتاتۆر و دڕندە بووە! بەڵام لە ڕاستیدا کەمال ئەتاتورک سەرکردەیەکی سیاسیی - سەربازی کامڵ بووە و تەواوی سەرکەوتنی بۆ

## بەشی یەکەم

گەلەکەی "تورک" بەدەست هێناوە! نابێت ئەوەش لە یادبکەین، سەرکەوتنی یەکجارەکیی بە کەمەرشکاندنی دوژمنەکەت ئەبێ و هەندێ جار هەر ئەبێت لە سەر حسابی نەتەوەکانی دیکە یان دوژمنەکەت بەدەستی بهێنیت! بۆ نموونە: گەر ووردبببینەوە لە چۆنییەتی بەدەستهێنانی سەرکەوتنەکانی کەمال ئەتاتورک، ئەوا کاراکتەری "خولقاندن و قۆستنەوەی دەرفەت" بووە و هیچی تر! چۆن؟ کەمال ئەتاتورک لە ڕێی تەنها دوو پارتی نەتەوەیی ئەرمەنەوە توانی لە شەڕی جیهانی یەکەم دا ئالۆزی بخاتە ناوچەکانییانەوە و دواتریش بەو بیانووەوە زۆر ووردکارانە ڕەشەکوژیان بکا و بۆ هەمیشە "تورک"ی کردە خاوەن موڵکی ناوچەکانی ئەرمەن، کەمال ئەتاتورک بە قۆستنەوەی دەرفەتی یاخی بوونی یۆنانیەکان ئەوا دەستی کردە کوشتوبڕی خەڵکی ڕەسەنی یەکێک لە ستراتیژیترین شارەکانی جیهان کە "ئەستەنبووڵ"بوو، دواتریش تورکی تێدا نیشتەجێ کرد، ئەمە ئیتر کوردیش با بووەستێت چی بەسەر هێنا! بۆ سەرکەوتووبوو؟ چونکە لە سەرەتادا سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیی بوو، دواتریش هەتا بیستەکانیش ئالۆزییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی هێورنەبوبوویەوە و، کەمال ئەتاتورکیش لێزانەنانە ئەو "کەس بە کەس" نەبوونەی قۆزتەوە و تورکی بەم ڕۆژە زێڕینەی گەیاند کە لە زۆر ناوچەی تورکیا کە ئێستا تورک زۆرینەن کەچی بوونی تورک تێیدا تەنها سەدەیەکە و هیچی تر!

کەوابوو چۆن بتوانین ستراتیژی سەرکردە سەرکەوتووە جیهانییەکان "تاڕادەیەک" کۆپی کەینەوە!؟ بە "دەرفەت و دەورانی جەنگ" ئەتوانین کۆپی بکەینەوە، بۆ ؟ چونکە لە دەورانی جەنگ دا کەس بە کەس نییە! باشە ئێستا ئەبێت چی بکەین!؟ ئێستا ئێمە لە پرۆسەی بە جینۆسایدکردنداین لە شەنگار و ناوچەکانی دیکە! دڵنیاشم پێشمەرگە ئەو ناوچانە ڕزگار ئەکەنەوە! هەمووماں ئەشزانین کە ئەو گووندانەی زۆرینە عەرەبن هاوکاری ڕاستەوخۆی داعش بوون چ لە سنوری پارێزگای موسڵ و چ لە سنوری پارێزگای کەرکووک! کەواتە گرنگترین دەرفەت بۆ ئەوەی "بۆ هەمیشە" لە مەترسی ڕزگار ببین ئەبێت ئەو دانیشتووە عەرەبانە جۆرێک لە ڕەشەکوژی بکەین چونکە تاهەتایە دەوروبەری کەرکووک "عەرەب"ی تێدا نامێنێ و ئەوانەشی کە ڕزگارییان ئەبێت یان هەڵ دێن یان ملکەچ ئەبن! هەروەها بیانووشمان هەیە کە ئەوانە هاوکاری داعش بوون و ئێستاش کاتی شەڕە و کەس ئاگای لە کەس نییە! هیوادارم سەرکردە سیاسییەکان ئەم ووتارە بە ووردی بخوێننەوە و پلانێکی ڕێک و پێک بۆ سەرکەوتنی یەکجارەکیی بۆ دابڕێژن! دڵنیام گەر ئەم ووتارە جێ بە جێ بکرێ ئەوا ڕزگارمان ئەبێت و مومکیناتی پراکتیزەکردنیشی لە بەردەستماندایە، ئەم ووتارەش وەک ئەو ووتارەی کە 5 مانگ پێش ئێستا کە هاتنی داعشم بە کۆمەڵێک فاکت ڕوونکردەبوویەوە و نووسەران عەقڵیان نەی ئەبڕی! ئەم ووتارەش گرنگترین ئەجێندای لە خۆگرتووە کە پێویستە سەرکردە بڕیار بەدەستەکان بە ووردی بیزانن و کاری لەسەر بکەن، ئەم ئایدیایەشم بۆ مێژوو خستەڕوو بە شاهیدی خەڵکی بەشمەینەتی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگوستی ٢٠١٤

بەشی یەكەم

## خەونە مێژوویيەكەی كورد بەدی هات!



ئاریتما موحەممەدی

هێرشەكانی ئەم دواییەی داعش بۆسەر كوردستان و بە گشتی ئێراق بووە هۆی ئەوەكە ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان بگەڕێنەوە سەر كوردستانو بۆ یەكەمینجار كورد لە باشووری كوردستان كێشەی خاكی نەمێنێت،

هاوكات هەر ئەو هێرشانە بووە هۆی ئەوەكە نەتەوەی كوردو هێزە سیاسییەكانی كوردستان بۆ یەكەمینجار لە مێژوودا یەك دەستو یەک هەڵوێست دژی داعشو نەیارانی كورد ڕابووەستنو پاشەكشە بە نەیارانی كورد بكەنو كێشە سیاسییەكانیان وەلا بنێن و هەموو پێكەوە هەڵوێستی نەتەوەیی لەخۆ بنوێنن، ئەمە ئەو خەونەیە كە نەتەوەی كوردو تاكی كوردستان سەدان ساڵە خەونی پێوە دەبینێتو تاكوو هەنووكە بەدی نەهاتووە، بەڵام ئەمڕۆ ئەو نەیارە مێژوویيەی كورد كە كولتوورەكەی دژی ناسنامەی نەتەوەیی كوردەو لە مێژوودا هەوڵی پاكتاوكردنی كولتووری كوردو فرە ڕەنگیو فرە چەشنیو فرە ئایینی كۆمەڵگای كوردستانی داوە، دووبارە هێرشەكانی دەست پێكردۆتەوە، ئەو هێرشەش بووەتە هۆی ئەوەكە تێكڕای ڕۆڵەكانی گەلی كورد لە هەموو بەشەكانی كوردستانو هەروەها پارتەكانی سیاسیی كوردستان هەر كامە لە ئاست ئەو هێزەی كە هەیانە ئامادەی خۆی بۆ بەرپەرچ دانەوەی گرووپە تیرۆرستییەكانو بە تایبەت داعشی دژە مرۆڤ ڕابگەیەنێتو خۆیان ڕەوانەی بەرەكانی شەڕ بكەن.

ئەمە یەكەمینجارە كە پارتەكانی كوردستان بیروبۆچوونی سیاسیی خۆیان وەلا دەنێنو دەست دەدەنە دەستی یەكو دژی كولتووری داگیركەری دەوەستنەوە، یەكێتییو یەكڕیزی ئەمەیەو سەركەوتن لەمەوە دەست پێ دەكات و ئاسۆی گەشی وڵات لێرەوە ڕەنگی ژیانو بەختەوەری بەخۆیەوە دەگرێت، ئەمڕۆ ڕووناكی خۆر پەڵەی هەوری ڕەشی لاداو وزەی ڕووناكیی و جوانیو سەربەستیی گەیاندە چیاو پێ دەشتەكانی كوردستان، كورد ئەمرە وەك چیا، وەك خۆرو ڕووناكی، ئەگەر وەك چیا

## بەشی یەکەم

سەرماوسۆڵە بەخۆیەوە ببینێتو ئەگەر وەک ڕۆژیش تاریکی سەرتاپای داگیر بکات، تێپەڕی دەکات و وەرزی جوانی بەهارو ڕووناکی خۆر دێتەوەو پەیامی ئاشتیو ئازادی دێنێت. کورد لە مێژوودا هەوێنی پێشکەوتنو تێپەڕ کردنی هەورازونشیوەکانی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو زاگرۆسو میزووپۆتامیا بووەو ئیستاش هەر ئەم نەتەوەیە پەیامی ئاشتیو ئازادی بۆ گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو پێکهاتەکانی ئەم ناوچەیە دێنێت.

ئەو ڕۆڵە بەنرخانەی گەل کە لە پێناو وڵاتو نیشتماندا گیانی خۆیان فیدا دەکەن، سەروەری لە مێژوودا بۆ خۆیان تۆمار دەکەنو وەک گەورە پیاوانی وەک پێشەوا قازی، وەک سمکۆی مەزن، وەک شێخ سەعیدی پیرانو وەک دەیان شەهیدو سەرکردەی تری ئەم نیشتمانە سەروەری دەخوڵقێننو سەرکەوتن بۆ گەل مسۆگەر دەکەن، نێوی ئەو تێکۆشەرانە لە مێژوودا ون نابێتو ئەو ڕۆڵە چاونەترسانەی گەل کە لە پێناو کوردستاندا شەهید دەبن، لە نێو دڵی گەلدا دەنێژرێنو هەردەم یادیان زیندووەو لە ئاستی باڵادا بە سەروەری مەزن دەگەن. ژیانی مرۆڤ ڕۆژێک هەر کۆتایی دێتو چەند خۆشە کە لە پێناو نەتەوەو نیشتماندا مرۆڤ ژیانو گیانی بەخت بکات.

ئەم یەکێتیی‌و یەکڕیزییە کە هەنووکە لە نێوان لایەنەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان بەدی هاتووە، پەیامی سەرکەوتن دەگەیەنێتو ئەو پەلامارەی هێزی پێشمەرگەو گەریلا داعش تێک دەشکێنێت. هەروەک چۆن کۆمەڵێک هێزو وڵاتی ناوچەیی لە دروست بوونی داعشدا کەڵکیان وەرگرتو دەستکەوتیان هەبوو، بوونی داعشیش لەگەڵ ئەوەدا کە کۆمەڵێک لە هاونیشتمانانی کورد لە شەنگالو کەرکووکو سنجارو زووبارو هاوکات کۆمەڵێک ڕۆڵەی بەنرخو تێکۆشەری کورد شەهید بوونو بە کاروانی شەهیدانی کوردستان پەیوەست دران، بەڵام خاکی کوردستان لە باشووری وڵات گەڕێندرایەوە سەر کوردستانو لەوەش گرینگتر ئەو یەکێتیی‌و یەکڕیزییەیە کە هەنووکە لە نێوان هێزەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان پێک هاتووە، ئەمەیان لەهەر هەموویان دژوارتر و ئەستەمتر بوو، بەڵام لە ئاکامدا بەدی هات. پاراستنی ئەم یەکێتیی و یەکڕیزییە ئەرکی هەموو لایەنەکانەو دەبێت ئیتر هەست بەبەرپرسیارێتی کردن بایبخی پێ بدرێت، بێگومان یەکێتیی‌و یەکڕیزیی، کورد بە ئاسۆی گەش دەگەیەنێت و سەرکەوتنی یەکجارەکیی مسۆگەر دەکات.

داعش ئەو بیرە کۆنەیە کە دەیان سەدەیە بووەتە هۆی پاشکەوتوویی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی کوردو تەنانەت ڕێی لە گەشەسەندنی کولتووریی‌و زانستیی گرتووەو پەرەی بە ئاژاوەو دووبەرەکیی لە نێوان گەلانی ناوچەکە داوە، ئیسلام لە گەڵ ئەودا کە ئایینێکی پیرۆزەو هەر گەلو کۆمەڵگایەک مافی سرووشتیی‌و بنەڕەتی خۆیەتی کە پێڕەوی لە ئایینێکی تایبەت بکاتو ئەوەش مافی سروشتی مرۆڤە کە سەربەست بێت لە هەڵبژاردنی ئایین و بیروڕاکانی، بەڵام ئەمڕۆ ئیسلامی سیاسیو فانتامینتالیزمی ئیسلامیی‌و تنئاژۆی ئیسلامی بووەتە مەترسییەکی گەورە بۆسەر ئاشتیی لە جیهانو بەتایبەتی لە

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەدا. ئەرکی هەر مرۆڤێکی خاوەن هەستو هەڵوێستە کە لە دژی ئەم ڕەوتە تیرۆرستییە هەستێتەوە و ڕێ لە ناشیرین کردنی ئایین بگرێت. ئەم ڕەوتە تنئاژۆیە کە خۆی لە داعشدا دەبینێتەوە دژی هەر چەشنە سەربەستییەکی مرۆڤە و بۆ کۆیلە کردنی ژن و پیاو هەوڵ دەدات.

دیارە ئەم ڕەوتە تیرۆرستییە کە خۆی بە نوێنەری ڕاستەقینەی ئایینی ئیسلام پێناسە دەکات، لە ئایین بۆ کۆیلە کردنی مرۆڤ کەڵک وەردەگرێت و لە ڕاستیدا ڕەگەزپەرەستیی بەرهەم دەهێنێت و بایبخ بە بنەماکانی هیچکام لە ئایینەکانی کوردستانو ناچەکە ناداتو تەنیا ئەو شوێنانەی کە لەلایەن کۆمەڵگاوە پیرۆزە دەڕۆخێنێت، ئەوەش بەو واتایە دێت کە ئەم ڕەوتە کە ناوی داعشە باوەڕی بە هیچ چەشنە فرە ڕەنگییەکی کۆمەڵایەتیی نییەو دەیهەوێت کۆمەڵگایەکی یەک دەستی داعشانە پێکەوە بنێتو ئیزن بەبوونی هیچ چەشنە ئایینێک و باوەڕێکی دیکە نادات، تەنانەت ئەگەر مرۆڤ باوەڕی بە ئیسلام هەبێت، بەڵام لەگەڵ بۆچوونی داعشدا تەبا نەبێت لە ناوی دەبات، ئەمەش مەترسییەکی مەزنە کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە بووەتەوە.

کاتی ئەوە گەیشتووە کە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی لەو ناوچانە کە داعش تێدا دەسەڵات بەدەستەوەیەو هاوکات ئەو ناوچانەش کە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت کە داعش هێرشی بکاتەسەرو داگیری بکات، ڕێکبخرێت، چونکە ئەم گرووپە تیرۆرستییە بایبخ بە بەهاکانی مرۆڤایەتیی ناداتو بگرە بایبخە کۆمەڵایەتییەکانیش ژێرپێ دەخات. من هەمیشە لەگەڵ ئەوەدا بوومە کە کورد لەم شەڕە خۆی بەدوور بگرێتو نەبێتە بەشێک لەم کێشانە، بەڵام هەنووکە کە داعش هێرشی کردۆتە سەر کوردستانو ناوچەکانی شێخانو سنجاری داگیر کردووە و دەستی کردووە بە کوشتنی ئەو کوردانەی کە ئایینی ڕەسەنی کوردستانیان پاراستووە و دەستدرێژی دەکاتەسەر گیانی هاوڵاتییانی کوردستان، کاتی ئەوە گەیشتووە کە شەڕێکی گشتگیر لە دژی داعشو ئەوانەی کە وەک داعش بیر دەکەنەوە دەست پێ بکرێت. ئەم شەڕە دەبێت لە کوردستانەوە دەست پێ بکات، چونکە ئیستاش کەسانێک هەن کە هاوکاری داعش دەکەنو ڕێخستن بۆ ئەو گرووپە تیرۆرستییە دەکەنو لە کوردستانەوە لاوانی کورد ئاودێوی سنوورو ڕەوانەی نێو ریزەکانی داعش دەکەن. کورد هیچکات لە مێژوویدا لەگەڵ ژێردەستەبوون یەک نەبووەو هەمیشە خەباتو تێکۆشانو بەرخۆدانی لە گۆڕێدا بووە، مێژوو پێشانی داوە کە کورد هەمیشە دژی دواکەوتوویی سیاسییو کۆمەڵایەتیی بووەو هەردەم دژی کۆنەپەرەستی خەباتی کردووە.

داعش ئەو هێزەیە کە هەنووکە نوێنەرایەتیی تێکڕای ئەو بیرو هزرانە دەکات کە دژی ناسنامەی کوردستانین، بەشداری کردنی دانیشتووانی گوندە عەرەبەکانی دەورووبەری موسڵ لە شەڕی دژبە کوردو پێشمەرگەو گەریلا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە داعش ڕێکخراوێکی تیرۆرستییو ڕەگەزپەرەستەو پێویستە کە پێشی پێ بگیرێتو لەنێو بچێت. بوونی

**بەشی یەکەم**

دەسەڵاتێکی لەو چەشنەو هاوسێو هاوسنووری کوردستان هیچ قازانجێکی بۆ کوردو نەتەوەکەمان نییە بێجگە لە شەڕو کوشتنو ئاژاوە نەبێت. چونکە ئەو ڕێکخراوە بایەخ بە یاساکانی مافی مرۆڤو مافی گەلانو ئازادییە مرۆڤایەتیىو تاکەکەسییەکان نادات و گەورەیی مرۆڤ بێبایەخە لای، ئەوەش هاوسێیەکی باش بۆ کورد نابێت، بەتایبەت هەنووکە کە لە دژی کورد شەڕی ڕاگەیاندووەو دەیان هاوڵاتیی کوردی کوشتووە.

لە کۆتاییدا دەڵێم دەبێت کوردو پارتەکانی سیاسیی کوردستانیی دەست بدەنە دەستی یەکو داعش قلاچۆ بکەنو تێکی بشکێنن. کورد ئەوەی بە جیهان سەلماندووە کە نەتەوەیەکی پێشکەوتووخوازو خاوەن هەڵوێستی مرۆڤانەیەو ئامانجی جێگیرکردنی دیموکراتیی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بچووکە، ئەو وڵاتانەی کە هەنووکە بوونەتە کێشەی مەزن بۆ ئەورووپا و جیهانی پێشکەوتوو، کاتی ئەوە گەیشتووە کە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهانیش هاوکاری کورد بکەنو هێزی پێشمەرگە پڕ چەک بکەن، بێگومان بەهێزبوونی داعش کێشەی سەرەکیی بۆ وڵاتانی ڕۆژئاواییش دەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەكەم

## كوشتاری بەكۆمەڵی ئێزیدییەكان و بەرپرسیاریی دەسەڵاتی هەرێمی كوردستان



**د.رەفیق سابیر**

١

لەشكری تیرۆریستیی داعش هەر لە سەرەتای دەركەوتنییەوە لە سوریا، پەلاماری گەلی رۆژئاوای كوردستانی دا و كۆمەڵكوژیی گەلی كوردی حەڵاڵ كرد. هەندێك لایەنی سیاسیی كورد، لە رۆژئاوا و باكووری كوردستان، لە سەرەتاوە پێیان وابوو كە داعش بە هاندانی توركیا و لەجیاتی ئەو شەڕی كورد دەكات، چونكە داعشییەكان لە رێی توركیاوە و بە ئاگاداریی دەزگای موخابەراتی تورك هاتوچۆ دەكەن و لەلایەن توركیاوە كۆمەك دەكرێن. بەپێی هەندێك سەرچاوەش لەسەدا دەی چەكدارانی داعش توركن. ئەو لایەنە سیاسییانەی رۆژئاوا و باكووری كوردستان هەر زوو گەیشتنە ئەو باوەڕەی كە لەشكری تیرۆریستیی داعش، دوای كوشتاری كوردی سوریا، پەلاماری باشووری كوردستان دەدات. بۆیە ئەوان داوای هاریكاری و هاوكارییان لە حكومەتی هەرێم كرد تا ئەو مەترسییە لە خۆیان و لە هەرێمی كوردستان دوور بخەنەوە. بەڵام حكومەتی هەرێم و پارتی دیموكراتی كوردستان، لە جیاتی ئەوەی هاریكاریی گەلی كوردی رۆژاوا بكەن لە شەڕی دژ بە تیرۆریستاندا، سنووری هەرێمی كوردستانیان بە رووی كوردی رۆژئاوا داخست و بە چاولێكەریی توركیا، جەستەی كوردستانیان بە خەندەق لەت كرد.

ئێستا ئاگرەكەی داعش، كە دەكرا لە رۆژئاوای كوردستان كز و سنووردار بكرێت، گەیشتۆتە باشووری كوردستان و لە رۆژی دوو ئابەوە، تیرۆریستە ئیسلامییەكانی داعش دەستیان بە كۆمەڵكوژی و راونانی ئێزیدییەكان كردووە.

**ئایا ئەم كوشتار و ئاوارەكردنەی ئێزیدییەكان كارێكی حەتمی بوو كە هەر دەبوو روو بدات، یان لە ئەنجامی كەمتەرخەمی حكومەتی هەریمی كوردستانەوە بوو؟**



سەرچاوە
Serchawe

دوای داگیرکردنی موسل و پەلاماردان و دەرپەڕاندنی مەسیحییەکان لەلایەن داعشەوە، بە ئاشکرا دیار بوو کە دوای ئەوان نۆرەی کوشتاری بەکۆمەڵی ئێزیدی و شەبەک دێت. کەواتا دەبێت بپرسین بۆچی حکومەت، بە تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە کۆنترۆڵی شەنگار و ناوچە ئێزیدینشینەکانی دەکرد، ڕێوشوێنی پێویستیان نەگرتە بەر بۆ ئەوەی نەهێڵن ئێزیدیەکان کۆمەڵکوژ بکرێن؟ بۆچی پێشمەرگەکانی پارتی، وەکو هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە جەلەولا و خانەقین و ناوچەکانی کەرکووک، داکۆکییان لە خەڵک و خاکەکەیان نەکرد، لە جیاتییان سووک و ئاسان ناوچەکانیان رادەستی پیاوکوژانی داعش کرد؟!

رۆژی سێی ئاب خەیری شنگالی، کارگێڕی مەڵبەندی موسڵی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ رادیۆی نەوا دەڵێت: (لەکاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی دوێنێوە شەڕ دەستیپێکردووە، لەچەندین میحوەری سنوری (بەعاش) و (ناحیەی قەیرەوان) و سنوری سوریاوە، شەڕو پێکدادان بووە، تەنها هاوڵاتیانی ناوچەکە مابوونەوە بەرگرییان لەخۆیان دەکرد، پێشمەرگە هیچ موقاوەمەیەکی نەکرد و کشانەوە بەشێوەیەکی ناڕێکوپێک، (٥) لیوای پێشمەرگە و زێرەڤانی بوون کشانەوە، تەنها خەڵک مایەوە خەڵکەکەش تا کاتژمێر ٦ی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ شەڕیان کرد لەدژی گروپە چەکدارەکانی داعش، دوای ئەوەی کە عەتاد و فیشەک بەو خەڵکە نەما لەشەڕەکە کشانەوە و بەهەزاران خێزان و خەڵکەکە روویان کردە شاخی شەنگال و بەبێ ئەوەی ئاوی خواردنەوە و خواردنیان هەبێت بێخۆن و بیخۆنەوە، بارودۆخیان زۆر خراپە، داعشیش بەناو هەموو گوندەکاندا کەوتوە و خەڵکی بێتاوانیان کوشتووە و تا ئێستا کە من قسە بۆ رادیۆ نەوا دەکەم ٢٠ هاوڵاتی یەزیدی رفێنراوە و ٢٥ یش کوژراون).

هەمان رۆژ وتەبێژی یەپەگە پۆلات جان، لە لێدوانێکدا بۆ سایتی چەترپرێس دەڵێت: (نازانین بڕیاری فەرماندار هێزەکانی پێشمەرگە چیە، بەڵام ئەوەندەی ئێمە دەیزانین زۆر پێشمەرگە بۆ ئەوەی هیچ فەرمانێکیان پێبگات جێگاکانی خۆیان بەجێهێشتوە، ئەگەر تەکتیکی بوایە دەبوو فەرماندەکانیان ئاگاداریان بکردنایەتەوە کە بکشێنەوە، دەکرێت هەندێک جار لەبەرامبەر دوژمن بۆشاییان بۆ دروست بکەن تا بێنە پێشەوە و دوایی هێرشیان بکرێتە سەر، بەڵام ئەگەر شارێکیان بۆ چۆڵ بکەن و ئەوانیش بێن و خەڵکەکەی بکوژن ئەوە چی تەکتیکێکە ئێمەش نایزانین)! (بفەرموو کلیکی ئەم لینکەی خوارەوە بکە، کە لە ریپۆرتاجێکی ڤیدیۆییدا هەڵاتنی هێزی پێشمەرگەی پارتی پێشان دەدات، پێش ئەوەی داعش بگاتە ئەو ناوچانە:

دەستنەکردنەوەی هێزی پێشمەرگە و هەڵاتنیان لە رەبیعە و زوممار و شەنگاڵ تیرۆریستانی داعشیان هان دا کە بە ئاسانی شەنگاڵ و ناوچە ئێزیدینشینەکان بگرن و دەست بە کوشتار و راونانی خەڵک بکەن، سەدان کچ و ژن بڕفێنن و زیاتر لە



سەرچاوە Serchawe

دووسەدهەزار کەس ئاوارە بکەن. ئەمە ئابڕوچوونێکی نەتەوەیی و عەسکەرییە کە هێزی گوایا پێشمەرگەی کوردستان بەم جۆرە مەیدان بۆ جانەوەرانی داعش چۆڵ بکەن، تا تیرۆریستانی ئیسلامی، بەپێی نەریتی بەدەوییانەی لەشکری عەرەبیی ئیسلامی، خەڵکی ناوچەکە ئەنفال و جینۆساید و کۆیلە بکەن و کچ و ژنەکانیان بکەن بە سەبایا و جەواری. (سەرنج: ڕۆژی پێنجی ئاب خاتو ڤیان دەخیل، پەرلەمانتاری کورد لە بەغدا، لە لێدوانێکی کاریگەردا رای گەیاند کە داعش تا ئێستا پێنجسەد کچ و ژنە ئیزیدی وەک جەواری و سەبایا گرتووە.)

ئەم هەڵاتن، یان کشانەوەیەی هێزی پێشمەرگە لەو ناوجە ئێزیدینشنینانە، ئەگەر خیانەت نەبێت، تاوانێکە لە ئاستی خیانەتدایە. هەڕەشەی سزادانی چەند بەرپرسێکی سەربازیی پێشمەرگە، لە لایەن سەرۆکایەتیی هەرێمەوە، ناتوانێت ئەم مەسەلە ترسناکە تەماوییە روون بکاتەوە و پەردەپۆشیی ئەو تاوانە مەزنە بکات، ئەمە چۆڵکردنی ڕەبییەک و سەنگەرێک نییە، تا بە سزادانی چەند کەسێک تەواو ببێت. ئەمە مەسەلەیەکی ناسکی نەتەوەیی، ئاینی و مێژووییە، کە برینێکی قووڵ و پر ئازاری جەستەی ئێزیدییەکان و تەواوی نەتەوەی کورد دەکولێنێتەوە، ئەو برینەش تاوانی پەلاماردان ولەناوبرنی بەکۆمەڵی ئێزیدییەکانە.

پێش ئەم کوشتارەی ئێستا، ئێزیدییەکان حەفتاودوو جاری تر، بە ناوی ئاینی ئیسلام و بە فەتوای ئاینی و بە فرمانی سوڵتانی عوسمانی، دڕندانە پەلامار دراون، خوێن و ماڵ و سامانیان حەڵاڵ کراون. پێشتر هەندێک میرۆکە و عەشیرەت و بنەماڵەی کورد، بەهۆی توندڕەویی ئاینی یان بە فرمانی سوڵتانەکانی تورک، چەندان جار لەم کوشتارەدا بەشدارییان کردووە. ئایا ئەمە ڕێکەوتە کە بە لای کەمەوە لە دوو کوشتاری هەرەگەورە و دڕندانەی ئێزدییەکاندا هێزی چەکداری کوردی، ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ، تێوە دەگلێن. کوشتاری یەکەمیان بە فرمانی سوڵتانی عوسمانی، ڕاستەوخۆ لەلایەن میرە کوێرەی ڕەواندزەوە بوو. کوشتاری دووەمیشیان، ناڕاستەوخۆ، بە هۆی رادەستکردنی ناوچە ئێزیدینشینەکانەوەیە، لە لایەن پێشمەرگەی پارتییەوە.

کەواتا لەبەر ناسکی و گرنگی ئەم مەسەلەیە دەبێ لیژنەیەکی تایبەت، لە نوێنەرانی ئێزیدی و پەرلەمانی کوردستان و وەزارەتی پێشمەرگە پێک بهێندرێت، بۆ ئەوەی لەم مەسەلەیە بکۆڵێتەوە و بەرپرسانی ئەم تاوانە، دیاری بکات و داوای سزادانیان بکات. بە تایبەتیش کە هەندێک لایەن، لەوانە بەشێک لە ئیزیدییەکان، پێیان وایە کشانەوەی لەشکری پارتی لەو ناوچانە، بە تەنسیق بووە و ئێزیدییەکان کراون بە قوربانیی پلانێکی پێشوەخت.

بەشی یەکەم

## ٢

لە دوای راپەڕینەوە وەک پێویست بایەخ بە هێزی پێشمەرگە نەدراوە، زۆربەیان بە کولەمەرگی ژیان دەبەنە سەر، کەچی سەرۆکجاش و ئەنفالچێیەکان، نەک هەر داڵدە دراون، بەڵکو موچەی بەرز و هەموو پێداویستییەکی ژیانیان بۆ دابین کراوە، بەشێکیشیان وەک پێشمەرگە، نەک وەک جاش، خانەنشین کراون، کە دیارە ئەمە خۆی سوکایەتییە بە پێشمەرگە و قوربانیانی دەستی ئەو جاش و ئەنفالچیانە. بەشیکی پێشمەرگەی کوردستان وێرای ژیانی هەژاری، هەست دەکەن پەراوێز خراون و لە کاتی لێقەومان و تەنگانەدا کۆمەک ناکرێن. کەرامەتی عەسکەری و شەخسییان وەک پێویست بەپارێزراوە. ئەوان لە جیاتی گیانی کوردایەتی و خۆشەویستیی گەل و وڵاتپەروەری، فێری تاکپەرستی و بنەماڵەپەروەری و حیزبپەروەری و رقبوونەوە لە لایەنی تر دەکرێن، بەشێکیشیان دەکرێنە باخەوانی مەزرەعە و خزمەتکار و قاپشۆر و جلشۆری بەرپرسان و ژن و منداڵانیان. لە هەندێک لیوا و فەوجدا، وەک لە چەند گرتەی ڤیدیۆییدا، کە لە یوتیوب و فەیسبووک و هەندێک سایتی کوردیدا پێشان دراون، پێشمەرگە بە جلی شڕ و چەکی کۆن و سادەوە رەوانەی بەرەکانی شەری داعش کراون. هەندێکیان هاوار دەکەن کە بێ نانوئاو، بێ چەک و تەنانەت بێ جلوبەرگن و ماڵ منداڵیان بە نەداری بەجێ هێشتووە. رۆژی ١٥ی تەمووز ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان (د. عیزەت سابیر) بە نامە داوا لە سەرۆکی هەرێم بکات جلوبەرگ بۆ پێشمەرگە دابین بکات، کە لە بەرەی شەردان و دوو ساڵە جلوبەرگیان پێ نەدراوە. ئەگەر پێشمەرگە بەم جۆرە بەرگشڕ بن، دیارە چەک و کەرەستەی شەڕیان چۆن چۆنییە!!

هەر لەم بارەیەوە رۆژی سێی ئاب وتەبێژی یەپەگە پۆلات جان، لە چاوپێکەتنەکەیدا لەگەڵ چەترپرێس دەڵێت: (بەهۆی کشانەوەی پێشمەرگە و داگیرکردنی ناوچەکە لەلایەن چەتەکانی داعشەوە کوردە ئێزدییەکان داوایان لە یەپەگە کردبوو بەهانایانەوە بچن و و بیانپارێزن، ئێمە هێزی خۆمان بۆ پاراستنیان هێناوە و هێزی تریشمان بەرێوەن بەهەموو ئیمکانی خۆمان دەیانپارێزین، بەڵام بەداخەوە ئێستا چەندین پێشمەرگە لەگەڵ ئێمەدان تەنانەت فیشەکیان پێنیە، گەلۆ عەیب نیە پێشمەرگەیەک خاکی کوردستان دەپارێزێت و لە سەنگەرەکانی پێشەوەری بەرگریدایە فیشەکی پێنەبێت؟عەیب نیە لەم رۆژەدا پێشمەرگە تۆپ و چەکی گرانی پێنەبێت؟ ئەوەتا تۆپیان پێیە و گولەی تۆپەکەیان پێ نیە؟)

ئایا لە هەر وڵاتێکی دنیادا ئەگەر لەشکرێک پێداویستییەکانی شەڕ و بەرگری و هێرشبردنی بۆ دابین نەکرێت، دەتوانێت پارێزگاریی وڵاتەکەی بکات؟ ئاشکرایە هیچ لەشکرێک بە خێر و کۆمەک و سەدەقەی خەڵک بەرێوە ناچێت. بۆیە دەبێ لە سەرۆکایەتیی هەرێم و حکومەت و پەرلەمان بپرسین، ئایا نەدەکرا و ناکرێتکەمێک لەو ملیاران دۆلارە شاردراوەی نەوتی هەرێمی کوردستان (کە بەپێی ژووری توێژینەوەی گۆڕان تەنیا تا ساڵی ٢٠٠٩ چواردە ملیارد دۆلارە) بۆ پۆشتەکردن و

**پڕچەککردنی هێزی پێشمەرگە و پاداشت هاوکاریی سەربەرزانەی خێزانەکانیان تەرخان بکرێت؟!**

**ئەم پرسیارە رووداوێکی گرنگ و زۆر سەیری مێژوویی بە بیر هێنامەوە، کە شایەنی ئەوەیە لێرەدا باسی بکەم:**

رۆژی ٩ی مانگی سەفەری ساڵی ٦٥٥ی کۆچی (١٢٥٨ ی زایینی) لە سەردەمی خەلیفەی عەباسی، ئەلموعتەسەم، هۆلاکۆ شاری بەغدای گرت. مێژوونووسی ناوداری عەرەب د.فوئاد عەبدولمەعنی ئەلسەیاد، لە کتێبی (مێژوونووسی گەورەی مەغۆل رەشید فەزلوڵڵا هەمەدانی، لاپەڕە ٣٨ و دواتر) دا دەنووسێت دوای داگیرکردنی بەغدا، هۆلاکۆ چوو بۆ کۆشکی خەلیفە و داوای کرد خەلیفەی بۆ بهێنن. کە خەلیفە هات ئەم دیالۆگە عاجباتییە لە نێوانیان هەردووکیاندا رووی دا، کە دوکتۆر فوئاد ئەلسەیاد، بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک سەرچاوەی مێژوویی گرنگ و باوەڕپێکراو، دەیگێڕێتەوە:

"هۆلاکۆ بە خەلیفە دەڵێت: تۆ خانەخۆێیت و ئێمەش میوان، دەبێ ئەرکی میوانداری بەجێ بگەیەنیت. خەلیفە باوەڕ بەقسەکانی هۆلاکۆ دەکات، بەڵام بە جۆرێک تۆقیوە کە لە ترسان هەڵدەلەرزی و لەبیری نامێنێت کلیلی خەزنەکانی لە کوێ داناوە، بۆیە فرمان دەدات قفڵی خەزنەکان بشکێنن و دووهەزار دەستەجل و دەهەزار دینار و کۆمەڵێک مجەوهەراتی بەنرخ بهێنن. کاتێک ئەو دیارییانە پێشکەشی هۆلاکۆ دەکات، ئەو بایەخیان پێ نادات و لە نێوان چەکدارەکانیدا دابەشیان دەکات. دوای ئەوە بە خەلیفەی دەڵێت: ئەو پارە و سامانەی لەسەر زەوی هەتن ئاشکرا و زانراون، ئێستا دەمانەوێت پارە و سامانی شاردراوەتان دەر بخەیت با بزانین چەندن. خەلیفە بۆی ئاشکرا کرد کە لە ناوەڕاستی کۆشکەکەیدا پڕی حەوزێک زێڕی شاردۆتەوە. کاتێک ئەو جێگایە هەڵکۆڵن دەبینن پڕە لە زێڕی خالیس. دوای ئەوە هۆلاکۆ فەرمان دەدات کە ژنانی خەلیفە موعتەسەم و دەستوپێوەندەکانی بژمێرن. ئەوان حەوسەد ژنە حەریم و جەواری و دووهەزار پیاو بوون. خەلیفەی مسوڵمانان، کە بەردەوام خەریکی کۆکردنەوەی زێڕ و ژنان بوو، لە هۆلاکۆ دەپارێتەوە کە تەنیا ژنەکانی بدەنەوە و پێی دەڵێت: ئەو ژنانەم پێ بدەوە کە هەتاو (ضوء الشمس) و تریفە (نور القمر) بەریان نەکەوتوون. خەلیفە مەبەستی لەو ژنە باڵاپۆشانەی بووە، کە لەناو شوورەی کۆشکەکەیدا بوون و تەنیا خۆی بۆی هەبوو چاوی پێیان بکەوێت و.... هۆلاکۆ فرمان بە خەلیفە دەکات کە لەناویاندا سەد ژن هەڵببژێرێت و ئەوانی دی ئازاد بکرێن. خەلیفە ئەو ژنانە هەڵدەبژێرێت کە خۆی بەدڵی بوون، یان خزمی خۆی بوون. دوای ئەوە هۆلاکۆ سەرکردەیەکی سەبازیی خۆی بە ناوی سنجاق رادەسپێرێت کە بچێت بۆ ناو شار و هەموو سامانی خەلیفە کۆ بکاتەوە و لە دەفتەرێکدا تۆماری بکات.

بەشی هەرە سەرنجڕاکێش و سەیری ئەو رووداوەی نێوان هۆلاکۆ و موعتەسەم رۆژی دواتر دەست پێ دەکات. هۆلاکۆ فرمان دەدات خۆراک نەدەنە خەلیفە. کاتێک خەلیفە برسی دەبێت داوای خواردن دەکات هۆلاکۆ سینییەکی پڕ لە زێری بۆ دەبات و

فرمانی پێ دەکات کە بیخوات. خەلیفە پێی دەڵێت چۆن من دەتوانم زێڕ بخۆم؟ هۆلاکۆ پێی دەڵێت: ئەگەر دەتزانی زێڕ ناخورێت بۆچی ئەو هەموو زێڕەت پاشەکەوت دەکرد و نەت دەدا بە سەربازەکانت بۆ ئەوەی موڵک و سامانت لە هێرشی ئەم سوپایەی من بپارێزن؟ بۆچی ئەو دەرگا ئاسنینانەت نەکردن بە تیر و بێی لە سەر سنوور پێشم پێ بگری و ڕێگام نەدەی لە ڕووباری دیجلە بپەڕمەوە و بێمە بەغدا؟. خەلیفە دەڵێت: تەقدیری خوا بەو جۆرە بوو. هۆلاکۆ وەڵامی دەداتەوە: ئەوەی دواتریش بەسەر دێت هەر تەقدیری خوایە!! دوای ئەوە هۆلاکۆ فرمان دەدا موعتەسەم بکوژن. تاتارەکان خەلیفەیان لە لبادێک پێچایەوە و بە پێلاقە کوشتیان. دەڵێن بەپێی نەریتێکی چەسپاوی تاتارەکان نابێت ئەوان خوێنی ئەو سولتانانە بڕێژن کە فرمانی کوشتنیان دەدەن، بۆیە بەم جۆرە سەیرە موعتەسەمیان کوشت، بێ ئەوەی خوێنی بڕژێتە سەرزەوی.

٣

کاتێک سوپای عێراق، بەبێ بەرگری و دەستکردنەوە، شاری موسلی بۆ داعش چۆڵ کرد، بەشێکی سەرکردە و سیاسەتمەدارانی سوننە و کورد، ڕاستەوخۆ سەرۆکوەزیری عێراق، نووری مالکیان تاوانبار کرد و ئەم شکستەیان بە شکستی سیاسی و ئیداری و عەسکەریی ئەو دانا. بەمەش ئۆباڵی داگیرکردنی موسل و تاوانەکانی داعش بەرامبەر بە خەڵکی موسل، خرانە ئەستۆی مالکی. من ئەم تومەتبارکردنە بە ناڕەوا نازانم، چونکە مالیکی وەک سەرۆکوەزیر و سەرکردەی سوپا، لەم شکستەدا، دوو جار بەرپرسیارێتیی سیاسی، عەسکەری، قانوونی و ئەخلاقیی دەکەوێتە ئەستۆ.

شکست و هەڵاتنی لەشکری پارتی لە ڕەبیعە و زوممار و شەنگال، تەواو لە شکست و هەڵاتنی سوپای عێراق دەچێت لە موسڵ. هەردوو لەشکر خیانەتیان لە خەڵک و شەرەفی نەتەوەیی و سەربازیی خۆیان کرد و خەڵکیان بۆ شمشێری پیاوکوژانی داعش بەجێ هێشت. بۆیە ئەگەر بەرپرسیاسی و ئۆباڵی داگیرکردنی موسڵ و کوشتار و ئاوارەکرنی خەڵکی موسڵ، لەلایەن داعشەوە، بکەوێتە ئەستۆی مالیکی، ئەی بەرپرسیاری و ئۆباڵی داگیرکردنی شەنگاڵ و ناوچە ئێزدینشینەکان و ئەو کوشتارە بەکۆمەڵەی بەرامبەر لە خەڵکەکەی کراوە، دەکەوێتە ئەستۆی کێ؟!

ئەم کارەساتە گەورەیەی بەسەر بەشێکی گەلەکەماندا هاتووە بەرهەمێکی تری بەحیزبیکردنی هێزی پێشمەرگە و پەیڕەوکردنی سیاسەتی تاکڕەوی و سەپاندنی حیزبی قائیدە بەسەر کورددا، ئەنجامێکی دوژمانیەتیکردنی ئیدارەی خۆبەڕێوەبردنی ڕۆژئاوای کوردستانە، کە نزیکەی دوو ساڵە تیرۆریستانی داعش پەلاماریان دەدەن. هەروا بەرهەمی ئەو سیاسەتە ترسناک و فاشیلەیە کە دەیەوێت نەوتی باشووری کوردستان، بەو نەوتەشەوە کە لە ناوچەی ئێزیدینشینەکانیشدا هەیە، وەک دەستکەوت و غەنیمەتی شەڕ بخاتە گەرووی تورکیاوە، لە هەمان کاتدا گەلی باشووری کوردستان، خەریکە لە

## بەشی یەکەم

بەرخاتری تورکیا وعوسمانییە سوننەچییە نوێیەکان، بێلایەنیی خۆی لە کێشەی سەدان ساڵەی نێوان سوننە و شیعە، لەدەست بدات و ببێتە تەرەفداری سوننەکانی عێراق. کەچی زۆربەی هێزە سیاسییەکانی سوننەی عێراق، کە هەندێکیان لە کوردستانەوە هەڕەشەی داگیرکردنی بەغدا دەکەن، هێشتا بە توندی داکۆکی لە تیرۆریستانی داعش دەکەن و بە شۆڕشگێر و رزگارکەریان دەزانن و لە تاوانی کوشتاری بەکۆمەڵی ئێزدییەکان بێ دەنگ و بێ هەڵوێستن. تورکیاش تا ئێستا ئامادە نییە لە دەستوورەکەیدا، بوونی نەتەوەی کورد لە تورکیادا بسەلمێنێت و لەسەدا پێنجی ئەو مافانە بۆ گەلی باکووری کوردستان دابین بکات کە دەستووری عێراق، بە هەموو ناتەواوییەکانییەوە، بۆ گەلی باشووری کوردستانی دابینی کردووە.

ئەگەر لە هەرێمی کوردستان سیاسەت و بوێری سیاسی هەبوونایە، دەبوووایە ئێستا سەرۆکایەتیی پەرلەمان و چەند فراکسیۆنێ ناو پەرلەمان، داوا بکەن سەرۆکی هەرێم، بەو سیفەتەی فەماندەی گشتیی هێزی چەکداریی هەرێمی کوردستانیشە، بانگهێشتنی پەرلەمان بکرێت تا لەبارەی شکستی سیاسی وعەسکەری و بەجیهێشتنی خەڵکی مەدەنیی چەندان شار و شارۆچکە و گوندی ئێزیدینشین بۆ رەحمەت و شمشێری تیرۆریستانی داعش، لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت.

**لە کۆتاییدا بە ئیجازەی شاعیری ناسراوی عێراقی مەعرووف ئەلرەسافی دەڵێم:**

**پەرلەمان، دەوڵەت، لەشکر و سەرۆک**
**تەنیا هەر ناون، بەبێ ناوەرۆک.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگوستی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## کوردستان نیشتمانێک بۆ مەسیحییەکان



**دیلان لەتیف پۆڵس**

لەپاش ئەم رووداوانەی ئەم دواییەی عیراقو دەستبەسەراگرتنی شاری موسڵ لەلایەن گرووپی داعشەوەو دواتر دەرکردنی مەسیحییەکان لەوشارەو داگیرکردنیماڵو مۆڵکیان، پێویستی ئەوەی هێنایە ئاراوە کە هەڵوێستەیەکی جدییانە لەسەر ئەو بابەتە بکرێتو لەسەر داهاتووی مەسیحیو کەمینە نەتەوایەتیو ئاینیەکانی تر لەعیراقدا قسەوباس بکرێت.

مێژووی بوونی مەسیحییەکان لەعیراقو ناوچەکە، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەم ئایینەو بڵاوبوونەوەی بەناوچەکەدا، واتە ئەوەی ئێستا روودەدات، وەک ئەوە نییە کە گرووپێک بەزۆرە ملی ناوچەیەکیان داگیرکردبێتو ئێستا دەربکرێنەوە، بەڵکو مەسیحییەکان لەناوچەکەدا بەشدارن لەخاوەنداریتی وڵاتو نیشتمانەکەدا، چونکە ئەو خاکە خاکو زێدی باو و باپیرانیانە.

بەشی هەرە زۆری مەسیحییەکان نیشتەجێی شارەکانی باکووری عیراقنو لەو شارانەش زیاتر نیشتەجێی ئەو شارانەن کە دەکەونە سنووری هەرێمی کوردستانەوەو مێژوو ئەوە دەسەلمێنێت کە بەدرێژایی مێژوو مەسیحییەکان لەم ناوچە کوردستانیانەدا بەئاشتی ژیاونو نموونەی تەبایيو پێکەوەژیان بوون. وەکو هاونیشتمانییەک لەخۆشیو ناخۆشیی وڵاتو شارەکاندا بەشداربوون، چەمکی هاونیشتمانیبوونیان لەپێش هەموو ئایدیۆلۆژیایەکی ئایینیو مەزهەبیو فیکرییەوە بووەو رۆڵێکی کاریگەریان بینیووە لەبەشداریکردن لەبەڕێوەبردنی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکاندا بەدرێژایی مێژوو هەتا ئەمڕۆ. هەروەها بەشداریێکی سەرەکی بوون لەخەباتو شۆڕشی رزگاریخوازیی بۆ ئازادکردنی ئەم ناوچانە لەدەست رژێمی پێشووی بەعسو لەو پێناوەشدا چەندین شەهیدو قوربانییان داوە. باکگراوندی پێکەوەژیان لەنێوان هەموو ئەو ئایینو نەتەوە

## بەشی یەکەم

جیاوازانەدا کە لەکوردستاندا دەژین، ئەوە دەسەلمێنێت کە لەچوارچێوەی سنووری هەرێمی کوردستاندا مەسیحییەکان دەتوانن ئازادانەو سەربەستانە بژینو ئاینی خۆیان پەیرەوبکەنو بەبێ ئەوەی بەچاوێکی جیاواز سەیربکرێت، وەک ئەوەی لەوڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیادا بەدی دەکرێت.

ئەو بڕیارەی گرووپی تیرۆریستی داعش دەریکردووە سەبارەت بەمەسیحییەکانی شاری موسڵ، بەوەی شارەکە چۆڵ بکەن یان سەرانە بدەن یان ببن بەئیسلام، بڕیارێکبوو کە مێژووی نەتەوەیەکی لەناوچەیەکدا سڕییەوە، دیمۆگرافیای ناوچەکەی گۆڕیو هەروەها چەندین خێزانی بێ تاوان ئاوارە کرانو ناچارکرانماڵو موڵکو زێدی باوو باپیریان جێبهێڵن.

بەبڕواری من ئەو بڕیارەی داعش درێژەپێدەری هەمان پەیڕەوی گرووپە توندڕەوەکانە کە پاش رووخانی رژێمی بەعسو رووداوەکانی ٢٠٠٣ دەرکەوتن لەناوەڕاستو باشووری عیراقو چەندین کەنیسەو مەزارگەیان تەقاندەوەو هەروەها چەندین خێزانی مەسیحییان راگواستووە، وەک بینیمان بەشی هەرە زۆری ئەو ئاوارانە روویان کردە هەرێمی کوردستانو لەشارەکانی دهۆکو هەولێرو سلێمانی نیشتەجێ بوونو ئەمانیش بەهەمان شێوە نموونەیەکی تری پێکەوەژیان بوون کە لەهەرێمی کوردستاندا دەرکەوتووەو توانیان لەماوەیەکی کورتدا دۆستایەتییەکی قووڵ دروستبکەن لەگەڵ برا کوردەکانیان بەبێ بوونی هیچ جیاکارییەکی ئایینی، نەتەوەیی یان فیکری.

ئێستا هەموو ئەوانەی کە چاودێریی ئەم دۆخە دەکەن لەناوخۆو دەرەوە، چاویان لەسەر بڕیاری حکومەتی هەرێمەو بەبڕوای من پێویستە حکومەتی هەرێم بڕیارێکی بەپەلەو جدییانە بدات بۆ هاوکاریکردنو نیشتەجێکردنی ئەو ئاوارانە لەشارەکانی هەرێمی کوردستان لەبەر چەند هۆکارێک، یەکەمیان ئەو نموونەی پێکەوەژیانە مێژووییەی کە هەیە لەنێوان گەلی کوردو مەسیحییەکاندا، دووەم وەکو ئەرکێکی مرۆیی بەهاوکاریکردنی چینێکی غەدرلێکراو و گۆڕینی رای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر بەهەرێمی کوردستان کە دواتر چەندین لێکەوتەی سیاسیو ئابووریی تری لێدەکەوێتەوە، سێیەم فراوانکردنی رووبەری جوگرافی هەرێمی کوردستان بەپێوەلکاندنی ناوچەی دەشتی نەینەوا بەهەرێمی کوردستانەوە کە زۆربەی دانیشتوانەکەی مەسیحینو چوارەم کوردستان دەبێتە نموونەیەکی جوانی پێکەوەژیان لەنێوان ئایینو نەتەوەو مەزهەبەکاندا کە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدەگمەن ئەو نموونەیە دەبینرێتو زیاتر رای جیهانی دەوروژێت، کە وڵاتانی خۆرئاوا پشتگیریی زیاتری ئەو وڵاتانە دەکەن کە دیموکراسینو پێکەوەژیانی راستەقینەیان تێدا بەدی دەکرێتو لەکۆتاییدا دەبێت ئەو راستییە لەیاد نەکەین کە (نیشتمانی رەنگاوڕەنگ جوانترە لەنیشتمانی یەکڕەنگ).

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٧ی ئاگوستی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## خەلیفەی موسوڵمانان، ئەبوبەکری دوهەم!



عادل باخەوان

لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ دا، دەوڵەتی ئیسلامی (داعشی کۆن) دەستبەسەر شاری موسڵدا دەگرێت و دواتر، بە بەرچاوی جیهانەوە، شار بەشار و لادێ بە لادێ بەرەو بەغدادی پایتەخت بەرێدەکەوێت و سوپاکەی نوری مالیکی، گروپ لە دوای گروپ، هەڵدێن و مەیدانەکانی جەنگ بەجێدەهێڵن.

خەلیفەی نوێی موسوڵمانان، ئەبوبەکری دوهەم، (ئەبوبەکری یەکەم لە ساڵی ٥٧٣ دا لەدایکبوە و لە ساڵی ٦٣٤ دا کۆچی دوایی کردوە و یەکەم خەلیفەی موسوڵمانان بوە، ئەبوبەکری دوهەم ساڵی ١٩٧١ لە سامەڕا لەدایکبوە و ئێستا خۆی وەک خەلیفەی نوێی موسوڵمانان دەناسێنێت)، بەتەنها سێ گۆشەی سوننەی لەژێر دەستی نوری مالیکی دەرنەهێنا، بەتەنها ڕوبەری جوگرافی کۆنترۆڵکراوی فراوانەکرد، بەڵکو ڕوبەری تەنزیمی ئەندامەکانیشی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانە فراوانکرد.

بەپێی ئەو داتایانەی کە تائێستا لەبەردەستدان، لە ١٠ ی حوزەیرانی ٢٠١٤ وە تا ئەمڕۆ نزیکەی دوانزە هەزار عێراقی سوننە پەیوەندیان بە ڕیزەکانی سوپا ڕادیاکاڵەکەی خەلیفەی "موسوڵمانان"، ئەبوبەکری دوهەمەوە کردوە. بەم پێیەش ژمارەی عێراقیە سوننیەکانی "داعش" بەرزدەبێتەوە بۆ نزیکەی بیست هەزار! تاکوێ سوننیەکانی عێراق بە ئەبوکری دوهەم، خەلیفەی موسوڵمانان دەڵێن: خوا لێی ڕازیبێت ! کامانەن ئەو سوننیانەی کە پێیانوایە بۆ شکستهێنان بە نوری مالیکی و حکومەتی شیعەنشینی بەغداد، دەبێت بە تونێلی "هاوپەیمانی لەگەڵ شەیتان" دا تێپەڕن؟

گەر ئێمە خراپترین گریمانە لەسەر ژمارەی سوننەی عەرەب لە عێراقدا وەربگرین، گومانی تیادانیە کە ڕێژەیان چەند

ملیۆنێك تێدەپەڕێنێت. لە كۆی ئەم چەند ملیۆنە، ئامادەیی بیست هەزار سوننی عەرەبی یەكسانییە بە گوزارشتكردن لە خەون، بەرژەوەندی، خواست و گرەوەكانی زۆرینەی "گەلی" سوننە لە عێراقدا. لێرەوە، چركەساتی گەڕان بەدوای شوناسی ئەو گروپانەی كە "بەیعەت" بە خەلیفەی موسوڵمانان، ئەبوبەكری دوهەم دەدەن، دەمانباتەوە سەر چوار كاتیگۆری جیاوازی، پێكەوەنەگونجاوی، ناهاوئاهەنگ كە هەریەكەیان خاوەنی ڕوانین و ئەجەندای تایبەت بە خۆیەتی. كاتیگۆری یەكەم بریتییە لە كۆی ئەو ئەكتەرئیسلامیستە سوننیە ڕاپەڕیوانەی كە لە ٢٠٠٣ وە تا ئێستا، لەچوارچێوەی عێراقدا، چەكیان هەڵگرتوە و دەخوازن لەڕێگای جیهادی "ناسیۆنالیزەكراوەوە"، واتە جیاواز لە جیهادی گلۆبالیزەكراوی ئەلقاعیدە و هاوشێوەكانی، پەیوەندییەكانی هێز لە عێراقدا بگۆڕن. پەیوەندی نێوان ئەم ئەكتەرانە لەگەڵ قوتابخانەی برایانی موسوڵمانی عێراقیدا، لە زۆربەی دۆخەكاندا تەنها لە ئاستی پەروەردەی كۆمەڵایەتیدایە، هەرچەند گریمانەی پەیوەندی تەنزیمیش لە پێشمانەوە ڕێدەكات و تائێستا ناتوانین نە بیسەلمێنین، نە نەفییبكەین.

كاتیگۆری دوهەم بریتییە لە بەشێكی زۆر لەو هێزە عەشائیریانەی كە لە ساڵانی ڕابوردودا و لەژێر كارایی سوپای ئەمەریكیدا، چوارچێوەیەكی ڕێكخستنیان بەناوی "سەحەوات" ڕاگەیاند و جەنگی سەروماڵیان لەگەڵ ئەلقاعیدەدا كرد. پاش كشانەوەی سوپای ئەمەریكا لە عێراق و سپاردنی وڵات بە حكومەتە شیعییەكەی نوری مالیكی، ئەم هێزانە پەراوێزخران و بەرەڵای نێو كۆڵانەكانی كۆمەڵگایەكی بیناكراو لەسەر "زەبروزەنگی خۆڕایی' كران.

كاتیگۆری سێیەم بریتییە لەو وردە گروپە سوننیە ناسیۆنالیستانەی كە تائێستاش خەون بە گەڕانەوەی "مەركەزییەتی" سوننە لە بەغداد دەبینن. لەبیرماننەچێت كە لە چركەساتی داگیركردنی بەغداد لەلایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە (ساڵی ١٦٣٨) تا چركەساتی داگیركردنی لەلایەن وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكاوە (ساڵی ٢٠٠٣)، سوننەكان فەرمانڕەوای عێراق بوون: واتە ٣٥٧ ساڵ لە دەسەڵات ! كەمنین ئەو گروپانەی كە لەنێو ئەم نوستالژیایەدا دەژین و لە پێناوی گەڕانەوەی خەیاڵكراودا ئامادەن دەستبخەنە نێو دەستی شەیتانەكانەوە !

كاتیگۆری چوارهەم و كۆتاییش بریتییە لە بەعسیەكان. من یەكێكم لەوانەی كە پێموایە لەمێژوی عێراقدا بەعسیبون واتە ئینتیما بۆ كاتیگۆریەكی تایبەتی جیاواز. بەعسیبون مۆدێلێكی ناوازەیە لە ژیان، لە ڕوانین، لە جوڵانەوە، تەنانەت لە بەشەربون. مرۆڤی بەعسی، وەك هەر كەسێكی دیكە مرۆڤ نیە، وەك هەر كەسێكی دیكە لەنێو مرۆڤەكاندا ناژی و وەك هەر مرۆڤێكی دیكە نامرێت. بەعسیبون تایپێكە لە بەكۆمەڵایەتیبونێك كە هەمیشە ڕوبەرەكانی جیادەكاتەوە لەوانیتر. (لە كتێبی زەبروزەنگی ڕادیكاڵدا بەوردی باسمان لەم ئەزمونە كردوە).

## بەشی یەکەم

پێموایە بۆ باشتر تێگەشتن لە هەر یەکێک لەم چوار کاتیگۆریە و پەیوەندیەکانیان بە ئەبوبەکری دوهەم، خەلیفەی نوێی موسوڵمانانەوە، دەکرێت چەند گۆشەیەک تەرخانبکەین. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین لێرەدا ئاماژە بەوەبدەین کە: ئەم گروپانە، چ پێکەوە و چ بە جیا، نوێنەرایەتی "گەلی" سوننە لە عێراقدا ناکەن. هەروەها بەیعەتی ئەم گروپانە بە خەلیفەی نوێی موسوڵمانان، ئەبوبەکری دوهەم، دروست وەک "زەواجی سیغە" لای شیعە، یان واژۆکردنی ڕێکەوتننامەی کاتی ئەکتەرە ئەفسانەییەکان لەگەڵ شەیتانەکاندا وایە و، بەتەواوبونی شانۆگەریەکە، ڕۆڵەکان کۆتاییان پێدێت و هەر ئەکتەرێک دەگەڕێتەوە پانتایی جوڵانەوەی ئاسایی خۆی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی زاگرۆس پۆست - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

# کۆماری ئیسلامیو داعش



برایم قاسمی زاد

ئەوە کە داڕێژەرانی ستراتێژیی کۆماری ئیسلامی بە پلانێکی داڕێژراوەوە کۆمەڵی پاشڤەڕۆی داعشیان پێک هێنابێ ڕەنگە لەگەڵ بیرێکی ژیری سیاسی نەگونجێ، بەڵام زۆر هۆکار هەن کە سەرهەڵدانی بەرەی توندڕەو و دژی مرۆڤی داعش ڕاستەوخۆ بە دژکردەوە لە بەرامبەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەبەستنەوە.

تەنانەت بەڵگە هەن کە دەسەلمێنن کۆماری ئیسلامی لە زۆر شوێن، بە تایبەت لەو هەرێمانەی ئێران کە دانیشتوانی سوننی مەزهەبن ڕێگای بۆ سەرهەڵدانی ئەو کۆمەڵە خۆش کردوە. ئەوەش گومانی ئەوە بە هێز دەکا کە هەر دوو بەرەی توندڕەوی شیعەو سوننە، بوونی لایەنی دیکە بۆ ستراتێژیی سیاسی و تەنانەت ئایینی خۆیان بە پێویست دەزانن.

سەرەڕای هەبوونی چەندین بزووتنەوەی سیاسی بە ئامانجی دینییەوە کە مەبەستیان زاڵ کردنی تێڕوانینی تایبەتی خۆیان لە سەر بنەماکانی دین بە سەر سیاسەت و بەڕێوەبەریدا بووە، بەڵام لە سەردەمی ئێمەدا یەکەم سیستەمی سیاسی کە دینی کردە ئامرازی دەسەڵاتداریی سیاسی و توانی لەو ڕێگایەوە لە ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩)دا بە دەسەڵات بگا کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو. ئەوەش توانی لە مەیدانی سیاسەت دا، قورساییەک بۆ لای ڕوانگەی شیعە دا بشکێنێتەوە کە توانیبووی بە شێوەیەک پراگماتیزمی خۆی بە ڕووی بزووتنەوەی سوننی دا بکێشێ و خۆی بە براوەی مەیدانی سیاسەت بناسێنێ. چونکە بزووتنەوەی مەزهەبی سوننە، کە ناسراوترینی تەڤگەری "اخوان المسلمین" بوو و لە کاتی دامەزرانییەوە لە ساڵی ١٩٢٨ەوە تا ئەو کات نەیتوانیبوو هەنگاوێک لە دەسەڵات نزیک بێتەوە.

مەبەستی سەرەتایی بزووتنەوەی ئیخوان بە سەرۆکایەتیی حەسەن ئەلبەننا ڕاچاندنی تۆڕێکی کۆمەڵایەتی و دینی بوو کە متمانە لە نێو کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا بە هێز بکاو ڕێگا بۆ بزووتنەوەیەکی بە هێزی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای روانگە دینیەکانی ئیخوان خۆش بکا، بەبێ ئەوەی کە بزووتنەوە خۆی بە دەسەڵاتی سیاسیو ئیدارییەوە خەریک بکا. تایبەتمەندیی ئەو بزووتنەوە دوورەپەریزی لە توندوتیژی بوو و هەموو لقو پۆپەکانی بزووتنەوەی ئیخوان تا ساڵەکانی ٧٠ و ٨٠ زایینیش بەو ڕێبازە پێبەند بوون، هەر چەند ئیخوان بە تیرۆری مەحموود ئەلنوخرەشی پاشای سەرۆک وەزیری میسر لە ساڵی ١٩٤٩دا تاوانبار کراو پاشانیش پێوەندییەکی پڕ لە ئاریشەی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی میسرو لە ساڵەکانی ١٩٨٠شدا لە گەڵ ڕێژیمی بەعسی سووریە هەبوو کە ساڵی ١٩٨٢ کۆمەڵکوژیی حەمای لێکەوتەوە.

لە میانەی شەڕی ئەفغانستاندا و کاتێک کە بزووتنەوەی موجاهیدین بە پشتیوانیی پارەو چەکی عەرەبستان و وەڵاتانی کەنداو، بەڵام بە ڕێنوینیو پشتیوانیی سەرەکی لە لایەن ئامریکاوە دامەزرا، هەموو ئەو لق و پۆپانەی ئیخوان کە پێیان وابوو بەبێ شەرو توندوتیژی نە وشیاریی ئیسلامی دروست دەبێو نەش ئامانجی سیاسی یا کۆمەڵایەتیی ئەوان وەدیدێ ڕوویان لە ئەفغانستان کردو ئەو وەڵاتەیان کردە بنکەی خۆپەروەردە کردنو پێگەیاندنی هێزی جێگەی متمانەی خۆیان. بەڵام لە سەرەتادا هەم ڕووی بزووتنەوەی موجاهیدینو هەمیش ڕووی هەموو ئەو لایەنە ئیسلامیانەی کە پێوەندییان بەو بزووتنەوەیەوە هەبوو لە داگیرکەرانی سۆڤیەت بوو. بزووتنەوەی سەلەفی، بە پشتیوانیی داراییو ئیمکاناتی عەرەبستانو قەتەرو هێندێک شێخی میلیاردێری عەرەب، زیاتر لە هێزە ئیسلامیەکانی دیکە توانی مەیدانداری بکاو بە شێوەیەک پێشتر هێژێمۆنیی فیکریو دواتریش هێژێمۆنی سیاسی خۆی بە سەر لایەنەکانی دیکەدا زاڵ بکا. بە گۆڕانی سیستەمی سیاسی لە ئەفغانستانو وەلاچوونی هەڕەشەی هێزی داگیرکەری سۆڤیەت، موعادیلەی سیاسیو پارسەنگی هێزیش گۆڕانی بەسەردا هات. لەو کاتەوە ئیدی پێویست نەبوو کە هەموو هێزە دەرەکییە ئیسلامییەکان لە ئەفغانستان بمێننەوە. بۆیە هەرێمەکانی وەکوو سۆمالی، یەمەنو تا ڕادەیەکیش عەربستانی سعوودی بوون بە گۆڕەپانی نوێی هێزە توندڕەوە سەلەفیەکان. عەربستان هەر زۆر زوو مۆرە سەرکیەکانی سەلەفیی دەست بە سەر کرد، هێندێکی لە وەڵات وەدەرناو هێندیکیانیشی بە وادەی پشتیوانیی دارایی لە کۆڵ خۆی کردەوە. بەڵام سۆمالیو یەمەن بوون بە دوو ناوەندی سەرەکیی خۆنواندنی ئەم هێزانە.

هاوکات لە گەڵ چالاکتربوونی هێزە سەلەفیەکان لە سۆمالی و یەمەن، کۆماری ئیسلامیش بە ڕکەبەرایەتی لە گەڵ ئەم هێزانە، حوزووری خۆی هەم بە شێوەی ڕاستەوخۆو هەمیش لە چوارچێوەی ڕێکخراوەکانی بە ڕواڵەت خێرخوازیو ئاوەدانکردنەوەدا لەو دوو هەرێمە پەرە پێدا. پێشتر کۆماری ئیسلامی لە لوبنان پێگەی دامەزراندبوو و لە ڕێگای وەڕێخستنی حیزبوڵلای لوبنانەوە دەستی باڵای بە سەر هێزە توندڕەوە سەلەفیەکان دا هەبوو. هەر چەند هەبوونی ئێران لە سۆمالی و یەمەن نەیتوانی بۆ بزووتنەوەی سەلەفی ببێ بە مەترسیەکی جێگای سەرنج، بەڵام ئەوەندە لە بەر چاو بوو کە

بنئاژۆیی ئاینی لە نێو کۆمەڵگا سوننی مەزهەبەکان دا بە شێوەیەک بهاروژێنێ کە ئەوانیش بیر لە دەسەڵاتێکی سیاسی لە سەر بنەمای ئاییینی بکەن.

شەڕی دووهەمی کەنداو، ڕووخانی سەددام حوسێنو خزانە سەرکاری وردە وردەی ڕێژیمێکی هاوپەیمانی ئێران لە بەغدا، پارسەنگی هێزو هەر بەم پێیەش دوورەدیمەنی هەرەشەی ئێرانی بۆ سەر هەرێمەکانی جێی نفووزی ئیحتیمالیی هێزە سەلەفیەکان گۆڕی. سوننیەکانی عێراق، پێیان وابوو کە دەسەڵاتی نوێی بەغدا، عێراقی خستۆتە پاوانی ئێرانەوە کە لە لایەن کۆمەڵگای سوننی وەڵاتەوە وەکوو دوژمنی دێرینی وەڵات بە حیساب دەهات. ڕاپەرینی جەماوەری لە وەڵاتانی عەرەبی لەم سێ ساڵەی دواییدا ئەو مەترسیەی کە ئێران دەتوانێ بۆ کۆمەڵگای سوننی هەبێ چەند قات کردەوە، چونکە لە هەر شوێنێک کە ئێران زانی کۆمەڵگایەکی تەنانەت بچووکی شیعەشی لێیە، دەستی کرد بە دروست کردنی حوسێنیە کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەکران بە ناوەندی سیاسیی مەزهەبیو بە تارانو قومەوە دەبەسترانەوە. لە ڕێگای ئەو حوسێنیانەوە، ئێران هەوڵی دەداو ئێستاش هەوڵ دەدا کە هەرێمی جێی نفووزی خۆی زیاتر بکا و ڕایەڵکەیەکی سیاسیو مەزهەبی پێک بێنێ کە بە دەستووری تارانو قوم هەڵسوکەوت بکا.

دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی ئێران لە سووریەداو پاڵپشتی هەمەچەشنی ئێران لە ڕێژیمی ئەسەد، ڤینی کۆمەڵگای سوننی لە سووریەشی لە بەرامبەر ئێرانو بزووتنەوەی مەزهەبیی شیعەدا هاروژاندەوە. نەبوونی زەمینە بۆ گەشەپێدانی بیرۆکەی دێمۆکراسیو زاڵبوونی هزری هێژێموونیخوازی لە نێوخۆی ئەو وەڵاتەدا لە لایەکەوە، دەستتێوەردانی دەرەکی هێزە خاوەن بەرژەوەنییەکانو نەبوونی پشتیوانیی جیددی نێونەتەوەیی لە لایەکی دیکەوە، زەمینەی بۆ گەشەکردنی خێرای بزووتنەوە توندڕەوە سەلەفیەکان خۆشتر کردەوە. بە شێوەیەک کە دوای کەمتر لە یەکساڵ لە ڕاپەڕینی خەڵکی سووریە، بزووتنەوە سەلەفیەکان توانیان ببن بە سەرکەیترین هێزی گۆڕەپانی سیاسی لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی سووریەدا. ئەو وەزعە، پارسەنگی هێزی لە عێراقیش گۆڕیو گرو تینێکی زیاتری بە خۆ بەڕێکخستن کردنی هێزە سەلەفیەکان لە ناوچە سوننەنشینەکانی عێراق بەخشی.

بەم شێوەیە پاش ٣٥ ساڵ دامەزرانی سیستەمی ویلایەتی فەقیهی لە ئێراندا کە لە لایەن خومەینیەوە وەکوو ئالتەرناتیڤی شیعە بۆ دەسەڵاتی سیاسی شکڵی پێدرابوو، بیرۆکەی دەسەڵاتێکی هاوشێوە بەڵام ڕیشەداکوتاو لە مەزهەبی سوننەدا لە کۆمەڵگا سوننی مەزهەبەکانیشدا شکڵی گرتو ئێستا لە عێراقو سووریەدا مەیدانداری دەکا. لە تەقاندنەوەو سەربڕینە پەیتا پەیتاو ئاشکراکان بە دەر، باقی کردەوەکانی ئەو سیستەمە کە ئێستا بە ناوی "دەوڵەتی ئیسلامی"ەوە کار دەکا لە گەڵ کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی جیاوازیی زۆریان نیە. تەنانەت لە سەربڕین و تەقاندنەوەی شوێنە پیرۆزەکانیش بەڵگە

هەن کە دەسەلمێنن یەکەم بکەرانی سیستەماتیکی ئەو کردەوە دڕندانانە کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو. کۆمەڵکوژییەکانی نەورۆزی خوێناویی شاری سنە، کۆمەڵکوژییەکانی قارنێو قەڵاتان، گێچێ، شەڕی نەغەدەو بە سەدان لەشی لەتو کوت کراوی خەڵکی بێ تاوانی کوردستان، تورکمەن سەحرا، بەلووچستانو هتد بەرچاوترین نموونەن. لەم ساڵانەی دواییشدا سەربڕینی پەروانەو داریووشی فرووهەرو بە زیندووی لە گۆڕنانی بە دەیان خەباتکاری سیاسی هەموویان هاوشێوەی جینایەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی یا داعشن، بەڵام وێنەو ڤیدیۆکانی لە سەر ماڵپەڕە کۆمەڵایەتیەکان بڵاو نەکراونەوە.

**بێجگە لە دڕندەیی و مرۆڤکوژی، چەند لایەنی هاوبەشی دیکەی دەولەتی ئیسلامی (داعش)و کۆماری ئیسلامی (جما) هەن کە بە کورتی دەکرێ چەند نموونەیکیان بەم شێوەیە ناو بەرین:**

هەر دوو سیستەم بە تەواوی لە دژی بنەماکانی مافی مرۆڤ، دێمۆکراسیو ئازادییە تاکیەکانن. لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیەوە تا ئێستا، ڕێژیمی ئێران بیرۆکەی مافی مرۆڤی بە دیاردەیەکی ڕۆژئاوایی بە ناو کردووەو بە توندی لە دژی هەموو هەوڵو تەقەلایەک بۆ هێنانە ڕۆژەڤی مەسەلی مافی مرۆڤ لە ئێراندا ڕاوەستاوە. داعشیش هەر بەو شێوەیە مافەکانی مرۆڤ و مافی تاک بە دژی یاسا ئاسمانیەکان و وەک بەشێک لە سیستەمی ڕۆژئاوایی لە دژی بەها ئاینیەکانی خۆی لە قەڵەم دەداو بە کردەوە لە دژی مافی مرۆڤ دەجووڵێتەوە. سەبارەت بە دێمۆکراسیش، جیاوازییەک لە نێوان ئەو دوو دەسەڵاتەدا نابیندرێ. نویترین تێڕوانینی کۆماری ئیسلامی لە سەر مەسەلەی دێمۆکراسی، پێشنیاری یاسای حیزبە سیاسیەکانە کە لەلایەن مەجلیسی شوورای ئیسلامیەوە خراوەتە ڕۆژەڤەوە و مەرجی سەرەکی تێکۆشانی سیاسی بە پێبەندبوونی حیزبە سیاسیەکان بە ئەسڵی ویلایەتی فەقیهەوە دەبەسترێتەوە.

هەر دوو سیستەم، مرۆڤ وەکوو ئامرازێک چاو لێدەکەن کە تەنیا ئەرکی بەجێ گەیاندنی فەرمانی وەلی فەقێ/خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامیە. لە توضیح المسائیلی خومەینیدا مرۆڤ وەکوو بوونەوەرێکی ناکامڵ پێناسە دەکرێ کە دەبێ لەلایەن وەلی فەقیهەوە ڕێگای پێشان بدرێ. مرۆڤ تەنانەت بە مەڕ تەشبێ کراوە کە ئەرکی سەرەکی ئەوەیە پێڕەوی لە بڕیارو حوکمی دەسەڵاتداری ئایینی بکا. داعشیش هەر تێڕوانینێکی بەم شێوەیە لە سەر مرۆڤو مرۆڤایەتی هەیە.

هەر دوو سیستەم، خۆیان بە تەنیا و تەنیا ئالتەرناتیڤی دەسەلاتی سیاسی و تاکە دەسەڵاتداری شەرعی سەر رووی زەوی دەزانن کە تەنیا لە خوداو ڕێبەر فەرمان وەردەگرنو لە بەرامبەر ئەوان دا بەرپرسیارن. قسەکانی ئەبووبەکر ئەلبەغدادی خەلیفۆکەی خۆ سەپێن بە سەر هەرێمە سونیەکانی عێراقو سوورییەدا سەبارەت بە شێوەی دەسەڵاتداری دەقاودەق لەگەڵ قسەکانی خومەینی دوای گەڕانەوە لە پاریس لە ساڵی ١٣٥٧دا یەک دەگرنەوە کە داوای لە خەڵک دەکرد یارمەتیدەری بن

## بەشی یەکەم

تا بۆ زاڵ کردنی دینی خودا بە سەر هەموو جیهاندا سەربکەوێ. لە چوارچێوەی ئەو بیرۆکەدا بوو کە خومەینی هەموو حیزبە سیاسیەکانی ئێرانی هەڵوەشاندەوەو تەنانەت فەرمانی جیهادی لە دژی گەلی کورد ڕاگەیاند.
هەر دوو دەسەڵات بەردباران لە ژێر بیانووی سزای ڕەوای شەرعیدا بەڕێوە دەبەن، داعش زیاترو ڕاشکاوانترو کۆماری ئیسلامیش هەر چەند ئێستا کەمتر لە سالەکانی سەرەتای دامەزرانی بەڵام بە شێوەی ئاشکراو ڕاگەیەندراو. ئێران بێجگە لە بەردباران کردن، هیچ مانگێک نیە کە لەبەر چاوی خەڵکو لە گۆڕەپانەکانی شارەکاندا چەند سزادراوێک هەڵنەواسێ. مەسەلەی بەردبارانیش هەم لە مەجلیسی شوورای ئیسلامیداو هەمیش لە شووڕای نیگابانداو وەکوو بنەمایەکی سزای ئیسلامی پێداگری لە سەر کراوەو بە کردەوە بەڕیوە دەبردرێ. داعشیش هەمان کار دەکا، بەڵام کردەوە نامرۆڤیەکانی دەخاتە سەر میدیا کۆمەڵایەتیەکانو ڕیکلامی پێوە دەکا.

داعش و جما کۆکن لە سەر ئەوەی کە هەر کەسو لایەنێک کە لە دژی شێوەی دەسەڵاتداریی ئەوان بێ، هیچ چەشنە مەشرووعیەتی نیەو نە تەنیا نابێ دەرفەتی کارکردنی پێ نەدرێ، بەڵکوو دەبێ لە بواری فیزیکیشەوە لە نێو ببرێو شوێنەواری بسڕێتەوە. لەم ڕۆژانە دا ٢٥ ساڵەی تێرۆری ڕێبەری هەمیشە زیندووی کورد، دوکتۆر قاسملوومان بەڕێوە بردو دوای ماوەیەکی کورتی دیکە لە ساڵرۆژی تێرۆرکردنی ڕێبەری نەمر دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی نزیک دەبینەوە. ئەو دوو ڕێبەرە، نموونەی بەرچاوی قوربانیانی تێرۆری کۆماری ئیسلامین کە وەک داعش هەموو جیهانی بۆ دژبەرانی خۆی نائارام کردوە.

داعش و جما خۆیان بە سیستەمی جیهانگیر دەناسینن کە بۆ پەرەپیدانی دەسەڵاتی خۆیان بە سەر هەموو جیهاندا، دەبێ هەموو ئامرازیک بە کار بێنن. بیرۆکەی ناردنەدەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی پێشتر لە لایەن خومەینیەوە هاتە گۆڕێ. ئەگەر ئێستا داعش باسی لابردنی سنوورەکانو دامەزراندنی دەسەڵاتی جیهانیی خۆی دەکا، تەنیا کۆپیەک لە بیرۆکەی خومەینیی زیندوو کردۆتەوەو شتێکی نوێی نەهێناوەتە گۆڕێ. بەڵام هەر پاش هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیو بەر لەوەی کە ئەو ڕێژیمە بتوانێ لە ناوچەدا مەیدانداری بکا سەددام توانی لمبۆزی خومەینی لە قوڕ وەربداو لە بەرامبەر زێدەخوازیی ئەو دا ببێ بە لەمپەر. کۆماری ئیسلامی ئێستاش ئەو بیرۆکەیەی وەلا نەناوەو بە داسەپاندنی هێژێمۆنیی سیاسی، دینی، ئایدیۆلۆژی و تەنانەت سەربازیشی لە بەشی شیعەنشینی عێراق، لە سووریە، لوبنان، لە نێو شیعەکانی ئەفغانستان، پاکستان، وەڵاتانی کەنداو و هتد دیارترین نموونەن کە دەردەخەن ئێران بە چ شێوەیەک خەریکی ناردنەدەرەوەی بیرۆکەی سیاسی خۆی دایە. داعش تازە هاتۆتە مەیدانەوە.

داعشو جما بڕوایان بە هێزی چەک هەیە بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان. کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی هێزەکانی

## بەشی یەکەم

سوپاو بەسیجی بۆ خۆ تەیار کردن بە چەک، پارە، دەسەڵاتو دەست بە سەرداگرتنی تیجارەتی نێونەتەوەیی ئێراندا ئاواڵە هێشتۆتەوە. بە شێوەیەک کە سوپای پاسداران بێجگە لە کۆنترۆلی هەموو ئێران، بە کردەوە شەڕی دژ بە ئۆپۆزیسیۆنی سوورییە، بەرنامەکانی لایەنە شیعەکانی عێراق، حیزبوللای لوبنانو شەڕی هێزە توندڕەوەکان بە دژی ئیسرائیل بەڕێوە دەبا. بە پێی لێکدانەوەی پسپۆرە نێونەتەوەییەکان سوپای پاسدارانی ئێران یەکێک لە بە هێزترینو بە نفوزترین ئەکتەرەکانی گۆڕەپانی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. سوپاش بە هێزی چەکو پارە ئەو دەسەڵاتەی وەدەست هێناوە. داعش هەمان سیاسەت پێڕەو دەکا.

دیارە هەر دوو سیستەم لە زۆر شتیشدا دژ بە یەکتر ڕاوەستاونو وەکوو دوو جەمسەری دژ بە یەک هەڵسوکەوت دەکەن، بەڵام لە دژایەتی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ، ئازادی، دێمۆکراسیو مافی تاک بۆ بڕیاردانەدا هەر دوو سیستەم یەک دەگرنەوەو بۆیەش لایەنی هاوبەشیان لە لایەنی لە یەکتر جیاکەرەوەیان زیاترە.
لەم دواییانەدا جموجۆڵی هێزە سەلەفیەکانی لایەنگری داعش لە بەلووچستانو ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ڕوو لە زیاد بوونە. کۆماری ئیسلامی زۆر بە چاکی ئاگای لەو جموجۆڵانە هەیە، بەڵام تا ئێستا هەنگاوێکی جیددیی بۆ سنووردارکردنی چالاکیی ئەو گرووپانە هەڵنەهێناوەتەوە. دیارە مەبەستی کۆماری ئیسلامی لە ڕیگادان بە خۆ بە ڕێکخستنو چالاکی هێزە سەلەفیەکانی لایەنگری داعش لەو ناوچانەی ئێران کە دانیشتوانی سوننین، بە تایبەت لە کوردستان ئەوەیە کە پێش بە گەشە کردنی بیری ئازادیخوازیو ئالتەرناتیڤێکی سیاسیی دڵخوازی خەلک بگرێ. لە هەمان کاتیش دا بە بیانووی دمکوتکردنی هێزە سەلەفیەکان، کۆماری ئیسلامی دەیەوێ پێش بە تێکۆشانی دێمۆکراسیخوازانەی بزووتنەوەی کوردستان بگرێو لە ئاستی نێونەتەوەیش دا مەشرووعیەت بەو کارەی خۆی بدا.

سەرهەڵدانی داعشو کردەوە جینایەتکارانەکانی ئەو کۆمەڵە دژ بە مرۆڤە، بەر لە هەموو لایەک بە قازانجی کۆماری ئیسلامی تەواو بووەو تەواو دەبێ. چونکە کردەوەکانی داعش بە شێوەیەک ڕۆژەڤی مێدیاو سیاسەتی جیهانیان داگرتوە کە وردە وردە خەریکە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی پەردەپۆشی بکرێن. لە ئاستی نیونەتەوەییدا، تیرۆری ڕێبەرو چالاکڤانە سیاسیە کوردو ئێرانیەکان لە دەرەوەی وەڵات، تەقاندنەوەی ناوەندی جوولەکەکانی ئارژانتین، هێرش بۆ سەر بنکەی هێزە دەریاییەکانی ئامریکا لە بێرووتو بە دەیان جینایەتی نێو نەتەوەیی دیکە لە نێو دۆسیای کۆماری ئیسلامیدان کە ئێستا بە کارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش خەریکە لە بیر بکرێنەوە. لە حاڵێکدا کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئایدیۆلۆژی، کردەوەو ڕوانگەو کردەوەکانی ئەو دوو جەرەیانەدا نیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٨ی ئاگۆستی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## ئۆباما ئەوەی بۆ عێراق نەیکرد بۆ کوردستانی کرد



ئاکۆ محەممەد

پێش چەند ساتێک لە ئێستا و بەتەواویش لە (٣٤ : ٤)ی بەرەبەیاندا، باراک ئۆبامای سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، وتارێکی پێشکەشکرد ، کە بەدرێژایی هەردوو خولی دەسەڵاتدارێتییەکەی ئەوەندە باسی کوردی نەکردووە.

باراک ئۆباما، بە وردی باسی هاوپەیمانێتی ئەمریکای لەگەڵ کورد کرد و، باسی مەرگەساتی کوردانی ئێزدی لە چیای شنگال باسکرد. هەروەها باسی ئەوەیکرد، کە ئەو بەرگرییەی کوردی هاوپەیمانی ئەمریکا دەیکات، بەرامبەر چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامیی لە عێراق و شام (داعش)، بەشێکە لە شەڕی پاراستنی ئاسایشی هاووڵاتیانی ئەمریکاش.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لە هەوڵێکی شەو و رۆژیدابوون، بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانییەکی جیهانی بۆ کوردستان، لە بەرەنگاربوونەوەی داعشدا، لە وتاری ئۆبامادا، کوردستانیان گەیاندە لووتکەی سەرکەوتنێکی زۆر گەورەی دیپلۆماسی، لە کۆکردنەوەی پشتیوانی جیهانی بۆ کوردستان و مەرگەساتی کورد، لە بەرامبەر هێزێکی پەرگیری سنووربڕدا، کە بە چەکی ئەمریکی پێشکەوتوو (ئەو چەکانەی لە هێرشی ٩-٦ - ٢٠١٤دا لە سوپای عێراق گرتی)، شەڕی پێشمەرگەی کوردستان دەکات.

دوای ئەو وتارەی ئۆباما، پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ کوردستان و، کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزدی زۆر زیاتر دەبێت، واتە کلیلی ئەو پشتیوانییە ئەو وتارەی ئۆباما بوو.

سەرکردایەتی کورد، سەرکەوتنێکی زۆر گەورەی بۆ کوردستان تۆمارکرد لە بەدەستهێنانی پشتیوانی نێودەوڵەتی لە

## بەشی یەکەم

شەڕەکەیدا بەرامبەر داعش، کە نووری مالیکی بەهەموو هەوڵێکی نەیتوانی ئەو پشتیوانییە بەدەستبێنێ، لەشەڕەکەیدا بەرامبەر هێزەکانی داعش، بۆیەش نەیتوانی ئەو ناوچە و پارێزگایانە لەدەست داعش دەربێنێتەوە کە دوو مانگە لەدەستیداون.

ئازادی باشووری کوردستان، لە ئەنجامی کاردانەوەیەکی نێودەوڵەتیدا لە بەرامبەر سەرکوتکاریی رژێمی سەدام بەرامبەر کورد دروستبوو ، دواتریش بە سیاسەتێکی گونجاو لەگەڵ رەوتی جیهانیدا، توانی ببێتە قەوارەیەکی قبوڵکراو لەلایەن جیهان، تەنانەت دواتر لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکەشەوە.

بەلەبەرچاوگرتنی هەموو شۆڕشی کوردستان و قوربانیدانی گەلی کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دروستبوونی هەرێمی کوردستان، بەرئەنجامی بڕیار و پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی بوو، کە ئەو پرۆسەیە بە دروستکردنی "هەرێمی نەفڕین" لە نیسانی ١٩٩١ەوە دەستیپێکرد، ئێستاش بۆ ئەوەی بتوانێ بەردەوامبێت و زیاتر پێشبکەوێت، پێویستی بە پشتیوانی نێودەوڵەتییە.

دوای ئەو گوتارەی باراک ئۆباما، پاراستن و زاڵبوونیی ئاسمانیی، کوردستان بەسەر داعشدا دەستپێدەکات، بەڵام هێزی پێشمەرگە و درێژەدان بە هەوڵە دیپلۆماسییەکانیش لەگەڵ ئەو پشتیوانییە ئاسمانییەدا، کوردستان لە گەورەترین هەڕەشەی سەر ناوچەکە دەپارێزێت، کە ئێستا خۆی لە داعشدا دەبینێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو نێت - ڕێکەوتی: ٨ی ئاگوستی ٢٠١٤



سەرچاوە Serchawe

# شەڕی داعش و روانگەیەکی جیاوازئاگری



**ئیسماعیل نەژاد**

**هێزی پێشمەرگەی رۆژهەڵاتی کوردستان کە سەر بە حیزبە سیاسییەکانی ئەو پارچەیە لە کوردستانن رۆژی ٧ مانگی ئووت بە رەسمی چوونە بەرەی شەر ئایا ئەو شەرە تەنیا یارمەتی باشووری کوردستانە؟**

ئەوەی کە هەرەشەی داعش بۆ سەر باشووری کوردستان بۆتە هۆی ئەوەی کە ماڵی کورد ناکۆکییەکانی خۆی وەلانێ و یەک بگرێت هەتا بتوانن لە بەرانبەر ئەو هێرشەدا راوەستێ بە دڵنیاییەوە خەڵکی هەموو پارچەکانی کوردستانی دڵخۆش کردووە بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەو پشتگیرییە دەتوانێ مێتۆدێکی سیاسی بێت زۆر جار مەترسی لە دەسەڵاتی داگیرکەر بۆتە بیانوو هەتا کوردەکان پشتی شۆرش و ئەزموونەکانی یەک لە پارچەکانیتر نەگرن، زۆر جاریش پشتگیری داگیرکەری بەشێک لە کوردستان لە هێزێکی شۆرشگێری بەشێکیتر وای کردووە کە پارچەکانی کوردستان لەیەک دوور بکەونەوە ئەوەی کە ئێستا دەبینین لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە فەرمی و بەر راگەیاندنی رەسمی پشتی یەکتری دەگرن لە راستی گۆرینی ئاراستەی سیاسییە لە کوردستان ئەو هەڵویستە و قەبووڵ کردنی ئەو یارمەتییە لە لایان باشووری کوردستانەوە بناغەی سیاسەتێکی داناوە کە لەو سیاسەتەدا کوردەکان بێ لە بەر چاوگرتنی بەرژەوەندی دەوڵەتانی داگیرکەر بەرژەوەندی کوردستان دەپارێزن و هێزی یەک وەکوو پشتیوان بەکار بێنن، درێژەدانی ئەو سیاسەتە هەرچەند بێ سەرهێشە نابێت بەڵام دەتوانێ مێتۆدێکی سیاسی نوێ بێت کە کوردەکان بەکاری بێنن پشتگیری پارچەکانی کوردستان لە خەبات یان دەوڵەتی پارچەیەکیتر بۆ ئەوەی دەوڵەتی داگیرکەر پاشەکشە لەویستەکانی خۆی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراستدا بکات دەتوانێ ویستی کورد لە وڵاتەکەی خۆی سەر بخات و هاوکات لەگەڵ ئەوەش کورد دەتوانێ سەنگی خۆی بخاتە سەر ٤ دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی نێوەراست و بەو شێوەیە کوردەکان بە بێ دەوڵەتیش دەبنە دەسەڵاتێک لە رۆژهەڵاتی نێوەراست و دەتوانن لە کایە سیاسییە ناوچەییەکاندا بەشدار ببن. چوون ئەو ٤ دەوڵەتەی کە کوردستانیان داگیر کردووە چوار هێزی ناوچەیین.

## بەشی یەکەم

دیارە ئەو ئامانجە پێویستی بەوە هەیە کە کوردەکان لە هەر چوارپارچەی کوردستان ببن بە دەسەڵات یان ئەوەی خەباتێکی پڕدەسەڵاتیان لە ئارا داهەبێت سەرهەڵدانی ئەو هێزە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەم دەتوانێ لە دژی دەوڵەتانی داگیرکەر کەڵکی لێوەرگرن و هەم دەتوانێ وەکوو هێزێکی ناوچەیی لە سەر سیاسەتی زلهێزان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کارتێکەری هەبێت.

کوردەکان لە ماوەی پتر لە ١٢٠ ساڵ خەباتی نەتەوەی خۆیان لە ناوچەکەدا هیچ کات لە هەوڵی ئەوە دانەبوون مافی نەتەوەی و هێزی جەماوەری خۆیان وەکوو کارتێکی سیاسی ناوچەی بەکار بێنن و هەر پارچەیەک خۆی هەوڵی داوە تەنیا خاوەنداریتی و نوێنەرایەتی بەشی خۆی بکات .

لەگەڵ ئەو بۆچوونە چوونی پێشمەرگەی رۆژهەڵات بۆ بەرەی شەر دەتوانێ بۆ خەباتی رۆژهەڵاتی کوردستان دەرفەتێک بێت چوون چوونی هێزەکانی رۆژهەڵات بۆ بەرەی شەر لە باشوور دەتوانێت پروپاگەندەی ٢٠ ساڵەی کۆماری ئیسلامی لە دژی ئەو هێزانە بکاتە بلقی سەر ئاو، ماوەی ٢٠ ساڵە کۆماری ئیسلامی لە رێگای راگەیاندنە ناراستەخۆییەکان و دەستوو پەیوەندییەکانییەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بانگەشەی ئەوە دەکات کە هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان توانایی خەباتی چەکدارییان نییە و ئەوەش ورەی خەڵکی رۆژهەڵاتی یەکجار زۆر رووخاندبوو بەڵام بەشداری رێژەیەکی بەرچاو لە هێزەکانی پێشمەرگەی رۆژهەڵات و ئانوسی رێژەیەکی یەکجار زیاتر لەو رێژەیە بۆ بەشداری کردن لە بەرەی شەر نە تەنیا جەماوەری رۆژهەڵاتی کوردستانی دڵخۆش کردووە و بەڵکوو پروپاگەندای ٢٠ ساڵەی کۆماری ئیسلامی بەدەم ئاو داداوە هاوکات لەگەڵ ئەوەش ترسێکی لە دڵی کۆماری ئیسلامییدا ساز کردووە کە لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵات تواناییەکی پەنگراویان هەیە بۆ رێکخستنی هێزێکی پێشمەرگە و سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

لە روانگەیەکیتریشەوە ناردنی هێزە پێشمەرگەی رۆژهەڵات بۆ بەرەی شەری باشوور دەتوانێ دەرفەتێک بۆ هێزەکانی رۆژهەڵات بێت چوون بەشێک لە پێشمەرگە لاوەکانی هێزەکانی رۆژهەڵات خولی تایبەتیان دیوە بەڵام ئەزموونی بەشداری لە شەریان نییە و ئەوەش دەتوانێ دەرفەتێک بێت بۆ ئەوەی ئەو پێشمەرگانە ئەزموونی شەر پەیدا بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - رێکەوتی: ٩ی ئاگۆستی ٢٠١٤

بەشی یەکەم

## سودەکانی هەڕەشەی داعش لەسەر کوردستان



شێرزاد شێخانی

رەنگە هەندێ لەخوێنەران بەخوێندنەوەی ناونیشانی ئەم وتارەدا توشی شوک ببن، بەڵام لەدنیای سیاسەتدا هەر روداوێک کە روئەدات، دو دیوی هەیە، هەر چاودێرێکیش بەپێی بۆچونی خۆیەوە هەڵسانگدن بۆ روداوەکان ئەکات.

هەردو جەنگی جیهانی یەکەم و دوەم بەپێی ئامارەکان زیاتر لە ١٢٠ ملیۆن مرۆڤی تیاچو، سەرباری ئەو هەمو کارەسات و وێرانکارییەی بەسەر وڵاتانی دونیادا هات، بەڵام هەندێ کەس پێیان وابوە کە ئەم دو جەنگە کارێکی پێویست بوە بۆ راگرتنی هاوسەنگی دانیشتوانانی سەر گۆی زەوی. ئێستاش خەڵکانێک هەن وای بۆ دەچن کەوا شەڕ و کوشتاری ئەمڕۆش کە بەرۆکی زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەمانی گرتۆتەوە ئەویش جۆرێک لە هاوسەنگی دروست ئەکات. من خۆم دژی کوشتنی مێرولەیەکیشم کە زیانی بۆ مرۆڤ نیە، بەڵام ئەوە بۆچونی خەڵکیترە ناتوانم لەگەڵی بم یا دژ.

هەڕەشەکانی داعش لە ساتەوەختێکدا هات کە کوردستان بە فیعلی توشی قەیرانێکی قوڵ ببو، قەیرانی سیاسی و بێمتمانەیی لەنێوان هێزە سیاسە ناوخۆییەکان. قەیرانی پەیوەندی حیزبە سیاسیەکان لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەکە. قەیرانی مرۆیی لەناوخودا (بێ موچەیی، وەستانی بازاڕ، کێشەی سوتەمەنی، قوڵبونەوەی کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا..هتد) ئەمانە بەگشتی پێویستیان بەتەکانێکی گەورە هەبو، ئەوەتا هەڕەشەکانی داعش بونە فاکتەرێک بۆ وەئاگاهێنانی سەرکردایەتی کورد بۆ چاوخشاندنەوە بەو هەمو قەیرانانەو هەوڵدان بۆ رێگرتن لە تەشەنەکردنی بەشێوەیەک ئەزمونەکەمان بخاتە مەترسیەوە.

لەوەتەی بزوتنەوەی گۆڕان هاتە دروستبون، لەخیتابی سیاسی و لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکانیشیدا هەمیشە جەختی لەسەر یەکریزی میللەتی کورد کردوە. هەر لەو میانەشدا داوای بەدامەزراوەیی کردنی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانی کردوە. لەبەرنامەکانی هەڵبژاردندا جەختی لەسەر دامەزراندنی هێزێکی نیزامی تۆکمە و پڕچەک و مۆدێرن و راهێنراو کردوە کە ئەرکی پاراستن و داکۆکیکردن لە هەرێمی کوردستان بگرێتە ئەستۆ لەجیاتی هێزە بەربڵاوەکانی ٧٠ و ٨٠ی سەر بە دو حیزبەکەی کوردستان کە هەمیشە داردەستی سەرکردایەتی ئەو دو حیزبە بونە نەوەک هێزێکی داکۆکیکاری کوردستان، چونکە مێژو دوپاتی کردۆتەوە کە لێکترازانی ریزەکانی سوپا هیچ کاتێک خێری لێ ناکەوێتەوە.

ئەم هەرەشانەی داعش حەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگری سەلماند ئەویش ئەوەیە، کە کوردستان بەر لەهەر شتێک پێویستی بەهێزێکی جەنگاوەری یەگرتو هەیە، چونکە کە تۆ خاکت داگیير کرا، بویتە کۆیلەی هێزێکی دەرەکی هیچ هەنگاوێک ناچیتە پێشەوە بۆ دامەزراندنی کیانی سەربەخۆی خۆت، ئەو دەسکەوتانەی دەیان ساڵیشت بەلەحزەیەک لەناوئەچن. بۆیە لەهەمو وڵاتانی دونیادا هێزی سوپا پارێزەری خاک و نیشتمان و دەسەڵاتی سەربەخۆیە.

شەڕەکانی ئەمدواییەی سەنگەرەکانی پێشمەرگە لەدژی داعش حەقیقەتێکی دەرخست کە زۆریش تاڵە، ئەویش ئەوەیە ئەو هێزەی ئێستای پێشمەرگە بەو هەمو ئیمکانیاتەی بۆی دابینکراوە لەئاستی مەسئولیەتدا نەبوە. خۆ گومان لەوەدا نیە کەوا نەوەی ئێستای پێشمەرگە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ نەوەی شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکاندا هەیە، کە ئەوان خاوەن ئەزمونێکی شۆڕشگێرانەی درێژخایەن، بەبیروباوەرێکی پۆڵایینەوە خەباتی چەکدارییان ئەکرد دژی داگیرکەرانی کوردستان، نەوەی ئەمرۆش ئەم ئەزمونەیان نەبینیوە، تەنانەت هەندێکیان لەوانەیە لە ژیانیشیاندا روبەروی شەڕی چەکداری نەبونەتەوە، بۆیە لێرەدا میسداقیەتی داواکانی بزوتنەوەی گۆڕان کە هەمیشە لەخەمی میللەتەکەیدا بوە، زۆر بەرونی دوپات دەبێتەوە، ئەویش بەدامەزراوەیی کردنی هێزی پێشمەرگە و گۆڕینی سیستەمەکەی لەوەلائی حیزبییەوە بۆ وەلائی خاکو نیشتمان.

ئێستا کاتی ئەوە هاتوە ئەم داوایە بخریتە بەردەم سەرکردایەتی هەرێم و بەهەنگاوی پراکتیک جێبەجێ بکرێت. پێویستمان بەهێزێکی نیشتمانییە لەسەر ئەساسی تەجنیدی ئیلزامی، واتە هەر کەسێک تەمەنی گەشتە هەژدە ساڵیەوە بچێتە ناو هێزی پێشمەرگەوە بۆ ماوەی ساڵێک یا دوساڵ تا لەسەر چۆنیەتی دیفاع لە وڵاتەکەی رابهێنرێت، هەڵبەت ئەو گەنجانە دوای دوساڵ لە مەشق و راهێنان ئەبن بە زەخییرەیەک بۆ کاتی تەنگانە هانایان بۆ ببرێت، ئەوسا بێ کێشە و بەهۆی ئەوەی کە راهێنراون یەکسەر ئەتوانی بیانخەیتە ناو بەرەکانی شەڕەوە. لەهەمو وڵاتانی دونیادا ئەم کارە ئەکرێت و کاتی پێویست وەکو ئیحتیات بانگ ئەکرێن بۆ بەرگری لە وڵات. لەجیاتی ئەوەی سەرکردایەتی کورد لە رۆژێکی تەنگانەی

وەک ئەمڕۆدا هانا بۆ پێشمەرگە دێرینەکان ببات، کە زۆرێکیان نەخۆش و پەککەوتە و بێتاقەتن، ئەوسا هێزێکی گەنجانەی ئامادکراو مەشقپێکراوی لەبەردەست ئەبێت بۆ کاتی تەنگانە.

لەلایەکی تریشەوە تەجنیدی ئیلزامی کۆتایی بەو نمونە ناشرینەی ئێستاش ئەهێنێت، کە هێزی پێشمەرگە لەسەر ئەساسی وەلائی حیزبییەوە دروست ببێت، بەشێکی زۆری بودجەی وڵاتیان بۆ تەرخان بکرێت.

ئێمە ئەمڕۆ بەرەو مافی چارەنوس ئەڕۆین، ئەبێت لەئێستاوە کار بۆ هێزێکی نیشتمانی بکەین بۆئەوەی بەیانی ئەگەر سەربەخۆییمان راگەیاند هێزێکمان هەبێت دەوڵەتانی دەوروبەر حیسابی بۆ بکەن، کەسیش زاتی ئەوە نەکات هێزێکی تری هاوشێوەی داعشمان بەسەرا بکات و ئەزمونەکەمان لەبار ببات.

لەلایەکی تریشەوە پێویستە سەرکردایەتی هەرێم جارێکیتر بە هەڵوێستەکانیدا بچێتەوە و بەعەقلیەتێکی کراوەترەوە مامەڵە لەگەڵ هێزە کوردستانیەکاندا بکات، شەڕی ئەمجارەی داعش بۆی سەلماندین کەوا هێزەکانی تری سەر گۆڕەپانی چوار پارچەی کوردستان لە ئێمە بەپەرۆشترن بۆ دیفاع لەم خاکەمان، گەریلا گیانفیداکارانی پەکەکە و کوڕ و کچە ئازاکانی پەیەدە لە ئێمە بەسۆزتر بون بۆ هەرێمەکەمان، گیانی خۆیان خستە سەردەست بۆئەوەی لەبەرەکانی جەنگدا داکۆکی لە خاکی کوردستانی گەورە بکەن، هەق نیە جارێکی تر دەروازە سنوریەکانمان بەرویاندا دابخەین، یا وەکو دوژمن مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، چۆن دوژمنەکانمان لەهەر چوار پارچەی کوردستاندا تەباو رەبان لە دژایەتی کردنی میللەتی کورد، بەهەمان شێوەش ئێمە یەکگرتو بین بۆ بەرپەرچدانەوەی پیلانەکانیان بە یەکریزی میللەت و هێزە سیاسیەکانمان.

بەدامەزراوەییکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و یەکخستنی تواناکان، دامەزراندنی بەرەیەکی فراوانی سیاسی و عەسکەری لەنێوان هێزەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان زەمانەتێکی ئەساسیە بۆ شکستهێنان بەپیلانەکانی دوژمنان و ناحەزەکانمان و داکوکۆی کردن لەئەزمونی میللەتەکەمان لەم هەرێمەدا، زەمانەتێکی تریشە بۆئەوەی میللەتەکەمان بە راگەیاندنی سەربەخۆییەکەی زوتر شاد بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ٩ی ئاگوستی ٢٠١٤

## ئیمپراتۆریەتی مەرگ(تیرۆر، وەحشیگەریی، کۆڕەو)



**ئاسۆ جەبار**

نزیکەی ١٤ ساڵ لەمەوبەر لە لێکۆڵینەوەیەکمدا کە لە دووتوێی کتێبێکدا بەناوی کۆچ و سەفەر بڵاوکرایەوە، بە وردی باس لە هۆکار و فاکتەرە هەرە گرنگ و بناغەیییەکانی کۆچ دەکەم، یەکێک لەو فاکتەرانە کە ئاماژەم پێدابوو هۆکاری تیرۆر و وەحشیگەریی ئاینی و مەزهەبییە، تا ئەو سەروەختەی کە من کتێبەکەم بڵاوکردەوە لەساڵی ٢٠٠٠ دا تیرۆری جیهانی و وەحشیگەریی ئاینی و مەزهەبی نەگەیشتبووە دۆخێکی هەستپێکراو، بەڵام ئەورۆکە ئەو دیاردە بناغەیی و ترسناکە بە ئەندازەیەک تەشەنەی سەندووە، کە لەسەروەختی ١١ی سێپتەمبەرەوە تا وەحشیگەریی داعش دۆخێکی هێندە تۆقێنەر و ناشارستانی خولقاوە کە کاریگەرییەکی زۆر مەترسیداریان درووستکردووە بۆ هاوڵاتیانی ئەو ناوچانەو ئابوری و سیاسەتی جیهانی بەگشتیو شارستانییەت و سەرهەڵدانی فاشیزمی مەزهەبی و ئاینی و حیزبی و سەلەفی.

ئەورۆکە تێڕامان لەدیاردەی وەحشیگەرانەی مەرگدۆستی و ئینسانکوشتنو خاپورکردنی شارو شارستانییەت لەڕێی هەمەجیەت و زەبروزەنگی خوێناویی دیکتاتۆرەکان و تێرۆریستەکانەوە پێکرا راماندەگەرێت لەبەردەم تۆفانێک لەخوێن و زەبرێکی گەورەی نائەخلاقی و نائینسانی و بێدەنگی و گەمژەیی دەوڵەتە زلهێزەکانی دونیا و بێ دەسەڵاتی و کاڵفامی رێکخراوە گەورە جیهانییەکانی وەک نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەمینستی ئینتەرناشیناڵ و WHO و دادگای لاهایی نێودەوڵتی و سەرجەم دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان، دەرەنجام زەبری کوشندەی کردەوە تیرۆریستییەکان و زەبری تایەفەگەریی مەزهەبی و ستەمی دیکتاتۆرییەت لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێکرا بوونەتە بەرهەمهێنەری تراژیدیایەکی درێژخایەنی کارەساتبار و مەرگهێن بۆ هاوڵاتیان بەگشتیو بەتایبەتی بۆ کورد وەک نەتەوە. ئەورۆکە داعش هەڕەشەیەکی مەترسیدار و مەرگخوازانەیە بۆ نەتەوەو مەزهەب و ئاین و ئەو قەوارە شارستانی و فەرهەنگییەی کە دەبێت بە تەواوی جیاوازییەکانی خۆیانەوە بژین، پەلاماردان

و کوشتنی جیاوازییەکان لەڕێی هەر هێزێکی کوشندە و وەحشیگەرەوە سەرەنجام دەبنە خولقێنەری تراژیدیایەکی شارستانی و مرۆیی گەورە.

ئیمپراتۆریەتی مەرگ تەنها پێکهاتەیەکی سیاسیو حکومی نییە، بەڵکە سیستمێکی ئەفسانەیی گەورەیە کە پێکهێنەری شوناسێکی نابەرجەستەیە لەدیکتاتۆریەتێکی ئاینیو میلیتاریو فاشیستیو وەحشیگەریی مۆدێرن و تیرۆر لەخوێناویترین و نائەخلاقیترین ئاستی خۆیدا. بۆ سەلماندنی ئەم تێزە نوێیە پێویستە قوڵ بڕوانینە ئەو سیستمە پراکتیکییەی کە تەنها وەک پێشێلکاری مافی مرۆڤو توندوتیژیو نائینسانییەت حسابی بۆ دەکرێت. بۆنمونە بێگومان پراکتیزەکردنی کوشتنو مەرگ تەنها بریتی نیین لەکردەگەلێکی ئاسایی بۆ کوشتنی ئینسانو بەڵکە کوشتن شوناسێکی فەنتازیو ئەفسانەییو پەنهان وەردەگرێت، وەک کوشتنی نهێنیو حەشارگەی ونکردنی ئینسان، لەسەربڕینو کوشتنی بە کۆمەڵ بەبەرچاوی دنیاوە، لێدانو داپڵۆسین تا مەرگ، ئەشکەنجەدان، پڕکردنی زیندانەکان، لاقەکردن و ڕفاندنی ئافرەت و پێکڕا کوشتنی جەستەییو روحیو دەروونیو فەرهەنگی، پێکڕا پەلاماردان و خاپورکردنی مەزارگەو پەرستگە ئاینییەکانی دیکە، خاپورکردنی یانە و کڵەپەکان، دەستکاریکردن و جینۆسایدی شارستانی لەپەلاماردانی نەتەوەو ئاینو مەزهەبەکانی دیکەوە تا سەربڕینی خەڵکی ئاسایی و بەردبارانکردنی ئافرەت تامەرگ، لاقەکردنی کیژۆڵەکان لەسروتێکی مێگەلی قێزەوەندا.

ئیمپراتۆریەتی مەرگ، سەرزەمینێکی گەورەی مەرگدۆستییەو رووبەرێکی بچوکە بۆ ژیان، سەرزەمینێکە بۆ تۆقاندنو سەرکوتکردنو لێسەندنەوەی رۆحو روانینو دنیابینییە جیاوازەکان، نیشتیمانی کوشتنی شاراوەو سەرنگومکردنو زیندانییە نهێنییەکانو لەسێدارەدانو سەرکوتکردنی خەڵکو هەر چالاکییەکی شارستانی، جیهانی بەدئەخلاقیاتی کوشندە تا بەرپاکردنی رووبەرێکی گەورە لەمەرگدۆستی و فاشیزمی ئاینی و حیزبی و مەزهەبی و نەتەوەیی، جیهانێکی سەرشار لەخوێن و تۆڵە و دڕەقی و وەحشیگەریی، بەڵام خاڵی لەهەر خاڵێکی بچوکی ژیاندۆستی و بەتاڵ لەئیستاتیکایی شارستانی و مرۆیی.

### زەبروزەنگ وەک پیشەسازییەکی راستەقینە

لەبەرئەوەی زەبروزەنگ تەنها کردەیەکی نادیارو شاراوە نییە، بەڵکە کردەیەکی ئاشکراو و بینراوە چ لەسەر ئاستی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان یاسایی، فەرهەنگی، ملیتاری، مەزهەبی یان ترادسیۆنی. کەواتە تەنها بەرهەمو دەرەنجامەکانی زەبروزەنگ نابنە دەرخەری ئەو حەقیقەتەی کە لەپەنهانەوە داڕێژەرو نەخشەسازی زەبروزەنگو توندوتیژیین.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی یەکەم

چۆن زەبروزەنگی سیاسیو حکومیو حیزبی پێکرا بەرهەمهێنەریو هێزو جەبەروتیی سڕینەوەی بەرامبەرو خولقاندنی ترسو کۆنترۆڵکردنو زەلیلکردنی کۆمەڵگەو تاکەکانن، هەر لەبەندکردنو لەسێدارەدانو ڕفاندنو ونکردنو جینۆسایدو کوشتنو جەنگەکانەوە تادەگاتە کوشتنی ئازادیو چەواشەکارییو کۆنترۆڵکردنی ئینسانەکان لەسایەی سیستمە دیکتاتۆریو هەمەجیو گشتگیرو ستەمکارو مەزهەبگەراو تایفییەکان کە پێکرا زەبروزەنگ تا ئاستی فەنتازیاو مەرگهێن قوڵدەبێتەوە. هاوکات کاتێک زەبروزەنگ دەبێتە فەنتازیا، وەحشیگەریی و ئینسانکوشتن دەگاتە دوا ترۆپکی بەدئەخلاقی مەزهەبی و سەلەفیەتگەرایی و فاشیزمی کوشتنی هەموو شتێک، دەرەنجام ئەوکاتانە ئیتر ئیمراتۆریەتی مەرگ لە کلێشەسازییەکی ریشەییدا پەلدەکێشێت بۆ نێو ڕووبەرێکی بەرفراوانی فەنتازی.

### فەنتازیای مەرگ

ئەفسانە مۆدێرنەکانی مەرگ لێرەوە دەستپێدەکەن... کاتێک ڕووبەرێکی شارستانی دەبێتە سەزەمینێکی گەورە لەگرتوخانەو کوشتارگە، کاتێک ئەشکەنجەدانو زەبرزەنگو لاقەکردن و پەلامادان دەگەنە دوا ترۆپکی شەهوەتی مەرگو نەشئەی خوێنڕشتن، کاتێک دیوارەکانو کۆڵانەکانو ماڵو مزگەوت دەبنە گوێیەکی سیخورو ترسێکی تۆقێنەر، کاتێک فێرگەو قوتابخانەو زانکۆکان دەبنبە دەزگاگەلێکی زەلیل لەبەردەم جەبەڕوتی گرتنو داپڵۆسینو کوشتندا، کاتێک شەقامەکان دەبنبە شەقامە خوێناوییەکانی مەرگو بێکەسکوژی، کاتێک سەرلەبەری ڕۆژنامەو بڵاوکراوە سەربەخۆکان دادەخرێنو نوسەرو ڕۆژنامەنوسەکانیان پەلکێشی زیندانو ئەشکەنجەو پەتی سێدارە دەکرێن، کاتێک زیندانەکان پڕدەکرێن لەڕۆحلەبەری بێگوناەو بێتاوان، کاتێک کچانو کوڕانی ناڕازی بەبەرچاوی ڕێکخراوە زەبەلاحەکانی مافی مرۆڤو لێبوردنی نێودەوڵتیو بەرگریکاران لەئینسانو ژنو ڕۆژنامەنوسان خەڵتانی خوێن دەکرێنو هیچ هێزێک ناتوانێت ببێتە ڕێگرێکی ڕاستەقینەو زیندوو لەبەردەم ئەو ماشێنی مەرگدا... سەرەنجام نیشتیمان دەبێتە نیشتیمانی مەرگو تۆقاندن، پێکرا ئەو ڕووبەرە شارستانییە دەبێتە ئیمپراتۆریەتی مەرگ.

لەزۆر شوێنندا ئاماژەم بەوەداوە کە جەلادەکان تەنها ئەو پیاوکوژانە نین کە پەتی قەنارە دەکەنە ملی قوربانییەکانو بەدیار دواهەناسەی مەرگەوە ڕادەوستن، وەکچۆن جەلادەکان تەنها ئەوانە نیین کە بەکردار جینۆسایدو کۆمەڵکوژی دەکەنو بەندیخانەکان پڕدەکەن لەنەیارو ئۆپۆزسیۆنو دوژمنەکانیان، هاوکات شارەکان پڕدەکەن لەترسو غەمگینیو تەعزیبخانەیەکی گەورەی جەستەییو روحیو دەروونی دەخولقێنن، نەخێر وەکچۆن دیکتاتۆرەکان دروستکارو بەرهەمهێنەری جەلادو بکوژی ڕاستەقینەو تایبەتن، بەهەمانشێوە دەسەڵاتە ستەمکارو تۆتالیتارو مەزهەبییەکان خاوەنی دنیایەک جەلادی کولتوریو فەرهەنگیو ڕۆشنبیریو شارستانیین. دواجار داعش و ئە فاشیزمە ئاینی و ترسناکە دوایەمین بەرهەمی ئەو ئیمپراتۆریەتی مەرگەیە کە لە یەکەمین شمشێری ئیسلامەوە دەستپێدەکات تا هەزاران شمشێری جیاوازی مەرگ و مەزهەب و

بەشی یەکەم

تیرۆی جیهانی و داعش.

## کۆڕەو تیرۆر

لێکۆڵینەوەو تاوتوێکردنی دیاردەیەکی جیهانی وەک دیاردەی کۆچ پێویستی بە دیدو روانینێکی زانستیو ئەکادیمی هەیە بۆ بەرجەستەکردنی خودی دیاردەکەو شیکردنەوەو پێناسەکردنو خوێندنەوەی دیوە دیارو نادیارەکەی لەڕوی کۆمەڵایەتی مێژوویو ئەنترۆپۆلۆژییەوە. ئاشکرایە، دیاردەیەک نییە لەجیهاندا پەیوەندی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆی نەبێت بەسەراپای ژیانی شارستانییەوە، واتە هەریەک لەم چەمکانەی لەورۆدا بوّتە جێی باسووتوێژ، وەک سیاسەتی ئەورۆی جیهانو دیموکراسیەت، کۆمەلگای مەدەنی،ململانێی شارستانییەکان، ناشونالیزم، رەگزپەرستی، نەژادپەرستی، ململانێی رەگەزونەتەوە جیاوازەکانی دنیا، مەسەلەی تیرۆریزمی جیهانیو تیرۆری مەزهەبی و ئاینی و تایفی، ئایدۆلۆژیای ئایندە، سیستمی پاش مۆدێرنیزمی خۆرئاواییو ئاینو ئاینزاکان،گروپە توندڕەوەکانی دونیای ئەورۆ، جیهانگیریو پانتایی بازرگانی جیهانی، ئینتەرنێتو تۆڕی گەردوونگەرایی جیهانی، بچوکبونەوەی گەردون بۆ گوندێکی پڕ زانیاریو پەیوەندی، مۆدێرنیزمو تەکنۆلۆژیای نوێی پەیوەندیو بەرهەمهێنان، میدیای کیشوەربڕو سەتەلایتو وێناکردنی دنیا لەڕێی گلۆبالیزەیشنەوە، بزوتنەوەی ناشوێنالیزمی نوێو کێشە نەتەوایەتیو ئینتینەکانی جیهانی سێیەمو پەیوەندی سەرەتاسەری سەرجەم ئەم چەمکانە بەدیاردەی کۆچەوە، هەڵبەتە کۆچ وەک دیاردەگەرایەکی جیهانی بێبەش نییە لەو گۆرانکارییە گەورانەی کە بەسەر جیهانو مرۆڤەکاندا هاتووە، هاوکات ناکرێت دەوروکاریگەری لەئاست ئەو ئاستە ژیارییە نوێیەدا بچوکبکەینەوەو لەقەفەزی وڵاتێکدا بەندی بکەینو نێوخۆیی بکەینەوە، یان جێبیایەخی بەرجەستە بکەین لەچوارچێوەی وڵاتێک یان نەتەوەیەکی پەراوێزی جیهاندا، ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئاشکراکردنی دیووە هەرە جیهانییەکەی دیاردەکەیەو دۆزینەوەی زۆرێک لەوپەیوەندیانەیە کەمێژووی مۆدێرنی کۆچ دەبەستێتەوە بەئێستاو داهاتووو مێژوویی دێرنی کۆچەوە.

تیرۆری گلۆباڵ و وەحشیگەریی مەزهەبی و ئاینی هەر لە کاولکردنی شارستانییەوە تا سەربڕینی مرۆڤ و لاقەکردن و خاپورکردنی ئابوری و تۆقاندنی شارستانییەوە، پێکڕا لە ئەفغانستانەوە بۆ ئەمریکاو عێراق و سوریا و غەزەو ئیسرائیل و تا ئێران و لوبنان، سەرجەم پەیوەندییەکی هەمەلایەن و سەرتاپگیری هەیە بە ناوچە و کیشوەر و تەواوی جیهانەوە. زۆر بەتایبەتی پێکڕا کۆمەڵێک فاکتری بناغەیین بۆ بەرپاکردنی کۆچی بە لێشاوی ئاین و کولتورە جیاوازەکان وەک کۆڕەوی ناوخۆ، هاوکات کۆڕەوی ناوخۆش هۆکارێکی بەهێزە بۆ بەرپاکردنی کۆچی دەرەکی واتە کۆچ بەرەو وڵاتانی دراوسێ و خۆرئاوا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی لڤین پرێس - ڕێکەوتی: ٩ی ئاگوستی ٢٠١٤

## لە جیهانێکی پڕ قەیراندا ئەمریکا پاڵپشتی کورد دەکات



**نامۆ عەبدوڵڵا**

لەگەڵ زیاتربوونی جموجۆڵی چەکدارانی داعش بۆ سەر هەندێک ناوچە لە باشووری کوردستان و بەردەوامی شەڕی چەند ڕۆژەی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و داعش، بەشێکی زۆری وڵاتان پشتگیریی خۆیان بۆ باشووری کوردستان دەربڕی، بەڵام ئەوەی زیاتر بەلای سەکردایەتی کورد گرنگ بوو هاوکاری و پاڵپشتی هێزەکانی ئەمریکا بوو لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا. ئەمریکا لەکاتێکدا هاوکاری خۆی بۆ کورد ڕاگەیاند، کە لەجیهاندا کۆمەڵێک کێشە بوونی هەیە، دۆستایەتی کورد و ئەمریکاش وەک هەردوولا باسی دەکەن بە تەواوی کەوتە تاقیکردنەوە.

بە بەکارهێنانی فڕۆکەی ئێف هەژدەی ئەمریکا ڕۆژی هەینی هێرشیکردە سەر داعش و تەواوی بڕیارەکەی ئۆبامای خستە بواری جێبەجێکردنەوە. ئێستا ئەمریکا بۆ یەکەمجار دوای کشانەوەی سەربازەکانی ساڵی ٢٠١١- ئەمریکا کەتووەتەوە بەرەی شەڕەوە لە عێراق.

بەرپرسانی ئەمریکا و کورد هەردوولا پێی دەڵێن دۆستایەتی. بەڵام ئەو دۆستایەتییەی نێوانیان ئەم هەفتەیە کەوتە ژێر تاقیکردنەوە، کاتێک گرووپێکی چەکداری جیهادی بەرەو کوردستان ئاراستەی هێرشەکانیان گۆڕی و هەڕەشەی کۆمەڵکوژی ئێزدییەکانیان دەرکرد.

سەرکردەکانی کوردستان لە هەولێرەوە لە پەیوەندیدابوون لەگەڵ کۆشکی سپی. پرسیار گەیشتبووە ئەوەی ئایا، لە ژێر دەسەڵاتی باراک ئۆبامادا، ئەم دۆستایەتییە کە بوشی باوک دەستپێیکرد و بوشی کوڕ بەهێزتری کرد، دەمێنێتەوە.

شەوی پێنجشەممە کاژێر ٩ ئێوارە بەکاتی واشنتنی پایتەخت - ئۆباما وەڵامی ئەم پرسیارەی بە "بەڵێ" دایەوە.



سەرچاوە Serchawe

**ئۆباما گوتی؛** "بۆ وەستاندنی پێشڕەوەییەکانی داعش بەرەو هەولێر، فەرمانمکردووە بە سوپاکەمان کە هێرشی ئامانجدار بکاتە سەر هەر گروپ و مۆڵەگەیەکی داعش کە بەرەو شارەکە بڕۆن."
بەلای کوردەوە دەستتێوەردانی ئیدارەی ئۆباما، وەکو ئیدارەیەک کە زۆر بەحەزەر بووە بەرامبەر شەڕ، گرنگییەکی بەتایبەت مەزنی هەیە. ئەم بڕیارە لەکاتێکدایە کە چەندین قەیرانی مرۆیی دیکە لە سووریاوە بۆ کچە رفێنراوەکانی ئەفریقا بوونی هەیە، ئەمریکا هەنگاوێکی کرداری هێندە کاریگەری هەڵنەگرتووە.

**هەرچەندە پنتاگۆن دەڵێت؛** هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمجارە سنووردار دەبێت و تەواوی هێزەکانی داعش لە عێراق ناکاتە ئامانج. پارێزگاریکردن لە کوردستان و هەرشوێنێکی تر کە ژیانی ئەمریکا لەژێر هەڕەشەدابێت ئامانجن.
چەند کاژێر پێش ئەوەی ئۆباما بڕیارەکەی بدات، پەیامنێرێکی رووداو چووبوو بۆ وەزارەتی دەرەوە تا بپرسێت ئایا ئەگەر لەم کاتەداحکومەتی ئەمریکا بە هانای کوردەوە نەیەن کەی بەهانایانەوە دێن؟.

**ماری هارف، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوە، گوتی؛** "هەرچیدەکەم ناتوانم بە وشە جەخت لەوە بکەمەوە چەندە ئێمە بە جدی و لە نزیکەوە دەمانەوێت خێرا ئەوەی پێمان دەکرێت بیکەین. لەوە تێدەگەین کە بارودۆخەکە بەتەواوی خراپە و ئێمە ئێستا لە شوێنێکداین کە لێی دەکۆڵینەوە چی شتێک دەتوانین ئەنجامبدەین تا هاوکاربین. لە ئێستادا هیچ راگەیاندنێکم پێ نییە بۆت."

بەڵام هیچ داوایەک هێندەی داوا پڕ گریانەکەی ئەندام پەرلەمانی ئێزدی ئەڤین دەخیل بەهێز نەبوو تا ئۆباما لە گوتەکەی خۆیدا ناراستەوخۆ ئاماژەی بۆبکات.

**ئۆباما گوتی؛** "ئەم هەفتەیە عێراقییەک رووبەڕووی جیهان هاواری دەکرد کەس نییە بێت یارمەتیمان بدات. ئەمڕۆ، ئەمریکا دێت بۆ یارمەتیتان."

ئەمە یەکەمجارە ئەمریکا دەستتێوەردانێکی سەربازی لەمشێوەیە ئەنجامدەدات بۆ پاراستنی ئێزیدییەکان- گروپێکی ئاینی کە زۆربەیان بە نەتەوە خۆیان بە کورد هەژماردەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو نێت - ڕێکەوتی: ٩ی ئاگوستی ٢٠١٤

## چ ناوێک لەداعش بنرێت؟



**ئالا لەتیف**

ئەو کاتەی جەنگ رودەکاتە وڵات، یان ناوچەکە بەکارەساتێکی سروشتی و مرۆیدا تێدەپەڕێت هەر ئەو کاتە جەماوەری کەناڵەکانی راگەیاندن دەگاتە ئەوپەڕی، چونکە هەموان لەوێوە دەیانەوێت بزانن چی لەدەوروبەریان رودەدات.

شتێکی تازە نیە کە کاریگەری کەناڵەکانی راگەیاندن چیەو دەکرێت چی بخوڵقێنێت یان چی کپبکاتەوە، جۆرج ئۆرویل لەکتێبی ١٩٨٤ - ساڵی ١٩٤٩ نوسیویەتی- وێنای کۆمەڵگەیەکی شمولی کردوە کە چۆن ئەو کۆمەڵگەیە دەچێتە ژێر دیکتاتۆریەتی چینێکی دیاریکراووەو لەڕێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە راستیەکان ساختە دەکرێن، تەنانەت ئەگەر پێویستیش بکات مێژوش دەستکاری دەکەن. تا ئەو رادەیەی کە وا لەخەڵک دەکەن باوەڕ بێنێت بەوەی جەنگ ئاشتیە، نەخوێندەواری و نەزانی هێزە، ئازادیش کۆیلەیەتیە.

پێدەچێت ئەم شێوەیە لەبەکارهێنانی میدیا تاڕادەیەک نزیک بێت لەهەندێک میدیای کوردیەوە بەوپێیەی کەمترین بەرچاوڕونیان هەیە لە روماڵکردنی روداوەکانی ئەمدواییەدا بەتایبەتی لەشەڕی داعش و ناساندنی ئەو گروپەدا، بەجۆرێک داعش لەمیدیای کوردیدا تەنها گروپێکەو کار بۆ دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی دەکات و تەواو.

رون نیە کە چی وایکردوە میدیای کوردی بەوشێوەیە سەیری داعش بکات، بەڵام ئایا داعش هەر داعشەو تەواو؟

داعش کورتکراوەی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شامەو مەبەستیەتی خەلافەتی ئیسلامی دابمەزرێنێت، ئەوەی ئەو گروپە دەیکات بە لای خۆیەوە جیهادە، سەربڕین و تەقاندنەوەو کوشتنی ئینسانەکان بە حەڵاڵ دادەنێن و وەک خۆیان دەڵێن

بەشی یەکەم

دەیانەوێت لەو ڕێگەیەوە دینی ئیسلام بڵاوبکەنەوە، تا ئێرە پێناسەی داعشیەکان خۆیانە، ئەی پێناسەی میدیای کوردی کوا؟

هەرچی دەزگاو ڕاگەیاندنی کوردیە ئەم دوو مانگە لەهەموو ڕوماڵکردنە ڕۆژنامەنوسیەکانیدا ئەم گروپەی وەک خۆی وەک ئەوەی کە داعش دەیەوێت ناساندوە، پرسیار ئەوەیە، میدیای کوردی بۆ وادەکات؟

ئایا ئەوە پرۆفیشناڵی و وابەستەبونە بەپرەنسیپە نێودەوڵەتیەکانی کاری میدیاییەوە کە نابێت ڕۆژنامەوان حوکم بەسەر کارو کردەوەی هیچ گروپێکدا بدات لەپێناوی پاراستنی بێلایەنی و نەزاهەت و بابەتی بون؟

ئایا میدیای کوردی بێلایەنی خۆی لەدەستدەدات ئەگەر بەچەکدارەکانی داعش بڵێت چەکدارە توندڕەوەکانی داعش؟ یان ئەوە حوکمدانە ئەگەر داعش وەک گروپێکی توندڕەو بناسێنێت بەگەڕانەوە بۆ ئەوەی کە لەماوەی ئەم چەند مانگەدا لەعێراق بەگشتی و ناوچە کوردستانیەکان کردویەتی؟

من دەمەوێت بزانم پێناسەی میدیای کوردی بۆ داعش چیە، گروپێکی سەربڕو ژن کوژو مناڵ کوژ بەلای میدیای کوردیەوە بەس داعشە؟

گروپێک کە بە دەیان هەزار کەسی بەبێ جیاوازی ئاینی و نەتەوەیی ئاوارە کردوە، بەس داعشە؟
گروپێک کە دەگرێت و دەکوژێت بەس داعشە؟
گروپێک کە دەستدرێژی سێکسی کردۆتە سەر سەدان ژن و بە دەیان مناڵی نیکاح کردوە بەس داعشە؟
گروپێک کە لەسایەی خەلافەتە دوو مانگیەکەی لەموسڵ خەتەنەکردنی کچان و نیکاحکردنی مناڵ بەشەرعی دەناسێنێت و فەرزی دەکات بەس داعشە؟

ئەگەر ناونانی داعش وەک گروپێکی توندڕەو لەمیدیای کوردیدا لەدەستدانی پیشەیی بون و حوکمدان و بێلایەنی بێت لەکاری ڕۆژنامەنوسیدا، ئەی ئەوەش لەدەستدانی یەکێک لەئەرکەکانی میدیاو ڕۆژنامەنوسان نیە کەخۆی دەبینێتەوە لەوشیارکردنەوەی خەڵک؟

ئەگەر میدیای کوردی ئەم گروپە وەک خۆی نەناسێنێت ئەی چۆن بەرپرسیارێتی ئیتیکی و پیشەیی خۆی جێبەجێ دەکات



سەرچاوە Serchawe

## بەشی یەکەم

لەوشیارکردنەوەو بەئاگاهێنانەوەی خەڵک لەمەترسیەکانی ئەم گروپە، لانی کەم بۆ ئەوەی بەر بەشالاوی چونی گەنجەکان بگیرێت بۆ ناو داعش کە ئەمە بەئاشکرا لەهەندێک ناوچەی کوردستان هەستی پێدەکرێت، تەنانەت لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بەئاشکرا گەنجەکان بازاڕی بڵاوکردنەوەی جیهادی ئەو گروپە گەرم دەکەن.

لەناوزەدکردنی داعشداو ناساندنیدا پێدەچێت بەشێکی زۆر لەمیدیای کوردی و ڕۆژنامەنوسەکانی ئیلهامیان لەکەناڵە جیهانیەکان وەرگرتبێت کە بەبێ هیچ ئیزافەیەک داعش ناودەهێنن، بەڵام ئایا ئەگەر داعش روبکاتە وڵاتەکانی ئەوان بەهەمان بەرپرسیارێتیەوە داعش بەخوێنەرەکانیان دەناسێنن؟

بی بی سی کەبەشێک لە ڕۆژنامەنوسە کوردیەکان لەپیشەیی بون و وابەستەبون بەبێلایەنیەوە بە نمونەی باڵای خۆیانی دەبیننەوە هیچ کات درێغی لەوە نەکردوە کەئەوەی لەبەریتانیا رودەدات لەتەقینەوە و کوشتنی خەڵک لەسەر دەستی گروپە ئیسلامیەکان تەنانەت وەک تیرۆریش بناسێنێت نەک تەنها توندڕەوی.

«تیرۆر ئەمڕۆ هاتە لەندەن» یەکەم رستەی ئەو راپۆرتە ڤیدیۆییەیە کە بی بی سی لەبارەی تەقینەوەکەی ٧ - ٧ - ٢٠٠٥ لە لەندەن نوسیویەتی، رەنگبێ ئەوە باشترین نمونە بێت کەمیدیای کوردیش دەبێت پلانێکی دیکەی میدیایی هەبێت بۆ روماڵکردنە ڕۆژنامەنوسیەکانی.

ناساندنی ئەم گروپە دەبێت لەسەر بنەمای هەموو ئەو کارانەی بێت کە لەم ماوەیەدا کردویەتی، نەک وەک ئەوەی کە داعشیەکان خۆیانی پێ دەناسێنن، هەر ئەمەش دەبێت بکرێتە بنەمایەک بۆ وشیارکردنەوەو ئاگادارکردنەوەی خەڵک لە مەترسیەکانی ئەم گروپە.

ڕۆژنامەنوس

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی - ڕێکەوتی: ١٠ی ئاگۆستی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## ڕۆڵی ئێران لە ئاراستەكردنی داعش بەرەو هەولێر!



**شەریف هەزاری**

ئاشكرایە داعش هێزێكی سوونەی توندوتیژە! زیاتریش لەلایەن "سعودیە و قەتەر"ەوە پاڵپشتی ئەكرێن! لە ڕابردووشدا چالاكیەكانیان ڕەشەكوژكردنی شیعەشی لەخۆگرتبوو! بەڵام ئەوەی تێبینی ئەكرێت ئەوەیە: بۆچی داعش وەک گروپێكی سوونەی توندوتیژ كە لە ململانێیەكی خوێناوی توندان لەگەڵ بەرەی شیعە دا ئەوا ئاراستەی فراوانخوازییەكانیان بەرەو هەولێر گۆڕی!؟

وڵامی ئەم پرسیارە بە خوێندنەوە ئەبێت بۆ ڕۆڵی دەزگا هەواڵگرییەكانی ئێران و باكگراوندی سەركردەكانی داعش كە ئایا كامانەبوون ئەو هۆكارانەی زەمینەی ئەم ئاراستە گۆڕینەبوون!؟

سەبارەت بە ڕۆڵی دەزگا هەواڵگرییەكانی ئێران، ئەوا سەرەڕای ئەوەی ئەم ماوەیە زۆرێک لە ڕۆژنامە جیهانییەكانم بەووردی خوێندووەتەوە كەچی شتێكی وام دەست نەكەوتووە كە بە ڕوونی باسی لەم هۆكارە كردبێت!

**بەڵام وەک "ئەگەر" من ئەم سێ ئەگەرە بە هۆكار ئەزانم:**

١- دەزگای ئیتلاعاتی ئێران و دەزگای سیخوڕی عێراقی (كە دەسەڵاتی شیعە بەڕێوەی ئەبات) توانیبێتیان كاریگەری لەسەر ئەو سەركردانەی داعش دابنێن كە پێشتر لە ناو ڕیزەكانی ئەنسارلئیسلام لە تەوێڵە و بیارە بوون، ئەو سەركردانەی ئەنسارالاسلام باكگراوندێكی سیخوڕیان هەیە لەگەڵ دەزگای سیخوڕی ئێرانی دا! لە نموونەی ئەوانەش ئەتوانین ناوی یەكێک لە سەركردەكانی پێشووتری جوند "كە ئەگووترێت!" ئێستا لە ناو داعش دایە بخەینەڕوو كە ئەویش "ئەبو

شەیما"یە، ئەو ئەبو شەیما پێشتر پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ هەندێ سەرکردەی کۆمەڵیش دا هەبوو!، دواتریش کە ئەنسار الاسلام لە تەوێڵە تەفروتونا کران، ئەوا ئەویش هەڵهات و ئێستا باس لەوە ئەکرێت کە سەرکردەیەکی ناو داعش بێت! کەواتە ئەکرێت ئێران بیری لەوە کردبێتەوە بەهەر رێگەیەک هەبووبێت کاریگەری لەسەر ئەوانە دابنێت کە باکگراوندی پەیوەندییان لەگەڵ ئیتلاعاتدا هەبووە و، ئەوانیش توانیبێتیان لە ژێر ناوی "فەتحی کوردستان و رامالینی تاغوتانی عیلمانی کوردی" دا ئەم هەنگاوەیان نابێت کە رەنگە لە رووی سیاسیەوە هەڵەترین کاری داعش بووبێت دوای دەرکردنی "مەسیحیەکان" لە موسڵ دا، رەنگە هەر ئەوەش وایکردبێت کە ئێران لە رێی گروپەکانی خۆیەوە لە ناو داعش دا ئەم کارە ئەنجام دابێت، چونکە بیرمان نەچێت ئەنسارالسلامیش کە لە تەوێڵە بوون هەر بە ئەمری ئێران مەرقەدە پیرۆزەکانیان دەرهێنا و ئەیانتەقاندەوە کە ئەمەش هەمان سیاسەتی پێشووتری دەزگای هەواڵگری ئێرانە کە لێکچوونایەتی لەگەڵ کارەکانی داعش دا هەیە! دەکرێت بووترێت هەر ئەم هۆکارەش وایکردبێت کە ئێستا لە شارە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بەئاشکرا گرووپە توندرەوە سوننەکان پرۆپاگەندە ئەکەن و خۆیان پرچەک ئەکەن بۆ پاڵپشتی داعش و دەسەڵاتی ئێرانیش "مێشێک میوانی نییە!" کەوابوو هەر ئەمەش وایکرد کە حکوومەتی هەرێم و بەتایبەت "پارتی و یەکێتیی" لە ترسی ئێران نەوێرن باس لە سەرکەوتنەکانی هێزە پشتیوانەکەی حیزبی دیمۆکرات بکەن کە لە چەندین گووند دا سەرکەوتنیان بەدەست هێنابوو بەسەر داعش دا و چەندانیشیان لێ گرتبوون و لێ کوشتبوون!

٢- هۆکاری دووەم رەنگە هۆکارێک بێت کە هاوکاربێت بۆ بەدیهاتنی هۆکاری یەکەم! ئەویش ئەوەیە کە هەندێک لە سەرکردە سوونەکانی ناو داعش برِوایان وایە کە کورد هەندێ ناوچەی سوننە نشینی ئەهلی عەرەبی سوننە گرتبێت بەتایبەت کەرکووک و مەخموور و بەهی خۆیان بزانن چونکە "عەرەب، فارس، و تورک" هەر ئایدیایەکیان هەبێ ئەوا بە رووی فاشیستییەوە هەر هەمان بیریان هەیە!، کە ئەمانەش هۆکاری راستەوانە بن بۆ بەدیهێنانی پلانەکانی ئێرانی لە ناو داعش دا کە ئەویش هێرش بووە بۆسەر کوردستان هەتا فراوانخوازی داعش بێت بۆ بەغدا و ناوچە شیعەنشینەکانی باشوری عێراق!
٣- ئەم هۆکارە ئەگەری رێکەوتنامەیەکی نهێنییە لە نێوان مەسعود بارزانی و مالیکی بە هاوکاری ئێران، کە مالیکی و شیعەی عێراق رازی ببن بە فرۆشتنی نەوتی کوردستان و پێدانی هەموو ناوچەکانی مادەی ١٤٠ی دەستوری عێراقی بە کورد و ناردنی مووچەی فەرمانبەران، بەمەرجێک کورد شەری داعش بکات! لە ئەگەرێکی ئاوهاش دا ئەوا ئێران دیسانەوە لە رێی گروپە "رووێنراوەکان"ی خۆی لە ناو داعش دا بۆیانی کەشف کردووە و لە هەردوو رووەکەوە بە کاری سیخوریی و بە شەرِدانی کورد و داعش هەستابێت!

٤- ئەگەری ئەوەی رێکەوتنامەیەکی نهێنیی لە نێوان "داعش و ئێران" کرابێت پاش داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە! وەک سیاسەت من بیرم بۆ شتێکی ئاوهاش ئەچێت! بەڵام وەک شیکردنەوە هیچم لە بەردەست دا نییە، بەڵام بێ گوومان لە


سەرچاوە Serchawe

بەشی یەکەم

ئەگەرێکی وادا ئەواهەر لەسەر حسابی کورد کراوە

ئەکرێت هۆکاری دیکەش هەبن! بەڵام شیکردنەوەکەی من تەنها تایبەت بوو بە ڕۆڵی ئێران لە ئاراستەکردنی داعش دا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ١٠ی ئاگۆستی ٢٠١٤



سەرچاوە Serchawe

## ٣١ی ئابێکی دیکە بەڕێوەیە؟



**ڕێبوار کەریم وەلی**

٣١ی ئابی ١٩٩٦ ڕۆژێکی چارەنووسساز و یەکلاکەرەوە بوو، کۆتایی بە ٣ دەیە لە شەڕی ناوخۆیی کوردستان هێنا. ناوی هەرچییەکی لێدەنرێت، با بۆ مێژوو بەجێبمێنێت، بەڵام ڕۆژێکی مێژوویيە.

ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستان ڕوودەدات، بیرم دەباتەوە لای ١٨ ساڵ پێش ئێستا، چونکە بەشێکی زۆری خەڵک تەنیا ٣١ی ئابیان وەبیرە و هەندێکی دیکەش ڕۆژانی پێش ٣١ی ئابیان لە زەینی خۆیاندا سڕیوەتەوە! ڕۆژانی پێش ٣١ی ئابی ١٩٩٦یش دابەشبوونی ئیقلیمی وەکو ئێستا بوو، ١٨ ساڵ تێپەڕی و هاوکێشەکان و سەنگەربەندییەکان نەگۆڕان. ناوماڵی کورد ئەوکات و ئێستاش بەسەر بەرەی ئێران و تورکیادا دابەش ببوو. خۆبەخۆ شەڕی بە وەکالەتی ئەو دوو وڵاتە لەسەر خاکی کوردستان لە نێوان PKK و یەکێتی لەلایەک و پارتی لە لایەکەی دیکە بەڕێوە دەچوو.

ئەوکات ئامانج لەناوبردنی پارتی و بنەماڵەی بارزانی بوو، ئەمڕۆ مەبەست شکاندنی ئیعتیباری ڕوو لە هەڵکشانی بارزانییە لە گۆڕەپانی سیاسیدا، چونکە بەهەر دیوێکدا سەیری مەسەلەکە دەکەی، دەبینی کە کۆمپلۆیەکی ئیقلیمی و ناوخۆیی هەبوو بۆ تێوەگلاندنی پارتی، سووککردن و شکاندنی هەیبەتی ئەو هێزانەی کە شانازیی پێوە دەکردن.

لە دوای ١٠ی حوزەیرانەوە بارزانی لەلایەن ئێران و ئەمریکاوە (کە هەردووکیان دۆڕاوی شەڕی عێراقن و ئێستا سەریان پێکەوە ناوە) لەژێر گوشاردا بوو بۆ ئەوەی باری لەنگیان ڕاست بکاتەوە. بەڵام بارزانی نەدەچووە بن بار. بارزانی تێکرای ڕۆژانی جەژنی لە بەسەرکردنەوەی سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا لە بەرەکانی بەرگری بەسەربرد، وەک ئەوەی هەستی بە شتێک

کردبێت، هەر ڕێک دوای ئەوە، ئەوە ڕووی دا کە هەموومان بینیمان. بەڵام ڕووداوەکانی دوای ئەوە و ئەو ڕوومالەی لەلایەن میدیاکانی یەکێتی و PKK بۆ ڕووداوەکان کرا و تا ئێستاش دەکرێت، نیشانی دا کە ناومالی کورد پتر لە هەموو کاتێک پەرت و بڵاوترە.

دیمەن و هەواڵە درۆینەکانی ئەوەی کە گەریلا و پێشمەرگە شانبەشانی یەکتری دەجەنگن، جگە لە خۆخەڵەتاندن و کردنەوەی جێ پێی هێزی چەکداری PKK لە باشووری کوردستان هیچی دیکە نەبوو. مەبەست لەو هەموو هێز بردن و هێزهێنانە جگە لە نیشاندنی لاوازی و بێ ئیعتیباریی پارتی هیچی دیکە نەبوو. ئامانجەکە هاتە دی، دەبوایە بارزانی بچێتە ژێر بارەوە و شەڕێکی بە وەکالەت بۆ ئەمریکا، ئێران و شیعە مەزهەبەکانی وڵاتی بەناو عێراق بکات.

کێ و چۆن داعشی بەرەو شنگال و ناوچە سنوورییەکانی جێگەی مشتومڕی پارتی و PKKی لە نێوان باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان جووڵاند؟ ئەوە با بۆ مێژوو بەجێ بمێنێت، بەڵام داعشێک کە ئامانجی گرتنی بەغدا بوو، خێر بوو لەپڕ بیریان کەوتەوە کە لەباربردنی پرۆژەی خەندەقی سەر سنوور و پەلاماردانی ناوچەکانی ژێر نفووزی پارتی گەلێک گرنگترە! تا دوێنێ بارزانی بەوە تۆمەتبار دەکرا کە پلانی گرتنی موسڵ بە هاوکاری و هەماهەنگیی ئەو، ئوردن و تورکیا بەڕێوەچووە، بارزانی پشتیوانی لە داعش دەکات، بەڵام هەر ئەو داعشە، هێزەکانی لە هەموو بەرەکانی دیکە کۆکردەوە و پەلاماری ناوچەکانی نفوزی پارتیی پێدا!

شەڕی داعش هەیبەتی پێشمەرگە و پارتیی شکاند، چونکە ئەمریکا سەرباری ئەوەی نیشانی دا کە ناچارە بۆ پاراستنی کۆمپانیا نەوتییەکانی وەک ئیکسۆن مۆبیل دەبێ کارێک بکات، بەڵام ئەو پەیامەشی دایە بارزانی کە واز لە سەرکێشییەکانی بۆ ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی بهێنێت. بیر لەوە نەکاتەوە چارەنووسی کوردستان لە عێراق جیابکاتەوە. بەڵام مەرج نییە ئەوەی ئێستا ڕوودەدات لە درێژماوەدا هەمان ئەنجامی هەبێت، چونکە ئێستا پارتی لە سۆنگەی ئەو بارودۆخەدا، هەم چەکی قورسی دەستدەکەوێ و هەمیش ئەو شوێنانەی لەمەودوا بە هاوکاریی ئەمریکا دەیانگرێتەوە، مەشروعیەتی دەستکەوتی جەنگیان پێدەدات، چونکە پێشتر چوونی پێشمەرگە بۆ ناوچە کوردستانییەکان بە داگیرکاری هەژمار دەکرا.

شەڕی داعش بە قازانجی پارتی دەشکێتەوە و پارتی ئەگەرچی دەبێ تا ماوەیەک باسی سەربەخۆیی و ڕیفراندۆم نەکاتەوە، بەڵام لانیکەمی ئەوەیە کە توانا سەربازییەکانی خۆی بۆ دەرکەوت و بۆی سەلما کە ئەگەر سبەی ڕۆژێ بچێتە ناو شەڕی سەربەخۆییەوە چی بەسەر دێت، بۆیە لەمڕۆوە دەبێ بە هەموو حساباتی خۆیدا بچێتەوە.

## بەشی یەکەم

ئەوانەی لەو سەنگەرەشدا پاشقولیان لە بارزانی گرت، تەنیا لە رووی تاکتیکییەوە رەنگبێ دەستکەوتی کاتییان هەبێ، بەڵام ١٨ ساڵە کە ئێران تامی یەکەم شکستی خۆی لە کوردستان چێشتووە، دوو مانگ پێش ئێستاش لە موسڵ دووەم شکستی خۆی بینی و دەبێ ئەویش بزانێ کە چیدیکە بەر بە رێڕەوی مێژوو ناگیرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو نێت - رێکەوتی: ١٠ی ئاگۆستی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## بۆچی ئەمریکا یارمەتی کورد دەدات



مەجید نیزامەدین گلی

شەوی چوارشەممەی رابردوو، میشێل ئۆباما چاوەڕێی ئۆبامای مێردی دەکرد کە بێباتە دەرەوە و پێکەوە کاتێکی خێزانی بەسەربەرن، بەڵام کورد ئەو پلانەی لێ تێکدان. جەنەراڵ مارتن دێمبسی پێش وادەی نانی ئێوارەی میشێل، بە پەلە دەگاتە ئۆباما و لەناو ئۆتۆمبیلەکەی باسی رەوشی کوردستانی بۆ دەکات. ئۆباما بە پەلە دەچێتە ئۆفیسی تایبەتی خۆی و زنجیرەیەک لە کۆبوونەوەی بەردەوام لەسەر نزیکبوونەوەی داعش لە هەولێر و رزگارکردنی ئێزدییەکانی سەر چیای شەنگال دەستپێدەکات. دوای ٣٦ کاژێر، ئۆباما بریار دەدات کە ئەمریکا ناتوانێ وەک تەماشاوان بە کۆمەڵ کوشتنی خەڵکی ئێزدی ببینێ.

ئەمە چیرۆکی پەرۆشیی ئۆباما نییە بۆ سەلامەتیی کوردستان، ئەو کەسێکی پراگماتیکە و لەوە ناچێ کوردستان لە لیستی ئەو بابەتانە بێت کە عاتیفەی ئۆبامای بۆ بجوڵێ. بەڵکو ئەوە چیرۆکی گرنگیی کوردستانە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا. دوای چوار ساڵ و بۆ یەکەمین جار لە دوای شەڕی لیبیا، باراک ئۆباما بڕیاری ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە وڵاتێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات.

ئۆباما لە وتارەکەیدا ئەوەی باسکرد کە بێجگە لە رێگەگرتن لە کوشتنی بەکۆمەڵی ئێزدییەکان، ئەمەریکا هێرشی ئاسمانی لە دژی داعش ئەنجام دەدات بۆ "پاراستنی دیپلۆماتکارانی ئەمریکی لە هەولێر". ئەمریکا دەیتوانی هەموو دیپلۆماتکار و کارمەندە ئەمریکییەکانی کۆمپانیاکانی نەوت لە هەولێر بگوازێتەوە. لە دوای رووداوی کوشتنی باڵیۆزی ئەمریکا لە شاری بەنغازیی لیبیا پێش دوو ساڵ، وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا پرۆگرامێکی تایبەتی دامەزراند بۆ گواستنەوەی دیپلۆماتکارانی لە ناوچە ناسەقامگیرەکانی وەکو عێراق. ئۆباما زیاتر بۆ ئەوەی کورد هان نەدات بۆ جیابوونەوە لە عێراق، ئەوەی بە

تەواوی نەدرکاند کە ئامانجی سەرەکیی فڕۆکەکانی ئەمریکا لە ئاسمانی هەولێر پاراستنی هەرێمی کوردستانە. ئیدارەی ئۆباما لەبەر چوار هۆی سەرەکی یارمەتی کوردی دا لە شەڕی دژی چەکدارانی داعش:

### سەقامگیریی تورکیا

هەرێمی کوردستان دەکەوێتە نێوان ئاژاوەی عێراق و تورکیای هاوپەیمانی ئەمریکا. واشنتن نایەوێ ئەم دیوارە بڕووخێت کە بە درێژایی 370 کیلۆمەتر سنووری باشووری تورکیا دەپارێزێت. راستە تورکیا ساڵانە نزیکەی ٢٠ ملیار دۆلار لەسەر سوپا زەبەلاحەکەی خەرج دەکات، بەڵام سوپای گەورە مەرج نییە بتوانێت رێگە بگرێت لە گواستنەوەی ئاژاوەی سەر سنوورەکان. عێراق خاوەن سوپایەکی پڕ چەکە و پارەیەکی زۆر لە کڕینی چەک خەرج دەکات، بەڵام ئەمە رێگەی نەگرت لەوەی ئاژاوەی سووریا بێتە موسڵ و ناوچە سوننییەکان و عێراق ناسەقامگیرتر بکات.

خاڵی لاوازی حکومەتی عێراق نارەزایی عەرەبی سوننەیە کە زەمینەی سازکردووە بۆ باڵادەستیی چەکدارانی داعش. لەکاتی ناسەقامگیربوونی هەرێمی کوردستان، لەوانەیە پرۆسەی ئاشتیی نێوان کورد و دەوڵەت لە تورکیا شکست بهێنێ. ئەمەش بەهۆی ئەمانی ناوبژیوانیی کوردی باشوور و ئاڵۆزبوونی دۆخەکە. ئەوکات کوردی باکوور دەبنە خاڵی لاوازی تورکیا و ئاژاوەی عێراق و سووریا دوور نییە تورکیا ناسەقامگیر بکات. ناسەقامگیربوونی هەرێمی کوردستان دەبێتە هەڕەشەیەکی راستەوخۆ بۆ تورکیا و ناوچەکە ناسەقامگیرتر دەکات. ئەمەش پێچەوانەی ئامانجەکانی ئەمریکایە لەم ناوچەیە.

### عێراق بێ کورد چاک ناکرێتەوە

لەبەرژەوەندی ئەمریکایە عێراق سەقامگیر بێت. ئەمەش زیاتر بۆئەوەی ئەمریکا ناچار نەبێت ئۆپەراسیۆنی سەربازی هاوشێوەی ئەوەی چەند رۆژی رابردووی نزیک هەولێر ئەنجام بدات. ئیدارەی ئۆباما لەو باوەڕەدایە کە رازیکردنی سوننە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ناسەقامگیری لە عێراق. ئەم بۆچوونەش هەڵە نییە. چەکدارانی داعش بێ پشتیوانی خەڵکی سوننەی عەرەب ناتوانن کۆنترۆڵی شارێکی وەکو موسڵ بکەن. کێشە ئەوەیە نوری مالیکی و زۆربەی سەرکردە شیعەکانی دیکە گوێ لە ئامۆژگارییەکانی ئەمریکا بگرن و سوننە رازی بکەن. شیعە پشتی بە ئێران قایمە و تاوەکو ئێستا دانی بە "کێشەی سوننە"دا نەناوە لە عێراق. کورد تاکە لایەنە لە عێراق کە پێشمەرگەکانی لەبەرەکانی شەڕ لەدژی داعش راناکەن و سیاسییەکانی ئامادەن سازش بکەن بۆ رازیکردنی سوننەی عێراق. کورد تاکە هیوای ئەمریکایە لە عێراق.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی یەکەم

### کورد "ئەخلاقی ئەمریکی" هەیە

لە بازاڕ و مۆڵەکانی هەولێر، مەسیحی و ئێزدی و تورکمان و عەرەبی سوننە و ئاین و نەتەوە جیاوازەکان بێ کێشە دەسووڕێنەوە. کاتێک خزمەکانیان لە موسڵ تووشی هەڕەشەی گرووپە چەکدارە سوننەکان دەبنەوە، کورد پێشوازییان لێدەکات. ئەم دیمەنە فرەئاینی و فرە کەلتوورییەی کورد نزیکە لە دیمەنی پێکەوە ژیانی رەشپێستێکی بە رەچەڵەک ئەفریقی لەگەڵ سپی پێستێکی بە رەچەڵەک ئەوروپی لە ئەمریکا. لێبووردەیی و فرەئاینی شتێکی دەگمەنە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە رۆژانە تێیدا دەیان کەس لەسەر ناوی عەلی و عومەر دەکوژرێن. کاتێک تۆماس فریدمان، نووسەری بەناوبانگی ئەمریکی لە ئۆبامای پرسی چۆن بڕیاری یارمەتیدانی سەربازیی کوردی دا لە عێراق، ئۆباما زیاتر باسی لە لێبووردەیی کورد کرد بەرامبەر بە نەتەوە و ئاینەکانی دیکە.

ئۆباما دەیەوێ وەکو رزگارکەری مەسیحی و ئێزدییەکانی عێراقیش باسبکرێت لەناوخۆی ئەمریکا و جیهان. لە کۆتاییدا، ئۆباما خەڵاتی ئاشتی نۆبڵی وەرگرتووە و باوەڕناکەم بیەوێ لە مێژوودا وەکو ئەو سەرۆکە ناوببرێ کە رێگای بە جینۆسایدکردنی کەمینەیەکی عێراق دا. هەموو ئەوانە سەرباری ئەو وێنە کاریگەرانەی ئاوارەکان کە میدیا دەیگەیاندنە رای گشتیی ئەمریکا.

### هاوپەیمانی هاوبەش لەنێوان کورد و ئەمریکا

ئەمە سەردەمی بوش نییە کە ئەمریکا زۆر گوێ نەداتە رای هاوپەیمانەکانی. راستە ئەمریکا زۆربەی جار بۆ کاری سەربازی پێویستی بە پشتگیریی وڵاتانی دیکە نییە، بەڵام ئەگەر وڵاتانی زلهێز و هاوپەیمانەکانی لە دژی هێرشکردنە سەر داعش بوون، ئەوە ئۆباما لە ئەمریکا دەکەوێتە بەر رەخنە و فشاری زۆرەوە. ئەمە دیاردەیەکی نوێیە لە سیاسەتی ئەمریکی و لە شەڕی سووریاوە سەری هەڵدا. هاوینی ٢٠١٣ ئۆباما رایگەیاند کە بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، ئەمریکا هێزی سەربازی لە دژی رژێمی بەشار ئەسەد بەکاردێنێ. دوای چەند رۆژێک، پەرلەمانی بەریتانیا بڕیاری دا کە وڵاتەکەیان پشتگیری لە ئەمریکا ناکات لە لێدانی سووریا. ئەمە سەرەڕای ئەوەی رووسیا و چین بە تەواوی لە دژی لێدانی سووریا بوون. لە دەرئەنجامدا زۆربەی ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکی و کەسایەتییە ناسراوەکانی میدیای ئەمریکی دەیانگوت ئەو کارەی ئۆباما هەڵەیە و بەڵگەش ئەوەیە بەریتانیای هاوپەیمانی لێدانی سووریا بە هەنگاوێکی خراپ دەزانێت.

بە پێچەوانەوە، بەریتانیا، فەرەنسا، تورکیا، ئیتالیا و چەند وڵاتێکی دیکەی هاوپەیمانی ئەمریکا، هەرزوو پشتگیریی خۆیان بۆ کورد راگەیاند لە رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی داعش. ئەمە زۆر گرنگە بۆ ئەمریکا. جگە لە ئێران، هیچ لایەنێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لە دژی بڕیارەکەی ئۆباما قسەی نەکرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو نێت - رێکەوتی: ١١ی ئاگۆستی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## داعش، براوەی شەڕی دەروونی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا



شەپۆل عەباسی
و: م.ت

دنیای مۆدێرنی ئەمڕۆ، گێڕانەوەی بەرهەستی سەردەمی میدیا و پەیوەندییەکانە. بەگوێرەی سەرچاوەکان، ڕەنگبێ ئەرەستوو، فەیلەسووفی یۆنانی، یەکەمین کەسێک بووبێ بە شێوەیەکی زانستی، مژاری پەیوەندییەکانی هێنابێتە ئارا و بە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازەکانی ژیان بۆ ڕازیکردنی دیتران لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆی، پێناسەی کردبێ.

بە درێژایی مێژوو و لە ڕێگەی وروژاندنی هەستە ئینسانییەکان لە چوارچێوەی هونەردا (وەکوو کەرەستەی پەیوەندی کە بێنیاز لە بەکارهێنانی زمانی هاوبەشە؛ لەوانەیە سینەما، تەلەڤزیۆن و لە حاڵەتی گشتییدا گرتەیەک کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ، چاوی بینەری بۆ لای خۆ ڕادەکشا) بیری دەسەڵاتدارانی خزاندە سەر کەڵکوەرگرتن لەم کەرەستەیە لە پێناو کاریگەری دانان بە سەر ئاقاری دەورووبەردا.

باسە تیۆرییەکان لەمەڕ کاریگەری میدیا مۆدێرنەکان لە دنیای ئەمڕۆ هەتا قوناغی کردەوە، جیا لە بەکارهێنانی ئەو کەرەستانە لە ململانێی نێوان دەوڵەتەکان لەبری بەکارهێنانی ئامرازی ڕەقەواڵەیی (Hardware) و سەربازی، گۆڕانکاری لە ئەندێشە و شێوەڕوانینی خەڵکانیشدا دەگرێتەوە.

جیا لە ڕەهەندی ڕابواردن و سەرگەرمی میدیا مۆدێرنەکان، ئەوان خوازراو یان نەخوازراو کەرەستەی مۆدێرنی کارتێکەری و زاڵبوون بە سەر هێزی بەرامبەریشن. ئەم کاریگەرییە لە ڕووبەری بەرتەسک و بەرفراوانی ڕووداوەکانی ڕۆژانەی جیهانییدا دەبیندرێ.



سەرچاوە
Serchawe

لە چەند ساڵی ڕابردوو بەملاوە و بە هاتنە کایەی جیلی نوێ میدیاکان لەوانەیە ماڵپەڕ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە لە لایەن کۆمپانیا قەبەکانەوە لە فەزای سایبەرییدا جێ پێ خۆیان کردووتەوە، کەشوهەوای پەیوەندی نێوان خەڵک و حکومەتی تووشی گۆڕانی بەرچاو کردووە. گۆڕانکارییەکانی ئەو کردە و کاردانەوانە، تەنانەت لە ڕەفتاری سیاسیی نێوان هێز و بەرهەڵستکارانی حکومەتەکانیشدا هەست پێدەکرێ.

گۆڕانکاری لە چۆنیەتی بەکارهێنانی میدیای نوێ لەوانەیە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ماوەیەکی کورتدا، بۆتە هۆی هەڵکشانی بەرچاوی کەمپەینە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە سەرانسەری دنیا و هەندێجار ئەمە ڕووخانی حکومەتەکانی بە دواوە بووە. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە گۆڕانکارییەکانی ئەمدواییەی بەهاری عەرەبی بکەین. لە نوێترین و سەرنجڕاکێشترین نموونەدا، لەگەڵ هێز و لایەنگرانی داعشدا ڕووبەڕوو دەبینەوە کە لەم دوایانەدا بە بەربڵاوی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دیکەی ئامرازەکانی پەیوەندی گشتیی بۆ کاریگەری دانان لەسەر نەیارانی خۆیان کەڵکیان وەرگرت.

لە سەرەوەی هەموو شرۆڤە و بۆچوونی سیاسی و کاردانەوە نێونەتەوەییەکان، ئەو مژارەی لەمنێوەدا کەمتر ئاوڕی لێ دراوەتەوە، چییەتی ڕووبەڕوونەبوونەوەی هێزە سەربازییەکانی عێراق لە بەرامبەر گرووپی داعشە و ئەوەی کە ئەو گرووپە چەکدارییە بەچە شێوەیەک ئەرتەشی عێراقی تووشی شکست کرد و چۆناوچۆن شیرازەی سەربازی دەسەڵاتی ناوەندی عێراق تێکشکاند.

داعش لە کورتترین کاتدا و بە کەمترین جووڵەی سیاسی، دەڤەرە سوننەنشینەکانی عێراقی هێنایە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتداری خۆی؛ ئەو ڕووداوەی کە لەگەڵ هیچ لۆژیکێکی سەربازییدا نایەتەوە. هێزی ڕاهێنراو و پڕچەککراوی عێراقی بەبێ هیچ چەشنە بەرگرییەک، ناوچەکانییان بۆ هێزەکانی داعش چۆڵ کرد.

داعش کە دەیزانی دەتوانێ سەرنج و پشتیوانی هۆزە سوننەکانی ناوچەکە و کۆنەبەعسییەکانی سەردەمی سەددام بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، باش ئاگادار بوو کە پێش هێرشی کۆتایی، دەبێ سەرەتا گورزی دەروونی بەرەو سەربازەکان بوەشێنێ.

داعش بە ناسینێکی تەواو لە دۆخی هێزە عێراقییەکان، چەند حەوتە بەر لە هێرش کردنە سەر موسڵ، شەڕی دەروونی خۆی دەسپێکرد و ترس و دڵەڕاوکێ لە هەناوی سەربازەکانی ئەرتەشی عێراقییدا چاند.

بناژۆخوازەکانی داعش کە لەڕادەبەدەر بێبەزەیین، هەنگاوی یەکەمی جووڵە سەربازییەکەیان بە بیرتیژی و بوێرانە

**بەشی یەكەم**

**هەڵگرت؛**

**هەنگاوێكی مۆدێرن كە لەگەڵ هزر و ڕوانگەی ئایینی ئەواندا نەدەگونجا، بەڵام بەپێچەوانەی باوەڕەكانییان، لە وێنە و گرتەكان بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانییان كەڵكیان وەرگرت. ئەوان وێنەی كۆشتوبڕی شێعە و بەرهەڵستكارەكانی خۆیان لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكاندا بڵاو كردەوە و ئەمەیان بە شێوازێكی سیستەماتیك ئەنجام دەدا.**

**بەڵام پرسیارەكە لێرەیە ئاخۆ ڕادەی كارتێكەری ڤیدیۆ، فیلم یا لە حاڵەتێكی گشتییدا میدیا و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان كە داعش بۆ ڕووخاندنی ورەی ئەرتەشییەكانی عێراق كەڵكی لێوەرگرت، هەتا كوێ بوو و ئەمە چۆن دەستەبەر بوو.**

**بە هاتنە گەڕی پێداویستییەكانی ژیانی نوێ لە عێراق، لەهەر سووچ و قوژبنێكی ئەو وڵاتە ئیمكانی دەسڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت لەڕێگای موبایلەكانەوە ڕەخساوە. بەمجۆرە كەرەستەی نوێ بووە بەڵای گیانی ئەرتەشی عێراق؛ ئەو هێزە كە دە ساڵ لە ژێر چاوەدێری هێزەكانی ڕۆژئاوادا ڕاهێنرابوو.**

**ئەگەرچی ئەو تاكتیكەی داعش بۆ ڕووخاندنی ورەی هێزە سەربازییەكانی عێراق، ڕێكارێكی نوێ لە شەڕدا نەبوو و پێشتر، لە سەردەمی شەڕی یەكەمی جیهانی تا ئێستە، لە تێكڕای شەڕەكاندا كەڵكی لێ وەرگیراوە، بەڵام كاركردی فیلم، دەنگ و وێنە بەرهەمهێنراوەكان تا پێش بەربڵاوبوونی ئامرازەكانی پەیوەندی گشتیی، زیاتر لە پێناو ڕێنوێنی كردن و ورووژاندنی هەستی نەتەوەیی خەڵك و هێزەكانی خۆماڵی بوو.**

**جیاوازی پێرفۆرمانسی داعش ئەوە بوو كە بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ هێرشی پرۆپاگەندەیی خۆی ئاراستەی نەیارەكانی دەكرد. زمانی هاوبەش (عەرەبی) بێگومان لە گەیاندنی پەیامەكەیان كاری ئەوانی ساناتر دەكردەوە، تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان لەوانەیە فەیسبووك و تویتێر لە لایەك و ماڵپەڕەكانی بڵاوكردنەوەی ڤیدیۆ وەكوو یۆتیۆب لەلایەكیتر یارمەتیدەری ئەوان بوون.**
**ڕەنگبێ كەمتر گرتەیەكی ڤیدیۆیی لە بەرەكانی شەڕەوە لەم سەد ساڵەی دواییەدا بدۆزینەوە كە بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ، كوشتوبڕی بێبەزەیانەی دوژمن بنوێنێتەوە و تەنانەت پیرۆزایەتیشی پێ ببەخشێت. بەڵام داعش بە بەربڵاوی و بەبێ ڕەچاوكردنی پرەنسیپە ئەخلاقییەكان كەڵكی لەو ماسمیدیایە وەرگرت.**

**ئێستە پاش هاتنە ئارای ئەو ڕووداوانە، بەرەی بەرامبەر واتە حكومەتی ناوەندی عێراق بە خەستی دەیهەوێ بەر بە**

پێشڕەوی هێزەکانی داعش بەرەو بەغدا و باشووری عێراق بگرێ و بەم بۆنەوە بە ئامانجی هەڵخڕاندنی عێراقییەکان و دنەدانی هەستی نیشتمانپارێزی ئەوان، پرۆپاگەندەیەکی بەربڵاوی لە میدیاکاندا دەسپێکردووە.

حکومەتی عێراق بە هەستکردن بە کارتێکەری ماسمیدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەدوای قەرەبوو کردنەوەی زیانەکان و پووچەڵ کردنەوەی پیلانەکانی داعشە، ئەگەر کار لە کار نەترازابێت و پڕۆپاگەندە، فیلم، ڤیدیۆ، میدیای گشتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەمان کاردکردیان هەبێ کە بۆ داعش بوویان.

ژێدەر: بیبیسی فارسی

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ - ڕێکەوتی: ١٣ی ئاگۆستی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

# بەحزبیکردنی شەڕی داعش



**شوان سدیق**

لەماوەی رابردوو وەها بیرماندەکردەوە، کە ئیدی وردەو وردە حوکمی حزبی و بنەماڵەیی و بێ یاسایی کۆتایی هاتوەو بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆ هەنگاو دەنێین.

بەڵام هاتنی گروپی تیرۆریستی چەکدارانی داعش بۆ ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانو نزیکبونەوە لە پارێزگای هەولێرو دهۆک، لەماوەی پێنج رۆژدا بۆمان دەرکەوت کە ئەوە ئێمەین خوێندنەوەیەکی وردو زانستیو ستراتیژمان نەبوە، بۆ دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگاو دەسەڵاتەی پارتی و یەکێتی.

کە لەئەرزی واقیعدا هێشتا هێزە سیاسیەکانی ئەم هەرێمە کیانێکی نیشتمانی و مەدەنیان دروستنەکردوە، گوزارشت لەهەموو پێکهاتەکان بکاو خاوەن هێزو دەزگایەکی نیشتمانی بین لەم وڵاتە بۆ ئەوەی ئەم دەزگا نیشتمانیە لەناویدا هێزێکی بەرگریکار هەبێ دیفاع لەو دەستکەوتانە بکات، کە ساڵەهایە کورد خوێنی لە پێناو رشتوە. نەتەوەیەک ئەنفالو کیمیایی و جینۆسایدکراوە بەهۆی کوردبونەوە.

سەرلەبەیانی رۆژی یەکشەممە پێشمەرگە هێرشی دەستپێکرد بۆ گرتنەوەی قەزای مەخمور کاتێ میدیاکانی پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتمانی کوردستانمان بینی لە روماڵی جەنگەکە هەستمان بەوەکرد کە هەرکەس بۆخۆی حزبایەتی دەکات.

وەک لەمیدیاکانی ئەوان دەردەکەوت یەکێتی مەخموری گرتۆتەوە لەلایەکی تر میدیای پارتی بە پێچەوانەوە ئەوانیش

بەرپرسە سەربازی و ئیدارەکانی ناوچەکەیان دەهێنایە سەرشاشەو نمایشی خۆیانیان دەکرد.

دیمەنی نێگەتێڤ و خراپ ئەوەبوو کاتێ چەکدارانی یەکێتی چونە سەر سایلۆی مەخمور وەک لەمیدیای یەکێتی بڵاوکرایەوە، پێشمەرگەیەک دەبینرێ ئاڵای داعش دادەگرێ کەچی لەجیاتی ئاڵای کوردسان هات ئاڵای سەوزی حزبەکەی جێگیرکرد.

مایەی شەرمەزاریە بۆ حزبی کوردی کە پاش ساڵەهایە تازە دێن تۆوی حزبایەتی دەچێنن لەکۆمەڵگای کوردی. ئەم حزبانە لەشەڕی داعش و ئەو رەوشە خراپەی کەدروستبوو دەریانخست یەکێتی و و پارتی بەتایبەت حوکمی نیشتمانیان ناوێ و هەروا دەیانەوێ هەرکەس بۆخۆی کۆمەڵێک گەنجی کورد بە پارە راگرن، بەناوی پێشمەرگایەتی و چەکداریان بکەن.

ئەم ماوەیە بەحوکمی ئەوەی لەسنوری قەزای مەخمورو ناحیەی گوێرو سنوری خازر رومالی روداوەکانم کردوە. زۆر شتی سەرنجراکێش و حەساسم بینیوە. لەبەرەی هێزەکانی پێشمەرگەو خەڵکی خۆبەخش بەتایبەتی ئەو پرسەی پەیوەندی بەحزبایەتی یەکێتی و پارتی بونەوە هەیە.

رۆژی ٦ - ٨ - ٢٠١٤ وەک تیمێکی رۆژنامەوانی چوینە بەرەکانی شەڕ لەوکاتەدا هێشتا ناحیەی گوێر چۆڵنەکرابوو شەڕی قورس کەوتبوە. سنوری ئەودیوی ناحیەکە دوای نیوەڕۆکەی شەڕی سەخت لەگوندی کیشاف و سیاف بوو لەخواروی ناحیەی گوێر بۆ قسەکردن لەگەڵ بەرپرسی پێشمەرگە لەو قۆڵە حەزمکرد بزانم چی دەگوزەرێ بارودۆخەکە بەچی ئاراستەیەک هەنگاودەنێ دوای هاتوچۆیەک لەناو پێشمەرگە کە ئەوان مەعنەویاتیان بەرزو هەندێکیان تەنانەت گۆرانیشیان دەوت و بزە لەسەر لێویان بوو کاتێک بۆم رونبۆوە. لەیەک کات ناوی سێ کەسیان هێنا بەرپرسی پێشمەگەیە لەم سنورە. ئاخری وتیان مامە غەفەش مەسئولە لێرە.

لەم ماوەی من بینومە حزبایەتی تەنیا لە نێو پێشمەرگەو بەرهەمی میدیاکانی یەکێتی و پارتی و ئەوانەی نزیکی ئەم حزبانە نەبوە، بگرە لەناو هاوڵاتیانیش بەحزبیکردنی دوژمنایەتی داعش لایەنێکی خراپ بوو پارتی و یەکێتی وایانکرد کە لەنێو هاوڵاتیان ببینرێت.

رۆژی ٨ - ٨ - ٢٠١٤ لە رێگای نێوان هەولێر ناحیەی گوێر بەدوری ١٠ کیلۆمەتر لەهەولێر ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی و پێشمەرگەی خانەنشین لەپشت هێزەکانی پێشمەرگە وەستابون، بۆ پاڵپشتی هاتبونە سەرجادەو وتاف و بژی کوردو کوردستانیان دەوتەوە.

پێمباش بوو بۆ راگەیاندن قسە بکەن، منیش پیاوێکی بەتەمەنم هەڵبژارد هەرئەوەندە مایکم بۆڕاگرت و قسەی کرد دواتر پیاوێکی تر بەدەنگی بەرز هاواریکرد «ئەدی ئێمە لۆ قسە نەکەین؟»

منیش تێگەیشتم کە ئەو پیاوەی قسەم لەگەڵی کرد پارتی بوە. ئەمیش یەکێتیە زۆر لام ئاسایی بوو مایکیشم بۆ ئەو راگرت وتم: فەرموو چیت هەیە؟ بۆچی هاتوی؟ کابرا هەندێ قسەی عاتفی و نەتەوەهییانەی کرد دواتر بەدەنگی بەرز وتی: بژی کوردو کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان».

رۆژنامەنوس

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی - ڕێکەوتی: ١٣ی ئاگۆستی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## هاودەنگی و یەکگرتنی هێزەکانی کوردستانی ئەرکی نیشتمانییە



حەسەن ماوەڕانی

ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەم دواییانە، هەمدیسان هەلێکی لەباری بۆ هاتنەوە گۆڕێ پرسی کورد لە ئاستی جیهانیدا ڕەخساندووە. دەست بەسەر داگرتنی تاقمی داعەش بەسەر موسڵدا، کە ئەنجامی پیلانێکی نێو دەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوو.

ئەو هەلەی بۆ کورد ڕەخساند کە بتوانی کەرکوک، دڵی کوردستانو ناوچە دابڕاوەکانیتری باشوری کوردستان بگەڕێنێتەوە بەر حوکمی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان. واتە هەنگاوێکی لەبارتر بۆ وەدیهێنانی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ!

لەوەدا هیچ گۆمانێک نییە کە هاندەرەکانی داعەش، بیریان لەوە نەکردبۆوە کە لە کردەوەی داعەش ئەم ئەنجامە سەرهەڵدەدا. گەر ئەمەیان بە بیر داهاتبا، فەرمانیان بە هێزەکانی پۆشتەی عێراق نەدەدا کە بەبێ دەستکردنەوە چەک و چۆڵی هەرە تەیارو نۆییان پێشکێشی ئەو تاقمە درندەیە بکەن.

هێرشی داعەش بۆ شنگالو مەخمور و ناوچەکانی برا کوردەکانی ئیزەدی، بە بیانووی شەری دژ بە کافران، تەنیا بۆ کورد کوژیو زەربەلێدان لە دەسەڵاتی نیوەچلی گەلی کورد لە باشور ئەنجامدراوەو مەترسی هێرشی ئەو تاقمە بۆسەر کەرکوکو هیچ نەبێ تەقاندنەوەی کانیە نەوتییەکان درێژەی ئەو پلانەی پیاوکوژەکانی نێونەتەوەیی داعەشو ئاغاکانیانە کە بەشێکن لە بازرگانانی خوێن لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

لە ڕاستیدا بۆ دوژمنانی کورد، کورد تاوانبارە. جیاوازیەک بۆ ئەوان لە نێوان کوردی موسلمانو ئیزەدیو موساییو عیساییو

بێدینڕدا نییە. کورد تاوانبارە چونکی دەسەڵات بگرێ، سامانە سروشتیەکانی بۆ ئاوەدانکردنەوەی نیشتمانی خۆی تەرخان دەکاو پیترۆدۆلارەکان بەرەو کیسەی ئەو کەسانەی کە تائیستا بە نێوی داگیرکەر و پاڵپشتی داگیرکەرانی کوردستان لەم داراییە کەڵکیان وەردەگرت ناروا.

کورد تاوانبارە چونکی لەسەردەمی دابەشینو داگیر کرانی کوردستان لە لایەن تورکو عجەمەوە، بەردەوام بۆ ئازادیو سەربەستیی خۆی و ناوچە خەباتی کردووە. تاوانبارە چونکی کوردستانێکی سەربەخۆ ناتوانییبێتە ماکەی دیکتاتۆریو سەرەرۆیی تەنانەت ئەگەر هەڵەو تێنەگەیشتنی دیمۆکراسیو سەدان عەیبیشی هەبێ نابێتە ئێرانو عیراقو تورکیاو وێنەکانی تری دیکتاتۆری لە ناوچەدا. مانەوەی کوردو بووژانەوەی کوردستان پێویستی بە ئازادیو دێمۆکراسیە.
بەم هۆیانە کورد وەک کورد تاوانبارە و لە لایەن ئەو پیاوکوژانەوە گیانو ناموسو ماڵی حەڵاڵە. ئەگەر لەبیرمان نەچووبێتەوە هەر ئەو کارەی داعش لەگەڵ کورد دەیکات، کاتی خۆی سەدامو ئەسەدو خومەینیش کردیان. عەرەبی تالانکەری هەزارو چەندسەدسال لەمەو پێشیش کردیان. دەسەڵاتی سەفەوی پاشی شکانی شۆڕشی خانی لەپ زێڕینیش لە موکریان کردویەتی. ئاتاتورکی فاشیستیش لە کوردستانی باکوور کردوویەتی.

لە سەدەمی دابەشینی یەکمی کوردستانەوە واتا ١٦٠٥ی زایینی تا ئیستا، نەتەوەی کورد بەبەردەوامی بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوای خۆی خەباتی کردووە. من دلنیام هەتا گەیشتن بە سەربەخۆیی کوردستان ئەو خەباتە هەر بەردەوام دەبێ. بەڵام بەداخەوە وەرگرتنی ئەزموون لە هەڵەکانی پێشوو لەناوماندا لاوازە. تێشکانەکانی پەیتاپەیتای شۆڕشەکانی کورد تەنیا بەهۆی زلهێزی داگیرکەرەکانی کوردستانەوە ڕوویان نەداوە. هۆیەکی یەکجار گرینگی ئەو شکستانە، سەرەڕای خۆبەختکەریی بێوێنەی ڕۆلەکانی نەتەوەی کوردو کەمە نەتەوییەکانی هاوپەیمانی لە کوردستان، هەر دووبەرەکیو نەبوونی یەکریزی ناو ماڵی کوردان بووە.

بەداخەوە بەرژەوندییەکانی خێڵو عەشیرە لە ڕابردووداو حیزبو دەستە لە سەردەمی نوێدا، بەرژەوەندی نەتەوەیی لەبیر بردۆتەوەو دوژمنانی کورد بەم لاوازیە بوونە زلهێز.
سەیری سەرپێی مێژووی خەباتی کورد ئەمە پشتراستدەکاتەوە. گەر دوور نەرۆین لە سەردەمی رزگاربوونی کوردستانی باشوورو عێراق، کەرکوک بەدەست هێزەکانی کوردستانییەوە بوو و لە هەمبەر شەری زەردو کەسکدا بە تۆپزی دراوە دەست عێراق.
دوژمنانو داگیرکەرانی کورد ڕەخنەیان کردۆتە ناو رێزەکانی کوردو دەیان ساڵە دەبنە سەرچاوەی هەلگیرسانی شەری ناوخۆیی. حاشا لەدەوری ئیران لە هەڵگیرسانی شەری براکوژیی چەند ساڵەی نێوان پارتیو یەکێتی ناکرێت. بەرهەمی ئەو

## بەشی یەکەم

**شەڕە بۆ نەتەوی کورد لەبەرچاوی گشتو تاکی ئەندامەکانی نەتەوەی کورد ئاشکرایە.**

**زۆر کەس پێی سەیرە کە چۆن نەتەوەی دوو میلیونی عیبری توانیی پاش دوو هەزار سالان لە نیشتمانی خۆیدا ولاتی ئیسرائیل پێک بێنی. زۆر کەسیش ئەم کارە تەنیا بە کردەوەی زلهێزەکان دەزانن. بەلام گێڕانەوەی رووداوێک لە کتیبی بەسەرهاتی مناخیم بێگین، پێشان دەدات کە یەکێتی هۆی هەرە گرینگی سەرکەوتنیان بووە. مناخێم بێگین دەگێڕێتەوە کە لێژنەی یەهود (جوو) هیرشی کردە سەر بنکەکانمانو ٢٥ کەس لە ئەندامەکانی بەرزی لیکودی کوشت. بەرێوەبەرایەتی لیکود کۆبوونەوەو پێشنیاری دەسکردنەوەو تۆلە هەستاندنەوەیان کرد. بێگین کە سەرکردەی ئەو حیزبە بوو دژی پیشنیارەکانیان دەوەستی. ئەو بە هاوبیرەکانی دەڵێ کە هەتا پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆ نابێ هیچ جولەکەیەک دژی ئەویتر بوەستێ. پاشان گەل بریار دەدا کە کێ بێتە سەر حوکم.**

**پاش پیکهاتنی ئیسرائیل لیکۆد هاتە سەر حوکمو ئیستاش یەکێکە لە دوو هێزی سەرەکی ئیسرائیل.**
**لە زروفی ئیستادا یەکێتی ناومالی کورد لە هەموو شتێک پێویستترە. تەنانەت پاراستنی ئەو یەکیتیە لە بەجێهینانی ئەرکی ئایینیش واجبترو موقەدەسترە.**
**بە خۆشیەوە لە دەرفەتی گونجاوی ئیستادا، دەسەلاتی هەریمو بەتایبەت سەرۆکی هەریم بە وشیاری هەم لە ئاستی نێونەتەوییداو هەم لە چوارچێوەی باشوری کوردستاندا هەنگاوی شیاو بەرەو گەیشتن بە ئامانج هەڵدەگرنو بەم هۆیەشەوە لە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە پشتگیری دەکرێن. بەلام بەداخەوە لە ناوخۆی باشووردا هێشتا هەن کەسانێک کە لە زورنای دوژمن دەتورێننو خەریکی گێرە شێوێنیو تێکدانی یەکریزیی ناوخۆیین. کە بە بڕوای من دەبێ بۆ کۆمەڵانی هەراوی نەتەوەی کورد لەقاو درێن.**

**من لەگەڵ ئەو بەرێزانەم کە بە ئاشکرا لە ناو حیزبەکانی خۆیاندا دەڵیین:**
**تێکدانی هاودەنگیی ناوخۆیی لە بەرەی کورددا خەیانەتە.**

**هیوادارم ئەوانەی بە چاوبەستراوی کەوتوونە شوێن راسپێردراوەکانی داگیرکەران چاو بکەنەوەو ناو ماڵی خۆیان بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی پاک کەنەوە. حیزبو هێزی سیاسی بۆ خزمەت بە نەتەووە گەل پێکدێ نەک بۆ سەروەری حیزب بەسەر نەتەوەدا!**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەلات تایمز - ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠١٤**

## ٥ خاڵی گرینگ لەبارەی داعش، کوردی عێراق، پەکەکە، تورکیا و ئەمەریکا



**ڕۆشەن چاکر**

کورد لە کاتی شەڕ و بەرخۆدان لە دژی هێزی داگیر کەر و هێرشبەر،بە شێوەیەک شەڕ دەکات کە لایەنی سەرکەوتوو هەمیشە پێش لە کۆتایی پێهاتنی شەڕیش دیارە و ئەوە ئاشکرایە کە داعش لەم مەیدانەدا سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت.

**کوردپرێس**: هاوپێوەند بە گۆڕانکاری و ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەکانی ئەم دواییەی عێراق و بە تایبەت ناوچە کوردنشینەکان و چالاکی هێزەکانی پێشمەرگە، پەکەکە و هێرشەکانی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام (داعش)، ڕۆشەن چاکر، شرۆڤەوانی بەناوبانگی تورکیا وتارێکی بڵاو کردۆتەوە.

**چاکر لە سەرەتادا نووسیویەتی**: با هەر لە دەستپێکەوە ڕاشکاوانە و ڕەپ و ڕاست بڵێم کە بۆ خۆم چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد کە داعش پاش سووریا لە عێراقیش بەم شێوەیە بەپەلە و دەستوبرد، هێرش بکاتە سەر کوردان و لە بەرانبەر ئەوان بەرەیەکی شەڕ بکاتەوە. بە ڕای من سەرکردەکانی هەرێمی کوردستانیش وەکوو من لە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنەکانی خۆیان تووشی هەڵە هاتن و نەیانتوانی ڕەفتاری داعش تاوتوێ بکەن. بەڵام پەکەکە لە هەمان یەکەم ڕۆژی پاش دەستبەسەر داگرتنی مووسڵ لەلایەن داعشەوە، پێشبینی ئەوەی کرد کە داعش هێرش دەکاتە سەر کوردەکان و لە هەوڵێکی هەماهەنگ لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانی چەندین جار لەسەر ئەم بابەتە هۆشدارییان دا. بەڵام کەس ئاوڕی ئەو هۆشدارییەی نەدایەوە. لە ڕاستیدا ڕەکابەری و ناکۆکییە ناوخۆییەکانی پارتە کوردییەکان ڕێگای کردەوە بۆ هێرشی دەستوبرد و بەپەلەی چەکدارانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

## بەشی یەکەم

ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە سەرکردەکانی داعش خاوەن عەقڵێکی باشی ستراتیژیکن، بەڵام بەوەشەوە نەیانتوانی دوو بابەتی گرینگ لەر بارەی کوردەکانەوە پێشبینی بکەن:

١- کوردەکان سەرەڕای هەبوونی ناکۆکی ناوخۆیی لە نێوان پارت و سەرکردەکانیان، بەڵام لە پرسە ستراتیژیکەکاندا هاودەنگ و هاوڕان و پاش چەشتنی گەلێک چەرمەسەری و زوڵم لە درێژایی ساڵان و دەیەکانی ڕابردوو، پشتی یەکتری لە بەرابەر داعش چۆڵ ناکەن و ئامادەش نین دەسهەڵگری خواست و ئاوات و ئارمانجەکانیان بن.

٢- کورد لە کاتی شەڕ و بەرخۆدان لە دژی هێزی داگیر کەر و هێرشبەر،،بە شێوەیەک شەڕ دەکات کە لایەنی سەرکەوتوو هەمیشە پێش لە کۆتایی پێهاتنی شەڕیش دیارە و ئەوە ئاشکرایە کە داعش لەم مەیدانەدا سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت.

### پەرەپێدانی خەلافەتی داعش لە هەرێمی کوردستان

با هەمیشە ئەم ڕاستییەمان لە بەرچاو بێت کە لە کوردستان ڕەوتێکی ئیسلامیخوازی بەهێز ڕیشەی داکوتاوە و پێگەی خۆی بەهێز کردووە و جگە لەوەش لە تورکیا، عێراق و سووریا زەمینەیەکی جیددی هەیە بۆ سەرهەڵدان و پەرەگرتنی گرووپی هاوشێوەی ئەلقاعیدە بەڵام لەم بوارەش هەندێ جیاوازی بەدی دەکرێت. بۆ نموونە لە حاڵێکدا لە نێو چەکدارانی داعشی سووریا ژمارەیەکی کەمی کوردی سووریا دەبیندرێت بەڵام ژمارەی کوردانی خەڵکی تورکیا و عێراق لە ڕیزەکانی داعش کەم نییە. هاوکات دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێت کە داعش لە باشووری عێراق و لە نێو شیعەکاندا هیچ ڕێگایەکی نییە بۆ بەرەوپێشچوون و چالاکی. بە چاوخشاندنێکی کورت لەسەر بابەتەکان دەمەوێ زۆر ئاشکرا بڵێم کە داعش لە کوردستان ڕێگای هەیە بۆ ڕیشە داکوتان و خۆخزاندنە نێو هەرێمەکە و ئەگەر سەرکردەکانی داعش هەوڵ بدەن بازنەی خەلافەتە ئیسلامییەکەی خۆیان بۆ کوردستان بڵاو بکەنەوە، ئەوا نابێت کەس سەری لەم ڕووداوە سوور بمێنێت، چونکوو پێشتر دەرفەت و زەمینە بۆ ئەو ڕوانگە ئیسلامییە ڕەخساوە.

### کورد هاوپەیمان و هاوڕای بەنرخی واشنتۆن

ئەو کاتەی کە فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمەریکا لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوو بە ئامانجی بەرەڤانی کردنی کوردەکان و پاراستنی هەولێر بە ئاسمانی ناوچەکەدا سووڕانەوە، دیمەنی ڕووداوەکانی ١١ ساڵ پێش ئێستام دێتەوە بەرچاو. لە ساڵی ٢٠٠٣ و ئەو کاتەی کە ئەمەریکا وڵاتی عێراقی داگیر کردبوو و گرووپێکی توندڕەوی ئیسلامیخوازی سەر بە ئەلقاعیدە بە ناوی ئەنسارولئیسلام، دەستی بە سەر ناوچەکانی هەڵەبجە و سنووری نێوان ئێران و هەرێم داگرتبوو و مام جەلال سکرتێری

## بەشی یەکەم

گشتیی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان داوای یارمەتی لە ئەمەریکا کرد و خوازیاری بۆردوومان کردنی ئەو هێزانە بوو لەلایەن ئەمەریکاوە. ئێستەش هەمان ڕووداو دووپات بۆتەوە و ئەو ئەمەریکایەی کە پاش دەست بە سەر داگرتنی مووسڵ دەستێوەردانی ڕووداوەکانی نەکرد، لەپێناو بەرەڤانی کردنی کوردەکان فڕۆکەکانی خۆی ڕەوانە کرد و ئەمەش دەریدەخات کە کورد یەکێکە لە گرینگترین و بە نرخترین هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا لە عێراق.

### هێزی بەرەڤانی کردنی کوردەکان لە عێراق

بەجێهێشتنی شەنگال و مەخموور لەلایەن هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، ڕووداوەکانی مووسڵ و هەڵهاتنی سوپای عێراقی وەبیر هێنایەوە و هەموویانی تووشی سەرسووڕمان کرد. بە دووری دەزانم چەکی قورس و پێشکەوتووی داعش تاکە هۆکاری هەڵهاتنی هێزی پێشمەرگە بووبێت، لەوانەیە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان تووشی کەموکورتی زۆرە لە ئامادە کردنی باری دەروونی پێشمەرگەکان و پڕچەک کردنیان و هەروەها قەناعەت پێهێنانی ئەو هێزانە بۆ خۆڕاگری لە هەلومەرجە دژوارەکان و ئەمەش گەلێک هۆکاری لە پشتەوەیە. من لەم هەلومەرجە بەس دەتوانم بڵێم کە سەرکردەکانی داعش لە هەڵسەنگاندنی هەلومەرج و دۆخی کوردەکان بە وردبینییەوە سەرجەم لایەنەکانیان لە بەرچاو گرتووە و توانیویانە خاڵە لاوازەکان بدۆزنەوە.

### دەستپێشخەری پەکەکە

بۆچی پەکەکە چەند مانگ پێش ئێستا ئامادەیی خۆی بۆ شەڕی داعش ڕاگەیاند؟ پێشتریش و لە وتارێکی دیکە باسی ئەم پرسیارەم کردبوو و بە چڕی لێکدانەوەی خۆم خستە ڕوو لەمبارەوە. پەکەکە پاش شەڕی کەنداوی فارس هەمیشە هێزێکی گرینگ و کاریگەر بووە کە لە هەلومەرجە جیاوازەکاندا و ڕووداوە جیاکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، بەرژەوەندی نوێ بۆ خۆی مسۆگەر کردووە و توانیویەتی هەلومەرجەکە بۆ سوودی خۆی بقۆزێتەوە. لە قەیرانی سووریا و نائارامییەکانی عێراقیش پەکەکە هەوڵی داوە هەموو هەلومەرجەکان بە دروستی بە کار بێنێت و دەسەڵاتی خۆی پەرەپێبدات. بەڵام هێشتاش دیار نییە کە لە ئەنجامی تێکەڵ بوونی پەکەکە لە شەڕی دژی داعش لە عێراق چی ڕوو ئەدات و ئاکامی ئەم شەڕە بە چ ئاقارێکدا دەڕوات؟ چونکوو لە هەلومەرجێکی وا کە تەنانەت حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە بەرپرسیارێتی تەواوی شەڕی دژی داعش لە ئەستۆ بگرێت، ئەوا ئەرکی پەکەکەش ئاسان نابێت. جگە لەوەش هەندێ دەسەڵات و لایەنی ناوچەکە نایانهەوێ کە پەکەکە وەکوو هێزێک کە لە سووریا و تورکیا بۆتە خاوەن دەسەڵاتێکی تایبەت بە خۆی، لە عێراقیشدا ببێتە خاوەن نفووز و کاریگەری و یەک لەو دەسەڵاتانەی کە نایهەوێ پەکەکە ببێتە خاوەن پێگەیەکی لەم جۆرە لە عێراق، حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقە، واتا هەولێر.

## ئەگەری کاردانەوەی ئەنقەرە

ڕەنگە ئەوەتان لە بیر بێت کە دوو ساڵ پێش ئێستا لە سنوورەکانی نێوان تورکیا و سووریا هەندێ بنکەکانی پارتی یەکێتی دیموکراتی کوردی سووریا (PYD) کە بە پارتێکی سەر بە پەکەکە دادەنرێت، ئاڵاکانی خۆیان و وێنەکانی ئۆجەلانیان هەڵکرد و ئەمەش کاردانەوەی توندی ئەنقەرەی لێکەوتەوە و تەنانەت ڕەجەب تەییب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە لێدوانی تەلەفزیۆنی بۆ خەڵکی تورکیا پێوەست بەو بابەتە وتی: تورکیا چاوپۆشی ناکات لە هەندێ کردەوەی دیفاکتۆ و هەر کردەوەیەک کە ببێتە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەمان، ئەوا کاردانەوەی تورکیای بەدواوە دەبێت.

ئەردۆغان دواتر هەڵوێستی توندتریشی نواند و ڕاشکاوانە جەختی کرد کە هەر پێکهاتەیەک لەلایەن کوردی سووریا دابمەزرێت لەلایەن ئەنقەرەوە بە دامەزراوەیەکی تیرۆریستی دێتە ئەژمار و بۆیە بە مافی خۆی دەزانێت هێرشی بکاتە سەر.

سەیر ئەوەیە کە تورکیا هەرگیز لە بەرانبەر کردەوەکانی داعش لە عێراق و سووریا هەڵوێستی توندی لەم جۆرەی نەنواندووە بەڵام ئێستا ڕەوشەکە گۆڕانی بە سەردا هاتووە و هەلومەرجی ئێستا یەکسەر جیاوازە لەوەی پێشوو چونکوو داعش نەک هەر چنگی خستۆتە سەر ناوچەکانی سوننەکان بەڵکوو هەڕەشە دەکات لە هەرێمی کوردستان واتا هاوپەیمانی نێزیکی تورکیا و ئەگەر لەم هەلومەرجەدا پەکەکە لە عێراق و سووریا دەورێکی گرینگ و جیددی بگێڕێت بۆ لە ناو بردنی بەڵای داعش، ئەوا ئەنجام و دەستکەوتەکانی ئەم کردەوەیە دەبێتە جێ نیگەرانی تورکیا. بۆیە ئەگەرێکی دوور نابێت ئەگەر حکوومەتی پارتی داد و گەشەپێدان بە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی وردبینانەی لەم هەلومەرجە، گۆڕانکارییە خێراکان پێش بینی ئەگەری ڕوودانی شەڕەکانی داهاتوو بکات و هەڵوێستی سیاسی نوێ بگرێتەبەر. هەڵبەت لەم قۆناغە ناسکە کە ٤٩ دیپلۆمات و کارمەندانی کۆنسوولخانەی تورکیا لە مووسڵ بە خێزانەکانیانەوە دیلی دەستی داعشن، ناتوانێت بە گوێرەی دڵخواز و خواستی خۆی مامڵەیان بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کورد پرێس - ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆشتی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## دووبارە بوونەوەی ٣١ی ئاب بەشێوەیەکی کۆمیک



عامر گوڵی

خەیاڵی ١؛ داعش وەکوو ئەمری خەیاڵی: کاتێک داعش لە پڕا لە نێوەڕاستی عراق دا وەکوو خاڵێکی رەش گەشەی دەکرد، تەواوی هێزە ناوخۆیی و دەرەکییەکان ئاگاداری پێشینەی داعش لە سووریە بوون. لەبەر ئەوەی ئەمریکا و زلهێزەکان هیچ کاردانەوەیەکیان لە ئاست ئەم گرووپە نەبوو، هێزەکانی ناوچە دەستیان کرد بە تاشینی پێناسەیەکی نوێ بۆ ئەم گرووپە بە ئارەزوو و حەزی خۆیان بۆ قۆستنەوەی ئاوات و ئامانجەکانیان. داعش وەکوو گرووپێک کە ئامانجە گشتییەکانی دیار نیە، وەک هێزێک کە دژی بەشێک لە وڵاتانی دەورووبەری شەڕ دەکات و هەروەها بە هۆی روون نەبوونی هاوپەیمانیی سیاسی و سەربازیی، وەکوو دێوەزمەیەک دەهاتە بەر چاو کە کەس نەیدەزانی دەبێ چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکا. هەر بۆیەش بەشێک لە هێزە کوردیەکان لەو رووەوە کە هاوپەیمانی تورکیا بوون و دەشیانزانی کە پێشتر داعش لە لایەن تورکیاوە بە شێوەیەکی تەمومژاوی پاڵپشتی و ئاراستە کراوە، پێیان وابوو کە ئەم گرووپە هێرش ناکاتە سەر هەرێم و لە سنووری کوردستان دەوەستێتەوە. لەم روانگەیەوە وەستانەوەی پێشمەرگە وەکوو هێزێک کە تەنها بەرگری دەکات و بەربە پێشڕەویی داعش دەگرێت، واتایەکی سیاسی تایبەتی هەڵ دەگرت. "مادام داعش هێرشمان نەکاتە سەر هێرشی ناکەینە سەر"، سیاسەتمەدارانی هەرێم وایان دەوت، بەڵام ئەمە بێلایەنی نەبوو، هەرێمی کوردستان و زۆنی داعش بەم شێوە سیاسەت و کاردانەوەیە کە بەرانبەر بە یەک هەیانبوو وەکوو دوانەیەک کە تەواوکەری یەک بوون هاتنە بەرچاو، دوانەیەک کە چێژیان لەیەک وەردەگرت. تەواوکەر بەو مانایە کە هەریم زەخت ناکاتە سەر داعش، چونکە بە نیابەتی هەرێم خەریک بوو هێرشێکی قورسی دەکردە سەر حکوومەتی ناوەندی عەراق و ئەمەش سەرخۆشییەکی لەڕادەبەدەری بەخشییە سیاسەتمەدارانی کوردستان، چوونکە لەمێژ بوو پەیوەندیی حکوومەتی عەراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان شڵەژابوو. لە راستیدا داعش "ئەمری واقع" بوو، ئەو "شت"ەی کە ملکەچی هێمایین کردن نابێ یان ناتوانین هێماییني بکەین. ئەو



سەرچاوە
Serchawe

گرووپەی کە مولتەزیم بە هیچ نیە و کەس نازانێ دەبێ چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکات. هەرێمی کوردستان بە هاوکاری ڕاگەیاندنەکانی بەشێوەیەکی خەیاڵی پێناسەی بۆ داعش داتاشی؛ گرووپێک کە نەک هەڕەشە نەبوو بەڵکوو دەبوو بەخێر و مادەی ١٤٠یشی جێبەجێ دەکرد!

**هێمایین ٤:** ناساندنەوە و هێمایین کردنی داعش وەک دەوڵەتی ئیسلامی: دوای هێرشی بەربڵاوی داعش بۆ مووسڵ و سەرخۆشیی هەرێمی کوردستان لە جێبەجێ بوونی کاتیی مادەی ١٤٠، ئیتر سیاسەتمەدارانی هەرێم دەستیان کرد بە بەدەستەوەدانی خواستەکانی داعش لەڕێی میدیاکانی هەرێمەوە، ئیتر پێیان وابوو کە بەتەواوەتی هاوسەنگی هێز درووست بووە و دەتوانن مامەڵە بکەن بەم بارودۆخەوە، هەر بۆیەش بانگەشەی سەربەخۆیی کوردستان دەستی پێکرد و عەراق بە شێوەیەکی کرداری بوو بە سێ پارچە. ئەمە هەوڵێک بوو بۆ کۆکردنەوەی بارووددۆخە شێواوەکە و بەدەستەوەدانی نەزمێکی تازە بوو. ئیتر داعش بوو بە دەوڵەتی ئیسلامی و هەڕەشەیەکی ترسناک نەبوو بۆ هەرێم. ڕاگەیاندنەکانیش وەک بڵێی جۆرە ئینسانێکی عەجیبیان لە مەنزوومەیەکی تازەدا کەشف کردووە جارجار وێنەی "چەکدارانی" داعشیان نیشان دەدا کە لەگەڵ پێشمەرگەدا قسەیان دەکرد. وەک بڵێی خەریک بوون بە خەڵک بڵێن ئەوەتا ببینن ئەوانەش مرۆڤن و بەو شێوەیە نین کە باسیان دەکرێت. هێواش هێواش داعش بوو بە شتێکی کۆنکرێتی لەبەر دەست، بە ئامانجی دیاری کراو کە سیاسەتیشی لەگەڵ دەکرێت.

**ئەمری واقع ٤:** خەلافەتی ئیسلامی وەکوو ئەمری واقع: یەکەم هێرشی بەربڵاوی داعش بۆ سەر مووسڵ تێکڕا بەتەواوەتی هاوسەنگی سیاسی و سەربازیی گۆڕی. گەشە کردنی زۆر خێرای ئەم گرووپە و دەرکەوتنی چەکدارەکانی وەکوو خوێنڕێژ و سەربڕ، فیلمە هالیوودیەکانمان دەخاتەو بیر کە چۆن جۆرە بوونەوەرێکی وەکوو ئینسان کە لە ڕواڵەت دا شتێکی زۆر ناشیرین و ترسناکە بەبێ ڕەچاو کردنی بارودۆخی دەوروبەری هێرش دەکاتە سەر هەموو شتێک و وێران و کاولی دەدات. جیهادیستەکانی داعش "زامبییەکی٢" بەتەواو مەعنان کە تەنها بوونەوەرێکن وەکوو ئینسان و توخمی شارستانییەتیان پێوە دیار نیە. زیندیوون کە چی پێش پێش مردوون، لەڕواڵەت و کردەوەدا "شت"ێکی زۆر سەیر و سەمەرەن کە کەس نازانێ دەبێ چۆناوچۆن وێنایان بکات؛ هەر وەک داعش خۆی. بەڵام ئەوەی کە پاش داگیرکردنی مووسڵ ڕووی دا بارووددۆخەکەی گەیاندە ئەم ئاقارەی ئێستا. سیاسەتمەدارانی هەرێم بەبێ ئەوەی سەیری مێژووی ئەو گرووپە بکەن دەستیان دایە وێنا و هێمایین کردنی ئەو گرووپە. وەک بڵێی ئامانجی سیاسی و سەربازیی داعش ڕوونە و بەگشتی دژی هەرێمی کوردستان نیە. بوو بە فریشتەی جێبەجێکەری مادەی ١٤٠ و فریشتەی سەربەخۆیی.

ئەم شێوە ناساندنەوەی داعش بە خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە سەرچاوەی ئەو ترسە بوو کە پاش هێرشی داعش بۆ



سەرچاوە
Serchawe

شەنگال درووست بوو. هێرش بۆ شەنگال هەموو هەوڵەکانی سیاسەتمەداران و لە سەرووی هەموویانەوە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لە بار برد کە دەیانەویست وێنایەکی پوختی داعش بخەنە بەر دەست بۆ سیاسەت و بەدەست هێنانی ئامانجەکانیان. بە هێرشی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ سەر کوردستان وێنای درووستکاروی هەرێمی کوردستان لە داعش رووخا، خەڵک و پێشمەرگە کەوتنەوە بیری زامبییە سەربڕەکان کە لە هیچ ناترسن و لەبناگوێیاندان و خەریکە هەموو شت داگیر و کاول بکەن. پێشمەرگە پاشەکشەی کرد و خەڵک ئاوارە بوون، کوژران، سەریان لێکرایەوە و رفێندران. سەرچاوەی ئەم ترسە هەمان نزیک بوونەوەیە لە "ئەمری واقع" کە لاکان پێناسەی دەکات. نزیک بونەوە لەو "شت"ەی کە خۆی ناداتە دەستەوە بۆ ناساندن یان هێماییین بوون. داعش وەکوو ئەو چوار گۆشە رەشەیە کە لە وێنەکانی "رۆتکۆ"ی شێوەکار دەردەکەوێ. ئەو چوار گۆشەیە کە بەرەبەرە لە وێنە تازەکانیدا گەورە بوویەوە تا ئەو کاتەی رەشایی تەواوی دوایین وێنەکەی و خۆشی گرتەوە. ژیژەک دەڵێ نزیکی زیاد لە حەدی رۆتکۆ لە ئەمری واقع وای کرد کە خۆی بکوژێت.

ئەگەر سەیری شێوازی سیاسەتی رۆژئاوای کوردستان بەرانبەر بە داعش بکەیەن، دەبینین ئەوان وێنایەکی تایبەتی خۆیان هەیە لە داعش؛ داعش گرووپێکی پێک هاتووە لە هەزاران چەتە. هەرچەند لەوانەیە چەتەش گوزارشت لەو گرووپە نەکات بەڵام هەر ئەم پێناسەیە فاکتەرێکی گرینگە بۆ ئەوەی خەڵکی رۆژئاوا بتوانن بە درووستی بەرپەرچی بدەنەوە. دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەوانیش تەنها دوابەدوای رووداوە دڵتەزێنەکانی رۆژئاوا بوو کە توانیان وەک چەتە پێناسەیان بکەن و بەرپەرچیان بدەنەوە.

لەم روانگەیەوە شکستی هەرێمی کوردستان نەک شکستێکی سەربازی، بەڵکوو سەرەتا شکستێکە لە وێناکردن و هێماییین کردنی داعش، هەوڵێکی شکستخواردوو لە ناساندنەوەی داعش کە دواجار هەرێمی کوردستانی تووشی رووداوێکی ترۆماتیک کرد. تەنها لەمەو بەدواوە خەڵک دەتوانێت داعش وەکوو ئەزموونێکی ترسناک بۆ خۆی وێنا بکات.

مارکس دەڵێ مێژوو دووجار روو دەدات، جارێکیان تراژیک و دووهەم جار کۆمیک. سیاسەتی پارتی دیموکراتی کورستان، وەک کەڵک وەرگرتن لە هێزی دەرەکی بۆ ئامانجە ناوەخۆییەکان، بۆ دووەم جار رووی دا. یەکەم جار لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ بوو کە سوپای بەعسی بۆ راوەنانی یەکێتی نیشتیمانی هێنایە هەولێر؛ تراژیک بوو چوونکە پشتی بە هێزێک بەست کە کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجەی قەوماندبوو. دووەم جار کاتێک رووی دا کە داعشی کردە کوڵەکەی سیاسەتی خۆی. کۆمیک بوو چوونکە داعشێک کە وەک فریشتەی سەربەخۆیی و جێبەجێکەری مادەی ١٤٠ پیشان درا کە چی کەوتە گیانی خەڵکی کوردستان و پارتیش لە رووی سیاسییەوە شکا و رووتایەوە. وەک ژیژەک دەڵێ هەمیشە دیوە کۆمیکەکەی مێژوو لە دیوە تراژیکەکەی تراژیکترە! رووداوەکانی پاش ٢ی ئابی ٢٠١٤ بە دڵنیاییەوە تراژیکترە لە رووداوەکانی پاش ٣١ی ئابی ١٩٩٦.



سەرچاوە
Serchawe

١- گرێی بورومییێن(Borromean Rings): گرێی بورومییێن لە دەرروونشیکاریی لاکان دا زنجیرەیەکە پێکهاتوو لە سێ ئاڵقە، هەرکام لەم ئاڵقانە ئەگەر هەڵوەشێنەوە زنجیرەکەش بە تەواوەتی هەڵدەوەشێتەوە؛ ئاڵقەکانی ئەم زنجیرەیە ئەمری خەیاڵی، ئەمری هێماییین و ئەمری واقعیە و پێکەوە پێکهاتەی دەروونی مرۆڤ پێک دێنن.

٢- رۆتکۆ: شێوەکاری رووسی،

٣- زامبی: ئەو زیندووە مردووانەن کە لە فیلمە هالیڤوودییاکاندا هێرش دەکەنە سەر هەموو کەس و هەرکەس کەوتە بەر پەلاماریان یان دەمرێ یان دەبێتە زامبی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ - رێکەوتی: ١٥ی ئاگۆستی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## هەڕەشەی تیرۆریزمی فوندامێنتالیزمی ئیسلامی و ژێنۆسایدی نەتەوەی کورد.



لوقمان زەهرایی

لە ماوەی یەک مانگی رابردوو و لە دوای هێرشی چەکدارانی گروپی ئیسلامگەرای تیرۆریستی "داعش" وگرتنی شاری موسل وچەند شاری دیکە عێراق، ئەو وڵاتەی تووشی شێواوی و ئاڵۆزێکی یەکجار سەخت کردووە.

دوای دەست بە سەر داگرتنی شاری موسل لە لایەن گروپی "داعش" دوو رێگا زیاتر لە بەردەم مەسیحییەکانی ئەو شارە نەمایەوە یان هاتنە سەر دینی ئیسلام و موسولمان بوون و یان کویلەتی ومردن قەبول کردن. لە ئاکامی ئەو سیاسەتە نائینسانی وبێ ئەخلاقانەی "داعش" دا بە هەزاران مەسیحی بۆ ڕزگار کردنی گیانیان پەنایان بۆ باشوری کوردستان هێنا. گەردەلوولی ڕەش و مەرگ هێنەری "داعش" ئەو جار ڕووی لە ناوچەکانی شنگال وشێخان و زەممار و ڕەبیعە کرد وبە هەزاران کوردی ئیزیدی لە ژێر زەخت و گوشاری شەڕی داسەپاو بە سەرییاندا ناچار کران پەنا بۆ چیای شنگال بەرن و لە ئاکامی ئەو کۆڕەوە بە دەیان مندال وژن و پیر وپەکەوتوو لە برسان ولە تینوێتیان گیانیان لە دەست دا. هەروەها بە سەدان کەس لە ژن وپیاوی ئیزیدی بە بارمتە گیراون و ژومارەیەکی زۆریشیان لێ کوژراوە و بە دەیان کچی ئێزیدی دەست درێژی بۆ سەر ناموسیان کراوە و بە دەیانیان وەکوو کویلەی شەڕ لە بازاری موسل فرۆشراون. کارەسەتێکی مرۆیی یەکجار دڵتەزین وخەمهێنەر کە درێژ کەرەوەی سیاسەتی ئەنفال وهەڵەبجەن کە بەعسیەکان لە دژی نەتەوەی کورد کردیان. ژینۆسایدی بە ئاشکرای نەتەوەیەک بە تاوانی کورد بوون و ئیزیدی بوون.

چەکدارانی گروپی تیرۆریستی "داعش" کە ڕەش پوشن وئالای ڕەشیان پێیە بە نێوی خودا و پێغەمبەر وئیسلام و قورعان سەری ئینسانە بێدیفاعەکان وەکوو مریشک دەبڕن و بە شانازییەوە کردەوە چەپەڵەکانی خۆیان کە مۆرکی ئاینی وئاسمانی

## بەشی یەکەم

پێوەیە وبە ئیسلامی راستەقینە پێناسەی بۆ دەکەن لە سەر تۆرە کۆمەڵایەتیەکانی وەکوو "تویتێر وفەیس بووک" و مالپەرەکانی سەر بە خۆیان بە شێوەیەکی بەربڵاو بڵاو کردۆتەوە وبەو جۆرە دڕەندەیی و وەحشیگەری خۆیان نیشانی خەڵکانی دونیا دەدەن وترس و دڵەڕاوکەی زۆریان خستۆتە نێو دڵی خەڵکی عێراق وناوچەکەوە.

بە دوای پەلاماری دڕندەکانی "داعش" بۆ سەر شنگال وئاوارە بوونی بە دەیان هەزار کوردی ئیزیدی وپەنا بردیان بۆچیای شنگال وعاسێ بونیان ونەبوونی ڕێگای دەربازبوونیان بۆ ماوەی پتر لە یەک حەفتە، لافاوی هاوخەمی وهاودەردی هەموو کوردستانی گەورەی گرتۆتەوە و کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان و دەرەوەش بە هەموو ڕێگاکەوە لە هەولی ئەوە دابوون کە هاوکاری لێقەوماوەکان بکەن کە بە هاوخوێن وهاوڕەگەز وخوشک و برای خۆیان دەزانن وبەو بۆنەوە کەمپەینی کۆکردنەوە خۆراک وجل وبەرگ وپێداویستیەکانی ئاوارەکان لە دەیان شارو شارۆچکەی باشور و باکور و ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای کوردستان وەڕێخراون. هێزە سیاسیەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ئامادەیی خۆیان بۆ ناردنی پێشمەرگە و گریلاکانیان دەربریەوە وهیندێکیان بە کردوە بەشدارن وهیندیکیشیان دوای ماوەیەکی کورت ڕێگایان پێنەدان کە پێشمەرگەکانیان بەشداری شەڕەکە بن و لە ژێر گوشار و هەڕەشەی کۆماری سێدارە هێزەکانیان ڕەوانەی بنکەکانیان کردونەتەوە.

پەلاماری چەکدارانی "داعش" بۆ سەر شارو ناوچەکانی کوردنشینی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە سەر بە پارێزگای نەینەوان و شاری موسل ناوەندی ئەو پارێزگایەیە و مەترسی پێشوەچوونی چەکدارانی "داعش" بەرەو باشوری کوردستان و نەمان ودارمانی سپای عێراق و نەبوونی حکومەتێکی بە هێز لە بەغدا بۆ دژایەتی "داعش" و بەرگری قارەمانانەی پێشمەرگەکانی کوردستان بوو بە هۆی بە دەنگ هاتنەوەی ئامریکا و فەرانسە وئیتالیا وئالمان وبریتانیا وچەندین وڵاتی دیکەی ئوروپا وئوسترالیا وکانادا. قازانج و بەرژەوەندی ئەو وڵاتانە لە پاراستنی هەرێمی کوردستانە کە تەنیا شوینی ئارامی عێراقە و تەنیا قەڵای لە شکان نەهاتووی عێراقە کە لە هەمبەر پەلاماری "داعش" دا راوەستاوە و لە هەمانکاتدا بۆتە جێگای حاوانەوە و پەنادانی بە هەزاران کوردی ئیزیدی ومەسیحی وعەرەبی سووننە وشیعەش. لە تازەترین هەولی نێونەتەوەیی دا، وڵاتانی ئەندامی شورای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتۆکان بە کۆی دەنگ لە سەر ئەوە ڕێککەوتن کە "داعش" دەبێ چەک بکرێ و هەڵبوەشێتەوە و نەمێنێ وتەنەتات ٦ کەس لە بەرپرسانی باڵای "داعش" و "بەرەی نوسرە " کەوتونەتە نێو لیستی ڕەش.

چەندین هۆکاری سەرەکی هەن کە ئامریکا وچەندین وڵاتی زل هێزی دیکەی ئوروپایی وئوسترالیا و کانادای لە دەوری یەکتر کۆکردۆتەوە و ئامادە بوون کە چەک وچۆل بدەن بە باشوری کوردستان وپشتگری سیاسی وسەربازی وئینسانی بکەن.



سەرچاوە
Serchawe

پێویستە لە چەند رەهەندەوەش شەڕ فرۆشی "داعش" و پەلاماردانی باشوری کوردستان و ناوچەکانی دەرەوەی ژێر حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سەر قازانج وبەرژەوەندی وزەرەری وڵاتانی ناوچەکەش بە تایبەت بۆ ئێران وتورکیە وعەرەبستانی سعودی وسوریە کە جیرانی عێراقن شرۆڤە بکرێ.

**بەرژەوەندییەکانی ئامریکا وهاوپەیمانانی بۆ پاراستنی باشوری کوردستان لە دژی پەلاماری "داعش" وپشتگیری سیاسی و سەربازییان دەکرێ لە چەند خاڵ دا باس بکرێ.**

**یەکەم؛** پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و رێگر بوون لەوەی کورد بیهەوێ لەو وڵاتە جیابێتەوە و بۆ ئەو مەبەستەش کوردیان هان داوە کە لە بەغدا دوورنەکەوێتەوە و وێرای شیعە وسووننە هەوڵ بدەن حکومەتێکی بە قەولی خۆیان "نیشتمانی" دروست بکەن کە هەموو پێکهاتەکان عێراق لە خۆ بگرێ. بەرگریکردن وپشتگری نەکردن لە پرسی راپرسی هەرێمی کوردستان بۆ یەکلاکردنەوە چارەنووسی خۆی، پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەولاتانی داگیرکەری کوردستان و وڵاتانی عەرەبی سووننەی ناوچەکەی تێدایە کە دژی دروست بوونی دەولەتی کوردین.

**دووهەم؛** پاراستنی یەکپارچەیی عێراق بە هۆی دەولەمەند بوونی بە نەوت وگاز ولە ئەگەری بەردەوامی شەڕی ناوخۆیی وبە هێزتر بوونی پتری "داعش" هەناردەکردنی نەوت وگازی عێراق رابوەستێ وئەوەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە نرخی نەوت و گاز بە هۆی راوەستان وهەناردەنەکردنی بۆ بازارەکانی دونیا بچێتە سەر و شیرکەتە گەورە نەوتیەکان وکارتێلەکانی فرۆشیاری نەوت وگاز تووشی زەرە وخەسارەتی گەورە بن وئەوەش راستەوخۆکاریگەری دەبێ لە سەر نرخی گاز وبێنزین لە ئوروپا و ئامریکا وهاووڵاتیانی ئەو وڵاتانە دەکەونە ژێر زەخت ودەکرێ ببێتە هۆی نارازی بونیشیان.

**سێهەم؛** بە هێزبوونی گروپە ئیسلامیە رادیکالەکان لە عێراق و سوریە وناوچەکە دا وهەوڵدانیان بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەلات لە وڵاتانی ناوچەکەدا لە رێگای شەڕ وتوندتیژییەوە وئەوەش زەنگی خەتەرێکی گەورەیە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئامریکا و ئیسرائیل وهاوپەیمانیان. دەسەڵاتی رەشی تالیبان وئەلقاعیدە لە ئەفغانستان کە لە رێگای شەڕەوە بە دەسەڵات گەیشتن، بیرەوەرێکی زۆر تاڵی بۆ رۆژئاوا بە گشتی وبۆ ئامریکا بە تایبەتی هەیە کە کارەساتی ١١ی سپیتامبری ٢٠٠١ی لێکەوتەوە.

**چوارەم؛** پەرەگرتن وتەشەنەکردنی هەرچی زیاتری شەڕی ئاینی لە ناوچەکە دا. لە لایەک لە نێوان سووننە وشیعە دا و لە لایەکی دیکەوە لە نێوان گروپە ئیسلامیە رادیکالەکان ومەسیحیەکانی ناوچەکەدا. ئامریکا بۆ کۆنترۆل کردنی ناوچەکە



سەرچاوە Serchawe

هەموو کات هەوڵی داوە بالانسێک لە نێوان شیعە وسووننە ڕابگرێ وکارێکی وانەکا کە لایەک لە لایەکی دیکە بەهێزتر بێ و لایەک بە سەر لایەکی دیکەدا سەرکەوێ. ئەوەی لە سوریە وعێراق لە پەیوەندی بە سیاسەتەکانی ئامریکا ڕوویدا دەرخەری ئەو ڕاستیەن و ئامریکا ماوەی ٨ ساڵ پشتی حکومەتی مالکی گرت و لە ٢٠١١ بە کشاندنەوەی تەواوی هێزەکانی بە کردوە عێراقی بۆ کۆماری ئیسلامی چۆل کرد و دوو دەستی ئەو وڵاتەی تەحویلی مەلاکانی ئێران دا. سیاسەتەکانی نوری مالکی لە دوای چونەدەرەوەی هێزەکانی ئامریکا بە پشتیوانی ڕێژیمی ئیسلامی ئیران بە ئاشکرا لە دژی کوردەکانی باشور وعەرەبە سووننەکان و باقی ئاین وگروپە ئێتینیکیەکانی ئەو ولاتە بووە وهەر ئەوەش بوو بە بەهانەیەک کە سەرهەڵدانی سووننەکانی لێبکەوێتەوە.

لە ڕاستیدا سیاسەکانی ئامریکا لە عێراق شکستی هێنا و سەرەرای بە کوشت دانی چەند هەزار سەرباز وبریندار بوونی بە سەدانی دیکە وخەرجکردنی بە دەیان میلیارد دۆلار، ئەو وڵاتە بۆ ئامریکا خێری نەدایەوە وبراوەی سەرەکی کۆماری سێدارەی ئیسلامی ئێران بوو کە ڕۆلی سەرەکی لە دروست کردنی شەڕی ناوخۆیی نێوان سووننە وشیعەکان وکێشە سیاسیەکانی نێوان هەولێر و بەغدا داهەبووە.

لە سوریەش بە هەمان شێوە، سیاسەتەکانی ئامریکا لە هەمبەر روسیە و کۆماری سێدارە شکستی هێنا و دوای ٣ ساڵ بە سەر قەیرانی سوریە دا دەبینین کە ڕێژیمی بەشار ئەسەد هەر لە سەر دەسەلاتە وئاکامی ئەو سیاسەتە هەڵانەش بوو بە هۆی ئەوەی کە گروپێکی ئینسانکوژ و تێرۆریستی وەکوو "داعش" لە سوریە سەرهەڵبدا و دواتریش پەلبهاوێ بۆ عێراق.

## بە هێز بوونی "داعش" و قازانج و زەرەرەکانی بۆ کوردی باشور و وڵاتانی دراوسێ

وڵاتانی ئێران و سوریە و تورکیە وعەرەبستانی سعودی لە گەڵ عێراق سنوری هاوبەش و دوورودرێژیان هەیە، بە هۆی سیاسەتەکانی "داعش" وە هەم قازانج دەکەن وهەمیش زەرەرمەند دەبن. لە چەند ڕەهەندەوە دەکرێ ئەو مەسەلە شرۆڤە بکرێ.

### یەکەم، ڕەهەندی ئاینی

لە دوای شۆرشی ١٣٥٧ی هەتاوی، ١٩٧٩ی زایینی لە ئێران وهاتنە سەر دەسەلاتی حکومەتیکی شیعە لە بناگوێ عەرەبستانی سعودی کە خۆی بە ڕێبەری جیهانی ئیسلامی دەزانێ، کێشەی سووننە وشیعە زۆر زیاتر لە پێشوو پەرەی ئەستاندووە و هەر دوک وڵات هەولیان داوە کە جێگە وپێگەی خۆیان لە ناوچەکە ولە جیهانی ئیسلامی دا پتەو و بەهێز

بکەن. کۆماری شیعەی ئیسلامی ئێران لە سەرەتاوە لە بیری پەرەپێدانی بیروکەی توندرەوانەی شیعە لە ناوچەکەدا بووە و دروشمیان "ڕێگای قودس لە کەربەلاوە تێپەڕ دەبێ" بووە وماوەی ٣٥ ساڵە بەردەوام لە هەوڵی پەرەپێدانی شیعیسمن لە ناوچەکە دا وبە چەندین گروپی شیعە وسوونەی ناوچەکەیان بە پارە و چەک و چۆڵ پشتگری کردووە و حیزبولای لوبنان و حەماس و جیهادی ئیسلامی فەلەستین و یارمەتی دانی شیعەکانی بەحرەین و ئیمارات ودروست کردنی سپای بەدر وپشتگری لە گروپە شیعەکانی عێراق و پاراستنی ڕژێمی بەشار ئەسەد نموونەی ئەو هەوڵانەی کۆماری ئیسلامی ئێرانن. لایەنی سعودیش بێکار دانیشتووە وهەوڵی داوە لە بەرامبەر سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی پشتی ولاتانی عەرەبی ناوچەکە بگرێ کە سوونەکان دەسەلاتدارن و بە پشتگری گروپ گەلی وەکوو تالیبانی ئەفغانستان وگروپە جیهادییەکانی سوونە مەزهەب لە ناوچەکە و یەک لەوان لە سوریە دا پاشەکشە بە شیعە بکا. کەوابوو "داعش" کە گروپێکی سوونە مەزهەبە ودژی شیعەکانە، دەتوانێ پتر خزمەت بە سیاسەتەکانی عەرەبستان بکا لە دژایەتی کردنی شیعەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست دا.

بە پێچەوانەشی دەتوانێ ڕووبدا وسیاسەتەکانی "داعش" لە دژی بەرژەوەندییەکانی عەرەبستان وسوونە مەزهەبەکان بێ وبە قازانجی کۆماری ئیسلامی وشیعەکانی ناوچەکە بشکێتەوە. "داعش " بە کردەوە تێرۆریستیەکانی وبەو سیاسەتە وەحشیانەی کە گرتویەتە بەر لە کوشتن وسەربرین وپەلاماری گروپە ئاینییەکانی کە موسولمان نین وەکوو ئێزیدییەکان ومەسیحیەکانی عێراق وسورییە، ڕاستەوخۆ خزمەت بە بەرژەوندییەکانی کۆماری ئیسلامی دەکا وئەوە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ئامریکا و ڕۆژئاوا بۆ بەرگری لە پەلهاوێشتن وبە هێزبوونی "داعش" وگروپگەلی لە چەشنی ئەو لایەنی کۆماری ئیسلامی وشیعەکان بگرن و هاوکاریان بکەن وئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە کێشەکانی عێراق وسوریە وناوچەکە لە بەرژەوەندی شیعەکان و کۆماری ئیسلامی تەواو بێ وسوونە مەزهەبەکان دۆڕاوی سەرەکی بن لەو شەڕە دا.

### دووهەم، کوردستان و شەڕفرۆشی داعش و قازانج و زەرەری وڵاتانی دراوسێ عێراق

پەلاماردانی ناوچە کوردییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی باشوری کوردستان ومەترسی پەلاماردانی هەولێر وناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم ڕاستەوخۆ لە قازانجی داگیرکەرانی کوردستان دایە و ئەوەیکە بۆچی "داعش" لە درێژەدانی شەڕ لە دژی شیعەکان و دەسەڵاتی مالکی وەستا وپلانی گرتنی بەغدای وەلانا و کوت وپڕ جبهەی شەڕی گۆری و وەکوو گورگی درندە پەلاماری ناوچە کوردییەکانی دا وحکومەتی هەرێم وهێزی پێشمەرگەی تووشی شەرێکی نەخوازراو کرد خۆی جێگای پرسیارە؟ ڕاکردن و ئاوارە بوونی بە هەزاران کوردی ئێزیدی ومەسیحی وتەنانەت عەرەبیش بۆ هەرێمی کوردستان لە بەرژەوەندی کوردی باشور دانیە و لە ئەگەری درێژی بوونەوەی ئەو شەڕە، دەکرێ کۆمەڵێک گیروگرفتی یەکجار گەورە بۆ حکومەتی هەرێم دروست بکا. حاواندنەوە و پەنادانی بە هەزاران پەنابەر پێویستی بە جێگا وڕێگا وئیمکانات و پارەی



سەرچاوە
Serchawe

زۆرەوە هەیە و ئەوەش لە بواری ئابورییەوە زەختێکی زۆر هەم دەکاتە سەر حکەمەتی هەرێم وهەمیش سەر دانیشتووانی باشوری کوردستان. بڵاوبونەوەی پەنابەرەکان بە پارێزگاکانی باشوری کوردستان گرفت گەلی وەکوو، زۆر بوونی حەشیمەت، بێکاری، گران بوون و چوونە سەری نرخی کرێ ماڵ وکەمی ماڵ و کاریگەری راستەوخۆی بۆ سەر بازار دەبێ ونرخی کەل وپەل وخواردەمەنی دەباتە سەر. ئەوەش خۆی دەبێتە هۆی دروست بوونی نارەزایەتی دانیشتووانی هەرێم لەو وەزعە لە کورت خایەن و درێژ خایەن دا و دەتوانێ ئاکامی زۆر چاوەروانەنەکراوی بۆ باشوری کوردستان وبۆ حکومەتی هەرێم بە دواوە بێ.

دروست بوونی وەزعێکی ئاوا دەبێتە هۆی ئەوەی کە کوردانی باشور دەرفەتیان نەبێ کە چارەنووسی خۆیان یەکلا کەنەوە و ناچار بن بۆ چارەسەری کێشەکانیان پەنا بۆ وڵاتانی دراوسێ بەرن وملکەچی سیاسەت وخواستەکانی داگیرکەرانی کوردستان بن. ئەنجام ئەوەیە کە ئەو سیاسەتەی "داعش" گرتویەتی بەر و بە هەزارانی بەرەو باشور ناچار بە کۆچکردن کردووە لە قازانجی کوردی باشور نیە و زیاتر لە قازانجی سوونەکان وبە تایبەت شیعەکان و دەوەلەتی ناوەندی لە بەغدا دەشکێتەوە کە ماوەکی زۆرە بودجەی ساڵانەی هەرێمی بریوە وجۆرێک لە گەمارۆی ئابوری خستۆتە سەر دانیشتووانی باشوری کوردستان. حکومەتی بەغدا لە داهاتووش دا بۆ داسەپاندنی سیاسەتەکانی بە سەر حکومەتی هەرێم دا دەتوانێ بودجەی کورد یان نەدا ویان گرفتی زۆری بۆ دروست بکا وهەروا بە سانایی بەشە بودجەی هەرێم بە بیانوی فرۆشتنی راستەوخۆی نەوت نەدا. ئەمرۆ بە کردەوە عێراق بۆتە سێ پارچە وشیعەکان و سوونەکانیش بۆ ئەوەی دەسەلات وهێژمونی خۆیان بە سەر هەموو عێراق دا بپارێزین و بۆ ئەوەی نەهێلین ئەو وڵاتە دابەش ببێ پێویستیان بە کورد هەیە کە شەریان بۆ بکا وخۆشیان پالی لێبدنەوە.

ئەمرۆ تەنیا هێزی بەرگریکار لە هەمبەر "داعش" دا هێزی پێشمەرگەی کوردستانە وهەموو زەختی شەرەکەش لە سەر پێشمەرگە وهەرێم کوردستان وناوچە کوردییە داگیرکراوەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمن کە بەشێک لە ناوچەکانی موسل وەکوو شنگال، شێخان، زممار و رەبیعە و هەروەها شاری کەرکوک وناوچەکانی دیکەی کوردنشینی داگیرکراو.

بۆ کۆماری ئیسلامی و تورکیە تێوەگلانی باشوری کوردستان لە شەری "داعش" قازانجی هەیە وهەروەک لە سەرەوە باسکرا دەرفەتی دەستێوەردان بە بیانوی "داعش" و کێشە دروستکردن بۆ حکومەتی هەرێم و رێگە نەدان بە ناردنی نەوتی هەرێم و بەستنی سنورەکانیان بە بیانوی لافاوی پەنابەران وقاچاقچیان و چی وچی و لە هەمووشی گرینگتر بەرگری لە یارمەتی دانی کوردەکانی باکور و رۆژهەلاتی کوردستان بە خوشک وبرا لێقەماوەکانیان لە باشوری کوردستان. پەلاماری "داعش"

## بەشی یەکەم

هەستی هاوسۆزی وهاوخەمی نێوان کوردەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان ودیاسپۆرای زۆر بە هێز کردووە و ئەوەش لە بەرژەوەندی دەولەتانی داگیرکەری کوردستان واتە تورکیە وئێران وتەنانەت سورییەش نیە وئەوان پێیان ناخۆشە کە کورد ئیتر چیدی پابەندی ئەو سنورە دەستکردانە نابێ کە دوژمنان دروستیان کردووە وکوردستان وکوردیان پارچەپارچە کردووە. بەشداری هێزەکانی پێشمەرگەی رۆژهەلاتی کوردستان وئامادەیی بۆ بەشداری ئەو هێزانە لە شەڕی دژی "داعش" بە ئاشکرا ترس ودڵەڕاوکەی خستۆتە نێو جەستەی رێژیمی ئیسلامی شیعەی ئێران وئەوان بە ئاشکرا و بە زەخت خستنە سەر حیزبەکانی باشوری کوردستان وحکومەتی هەرێم رێگر بوون لەوەی کە هێزەکانی پێشمەرگەی رۆژهەلاتی کوردستانیش شان بە شانی پێشمەرگەکانی باشور و لە یەک سەنگەر دا شەڕی "داعش" بکەن.

پەلاماری دڕندانەی هێزەکانی "داعش" بۆ سەر کوردانی ئێزیدی ومەسیحیەکان ومەترسی ئەو هێرشانە بۆ سەر باشوری کوردستان ئامریکا وهاوپەیمانانی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە عێراق ناچار بە هەڵوێست گرتن کرد و ناردنی چەک و چۆلی سەربازی وپشتگری مەعنەوی ومالی وسیاسی لە هەرێمی کوردستان بە پێچەوانەی چاوەروانی داگیرکەرانی کوردستان بوون وبۆیەش هیچیان رازی بەوە نین کە ئامریکا وهاوپەیمانانی راستەوخۆ چەک وچۆڵ بدەن بە هێزی پێشمەرگەی باشوری کوردستان ولە بە هێزکردن وتەیارکردنی هێزەکانی پێشمەرگە بە چەکی نیوە قورس وقورس دەترسێن وترسی ئەوەشیان لێیە کە لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی "داعش" ئەو چەک وچۆلانە لە دەستی هێزەکانی پێشمەرگە دا بمێنەوە و ڕادەستی هێزەکانی عێراقی نەکرێنەوە.

قازانجێکی کە لە پەلاماری "داعش" بۆ سەر ناوچەکانی موسل وهەڕەشەی داگیرکردنی کەرکوک بۆ کوردی باشور هەیبوو، ئەوە بوو کە ئەو ناوچانە وبە تایبەت هەموو ئەو ناوچانەی کە دەکەوتنە بەر ماددەی ١٤٠ وکێشە لەسەر بوون بە کردەوە کەوتونەتەوە سەرهەرێمی کوردستان وئەوەش بۆ شیعە وسوونەکانی عێراق وبۆ تورکیە وکۆماری ئیسلامی هەوالێکی خۆش نیە ولە زەرەری خۆیانی دەبینن. بوونی کەرکوک دڵ پڕ لە نەوت لە دەستی کوردانی باشور وپاراستن و ڕادەست نەکردنەوەی بە حکومەتی بەغدا، جێگە وپێگەی کورد لە نێو خۆ وناوچە و جیهان دا زۆر بەهێز دەکا.

کۆماری ئیسلامی کە خۆی رێژێمکی شیعەیە و لە هەوڵی دروست کردنی ئیمپراتورێکی شیعە دایە هەول دەدا بە سیاسەتی یەک بان و دوو هەوا هەڕەشەی "داعش" بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکار بێنێ وناوچە کوردییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بە بیانوی بوونی لاینگرانی "داعش" زیاتر کۆنترۆل بکا و بەو بیانویە هەرجۆرە هەلس وکەوت وچالاکی ئازادیخوانەی حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان وچالاکانی مەدەنی وسیاسی ناوخۆی رۆژهەلات بەرتەسک بکاتەوە وبۆ سەرکوت کردنی بە گروپە جیهادیە سەلەفیەکانی لاینگری "داعش" یان ببستێتەوە. بە پێێ هەوالەکان ژمارەیەک لە سەلەفیەکانی رۆژهەلاتی

## بەشی یەکەم

کوردستان بە ئاشکرا پشتگری لە "داعش" دەکەن و لە هیندێک لە شارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان جم وجۆلیان هەیە و هەڕەشەیان لە خەلک ولە هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان کردووە و کۆماری ئیسلامیش هیچ بەربەستێکی بۆیان دروست نەکردووە.

تورکیەش کە لە بیری دروست کردنەوەی ئیمپراتوری رووخاوی عوسمانی دایە وئێستاش ولایەتی موسل وکەرکوک بە هی خۆی دەزانێ و بەردەوام دژی کورد ومافەکانی بووە هیچکات ڕێگا نادا کە کوردەکانی باشور ئەوەندە بە هێز بن کە ببنە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەو ولاتە و هەردەم کارتی تورکەمەنەکانی موسل وکەرکوکی لە دژی دەسەڵاتی کوردی بەکارهێناوە وبێگومان لە ئەگەری ڕاپرسی و یەکلاکردنەوەی چارەنووسی باشوری کوردستان وهەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی هاوشانی ڕێژیمی تاران دژایەتی کوردی باشور دەکا وهەرچی لە دەستی بێ دەیکا. هۆیەکەشی زۆر ڕوونە. بوونی پتر لە ٢٠ میلیۆن کورد لە باکوری کوردستان و وەبەرچاونەگرتنی ویست وداخوازییەکانی کوردانی باکور بۆ ئازادی و ڕزگاری ومافی چارەی خۆنووسین. ئەوەی ئەمرۆ کورد پێویستێتی پتەوکردنی سیاسەتی نەتەوەیی وکوردایەتی کردن و پشتگری وهاوخەباتی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان لە یەکتر و پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی ودیاریکردنی ستراتیژی سیاسی بۆ چارەسەری سیاسی کێشەی کورد ودروست کردنی ناسنامەی کوردییە. ئەمرۆ دەرفەتێکی گەلێک باش ولەبارە کە مەسەلەی کورد بە گشتی بکەوێتە بەرباس وکورد وەکوو نەتەوەیەکی خاک دابەشکرا وپارچە پارچە کراو باسی ماف وئازادی و مافی چارەی خۆنووسین بکا لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا.

ئەم ساڵ هاوکاتە لە گەڵ ٥٠٠ مین ساڵی دابەشکردنی کوردستان کە بۆ یەکەمین جار ولە ئاکامی شەڕی چالدران لە مابەینی ئیمپراتوری عوسمانی سووننە وسەفەوی شیعە دا لە ٢٣ - ٨ - ١٥١٤ دابەشکرا وئەو دابەش بوونە وپارچە پارچە کردنە بۆتە هۆی ئەوەی کە کورد لە سەدەی ٢١ مدا و دوای ٥٠٠ ساڵ داگیرکاری هەروا نەتەوەیەکی بێ دەولەت وبێ ناسنامە بمێنێتەوە و ئێستاش هەر بە کوردی ئێران وعێراق وسوری وتورکی بناسرێ وئێستاس کوردستان هەر بە کوردستانی ئێران وعێراق و سوریە و تورکیە پێناسەی بۆ بکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٦ی ئاگۆستی ٢٠١٤

## داعش‌و تێڕامانێکی سەرەتایی دەربارەی تەکنیکەکانی تەفسیرکردن‌و بەرگری



**بەختیار عەلی**

سەرهەڵدانی داعش تا ئەندازەیەکی زۆر کۆتایی بەو خەون و خورافەتە لیبراڵییە درۆزنە هێنا کە قسە لە گۆڕانکاریی هێواش و لەسەرخۆ و قۆناغی گواستنەوە بۆ دیموکراسییەت لە خۆرهەڵات دەکات. گەشەی خێرا و دڕندانەی فاشیزم لە هەموو جێگایەکی خۆرهەڵاتدا، گەشتنی جەنگ و کوشتار و بێ ڕێزی بە ئینسان بە ترۆپکێکی نوێ، تەنیا بەشێکن لە نیشانەکانی بڵاوبوونەوەی فاشیزم، لە دەرکەوتەکانی تری ئەم پەلکوتانە گەورەیە، بڵاوبوونەوەی راسیزم و ناسیونالیزمێکی هیستیریی و پارانۆئییە، لە هەموو بەرەکاندا.

لێرەدا چیتر قسە لەسەر حەقیقەتی فاشیزم و هۆکارەکانی نییە، بەڵکو قسە لە سەر ڕووبەڕووبوونەوەی فاشیزمە. چۆن دەتوانین بێئەوەی خۆمان ببین بە ماشێنێکی فاشیستی کە دینەکان و نەتەوەکان و ئایدیاکانی تر دەگۆڕن بۆ بوونی شەیتانی، بەرەنگاری ئەم سیستمە توندوتیژە ببینەوە. کێشەی سەرەکی لە فاشیزمی خۆرهەڵاتیدا ئەوەیە کە بە پێچەوانەی فاشیزمی خۆرئاواوە، لە ئایدیایەک یان حیزبێک یان جۆرە ڕوانینێکی سیاسی و فەلسەفییەوە نایەت، تایبەت نییە بە دەوڵەتێک یان شوناسێکی نەتەوەیی و عیرقی، بەڵکو جۆرە هێز و پۆتنسیالیتەیتی وێرانکار و تێکشکێنە کە لە هەموو شوناسەکانەوە هەڵدەقوڵێت و لە هەموو پەیوەندییە نێوبەینییەکاندا دروستدەبێت. نەبوون بە فاشیست لە فەزایەکی فاشیستیدا کارێکی ئاسان نییە، فاشیزم دواجار لە ناو هاوکێشەکانی پەیوەندی هێزدا دەجولێتەوە، هەمیشە دەبێت دوو هێز و دوو بەرە و پەیوەندییەک هەبێت. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕوانینەم، لێرەدا پەنا بۆ تێزێکی نیکلاس لومان دەبەم. لۆمان لە پێناسەی دەسەڵاتدا دەڵێت «دەسەڵات جۆرە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییە، کە لە هەر دوو بەرەکەیدا دەشێت بە جۆرێکی تریش ڕەفتار بکرێت».



سەرچاوە
Serchawe

چەمکی «بە جۆرێکی ـ تر ـ ڕەفتاربکرێت» لای لۆمان گرنگییەکی بێوێنەی لە هاوکێشەکانی دەسەڵاتدا هەیە. بۆ نمونە دوو هێز کە ڕازیدەبن لە سەر کێشانی هێڵێکی دیاریکراوی سنوور لە نێوانیاندا، هەمیشە ئەگەری ئەوە دەمێنێتەوە کە هەر یەک لەم دوو هێزە، گەرچی لە ئێستادا بەو سنوورە کێشراوە ڕازیبوون و پابەندن پێوەی بەڵام دەشێت لە داهاتوودا «بەجۆرێکی ـ تر ڕەفتار بکەن»، واتە بەوجۆرە ڕیزبەندییە ڕازی نەبن. لێرەوە دەسەڵات هەمیشە لەو پەیوەندییەدا دەخوێنرێتەوە، وەک ئەوەی هەم بەری باڵادەست و هەم بەری ژێردەست لە هەنگاوێکی تردا، لە وێستگەیەکی دیکەی داهاتوودا، بەجۆرێکی تر بجوڵێنەوە. بە کورتی لە ناو خودی دەسەڵاتدا هەمیشە هەڕەشەیەکی ناوەکی و نهێنی هەیە بۆ هەڵوەشاندەوەی ئەو پەیوەندیانەی کە دروست بوون. هەڵبەت لای لومان توندوتیژی بەشێکی گرنگی دەسەڵاتە، خودی مۆنۆپۆڵکردنی دەسەڵاتیش لەلایەن دەوڵەتەوە مەرجێکی بنەڕەتی دروستبوونی کۆمەڵگا و دەزگا یاسایی و سیاسییەکەیەتی، بەڵام توندوتیژی تا ئەو کاتە گوزارشت لە دەسەڵات دەکات کە بەکارنەهاتووە.

دەسەڵات جۆرێکە لە جۆرەکانی پەیوەندی«کۆمۆنیکەیشتن»، ئەم پەیوەندییە تا ئەو جێگایە بەرقەرارە کە «سزا» وەک ئەگەرێک و هەڕەشەیەکی ناڕاستەوخۆ بمێنێتەوە، دەمێک توندوتیژی بەزەقی هاتە مەیدان مانای دەسەڵات نوشوستی هێناوە. خودی توندوتیژی نیشانەیەکی زەقی بێتوانایی دەسەڵاتە لەوەی بگاتە جێگرییەک، بگاتە شوێنێک سەردەست و ژێردەست هاوسەنگییەک ڕابگرن و ئەو هەڕەشە ناوەکییە کە دەڵێت «دەشێت - بەجۆرێکی - تر - ڕەفتاربکەم» نەکەن بە ڕاست.

لێرەدا مەبەستم نییە تیورەکەی لومان لەسەر دەسەڵات باسبکەم، بەڵکو دەمەوێت بڵێم فاشیزم لە خۆرهەڵات ئاماژە نییە تەنیا بۆ دروستبوونی دەوڵەت «هەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە، کە دەوڵەت لە خۆرهەڵات بوونی نییە، بەڵکو بەو مانایەیە کە دەوڵەت ناتوانێت وەزیفەی دەوڵەت ببینێت، هەمیشە پارادۆکسی دەوڵەت و دەرە دەوڵەت وەک بزوێنی سەرەکی کۆمەڵگا و سیاسەت دەمێنێتەوە و ئەم پارادۆکسە مێژووی سەد ساڵی پێشینی ڕەسمکردوە»، بەڵکو ئاماژەیە بۆ نوشوستی دەسەڵات لەوەی توندوتیژی بگێڕێتەوە بۆ دواوە، بیگۆڕێت بۆ کۆدێکی نهێنی، بۆ هەڕەشەیەکی ناوەکی، بۆ ئەگەرێک لە ئەگەرەکان. واتە دەوڵەت ناتوانێت توندوتیژی بگۆڕێت بۆ توندوتیژییەکی ناڕاستەوخۆی دەمامکدار، بەوەش خۆی وەک ئۆرگانێک کە دەبێت توندوتیژی قۆرغ و مۆنۆپۆلبکات نوشوست دەهێنێت.

لە دۆخی ئاساییدا دوو بەرە و دوو لایەن کە دەچنە ناو پەیوەندییەکی دەسەڵاتەوە، لەگەڵ دروستبوونی هەر کێشەیەکدا بە لۆژیکی «دەکرێت ـ بەجۆرێکی ـ تر ـ ڕەفتاربکەم» ئیشدەکەن. لە لای لۆمان دەسەڵات تەنیا کاتێک دەسەڵاتە کە دەگاتە جێگایەک و دەوەستێت، لە پنتێکدا چیتر توندوتیژی ڕاستەوخۆ بەکارناهێنێت و وەردەگەڕێت بۆ زمانێکی ڕەمزی، سزا تەنیا

وەک کۆدێک و ئازاردانی فیزیکی تەنیا وەک ئەگەرێک دەمێنێتەوە. بەڵام فاشیزم هەرەسی دەسەڵاتە، دەسەڵات هەمیشە بەوە دروستدەبێت کە لایەنی بەهێز لە پنتێکدا بوەستێت و بڵێت من لێرە زیاتر نایەم و لێرە بەدواوە یاساکانی من قسەدەکەن و ئەگەر تۆش بەم دۆخە ڕازی بیت ئەوا بەرقەرارییەک دێتە پێش و ئەگەر نا «دەکرێت ـ بەجۆرێکی ـ تر ـ ڕەفتاربکەم». لە فاشیزمدا ئەم هێڵە دەڕوخێت، هەموو هێزێک «بەجۆرێکی تر» ڕەفتاردەکات. لێرەدا سنوورێک نییە تێیدا هێزەکان بوەستن، شەڕێکی هەمیشەیی هەیە... فاشیزم ئامانجی ئەوەیە تا کۆتایی ڕەها، تا وێرانکردنی موتڵەق بڕوات، بەوەدا ئەوەش مەحاڵە، بەوەدا گەیشتن بە سڕینەوەی تەواوەتی ئەویدی نامومکینە، بەوەدا هەمیشە لە جەستەی دوژمن شتێکی زیندوو دەمێنێتەوە کە نامرێت، ئەوە وادەکات فاشیزم نەگاتە ئامانج، وزەیەک بێت بەپێی هەلومەرج و تێکچوون و بەرقەراری نوێی هێزەکان بتەقێتەوە، یاسای بۆ دانەنرێت و ئەگەرێکی هەمیشە کراوە و ئامادەبێت.

فاشیزم بریتییە لە توندوتیژییەک کە هەرگیز ناگاتە ئامانج، هەرگیز ناتوانێت پەیامی خۆی بەتەواوەتی جێبەجێبکات، شەڕێکە هەمیشە دەبێت لە شەڕێکی دیکەدا خۆی تەواوبکات. ئەم نەگەیشتنە بە ئامانج وادەکات، هێزگەلێک بێنە مەیدان کە لە شەڕێکی هەمیشەییدا دەژین، لە جەنگێکەوە دەچن بۆ جەنگێک. تەنیا لەم ڕوانگەیەشەوە تێدەگەین بۆ هێزگەلێکی وەک بەعس و داعش دێنە مەیدان کە ناتوانن نەجەنگن، ناتوانن بوەستن، ناتوانن لە وێرانکارییەکەوە نەچن بۆ وێرانکارییەکی دیکە.

٣

بە گەڕانەوە بۆ لاکان تێدەگەین کە «سیستمی ڕەمزی» لەسەر دروستکردنی تۆڕێک لە «حەرام» و تێرنەکردنی ئارەزوو دروستدەبێت. بەبێ سەرکوتی ئارەزوو و چەپاندن، دامەزراندنی سیستمی ڕەمزی کاری نەکردەیە. ئەم حەرامانەی لاکان نزیکییەکیان لەگەڵ تێزەکەی لومانددا هەیە. لای لۆمان دەسەڵات دەبێت حەرامێک بۆ خۆی بهێڵێتەوە، سنوورێک بۆ خۆی دابنێت، بەربەستێکی سوور بخاتە بەردەمی خۆی. دەسەڵات ئارەزووە تێرنەبووەکەی هەمیشە بەوە جڵەودەکات کە بڵێت « ها ... دەشێت - بەجۆرێکی - تریش - ڕەفتاربکەم». واتە لە بنەڕەتدا ئارەزوویەک هەیە تێری ناکەم و خواستێک هەیە هەڵیدەگرم بۆ دواهەمین جار. بەڵام لە هەمانکاتدا زمانحاڵیشی دەڵێت «دەشێت تەواوی ئەو خواستە شاردراوەیەم بۆ تێکشکاندن بهێنمەوە دەرەوە و سنووری ئەو حەرام و قەدەغەیە بشکێنم کە بۆ خۆمم داناوە». لەگەڵ فاشیزمدا، سوبێکتی فاشیستی چیتر بە لۆژیکی دەسەڵات ئیش ناکات، چیتر ناڵێت «دەشێت - بە جۆرێکی - تر - ڕەفتاربکەم». بەڵکو ئەو هەڕەشە ناوەکییە جێبەجێدەکات. «ئێستا ـ بەجۆرێکی ـ تر ـ ڕەفتاردەکەم» ئەوە بزوێنی سەرەکی چرکەساتی فاشیزمە. ئەو حەرام و قەدەغەیە کە سەرەتا نەزمێکی دیاریکراو ڕادەگرێت، دەشکێت... ئیتر هیچ یاسا و عورف و ڕێنماییەک نییە

هێزەکان پەیڕەوییکەن.

داعش لەم نێوەندەدا نوێنەری ئەو لۆژیکەیە: لۆژیکی «ئێستا جۆرە ڕەفتارێکی دی لە دایک دەبێت، جەنگ جۆرە یاسایەکی دیکە و ژیان جۆرە نەزمێکی تر تاقیدەکاتەوە»، ئێستا شتێکی نوێ ڕوودەدات کە نەتانبینیوە، گورزێکی دی دەبینن کە چاوەڕوانتان نەکردوە. ئێستا هەر چی ئەو شتانەی پێشتر حەرامبووە پێچەوانە دەکرێنەوە، ئێستا نەزمێکی نوێ دێت کە لە لۆژیکی پێشینەی بەگەڕخستنی دەسەڵات و چەپاندن و لەزەتدا نەبووە. فاشیزم تەنیا ئاوەژووکردنەوەی لۆژیکی دەسەڵات نییە، بەڵکو ئاوەژووکردنەوەی لۆژیکی چەپاندن و لەزەتیشە. داعش درێژکردنەوەی دین یان ناسیونالیزمی عەرەبی نییە بەشێوەیەکی تەقلیدی، بەڵکو وەستاندنی لۆژیکی دێرینەی هەموو ئەوجۆرە ئایدیایانەیە، لە کارخستنیانە بۆ جۆرە ڕەفتارێکی نوێ.

داعش لەگەڵ خۆیدا تەنیا دڕندەیی و سەری بڕاو ناهێنێت، بەڵکو جۆرە کولتوورێکی دیکەی دینی و جنسی و ئابووریش دەهێنێت. لەگەڵ داعشدا تەنیا نەزمی سیاسی هەڵناوەشێت، بەڵکو تەواوی نەزمی کۆمەڵایەتی و جنسی و کولتووری هەڵدەتەکێت و جۆرە ڕەفتارێکی تر دێتە سەرەوە. لۆژیکی «ئێستا بەجۆرێکی تر ڕەفتاردەکەم». تەنیا لە جەنگدا، لە جینۆساید و قڕانکردندا دەرناکەوێتەوە، بەڵکو ئاوەژووکردنەوەی لۆژیکی گشتییە، دروستکردنی ئیسلامێکی ترە لە ئیسلام، دروستکردنی خودایەکی دیکەیە لە خودا، دروستکردنی عیبادەتێکی دیکەیە لە عیبادەت، دروستکردنی جۆرە مۆراڵێکی جنسی ترە جیاواز لە مۆراڵی باو، دروستکردنی نەزمێکی یاسایی ترە جیاواز لە نەزمی باڵادەست، دروستکردنی جۆرێکی دیکەیە لە ئەویدی جیاواز لە وێنە و وەزیفەی ئەویدی لە ناو هەموو شوناسێکدا... هتد.

لەگەڵ گواستنەوەدا لە لۆژیکی «دەشێت - بەجۆرێکی - تر - ڕەفتاربکەم» بەرەو لۆژیکی «ئێستا - بەجۆرێکی - تر - ڕەفتاردەکەم»، تەنیا سروشتی جەنگ ناگۆڕێت، بەڵکو تەواوی کایەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی ناو کایە بچوکەکانی دەسەڵاتیش دەگۆڕدرێن، توندوتیژی لە هەڕەشە و کەرەستەیەکی ناڕاستەوخۆوە دەبێتە کەرەستەی ڕاستەوخۆ و ئەداتی ناو هەموو پەیوەندییە نێو بەینییەکان، لە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و شوناسەکانەوە تا دەگات بە پەیوەندی نێوان ژن و پیاو، مامۆستا و قوتابی، منداڵ و گەورە... هتد. بە کورتی کۆی ئەو قسانەی دەکرێت سەبارەت بەوەی داعش یەکسانە بە عەرەب، داعش یەکسانە بە حەقیقەتی ئیسلام، هەموو ئەو جۆرە تێزانە هیچ نین جگە لە جۆرێک لە لیبرالیزمی بازاڕیی کە بە هەندێک کلێشەی سواو و پوچەوە ڕووبەڕووی کۆی دیاردەکان دەبنەوە. داعش لە کارخستنی تەواوی سیستمە سیاسی و جنسی و ئەخلاقییەکانی پێشترە، بۆ دروستکردنی دۆخێکی نوێ.

٤

بەرگرتن بە داعش تەنیا لەو ڕێگایەوە نابێت کە بڵێین داعش زادەی ناو فیکری ئیسلامییە، هەر کاتێک ئێمە ئیسلامی نەبووین ئیدی مەترسی وەرگەڕان و بوون بە داعش لەسەرمان نامێنێت و ڕاستەوخۆ دەبین بە ئەنتی فاشیزم و ئەنتی داعش. بەرامبەر مۆدێلی ئیسلامی داعش، مۆدێلی ناسیونالیستی و لیبراڵ و عەلمانیانەی داعشیشمان هەیە. ئەوەی هێزەکان هەر زوو حەرامە ڕەمزییەکانی خۆیان دەشکێنن، ئەوەی کۆی شوناسەکان ئامادەگییەکی ڕوون و ترسناکیان بۆ توندوتیژیی فیزیکی و جەستەیی تێدایە، تەنیا سیفەتی داعش نییە، بەڵکو سیفەتێکی بونیادی دەسەڵاتە لە خۆرهەڵاتدا کە لە پەنجا ساڵی ڕابوردوودا، هەموو جۆرەکانی جەنگ وئەشکەنجە و جینۆسایدی بەخۆیەوە بینیوە. داعش لە شەپۆلە پێشووەکانی فاشیزم، توندوتیژتر نییە، بەڵکو تەنیا فۆرمێکی دیکەی فاشیزمە کە هەمان ئەو میکانیزمانەی پێشوو دوبارە دەکاتەوە، داعش تەنیا زادەی ئیسلام نییە، بەڵکو شێوەیەکی دیکەی بەعس، تۆرانییەت، ولایەتی فەقیە، فاشیزمی خەوتووی ناو کەمایەتی و مەزهەبەکانە. خوێنخۆریی و دڕندەیی داعش زیاتر نییە لە خوێنخۆری و دڕندەیی بەعس یان لە خوێنخۆریی مەزهەبگەرا شیعەکان کە سەدان هەزار گەنجیان بۆ مردن بەرەدەایە ناو کێڵگەکانی مین و بە گیانی دەیان هەزار گەنج ڕێیان بۆ تانک و زرێپۆشەکان پاکدەکردەوە پەلاماربدات.

٥

بەرەنگاربوونەوەی داعش تەنیا لە بەرەکانی جەنگدا ناکرێت. بەڵکو تەنیا کاتێک دەکرێت کە لە کۆی بیرکردنەوە و تێڕوانینی فاشیستی بێینە دەرێ کە لەسەر خۆنوساندن بە شوناسی دینی وئەتنی و مەزهەبییەوە ئیشدەکات. ئەمە بەو مانایە نییە مرۆڤ دەستبەرداری شوناس بێت، وەک پڕوپاگەندە فاشیستییەکان بانگی بۆ هەڵدەدەن، بەڵکو بەو مانایەیە کە ئەویدییەکی نامۆ لە هیچ شوناسێکی دینی و نەتەوەیی دروست نەکرێت. جەنگ لەگەڵ داعشدا تەنیا جەنگی سەنگەر نییە، بەڵکو جەنگێکە شۆڕدەبێتەوە بۆ ساتی دروستبوونی سوبێکتی ئینسانیمان لە ژێر ڕەحمەتی بانگەوازە ئایدۆلۆژییەکاندا. بۆ ئەو ساتانەی کە تێیدا «من» ـی سوبێکتەکان لە «ئەویدی»، لە «غەریبەکان» جیادەبێتەوە، بۆ ئەو ساتەی تێیدا شوناسی فەردیمان لەگەڵ شوناسی جەمعیدا دەکەوێتە دیالۆگەوە.

ساتی شەڕ لەگەڵ فاشیزمدا، بەر لە هەر شت ساتی ئیشکردنە لەسەر پەیوەندی فەرد لەگەڵ شوناسە ئایدۆلۆژییە دەستەجەمعییەکەیدا. ئەوە تەنیا شوناسی ئیسلامبوون نییە کە دەتوانێت کەسی فاشیست بەرهەمبهێنێت، بەڵکو شوناسی عەرەببوون، فارسبوون، کوردبوون، تورکبوون، شیعەبوون، پیاوبوون، کوردبوون، عەلمانیبوون... هتد. هەموو دەتوانن جۆرە

جەبرێک دروستبکەن سوبێکتەکان بگۆڕن بۆ ماشێنێکی کوێر و توندوتیژ و فاشیستی.

٦

هەر جوڵانەوەیەک دژی داعش لە جەوهەردا تەنیا کاتێک کاریگەری قووڵی هەیە کە ڕاوەستان بێت دژ بە فاشیزم بە گشتی.

ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵات لە هەر کات زیاتر دروستکردنی بەرەیەک دژ بە فاشیزم پێویستە، بزاوتێک دژ بە شوناسە داخراوەکان، دژ بە هەموو ئەو بنەما ئایدۆلۆژیانەی کە توندوتیژی دروستدەکەن، لە دۆگماتیزمی دینییەوە بگرە تا شۆڤێنیزم و ڕاسیزم کە بەجۆرێکی ترسناک لە هەموو کوچە و کۆڵانێکی خۆرهەڵاتدا بڵاوبۆتەوە. بۆئەوەی فاشیزم بوەستێنین دەبێت تیرۆری شوناس لەسەر فەردەکان بوەستێنین، تیرۆری شوناسی دینی و ناسیونالیستی و ژەندەری، دەبێت ئەم داوایە لە داوایەکی لیبرالانەی گەمژەوە بۆ هاوسەنگی نێوان شوناسەکان و دیاریکردنی بەهێزەکەیان لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە، بگۆڕێت بۆ ڕەخنە لە تەواوی سیستمی هەنوکەی خۆرهەڵات و بنەماکانی ئیشکردنی کە بریتییە لە پلیشانەوەی فەرد لە ژێر جەبری شوناسەکاندا.

وێرانبوونی ئینسانییەتی ئیسلامەکان لە ژێر جەبری شوناسی ئیسلامبووندا، وێرانبوونی ئینسانییەتی تورکەکان لە ژێر جەبری تورکبوون و وەرگەڕانی خودی عەرەببوون بۆ کەرەستەیەکی تێکشکێن بۆ لایەنە ئینسانییەکەی ناو سوبێکتی عەرەبی. ئێستا سیستمی ئینتیما لای مرۆڤەکان لە خۆرهەڵات وەرگەڕاوە بۆ سیستمێکی تیرۆری کوشندە. ئەنتی فاشیزم لەوەوە دەست پێدەکات کە مرۆڤەکان بەجۆرێکی دی ئینتیما و شوناسی خۆیان پێناسەبکەنەوە. هەر بەرەنگاربوونەوەیەکی فاشیزم، دەبێت لەوێوە دەست پێبکات کە شوناسی پیرۆز، پەیامی پیرۆز، جەنگی پیرۆز بوونی نییە.

٧

بەشی هەرە زۆری هێزە فاشیستییەکانی خۆرهەڵات هێزگەلێکن بێ پاشخانی تیوری. فاشیزم لە خۆرهەڵات جۆرە فیکرێکی سیاسی نییە، بەڵکو کۆمەڵێک هەڵوێستی ئیجرایی و تاکتیکییە، کۆمەڵێک پلانی جەنگ و پرۆژەی وێرانکردن و داگیرکردن و سڕینەوە و لادانە. لە چەند ساڵی ڕابوردوودا فیکری سیاسی بەجۆرێکی ترسناک لە کۆی ژیانی سیاسی پاشەکشەیکردوە، سیاسەت کورت بۆتەوە بۆ دیوە پراکتیکییە ڕووتەکەی. مرۆڤ ناتوانێت هیچ کات جیهانێک بگۆڕێت کە تێینەگات. شەڕکردن



سەرچاوە
Serchawe

لەگەڵ فاشیزمدا پابەندی تێگەیشتنە لە فاشیزم. لێرەوە هەر بزاوتێک دژ بە فاشیزم ناتوانێت بزاوتێکی ئەنتی فاشیستی بێت گەر بەجۆرێکی بەربڵاو لە فیکرێکی نوێوە نەیەتە دەرێ کە توانای خوێندنەوەی تەواوی دیمەنەکەی هەبێت. هیچ بزاوتێکی ئەنتی فاشیزم، ناتوانێت بێ تیورەیەکی ڕۆشنی ئەنتی فاشیزم بژی، لێرەوەیە کە بەبێ فیکرێکی تیوریی، سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی ئەنتی فاشیستی ناومکینە.

٨

هەر بزاوتێکی جەماوەری دژ بە داعش و هێزگەلی لەو جۆرە، بەبێ شوناسێکی ئاشکرا، بەبێ ئەوەی شوناسێکی ڕوونی ئەنتی فاشیستی هەبێت، بەبێ ئەوەی بە ڕۆشنی دژ بە هەموو فاشیزمێک بێت، نرخی نییە. بزاوتێکی لەوجۆرە گەر هات و ڕۆژێک لە ڕۆژان لەدایک بوو، شتێکی جیاواز دەبێت لە بزاوتەکانی مافی مرۆڤ و چالاکییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی. هەموو بزاوتێکی ئەنتی فاشیزم دەبێت جوڵاندنەوەیەک بێت لە دەرەوەی ڕیتۆریک و بەلاغەتی لیبراڵییانەی ساختەکار دەربارەی پاراستنی کەمایەتییەکان و ڕێگرتن لە جینۆساید. بزاوتێک، دەبێت ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ حەقیقەتی فاشیزمدا بکات وەک ئەگەرێک کە لێرەیە و لێرەبووە.

ئەنتی فاشیست لە بنەڕەتدا لەسەر هیچ تێزێکی بەلاغی و خورافی ئیش ناکات، چونکە فاشیزم حەقیقەتێکی ڕۆژانە و کۆنکرێتە، پێویستی بە هەڵوێستگیریی ڕوون هەیە لە دەرەوەی ئەوجۆرە هەڵوێستگیرییە لیبراڵییە ساختەکارە کە هەڵوێستی ئاوقای بەلاغەتێکی دووبارە و زمانێکی مردو و کلێشەیی کردوە. هەڵوێست چیتر دەبێت بەرامبەر کۆی کایەی سیاسی بێت، هەڵوێستێک بێت لەسەر سیاسەتەکانی شوناس کە لە تەواوی خۆرهەڵاتدا توندڕەویی و سەربڕین دەخاتەوە، لەسەر دەرهێنانی گروپەکان بێت لەترسی مان و نەمان، لەسەر وەزیفە و شێوازی ئیشکردنی ئایدۆلۆژیا بێت لە ئێستادا، لەسەر ترازانی سوبێکت بێت لە جەبری کۆنتێکستە کۆمەڵایەتییەکان، لەسەر تێپەڕاندنی سوبێکتی ملکەچ و کۆیلەئاسا بێت کە وەک ئامێرد دوای فەرمانی ماشێنە ئایدۆلۆژییەکان دەکەوێت. لەسەر ئەخلاقیاتی دەسەڵات و ڕەفتارکردن بێت لەگەڵ ئەویدیدا، لەسەر سروشتی کەپیتال و ڕۆڵی سەرەکی لە خولقاندنی فاشیزمدا، لەسەر چۆنێتی داماڵینی قودسییەت لە توندوتیژیی، لەسەر پێناسەکردنەوەی پەیوەندی دین و مۆدێرنە دوور لە کلێشە سواوەکانی لیبراڵییەت، کە بەردەوام ئەم دوو دیاردەیە وەک نەیار و ناکۆک پیشاندەدەنەوە. لەسەر تێکشکاندنی ئەو ئەفسانە پوچە بێت کە پێیوایە گەر سیاسییەکان دەستیان لە بازاڕ کێشایەوە ئەوا کەپیتال دەبێتە کەپیتالێکی مرۆڤدۆست و تەندروست و داهێنەر.

سیفەتی سەرەکی هەڵوێست لە ئێستادا ئەوەیە کورتبۆتەوە بۆ چەند گوزارشتێکی زمانەوانی و فەیسبوکی نزم بەرامبەر

ئیسلام و درندەیی داعش. فاشیزم لەگەڵ خۆیدا پێداویستییەکی گەورە دەهێنێت بۆ پێداچوونەوەی چەمکی هەڵوێستیش. کێشەکە تەنیا ئەوە نییە ئێستا و لێرەدا دژی داعش بین، بەڵکو دەبێت دژی کۆی ئەو زەمینە و هەلومەرجە کاربکەین کە بەجۆرێکی بەردەوام فاشیزم بەرهەمدەهێنێت. زیهنییەتی لیبراڵی، شەڕی داعش وەک شەڕێکی ڕادیکال دژ بە فاشیزم وێناناکات، بەڵکو وەک شەڕی نێوان گووتاری دینی توندڕەو و دینی میانەڕەو وێنایدەکات، وەک پێک هەڵپژانی نێوان نەتەوەیەک و کۆمەڵێک گروپی لادەر و نەخۆش و توندڕەو، وەک شەڕی نێوان مۆدێرنە و دین، وەک دۆخێک کە هەندێک سیاسی نابەرپرس و فاسید دروستیانکردوە... هتد. بۆ خۆدزینەوە لەو ڕاستییەی کە داعش و بەعس و هەموو ماشێنە فاشیستییەکانی تر زادەی کەپیتالیزمی خۆرهەڵاتین. وە هەموو ئەم وێناکردنانەش بە نیازی خۆدزینەوەیە لەو ڕاستییەی کە شەڕی فاشیزم کورت ناکرێتەوە بۆ شەڕی داعش، بەڵکو شەڕێکە دەبێت لە هەموو ئاستەکانی تێڕوانین و ژیان و بیرکردنەوەدا ئەنجامبدرێت.

## ٩

بە کورتی دروستبوونی بزاوتێکی ئەنتی فاشیستی کارێکی مومکینە، بە مەرجێ کە جۆرێک لە شکاندنی شێوازە کۆنەکانی شۆڕش و مقاوەمەت بێت. دەبێت ئەنتی فاشیستەکان، هەمان ساتەوەختی ڕادیکالی خۆیان هەبێت تێیدا بڵێن «ئێستا ـ دەشێت ـ بەجۆرێکی تر ـ ڕەفتاربکەین». بەڵام بەجۆرێکی تر ڕەفتارکردن لای ئەنتی فاشیستێک هەمیشە مەحکومە بە بوونی وێنەیەکی ڕۆشن لەو دونیایەی کە فاشیزمی دروستکردوە. ئێستا ـ دەبێت ـ بەجۆرێکی تر ـ رەفتاربکەین مانای ئێستا ـ دەبێت ـ بەجۆرێکی تر ـ بیربکەینەوە. مانای ئێستا ـ دەبێت ـ بەجۆرێکی تر ـ پێناسەی خۆمان بکەین لەدەرەوەی جەبری شوناسە گەورەکان . مانای ئێستا ـ دەبێت ـ بەجۆرێکی تر ـ بدوێین و ببینین. بە بڕوای من سەرەتای هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ فاشیزمدا لەوەوە دێت بە وردی لەسەر «جۆرێکی تر لە ڕەفتار» و ئەگەرەکانی ناوی ئیشبکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی زاگرۆس پۆست - ڕێکەوتی: ١٦ی ئاگۆستی ٢٠١٤

بەشی یەکەم

## ئەوەی ئێستا لەباشووری کوردستان ڕوودەدات، کۆڕەوی دووەم و سێیەمە



عومەر ئیزەدخا

دروستبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەهێزبوونی پێگەی لە ناوچە، لە مێژووی باشووری کوردستاندا چەندین وێزگە و پاڵنەری دیاری هەیە، کە یەکێک لەوانە کۆڕەوەکەی ساڵی ١٣٧٠یە، کە لەوێوە گرینگیی ئەو حکوومەتە هاتە سەر سکە و پێخۆری خۆی لەو سەرچاوە سروشتیە وەرگرت، مانگی ئۆگستی ئەمساڵیش ئەم سەرچاوەیە زۆر بەگوڕی تەقیەوە.

دوای ئەوەی بارودۆخی سوریا ئاڵۆز بوو و لەو فەزایەدا گروپێکی توندڕەوەی تیرۆریست دروست بوو، کە بەڕاستە و خۆ یان ناڕاستەوخۆ دەستی زۆر لە حکوومەتانی وڵاتانی جیهانی تێدابوو، دەبینین ئێستا مەترسیدارتر دەرکەوێ و سوپای وڵاتیکی وەک عێراقی لە چەند خولەکێکی کەمدا ڕای کرد و ناوچەیەکی بەهێزی وەک نەینەوای کەوتە دەست، بە هەموو ئامرازە سەربازیە پیشکەوتووەکانی و بڕی زۆری سەرچاوی سروشتی وەک نەوت و بەنداوەکان و دانەوێڵە و هاتنەناوەوەی کۆمەڵە خەڵکێکی زۆری ئەو ناوچانە بۆ ناو ڕیزەکانی، وایکرد زۆر زیاتر بەهێز بێت و چاوەڕوانی مەترسی گەورەی لێ بکرێ لەلای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کە ڕوون نیە تاچەند حکوومەتەکانی ناوخۆی عێراق دەتوانن پارێزگاری لە خۆیان بکەن، جگە لەو قەیران و گرفتانەی کەلەبەردەم پرۆسەی سیاسی ناو سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتەن، هەر بۆیە دوای ئەو فراوان خوازیە زۆرەی کە داعش کردی و لە دوایین هێرشەکانیان کە کردیان بۆ سەر خاکی باشووری کوردستان، دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە ناو میدیاکاندا دروست کرد، وڵاتانی ڕۆژئاوا کەوتنە خۆیان بۆ گەیاندنی هاوکاریی بەپەلە .

ڕاستەوخۆ دوای جێژنی ڕەمەزان، داعش هێرشی کردە سەر ناوچەکانی شەنگال و زومار و دەوروبەری و بەهەر شێوەیەک بێت، هەرچی چەکدار و بێچەکی ئەو ناوچەیە بوو یەکبەر ئەوێیان بەجێ هێشت، هەرچی هاووڵاتییان بوون، کە ژمارەیان زیاتر

لە ٢٠٠،٠٠٠ کەس مەزەندە دەکرێت، بەکۆمەڵ روویان لە چیا و ناوچەکانی دیکە کرد "جگە لە چەندە گوندێک کە تائێستا چوار دەوردراون و ناتوانن ڕابکەن"، بەبێ هیچ شتێک جگە لە جلوبەرگیان، ئەوەی زۆر جیای دەکاتەوە لە ئاوارەبوونی ناوچەکانی دیکە، ئەوەبوو، کە خەڵکی شنگال لە سەر چیای شنگال چوار دەور دران و جوڵەیان بۆ نەکرا بێ خۆراک و لە حاڵێکی زۆر ناخۆش دان، بەداخەوە، ئەگەرچی ئێستا خۆشبەختانە باسی ئەوە دەکەن کە ژمارەیەکی کەم ماون لەسەر چیاکە، هەر زوو سەرکردەکانی ناو ئێزیدیەکان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوایان لە وڵاتانی دونیا کرد بۆ هاوکاریکردیان، بە تێپەڕووبنی زیاتر لەهەفتەیەک بارودۆخی ئاوارەکان بەڕادەیەکی زۆر خراپ بوو، ئەمەش بە خێرایی وایکرد حکوومەتانی جیهانی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بێنە دەنگ، کۆبونەوەی بەپەلەی سەرانی ئەو وڵاتانە و یەکیەتی ئەورووپای بەدوای خۆیدا هێنا، ئێستاش دەبینین کە وڵاتانی ئەمریکا و فەڕەنسا و بەریتانیا و ئیتاڵیا و فینلاند و ..

دەیانەوێ هاوکاری مرۆیی و سەربازی ڕاستەوخۆ بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بنێرن، جگە لە تورکیا !، هۆکاری ئەو هاوکاریانەش بۆ چەند شتێک دەگەڕێتەوە،

**یەکەم**: ژمارەی زۆری خەڵکی ئاوارە و بەگەرمی بانگ ڕاهێشتنی دونیا لەلایەن سەرکردە ئیزیدیەکان و مەسیحیەکان و حکوومەتی هەرێم،

**دووەم**: لەماوەی ڕابردوودا باشووری کوردستان و حکوومەتەکەی ناوچەیەکی ئارام بووە و تاڕادەیەکی باش مافی مرۆڤ و کەمینەکانی پاراستووە،

**سێیەم**: بوونی ژمارەی زۆری کۆمپانیای وەبەرهێنانی ئەو وڵاتان لە هەرێمی کوردستان،

**چوارەم**: هەرێمی کوردستان وەک فەرمانڕەوایەتیەکی نەتەوەیی بەردەوام خۆی نواندووە تا ئایینی و جێگەی سەرنجی وڵاتانی دونیایە لە ئێسیاتادا، کە ببێتە مایەی گرینگی پێدانیان بەم هەرێمە کە لە ناوچەیەکدایە کە ئەو وڵاتانەی دەوروبەری مەرجەعە ئاینیەکان باڵا دەستن و دیموکراسی و لیبراڵی تێیاندا زۆر کاڵ و کرچە،

**پێنجەم**: بەهێزبوونی میدیای باشووری کوردستان،

**شەشەم**: بوونی کەمینەی جۆراوجۆر لە ناو باشووری کوردستان و خواستیان بۆ مانەوەیان لە حکوومەتەکەیدا،

**حەوتەم**: بێهێزی و شکستەکانی ئەو دوایانەی حکەمەتی عێراقی وای کرد کە وڵاتان بیر لە جۆریکی تری بەرژەوەندیەکانیان بکەنەوە لە عێراق و پێشێل کردنی سەروەری ئەو وڵاتە،

**هەشتەم**: دەوڵەمەندی باشووری کوردستان لە ڕووی سەرچاو سروشتیەکانەوە،

**نۆیەم**: بەهێزبوونی دیپلۆماسیەتی ئەو دوایانەی حکوومەتی هەرێم و ڕۆڵی سەرۆکایەتیەکەی،



سەرچاوە
Serchawe

**دەیەم**: مەترسی لەناوچوونی ئەو حكوومەتە لەلایەن گروپی داعشەوە، وایكرد وڵاتانی دەوروبەری وەك توركیای زۆر پێ شپرزە بێت و ژێربەژێر هانی وڵاتانی رۆژئاوا بدات، ئەگەر بۆ خۆیشی ڕاستەوخۆ بەهەر پاساوێك بێت هاوكاری سەربازی هەرێم نەكات.

ئێستا بۆچی كۆڕەوە، چونكو باشووری كوردستان هەر وەك ساڵی ١٩٩١ی زایینی خەریكە بازدەدات بۆ قۆناغێكی گرنگ و هۆكاری هاوشێوەیان هەیە بۆ ئەو بازدانانە و خەڵكێكی زۆر ئاوارە و دەربەدەر بوون، كۆچی بەكۆمەڵی هاووڵاتییان و برسیبوون و دروست بوونی مەترسی و دڵەڕاوكێی زۆر ..، جگە لەوەش دروستبوونی پێگەیەكی بەرزتر لەجاران بۆ حكوومەتی هەرێم ..، ئەگەر ئەوەی یەكەم دروستبوونی ئەو حكوومەتەی زۆر ئاسان كرد، ئەوا ئەوەی ئێستا دروستبوونی دەوڵەتی كوردی زۆر ئاسانتر كرد، چونكو، یەكەم : كۆنترۆڵكردنی ناوچەیەكی زۆر لە خاكی باشوور لەلایەن حكوومەتی هەرێم و جگە لە " شەنگال و دەوروبەری و چەند ناوچەیەكی تر " هەر بەهۆی هاتنی داعشەوە، دووەم : ئەگەر لە ڕابردوودا وڵاتان پشتگیری خۆیان بۆ بەدەوڵەت بوونی هەرێمی كوردستان دەردەبڕی، ئەوەتا دەبینین بەدەر لەوە پاڵپشتی سەربازی و مرۆیی ڕاستەوخۆ بۆ ئەو حكوومەتە دەنێرن، كە ئەمەش وەكوو ئەوە وایە مامەڵە لە گەڵ دەوڵەتێكدا بكەن، نەك لەگەڵ هەرێمێك كە لەناو دەوڵەتێكدایە، حكوومەتی هەرێم چ لەماوەی ڕابردوودا گرێبەستی بازرگانی و لەنێویشیدا نەوتی كردووە لەگەڵ وڵاتاندا و ئەوەتا ئێستاش هاوكاری سەربازی بۆ سوپایەكی لۆكاڵی ڕەوانە دەكەن، بێ هیچ حسابكردنێك بۆ حكوومەتی ناوەند، جا بە خواست یان غەیری خواستی ناوەند بێت، ئەو واقیعەش تەواو پێچەوانەی دەستوور و سەروەری خاكی عێراقە و لە ئەزری واقیعدا دەری دەخات كە هەرێمی كوردستان تەنها ئەندامی ڕێكخراوی نێودەوڵەتی نەتەوە یەكگرتووەكان و دراو و ڕەگەزنامەی نیە، ئەگەرنا وەك هەر شوێنێكی دیكە دەوڵەتە و جیهانیش نایەوێ پێگەی بێتە خوارەوە، لەم دوایانەدا هەناردەكردن و بەستی ڕێكەوتنامەی نێودەوڵەتی لەبواری نەوت و ئێستاش لە بواری سەربازییەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن.
كۆڕەوی ساڵی ١٩٩١ زاینی كە بە یەكێك لەو سێ هۆكارە گرنگە ناوخۆییەدا دادەنرێت، كە ڕێگە خۆش كەر بوون بۆ هاتنە كایەی حكوومەتی هەرێمی كوردستان، لەپاڵ ڕاپەڕینە بەربڵاوەكەی ٥ی ئازاری هەمان ساڵ، كە دوای سەركەوتنی ئەو ڕاپەڕینە و شكستی ڕژێمی بەعس، ئەو ڕژێمە پەیامێكی سزادانەوەی ئاراستەكردن و هاوڵاتییانیش بۆ ئەوەی نەبادا وەك ساڵانی هەشتاكانی زایینی بە چەكی كۆمەڵكوژ وڵامیان بداتەوە، بۆیە زیاتر لە ملیۆن و نیوێك ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی كوردستان و ئێران و پارچەكانی دیكە و توركیا بوون، هۆكاری سێیەمیش قوڵ بونەوەی كێشەكانی نێوان كورد و بەغداد بوون، بێگومان هۆكارگەلی ناوچەیی و جیهانی وەك جەنگی كەنداو و ڕوخانی سۆڤیەت و هاتنە ئارای تاك جەمسەری و دەنگ وەدانەوەی ژینۆسایدی كورد لە میدیای جیهانی و بڕیاری ٦٨٨ی UN دەوری خۆیان هەبوو ..، لە ساڵی ٢٠٠٣ی زایینیش جۆرێك لە كۆڕەو ڕوویدا بەڵام، تەنها خاڵی هاوبەشی لەگەڵ دووەكەی تر ئەویە كە ئەو دەرەنجامانەی لە واقیعی پرۆسەی سیاسی و سیستەمی سیاسی عێراق كەوتنەوە، زۆر كەمتر كەوتنە ژێر كاریگەری ئەوەوە، بە كورتی ئەوەیە كە

ژمارەی کۆچبەران کەمتر بوو، ئەوەندەی هۆکاری ڕوخانی ڕژێمی بەعس و یەکگرتنی ئۆپزسیۆنی کورد و شیعە و سونە و نوسینەوەی ڕەشنوسی دەستورێکی نوێ کاریگەری نەبوو، کۆچ بەرانیش زیاتر بریتیبوون لە دانیشتوانی خواروی باشووری کوردستان، لە بەر مەترسی هەڕەشەکانی ڕژێمی پێشوو .. کۆڕەوی دواتریش مانگی ئۆگستی ئێستایە ٢٠١٤ ە، کە لە ئەوانی دیکە زۆر بەهێزترە، ڕاستە کەمینەکان زیاتر تووشی کۆچ و ڕەو بوونە، بەڵام ئەوان خۆیان بەردەوام ڕایدەگەیەنن کە ئەوان کوردن و نایان هەوی بە جیا خۆیان لەقەڵەم بدەن، هەر هاوکاریەکیش بۆ ئەوان و لەبەر خاتری ئەوان هاتبێ، ئەوا تاکە شەخسێک کە پێی دەدرێ و سەرپەرشتی دەکات و حسابی بۆ دەکرێ، هەرێمی کوردستانی عێراقە .

کەواتە دوو کۆڕەو هەیە کە ڕەهەندێکی سیاسی زۆر بەهێزیان هەیە، جگە لە پێناسە مرۆییەکەی، لە مێژووی سیاسی باشووری کوردستان و دوو وێزگەی گرنگی پرسەی سیاسی ئەو هەریمە پێک دەهێنن، ئەوانیش کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ی زاینی و کۆڕەوەکەی ٢٠١٤ ەن، بۆیە چەمکی کۆڕەوم هەڵبژراد، چونکو نیشانەیە بۆ مێژوویەکی گرنگ و لە ئەدەبیاتی باشووری کوردستاندا جێی خۆی گرتووە، بەهۆی ئەوەی کە ئەوەی لەمڕۆدا هەیە، زۆر لەو ڕووداوە دەچێت کە کۆڕەوی یەکەم پێک دەهێنێ، ئەمەش ئاسانکاری دەکات لە ناو ئەدەبیاتی سیاسیدا و کاتێک دەیبیستین زۆر بەئاسانی مێشکمان وێنای دەکات .

لەمەو بەدوا وڵاتانی جیهان بە شێوازێکی دیکە مامەڵە لەگەڵ ئەو حکوومەتەدا دەکەن و لە لایەنی پەیوەندی نێودەوڵەتیەوە قۆناغێکی باشی بڕی و چاوەڕێ ناکرێ بگەڕێتەوە بۆ دواوە هەروەها میدیای جیهانیش بە گرنگیەوە وەک دەڵێن فۆکەسی لەسەر دەکات، کەواتە بەهەر شێوەیەک بێت قۆناغیکی نوێی بڕیوە لە پرۆسەی بەدەوڵەت بوون، لەمەو بەدوا هێزی پێشمەرگە بە وزەیەکی دیکەوە بەردەوامی بەخۆی دەدات و هەموو ئەو بەشدارییەی پێشمەرگەی باشووری کوردستان و هاوڵاتیانی وا دەکات لەمەو بەدوا زۆر بەهێز تربێت، هەم لەلایەنی تەکنیکی و تاکتیکی و مەعنەوی و لۆجیستی و .. بەهەر شێوەیەک بێت بیرکردنەوەیەکی بەهێزتر لەلای تاکی ئەو هەرێمە دروست دەبێت، کە متمانەی زیاتری بەخۆیە و وڵاتەکەی شیرینترە لەلای، پێویستە ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە یەکرێزی نێون هێزە سیاسیەکانی باشوور ئەگەر لەئاستێکی زۆر باشیش دانەبێت، ئەوا لەئێستادا بە خۆشحاڵیەوە تاڕادەیەکی پێویست گوتاریکی یەکگرتوویان هەیە، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرەوپێشچوونی کلتوری سیاسی ئەو سیستەمە و بوونی ئۆپزسیۆنێکی کارا و میدیایەکی هەمەڕەنگ لە ڕابردوودا، کە هیوادارم زۆر لەوە بەرەوپێشتر بچێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ١٧ی ئاگۆستی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## داعش چی فێرکردین



**حەسەن یاسین**

ئەگەرچی ئەو پەندو دەرسانە زۆرن کە لەماوەی دوو مانگی رابردووەوە، سەبارەت بەهاتنی داعشەوە، فێری بووین. ژیانی ئێمە بەر لەهاتنی داعشو دوای هاتنی داعش جیاوازییەکانی زۆرن. دەکرێ هەندێ لەو دەرسو پەندانە، وەک نموونە، لەم وتارەدا باس بکەین.

راستە داعش رێکخراوێکی تیرۆریستییەو دوژمنی ئێمەیەو مامۆستامان نییە تا لێوەی فێری دەرس ببین، بەڵام زۆرجار لەمێژوودا روویداوە گەلانی ستەمدیدە لەکاتی بوونی هەڕەشەو مەترسیی دوژمنان باشتر لەپێشوو هەست بەکەموکوڕییەکانی خۆیان دەکەنو ناچاردەبن لەبەرانبەر دوژمندا بەرەی ناوخۆییان تەکمەتر بکەن.

بەرلەهاتنی داعشو تا ئێستاش ئێمە نەمانتوانیوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەتەواوی، لەنێو سوپایەکی یەکگرتوو، مەشقپێکراو و پڕ چڕکدا یەکبخەین. ئەگەرچی بەشێک لەهێزی پێشمەرگە لەچوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەدا یەکخراون، بەڵام هێشتا لەدەرەوەی وەزارەتدا هەردوو هێزەکانی (٧٠) و (٨٠) ماونو نەخراونەتە ناو هێزی یەکگرتووی وەزارەتی پێشمەرگەوە.

هاتنی داعش فێری کردین کە هەست بەکەموکوڕییەکانی خۆمان لەبواری سەربازیدا بکەین. فێریکردین کە سوپای پێشمەرگە پێویستی بە وتەبێژێک هەیە کە راسپێردراو بێتو هەموو لێدوانەکان لەرێگەی ئەوەوە بگاتە کەناڵەکانی راگەیاندنی ناوخۆییو بیانی، نەک بەو شێوەیەی ئێستا کە گەڕەلاوژەیەک لەم بوارەدا هەیەو هەر فەرماندەیەکو لێپرسراوێک لەکەناڵێکی دیاریکراوەوە داوای لێدوانو چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکرێت ئیدی بەڕاستو چەپدا دەکەوێتە لێدوان، کە

چەندینجار ئەم لێدوانانە ناکۆک بەیەکتر بوونو هەندێجاریش گوزارشتبوون لەبیرکردنەوەی تەسکی حزبیی رووت.

هاتنی داعش فێریکردین کەناڵەکانی راگەیاندن نابێ بەم شێوە نادروستەی ئێستایان مامەڵە لەگەڵ دۆخی جەنگدا بکەن. تا ئێستا کەناڵەکانی راگەیاندنی ئێمە بیریان لەئامادەکردنی پەیامنێری جەنگ نەکردبۆوە، تائێستاش بیریان لێنەکردۆتەوە. رۆژنامەنووسێک لەکەناڵی فلاندا کە تا ئێستا لەنێو خەڵکدا ریپۆرتاژی رۆژانەی ئامادە دەکرد، ئەمرۆ لەبەرەکانی جەنگدایەو لەپشت نیمچە سەنگەرێکەوە کە دڵنیام سەنگەر نییەو تەنیا لەبەر خاتری وێنەگرتنەکە کراوە بەسەنگەر، بەتەنیشت کۆمەڵێک پێشمەرگەوە، تەمسیل دەکاتو پاڵکەوتووە.

کەناڵەکانی راگەیاندن، چونکە شارەزاییان لەبواری راگەیاندن لەدۆخی جەنگدا نییە، ئیدی رۆژنامەنووسی نەزانو ناشارەزا لەدۆخی جەنگ دەنێرنە بەرەکانی شەرو ئەویش نالێپرسراوانە پرسیار دەکاتو چەندین زانیاری دەدرکێنێ، کە بۆ دوژمن زۆر بەسوودنو بەپارە دەیکرن، کەچی ئەو بەبەلاشو خۆبەخشانە پێشکەشیان دەکات. رۆژنامەنووسێک لەکەناڵی فلانەوە، کە لەنێو ئاپۆرای پێشمەرگەدا وەستابوو، ژمارەی ئەو پێشمەرگانەی کە لەوێ بوون بۆ بینەرانی ئاشکرا کرد، کە ئەمە بەدڵنیاییەوە خزمەتێکی بەلاشە بەدوژمن.

کەناڵەکانی راگەیاندن ئەگەر شارەزاییان لەدۆخی جەنگ هەبێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە کەسانی پرۆفیشناڵ دەنێرنە بەرەکانی جەنگ، نەک کەسانێک کە نەزانانە لەپەخشی راستەوخۆدا کۆمەڵێک پێشمەرگە لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوەو هەر پێشمەرگەیەک مۆبایلێکی بەدەستەوەیەو تەلەفۆن بۆ کەسوکارو هاورێکانی دەکات تا لەتەلەفزیۆنەوە ببیبنێت. چونکە سوپای پێشمەرگەش پرۆفیشناڵ نییە، بۆیە ئاوا مۆبایل لەبەرەکانی شەردا بەدەست هەموو کەسێکەوەیە، کە بروا ناکەم لەسوپا نیزامییەکانی دەوڵەتاندا بەو شێوەیە بێت.

ئیدی دەرس و پەندەکان زۆرنو هەموویان لەوتارێکدا جێگەیان نابێتەوە. بۆیە ئەم چەند سەرەقەڵەمەمان وەک ئاماژەیەک لەم بوارەدا نووسی.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ١٧ی ئاگۆستی ٢٠١٤

## داعش؛ لە پشت قەڵغانی کوردستان



ئیسماعیل شەمس

لە هەزارەی دووەمی پاش زایین، بەشەکانی ڕۆژئاوای فەلاتی ئێران و ئەو شوێنەی کە کوردستانی ئێستای تێدا هەڵکەوتووە، لەژێر دەسەڵاتی سامییەکان بە تایبەت ئاشوورییەکان دابوو. ئەم دۆخە تا ساڵی ٦١٢ پێش زایین کە هۆخشترە، پاشای ماد توانی ئیمپراتووری ئاشوور بڕووخێنێ درێژەی بوو.

هۆخشترە لە ساڵی ٦١٠ی پێش زایین، حەڕڕان لە سنووری سووریا و تورکیا واتا شارێک کە چەند کیلۆمەتر لەولاترییەوە ناوچەی کوردنشینی کۆبانی هەیە داگیر کرد و پاش ماوەیەک کرۆزۆسی لە لۆدییە شکست پێهێنا و توانی دەست بە سەر ئانادۆڵدا بگرێت.

دوکتۆر T.C young (تی سی یانگ) لە مادناسانی بەناوبانگی جیهان ئەم کارەی هۆخشترەی بە ئێرانی کردنەوەی زاگرۆس ڕۆژئاوایی، نێو چۆمانی باکووری و ئانادۆڵ و پەرەپێدانی جیهانی ئاریایی تا ڕۆخەکانی مەدیتەرانەی ناو بردووە. لەو ڕۆژانەوە تا ئێستا ڕۆڵەکانی ماد واتا کوردەکان (بە وتەی مینۆرسکی، ڕۆژهەڵات ناسی ڕووسی) لەو خاکەدا دەژین و هەمیشە وەک قەڵغانێک لە نێوان نیشتیمانی سام و عەرەبی و دواتریش ڕۆمی و عوسمانی لەگەڵ ئێرانی ناوەندی دەهاتنە ئەژمار. ئەزموونی مێژوو بە ئێمەی نیشان داوە کە لە هەر سەردەمێکدا ئەم قەڵغانە پتەوە شکێندراوە ئێرانی ناوەندی هەڕەشەی کەوتۆتە سەر.

ئێسکەندەری مەقدوونی پاش ئەوەی لە دەشتی گوگامەلا لە هەولێری ئێستا سوپای هەخامەنێشی شکست دا ماوەیەک دوای ئەوە هاتە ناو ئێران. عەرەبە موسڵمانەکانیش کاتێک لە شەڕی جەلەولا سوپای ساسانییان شکست پێهێنا بە خێرایی

دزەیان کردە ناو ئێرانی ناوەندی.

گاڵتەی تاڵی مێژوویی، ئەمەیە کە ئەمڕۆ سوپای تەکفیرییەکانی داعش هاوکات لە دەشتی هەولێر و هەم لە جەلەولا لەگەڵ پێشمەرگەی کورد شەڕ دەکات.

ئەمڕۆیش گەلی کورد سەرەڕای قوربانی دانی زۆر تا ئێستا هەوڵی داوە و ڕێگری کردووە لەوەی بووژێنەرانی خەلافەتی عەرەبی و پشتیوانە نیئۆعوسمانییەکانی ئەوان بەرەو ڕۆژهەڵات دزە بکەن.

ئەمڕۆ لە دەشتی نەینەوا کوردە شەبەکەکان دەبنە قوربانی. شەبەکەکان لە ئیتنیکی کوردە گۆرانەکانن و کتێبی پیرۆزیان بەیرەق یان فەرمانەکانی شێخ سەفیەددینی ئەردەبیلییە. داعش ئەوانی بە تاوانی شیعە بوون و ڕافزی بوون دەکوژێت.

لە ئێستادا لە شەنگال و زوممار ئێزدییەکان لەلایەن داعشەوە ژینۆساید دەکرێن. چونکوو بە ڕای ئەوان، ئێزدییەکان هەمان زەردەشتییەکانن کە هەموو بەرەبەیانێ ڕۆژ دەپەرەستن و لە پەرسگەکانیاندا هەرگیز ئاگر ناکوژێننەوە.

لە ئێستادا لە کۆبانی و مەخموور، کوردە شافیعی مەزەبەکان ئەنفال دەکرێن چونکوو عەرەب نین و خوێندنەوەیان لە ئیسلام لەگەڵ خوێندنەوەی توندڕەوانەی داعش جیاوازە.

ئێستا ناقووسی ژینۆساید بۆ کوردە ئێزدییەکان، شەبەک و موسڵمان لە کوردستان زڕاوەتەوە. توندڕەوەکان دەیانەوێت جارێکی دیکە لە عێراق و شامی عەرەبیدا ئاگری نەورۆزی ئاریایی هەڵنەکرێت و کەس شاهنامە نەخوێنێتەوە. ئەوان دەیانەوێت سەمبۆلە ئاریایی و ئێرانییەکان بە ناوی کوفر، زەندەقە و "مەجووسی گەری"یەوە لەناو ببەن.

ئێستا، قەڵغانی پتەوی مێژوویی و هەمیشەیی نێوان جیهانی ئێرانی، عەرەبی و نیئۆعوسمانی هەڕەشەی جیددی لەسەرە. ئەگەرچی دەزانین کە دەوڵەتی ئێران زۆر بەهێزتر لەوەیە کە ڕێگە بدات داعش دزە بکاتە ناو خاکی ئەم وڵاتە، بەڵام داعش و لایەنگرانی ئاشکرا و نهێنی، ئەگەر قەڵغانی کوردستان بشکێنن، لە هەر ئاستێکدا کە بتوانن هەڕەشە دەخەنە سەر ئێران.

ئێستا لە پێکهاتەی داعش ئەندێشە توندڕەوانەی مەزەبی دژە شیعی و ناسیۆنالیزمی توندڕەوانەی عەرەبی گەری دژە عەجەم

کۆبووەتەوە کە هەردووی ئەم ئەندێشانە دژی ئێرانییە.

لەم بارودۆخە مێژووییەدا، چاوەڕوان دەکرێت کە سەرەڕای هەندێ مەسەلە، سەرجەم ئێرانییەکان بە گەل و دەوڵەتەوە لە هەر جل و بەرگ و سەر بە هەر مەزەب و بە هەر زمانێک پشتگیری لە کوردەکان بکەن و وەک ئەرکی ئەخلاقی، مرۆڤی و مێژوویی ڕێگری بکەن لە ژینۆسایدی گەلی کوردستان.

لە ئێستادا کوردی ئێزدی، شەبەک و موسڵمان چاوەڕوانی پشتیوانی لە هاوئیتنیکە ئێرانییەکانیان دەکەن. بێ گومان ئێرانییەکانی هەڤگری مێژوو و فەرهەنگی ئەم نیشتیمانە، ئەوان لەم دۆخە نالەبارە بە تەنیا ناهێڵن.

ژێدەر؛ ڕۆژنامەی شەرق

سەرچاوە: ماڵپەڕی کورد پرێس - ڕێکەوتی: ١٨ی ئاگۆشتی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## دەرهاویشتەکانی شەڕی داعش



سالار خدر روستایی

ئەگەرچی ئاسان نیە کە کۆتایی داعش بە رۆژ دیاری بکرێت، بەڵام ئاماژەکان بەو ئاڕاستەیەن کە لەداهاتویەکی نزیک لەناو دەچێت، یانیش ئەوەندە لاواز ئەبێت کە کاریگەری لەسەر مەیدانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی کوردستان نامێنێت، ئەو شەڕەی بۆ ئەمڕۆ بۆتە مەیدانی جەنگاوەرانی کوردستانو قوربانی بۆ ئەدەن بۆ بەیانی سیاسیەکان هەوڵی ئەوە ئەدەن دروێنەی لێ بکەن. بۆیە بەدڵنیاییەوە ئەم بارەی ئێستا کۆمەڵێک کاریگەی لەسەر داهاتوی پێگەی سیاسی و قورسایی کەسو لایەنەکان ئەبێت، هەر بۆیە زۆربەی پارتەکان لە ئێستاوە ئەیانەوێت بەخەڵک بڵێن لەبەرچاوتان بێت کە ئێمە لەشەڕ چی ئەکەین، تا بەیانی بەبیری هاوڵاتی بێننەوە.

لەهاوکێشە جیهانیەکاندا ئەوە سەلمێندراوە هەر ترسێک بێتە سەر وڵات، ئەبێتە هۆی یەکگرتووی و لێکنزیکبونەوەی لایەنە جیاوازەکان لەو وڵاتە، بەڵام یەکێک لە دەرهاویشتە خراپەکانی ئەو جەنگە ئەوەیە، هەندێ لایەن نەچونەتە ژێر ئەو بنەمایەو بێگوێدانە لایەنە نێگەتیڤەکەی خەریکی بەدەستهێنانی دەستکەوتی حزب ینە. ئەوەش ئەوەمان پیشان ئەدات کە دوای تەواو بونی ئەو جەنگە، لایەنەکان هەڵمەتێک دەست پێ دەکەن بۆ دابڕکردنی دەستکەوتەکان بۆ خۆیانو شکستەکانیش ئەدەنە پاڵ بەرامبەرەکانیان.

لەوێشەوە دوو جەمسەری حزبی و سیاسی و بەتایبەتیش سەربازی، زەقتر دەبێتەوەو ئەو هەنگاوانەی نراون بۆ بەنیشتیمانیکردنی هێزی پێشمەرگە سست دەبنەوە. لێرەشدا ئەرکی وەزیری پێشمەرگە قورس دەکات هەروەک دەرکەوتوە کە لەئێستادا کەمترین رۆڵی هەیە لەڕوکەشدا، بەمەش جارێکی تر هەیمەنەی حزبی دەرئەکەوێتەوە لەبەرامبەر حکومەت.

بەشی یەکەم

لەلایەکی ترەوە هێزی پێشمەرگە پێویستی بەهەڵسەنگاندنی جددی ئەبێت. لەدوای ساڵی ١٩٩١ ئەمە یەکەم شەڕی جددیە کە پێشمەرگە وەک لایەنێکی سەرەکی بەشداری دەکات لەگەڵ لایەنێکی غەیرە کوردی، بۆیەش وەک یەکەم تاقیکردنەوەی پێشمەرگە دادەنرێتو دەرهاوێشتەکانی دەبنە جێی مشتومڕی لایەنەکان. هەروەک ئەو لایەنانەی خاوەنی هێزی چەکدارن هەوڵی قۆستنەوەی ئەو بارە دەدەن بۆ زیادکردنی پارسەنگی قورسایی خۆیان چونکە لەبەرامبەر رۆڵ و ئەداو ماندوبونی خۆیان دەسکەوتی مەعنەویان دەست دەکەوێت بەتایبەتیش یەکێتی کە لەئێستادا خەریکی نمایشێکی سەربازیە، تا بەرکابەرەکانی بڵێت یەکێتی فاکتەرێکی بەهێزە لەهاوکێشە جددیەکانی کوردستان.بەمەش بودجەی زیاترو گرنگی زیاتر بەپێشمەرگەو کێشانی هێڵی وەهمی، لەنێوان بەشەکانی وەزارەتی پێشمەرگە بەقازانجی یەکێتی تەواو ئەبێت.

هەرچی ئیسلامیو عەلمانیەکانە، ئەو مشتومڕەی کە لەو ساڵانەی کۆتاییدا کاڵبۆتەوە ،ئەکرێت سەرهەڵداتەوە. عەلمانیەکان ئەوەدەرفەتە لەدەست نادەن بەوەی کەسانێک بەناوی ئیسلام کوردیان کوشت و بڕکرد، لێرەدا مەوقیفی ئیسلامیەکان چ جای ئیحراجە هەروەها ئەرکێکی قورسیشیان ئەکەوێتە سەرشان بۆ کاڵکردنەوەی ئەو کاریگەریە لەسەریان. بۆیە ئەکرێت رەوتی ئیسلامی بۆ ماوەیەک ببێتە قوربانی ئەو شەرە نەویستراوە لەلایەن خودی ئیسلامیەکانەوە. ئەگەرچی ئیسلامیەکان هەر لەسەرەتاوە ویستویانە خۆیان لەو بارە بپارێزن، بە پاڵپشتیکردنی پێشمەرگە بەڕاگەیاندن و دژایەتی داعش بەوتە.

بەڵام ئەدای کاریان وەک پێویست نەبوە تا ئێستاو خەڵکی لەوە زیاتریان لێ چاوەڕێ دەکات. جا ئەگەر ئەو چاوەڕوانیەی خەڵکی رەواش نەبێت، بەڵام ئەوە شەقامەو ئەکرێت لەداهاتوو لەسەر ئەمە لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکات. دەشکرێت خەڵکانێکی ئیسلامی لەپاڵ ئەو چاکسازیو پاکسازیانەی دەکرێت بۆ رێکخستنەوەو توندوتۆڵکردنی ئاسایشی هەرێم، بکەونە بەر ئەو شاڵاوەو ئازار بدرێن.

لەسەر ئاستی عیراق پارسەنگی کورد بەهێزتر دەبێت بە بەراورد لەگەڵ پێش هاتنی داعش، جا ئەگەر ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە دەستی بمێنن یان نا، چونکە کوردستان لە شوێنی بەغدا شەڕی داعشی کردو جەنگێک کە چاوەڕێ دەکرا سوننەو شیعە بکاتە دوو بەش، کورد کۆتایی پێهێنا. چ جای ئەوەی سەرکەوتوو بوو لەخۆڕاگری بەرامبەر بەو فشارانەی مالیکی بۆ کوردستانی هێنا، بەرگەی بێ موچەیو ئابلۆقەی سنورداری بەغدای گرتوو ئامادە نەبوو چۆکبدات بۆ داواکاری مالیکی. هەموو ئەمانە پەیامێکی رون دەدەنە سەرۆک وەزیرانی داهاتوو، بەوەی کورد بە کەمتر لەحەقی خۆی رازی نابێت و ئامادەشە قوربانی لەو پێناوەدا بدات. ئەمە جگە لەوەی کە کوردستان وەک پاڵپشتێکی بەهێز دەرکەوت دژ بەدوژمنانی بەغدا لەشەڕی داعش.

## بەشی یەکەم

لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە وا چاوەڕێ دەکرێت گۆڕانکاریەکی نەوعی دروست ببێت، چونکە لەو چەرخە نوێیە ئەمە یەکەمجارە هەر چوار پارچەی کوردستان لەیەک بەرە دژ بەدوژمنێک خۆیان ڕێکبخەن. لێرەوە کوردانی باکورو رۆژئاواو رۆژهەڵات منەتێکیان بەسەر ئێمە جێهێشتو پێویست دەکات کوردستان و پارتە سیاسیەکان هەم وەڵامی ئەو چاکەیان بدەنەوە، هەمیش گۆڕانکاری بنەڕەتی لەسیاسەتی خۆیان بکەن بەرامبەر پارچەکانی تری کوردستان بەئاراستەی باشترکردنی پەیوەندیەکان، دەشکرێت پرسی کۆنگرەی نەتەوەیی جارێکی تر بوروژێندرێتەوە.

لەسەر ئاستی جیهانیش ئەمەریکا منەتی خۆی بەسەر کورد جێدەهێڵێت، ئاسان نابێت کە تا ماوەیەکی دور بێ ڕەزامەندی ئەمەریکا کورد کارێک بکات، چونکە لەکاتێک بەهانامانەوە هات کە زۆرترین پێویستیمان بە کەمترین هاوکاری هەبوو. هەروەک پێویستیش دەکات کورد تەماشایەکی دەوری تورکیا بکات لەهاوکێشەکەدا، چونکە لە یەکەم هەنگاوی دوای ڕێککەوتنی کوردو تورکیا، ئەو هیچ ئامادەیی نەبوو لەمەیدانی هاوکاری کوردستان. پرسی دەوڵەتی کوردیش جارێکی تر دوادەخات، ئەگەر ئەمەریکا تێڕوانینی خۆی نەگۆڕێت. هەرچی رۆڵی وڵاتانی ئەوروپیە جێی تێرامانە، چونکە ئەگەر چی زۆرێک لەوڵاتانی ئەوروپی شوێن پێی ئەمەریکا دەکەون، بەڵام ئەمجارە زۆر لەوە رونتر پاڵپشتیان لەکورد کرد کە چاوەڕێ دەکرا. لێرەشەوە متمانەی کوردیان بەدەست هێناو پەیامێکیشیان بە بەغدادا، بەوەی جیاوازی هەیە لەنێوان کوردستانو عێراق و دەکرێت لەهەر کاتێک ئەوان پاڵپشتی کوردستان بن.

مامۆستای زانکۆ

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی - ڕێکەوتی: ١٨ی ئاگۆستی ٢٠١٤

## بەنداوی مووسڵ ستراتیژی و شانازییەکی گەورە، بەڵام پڕ کێشە



هێرش کەریمی

هێزی پێشمەرگەی کوردستان: " گەورەترین بەنداوی عێراق و چوارەمین بەنداوی ڕۆژهەڵاتی ناڤین کە لە پەنجا کیلۆمیتری شاری مووسڵ هەڵکەوتووە بەتەواوەتی کۆنترۆڵ کراوە و گرووپی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی زەبری بەرچاویان وەبەر کەوتووە".

هەواڵە تەئید نەکراو و دژبەیەکەکان سەبارەت بە کۆنترۆڵ کردنی بەنداوی مووسڵ کە ئاخۆ لەکۆنترۆڵی پێشمەرگەدایە یان لەلایەن "دەوڵەتی ئیسلامییەوە" دەستی بەسەردا گیراوە کاری هەواڵنێران و هەواڵسازی لەگەڵ ئاستەنگ، دووڕییانی و ئەستەم بەرەوڕوو کردۆتەوە.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دەوڵەتی عێراق دەڵێین : گەورەترین سەرچاوەی دابین کردنی ئاوی خواردنەوەی عێراقمان لەژێر چەنگی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) دەرهێناوەتەوە و پێویستە تەنیا دەوروبەری بەنداوەکە لە مین پاک بکرێتەوە، لەهەمبەردا گرووپی داعش ئەو هەواڵە ڕەت دەکاتەوە و وتوویانە، "بەشێکی بەرچاو لەو بەنداوە لەژێر دەستی ئێمەدایە".

لەو نێوەدا ئەرتەشی ئەمریکا بەهێزی هەواییەوە پشتیوانی لەپێشمەرگە دەکات و دەڵێشەڕ لەسەر بەنداوی مووسڵ بەردەوامە و پێشمەرگە لەپێشڕەوی دایە، پێنتاگۆن ئاشکرای کردووە، سەرجەم و بنکە و بارەگاکانی "داعش"مان لە مووسڵ بوردومان کردووە.

بۆچی کۆنترۆڵ کردنی بەنداوی مووسڵ ئەو گرینگییەی بەخۆیەوە بینیوە؟ بۆچی سپای ئەمریکا ئەو بەنداوەی بە "مەترسیدارترین بەنداو" وەسف کردووە؟

هێزی پێشمەرگەی کوردستان باسیان لە کۆنترۆڵی کامڵی بەنداوی مووسڵ کردووە، هەر چەندە هەتا ئێستا هیچ هەواڵنێرێکی سەربەخۆ لەناو بەنداوی مووسڵەوە ئەو هەواڵەی پشتڕاست نەکردۆتەوە، هێزی ئاسمانی ئەمریکا بە فڕۆکە جەنگییەکانی نزیک بە ٢٥جار دەورووبەری بەنداوی مووسڵیان بوردومان کردووە و لەنێوەدا ئەرتشی عێراقیش بۆ ئەوەی ناوێکی هەبێ‌را پۆرتێکی لەسەر بەنداوی مووسڵ بڵاو کردۆتەوە.

هەنووکە ئاخۆ کۆنترۆڵی بەنداوی مووسڵ لەدەستی کام لایەنی شەڕدایە هۆکارێکی چارەنووس سازە و تەنانەت ئەگەر لەماوەی تێکهەڵچوون و بوردومانەکاندا خەسارێک وەبەر بەنداوەکە بکەوێ، ئەوە لە داهاتوودا دەکرێ‌کارەساتی لێبکەوێتەوە.

پرسی کۆنترۆڵکردنەوەی بەنداوی موسڵ و دەرهێنانی لەژێڕدەستی داعش، تەنیا پەیوەندی بە چارەنووسی بەنداوەکەوە نیە، بەڵکوو پێوەندی بە چارەنووسی سەدان هەزار مرۆڤیشەوە هەیە.

بە حوکمی ئەوەی کە پێشتر دەولەت ئیسلامی ئاوی بەنداوی فەلووجەی بەردابووە و بە مەبەستی ڕێگری لە پێشڕەوی هێزەکانی سپای عێراق بەکاری هێنابوو و بەشێک لە ئاواییەکانی سەر ڕێگەی بەغدا کەوتبوونە ژێر ئاو، مەترسیی دووپات بوونەوەی ئەو سناریویە لای هاووڵاتیان زیاتر ببوو.

بەوتەی کارناسانی بەنداوسازی، "ئەگەر دیوارە"موحافیزەکانی" بەنداوکە بڕوخێن شاری مووسل و بەغدا ئاو هەڵیان دەگرێ‌و لافاو وەرێ‌دەکەوێ‌و دوو میلیۆن کەس لە بوونی کارەبا بێبەری دەبن و سەرەڕای ئەوەش کە وەرزێڕی بە تەواوەتی لە مووسڵ و دەورووبەری لەناو دەچێ، مەترسییەک کە لەکاتی شەڕدا بە بەردەوامی لەمێشکی پێشمەرگەدایە و هەر ئەوەش وای کردووە کە پێشمەرگە بە هەستیارییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ دۆخەکە بکات.

ئەو بەنداوە لەسەرەتای هەشتاکانی میلادیداو لەسەر بڕیاری سەدام حوسێن ، لەسەر رووباری دیجلە دروستکراوە و بە سەرچاوەیەکی سەرەکیی بەرهەمهێنانی کارەبای عێراق دێتە ئەژمار.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

بەڵام بەنداوی مووسڵ زۆر گەورەتر لەوانەیە کە باسی لێوە دەکرێ‌و ناوچەیەکی بەربڵاوی لەمووسڵ و بەغدا و تەنانەت لە کوردستانیشی لەخۆ گرتۆوە، ئەوەی کە ئێستا جێگای تەئید میدیاکانە ئەوەیە کە کۆنترۆڵی باشووری بەنداوەکەیە و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەوێ‌ئاڵای سێ‌رەنگی کوردستانی هەڵداوە و لەپێشڕەوی دان.

باراک ئۆباما سەرکۆماری ئەمریکا کە پشتیوانی خۆی لە هێزی پێشمەرگە دەربڕیوە وتوویەتی: بەنداوی مووسڵ کە ماوەی ١٢ ڕۆژ لەمەوبەر کەوتە دەستی "داعش" ئێستا لەدەستی پێشمەرگەدایە.

زۆر شارەزای بواری سیاسیی لەو باوەڕەدان، هەرچەندە هێرشی داعش بۆ سەر خاکی کوردستان زیانی مرۆیی و مادی لێکەوتەوە و خەڵکانێکی زۆر ئاوارە بوون، بەڵام دەسکەوتیشی بۆ کوردستان هەبوو.

یەکبوونی هەر چوار پارچەی کوردستان، یەکێەتی کوردستانی باشوور، پشتیوانی بەربڵاوی وڵاتانی بیانی و زلهێز لەکوردستان، تەیار کردنی پێشمەرگە بە چەکی قورس و جێبەجێکرانی مادەی ١٤٠ بەشێوەی سروشتی بە دەسکەوتەکانی کورد لە قەڵەم دراون.

مادەی ١٤٠ کە خاڵێکی دەستوورییە و باسی لە گەڕاندنەوەی چەندین ناوچەی کوردنشین بۆ سەر خەریتەی کوردستان دەکرد ماوەی ١٠ ساڵ دەبوو کە لەلایەن حکوومەتی ناوەندی بەغداوە دەستاودەستی پێدەکرا.

ئەو مادە یاساییە بە ڕەزامەندی بەغدا جێبەجێ‌کرابا تەنیا سی هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشە لەخاکی کوردستان دەگەڕایەوە سەر خەریتەی کوردستان، بەڵام ئێستاکە نزیک بە ٤٠ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشە گەڕاوەتە سەر خاکی کوردستان.

هەر چەندە حکوومەتی بەغدا وتوویەتی: دوای تەواو بوونی شەڕ دەبێ‌ئەرتەشی عێراق بگەڕێتەوە ئەو شوێنانە، بەڵام لە هەمبەردا حکوومەتی هەرێم و لەسەرووی هەمویانەوە مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وتوویەتی: مادەی ١٤٠ جێبەجێ‌کراوە و پێشمەرگە لەو ناوچانە جێگیر کراون و بەهیچ شێوەیەک عێراق ناگەڕێتەوە دۆخی پێشوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ١٩ی ئاگۆستی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

# رەوشی هەرێمی کوردستان لەدوای پەلامارەکانی داعش




سەروەر ئەرگوشی*

ئەو پێشهاتانەی ئەو ماوەیە لە ناوچەک بەتایبەتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان هاتنە کاییەوە لە پەیدابوونی تێکدەرانی رێکخراوی تیرۆرستی ناسراو بە ( داعش ) کە بە شێوەیەک بوو چاوەڕوان نەکراو بوو کە لە ماوەیەکی کورت بتوانری ئەو گۆڕانکاریە سیاسیەی لە ناوچەکە لەگەڵ خۆیدا بهێنن کە راستەوخۆ لە زۆر رووەوە هەرێمی کوردستان زەرەرمەند بوو لە رووی مرۆیی تووشی بوون بە شەڕێکی بە سەر پەسەند کراو و ئابووری نەفسی چەندین هۆکاری تر وەکو سەربازیشی لە ماوەیەکی کورت کە بووە هۆی ئەوەی چەندین خەڵکی بێ گوناح بکوژرێ و دەربەدەر بکرێت و ئاوارەی ناو هەرێمی کوردستان بن و ببنە هۆکاری زیاتر بوونی پاڵەپەستۆی ئابووری لەسەر هەرێمی کوردستان بە تایبەتی کە هەرێم لەم ماوەیەدا لە باری ئابووریەکی نا هەموار تێدەپەڕێت بە هۆکاری نەبوونی بودجە و مووچە کە لەلایەن کار بەدەستانی بەغدا چەندین مانگە بە هۆکاری سیاسی براون، بەڵام ئەوەی دڵخۆشکەر بوو سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتیانە، بە هانا هاتنی وڵاتانی دونیا لە هەموو روویەکی سیاسی ئابووری سەربازی کە ئەمەش لەوانەیە لە لایەن زۆربەی شرۆڤە سیاسیەکانی دونیا پێشبینی نە کراو و ئەمەش بەهۆی ئەو تەجروبانەی لەناوچەکە هەن، کە چەندین کێشەی زۆر گەورەتر لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی عێراق بە تایبەتی و وڵاتانی تری دەوروبەرو ناوچەکە بە گشتی، بەڵام تاکو ئێستا بە شێوەیەکی روون و لە وڵاتانی دونیا وەک ئەوەی ئێستا بەرامبەر هەرێمی کوردستان هەیە لە لایەک وڵاتانی غەربی زلهێزانی دونیا وەک ئەمریکا بەریتانیا فەرەنسا ئیتاڵیا ئەڵمانیا ......هتد. بە دیار نەکەوتووە، چونکە ئەوەی راستی بێت عێراق هاوپەیمانی ئەمنی لەگەڵ ئەمریکا بەستووە لەکاتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، بەڵام پاش ئەو هەموو هەوڵانەی کە لەلایەن حکومەتی پێشووی عێراق کران بێ سوود بوون بە مەبەستی هاوکاری سەربازی ئەمریکی بۆ عێراق، وەهەروەها شەڕی ناوخۆی سووریا کە چەندین ساڵە ئۆپۆزسیۆنی سووری بە چەندین رێگا داوای هاوکاری سەربازی

لە وڵاتانی زلهێزی دونیا کردوو، بەڵام تاکو ئێستا هاوکاریەکان وەک ئەوەی ئێستا بۆ هەرێم فەراهمکراو نەهاتە ئەنجام، بە هەمان شێوەی بارودۆخی ئێستای لیبیا کە تووشی شەڕی ناوخۆی بووە کە هاوپەیمانی ناتۆ لە کاتی لادانی موعەمەر قەزافی بە هەموو شێوەیەک هاوکاری راستەوخۆی ئۆپۆزسیۆن کرد، بەڵام ئەوەی ئێستا دەبینرێت رۆژئاوا زۆر بە ئاشکرایی

ئەوەی جێگای شرۆڤەکردنە هۆکاری سەرەکی بە دەنگ هاتنی ئەو هەموو وڵاتانە بە تایبەتی ئەمریکا وە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بو هەرێمی کوردستان بە هەموو شێوەیەک لە پاڵپشتی سیاسی و مرۆیی سەربازی وە لە گەورەترین هەڕەمی سیاسی ئەو وڵاتانە رۆژانە چاودیری بارودۆخی کوردستان دەکەن و ناردنی شاند باڵا بە مەبەستی چاودێری بارودۆخەکە و دەربڕینی هەموو پاڵپشتی و هاوکاریەک لە نزیکەوە، بۆیە ئەبێت بڵێین گرنگی هەرێمی کوردستان زۆر بە روونی دیارکەوت بە نیسبەت جیهانی سیاسی لە رووی شوێن و پێگەی سیاسی سەرکردایەتی کوردی کە دیارە ئەو سیاسەتە لە چەند ساڵی رابردوو سیاسەتێکی حەکیمانە بووە لەلایەن سەرۆکی هەرێم حکومەت و هەموو لایەنە سیاسییەکان کە بویتە جێگای متمانەی تەواوی ئەو وڵاتانە کە بە هەموو شێوەیەکی کرداری پاڵپشتی راستەوخۆی هەرێم دەکەن کە پێشتر بەم شێوەیە نەبوو، وە شایەنی گوتنە بڵێین هەرێم لە رووی پشتگیری سیاسی بەم متمانایە زۆربەی وڵاتانی دونیا پێگەی نێودەوڵەتی ئەم هەرێمە زۆر بە شێوەیەکی قوڵ و چەسپاو و ئاسۆیەکی گەشی لێ ئەنجام دەبینن، چونکە سەرکردایەتی هەرێم توانی ئەو بارودۆخەی کە ئێستا هەیە لە بارودۆخی ناوخۆیی بکرێتە بارودۆخی نێودەوڵەتی و هەرێم سەلماندی کە ناوچەیەکی شیاوە کە ئەم هەموو گرنگی یە نێودەوڵەتیە پێیدەدرێت هەر بۆیە ئەبێ یەک ریزی ناوخۆیی زیاتر پتەو بکەین، چونکە تەنها ئەو یەک ریزیە ئەو بارودۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستان بە پتەو و دەولەت کردووە ئەوە بوو هۆکاری توند و تۆڵکردنی پەیوەندیەکان بە راستەوخۆی لەگەڵ هەرێم بە هەموو شێوەیەک دوور لە نانەوەی دوو دڵی ئەوەی لێ دەکەویتەوە.

* ماستەر لە پەیوەندی نێودەوڵەتی

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژنامەی خەبات - ڕێکەوتی: ١٩ی ئاگۆستی ٢٠١٤

## وتووێژ ی ڕۆژنامەی کوردستان لە گەڵ دوکتور مەحموود عوسمان، ئەندامی پێشووی پارلمانی عێراقو سیاسەتمەداری ناوداری کورد،



### لە پێوەندی لەگەڵ هێرشی هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراقو شام (داعش) بۆ سەر کوردستان

**ئارەش لورستانی**: دوای سڵاو و ماندوو نەبوون تکایە بفەرموون بە ڕای جەنابت چ هۆکارێک بۆتە هۆی سەرهەڵدانی داعش؟

**د. مەحموود عوسمان**: لەسەرەتا داعش لە شەڕی سووریا دروست بوو، دەسەڵاتی داعش (دوڵەتی ئیسلامی عێراقو شام)، بەرەبەرە لە گەڵ ئەو تیرۆریستانەی کە لە گەڵ عێراق تایان دەکرد واتە (القاعیدە و..) پەیوەندییان گرتو هەروەها لە ناوچە(عێراق) کێشە دروست بوو کێشەی سوننەو شیعە بەتایبەت لە ناوچەی موسڵ، ئەم ناوچانەش سنووریان لەگەڵ سووریا هەیە و هەروەها خەڵکی ئەو ناوچانە پشتیوانی لە هەموو ئۆپۆزیسیۆنێک دەکات، چ داعش بێ ،چ بەعس بێ، هەروەها نزیک بە ساڵێک لەمەوپیش ئوپۆزستونێکی زۆر و خۆپێشاندان لە دژی مالکی لە موسڵ و ناوچە سوننیىنشینەکان سازبوو، سەرەتا لە موسڵ دەستی پێکردو بەرەبەرە خەڵکی ناوچەکانی دیکە و ئەوانە وا دژ بە دەوڵەت بوون هاوکاریان لە گەڵ کردن و دەتوانین بڵێین بە جورە داعش دروست بوو. مومکنە کە دەستی دەوڵەتی دەرکیشی تێدابێ بۆ ئەوەی کە وەزعی عێراق تێک بچێت. وەزعی کوردیش تێک بچێت. سەرەتا کە داعش سەری هەڵدا کوردەکان وایان هەست دەکرد کە (داعش) عیلاقەی بە ئەوانەوە نیە، بەڵام وردە وردە پەلاماری ئەوانیشی داو، ئێستا کوردەکان لە شەری داعش دان.

**ئارەش لورستانی**: وەک ئاگادارن سەرچاوەی بە هێزبوونی داعش هەبوونی چەکوچوڵ وکەرەسەی شەڕکەری مودیرنە. بەڕای جەنابت ئەم چەکە مودێرنانەیان لە کوێ هێناوە کە زۆر یاریدەدەریانە لەشەڕو پێکدادانەکان؟

**د. مەحموود عوسمان**: سەرچاوەی چەکوچوڵی مودێرنی داعش لە دوو شوین تەیار کراوە. یەکەم ئەمە کە خۆیان لە سەرەتادا



سەرچاوە
Serchawe

ئەم چەکانەیانە هەبووە، هێندێکیان لە لەشکەری سووریا وەدەست هێناوە دووهەم کە هێرشیان کردە سەر عێراق و لەشکەری عێراق شکستی هێناو هەموو ئەو چەکە بە جێماوانە لە ئەرتەشی عێراق کەوتە دەستی ئەوانو سوودیان لێ وەردەگرن.

**ئارەش لورستانی**: بۆچی داعش هێرشی کردە سەر دووپارچە لە کوردستان (باشوورو رۆژئاوا)و دەستی دایە رەشە کۆژی کە دەتوانین بڵێین؛ لە مێژووی رۆژهەڵاتی ناڤینندا بە دەگمەن رووی داوە؟

**د. مەحموود عوسمان**: بۆ زۆر کەس شکوگومان بوو کە بەو توندییە لە گەڵ کوردانی باشوور بەشەر بێن کوردی رۆژئاوا لەگەڵ (ی.پ.گ)و(پ.ک.ک) کەوتنە بەرەیەکەوەوگرووپی (ی.پ.گ)هاوکاری لەگەڵ بەشارئەسەد هەیەو گرووپی داعشیش هەروا کە پەلاماری رێژیمی ئەسەدییان دەدا هەر بەو شێوەیش پەلاماری کوردیان داو لە رۆژئاوا زۆریان کوشت. بەڵام پرسیارە بۆ زۆر کەس کە بۆچی لە کاتێکدا داعش خۆیان بە دژی شیعە دەزانن و دژی مالکی، بۆچی ئێستا پەلاماری کوردانی باشوور ئەدەن؟ هۆکاری ئەمەیە رەنگە ئەم حکوومەتە کە لە باشووردا هەیە بە حکوومەتێکی نائیسلامیی دەزاننو لە هەمان کاتیشدا دەیانهەوێت ئەم سەقامگیرییە کە لە باشوور هەیە تێکی بدەن و مومکینە دەستێ هەبێ کە وەزعی باشووری کوردستان تێک بدەن. بەڵام کاتێک داعش هاتنە ناو عێراقو لەشکەری عێراق کشایەوە لەو ناوچانە، لە نێوانی داعش و پێشمەرگە بەربەست پەیدا بوو. ئەوان دەیانهەوێت ئەو ناوچانەی کە کەوتە دەستی پێشمەرگە، بە دەستی بێننەوە. چونکە ئەو ناوچانە، بە ناوچەی کوردی نازانن بەڵکوو بە هی عەرەبی دەزانن.

**ئارەش لورستانی**: بە رای جەنابت یەکێک لە هۆکارەکانی هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان ئەمە نیە کە کوردەکان رایان گەیاند کە لە پێکهێنانی حکوومەتی ئیتلافی عێراق بەشداری دەکەن؟ هەر بەو جۆرە کە بەرێز جەلال تاڵەبانی ئەمەی راگەیاند و دکتۆر فوئاد مەعسووم بوو بە سەرۆک کۆماری عیراق. ئایا ئەگەر لەسەرەتای ئاڵۆزییەکان سەربەخۆیی کوردستانیان پێڕەو بکردبا، لەم شەڕو مەترسییە پێشگیری نەدەکرا؟

**د. مەحموود عوسمان**: رەنگە ئەمەش هۆکارێک بێت، بەڵام پاساوێکی تەواو نیە. چونکە داعش دژی شیعەکانن بە گشتیو دژی مالکین بە تەواویی کە بیژن؛کورد هاوکارییان دەکا. چونکە مالکیش نەبێ یەکی دیکەش هەبێ بۆ نموونە »حەیدەر عیبادی« ..کورد لە گەڵ حکوومەت دەبێ. بەهەر حاڵ ئەوەی کە کورد هاوکاری بەغدا دەکاتو هەرێمی کوردستان لە حکوومەتی عیراقدا بەشدارە، رەنگە ئەمیش هۆکارێک بێت بۆ ئەم هێرشانەو تەعسیری هەیە.



سەرچاوە
Serchawe

**ئارەش لورستانی**: ئەگەر شەڕی داعش لە گەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەو شێوە درێژەی هەبێ، چ مەترسییەکی بۆ کوردەکان هەیە؟

**د. مەحموود عوسمان**: زەرەروزیانی زۆر خەراپی هەیە، چونکە لە ناکاو کورد تووشی ئەوە شەڕە بووە. لە هەموو بەرەکان زیاتر لە میلیونو نیوێک خەڵکی عێراق دەربەدەر بووە روویان کردووتە ناو هەرێمی کوردستان توانای هەرێمیش لەئاستێکدا نیە بتوانێ کێشەکانیان چارەسەر بکات. بەڕاستی ئەم شەڕە کێشەی گەورەی بۆ حکوومەتی هەرێم دروست کردووە. هەروەها ولآتانێک وەکوو ئەمریکا نایەن کێشەی کورد حەل بکەن. یانێ شەڕەکەو قوربانی بوون وکوشتنەکە یەخەی ئێمەی گرتووە و ئەمریکاش لە ئاسمانە بە فرۆکە یارمەتیدەرمانە کە زۆر یارمەتێکی کەمە..لە ئاسمانەوە تەقە کردنی پرشوبلآو ئەم کێشە چارەسەر ناکات، بەڕاستی ئەم شەڕە کە کورد نەویستووە بەڵکوو تووشی بووە زۆر شتێکی خراپەو ماوەیەکە یەخەی ئەم میللەتەی گرتووە زەرەوخەسارێکی زۆری هەیە بۆ کورد، ئومێدەوارین کورد بتوانێ بەسەر ئەم کێشەدا زاڵ بێ‌و بەهاوکاری کوردوحکوومەتی عێراق بتوانن گرووپی داعش بنبڕ بکەنو ئەوشوێنانەی کە گرتوویانەتەوە لێیان بستێنەوە.

**ئارەش لورستانی**: تائێستا حکوومەتی ناوەندیی عێراق چ کارگەلێکی بۆ حکوومەتی هەریم کردووە، ئەگەر لەم بارەوە حکوومەتی ناوەندی (عملکردی)لاوازبێت، ئەمە لەسەر بریارەکانی دیکە وەکوو مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان کاریگەریی هەیەیا نە؟

**د. مەحموود عوسمان**: نە ئەم شەڕی داعشە کە روویدا پتر هاوکاری لە بینی حکوومەتی بەغدادو حکوومەتی کوردستانی دروست کرد. ئەمریکایش بە میانجیگەری هەوڵ ئەدا کە پتر هاوکاریمان هەبێ پێکەوە. بە گۆڕینی نووری مالکیو هاتنی سەرۆک کۆماری تازە ئەم هاوکارییانە زیاتر دەبێ، ئەمریکاش بریاری داوە لەو شوێنانە کە داعش هەیە بەفرۆکەی شەڕکەر لێیان بداو بە دروست بوونی حکوومەتی تازە لە عێراقیش ئەم هاوکاری ئەمریکاش لەم بارەوە زیاتر ئەبێ، هەروەها ئێرانیش، چونکە ئێرانیش پێی‌خۆشە هاوکاری هەبێو لە نێوان کوردوشیعەکان جۆرە هەماهەنگیەک هەبێ.

**ئارەش لورستانی**: ئەگەر سرنج بدەین دەزانین کە ولآتی عێراق بۆ ئێرانو سووریا یەکجار گرینگەو دەبینین سەرهەڵدانی شەڕی داعش پەیوندییەکانی ئەم دوو ولآتەی بە هێز کردووە! ئەمە شکوگومان دروست ناکات کە ڕەنگە ئێران لەم ڕووداوانەدا دەستی هەبێت؟

**د. مەحموود عوسمان**: بە دووری نابینم، چونکە ئێران زۆر دژی ئەو دروشمانە بوو کە هەرێمی کوردستان باسی کرد وەکوو

«سەربەخۆیی و مافی چارەنووس ورێفراندوم....»ئێران بە ئاشکرا بە دژی ئەم دروشمانە وەستاو هەڵویستی گرت، مەبەستیان بوو کە کوردستان کێشەی هەبێو لەمەبەر ئەوە دووری نابینم کە بە شێوەیکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەم بارەوە تەئسیری هەبێ لە هەمان حاڵدا ئێران دۆستی حکوومەتی بەشارئەسەدەو بەشار ئەسەدیش دژی داعشە.کە ئەمە لەگەڵ ئەو شکە یەک ناگرێتەوە.

بەهەرحاڵ بەڕای من وڵاتانی دەوروبەر چ تورکیا، چ ئێران و چ سووریا و چ بەغداد هەمیشە ویستوویانە کە هەرێمی کوردستان لاواز بێو تەنها ئەم سێ پارێزگایە هەبێ (دهۆکو سلێمانیو هەولێر) کە دییان پێشمەرگە چۆتە ناو ناوچەکانیتر (کەرکۆکو خانقینو موسڵ...) ئەم هەڵمەتەیان پێ خراپ بوو، رەنگە هاوکاریشیان کردبێ پێکەوە کە پێشمەرگە لەو ناوچانە بەرنە دواوەکە لە سنووری سێ پارێزگای هەرێم نەتوانن زیاتر بچنە پێشەوە.

**ئارەش لورستانی**: هەروا کە ئاگادارن کاتێک داعش هێرشی کردە سەر سنوورەکانی کوردستان (باشوور) کوردەکانی پارچەکانی دیکە ئامادەگیی خۆیانیان دەربڕی بۆ بەشداری کردن لە بەرەکانی شەڕو پاراستنی کیانی کوردستان، بەڵام ئیزن بە پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵات نەدرا کە بەشداربن، بە ڕای جەنابت ئەگەر ئیزنیان پێ بدرایە بۆ بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتیی قازانجی نەدەبوو؟

**د. مەحموود عوسمان**: ئە م شەرە کە لە باشوور رووی دا کوردی هەموو پارچەکان ئەمادە بوون بەرگریی بکەن لە باشوور دژی داعش، جەماعەتی (پ.ک.ک) کوردی ڕۆژهەڵات و حیزبی دیمۆکراتو لایەنەکانی دیکە. وەکوو بیستوومە کە کوردی ڕۆژهەڵات بەشدارییان کردووە هێندێک شوێنیانیش گرتووە تەنانەت شەهیدشیان هەبووە. بەڵام داوایان لێدەکرێ کە بکشێنەوە، ئەڵێن تەئسیری ئێران هەبووە بەسەر ئەوە. ئێران پێ خۆش نیە کوردی ڕۆژهەڵات لەگەڵ کوردی پارچەکانی دیکە تێکەڵاوی هەبێ لەم چەشنە.

تورکیاش بە تەواویی ڕوون نیە کە لەم بارەوە دەوری هەبێو نەقشی هەبێ وەک لەقسەکانی وەزیری بەرگریی تورکیاو وتەبێژی ئوردۆغان کە وتیان: ئەوە ئەمریکا لەم شەڕە بەشدارەو ومۆڵگەکانی داعش تۆپ باران دەکات بەفرۆکە. ئێمە لەم شەڕە بەشداری ناکەین و رەنگە پێشیان ناخۆش بێ کە ئەوە (پ.ک.ک) رۆڵی هەیە لەم شەڕە و هاوکاری خەڵکی باشوور دەکا. گەرچی هیچیان (ئێرانو تورکیا) لەم بارەوە بە فەرمی شتێکیان ڕانەگەیاندووە، بەڵام دڵنیام نایانهەوێت کوردی ئەوان لەو شەڕەدا بەشدار ببێ. چونکە ئەم بەشداریکردنە یەکیەتیی رێزەکانی کورد و یەکیەتیی نەتەوەیی دروست دەکات. ئاساییە کە سیاسەتی ئەم وڵاتانە لە گەڵ هاوریزییەدا یەک ناگریتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

**ئارەش لورستانی**: وەکوو دواییین پرسیار تکایە بفەرمون کوردەکان بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە سیاسیە و سەرکەوتنیان بەسەر داعش دەبێ چ بکەن؟

**د. مەحموود عوسمان**: لە ئێستا یەک دوو رێگا هەیە، رێگایەک ئەوەیە کە بێگومان لە بەرانبەری داعش بوەستنو بەرگریی بکەن لە خۆیان. لەلایەکتریش لە گەڵ حکوومەتی عێراق هاوکاربن و بەگفتگۆکردن لەگەڵ حکوومەتی تازەی عێراق پاش مالکی کە مانگێکتر دروست دەبێ مافەکانی خۆیان بچسپێننو کێشەکانی خۆیان حەل بکەنو دەستوور جێبەجێ بکەن. هەوڵیش بدەن گەرانتی نەتەوەیی هەر داوا بکەن ئەمە لایەک. لەلایەکتر بتهەوێ و نەتهەوی ئێمە خەباتی نەتەوایەتیمان زۆر چێشتووە هەموو پارچەکان هاوکاری یەکن. لەبەرئەمە پێویستە خەباتی نەتەوایەتی بەردەوام بێ بۆ مافی چارەنووس بۆ ئەوەی حەقی خۆی هەبێ. ئەم دوو جۆرە خەباتە لە سەر ئاستی عێراقو ئاستی نەتەوە دژی یەکتر نین بەڵکوو تەواوکەری یەکن. دەتوانین لە عێراق سیستمی راستەقینەی فیدرالیزم بچسپێنین. خۆی لە خۆی ئەمە رێگایەکە بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووس ومافەکانی دیکە.

**ئارەش لورستانی**: وێرای سپاس و ماندوو نەبوونتان

**د. مەحموود عوسمان**: سپاس بۆ ئێوەش

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی ئاگۆستی ٢٠١٤



سەرچاوە Serchawe

## داعش لە کوێیە؟



جەلیل ئازادیخواز

لە هەڵسانگاندنو شرۆڤەکردنی داعشو ئەو بەستێنو ژینگەیەی کە تیادا ئەم پیکهاتە دژە مرۆڤو ئازادیە خولقاو گەشەی کرد، راستەخۆ زەینو بیر بەرەو ئەم دیسکۆرسو گوتارە کلتوریو مەدەنیە دەچیت کەلە پەراویز یا ناوەرۆکی خۆیدا مەودای خولقانی ئاوەهادیاردەیەکی رەخساندووە.

ڕەگەزە هزریەکانی پیکهینەری داعش لە هەناوی کۆمەڵو شارستانیەتو ئەو دنیا بینو ئایدۆلۆژیەدا یە کە داعش خۆی قاوی ئەوەدەکات کە باشترین شرۆڤەو فامکردن ولیکدانەوە وتەئویلی بۆی هەیەو هەموو وەرگرتنەکانی دیکە هەلەیەو، دەبی لە ئامیزی ئەمدا خوسڵی تەعمیدبکەن، یا؟ نا، لە راستیدا ئەمە تیگەشتنو فامکردنیکی هەلەیەو رەگەزەکانی لە ژینگەو سارستانیەت وبنەماکانی ئەو هزرو ئایدۆلۆژیەدا نیە کەپێی دەووتریت ئیسلام .

گوتاری سیاسی وفکری داعش هەلگری کۆئامازەو بنەمایەکی کلتورین کە هەرکەس کەمترین ناسینی لە دینای ئیسلامو بنەما فکری وکلتوریەکانی ئەم دینە هەبیت دەزانێ کە ئەم ئامازەو بنەمایانە لە کلتور ورەوشت وزەین وجیهان بینی ئیسلامدا هەنو پیگەو شوێنی گرنگو چاوپۆشی لێنەکراویان لەم (ترادیسیون)ە کۆمەلایەتیەدا هەیە. ئامازەو بنەماکان بە رادەیەک بەرجەستەو بەرچاون کە لەژیانی رۆژانەی کۆمەلگا ئیسلامیەکاندا بوون و هەن و بەکردە دەرهاتوون و دێن. واتە ئەم نەریتە کۆمەڵایەتیە پیش سەرهەلدان ودروستبوونی داعش کۆی ئەم باوەروبنەماو روانگە هزرییانەی ئەزموونکردوە ودەیکات. ئاوڕدانەوە لە میژووی ئیسلام وئەو ژینگەو ژایانەی کە لە هەناوی ئەم میژووەدا لەدیکبوون زۆر بەوردی و راشکاوی وبەرجەستە نیشانی دەدات کە هەموو بنەماکانی فکرو کردەی داعش ئەگەر لە هەموو تێگەشتن و تەئویلەکانی جیهانی ئیسلامدا ئامادەنەبووبن، لانی کەم لەبەشێکی زۆریدا ئامادە بووە. کۆمەلگایەکی داخراو، یەک ئاراستەی، خۆبە راستی

ورەوای موتلەق زانین، یەک رەنگ و جۆرویستینی ژیانی کۆمەلایەتی، سوکایەتی و سوککردنی هەموو ئاین وئاینزا وکلتورێکی نائیسلامی، داگیرکردن وسەرانە سەندن و بەتالانبردنی سەروەت و سامان و ژنان وهەموو بوونی کەسان وگەلانی نا ئیسلام وخەبات وسەرکەوتن وچاکسازی دانانی ئەمانە، سەربرین ودەست برین وجاوهەلکۆلین، بەکۆمەڵکوشتن ،سوتانی زانیاری وکتیب وهەرزانین وزانستێک کە راستەوخۆی لەدەقە پیروزەکانی خۆیاندا نەهاتبیت. هەموو ئەمانەو هەزار کردەی تری ویرانگەری ژیان وژیوار لەمیژووی لانی کەمی بەشیکی بەرچاوی ئیسلامدا هەیە ئەگەر هەمووی وانەبیت و نەبوویت، دیارە ئەوبەشەشی کە بۆی نەکراوە پەیرەوی ئەم رێچکە لە نەریتی ئەم دینەبێت لە بەر کەم دەسەلاتی بووە نەک باوەر نەبوونی بەم نەریت وترادیسیونە.

ئایدولۆژی ئیسلامی لۆژیکی رەوایی بەخشینە بەهەموو کردەکانی ناوزەدکراو بە دینەوە، بۆیە باوەرهینان بەم ئایدۆلۆژیا واتە کارکردن بە لۆژیکی موتلەقی رەوایی لەبریاروکردە وئەنجامدا. ئەم برگە وەنەبیت تەنیا باوەرێ جێکەوتووی لایەنەتوون رەوەکانی ئیسلام بیت، ئەمە باوەری کۆی هەموو هێزە ئیسلامیەکانە کە لە ترادیسیونی ئیسلام دا چ وەک مێژوو چ وەک باوەرو دنیا بینی کاردەکەن.

لەکۆی کلتوری ئێمەی کوردی ولاتانی ئیسلامی زۆرێنەی هەرەزۆری رەگەزەکانی باوەر وهزری داعش ئامادەیەو لە چرکەبە چرکەی ژیانی کۆمەڵایەتیماندا ژیاوە ودەژێت. غەزا وکوشتنی کافران، خۆبە زلتر زانین و بەچاوی سوک لە پەیرەوی ئایینو ئاینزاکانی تر روانین، زەماوەندو هاوسەری نەکردن لەگەلیان و بەشیاونەزانیان ،تەنانەت بوونی باو نەزیلەو بەندو داستان بۆ سەرکۆنەو سوککردن و سەیر کردنیان وەک چیرۆکی شیخی سەنعان، گلاوبون. زمانی ئێمە پرە لە رەوا دانانی خواردن وبردنی ماڵ وسەروەتی دیترانی ناموسڵمان، وەک لێدە ماڵی جووە، خۆ داسنی نیە، گاوربم، نە خواردنی نشتی دەستیان و بە ناپاکزانین دەستو دەمیانو هەزان بابەت و شتی دیکەی لەم بابەتانە ئێستاش لەژێر پیستی کۆمەڵی بەروالەت شارستانی و پێشکەوتووی ئیمە ولاتانی موسڵماندا شەپۆل سەپۆل خەوتوون وبە گرەی بانگی بنەماخوازێکی توند رەوی ئیمانی ئامادەی دەرپەرین وکارەسات خولقاندنن. سەرەرای ئەمانەش هەموو هەرۆژ بەهەزاران مەلاو بانگخوازی ئیسلام وهیزە بەناو سیاسیەکانیان ئەم هزر وکلتورە دەڵیننەوە بەردەهیننەوە.

روونە لە هەرکۆمەڵگایەکی ئیسلامیدا کە مۆدێرنە کەشەداکات وکلتوروئەقڵی نەریت چەق بەرەوئاوابوون ولەق بوون دەجیت دیاردەی ئیسلامی سیاسی خۆی قوتدەکاتەوەو بەناوی دیموکراسی وگەمەی مەدەنیتەوە دەکەویت بنکولکردنی شارستانیەت و دیموکراسی مۆدێرنەو کەمکردنەوە تەنگکردنەوەی فەزای ئازادی و دیموکراسی وبەهەموو توانی خۆیەوە دەکۆشێ دین لە دەست مرۆڤو رەخنەو خویندنەوە بەریت دەرو وەک بەهایەکی سەرومرۆی رایگریتو قودسیەتی بێخەوشو لەکەدارنەکراوی

پیبخەشیت، کۆی هاوری ئیسلامی سیاسی لەراستیدا جگە بە شەرعی کردنی کۆمەلگاو خنکانی ئازادی وتەنگکردنەوەی فەزای دیموکراسی وراگرتنی کلتوری نەریتی شتیکی ترنیە بۆ ئەم راسیتە با سەرنجیکی ولاتانی، ئێران، تورکیا، میسر، تونسو کوردەواری خۆمان بدەین. ئەم چەندشوینە کە لەسەر ریجکەی نویٚ بوونەوە مۆدەیرنەن و بەرەو سازدانی گوتاری دیموکراسی مەدەنی دەچن دەکەونە بەر پەلاماری ئیسلام و زۆرترین گروپی ئیسلامی تیاندا سەر هەلدەدات و فرە ترین گرفت و کیشەیان بۆ ساز دەدریٚت.

ئیسلامی سیاسی لەم کۆمەلگایانەدا بە موسلمان بوونی جەماوەر رازی نیەو، تازە کلتورە نەریتیە ناسیاسیەکەی ئیسلامیش بەرەوانابینیت و دەیەویٚت ئەم خەلکە بخاتە ژیر حوکمی شەرعەوەو لە هەموو حوکمێکی مەدەنی وئەقلانی دووریخەنەوە سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان پڕاوپڕ لەم روانگەوەیە کە کوردستانی کردۆتە مەکۆی خۆی و، لەکەشێکی ئارام، پارێزراو، دەسەلات وسامان بۆ دابینکراو لەلایەن حکومەتی هەریمە وە زۆر بەوردی ووشیاری کەوتوونەتە بنکۆلیٚ کۆمەڵی کوردەواری. سەرەرای ئەوەی کە دەخوازن لە دنیای مۆدیرن و هەموو پێشکەوتوو دەسکەوتە کانی دابیرن و، دووریخەنەوە، کە دابران و دوورەپەریزی وبە سەربازخانەکردنی کۆمەلگاو ژیان یەک لە تایبەتمەندیەکانی هەموو روانگە توتالیتەرە خۆسەپینەکانەو، بە بەرجەستەیی تایبەتمەندی ئیسلامی پەرگیرو بنەماخوازە کە لە هەناوی کلتوری ئیسلام خۆیدا ئامادەیە جاوەروانی باوەشینیکە بۆ گەشانەوە، سەرهەڵدان و ویرانکاری. لەهەمان کاتیشا بە هەموو توانای خۆیەوە لە سازدانی پرۆژەی ویرانکردن و گۆرێنی ناسنامەو شوناسی میژووی و کلتوری کوردو کوردستانە. زۆر بەروونی هەموو نیشانەکانی وشیاریو ناسنامەی نەتەوەیی کورد دەکەنە ئامانج و پەلاماری دەدەن. پەلاماری مارسلینو مارشی نەتەوەیی کورد ئەی رەقیبو، برەودانی ناوە عەرەبیەکانو بە وانەکردنی میژووی ئیسلامو عەرەبو هەولٚ بۆ ئاکتیڤکردنی هەموو سونەتەکانی باوک سالاریو هیرشی نەبراوە و بەردەوام بۆ سەر ژنانو ،بەجۆری تەنگکردنەوەی ژیان وژینگە لە هەموو باوەرو ئایینو ئاینزایەکی دیکەو ئایدیایەکی نا ئیسلامی بوەتە کاری هەر رۆژەیان. سوکایەتی بەهونەرو ئازادی و هەموو نیشانەکانی جوانیو هەولٚ بۆگۆرێنی کۆی سەلیقە وسیستەمی جوانی ناسانەی کورد لەریگای لیدان و ناشیرین کردنی کلتوری کوردی و ناسنامەی میژوویی نەتەوەیی ئیستاو رابردومانەوە کە لەم خالەدا ریٚک لەکەلٚ گوتاری دیاردەیە بەناوی کۆمۆنیزمی کریکاری یەک دەگرنەوە. دەستدریژی ئاشکرای ئەم بەریانە ترسناکە بەئاشکرا دیارە وهەر شکاندنی کیلی گۆری کەسانی وەک شیرکۆنیە بەڵکو راستەوخۆ سوکایەتی بە هەموو کوردە ئەویش لە ناوەندی یاسادانانی کوردستان پارلەمان و هەتککردنی سرودی ئەی رەقیبە کە خۆی بەراستی ئەمە رەخسانی فەزای دژە ئازادی وچالٚکردنی دیموکراسی وئازادیە لەلایەن حکومەتی هەریم و خەلکی ئازادیخوازەوە کە، ئاوەها بەستێنێک بۆ گوتاری داعشی لەکوردستاندا دەخولقینن. دەبینین کار بە جیگایە گەشتوە کە بەشیکی بەرچاو لە مەلاو هیزە سیاسیە ئیسلامیەکانی کوردستاننەک هەر داعش وکۆمەلکوژی وقەسابخانەکانی وداگیرکردنی کوردستان و بە ئەسیربردنی ژنانی کورد فروشتنیان وتالانی کوردستان بە خراپ نازان بەلکو پشتیوانی

بەشی یەکەم

ڵیدەکەن وئامادەنیین رسواییکەن وبەرەنگاری بنەوە ئەمانە بە تاوان نازانن و دەڵێن هیچ دیارنیە ونابێت زەلە بکەین لەکاتێکا لەسەر کتیبێک و هۆنراوەیەک بریاری کوشتنی خەلک و کافربوونیان دەدەن.

کلتوری پەرگیری و گوتارێ کە هەناوی ئامادەی زاوزێی داعش و هزری داعشیە لەراستیدا لە خانەخانەو هەموو یەکەکانی ژیانی کۆمەڵی کوردەواریدا ئامادەیەو بەداخەوە بەناوی دیموکراسی و ئازادی و فرەرەهەندی زۆر چەشنیەوە رێک کەوتوتە بنکوڵ کردنی ئەم کلتورە و بووەتە دیاردەیەک بە گوشارو قاوسالاری و میکانیزمی پۆپۆلیستی باج لەکوردو حکومەت و هیزە پیشکەوتوەکانی دەسینێ و کار بە جیگایە دەگەیەنیت کە سەرکردەی بزوتنەوەی گۆران کە خۆی دەبوایە ئالتەرناتیڤی ئەم دۆخەبوایە لە خویندنەوەیەکی پۆپۆلیستیدا دەلێت ئیمە نایەلین هیچ یاسایە لە پەرلەمان دابریژرێت کە لەگەل بنەماکانی ئیسلام ناتەبا بیت. هەرئەم برگەخۆی واتە دەسەلاتداری بێئەملاوئەولای ئیسلام و پاکتاوی هەموو یاسایەکی ئەمرۆی وگۆرانکاریەکی مەدەنی و ئەقلانی.

راستە دیموکراسی بەستێنی رەخسانی ئازادیی بوون و خۆ دەربرینی بێ بەرگری هەموو روئیا و ئایدیاو باوەر و ئاین و ئاینزاو فەلسەفەیەکی رامیاری و کۆمەلایەتیتە بە خۆێندنەویەک . بەلام هیچ کام لە ئایدیاو فەلسەفانە خۆیان بۆیان نیە کە دیموکراسی بە مەرامی دەسەلاتداری خۆیان بنکوڵکەن و بەرەولەناوبردنی بەرەن وەک ئەوەی ئیستا لەکوردستانی باشور روودەدات.

بارگاوکردنی دیموکراسی سیاسی بە ئاین وئاینزاکان لەگۆرنانی پرینسیپی دیموکراسیەو لە هیچکوێی دنیادا دیموکراسی سیاسی بی سکۆلاریزمی سیاسی نارەخسێت ناتوانی پەسەندی بیت هەتائەگەر دەنگی پۆپۆلیستی لەپشت سەر بێت . ئەم رەوتە هەر ئەو رەوتە پرمەترسی و کارەسات خولقینەیە کە ئێستالە کوردستان روودەدات و هیزە بەناوسکۆلارەکانی کوردستان وەک ژاکۆبنەکانی سەردەمی هیتلەر خەریکەن بەم ژێستە هەلەیە زەمینەی رەخسانی جۆرە دیکتاتوریەکی دینی دەرەخسینن کە زۆرتر مەیلی لە ئیستبدایشە تا دیکتاتوری. بەهیچ پیوەرێک ئیمە قەرزاری مێژوو نین بۆ دروست بوون وسەرهەلدانی دەسەڵاتێکی دینی ئیسلامی .میژوومان پرە لە ئەم جۆرە ئەزموونانە چ لە دووری میژووداو چ لە ئیستای مێژوودا. دووپات بوونەوەی نەخویندنەوەو نەناسینی میژوو ومیکانیزمەکانی خولقانی میژووە . فرە رەهەندی لە هەموو رووبەرەکانی ژیان وژیانی کۆمەلایەتیدا لەکوردستان تەنیا زامنی بوونی کۆمەڵ ودەوڵەتێکی دیموکراتیک ومەدەنی وکراوەیە کە ئاسانگیری ،مەدارا،چاوپۆشی و پێکەوەسازان لە بەهاو باوەرە بنەمای وسەرەکیەکانیین. بە باوەر وکلتور وگوتار بوونی ئەم رەگەز وپرێنسیپ وهزرانە لە ژینەگەیەکا کە ئازادی وخۆ نواندن بێ بەربەست وئازاد بۆهەموانبیت گونجاوە .ئیسلامی سیاسی وهەموو ئایدۆلۆژیا پاوان خوازەکان وهەموو ئەوانەی کە وادەزانن هەڵگری چیرۆکی مەزنی بوونن مەترسی سەر ئەم

بەشی یەکەم

ئەزموون و خولقانەن ودەبیت بەریان پی بگیریت .لەهەموو ئەمانەش ترسناکتر بوونی دینە و دینی سیاسی بیرمان نەچیت خەڵکی رۆژهەلات و ولاتی ئێمەش دین خوون و پێشینەی هەرەدیرینی دەتوانی ئەگەر ئاراستەی تەندروست نەکریت کارەسات بخولقینی بۆیە بەرەنگار بوونەوەی داعش تەنیا لە بەرەکانی شەردا نیەو لە هەناوی کۆمەڵ و یاساو سیاسەت وکلتورماندا دەبیت ئامادەی ئەم رووبەرووبونەوەبین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - رێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٤

## داعش کوردی یەکخست ئەگەر دەرفەت بزانین.



**هاوار بازیان**

تەنیا چەند مانگێک لەمەوبەر بوو کە بێ هیواییەکی زۆر باڵی بەسەر کورددا کێشابوو لەوەی چۆن و کەی شەڕەندوکی ناوەخۆی کوردان بەتایبەت پێشمەرگە لە باشوور و گریلا لە باکور و رۆژئاوا تەواو دەبێ.

ساڵانێکی زۆر بوو کوردی رۆژهەڵات کە پەڕیوەی باشوور بووە چاوی لە دەرفەتێک بوو تا بە کردەوەش بیسەلمێنی "هەموومان سەربازی کوردستان و حکوومەتی کوردیین". هاتنی داعش هەرچەندە پڕ بوو لە کارەسات و کردەی نامرۆیی، بەڵام هۆیەکی باش بوو تا کورد تامی یەکبوون و یەکگرتن بچێژێ. لەبیرمان نەچێ کە لە بەردەوامیی رووداوەکاندا و هاتنەئارای گۆڕانکاریی نوێ لە هێز و وێنەی سیاسی، مەترسییەکی ناوەخۆیی کوردان خەریکە هەموو کوردێک نیگەران دەکات.

هیچ گومان لەوەدا نییە و مایەی بەرگریکردن نییە کە چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام /داعش/ بە پێی سەرجەم پێوەرەکانی یاسایی و مرۆیی و ناودەوڵەتی پێناسەی "تیرۆر و تیرۆریزم" لەخۆیان دەگرن، بەڵام ئەو تیرۆر و جینایەتە بەتایبەت دژی کورد ئەزموونێکی نوێی بەکورد بەخشی کە ناکرێ باسیان نەکرێ:

### ١- دوژمنی هاوبەش

شەڕی ئاشکرای داعش دژی کورد سەرەتا لە رۆژئاوای کوردستان دەستی پێکرد کە دواتر بە هەندێک چالاکیی تیرۆری وەک هێرشەکەی سەر ئاسایشی گشتی ٢٩ - ٩ - ٢٠١٣ هەولێر رووی لە باشووری کوردستانیش کرد و پاش رووداوەکانی مووسڵ داعش وەک دەوڵەتێکی تیرۆریستیی بەهێز راستەوخۆ بووە دوژمنی هاوبەشی کورد لانیکەم لە ٢ پارچەی کوردستان. ئەو

دوژمنە هاوبەشە پێویستییەکی خستە بەردەم کوردان تا ئەوانیش دۆستایەتییەکی پتەوی هاوبەش ببەستن و کێشەکانی تر بۆ پاش نەهێشتنی دوژمنە گەورەکە هەڵبگرن. بەشێکی زۆری گرینگیی ئەو دۆستایەتییەی کورد لە باشوور و رۆژئاوا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە رووداوەکە هاوکات بوو لەگەڵ ئەو شەڕ و ناکۆکییەی ماوەی ساڵێک بوو بەتایبەت لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان PDK عێراق و پارتی یەکێتیی دیموکراتی PYD سووریا بەگەرمی بەڕێوە دەچوو کە تەنانەت هەندێکجار مەترسیی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆییشی لێدەکرا.

### ٢- سنووری کوردستان یەکلاکراوە

هەر لە پاش یەکەم دەستووری نوێی عێراقی پاش سەدام حوسێن، کێشەی بەشێک لە خاکی کوردستان کرا بەماددەیەکی دەستووری و خرا بەرنامەی کاری حکوومەتەکانی بەغدا کە پاش ١١ ساڵ لە نەمانی دەسەڵاتی پێشووی بەغدا ئەو بابەتە هەر چارەسەر نەکرا، بەڵام لەگەڵ رووداوەکانی مووسڵ و هاتنی داعش بۆ ناو مەیدانەکە، کورد دەرفەتێکی باشی دەستکەوت و بەهۆیەوە زیاتر لە ٩٠%ی ناوچە کوردستانییەکانی بەدەست خستەوە و سنوورەکانی راستەقینەی کوردستان یەکلا و ساخ کردەوە. هەرچەندە ئەو کارە بێ قوربانی و مەترسی نەبووە، بەڵام دەستکەوتەکەی شایانی ئەو ناخۆشییانە بوو کە کورد بەرامبەر داعش بەگشتی بەسەریدا هات، چونکە ئەگەر دەرفەتێکی لەوشێوەی لە ئارادانەبووایە، هیچ دڵنیاییەک نەبوو کە حکوومەتەکانی داهاتووی عێراق لەوانی پێشووتر باشتر بن و بەدەنگ داواکانی کوردەوە بێن، بەتایبەت کە ئەگەر سەیری هەیکەلی سیاسیی بەغدا دەکەی تەواو هەست بەوە دەکرێ ئەو دەسەڵاتانە بەرامبەر کورد بەردەوام لە کشانەوە و پاشەکشەدان بە مافەکانی کورد بوونە.

### ٣- هەستی نەتەوەییی هەموو کورد بەسەر کرایەوە

کورد پێویستی بەدەرفەتێک بوو تا کۆتایی بەهەندێک گومان بێنێ لەوانەی پێیان وابوو کوردی هەر بەش لە کوردستان سەریان بەپرسی خۆیانەوە خەریکە و هەستێکی پڕ بەهەموو کوردستان بۆ کوردەکان نەماوە. رووداوەکانی دواییی مووسڵ و داعش پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیان سەلماند. کاتێک دوورترین کورد لە ئیلام و کرماشان و شار و ناوچەکانی تری رۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەک و هاوکاریی بۆ دوورترین کوردی ئاوارەی شنگالی کۆ کردەوە و لە ڕێگەی ئەو هاوکارییە کەم یان زۆرەوە بەهەمووانی راگەیاند کورد هێشتا یەکن. خۆ ئەگەر رووداوەکانی دوایی و پرسی داعش نەبووایە، دەرفەتی ئەوە نەدەبوو تا هێز و کوردەکانی رۆژهەڵات لە باشوور ئەو راستییە بسەلمێنن کە ئەوانیش هەموو کوردستان بەهی خۆیان دەزانن و ئامادەن وەک مهاباد و سنە شەڕی بەرگری بۆ خانەقین و جەلەولا بکەن.



سەرچاوە
Serchawe

### ٤- زانینی بەهای كورد لەئاستی نێودەوڵەتی

ئەو رۆژەی داعش بڕیاری دا بەرەی شەڕ لە بەغداوە بەرەو هەولێر بگۆڕی، بەهیچ شێوەیەک پێی وانەبوو لە ئاستی ناودەوڵەتی بەوشێوە فراوان و خێرایە پشتگیری لێدەكرێ، چونكە پێی وابوو مادام رۆژئاوا پشتی لە بەغدا كردووە ئیتر پێویست ناكات ترسی ئەوەیان هەبێ دیسان رۆژئاوا وێڕای نارەزایەتیی ناوەخۆیی خۆی تووشی شەڕ لە عێراق و كوردستان بكاتەوە. پشتگیریی خێرا و راستەوخۆ و بەهێزی سەرۆكی ئەمریكا و فەرمانكردن بەهاوكاریی بەپەلەی كورد و دواتر یەكدەنگیی یەكێتیی ئوروپا لەسەر یارمەتیدانی مرۆیی و سەربازیی كورد و هەروەها دانیشتن و بڕیارەكەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكان دژی داعش و پشتگیریی كورد دەستكەوتێكی گرینگ و گەورەتر لە چاوەڕوانییەكانی داعش و كورد خۆیشی بوو. راستە كە ئەو وڵات و لایەنە ناودەوڵەتییانەش بۆ بەرژەوەندیی ئەمنی و تەناهیی خۆیان و راگرتنی تیرۆر لە یەكەم خاڵی دەستپێک بەوشێوە بەهانای كورد هاتوون، بەڵام هەموومان باشمان لەبیرە كە ساڵی ١٩٩٠ كورد بەقەبارەیەكی زۆر گەورەتر لە ئێستە بەگشتی تووشی راونان و كوشت و كوشتاری رژێمی پێشووی عێراق بوونەوە، بەڵام كۆمەڵگەی ناودەوڵەتی وەک ئێستە بۆ هاوكاری و بەهانای كوردەوە نەهاتن. هاتنی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئوروپایی و پشتیوانیی كەسایەتییە ئایینی و سیاسی و ناوەندە ناودەوڵەتییەكان وایكرد كورد بەرهەمی ئەو سیستەمە دیموكراسی و دەسەڵاتە ٢٢ ساڵەی خۆی ببینێتەوە و دڵنیا بێت لەوەی ئێستە كورد تەنیا نییە و دەتوانێ چاوی لە ئامانجی گەورەتریش بێ.

### ٥- نوێبوونەوەی باڵی سەربازیی كورد

كورد لە باشوور تا رادەیەک پشتی بە دەسەڵاتی حكوومی بەستبوو و روانینێكی میری بۆ پرسەكان هەبوو و هەرگیز پێیوا نەبوو لە سەدەی ٢١ دا تووشی گەورەترین هێزی تیرۆریستیی جیهان ببێتەوە، دوژمنێک كە ئەمریكا بە دوژمنی ژمارەی یەكی خۆی و مەترسیدارتر لە قاعیدە ناوی دەبات. لەگەڵ ئەوەشدا كورد تا ئێستە باش خۆی لەگەڵ ئەو جەنگەدا گونجاندووە، بەشێوەیەک كە وڵاتانی رۆژئاوا بەڕەسمی و نارەسمی سەرەڕای تێبینی بەڵام بەگشتی رەزامەندییان لە شەڕكردنی و جووڵەی مەیدانیی پێشمەرگە دەربڕیوە. لەناوەخۆی كورددا هەست بە كۆمەڵێک لاوازیی كەرتی سەربازی دەكرێ كە بەرپرسانی باڵای هەرێم و لەوانە سەرۆكایەتیی وەزیرانی حكوومەتی هەرێم و پەرلەمان بەڕەسمی ئاماژەیان پێكردووە و كار بۆ چارەسەریی دەكرێ. ئەو دۆخە وایكرد كورد بیر لە خزمەتی سەربازیی ناچاری و دامەزراندنی لەشكەری نیشتمانی بكاتەوە، سەرەڕای ئەوەی ئاشنایەتییەكی باشی لەگەڵ شەڕ و چەكی نوێدا پەیدا كرد و لە مەیدانێكی دژواردا دیسان خۆی تاقیكردەوە.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی یەکەم

### ئەنجام:

ئەگەرچی دوژمنە گەورەکەی کورد ئەمڕۆ تیرۆریست و دڕندەیەکە بەناوی "داعش"، بەڵام بەهۆیەوە پێگەیەکی نوێ بە بواری سیاسی، سەربازی و دیپلۆماسیی کورد بەخشراوە کە لە ئەنجامدا چاو و دڵی کوردانی لە هەموو دنیا بەرەو یەک شوێن بردەوە، ئەویش کوردستان. هاتنە ئارای ئەو دەستکەوتە گرینگە هاوکاتە لەگەڵ هەندێک دەنگۆی مەترسیدار کە باس لە جیاکردنەوەی بەهای پێشمەرگەی باشوور و گریلای باکور و ڕۆژئاوا دەکەن. پێویستە ئەمڕۆ هەموو هێز و توانای کورد یەکخستنی زیاتری خۆی و تواناکانی بێ و خوێنی ئەو گریلایە بەفیڕۆ نەچێ کە لە باکورەوە هاتبوو و پاش شەڕێکی زۆر لە ڕۆژئاوا، هەفتەی ڕابردوو لە سەنگەری هاوبەش لەگەڵ پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕی باشوور دژی دوژمن گیانی بەختی یەک نیشتمان کرد.

**سەرچاوەکان:**


http://rudaw.net/sorani/kurdistan/14082014
http://www.awene.com/article/2014/08/15/34924
http://www.nrttv.com/all-details.aspx?jimare=61543
http://sharpress.net/Direje.aspx?Jimare=7173
http://www.chatrpress.com/Drejey-hawal.aspx?id=6712&LinkID=1#.U_n67fkhCSo


سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئاگۆستی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

# رۆڵی ئێران لەرووداوەکانی ئەم دواییەی عێراق و کوردستاندا



**تالب قەیسەری**

ئەگەر ئاورێک لەرووداوەکانی چەندمانگی رابردووی گۆڕەپانی سیاسیی عێراق بدەینەوەبەو دەرەنجامەدەگەین کەرووداوەکانی ئەم دواییەی عێراق و بەتایبەتی کوردستان تەنیا بۆ رێکخراوێکی فەندەمنتالیستی وەک داعش ناگەڕێتەوە، بەڵکوو دەستێکی دەرەکی هەیەکەهێز و وزەدەبەخشێ بەو رێکخراوەو سیاسەتەکانی ئاراستەدەکا.  زیاتر لەسێ ساڵ لەوەپێش دژبەرانی بەشار ئەسەد لەسووریا دەستیان دایەنارەزایەتی دەربڕین و خۆپیشاندان و دواجار خۆیان سازمان دا و بەشەڕی چەکداری بەرەنگاری رژێمی سەرکوتکەری ئەسەد بوونەوەو رۆژ لەدوای رۆژ زەربەی کوشندەیان لەرژێمی ئەسەد دەوەشاند و لەبەرانبەریشدا ئەسەد بەدڕندانەترین شێوەرووبوڕووی ئۆپۆزسیۆنی وڵاتەکەی بووەوەبەجۆرێک کەبەهۆڤانەترین شێوەپەلاماری ژن و منداڵی بێتاوانی وڵاتەکەی دا و قەتڵوعامی کردن، ئەوەبوو کەوڵاتانی رۆژاوایی هاتنەسەرخەت یارمەتی ئۆپۆزسیۆنی دژبەری ئەسەدیان دا و بەهەموو شێوەیەک یارمەتی ئەوانیان دا تا حکوومەتی بەشارئەسەد بروخێنن.

لەبەرانبەردا وڵاتانی روسیەو ئێران و عێراق و حیزبوڵای لوبنان و تەنانەت وڵاتی چینیش کەرووخانی حکوومەتی ئەسەدیان بەزەنگێکی مەترسیدار بۆخۆیان دەزانی پشتیوانیی خۆیان لەبەشار ئەسەد بەراشکاوانەدەربڕی و بەناردنی چەک و تەقەمەنی و کەرەستەی پێشکەوتووی شەڕ و یارمەتی ماڵی و تەنانەت ئێران و عێراق و میلیشیاکانی حیزبوڵڵای لوبنان راستەوخۆ بەشدارییان لەشەڕەدا کرد بۆ پشتیوانی لەرژێمەکەی ئەسەد.

بێجگەلەم هەوڵانەکۆماری ئیسلامی ئێران وەخۆ کەوت و بەهاندانی رێکخراوی داعش بۆ ناو ئۆپۆزسیۆنی سووریا کەئەوکات بەناوی بەرەی نوسرەناسرابوون و دواجار دەوڵەتی ئیسلامی شام و عێراق و لەلەم دواییانەبەناوی داعشەوەخۆیان ناساند توانی بەو ئامانجەی خۆی بگات کەرزگارکردنی حکوومەتی بەشارئەسەد بوو لەدارمان، ئەویش ئەوەبوو کەئەو

هێزەرادیکاڵەئیسلامییانەبەهۆی هەندێ کاری نەشیاو و نامرۆڤانەو دوور لەبنەما ئەخلاقییەکان کارێکی وایان کرد کەجیهان لەئاست ئەو تاوانانەوەدەنگ بێت و دژبەرانی حکوومەتی ئەسەدیان لەچاوی بیروڕای گشتی جیهانی ناشیرین کرد بەشێوەیەک کەخۆزگەبەرژێمەکەی ئەسەد بخوازن و ئەو یارماتییانەی کەپێشتر پێیان دەدرا لێیان گرتنەوەو بەم شێوەیەئێران توانی تەمەنی رژێمەکەی ئەسەد نەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت درێژ بکاتەوە.

دوای قوڵتربوونەوەی کێشەکانی نێوان هەولیر و بەغدا بیریان لەوەکردەوەکەچۆن ئەو کێشانەبەقازانجی حکوومەتی مالکی کۆتایی پێ بهێنن، ئەوەبوو کەهەوڵەکانی خۆیان بەبڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لەرێگەی مالکییەوەدەست پێ کرد و دواجار کەمەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان لەلایەن رێزدار مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوەبەرز کرایەوەپیلانەکانیان چڕتر کردەوەو ویستیان دیسانەوەلەرێگای داعشەوەئەو زەربەیەی لەدژبەرانی بەشارئەسەدیان وەشاند بەشێوازێکی دیکەلەکوردستانی بوەشێنن کەهەم باسی دەوڵەتی کوردی لەبیربەرنەوەو هەم بەشێوەیەک لەشێوەکان بەچاوسوورکردنەوەلەهەرێمی کوردستان دژایەتی خۆیان بەنسبەت سەربەخۆیی کوردستانەوەنیشان بدەن و ترس و دڵەراوکێ لەناو تاکی کورددا دروست بکەن، هەرچەند ئەوان ئەو دژایەتییەیان راشکاوانەراگەیاندووە.

بەڵام ئەمجارە فەرمانیان بەتیرۆریستانی داعش دا کەهێرش بکەنەسەر عێراق و لەهەمان کاتیشدا فەرمانیان بەنوری مالکی کرد کەفەرمان بەهێزەکانی بدا کەلەبەرانبەر تیرۆریستانی داعشدا بەرگری نەکەن و هەموو چەک و چۆڵەکانیان رادەستی ئەو تیرۆریستانەبکەن. دیارەئامانجی کۆماری ئیسلامی لەم سیاسەتەی تەنیا زەربەلێدان لەهەرێمی کوردستان نەبوو بەڵکوو ویستیان بەگوشارهێنانی داعش و عەرەبەسوننەکان ئەو ئەو پەیامەبەشیعەکان بدەن کەهەردەم ئەوان لەژێر هەڕەشەی سوننەکاندان و دەبێ بەردەوام وەک هێزێکی رزگاریدەر چاو لەئێران بکەن، هەروەها ئامانجێکی دیکەشیان نانەوەی بشێوی و ئاڵۆزی لەعێراق و ناسەقامگیری لەم وڵاتەدا و پەکخستنی هەناردەکردنی نەوتی عێراق یان لانیکەم دابەزاندنی ئاستی هەناردەکردنی نەوتی عێراق بۆ بازاڕەکانی جیهان کەئەمەخۆی لەخۆیدا دەبێتەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لەبازاڕەکانی جیهاندا و بەم شێوەیەو لەگەرمەی ئەم قەیرانەدا داوا لەوڵاتانی جیهان و بەتایبەتی ئەمریکا بکەن کەگەمارۆکانی سەر ئێران بەتایبەت لەبەشی نەوت و گازدا لاببەن کەئێران بەهەناردەکردنی نەوت و گاز هەم جیهان لەو قەیرانەرزگار بکات هەم خۆیشی بەشێک لەقەیرانەکانی کەلەئاکامی گەمارۆکانی ئەو چەندساڵەدا بەتایبەت لەبەشی نەوت و گازدا تووشی بووەرزگار بکات، ئامانجێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی کەبۆ ئێمەی کورد دەکرێ وەک ئامانجی سەرەکی چاوی لێ بکەین ئەوەبوو کەئەو هەموو چەک و تەقەمەنی و کەرستانەی شەڕ کەلەماوەی چەندین ساڵدا حکومەتی عێراق کڕی بووی - مەزندەدەکرێ بڕی ٤٠ ملیار دۆلار بێت - رادەستی تیرۆریستانی داعش بکرێ تا لەو رێگایەوەشەڕی کوردی پێبکەن.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی یەکەم

هەموومان باش دەزنین و ئاگاداری ئەوەین کەشەش مانگ پێش لەهێرشی داعش بۆ بەسەر عێراق و تەنانەت ٤رۆژ پێش هێرشی داعش بۆ سەر مووسڵ لەلایەن بەرپرسانی هەرێمەوەنوری مالکی لەمەترسی هێرشی داعش بۆ سەر عێراق ئاگادار کرایەوە.

باشە خێرەگوێیان بەم ئاگادارکردنەوەیەی هەرێمی کوردستان نەدا؟ هەڵبەت نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کەنوری مالکی هەستی بەم مەترسییەکردبوو بەڵام چونکوو پلانێکی لەپێش داڕێژراوی نێوان نوری مالکی و حکوومەتی ئێران بوو چاویان لێ نوقاند و فەرمانی بەرگری نەکردنی بەهێزەکانی لەبەرانبەر داعشدا دا تا بەو چەک و چۆڵانەوەپەلاماری کوردستان بدەن و خەونی سەربەخۆیی کوردستان لەبار بەرن و تەنانەت دەست بەسەر هەولێری پایتەختیشدا بگرن.

شایانی باسەکاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی راشکاوانەدژایەتی خۆیان بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی راگەیاندووە، پێش هێرشی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەرنوێژی جومعەی شاری قوم رایگەیاند کەئێمەبەهەموو هێز و توانامانەوەپێش لەدروستبوونی ئیسرائیلێکی دیکەلەناوچەکەدا دەگرین و یەکێکی دیکەلەکاربەدەستانی ئێرانی دەڵێ لەئەگەری دروستبوونی دەوڵەتی کوردیدا خۆڵەکەی دەچێتەچاوی کاربەدەستانی هەرێمەوەو ئیدی ئەوکات نەئیسرائیل و نەتورکیاش فریای هەرێم ناکەوێ، بەتایبەت دوای پشتیوانی راستەوخۆی دەوڵەتی ئیسرائیل لەدامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان کەئەم پشتیوانیەی ئیسرائیل، ئێرانی حەپەساند و تووشی شۆکی کردن و هەستیان بەمەترسییەکی گەورەکرد، ئەمانەو دەیان لێدوانی دیکەمان لەسەرزاری کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوەدژ بەدەوڵەتی کوردی بیستووە. ئەوەبوو کەتیرۆریستانی داعش لە ١٠ - ٦ - ٢٠١٤دا لەچەند لاوەپەلاماری کوردستانیان دا و لەماوەیەکی کەمدا بەهۆی ئەو هەموو چەکانەوەکەلەسپاکەی نوری مالکییەوەبۆیان بەجێ مابوو توانییان بەشێک لەخاکی کوردستان داگیربکەن، بەڵام بەهیمەتی پێشمەرگەگیان لەسەردەستەکانی کوردستان و سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پشتیوانی دڵسۆزانەی ئەمریکا و فەرەنسا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا دیسان ئەم پیلانەی کۆماری ئیسلامی وەک هەموو پیلانەکانی تری دژ بەکورد و کوردستان بوو بەبڵقی سەرئاو، هەرچەرچەند لێرەو لەوێ بەداخەوەوەک دۆستی کورد سەیری ئەو دوژمنەسوێندخوادووەی کورد دەکرێ. ئەوەی راستی بێت ئەوەیەکەئەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی بۆ زەربەلێدان لەحکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرەچاوکردنی سیاسەتێکی دروست و رێکوپێک لەلایەن سەرکردایەتی کورد لەباشووری کوردستان بووەهۆی پشتیوانی زیاتری وڵاتانی ئەورووپی و ئەمریکا لەکورد بەجۆرێک سەرۆک ئۆباما رایگەیاند هەولێر خەتی سوورەبۆمان وبەهەموو هێزمانەوەدەیپارێزین و بەناردنی چەک و تەقەمەنی پێشکەوتوو و راستەوخۆ بەشداریکردن لەو شەڕەدا پەیامێکی بەهێزیان ئاراستەی وڵاتانی ناوچەکەکرد، ئەمەجگەلەپەیامی پشتیوانی بۆ خەڵک و حکوومەتی کوردستان لەهەمانکاتیشدا پەیامێکی گرنگەبۆ کۆماری ئیسلامی و گۆپاڵ بەدەستەکانی لەناوچەکەدا کەچی دیکەکورد تەنیا و بێ پشتیوان نییە. لەکۆتاییدا پەیامێک ئاراستەی



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی یەکەم

ئەو کەسانەدەکەم کەلەکۆماری ئیسلامی وەک دۆستی گەلی کورد دەڕوانن ئەویش ئەوەیەکەباش بزانن ئەوانەگۆچکراوانی دەرباری خومەینین و لەمەکتەبی داعشیی خومەینیزمدا پەروەردە بوونە بۆیە ئەم مەتەڵەفارسییەتان وەبیر دێنمەوە "گرگ زادە گرگ شود گرچەبا ادم بزرگ شود".

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئاگۆستی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## داعش چیی تری فێرکردین



**حەسەن یاسین**

لەوتاری هەفتەی رابردوودا، باسمان لەچەند پەندو وانەیەک کرد، کە هاتنی داعش وایکرد هەڵوەستەکردن لەبەرانبەریاندا بۆ ئێمە ببێ بەپێویست، لەم وتارەشدا باس لەچەند پەندێکی تر دەکەین، کە پێویست دەکا ببن بەوانە بۆمان، تا بۆ داعشێکیتر پێویست نەکات، نووسەرێکیتر لەسەر هەمان ئەو بابەتانە بنووسێتو داوا بکات پەندیان لێوەربگرین. هەڵبەت کە وا دەڵێم، دڵنیام ئەم داعشەی ئێستا لەمەرگو لەناوچوون نزیکبۆتەوە، لەسایەی خوێنی رژاوی شەهیدەکانمانو قارەمانێتیی پێشمەرگەکانمان (بەپێشمەرگەو دژە تیرۆری هەرێمو گەریلای باکوورو گەریلای رۆژئاواوە). بەڵێ دڵنیام ئەم داعشە لەکۆڵمان دەبێتەوەو لەئاستماندا دەبەزن.

داعش فێریکردین کە دەسەڵاتدارانی ئێمە بەچاوی خۆیان کەمتەرخەمیی خۆیان لەئاست هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا ببینن. لەساڵانی رابردوودا نەمانتوانیوە هێزی پێشمەرگە بەتەواوی بکەین بەسوپایەکی نیزامیی مەشقپێکراوی نیشتمانی. نەمانتوانیوە گوزەرانی پێشمەرگە باش بکەین. کە دەڵێم نیشتمانی گومانم لەنیشتمانپەروەرێتیی تاک بەتاکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان نییە، بەڵام ئەو راستییە دەزانم کە هێشتا هێزی پێشمەرگە، لەبەر گەلێک هۆکار، لەژێر هەژموونی ئینتیمای حزبی دەرنەچووە، هێشتا سەرکردایەتیی سیاسیی ئێمە نەیتوانیوە تەواوی هێزی پێشمەرگە یەکبخاتو لەهەوڵی ئەوەدا نەبن کە هێزی پێشمەرگەی بخەنە بندەستی لایەنێکی دیاریکراو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەداخەوە تا ئێستا لایەن هەیە وا بیردەکاتەوە کە ببێ بەحزبی رەها لەکوردستاندا، لەکاتێکدا کوردستان هی هەموومانەو ئەرکی سەرشانی هەمووشمانە کە دیموکراسی تیایدا بچەسپێنین تا لەسایەیدا بتوانین هەموومان، بەپێی دەستاودەستکردنی دەسەڵات، فەرمانڕەوا بین.



سەرچاوە Serchawe

## بەشی یەکەم

داعش فێریکردین ئەو هەلومەرجەی دوای هاتنی ئەوان هاتەکایەوە جیایە لەپێشتر، بۆیە وا پێویست دەکا ئەگەر پێشتر هەندێ راستیمان نەبینیبێت، ئەمجارە راستییەکان وەک خۆی ببنین. بۆ نموونە دوای هەڵبژاردنەکانی ٩/٢١ کە یەکێتییەکان دەیانگوت سەنگی حزبەکەی ئێمە تەنیا لەو کورسییانەدا نییە کە بەهۆی سندووقی هەڵبژاردنەکانەوە بەدەستمانهێناون، بەڵکو شایستەیی ئێمە لەوە پترەو پێوەندیی بەسەنگی حزبەکەمان لەئاستی نیشتمانی و هەرێمیو جیهانیشدا دەخوازێ بەتەنیا لەکورسیی هەڵبژاردندا کورت نەکرێتەوە، دەرکەوت ئەمە راستییەکەو ناکرێ حاشای لێبکرێ. راستە دەنگدەرانی یەکێتی لەبەر کەمتەرخەمیی هەندێ لە لێپرسراوانی حزبیو ئیداری، لەبەر خۆنوێنەکردنەوەی پەیکەری سەرکردایەتیو تەواوی حزبەکەو چەند هۆکاریکیتریش، لەحزبەکەیان تۆرابوون، بەڵام یەکێتیش بۆ خۆڕاستکردنەوە هەندێ هەنگاوینەاو هەنگاویدیکەیش بەرێوەن، بۆیە لەهەڵبژاردنەکانی ٤/٣٠ دا ئاستی دەنگەکانی هەڵکشاو کورسییەکانیشی پتربوون.

هەلومەرجی دوای هاتنی داعش دەریخست کە یەکێتیو یەکێتییەکان لەسەنگەری پێشەوەی پاراستنی هەرێمی کوردستاندان. لەڕیزی یەکەمی پەرەپێدانی پێوەندییە کوردستانییەکاندان. لەڕیزی یەکەمی پەرەپێدانی هاوکاریو هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگەو گەریلای باکوورو رۆژئاوادان. لەڕیزی یەکەمی بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگەو بەرزکردنەوەی گیانی بەرگریو نەبەزیندان.

داعش فێریکردین کە پشتبەستن بەهێزی لایەنە کوردستانییەکانی هەموو پارچەکان، دەبێ بەپلەی یەکەم بێت. راستە دەبێ پێوەندیی هەرێمایەتیمان باش بێت، بەڵام نابێ لەسەر حسابی پێوەندیی کوردستانییانەمان بێت. نابێ لەبەر بەرژەوەندیی حزبایەتیو بنەماڵەیی پەیوەندیمان لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکانی پارچەکانیتری کوردستاندا کزو لاواز بێتو دژایەتییان بکەین، بەڵکو وەک چۆن ئێستا هەماهەنگین دەبێ هەر وا بین.

دەبێ هەموومان پەرە بەهەستی نیشتمانپەروەری لەنێو کۆمەڵانی خەڵک بدەین، چونکە ئایندەی کوردستان رووەو سەربەخۆییو دروستکردنی دەوڵەت، بەهۆی بیری حزبی رەهاو خۆسەپێنەوە نایەتەدی، بەڵکو دەبێ هەمووماﻥ لەهەوڵی ئەوەدابین هەرێمەکەمان دیموکرات بێتو بەرەو کوردستانێکی ئازادترو سەربەخۆو دیموکرات هەنگاو بنێن. ئەو بیرۆکەیەش تورێکی قوڕاوی ناهێنێت کە دەڵێت: گرنگ ئەوەیە سەربەخۆو خاوەن دەوڵەت بین، با دیموکراتیش نەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئاگۆستی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## وتووێژی رۆژنامە کوردستان لەگەڵ یوسف بەنی ترۆف لەسەر کاریگەرییە سیاسییەکانی چالاکییەکانی داعش لەسەر موسلمانانی رۆژهەڵاتی ناڤین



**دیمانە: ئارەش لۆڕستانی**

**پرسیار:** ئەگەرچی گرووپ و تاقمی بناژۆخوازو توندوتیژی دیکە لە رۆژهەڵاتی ناڤین هەن، هۆکاری دەرکەوتنی دیاردەی دەوڵەتی ئیسلامی ئێراق و شام (داعش) دەتوانێ چ بێ؟

**وەڵام:** لە عێراق لە ١٤٠٠ ساڵ پێشەوە، واتە لە کاتی سەرهەڵدانی ئیسلامەوە هەتا ئێستا سونییەکان دەسەڵاتیان بەدەست بووەو شیعەکان لە ماوەی ئەم چاردە سەدەیەدا نزیک بە ٧٠ یا ٨٠ ساڵ دەستیان رۆیشتوە. شیعەکان لە سەردەمی ئالی بویە، لە سەردەمی سەفەوییەکان و رەنگە یەک دوو زنجیرەی بچووکی دیکەش هەبووبن کە دەسەڵاتیان هەبووبێ بەڵام ئەو ماوەیەی دیکە واتە سێزدە سەدە سونییەکان لەم کەوشەنە دەسەڵاتبەدەست بووون. کەواتە هەر بۆیە ئەو ئاڵوگۆڕو گۆڕانکارییانەی لە ساڵی ٢٠٠٣ ەوە تا ئێستا لە ئێراق روویان داوە بۆ عەرەبە سونییەکان هەرس کردنی دژوارە. واتە لەپڕ سوننەکان لێدەکەونو هاوبەشی وەک شیعەو کوردەکانیان لێ پەیدا دەبێ. هاوبەشی کورد لە دەسەڵاتی ئێراقدا بەهۆی رابردووو خەباتی دوروودرێژیان گەنگەشەخوڵقێن نییە. پرسی کورد لە ئێراق کەم کەم جێکەوتوەو هەمیشە لە بیری چارەسەریدا بوون، هەروەها لە بواری مەزهەبیشەوە جیاواز نین، بەڵام لەبابەت شیعەکانەوە جیاوازە. کە ئەمانە بەبڕوای من ریشە مێژووییەکانی کێشەکەن. دەسوەردانو دەسڕۆیشتوویی بێوێنەی ئێران بەتایبەت لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی مالکیدا بەو کێشانەوە زیاد بکەن. ئەو دەسوەردانو دەسڕۆیشتووییەی ئێران بارەکەیان قورسترو ئاوەکەیان لێڵتر کرد. بەتایبەت لە پەراوێزخستنی سونییەکانو رێبەرانی سونی کە لە سەردەمی مالکیدا بە لووتکە گەیشت. لەو بەرنامەو نەخشە سیاسییەی کە ساڵی ٢٠٠٣ دارێژرا جێگەو پێگەی سونیش لەبەر چاو گیراو ئەوانیش بەشدارییان کرد. کە سەرۆک پارڵمان درا بە سونیو

سەرکۆماریش بەکورد، کە ئەویش هەر سونییە. کەواتە تا ئێرە سونە نەدەبوو کێشەیان هەبێ. بەڵام ئەم دابەشینە بە سەرنجدان بە هێژمۆنیو دەسەڵاتداریێتی مێژووی سونەکان زۆر کەمڕەنگ بووو لە دڵیان گران بوو. بەڵام لە سەردەمی مالکیدا ئەم پەراوێزخستنو لەسەر کار لابردنانە بەتایبەت دوا ساڵەکان بەوپەڕی خۆی گەیشت. واتە بە چەشنێک بوو کە تەنانەت حیزبی ئیسلامی کە بە حیزبی سونەکانی ئێراق ناسراوە کەوتە بەر شاڵاوی پرۆسیسی پەراوێزخستن. بۆ وێنە بینیمان کە چ بارودۆخێکیان بۆ تاریق هاشمی جێگری سەرۆکوەزیران پێکهێنا. هاشمی ناچار پەنای بردە هەولێرو لەوێشەوە بەرەو تورکیە دەرچوو، ئێستاش هەر لە تورکیەیە. تاریق هاشمی یەکێک لە سەمبۆل و نوێنەرە میانەڕۆیەکانی سونی بوو لە دەسەڵاتی ئێراقدا کە لە ئاکامی ئەو کارانەو لە راستیدا سەرەڕۆییانەدا ئەم دۆخەی بەسەر هات. یا ئەوەی کە ئەحمەد ئەلوانی نوێنەری شاری رۆمادی لە پارڵمانی ئێراق دەسبەسەر دەکەنو بەر لە دەسبەسەرکردنیشی براکەی لە خۆپێشاندانی هێمنانەی شاری رۆمادی کە ناوەندی پارێزگای ئەنبارە دەکوژنو ئەحمەد ئەلوانی هێشتاش لە زیندانە. لە ئاکامدا رووبەرووبوونەوەی توندوتیژانەی مالکی دژی خۆپێشاندان و نارەزایەتی شارەکانی رۆمادی و فەلوجە بۆوە کە ساڵێک درێژەی هەبوو، بەم کێشانەوە زیاد بکەن. ئەم هەمووە هۆکارانە بوونە هۆی ئەوەیکە عەرەبە سونییەکان هەست بە ستەم بکەن. لە ئاکامدا ئەم خەڵکە دەگەڵ یەکەم رەوتێکی بەهێز کەوتن کە سەریهەڵدا. من پێم وایە ئەمانە هۆکاری بەدیهاتنی دەوڵەتی ئیسلامی ئێراقو شامن.

**پرسیار**: کۆمەڵگەی عەرەبو بەتایبەت موسلمانانی سونی لە ئێراقو سووریە کە ساڵهایە دەچەوسێنەوە چۆن دەڕواننە داعش؟ رادەی کاریگەریی داعش لەسەر ئەو خەڵکە چەوساوەیە چۆن بووە؟

**وەڵام**: داعش یان دەوڵەتی ئیسلامی لەڕاستیدا ئەو بەربژێرە دڵخوازەی خەڵکی سونی نیە. لە نێوان خراپو خراپتردا، خەڵک بە ناچاری ئەوانیان هەڵبژاردوە. خراپترین، هەمان بارودۆخی ئاراییو دەسەڵاتی پاوانخوازانەی شیعەکان بەدەستی مالکیو هاومەزهەبو هاوبیرانێتی. من پێموایە عەرەبە سونییەکان وەک هێزێک کە دەسەڵاتی فیرقەیی- مەزهەبی شیعە تێکدەشکێنێو نفووزی ئێران لە ئێراق تووشی گرفت دەکا دەڕواننە داعش، ئەگینا پێموانیە هەموو سونییەکان لەگەڵ داعش بن. هێزە تاییفەیی شۆڕشگێڕو بەعسییەکان بە ئاشکرا رەخنە لە داعش دەگرن. من دیومە رێبەری هۆزەکان کە خاوەن دەسەڵاتو دەسڕۆیشتوون زۆر جاران لە تلویزیۆنەکاندا رەخنە لە داعش دەگرنو تەنانەت هێندێکیان ئێستا لە هەولێرن. جا بۆیە ئەگەر ئاڵوگۆڕێک لە دەسەڵاتی بەغداو بەتایبەت لەویش گرنگتر لە قانوونی بنەڕەتی ئێراقدا بکرێو چۆرێک یەکسانی ماف بۆ سونی لەبەرچاو بگیرێ، واتە لە پەراوێز نەخرێنو بە گوێرەی حەشیمەتیان لە دەسەڵات و سامانی وڵات پشکیان بدرێتێ، عەرەبە سونییەکانیش ئەنگیزەیەکیان بۆ مانەوە لە بەرەی داعشدا نامێنێو تەنانەت رەنگە بە پێچەوانەوە دژیشی بن. هەر ئێستاش هەندێک هەواڵ لە موسلو شارەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشەوە دەگەن کە باس لە

دژایەتی گرووپە سونییەکان ئەو شارانە دژی دەوڵەتی ئیسلامی دەکەن. دیارە ئەم گرووپ و بزاڤانە زۆر بەربەرین نین بەڵام لە داهاتوودا دەتوانن رۆڵیان هەبێو داعش لاواز بکەن.

**پرسیار**: بوونی ئەو رەوتە ئیسلامییانەی وەک داعش بەگشتی کۆمەڵگەی عەرەب لە میسرەوە بگرە هەتا رۆژهەلاتی ناڤین بەرەو کوێ دەبەن؟

**وەڵام**: بوونی ئەم جۆرە گرووپە ئیسلامییە توندڕۆیە، نەک هەر بۆ کۆمەڵگەی عەرەب، بەڵکوو بۆ گشتی رۆژهەلاتی ناڤین مەترسیدارن. ئەم رەوتانەو بەتایبەت داعش لە بنەڕەتدا دژی ژن، دیموکراسی، هونەرو مافی نەتەوەکانن. ئەوانە لەڕاستیدا توێژە خامۆشو شاراوەکانی کۆمەڵگەی عەرەبن کە بەهۆی جمانو نەجمانی سیاسی لە قوولایی مێژووە سەریانهەڵداوە. دیارە بەهێز بوونیشیان نیشاندەری لاوازبوونی هێزە لیبراڵ، دیموکراتو چەپەکانی وڵاتانی ئێراقو سووریەشە. بەبڕوای من داعش نەک هەر هێزێکی مەترسیدارە بۆ گەلانی ئێراق و سووریە، بەڵکوو بۆ لوبنان، ئۆردۆنو سعودیەش مەترسیدارن. ئەم رەوتە دەتوانێ کاریگەریی لەسەر ئێرانیش هەبێ کە دە تا پازدە لە سەدەی خەڵکەکەی سوننین. ئەگەر چارەسەرێک بۆ بەرگری لەو گەشەسەندنی ئەو رەوتە ئیسلامییە توندڕۆیە نەدۆزرێتەوە لەراستیدا دەبێ بە فرانکنشتاین. بەبڕاوی من هێزە پێشکەوتووەکان لەبەرابەر ئەم هێزە تاریکبیرانە دەستەونەزەر نابن بەڵام بەداخەوە لەم کاتەدا لاوازی و پرشو بڵاوی بووەتە هۆی بەهێز بوونی دەوڵەتی ئیسلامی.

**پرسیار**: یەکیەتیی عەرەب چۆن دەگەڵ مەسەلەی داعش دەجووڵێتەوە؟ ئەم یەکیەتییە دەتوانێ بە قازانجی کۆمەڵگەی عەرەبو دژی داعش چ بکا؟

**وەڵام**: تا ئەو جێیەی من بەدواداچوونی رووداوەکانی جیهانی عەرەبم کردوە هیچ هەڵوێستێکی نەبووە، یا لانی کەم من گوێم لێ نەبووە. بەڵام لە گوتاری پێشووی ئەم یەکیەتییە سەربارەت بە رووداوەکانی سووریە لە سێ ساڵی رابردوودا پشتیوانی لە ئۆپۆزیسیۆنی وەک سوپای ئازادی سووریەو ئۆپۆزیسیۆنی لیبراڵو دیموکراتی کردوە. بە هەر حاڵ گوتاری یەکیەتی عەرەب دەزانمو بەبڕوای من بەداخەوە یەکیەتی عەرەب بە هەموو هەوڵەکانییەوە بۆ چارەسەری قەیرانی سووریە هیچی پێ نەکراوە. سەرەڕای ئەوە ئێستا کۆمەڵگەی جیهانی لە مەسەلەی داعشدا ماوەتەوە. بەبڕوای من هەوڵو تێکۆشانی کۆمەڵگەی جیهانی، یەکیەتی عەرەبو وڵاتانی کاریگەری ناوچەکە لە بەرگری لەگەشەی داعشدا ئەو کاتە دەسکەوتی دەبێ کە ئەم هەماهەنگییە لە نێوانیان بێتە دی.

## بەشی یەکەم

**پرسیار**: بەگوێرەی گرنگی مێژوویی‌و ستراتیژیکی ئێراق‌و سووریە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناڤین، کاریگەریی چالاکییەکانی ڕەوتەکانی وەک داعش لەسەر ناوچەو بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناڤین چۆن لێکدەدەنەوە؟

**وەڵام**: ئێدە مەزهەبییەکان نزیکترین ئێدەو ئیدیۆلۆژییەکانی مرۆڤی ئاسایین. واتە مرۆڤێکی ئاسایی، هاووڵاتییەکی ئاسایی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین‌و بەتایبەت حێراق‌و سووریە، بەر لەوەی بەلای هەر ئیدیۆلۆژییەکی دیکەدا بشکێتەوە، ئەو شتەی بە شێوەی نەریتی لە ناخی دایەو لە دایەو بابانەوە بۆی بە میرات جێ ماوە مەزهەبە کە ڕەکێشی خۆی دەکا. ئەم دیاردەیەی کە دەیبینین‌و لە ئاکامدا دەبێتە هۆی پەرەسەندنی ئێدە ئیسلامییەکان لە ئێران‌و وڵاتانی ناوچەکە. نابێ لەبیریشی بکەین کە دوو وڵاتی ئێراق‌و سووریە لە ماوەی سەدو چەندی ساڵی ڕابردوودا ئەندێشەو ڕەوتگەلی جۆراوجۆری ناسیۆنالیست، سیکۆلار، لیبراڵ‌و چەپیشی تێدا هەڵکەوتوە. ئەگەرچی ئەم ڕەوتانە ئێستاکە لاوازن، بەڵکوو لە داهاتوویەکی نە هێندە دووردا لەبەرانبەرر شەپۆلی قووڕسی داعش‌دا تۆکمەتر دەبنەوەو دژکردەوەیان دەبێ. ڕەنگە بەرەبەرەکانییەکانی نێوخۆیی ئیسپانیاشمان دیبێ کە لە لایەک فالانژەکانی دیکتاتۆر فرانکۆو لە لایەکی دیکەش هێزە پێشکەوتووو کۆماریخواز خەباتیان دەکرد کە لە لایەن کەسایەتی‌و پارتە پێشکەوتووو دیموکراتە نێونەتەوەییەکانەوە پشتیوانی دەکران. دیارە ئەمە قسەی چەند دیە پێشە. بەڵام جیاوازی ئەم سەردەمە مێژووییەیە لەوەدایە کە وڵاتە دیموکراتەکانی جیهان پشتیوانی هێزە دیموکراتەکانی ئێراق‌و سووریە دەکەن. کە دەسپێکەکەی لە شەڕی کورد دژی داعش‌دا دەبینرێ. واتە کورد وەک هێزی دیموکرات و دژی پاشڤەڕۆیی دژی داعش شەڕ دەکا. دیارە مەترسی ڕاستەوخۆی داعش دژی گەلی کورد لە پێکدادانانەدا هەبووە. بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە لە داهاتوودا ڕەنگە هێزەکانی دیکە لە خودی عەرەبە سیکولار، چەپو لیبراڵ دژی داعش شەڕ بکەن ئەگەر داعش بەراستی ناوچەی ژێردەسەڵاتی بەرینتر بکاتەوە. بە واتایەکی دیکە ئەگەر داعش لەم ماوەیەدا زەبرێکی قورسی لێنەدرێ لە درێژخایەندا ڕەنگە شەڕو بەربەرەکانیی ئەم هێزە پاشڤەڕۆخوازەو هێزە پێشکەوتووەکانی ئەو دوو وڵاتەی لێبکەوێتەوە بە پشتیوانی هێزەکانی وڵاتانی دراوسێ‌و تەنانەت هێزە جیهانییەکانیش. ڕەوشی ئێراق‌و سووریە دەگەڵ ئەفغانستان جیاوازە. ئەگەر لێرەدا بمانەوێ سەرهەڵدان داعش‌و تالیبان پێک بگرین، هێزەکانی دژی داعش لێرە بەرابردووترن‌و لە هەر دوو وڵاتدا بەریانی ناسیۆنالیستی و ڕەوتگەلی چەپ هەن ئەگەرچی ئێستا تووشی لاوازی هاتوون.

**پرسیار**: بەسەرنجدان بە بارودۆخی قەیراناوی گەلی عەرەب لە ئێراندا، کاریگەریی کورتخایەن و درێژخایەنی گرووپەکانی وەک داعش لەسەر داهاتووی گەلی عەرەب چۆن دەبێ؟

**وەڵام**: پرسیارێکی زۆر باشە. بەبڕوای من کاریگەریی داعش لە سەر گەلی کوردو ڕەنگە بەلووچو بەگشتی سونی ئێران لە عەرەبی ئێران زیاتر بێ. چۆنی هاومەزهەبن‌و دەتوانن بە درووشم‌و هێماکانی وەک خەلافەتی ئیسلامی و ئەم چەشنە



سەرچاوە Serchawe

وتارانە هەست و ئیحساساتی سونییەکان هەڵخرێنن. چونکی سوننییەکان لە ئێران بەردەوام سەرکوت کراون رەنگە بەشێک لە کۆمەڵگەی کورد، زیاتر لە بەلووچو سونییەکانی دیکەی ئێران رەگەڵ ئەم رەوتە کەون. بە هەر حاڵ ئەگەرچی نموونەکانی بچووکن، بەڵام دەرکەوتوون. لە سنە خۆپێشاندان هەبووە بۆ پشتیوانی داعش کە سەلەفییەکان رێکیان خستوە. لە مهابادو سەقزیش دژکردەوە هەبووە کە وتەکانی من پشتڕاست دەکەنەوە. کەواتە کاریگەریی داعش لەسەر عەرەبی ئێران کە زۆریان شیعەن زۆر کەمەو لەچاو کاریگەریی لە سەر سونی وسەلەفییەکان کوردستان و بەلووچستان کەمتریشە. بەڵام بەگشتی بێ کاریگەریش نییە.

**پرسیار**: لە کۆتاییدا ئەگەر پێتان وایە شتێک بۆ وتن هەیە، بفەرموون؟

**وەڵام**: پێم وایە پەرەسەندنی لەنەکاو داعش لە پشتگوێخستن و سستی کۆمەڵگەی جیهانیو لاوازی یەکیەتی عەرەبەوە لە چارەسەری قەیرانی سووریەوە سەرچاوە دەگرێ. واتە لە ساڵی سەرەتای شۆڕشەوە ساڵی ٢٠١١ کە لە مانگی مارس لە سووریە دەستی پێکرد، ئەو کاتەی بەشار ئەسەد بەو پەری بێرەحمی و دڵڕەقی دەستی کرد بە سەرکوتی خۆپێشاندانی ئاشتیخوازانەی خەڵکو بە جۆرێک بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە گەورەکردنەوەو سەرهەڵدانی گرووپە ئیسلامخوازە توندڕۆکانی وەک دەوڵەتی ئیسلامیو ئەوانی دیکە رۆڵی هەبووو ئیستخباراتی سووریە هەوڵی دروستکردنی ئەو گرووپانەی دەدا بۆ ئەوەی کە بە کۆمەڵگەی جیهانیو ئەمریکاو ئوروپا بڵێن لایەنی ئێمە سوپای ئازاد یا هێزە دیموکرات و لیبراڵەکان نین، بەڵکو توندڕۆە بناژۆخوازەکانن. دیارە بەبڕوای من رێژیمی سووریە لەو کارەشدا تاڕادەیەک سەرکەوتوو بووەو کۆمەڵگەی جیهانی هەڵفریواندوەو بەتایبەت ئۆباما لەم پرسەدا سستی کردوە.چارەسەر نەکردنی پرسی سووریەو نەڕووخاندنی بەشار ئەسەد کە ئەگەر ساڵی ٢٠١١ یا لانی زۆر ٢٠١٢ رووی دابا، دەیتوانی بەر بەو گەشەو پەرەسەندنی هێزە توندڕۆیە مەزهەبییانە بگرێ. ئەگەر ئەو مەسەلەیە ئەو کات چارەسە بووایە هێزە سیکۆلار، لیبراڵ و دیموکراتەکان و تەنانەت ئیسلامگەرا میانەڕۆیەکان بەهێزتر بوون. بەڵام چارەسەر نەکردنی مەسەلەی سووریە و درێژە شەڕ و خوێنڕێژی نێوخۆیی بوو بەهۆی ئەوەی کە ئەو دوو هێزە بەهێز بن. ئەم دوو هێزەش یەکیان بەشار ئەسەدە کە بوو بەهۆی ئەوەی لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوەو ئەی دیکەش داعش و هێزە توندڕۆ ئیسلامییەکان کە هەنووکە بە هزر و بیرە وشک و تاریکەکانیان هەڕەشە لە هەموو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤینو بەتایبەت ئێراقو سووریە دەکەن

(*) یوسف بەنی ترۆف سکرتێری گشتیی رێکخراوی خەبات دژی نیژادپەرستی و دژەعەرەبی لە ئێرانە

وەرگێڕان: تەها رەحیمی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٧ی ئاگۆستی ٢٠١٤



سەرچاوە Serchawe

## لە شەڕی داعش دا: هەڵوێستە سەیرەکان



د. هەژار مەعروف

داعش بە حوکم و فەرمانە دینیەکانی لەو شوێنانەی دەسەڵاتی هەیە ئاگری دۆزەخێکی هەڵکردوە کە نەک هەر ژن و شیعە و مەسیحی و کاکەیی و شەبەک و ئێزدی و کورد بە گشتی پێی دەسوتێ، بەڵکو تەنانەت عەرەبی سونیشی گرتۆتەوە، بەڵام بەڕادەیەکی کەمتر. دکتۆر و کارمەندە ژنەکانی موسڵی ژێر دەسەڵاتی داعش مانیانگرتوە لە ئیشکردن، چونکە کۆت و پێوەندەکانی شەرعی داعش بۆ جل و بەرگ و ژیان بەگشتی، هەروەها سوکایەتی و هەڕەشە و داوای ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لێیان بۆ (مارەکردنی جیهاد) زۆری بۆ هێناون.

بەرامبەر بەهێزێک کە ژن و منداڵ بە با ڕمتە دەگرن و مرۆڤەکان سەردەبڕن، ئەو هێزەی جگە لە زمانی ئاگر و ئاسن لە هیچ زمانێکی تر تێناگەن چەند سەیر و ناسروشتیە، چەند نالۆجیکیە چەند چالاکوانێک کەمپینی ئیمزا کۆکردنەوە ڕێکبخەن یا خۆپیشاندانی ئاشتیخوازانە بکەن بۆ بەردەم پەرلەمان یا بنکەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە دژی داعش!

ئەو ئیسلامیانەی زۆر ڕقیان لە دەسەڵاتی کوردیە، بەهۆی ئەم ڕقە و بەهۆی باوەڕی ئاینیانەوە لە نیهانی دڵیانەوە داعشیان خۆشدەوێ، بەڵام ئاوا دەریدەبڕن (بەخوا داعش ئازان)!

ترس دەرونی مرۆڤ دادەڕزێنێ، لەترسی ئەو ئەگەرەی کە داعش کوردستان داگیربکات یا کوشتوەبڕەکەیان بگاتە کوردستان زۆرێک لە سەرکردەکانی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان ڕون و ڕەوان و بە دەنگی زوڵاڵ و بوێرانە لە دژی داعش هەڵوێستی ڕەسمیان وەرنەگرت. بە هەمو ئەم کادیر و سەرکردانەی ئیسلامی سیاسی کورد دەڵێم: ئەم هەڵوێستانە دادتان نادات! ئەگەر

## بەشی یەکەم

داعش حوکمی هەرێمەکەمان بکات چارەنوسی ئێوە خراپتریش دەبێت لە هی ئەو عەرەبە سونیانەی لەژێر شمشێری داعش لە (رقە)ی سوریا و (موسڵ) و (تکریت)ی عێراق نـاژین، بەڵکو هەر هەناسە دەدەن و دڵیـان لێدەدات! خراپتر، چونکە لای داعش کورد لە ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە و (ئیسرائیلی دوهەم) دروستدەکەن حوکمی (مرتـد)یش لە ئیسلامدا سەختتر و بێڕەحمانەترە لە حوکمی کافر! عەرەبە نەتەوەپەرستەکانی نـاو داعشیش ئەگەر داعش سەرکەوت بەسەرمانا ئەوە رون و ئاشکرایە چۆن دەبن لەگەڵمان و لەگەڵ مزگەوت و قورئانەکانمان، قوربانیانی ئەنفال و کیمیابارانی گەلەکەمان هێشتا ماون و لە ناوماندان!

هەڵوێستی دوژمنانەی داعشیەکان بەرامبەر بە کورد (بەتایبەتی کوردی شیعە و ئێزدی و کاکەیی و شەبەک) وەک رۆژی روناکی نیوەڕوانی هاوین رون و ئاشکرایە، لێپرسراوە حیزبی و سەربازیەکانی بەرەی شەنگال و مەخمور بە ئۆتۆمبێلە دوامۆدێلەکانیانەوە بێ ئەوەی بەرگریەک بکەن کە شایەنی باس بێت دەکەونە پێشی پێشەوەی کاروانی ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەکانی ئەو دو شارە و کێبرکێیان لەگەڵ دەکەن کامیان زوتر لە ترسی داعش دەرەڤێ و هەڵدێ، ئەمە وەک ئەوەیە شوان بەخۆی و سەگەکانیەوە رابکات و رانەمەڕ بۆ گەلەگورگی برسی جێبهێڵێ! بەڵام سەرۆکی هەرێم لە بری دادگاییکردنی یاسایی ئەو بەرپرسە سەربازی و حیزبیانە، لیژنەی لێکۆڵینەوەیان بۆ دروستدەکات کە تائێستا یەک لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کێشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە یەک ئەنجام نەگەیشتوە! سەرکردایەکی مەیدانی لە جەلەولا پاشەکشەیەکی خۆیان لە چەند سەنگەرێکی ئەوێ ئاوا پاساودا: خۆمان سەنگەرەکانمان لە دەست داعش دەرهێنا و هەر خۆیشمان بۆمان چۆڵکردن هەتا پێیان بڵێین کوێمان بوێ دەیگرین و چۆڵیشی دەکەین! وادیارە لای ئەم سەرکردە بلیمەتە شەڕی داعش شەڕی ئەلکترۆنی سەر شاشەی کۆمپیوتەری (ئەتاری)یە، یا شەڕی ناو فلیمی سینەمایە و خوێنڕشتنی تیانیە!

ئەگەر مرۆڤ ئاگر کەوتە ماڵەکەیەوە و ئاگرکوژێنەوەکان بێ ئەوەی پێیان بوترێ خۆیان هاتن بە فریای، ئایا دەپرسێ لێیان ئێوە کێن و کێ ناردنی، سوپاسیان ناکا و هەمو دەرگا و پەنجەرەی ماڵەکەی ناکاتەوە و ناخاتە سەرپشت بۆیان؟ وتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگە لەبری ئەوەی سوپاسی پڕبەدڵی پێشمەرگە قارەمانەکانی (هەپەگە) و (پەیەدە) کە سەر بە (پەکەکە) ن بکات بۆ ئەو بەرگریە مەردانەیەی لە مەخمو ر و لە شەنگال کردیان و توانیان هەڵاتوەکانی چیای شەنگال رزگاربکەن لە مردن و دیلی و دەسدرێژی سێکسی بە دەستی داعشیەکان، دێت خۆی لەم راستیە دەدزێتەوە و دەڵێت ئێمە داوای یارمەتیمان لە کەس (مەبەستی لە هەپەگە و لە پەیەدە) نەکردوە!؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئاگۆستی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## قاسم سولێمانی، باشوور، داعش



عەلی ئیسماعیلنژاد

ماڵپەڕی ناوەندی توێژینەوەی ئێستراتژیکی ناوکیی ئێران لە هەواڵێکدا لادانی قاسم سولێمانی لە سەرۆکایەتی پەراوگەی عێراق رەت کردەوە و هەر لەو هەواڵەشدا باسی لەوە کرد کە سولێمانی بوو کە کوردەکانی لەشەڕی داعشەوە گلاند.

رەنگە خوێنەرانی ئەو هەواڵە ئەوەیان لا سەیر بێت کە ئەوە چەندی بەچەندەیە لەلایەک قاسم سولێمانی کورد لە شەڕەوە دەگلێنێ و لەلایەکی دیکەشەوە ئێران یەکەم دەوڵەت دەبێت کە چەک دەداتە پێشمەرگە بۆ شەڕ لەگەڵ داعش؟

بۆ لێکدانەوەی ئەو دۆخە وا باشە هێندێ بگەڕێینەوە دواوە. لە ساڵی ٢٠١٢ کۆماری ئیسلامی پاش ئەوەی کە راگرتنی دەسەڵاتی ئەسەد دەکەوێتە مەترسییەوە گەڵالەیەکی سەیر و توناوتون لە سووریا دادەبەزێنێ "گەڵالەی بە تێرۆریست ناساندنی بەرهەڵستکارانی ئەسەد"

**لەو گەڵالەیەدا سێ ئامانج دیاری کراوە:**

١- کۆمەڵگەی جیهانی کە دەستی لە پشتی ئەسەد بەرداوە شۆرشگێرانی سووریا بە تێرۆریست لەقەڵەم بدات ئەوەش ببێتە هۆی ئەوەی لە ترسی تێرۆریستان کۆمەڵگەی جیهانی ڕوو بکاتەوە ئەسەد.

٢- ئەو وڵاتانەی کە پشتی بەرهەڵستکارانی ئەسەد دەگرن مەترسیی ئیسلامی رادیکاڵ، سارديان بکاتەوە و توشی

سەرلێشێواویان بکات.

٣- ئیسراییل لە دراوسێتی دەسەڵاتێکی دەمارگرژی ئیسلامی بترسێنێت.

هەموو ئەو ئامانجانە بۆ مانەوەی دەسەڵاتی ئەسەد لە سووریا بوو گەڵاڵەکەی سولێمانی سەری گرت بۆ ئەو ئامانجە دەبوو دەزگای ئەمنییەتی ئەسەد و ئێران بتوانن رکێفی رەوتە تێرۆریستەکانی دژی ئەسەدیان لە سووریا لە دەست دابێت.

واتە پێویستی نەدەکرد خۆیان دایمەزرێنن بەڵکوو دەبوو ئەوان بتوانن لە هێندێ کاتدا بۆ ئامانجی خۆیان بەکاربیبێنن.

**داعش پاش داگیرکردنی موسل بەشێک لە چەکەکانی دەگوێزێتەوە بۆ سووریا، کە ئەوە دوو واتای هەیە:**

١- داعش خۆی بۆ شەڕێکی قورس لە عێراق ساز نەکردووە.

٢- داعش دەیەوێت لە سووریا ببێتە هێزێک کە هێزەکانیتر بخاتە ژێر نیسێی خۆیەوە

ئەوەی کە داعش لە عێراق توشی شەڕێکی چەند لایەنە بوو هۆکارەکەی ئەو بەشە لە ئەندامانی ئەو رێکخراوە تێرۆریستە بوون کە پاش گیرانی موسل لەگەڵی کەوتن واتە عێراقییەکانی کە کۆنە بەعسی بوون یان ئەوەی کۆنە قینیان لە شێعە و کورد هەبوو رێبەرایەتیی داعش نەیدەتوانی لە دژی ئەوانە راوەستێ و ئەوە وایکرد کە داعش لە عێراق کەوتە نێو شەڕێکی قورسەوە، لەو نێوانەدا ئەو شەڕەی کە داعش دەستی پێکردبوو

**لە سێ لاوە بۆ ئێران جیگەی مەترسی بوو:**

١- داعش لە عێراق پاش داگیرکردنی موسڵ ڕوو دەکات رووگە پیرۆزەکانی شێعە و مەترسی ئەوە هەیە دەستی بە مەرقەدە پیرۆزەکانی شێعە بگات.

٢- داعش لە عێراق ئەو بەشە لەخەڵک کە دژی سیاسەتی مالکین و لەباوەرەدان کە دەوڵەتی شێعەی عێراق سوننییەکانی لەپەراوێز خستووەو پشتیوانی لێدەکەن.



سەرچاوە
Serchawe

٣- کۆمەڵگەی جیهانی شەڕی داعش لە عێراق بە شەڕی شیعە و سونی دانانێ و لەگەڵ ئەوەش هۆکاری ئەو شەڕەە بە چاوچنۆکی سیاسی مالکی و دەوڵەتی شیعەی عێراق دەزانن. ئەوەش وا دەکات ئێران بە خۆی و مالکیەوە بچێتە شەڕ داعش و هیچ هاوپەیمانێکی نەبێت.

ئێران نە دەرفەتی تێچووی داعش دەهات و نە کۆمەڵگەی جیهانیش ڕێگەی دەدا عێراق وەکوو سووریا بکاتە شوێنگەی تەراتێنی خۆی ئەوەش وایکرد ئێران بۆ دژایەتی داعش بیر لە ڕێگایەکیتر بکاتەوە و هەتا شەڕەکە تەنیا شەڕی مالیکی و ئێران نەبێت و ئەو شەڕ ببێتە شەڕی تێرۆریسم باشترین ڕێگەش ئەوە بوو کە کوردەکان لەو شەڕەوە گلێن

بەو هۆیانە:

١- کوردستانی باشوور لە چەند ساڵی ڕابردوودا بۆتە ناوەندێک بۆ سەرمایەگوزاری بیانی.

٢- باشووری کوردستان ئێستا وڵاتێکی خاوەن وزەیە.

٣- کوردستانی باشوور تەنیا ناوچەیەکی عێراقە کە ئەمریکا دەتوانێ وەکوو ئامانجی خۆی بۆ عێراق داکۆکی لێبکات چوون تەنیا ئەو ناوچەیە لە عێراق بە پێی بایەخەکانی سیاسەتی ئامریکا بەڕێوەدەچێت.

٤- کوردەکان هێزی چەکداریان هەبوو.

٥- کوردستان ئەگەر شەڕی داعشی تێهاتبایە ئەگەری ئەوەی هەبوو پتر لە ٢ ملوێن نەفەر ئاوارەی ببن و ئەوەش وای دەکرد کە وڵاتانی ڕۆژئاوای لەسەر کوردستان وەجواب بێت.

سولێمانی هەموو ئەو شتانەی دەزانی و لە ڕێگەی ئەو پێگەیی کە لە نێوداعشدا هەی بوو توانی لوولەی چەکەکانی داعش بەرو کوردستان بێنێتەوە بە دڵنیاییەوە باشترین بیانو بۆ وەرگەڕانەوەی داعش لە بەغدا ئەوە بوو کە ئەو ڕێکخراوەیە دەیەویست ئەو ناوچە کوردستانیانەی کە لەسەر هەرێم نەبوو بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی چوون عێراقییەکانی نێوداعش ئەو ناوچانە بە ناوچەی سونییەکان دەزانن.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی یەکەم

پاش پەلاماردانی کوردستان لە لایان داعشەوە شەڕی داعش هەر لە بەغداوە نەگوێزراوە بۆ هەولێر بەڵکو ئەو شەڕە لە ڕێگەچارەی سیاسییەوە بوو بە شەڕی تێرۆریسم و ئێران بەو شێوەیە توانی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە عێراق و ناوچەکەدا کە بریتنی بوون لە:

١- پاراستنی روگە پیروزەکانی ئایینی شێعە لە تێرۆریستان،

٢- کەم کردنی زەختی سونییەکان لەسەر دەوڵەتی شێعە عێراق و پاراستنی ئەو دەوڵەتە،

٣- لاواز کردنی تێرۆریستانی دژی ئەسەد، بپارێزێت.

ئێران لە ئێستادا براوەترین لایەنی نێو شەڕی داعشە و هەر ئەوەش وای کردووە لە لایەک چەک بداتە پێشمەرگە و لەلایەکیتر ئاوری شەڕی داعش لەگەڵ پێشمەرگە خۆش بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ٣١ی ئاگۆستی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## داعش دەرهاویشتەی بەهاری عەرەبییە؟



**ئەنوەر حسێن**

بەهاری عەرەبی لەدوای لێکهەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت و رووخانی دیواری بەرلین، رووداوگەلێکی گرنگ بوو لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەگەڵ سێ رووداوی تر کە (رووخانی بەعس، یانزەی سێبتەمبەر، دەرپەڕاندنی تاڵیبان لەئەفغانستان) بوون.

ئەگەر لەیەکەمیاندا گلاسنونست پرۆستریکای گۆرباچۆف توانی (١٦) دەوڵەتی نوێ بونیادبنێت، کە دەیان ساڵ بوو لەلایەن ستالینو سۆڤیەتەوە ئەو مافەیان لێ زەوتکرابوو، دواتر یۆگسلافیاو چیکۆسلۆڤاکیاش لێکهەڵوەشێنێت.

بەهاری عەرەبی ئەگەرچی بووەهۆی کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی دیکتاتۆریەت لەمیسر، لیبیا، تونس، یەمەنو کۆتاییهاتن بەفەلسەفەی ناسیۆنال - فاشی، عەرەبی، کە لەبەشێک لەو وڵاتانە هەبوو، ئاڵوگۆڕێکی گرنگ و گەورە بوو، کە لانیکەم خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی شڵەقاند.

بەڵام ئێستا باس لەوە دەکرێت کە لەخراپترینو رەشترین دەرهاویشتەکانو ئینحکاساتی بەهاری عەرەبی، رووخانی هەیمەنەی دەوڵەت بوو لەزۆر وڵاتی عەرەبیدا، رووخانی هەموو دامودەزگا یاساییو دادوەریو ئەمنیەکانو سەرهەڵدانی فەوزاو خۆنیشاندانو سوتاندنو تاڵانکردنی وڵات و دامودەزگاکانی دەوڵەت بوو.

سەرەڕای ئەوانە، بووەهۆی پەرەگرتنی گەندەڵیو کۆچکردنی ملیۆنان هاووڵاتی لەنیشتمانەکانیان و بووەهۆی سەرهەڵدانی



سەرچاوە
Serchawe

ململانێی تائیفی، دینی، مەزهەبیو هەڕەشە لەکەمینەکان.

پرسیاری ئەوە دەکرێت، لیبیا، تونس، میسرو یەمەن چیان چنییەوە لەبەهاری عەرەبی؟ ئەو ئامانجانە کامانەن کە باسی لەئازادی، یەکسانی، ڕێزگرتنی هاوولاتیان دەکرا؟

هەرچەندە، ئیسلامی سیاسی میانڕەو، سوار سەری شەپۆلەکانی نارەزایەتی بەهاری عەرەبی بوو، لەمیسرو تونس ئیخوان دەسەلاتی گرتەدەست، بەلام ئەمە لەسایەی دەسەلاتی ئەوانو نە دواتریش ئەم ولاتانە ئارامیان بەخۆیانەوە نەبینی.
ئەگەرچی بەهاری عەرەبی دەرفەتێکی گونجاو بوو بۆ فەراهەمکردنی پلورالیزمی سیاسیو گەشەی دیموکراسی، بەلام ئەوە هێزە سیاسییەکانی ئەو ولاتانەن کە نەیانتوانی فۆرمەلەیەک بدۆزنەوە بۆ پراکتیزەکردنی دیموکراسیو ڕێکخستنی کۆمەڵگاکانیان، خەریکە ئیسلامی سیاسی رادیکاڵو تیرۆرست، هەموو ئامانج و هەنگاوەکانی بەهاری عەرەبی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

لەسوریا لەسایەی خرۆشانی بەهاری عەرەبیو نائارامی، بەناو سوپای ئازادو هێزە لیبراڵەکان، داعشو بەرەی نوسرەو دەیان گروپی تیرۆرستی قوتبوونەوە.

لە لیبیا جەیشی شەریعەتی تیرۆرست، مەترسی جددی لەسەر حکومەت دروستکردووەو لەپاڵ پاشماوەکانی لایەنگرانی قەزافیو ئیخوانی سەلەفیو جیهادیەکان.

لەیەمەن ململانێی دەوڵەت و حوسیەکان لەوپەڕیدایە بەهۆی پشتیوانەکانی ئێران بۆیان.

لەفەلەستین، تونس... قەیرانەکان هەروا درێژەیان هەیەو بەپێی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان، نزیکەی (٥٠) ملیار یۆرۆ زەرەرو زیان بەر ئەو ولاتانە کەوتووە لەسایەی ئەم رووداوانە، سەرەڕای زیادبوونی رێژەی بێکاری، چوونە دەرەوەی سەرمایەگوزاریو کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانو گەشتوگوزارو تێکشکاندنی ژێرخانی ئابووری ئەم دەوڵەتانە.

بەسەرنجدان لەم بۆچوونانە، عیراقی هاوسنوری زۆر لەولاتانی بەهاری عەرەبیو نزیک لەو فەلسەفەو سیاسیو کۆمەلایەتیو پێکهاتەی ئیتنیو مەزهەبی، لەگەڵ رووداوەکانی ئێستای ولاتانی بەهاری عەرەبیدا بە یەک شێوە دەوڵەت و هاوشێوەی رووداوەکانی ئەوان تێکالاوە، هەموو دەستکەوتەکانی دوای بەعس لەبەردەم مەترسیدانو بەهاتنی داعشو

قەیرانە تازەكان، ئەم مەترسییە زیاتر بووە.

ئێستا ئەگەر عیراق بەحەوت ساڵ پێش وڵاتانی بەهاری عەرەبی، ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و هەنگاوی نا، بەڵام ئێستا لەباری ترسو شەڕو قەیرانی ئابووریو مەترسی گروپە ئیسلامیە رادیكاڵو تیرۆریستەكانی وەكو داعش، هەست بەجیاوازی ناكرێت و بگرە بەقەدەر میسریش ئارام نییە.

داعش لەعیراقو مەترسییەكانی وایكرد، ئەو پرسیارە دروستبێت، ئایا داعش دەرهاویشتەی رووداوەكانی بەهاری عەرەبییە..؟!

سەرچاوە: ماڵپەڕی كوردستانی نوێ - ڕێكەوتی: ١ی سێپتامبری ٢٠١٤

## کارنامەی دزێوی داعش، بەچونەسەر ئاینی تر کەم ڕەنگ نابێتەوە



**ڕێبوار عارف**

ئەمڕۆژانە ژمارەیەک نووسەرو چالاکوان، کەمپینێکیان وەک بەرپەرچدانەوەیەک دژ تاوانەکانی داعش لەبەرامبەر بەئێزیدیەکاندا ڕاگەیاند کەناوەڕۆکی ئەم کەمپینە (گۆڕینی سیمبولیانەی" ئاینە" بۆ ئێزیدی) بۆ ماوەیەکی کاتی. سەرباری هەر نیەت و ئامانجێکی ئەم کەمپینە، بەڵام ناکرێ چاو لەهێما مەترسیدارەکانی پشت ئەم هەڵوێستە بنوقێنین.

بەتایبەت ئەمە لەکاتێکدایە کەژمارەیەکی بەرچاو لەم بەڕێزانە کەمن لەنزیکەوە هەندیکیان دەناسم، لەگەڵ ڕێزم بۆ گەلێک لەهەڵوێست و چالاکیەکانی رابردویان، دۆستانێکن کەبڕوایان نە بەئاینی ئیسلام و نە بەئاین بەشێوەیەکی گشتی نەبوە. بۆیە لەپاڵ بەکەم دەستنەگرتنی هەڵوێستی رابردویان، هاوکات نەدەکرا باز بەسەر ئەم واژۆکردنەدا بدەین و ئاسان چاو لەهەڵوێستی ئەم بەڕێزانە بنوقێنین.!

بەر لەهەر شتێک ئاشکرایە زۆرێک لەم بەڕێزانەی کە ئەم کەمپینەیان ڕاگەیاندوە، ساڵەهایە لەڕیزی ئەو بەرەیەدان کەبەسەنگەری ئازادی و عەلمانیەت بانگهیشت دەکرێن. ڕۆشنە کەئەم بەرەیە پیگەو قورساییەکی بەرچاوی لەلای ئیسلامیەکان و حزبە قەومیەکانی نێو ئەو دەسەڵاتەش هەیە.

بۆیە من دڵنیام گەر لەدۆخێکی ئازاددا بڵندگۆیەک بخەینە بەردەم زۆرێک لەم بەڕێزانە، بێ باوەڕبونی خۆیان ناشارنەوەو ڕاوەستاوانە بەرگری لێدەکەین! بۆیە لێرەدا پرسیارێکی سەرەکی بەرۆکیان پێدەگرێت و دەبێت بڵێن، ئەی ئەمە ناوبنێین چی و چ وەرگەڕانەوەیەک لەباوەڕی پێشوی خۆیان کە باوەڕنەبون بەهیچ مۆرێکی ئاینی بەموسوڵمان و غەیرە موسڵمانیەوە؟!



سەرچاوە
Serchawe

ئایا بۆ بێباوەڕێک تاوانەکانی داعش و هاوشێوەکانی تەنیا ئەوەندەمان فێردەکات کەهەڵوێستگرتن دژ بەکارنامەیەکی فاشیستانەی ئەو لایەنانە، خۆمان جاریکی تر پەرە بەجۆرێکی تر بیروباوەڕی ئاینی بدەینەوە؟ ئایا تاوانەکانی داعش ئێمە لەسەنگەری بێباوەڕیەوە دەخزێنێتەوە مەیدانی پەرەپێدان بەئاینێکی تر کە هیچ بنەمایەکی جوانترو ئینسانیتری نیە لەئاینی ئیسلام و هیچ ئاینێکی تر.

ئایا هەر بەڕاستی تاوانەکانی داعش، رەخنەی زانستیانەی ئێمە لەخورافاتی ئاینی تیژترو کاراتر دەکاتەوە، یا خۆشمان ئیماندار دەکات و دەمانخزێنێتە باوەشی ئاینێکی ترەوە؟ لەمانەش بەدەر ئایا بە راستی داتاشینی باوەڕێکی کاتی و بەرجەستەکردنەوەی ئاین و ناسنامەی یەزیدی، دەتوانێت وەڵامێک بێت بە تاوانەکانی داعش و ئەو هێزە کۆنەپەرستانەی ئەمڕۆ بەئاشکرا پشتگیرییان دەکەن؛ دەتوانێت رێگەچارەو هەڵوێستێکی گونجاو شایستەبێت کەبانگەوازی خەڵکی کوردستان و جیهانی پێبکرێت، بۆ پشتگیری لێکردن؟
جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئەو پرسیارە بکەین کە ئایا بەڕاستی هەر بەشێک لەو هێزە فاشیستەی ئەمڕۆ کەئەم مێژوە نەنگینەی خوڵقاندوە، چەندساڵێک لەمەوبەر بەناوێکی ترەوە کوشتاری بەکۆمەڵی خێڵی حەمەیان تۆمارنەکرد؟ ئەی ئایا پێویستی دەکرد کە هیچ کام لەو نوسەرانە بڵێن ئێمە "خێڵی حەمەین"؟ دور نەڕۆین ئەی مەگەر هەر لەم رۆژانەدا حکومەتی ئیسرائیل کۆشتارگەی بەناوبانگی غەزەی بەرپا نەکرد کەزیاترلەهەزار ئینسانی تیدابوە قوربانی؟ بەڵام ئایا چوار لەم نوسەرانە وتیان ئێمە غەزەین، وتیان پشتی چاوی حکومەتی ئیسرائیل برۆیە؟

هەر مەگەر بە راستی ئەوەی چەندرۆژێک بەر لەخوڵقاندنی کارەساتی شەنگال، لە موسڵ دژ بەمەسیحیەکان ئەنجامدرا هیچی کەمتر بوو لەم روداوەی شەنگال؟ ئەی چ خێربوو کەسیک لەو رۆژانەدا بۆ ساتێکیش بێت بیری لەمەسیحیەت بون نەکردوە کەدیارە بۆ هیچ کەسانێکی ئازادیخواز پێویست بەگرتنەبەری رێگەی لەو شێوەیە ناکات.
بیهێنینە بەرچاوی خۆمان، گەر هەوجارێ فاشیستانەی ئەم جوڵانەوەیە رانەگرێ و سبەینی کردەوەگەلێکی هاوشێوە دژ بە هەر سیمبول و ئاینێکی تر ئەنجامبدەن، ئایا دوبارە کۆمەڵێکی تر لەکەسانی چالاکەوان و عەلمانی، وەبیری بەرپاکردنەوەی وەها ''کەمپینێک''دەبن و بەهەمان شێوە لەهەوڵی داتاشینی ئاینێکی تری کاتیدا دەبن بۆ خۆیان و ئەوەش ناودەنێن پشتگیریکردن لەقوربانیانی کردەوەکانی داعش و داعشەکان؟

دەبێت دان بنێم بەو راستیەدا کە بەداخەوە ئەم هەڵوێستە شایستەی زۆرێک لەو دۆستانە نەبوو، نەتەنیا بەخاتری ئەوەی زۆرێکیان بێباوەڕن...بەڵکو لە راستیدا رەنگە بەهەڵەدا نەچوبم گەر بڵێم، زۆرێکیان یەکیک لەو نەهامەتیە گەورانەی بەرۆکی بەم کۆمەڵگایەی گرتوە، پاش لەگۆڕنانی بەعس، دابەشکردنی عیراق بوو بەکوردستانیشەوە بەسەر ئاین و نەژادو

**بەشی یەکەم**

قەوم و قەبیلەو هۆزو عەشیرەتداو سەندنەوەو زەوتکردنی هەرجۆرە ناسنامەیەکی هاوڵاتیبون.

لەکاتیکدا کەمترین گومان ناکرێ لەوەی، گەر لەدۆخێکی ئازادا بڵندگۆیەک بخەینە بەردەم ئەم بەڕێزانە، ئەوا بێ باوەڕبونی خۆیان ناشارنەوەو راوەستاوانە بەرگری لێدەکەن! ئەی ئەمە ناوبنێین چ وەرگەڕانەوەیەک لەباوەڕی پێشوی خۆیان کەقانع نەبون بەهیچ مۆرێکی ئاینی بەموسوڵمان و غەیرە موسڵمانیەوە؟

ئایا بۆ بێباوەڕێک تاوانەکانی داعش و هاوشێوەکانی، تەنیا ئەوەندەمان فێردەکات کەهەڵوێستگرتن دژ بەکارنامەیەکی ئەم لایەنانە، جاریکی تر پەرە بەجۆرێکی تری بیروباوەڕی ئاینی بدەینەوە؟ ئایا تاوانەکانی داعش ئێمە لەسەنگەری بێباوەڕیەوە، دەخزێنیتەوە مەیدانی پەرەپێدان بەئاینێکی تر کەهیچ هێمایەکی جوانترو بنچینەیەکی ئینسانی تری نیە لەئاینی ئیسلام و هیچ ئاینێکی تر؟
ئایا هەر بە راستی تاوانەکانی داعش، رەخنەی زانستیانەی ئیمە لەخورافاتی ئاینی تیژترو کاراتردەکاتەوە، یا خۆشمان ئیماندار دەکات و دەمانخزێنیتە باوەشی ئاینێکی ترەوە ؟ ئایا هەر بەراستی داتاشینی باوەڕێکی کاتی و بەرجەستەکردنەوەی ئاین و نازنامەی یەزیدی دەتوانیت وەڵامێک بێت، بە تاوانەکانی داعش و ئەو هێزە کۆنەپەرستانەی کەئەمرۆ بەئاشکرا پشتگیریان دەکەن پەیامەکانی داعش لە بەرگ و شێوازێکی تردا پەرەپێدەدەن..

بەبڕوای من بۆ داکوکیکردن لەیەزیدیەکانو مەسیحیەکان و بەرگریکردن لە ئاسایشو ماف و ئازادیەکانی خەڵکی کوردستان و راوەستانەوە، دژ بەهەر جۆرە ستەمو چەوسانەوەیەک وەلانان و هەڵپێچانی داعشەکان، لەهەر بەرگ و بەهەر ناوو پەرچەمێکەوە، ئەرکی راستەخۆی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانە لە دەرەوەی یاریەکانی بەرەی ئەم حزبانەی یا بۆخۆیان بەشێکن یا بەشدارن لەدروستکردنی داعشەکانی کوردستانداو تەسلیمکردنی شەنگال و شەنگالەکانی ترداو خوڵقاندی ئەو کارەساتەی کەهەمومانی هەژان. کاتی ئەوە هاتوە کە ئازادیخوازانی کوردستان رێگەی سیهەم بۆ خۆیان هەڵبژێرن کە بەهێزکردنی سەنگەری خەباتیکی جەماوەریە، نەک گەشانەوەی بڵێسەی ئاگری ململانێی دینی و قەومی. دواجار ئەوە بڵێن چاندنی خۆزگە ناتوانێت هیچ بەرهەمیکی هەبێت ، بەڵام چاوەروانی دەستکێشانەوەی زۆریک لەم دۆستانە هەڵوێستێکی شایستەیەو دەکرێ بڵێین، هێشتا درەنگ نەبوەو کە بۆ رێزلینان لەباوەڕو بێباوەڕی خۆتان دەستکێشانەوەتان لەم کەمپەینە هەڵوێستێکی جوامێرانەبوو.

داعش دەرهاویشتەی بەهاری عەرەبییە؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی - رێکەوتی: ٢ی سێپتامبری ٢٠١٤

## مشتومڕی مەقدەسیو داعشییەکان لەسەر ئیسلام



**حەسەن یاسین**

عیسام برقاوی ناسراو بەئەبو محەممەدی ئەلمەقدەسی، کە بەڕابەری رۆحیی زۆربەی گروپە توندڕەوەکانی سەلەفییەتی جیهادی دادەنرێو هاوڕێی نزیکی ئەبو موسعەبی زەرقاویش بوو، کە لە ساڵی ٢٠٠٦دا لەنزیک شاری دیالە لەنێو عیراقدا کوژرا، بەیەکەوە وەک دوو هاووڵاتیی ئوردنیش لەو وڵاتەدا بەتۆمەتی تەندڕەویو ئەندامێتی لەگروپی تیرۆریستیدا بەندکرابوون.

مەقدەسی ئێستا کەوتۆتە نیشاندانی گلەییو گازاندەو رەخنەگرتن لەگروپی داعشو پێیوایە داعش بۆتە هۆی ئەوەی چەمکی خەلافەتی ئیسلامی لەبەرچاوی موسڵمانان بکەوێ. هەروەها مەقدەسی لەکردەوەی سەربڕینی کەسان لەلایەن چەکدارانی داعشەوە ناڕازییەو پێیوایە ئەوان بەم کارەیان بوونەتە هۆی شێواندنی وێنەی ئیسلام.

رەخنەو گازندەکانی مەقدەسی لەداعش، لەنێو کۆڕو سایتەکانی سەر بەگروپە سەلەفییە جیهادییەکان بۆتە مایەی مشتومڕێکی زۆر گەرمو زۆربەیان کەوتوونەتە رەخنەگرتن لەمەقدەسیو هێرشی دەکەنە سەر سەبارەت بەوەی کە بەر لەساڵی ٢٠٠٦ بۆچی رەزامەندبوو لەو کردەوە سەربڕینانەی کە ئەبو موسعەبی زەرقاوی لەنێو عیراقدا ئەنجامی دەدا، ئەدی بۆچی ئێستا پەسندی هەمان ئەو کردەوەی سەربڕینانە ناکات کە چەکدارانی داعش دەیکەن؟

مەسەلەی سەرپەڕاندنی کەسانو گرتنی وێنەی ڤیدیۆیی ئەو کردەوانە ئێستا بۆتە کارێکی ئاسایی لای چەکدارانی تیرۆریستی داعشو زوو بە زووش لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەو گرتە ڤیدیۆییانە بڵاودەبنەوە، کە پاشان دەبن بە

ریکلامێک بۆ داعشو خەڵکی پێدەتۆقێنن.

لەنێو خۆشماندا زۆرجاران خەڵکی جۆراوجۆر بەلایککردنو شێرکردنی ئەو گرتە ڤیدیۆییانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبوکو تویتەر و ..هتد دەبن بەباسکی خزمەتگەیەنەر بەراگەیاندنی داعشو سەرەنجام تۆقاندنی زیاتری خەڵک لەداعش، بەمەش بێئەوەی پێبزانن دەبن بە بەشێک لەوانەی ئامانجەکانی داعش بەدیدەهێنن، لەکاتێکدا ئەو کەسانە خۆیان بەدڵنیاییەوە دژی داعشن.

لایەنگرانی داعش لەکۆڕە ئەلیکترۆنییەکانی سەر بە گروپە سەلەفییە جیهادییەکاندا، لە مشتومڕەکانیاندا جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەوەی چەکدارانی داعش دەیکەن لە سەرپەڕاندنو کوشتنو تۆقاندن لەنێو خودی ئیسلامدا هەیە. ئەوان ئەوە بەبیر مەقدەسی دێننەوە کە پێش ٢٠٠٦ وتویەتی: «سەرپەڕاندن لەنێو ئەم ئایینەدا رێپێدراوە. سەربڕینو کوشتنی دوژمنانی خودا لەم ئایینەدا رێپێدراوە».

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا مشتومڕ لەنێو سەلەفییە جیهادییەکاندا لەسەر سەربڕینی ناحەزان، لەژێر پەردەی ئەوەی گوایە دوژمنانی ئایینی خودان، بەردەوامە. داعشو ئەوانەی بەرگری لەبۆچوونەکانی داعشییەکانو کردەوەکانیان وەک سەربڕینو کوشتنو تۆقاندن دەکەن ئەو کردەوانە بەبەشێک لەئیسلامی راستەقینەو لەپێناوی بەرگریکردن لە ئیسلام دەزان، کەچی لەنێو خۆماندا هەڵوێست دەربڕین لەو بارەیەوە لاوازە.

تا ئێستا مەلاو تاربێژە بەڕێزەکانو یەکێتی زانایانی ئایینی، سەرەڕای ئەوەی کە لایەنگری پێشمەرگەن لەم شەڕەدا، سەرەڕای ئەوەی کە داعش بەتیرۆریست دەزانن، کەچی نەیانتوانیوە کۆنفرانسێک لەوبارەیەوە بگرنو لێکۆڵینەوەی بەپێزی تێدا پێشکەش بکەن سەبارەت بەوەی کە ئەو کردەوانە تا چەند دوور یان نزیکن لە ئیسلامەوە.


تا ئێستا وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە کۆنفرانسێک سەبارت بە داعش بگرێت تا تێیدا پێوەندیی نێوان داعش و ئیسلام بۆ خەڵک روون بکرێتەوە؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢ی سێپتامبری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## کورد و داعش



مەلا برایمی مەجیدپوور

ماوەیەکە مەسەلەی داعش و هەڵسوکەوتەکانی، کە دوورن لە هەموو یاساو ڕێسایەکی ئەخلاقیی باوی ئەم جیهانە، بۆتە بابەتی ڕۆژ و شەوچەلەی هەموو کۆڕو کۆمەڵ و بنەماڵەکانی ئەم کوردستانە.

وانیشان دەدرێ کە ئەوە شتێکی تازەیە و مەترسیەکی نوێێ سەر کوردستانە. بە پێویستی دەزانم لە روانگەی خۆمەوە ئەو بابەتە هەڵسنگێنم و کورت لێکی دەمەوە. ئەگەر ئاوڕێک لە ڕابردووی ڕووداوەکانی کە لە ماوەی تەمەنمدا دیتومن بدەمەوە و چۆنم دیون ئاوایان بگێڕمەوە، دەڵێم: پڕۆسەو بەرنامەی داعش بۆ کوشتوبڕ و قەڵاچۆی گەلی کوردو داگیرکردنی کوردستان لە کۆنەوە هەبووەو تەنیا بە پێی هەلومەرج و بارودۆخەکان ناوەکەیان گۆڕاوە. باشم لەبیرە لەسەردەمی پاشایەتیدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پادگانی جەڵدیان قەسابخانەیەک و ئەشکەنجەگایەک بە سەرۆکایەتی جەلادی ناودار ((تیمسار ئووەیسی)) دانرابوو کە بە سەدان کوردی بێتاوان کە تەنیا کورد بوون، بە خراپترین شێوە ئەشکەنجە دەکران و لەسێدارە دەدران و لە چاڵە ڕەشەکانی ڕێژیمدا بێسەروشوێن دەکران.

لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا دەیان قارنێ و قەڵاتان و ئیندرقاش و سەوزی و قەرەگۆڵەکان و هیتر و سەرئەنجام حوکمی جیهادی ڕەش بە دژی کوردان ئەنجام دران . لەقارنێ جیا لەکوشتنی ژن و منداڵ و پیرە پیاو بەتەورو قەمە، مەلای قورعان بەدستیش گۆشاو گۆش سەری بڕا!! لە باشوری کوردستان جیا لە هەموو کوشت و بڕەکان، ئەنفالەکان و بۆمبی شیمیایی هەڵەبجەما ن بەچاوی خۆمان دیتمان، زۆربەی گوندو شارۆچکەو شارەکانی کوردستان دەگەڵ زەوی یەکسان کران . لە باکوری کوردستان جیا لە گرتن و کوشتن وەک تورکی کێوی حیساب دەکران. لە ڕۆژئاوای کوردستان جیا لە گرتن و ئەشکەنجەو کوشتو بڕ وەک هاووڵاتی سوریەش وەر نەدەگیران و پێناسەیان پێنەدەدان . بەکورتی ئەوەی ئێستا بەناوی

## بەشی یەکەم

داعشەوە دەگەڵمان دەکرێ زۆر لەمێژە دەگەڵیان کردووین و ئەوەتا ئەمڕۆ بناوی داعش سەری هەڵداوە. من دەپرسم ئەوەی داگیر کەرانی کوردستان دەگەڵیان کردووین و دەیکەن چی لەوەی داعش کەمتر بوە؟؟ داگیر کەرانی کوردستان و سەر کوتکەرانی گەلی کورد دەگەڵ داعش یەک ئامانج و ستراتیژیان هەبووەو هەیە کە داگیر کردنی کوردستان و قەڵاچۆی گەلەکەمانە.

ئەوەی جێگەی داخە! هێندێک نەزانانەو هێندێک بەزانیاریەوە لە لایەک دەیانەوێ شەڕەکە بکەنە شەڕی کوردو ئیسلام و لەلایەکیتر دەیانەوێ لە ژێر ناوی ئایین و مەزهەبی جیاوازو جۆراو جۆر کورد لەناو خۆیدا تووشی دوبەرەکی و ناکۆکی و سەرئەنجام شەڕو ئاڵۆزی بکەن، کە ئەوە مەترسیەکی گەورەو ڕاستەو خۆ بمانەوێ و نەمانەوێ باقازانجی دوژمنانە. من دەزانم لە هیچ ئایەتێکی قورئانیدا نەهاتووە ئەو سەرزەویەی کوردستانە بەمڵکایەتی ئیی فارس و عەرەب و تورکانە!! ئیمەش بە پێچەوانەی ئەو ئایەتە رەفتارمان کردبێ و بەکافرمان لەقەڵەم بدەن و حوکمی جیهادو شیمیابارانمان بۆ دەر بکەن !! بە دڵنیایەوە بە فەرمانی خوا ئێمەی کوردیش نەتەوەیەکین دەسکردی خواوەندین وەک ئەو هەموو نەتەوانەی ئەم جیهانە، ئەوەی لە خواوە وەک سەرزەوی پێمان دراوە کوردستانە، خۆشەویستی و پاراستنی ئەو کوردستانەش بۆ ئێمە وەک پێغەمبەر (ص) دەڵێ: خۆشەویستیی نیشتمان نیشانەی ئیمانە.

دەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو ئیدەو ئایینە کان، باوەڕم وایە هەتا لە ژێر کار تێکەری ئەو ئایین و ئیدانە نەیەینە دەرو ئامانجی سەرەکیمان کە ڕزگاری کوردستان و کوردە، نەبێتە خاڵی یەکەم و سەرەکیمان و مەسەلەی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری نەمانکاتە یەک هێز بۆ بەرەنگاری دوژمنان، گومانم نیە داعش و وێنەی ئەومان زۆر دەبن. زۆر جێگەی داخە کە هەوڵ دەدرێ بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی سوننی و شیعە، سەلەفی و خەلەفی، جیهادی و حیزبللاهی و... دەگەڵ ئەویش ناوچە گەرایی زاراوە کردن بەزمان خەریکین نیشتمان و نەتەوەکەمان دەکەینە قوربانی ئایین و ئیدەو مەزەبەکان. جێگەی داختر لەوەش ئەوەیە، کە ئەو دەنگانە لە ڕاگەیەندراوەکانی پێشڕەوەکانمان دەبیسترێن ئەوە هەرچی پیرۆزیش بن، نابێ لە نیشتمان و ئازادی گەلەکەمان پیرۆزتر بن. سەرقاڵ بوونمان بەو مەسەلانەوە ئەگەر ئامانجی ئەسڵیشمان لە بیر نەباتەوە زۆرمان لەو دوور دەکاتەوە.

زۆر بەراشکاوی دەمەوێ بڵێم : ئێمەی کورد نە شەڕی دژی ئیسلام دەکەین و نە بۆ پەرەپێدانی ئەویش هەوڵ دەدەین. ئێمە لەو گەلانە نین کە ناوی ئیسلامیان لە خۆیان ناوەو کەچی هەر شەڕی موسوڵمانان دەکەن.

ئێمە گەلێکین نیشتمانەکەمان داگیر کراوە ، زمان و فەرهەنگ و کولتوورو کەلەپورمان لێی دزراوەو لە خۆمان قەدەغە

کراوە. ئەگەر بەدەگمەن لە ژێر دەسڵاتێکی داگیر کەردا شتێک بەزمانی کوردی نووسرابێ و گوترابێ لەژێر کارتێکەری زمانی زاڵدابووەو لە بەرژەوەندی داگیرکەردا کاری پێکراوە. بە پێوەری هەموو یاساو رێسای مرۆڤایەتی و ئیدەو ئایینەکانی ئەم جیهانە داوای مافی رەواو ڕزگاری زێدو ئازادی گەلەکەمان ئەرکی شەرعی و قانونیمانە. بە راشکاوی دەڵێم: هەر هێزو هۆزو تاقم و دەستەو وڵات و نەتەوەو دەسەڵات و حاکمێک چ بە ناوی ئیسلام یان هەر ناوێکیتر، کۆماری ئیسلامی بێی یان داعش و قاعیدە و..... ئەگەر بیهەوێ زێدەکمان داگیر بکات، گەلەکەمان و دانیشتوانی وڵاتەکەمان قەتڵو بڕ بکات، بەرەنگاری دەبینەوەو قوربانی دەدەین هەتا لە وڵاتەکەمان پاکیان دەکەینەوە. مێژوو شایەدمانە کورد هەرگیز شەڕی بۆ دین و ئایین نەکردووەو نایکا. ئوسولەن شەڕانگێز نین و بەردەوام بەرگریمان لە خۆمان و نیشتمانەکەمان کردوە، خۆ بەرگری کردنیش مافێکی رەوامانە.

بەرگری لە زێدو نیشتمان نەک دژی دین نییە بەڵکوو وەک چۆن بۆ ئەوانەی بڕوای ئایینیان هەیە واجبێکی شەرعییە، ئەرکێکی نەتەوەیی و ئینسانی و ئەخلاقیی خۆمانە. بە باوەڕی من بۆ بەرەنگاری ئەو هەموو پیلانگێریانە گەلی کورد بە هەموو ئیدەو ئایینە جیاوازەکانیانەوە لە ژێر چەتری نیشتمان و نەتەوەدا دەبێی کۆببنەوەو ، دین بکەنە باوەڕێکی شەخسیی نەتەوەو هاوکاتیش نیشتمان پەرستی بکەنە ئامانجێکی گشتی، هەتا بتوانن وەک گەلێکی ئازادو سەربەخۆ بۆ پێشکەوتنی گەلو ئاوەدانیی نیشتمان تێبکۆشن ئەوکاتەیە کەدەتوانین هەرکەسە ئایینی خۆمان هەبێ و خواش فەرموویە (لکم دینکم ولی دین.) واتە دینی خۆمان بۆ خۆمان و دینی خۆتان بۆ خۆتان.

پێغەمبەریش (ص) دوای ئەوەی کۆچی بەزۆریان پێکرد هەتا مەککەی ڕزگار نەکرد خوا پێی نەکوت دینەکەت تەواو کردوە!. ئێمە ی کوردیش هەتا ئەو رۆژە کوردستان بەتەواوی لە دەست داگیر کەران دەر دێنینەوە، نە دین و نە دنیامان تەواو نییە و بە ئیزنی خواو هیمەت و پشتیوانی گەل، نیشتمان ڕزگار دەکەین لە خوێن مژان. من پێموایە هەرچی بەگژ یەکترمان دابکا چ دین بێ و چ ئیدەی سیاسی دەبێ وازی لێبێنین. هەر ئیدەو ئایینێک مافی مرۆڤایەتی و نەتەوایەتیمان لێحەرام بکات.

دەبێ قبووڵ نەکرێ چونکە دین دەبێ مرۆڤایەتی تەکمیل بکات نەک پێشێل.! مافان بپارێزێ نەک زایەیان بکات، تۆوی برایەتی بچێنێ نەک برایان پێک وەر بکا.

جێی خۆشحاڵیە کە ئێستا بەشێک لە کوردستانەکەمان ئازادەو دەسەڵاتی خۆ بەڕێوە بردنیان هەیە و بڕێکیش زیاتر، زۆر ژێرانە گەشەی کردوەو پێشکەوتووە ، بۆتە جێگەیەک کە دنیای پێشکەوتوو پێیوایە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکرێ ببێتە

نموونەی ئازادی و دیمۆکراسی. لەو لایەشەوە داگیرکەرانی کوردستان بەردەوام بە ئاشکراو بەنهێنی بەزۆری لە قاڵبی دۆستایەتی ڕوکێشدا کەندو کۆسپی دەخەنە سەر ڕێگەو ئاژاوەو نائارامی بۆ دەخوڵقێنن. دەیانەوێ هەر چۆنێک بێ پێش بەو پێشکەوتنەی هەرێم بگرن، بۆیە ئەرکی گەلی کوردستانە بەتایبەتی حیزب و سازمانە کوردیەکانی هەر چوار بەشەکان بەبێ چاوەڕوانی وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی وشیارانە بەرەنگاری هەر چەشنە پیلانێک ببنەوە کە بیهەوێ کورد لەیەکتر دڕدۆنگ و نامۆ بکا. با کوردستان ملکی هەمو کوردان و دانیشتوانی بێ نەک بەشێک و حیزب و تاقمێک. با خوێنی کورد لێک حەرام بکرێ و ئەوەی بۆ هەموان حەڵاڵ بێ با خوێنی داگیرکەران بێ. وەک لەپێشەوەش باسم کرد: ئەو داگیرکەرە موسوڵمان یان غەیرە موسوڵمان بێ!

کۆتا قسەم ئەوەیە : با نەوەی نوێ باش بزانن باپیرانیان بەدرێژایی مێژوو لە دژوارترین کات و سات و هەلومەرجدا بە کەمترین ئیماکانات بەرەنگاری دوژمنان بوون و کۆڵیان نەداوە، بە لەخۆبردوویی و قوربانیدانێکی زۆرو بەنرخ هەتا ئێرەیان هێناوە، ئەو ئەرکە قورس و گرانە دەکەوێتە سەر شانی ئێوە ، کە دەبێ بێباک لە دوژمنان، بێترس لە هەڕەشەو زۆری نەیاران و دوژمنانی داخ لە دڵ هەروا قورس و قایم لەسەر مافی رەواتان سوور بن و فریوی درۆو دەلەسەو زمان چەورو و دوڕوویی دۆستانی رواڵەتی مەخۆن، یەکگرتوو بن و دڵنیابن بەیەکگرتویی سەرکەوتنی یەکجاری مسۆگەرە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ٤ی سێپتامبری ٢٠١٤

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرماوەزی ٢٧١٤ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠١٤ی زایینی

نۆژەنکردنەوە: جۆزەردانی ٢٧٢٥ی کوردی = جوونی ٢٠٢٥ی زایینی

---



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین


بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی